





# یادێک لە ٢٨ ساڵەی ئەنفال و جینۆساید

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

https://serchawe.com

# پێڕست


١- ئەنفال کۆستێکی لە یاد نەچوو ........................ شوان کەریم ........ ٤

٢- ئە نفال ویادی ئە نفال لە ٤ / ١٤دا ........................ بەکرحاجی رەحیم ........ ٦

٣- چۆن ئەنفال لە یادەوەریی نەوەکاندا جێ بکەینەوە؟ ........................ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق ...... ٩

٤- قۆناغەکانی جینۆساید (Stages of genocide) ........................ د.ناجح گوڵپی ........ ٢٣

٥- ئەنفال یا ژینۆسایدی کورد ........................ جەلیل ئازادیخواز ........ ٣٢

٦- ئەنفال ئەگەرێک بەردەوام لە پێشمانەوە ........................ محەمەد رەئوف ........ ٣٤

٧- ئەنفال ناوێک بۆ سڕینەوەی نەتەوەێک ........................ کامەران گوڵپی ........ ٣٨

٨- ئەنفال پرسێکی نەناسراو لای گەنجانی کورد! ........................ پێشڕەو حەمید ........ ٤٢

٩- سەدامو بارق و ئەنفال ........................ ئاوێنە ........ ٤٤

١٠- ئەنفال...مۆنۆمێنتێک بۆ زیندووەکان ........................ د. کاوە رەزا ........ ٤٨

١١- رۆژی ٤/١٤ ........................ رەوەند غەریب هەڵەدنی ...... ٤٩

١٢- ئەنفال و ژیانی دیسپۆزەبڵ ........................ حەسەنی ئایشێ ........ ٥١

١٣- لەیادی ئەنفالدا.. بۆ کوڕەکەم ........................ عەزیز رەئوف ........ ٥٣

١٤- ٤/١٤ تاوانی جاش و قوربانی ئەنفال ........................ زەواڵ حمید ........ ٥٥

١٥- پێشوو ئەنفال جەستە بوو ئێستا ئەنفال ئابورییە ........................ شیلان بیبانی ........ ٥٦

١٦- دەربازبون لە تاوانی ئەنفال ........................ مەجید ساڵح ........ ٥٨

١٧- جینۆسایدی کوردی فەیلی ........................ دکتۆر ناجح گوڵپی ........ ٦٣

١٨- جینۆسایدی ئێزدییەکان گووندی کۆجۆ وەک نموونە ........................ تەها سلێمان ........ ٦٨

١٩- جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە ........................ ئاوارە حسێن ........ ٨٤

٢٠- سوپای عێراق و تراژێدیاکانی ........................ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود ...... ٩٩

٢١- کورد و ئەنفال و ئێجە ........................ عومەر محەمەد ........ ١٠٢

٢٢- جینۆساید دژ بە گەلی کورد ........................ حکومەتی هەرێمی کوردستان ...... ١٠٤

٢٣- جینۆسایدی کوردی فەیلی لە عیراقدا ........................ تەها سلێمان ........ ١١١

٢٤- کۆنسێپتی 'ئەنفال' لە کۆنەستدا وەکو ڕەنگرێژکردنی ڕابردوو! ........................ کازیوە ساڵح ........ ١٢١

٢٥- ئیدانەکردنی ئەنفال ڕێنیسانسی موسڵمانانی پێویستە ........................ سالار فەتاح ........ ١٢٦

٢٦- یادی شاڵاوی ئەنفالەکانی (پێنج،شەش ، حەوت ) ........................ د.ناجح گوڵپی ........ ١٢٨

٢٧- هەرێمی کوردستان یادی کارەساتی ئەنفال دەکاتەوە ........................ کوردپرێس ........ ١٣٢


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٨- (٣٢) مین ساڵیادی جینۆسایدی بارزانیەکان ............ ئاوارە حسێن ............ ١٣٦
٢٩- جینۆسایدی کورد و دادگای لاهای لە (١٧)مین ساڵیادی دامەزراندنیدا ............ ئاوارە حسێن ............ ١٣٩
٣٠- یادی کۆتا قۆناخی ئەنفال ......ئەنفالی هەشت (ئەنفالی بادینان) ............ د.ناجح گوڵپی ............ ١٤٢
٣١- لە (٢٨) مین ساڵیادی جینۆسایدی سەردەشت دا، بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق ............ ئاوارە حسێن ............ ١٥٠
٣٢- جینۆسایدی کورد لەباشووری کوردستان "عێراق" ............ تەها سلێمان ............ ١٥٥
٣٣- جینۆسایدی کورد و بە کەسییکردنی مێژوو ............ کازیوە ساڵح ............ ١٩١
٣٤- ئەنفال پرۆسەیەک بوو بۆ تێکدانی نەخشەی کوردستان ............ ئەسعەد جەباری ............ ٢٠٢
٣٥- ئەنفال ئەو ئازارەی لە گەڵمان دەژیت ............ سەدیق سەعید رواندزی ............ ٢٠٨
٣٦- خۆزگە ئەنفال تاوان دەبو! ............ قەهار گەزنەیی ............ ٢١١
٣٧- شاڵاوەکانی ئەنفال و تێکەڵاو کردنی دوو کولتوری دژ بە یەک ............ یاسین لەتیف ............ ٢١٣
٣٨- ئەنفالی چەپەڵ روویەکی دیزی ئایدولوژیای بەعسی شۆڤەنیستە ............ ئەحمەد رەجەب ............ ٢١٥
٣٩- تاله یادمان نەچێت ............ ڕەسوڵ بۆسکینی ............ ٢٢٢
٤٠- ئەنفال و بەکارهێنانەکانی ............ کارا فاتیح ............ ٢٢٤
٤١- بیرەوەرییەک و چەند دێڕێک لەیادی ٢٤ ساڵەی کارەساتی "ئەنفال' دا! ............ سیروان کاوسی ............ ٢٣٩
٤٢- پاکانەیەکی ئاینی بۆ بەڵگە ئاشکراکانی ئەنفالی بەعس ............ ئاسۆکمال ............ ٢٤٤
٤٣- کارەساتی ئەنفال ............ لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ............ ٢٥٠
٤٤- ناڵەی ژنانی کەسوکار ئەنفالکراو ............ حەیدەر عەبدوڵڵا ............ ٢٥٤
٤٥- ئەنفال بە کتێبە ئاسمانیەکاندا هات ............ سەلام عومەر ............ ٢٥٦
٤٦- دەکرا ئەنفال ڕوونەدات ؟ ............ ڕزگار عومەر ............ ٢٥٩
٤٧- ئەنفال...قوربانییەک لە ڕابردوو ئێستاو ............ سەرکەوت شەریف ............ ٢٦٨
٤٨- ئە نفال.... دۆسییەی سەدە ............ عوسمانی شێخ محێدین ............ ٢٧١
٤٩- ئەنفال.. ئەو برینەی نەتەوەیەک کۆدەکاتەوە ............ عەدنان سەیدحسێن ............ ٢٧٥
٥٠- ئەنفال پرسێکی نەناسراو لای گەنجانی دوای شەڕی ناوخۆ ............ پێشرەو حەمید ............ ٢٧٧
٥١- بایادی ئەنفال بکەینە رۆژی سەرنەبڕین ، ڕۆژی گۆشت نەخواردن ............ ٢٧٩
٥٢- وەستانێک لەبەردەم ئەنفالکردنی بارزانییەکاندا ............ محەمەد مێرگەسۆری ............ ٢٨١
٥٣- ئەنفال ............ ئەحمەدی مەلا ............ ٢٨٤
٥٤- ناساندنی ژینۆسایدی گەلەکەمان لە جیهاندا ............ دانا قادر ............ ٢٨٧
٥٥- لە کەیسی جینۆسایدی فەیلییەکانەوە ............ ڕووناک شوانی ............ ٢٩١
٥٦- مانیڤێستی تاوانی ئەنفال ............ جینۆسایدی کورد ............ ٢٩١
٥٧- قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال و زیانەکانی ............ سبەی ............ ٢٩٤
٥٨- ئەمرۆ ٢٨ سال بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەرێت ............ ٢٩٨

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال كۆستێكی لە یاد نەچوو

**شوان كەریم**

ئەنفال پڕۆسەیەكی بەبەرنامە داڕێژراوی پێشوەختی قڕكردن و پاكتاوی ڕەگەزیو تۆفانی وەیشومەیەک بوو بۆ پاكتاوكردنی میللەتێک، ئەو پڕۆسەیە بازنەی كۆمەڵكوژی تێپەڕاندو بەرەو فراوانتر پەڕییەوە، تا گەیشتن بەئاستی سڕینەوەی نەتەوەیەک پەلی هاویشت.



ئەنفال كاروانێكی نادیار بەرەو فەنابوون بوو، كۆمەڵ كۆمەڵ بەرەو مەرگ بران، كاتێک چیرۆكە جۆراو جۆرە جەرگبڕەكانی ئەو كارەساتە لەسەر زاری رزگاربووەكانەوە، ئەوانەی كە لەلێواری مەرگەوە گەڕاونەتەوە دەبیستین كە ژمارەیان لەئاستی ژمارەی شەهیدەكان بەژمارەی پەنجەكانی تەنها دەستێكی یەک قوربانی ژمارە دەكرێت، لەگەڵ بەربوونەوەی ئەشكی خۆڵەمێشی لەچاوە كزەكانیانەوە كە بەئەندازەی كونە سوژنێكیان ماوە . بەدەم ئاخ هەڵكێشانەوە »دەڵێن لەیادمان ناچێ ئەو رۆژانەی ئێمە دیمان یاخوا كەس نەیبینێ، هەرگیز لەبیری ناكەین» ئیدی دیمەنەكان «ترس، برسێتی، تونێتی، گەرما، خنكان، ئەشكەنجەدان، لەسێدارەدان، گوللە بارانكردن، مردنی لەسەرخۆ، لەدەستدانی نەوەو ئازیزان، پاشان كۆمەڵ كوژی و لەچاڵنانی بەكۆمەڵ» بەشێوەیەک وێنا دەكەن وەک ئەوەی لە گەڵیاندا لەنێو ڕووداوەكاندا ژیابێت، نوگرە سەلمانو بیابانەكانی بەلم داپۆشراو كرا بەدۆزەخێكو پاشان ناونرا مەملەكەتی ئەنفال.

ئێستاش لەدوای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر ڕوودانی ئەو كارەساتە جەرگبڕەدا كە بۆ نەوەكانی دوای راپەڕینو داهاتووش مێژووی رۆژگارێكی رابردووە و بۆ ئەبەد هیچ نەبێت لەنێو گەلەكەماندا لەیاد ناكرێت، بەتایبەتی زۆرێک لەو ڕووداو و قوربانیو دەردە كۆمەڵایەتییانەی بەجێهێشتووی پاش خۆیو گوزەرانی پاشماوەی ئەو كارەساتە بۆ نەوەكانی داهاتوو تۆمارێكی پرشنگدارە كە دەكرێت لەپاشەڕۆژدا لەتۆماری مێژووی خەباتو قوربانیدانی گەلەكەماندا لاپەڕەیەكی درەوشاوە بێت.

دیارترینیان چەندین برینی سارێژنەكراو و بەسەدان دیاردەی دەرونی ناجێگیر كە كۆمەڵگەی بەرەو ناتەندروستی لەپاش خۆی بۆ نەوەكانی داهاتوو لەنێو یادەوەرییەكانیاندا چاندووە، لەوانە قێزەونترین كردەوە نائاكارییەكانی ئەو پڕۆسەیە مامەڵەی كڕینو فرۆشتنی كچانو ژنانی ئەنفالكراوەكان بوو وەک پەیڕەوی شێوەی چەرخەكانی رابردوویەكی زۆر دوور.

لەولاشەوە ژنە ڕەشپۆشەكانی بەجێماو لەكاروانی بێ گەڕانەوە، لەئاستێكی تا ژێر سفری گوزەرانی خراپدا ژیان دەگوزەرێننو لەدوای

https://serchawe.com

ئەو زەمەنە دوور و درێژە کە بەحەسرەتەوە زۆریان ماڵئاوایی یان لە ژیانی خەمو کولەمەرگی کردووە و ئەوەشی ماوە لەخانووی قوڕو ئاستێکی زۆر خراپدا ژیان دەگوزەرێنن، بەشێکی تریشیان کە هێشتا بەرگەیان گرتووە بەردەوام لەبەرامبەر خەم و یادەوەرییە تاڵەکاندا لەڕووبەڕووبوونەوەو دەستەو یەخەن تیایاندا بەهۆی باری نالەباری جەستەیو نەخۆشی درێژ خایانو تێکچوونی کەسایەتیان دەناڵێنن.

لەساڵیادی ئەم کۆستە گەورەیەدا بەفرمێسکی نەوەکانی داهاتوومان مەزرا بەجێماوەکانی قوربانیانی ئەنفال ئاو دەدەینو لێرە بۆ هەر شەهیدێک گوڵاڵە سورەیەک دەچێنین، لەوێش لەمەملەکەتی لەو ئاوی سوێرو حوشتردا نەوەکانی سەگە ڕەشەکانی نوگرە سەلمان هاوشێوەی نەوەکانی داهاتووی ئەنفالچییەکان «حەجاج»و شاگردەکانیان دەبیٚو رۆژێک دێ بەسزای »حەق»ی خۆیان بگەن، بۆ داهاتووش تا پرۆسەی ئەنفالی نازناوی ئەنفالچی یەکانی ڕووڕەشی دنیاو قیامەت وانەیەکی لەیاد نەچوویێتو بۆ هەمیشە لەزاکیرەماندا بدرەوشێتەوە و بۆ مێژووش بەئاوی زێڕین تۆماربکرێت.

پێویستە پیاداچوونەوەیەک بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دراوسێو بەناو براکانمان بکەینەوەو لەهەڵەکانی رابردوومانەوە نەخشەی دواڕۆژێکی پرشنگدارتر بۆ گەلەکەمان دارێژین، بۆ شەهیدانی دووره خاکیش، ئیدی بەڵێن دەدەین ئارامیو بێدەنگی شەوانی نوگرەسەلمان لەمەملەکەتی تارماییەکانی ئەنفال نەشڵەقێنین، تا لەخەونە پەمەییەکانتان رانەچڵەکێنو بۆ ئەبەد بەئارامی سەربنێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال و یادی ئەنفال لە ٤ / ١٤ دا

## بەکرحاجی رەحیم

لەم نووسینەدا باس لە شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ و ئەنفالی بارزانیەکان لە ١٩٨٣ و ئەنفالی فەیلییەکان لە ١٩٨٠ دا ئەکەین:



*سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨رێکخراوی (میدڵ ئیست ووچ) بە م شێوەیە پێناسەی کردووە :

ئەنفال ئەو ناوە بوو کە بە زنجیرەیەک هێرش وپەلاماری چڕوپڕی سەربازی ،کە سەرجە م هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەڕێوەچوو، لە نێوان کۆتاییەکانی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ دا. فەرماندەی گشتی پرۆسەکە لە دەستی نووسینگەی باکووری حزبی بەعسدا بوو، کە بنکەکەی لە شاری کەرکوک بوو لە مارتی ١٩٨٧ بە دواوە لە لایەن ( عەلی حەسەن مەجید) ،کە بە عەلی کیمیاوی ناسرابوو سەرۆکایەتی دەکرا.ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعسەوە پێشتر بەرنامەرێژی بۆ کرابوو، وە زانیاری لەسەر ناوچەکان و رێخۆشکردن و دانانی نەخشەی بۆ ئەنفال کێشابوو ،وە بە هەشت قۆناغی جیا ئەنجامی دا:

قۆناغی یەکەم: ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە شەوی ٢٣ / ٢ / ١٩٨٨ دا دەستی پێ کرد کە ئەم ناوچانەی گرتەوە ( بنگرد، دوکان، چوارتا، قەلاچوالان، سەرچنار، سورداش، زێی بچووک، ئەزمەر، سوسێ، ماوەت، سەرگەڵو، بەرگەڵو ) وە لە ١٨ / ٣ / ١٩٨٨ دا بەکۆتا هات و ٢٥ رۆژی خایاند.

قۆناغی دووەم: ئەنفالی دەڤەری قەرەداغ لە ٢٢ / ٣ تاوەکوو ١ / ٤ / ١٩٨٨ی خایاند، ئەم ناوچانەی گرتەوە (چیای گڵەزەردە، قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان، زەرایەن، عەربەت)وە ماوە ی ٩ رۆژی خایاند.

قۆناغی سێیەم: ئەنفالی گەرمیان لە ٧ی نیسان تاوەکو ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ ئەنجام درا، ٣١رۆژی خایاند، ئەنفالی گەرمیان لە سەرجەم قۆناغەکانی تر کارەساتبارتر و بە زیانتر بوو لە رووی مرۆیی و مادییەوە چونکە (٧٠ - ٨٠) هەزار مرۆڤی کوردی تیا بێ سەرو شوێن کرا. وە ئەم ناوچانەی گرتەوە ( کفری، کەلار، توزخورماتوو، دەربەندیخان، زنجیرە چیاکانی قەرەداغ، تەکیە، چەمچەماڵ، قادرکەرەم، قەرەهەنجیر، سەنگاو، تێلەکۆ، ئاغجەلەر).

قۆناغی چوارەم: ئەنفالی حەوزی زێی بچوک لە ٣ تاوەکو ٨ مایسی ١٩٨٨ وە پێنج رۆژی خایاند کە ناوچەیەکی فراوانی لە باکووری

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو رێگا گشتیە گرتەوە کە شاری کەرکوک بە شاری سلێمانی دەگەیەنێ، هەروەها باشوری رێگای نێوان کۆیە ژدەریاچەی دوکانیشی گرتەوە، کە ناوچە کانی (شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، عەسکەر، گۆپتە پە، دیگەڵە، پردێ)ی گرتەوە.

**قۆناغی پێنجەم، شەشەم،حەوتەم:** لە ١٥ / ٥ تاوەکو ٢٦ / ٨ / ١٩٨٨ بەردەوام بوو کە نزیکەی سێ مانگ و نیوی خایاند، کە دەشت و دۆڵی نێو چیاکانی شەقڵاوە و رەواندزی گرتەوە کە تیایدا رژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ بە کیمیابارانکردنی گوندەکانی بالیسان و بالوکاوە و خەتێ هێرشی دەستپێکرد، وە زیاتر لە ٥٢ گوندی ناحیەکانی خەلیفان وخۆشناوەتی و رەواندز وێران کران، وە ناوچەکانی چۆمان، چیای قەندیل، رانیە، چوارقورنە، هیزۆپ، شاخی باواجی، گرتەوە.

**قۆناغی هەشتەم:** ئەنفالی بادینان لە ٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ ؛ کە بە هێرشێکی کیمیاوی خەست دەستی پێ کرد بەشێوەیەکی گشتی پەنجا گوند بەر هێرشە کیماویەکە کەوتن، لە ناوچەی زێرەکانی نزیک سنوری باکور و باشوری کوردستان دەستی پێ کرد وە دواتر ئەم ناوچانەی گرتەوە ( دهۆک، زاخۆ، کانی ماسی، زێوە، دێرەلوک، ئەتروش و زاویتە ).

**ئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفال و کاریگەریەکانی:** بێ سەروشوێنکردنی دەیان هەزار لە پیرو گەنج و منداڵ وئافرەت دوای ئەوەی بۆ کەمپەکانی وەکو تۆپزاوا و نوگرەسەلمان و....هتد راپێچ کران و بە پێی رەگەز و تەمەن جیاکرانەوە و بەرەو بیابانەکانی باشووری عێراق راپێچ کران لە پرۆسەیەکی تەواو نهێنیدا زیندە بەچاڵ و کۆمەڵکوژکران، بە پێی ئامارەکان کە کۆکراونەتەوە و خەملێنراوە ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد ئەنفال و جینۆساید کران. وێرانکردن و تێکدانی چەند هەزار گوندێک لە ناوچە ئەنفالکراوەکاندا کە لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعسدا هاتووە کە(سوتاوە)، (تێکدراوە)،(تەخت کراوە)،(پاکسازی کراوە) وەچەندین مەڵبەندی بەڕێوەبردن (قەزا و ناحیە) هەمان شتیان بەسەر هاتووە.بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ناوچە ئەنفالکراوەکان وەکو کەلوپەلی ناوماڵ و ئۆتۆمبیل و مەڕوماڵێت و......هتد. لەلایەن ئەنفالچییەکانەوە کە لەوانە جاشی کوردی خۆفرۆشیشیان تیابووە.

کیمیابارانکردنی گوند و ناوچە ئەنفالکراوەکان بە چەکی کیمیاوی وەکو خەردەل و سارین و گازی دەمار:

* **ئەنفالی بارزانیەکان:** رژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ دابەپلانێکی نەخشە بۆ کێشراو و نهێنی بە هێزەکانی حەرەس جمهوری گەمارۆی ئەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەی دا کە بارزانیەکانی لێ نیشتەجێ بوون و بە دوو قۆناغ دانیشتوانەکانی دەستبەسەر کرد.

**قۆناغی یەکەم:** لە ٣١ / ٧ / ١٩٨٣ کۆکردنەوە و دەست بەسەرکردنی بارزانیەکان لە کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە، کە رژێم ناوی نابوون (قدس،قادسیە).

**قۆناغی دووەم:** لە ١٠ / ٨ / ١٩٨٣ کۆکردنەوە و دەستبەسەرکردنی بارزانیەکان لەم کۆمەڵگا زۆرەملێیانە (حەریر،دیانا، بەحرکە، کۆمەڵگای لادیکانی مێرگەسوور). دوای گرتنی هەموو ئەوپیاو و کوڕە بارزانیانەی کە تەمەنیان لە چواردە ساڵ بەرەوژوور بوو وە بە گشتی رەگەزی نێر، پاش گرتنیان گواسترانەوە بۆ خوارووی عێراق وە دواتریش بۆ نزیک سنووری سعودیە، کە ناوچەیەکی بیابانی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لماوی دووره خەڵکە کە بە ناوچەکانی(بوسەیە،هباویە،بسوە،ابوالغاز)لە پارێزگای موسەننا ناسراوە، وە ژمارەی ئەو بارزانیانەی لەم شالێوە ئەنفال کران (٨٠٠٠ )کەسن و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کۆمەڵ کۆمەڵ زیندەبەچاڵ کراون و شەهید کراون.

※ **ئەنفالی فەیلییەکان:** لە نیسانی ١٩٨٠ ڕژێم سەرەتا بازرگانە فەیلییەکانی گرت و ڕاپێچی زیندانەکانی کردن و دواتر دەستی بە سەر سەروەت و موڵک و ماڵیاندا گرت و بازرگانەکانی ئاودیوی سنووری ئێران کرد، ئەو شاڵاوە فەیلییەکانی بەغداو، بەسرە، جەسان، مەندەلی، خانەقین، بابل، سویرە، عەلی غەربی، عەلی شەرقی، کوت، عمارە و بەدرەی گرتەوە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەسی فەیلی دەسگیر کرد و موڵک و ماڵیان دەستی بە سەردا گیرا، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥ - ٣٠) ساڵ بوو راپێچی زیندانەکانی بەعس کران کە ژمارەیان بە ٩ هەزار کەس خەمڵێنراوە ئەوانی تریشی ئاودیوی سنووری ئێران کرد زانیارییەکان باس لەوە دەکەن ڕژێم ٢ هەزار کەسی لە ساڵی ١٩٨٧ دا بە بیانووی پاکسازی زیندانەکان لە ناو بردووە و ئەوانی تریش پێش دەسپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بە مەبەستی چۆڵکردنی نوگرە سەلمان و چەند زیندانێکی تری بە کۆمەڵ.

سەرچاوە: ماڵپەڕێ ڕۆژنامەی خەبات / ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چۆن ئەنفال لە یادەوەریی نەوەکاندا جێ بکەینەوە؟

**محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق**

لە دوای ٢٨ ساڵی ئەنجامدانو بەرپاکردنی ئەنفالو دوای ئەو هەموو پێشهاتو گۆڕانکارییانەی لە کوردستاندا روویاندا، وەڵامی پرسیارێکی وا هێند ئاڵۆزە کەوا نازانیت لە کوێوە دەست پێبکەیتو لە چ لایەکەوە دەستی بۆ ببەیت، لە دۆخێکدا کە جۆرێک لە بێزاریو نائومێدی باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتو سیستەمێکی حوکمڕانی لە کوردستاندا، کە دوای نزیکەی بیستو پێنج ساڵ، بێجگە لە شکستو بێسەروبەرییەکی بێئامان شتێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم نەهات.



من پێموایە کۆمەڵگەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا، هێندەی ئێستا پڕ کەلێنو شکستی سیاسی ـ ئابووری ـ فەرهەنگی ـ سایکۆلۆجی نەبووە، بێگومان ئەمانە هەموو ئەنجامی ململانێیەکی ناشارستانی درێژخایەنی هێزە ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوو، بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتو دەستکەوتی زیاترو بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣و گۆڕینی رژێمی بەعسی عیراقەوەو ئەو ئاژاوەو پشێوییەی لە ئەنجامی دەسەڵات گرتنە دەستی هێزە دینییە شیعەگەراکانەوە دروستبوو و بوو بە هۆی ئەوەی سەرتاپای وڵات بە کوردستانیشەوە نوقمی دەریایەکی گەندەڵی وابێت، کە بە تەواوی خنکاندوویەتی.

من لێرەدا قسەم لەسەر عیراق نییەو قسە لەسەر کوردستانە، کە لە سەرەتاوە لای چاودێرانی بیانیو لە دیدی وڵاتە کاریگەرەکانی رۆژئاواو ئەمریکاوە بە «عیراقەکەی تر» لە قەڵەمدرا، وەک جیاکردنەوەیەک لە رووی ئەمنو ئاسایشەوە، کە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین کەوا بە ئیمتیازەوە لەگەڵ باری ناسەقامگیرو پڕ تەقینەوەو کوشتو کوشتاری شیعەو سوننە جیاوازییەکی تەواومان هەبوو لەگەڵ عیراق، بە ئێستاشەوە.

ئەڵبەتە ئەم بارە بە تەواوی نەکەوتە خزمەتی ئیدارەدانی دەزگاو دامەزراوەکانی حوکمڕانییەوە، کە هەر لە سەرەتاوە بێبەرنامەییو بێپلانی پێوە دەرکەوت لە هەموو رەهەندە سیاسیو ئابووریو فەرهەنگییەکانەوەو ساڵانی سەرەتا پاساو «حکومەتی ساوا»و کەم ئەزموونیی حوکمڕانی بوو، بەڵام تا دەهات ململانێ لەسەر دەسەڵاتو دەستکەوت پەرەی دەسەندو هیچ دیدو پەیامێکی روون بەدی نەدەکرا بۆ جۆری ئیدارەدانو لە هەموو روویەکەوە کورتبینیو دەستەپاچەییو هەڵپەی بەدەستهێنانی پایەو پۆست پرزەی لێدەبڕیو هیچ روئیایەکی نەتەوەییو نیشتمانی راستەقینەی لێنەدەبینراو لە پاش ٢٠٠٣ شەوە کاتێ کە رێژەیەکی حازر بەدەستی پارەی نەوت دەگەیشت، بەزۆری خرایە خزمەتی ململانێی نادروستەوەو بۆ بەدەستهێنان یان راستتر کڕینی دەنگی خەڵک بەشێکی زۆری هێزی کارو بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە لە کشتوکاڵو ئاژەڵداری داماڵرانو بە ناوی دامەزراندنەوە بەلێشاو خەڵکیان لە کارو بەرهەمی راستەقینە دابڕیو سەرجەم کۆمەڵگە بوو بە مفتخۆرو ئابوورییەکی بەرخۆریی ناسروشتی باڵی بەسەر چالاکیی بازاڕدا کێشاو جۆرێک لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆشگوزەرانی رووکەش هاتەکایەوە، لە پاڵ دزیو تالانییەکی رێکخراو بۆ داهاتی نیشتمانی، کە لە سایەیدا واقیعێکی ناهاوسەنگ لە رووی ئابوورییەوە دروست بوو بە ئیدارەدانێکی بێپلانی پڕ لە گەندەڵی، ئەڵبەتە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتێکی ناڕوونی ئاوها ئەنجامەکەی هەر ئەمە دەبێت کە کۆڵەکەو پایەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تۆکمەو پشت بەخۆبەستوو لە هەر ئانو ساتێکدا هەرەس بێنێو نەتوانێ بەرەنگاری تەحەداو دژوارییەکانی ناوخۆو دەوروپشت ببێتەوە.

بێگومان لە کەش و هەوایەکی لەم چەشنەدا مەسەلەی ئەنفال یان تەواوی جینۆسایدی میللەتەکە حاڵی باشتر نابێت لە بوارەکانی تر. ئەڵبەتە هەر تەنها کورد لەم چەرخی نوێیەدا تووشی جینۆساید نەبووە، بەڵکو چەندین میللەتو نەتەوە هەن ئەم دەردەیان بەسەرهاتووە، چەشنی ئەرمەن، جوولەکە، کەمبۆدیا، رواندا، بۆسنەو کۆسۆڤۆو چەندین نموونەی تر لە مێژووی نزیکدا، بەڵام ئەمان چۆن کاریان لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی خۆیاندا کردووەو چۆن وەبەرهێنانیان لە بەرزڕاگرتنی شکۆی قوربانیاندا کردووەو لەگەڵ حاڵەتیشدا چۆن لە رووی بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆو راکێشانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی چ کارێکیان کردووەو بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی یادی قوربانییەکانیان نەوە لە دوای نەوە چییان کردووە لە رووی دۆکیۆمێنتەری و بەڵگەنامەو پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەو زانکۆو ناوەندی توێژەکانیانەوە. چۆن لە ئاست گەورەیی کارەساتەکانیان تەواوی ململانێو ناکۆکیی سیاسیو حزبییان وەلاوە ناوەو بەردەوام ئەو مەسەلەیە لە سەرجەمی بوارو چالاکییەکانی ژیاندا پارێزراوە، بەڵام ئەوە نەبێ ململانێی سیاسیی هێزو حزبی جۆراوجۆریشیان نەبێت. رەنگە لێرەدا زۆر شیاو نەبێت دووبارەو سێ بارەو ١٠ بارە بێین باس لەوە بکەین کە ئێمە چی بکەینو چی نەکەین بچێتە خزمەتی هێشتنەوەی یادەوەریی ئەنفال یان جینۆسایدی کورد، وەک پاکێجێکی کۆکەرەوە بۆ سەرجەم مەرگەساتەکانی لە مێژووی نوێدا، بە جۆرێک کە نەوە لە دوای نەوەو پشتاوپشت ئەم یادەوەرییە تاڵە بە زیندوویی رابگرینو نەیەڵین کاڵ ببێتەوەو بگرە پەرە بە رەهەندەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بدەینو لۆبی بۆ بکەین لە ئاستی ناوخۆو دنیاداو کار بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بکەینەوە، لە رووی یاسایی و مادی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەوەو بتوانین ساڵ بە ساڵ پلانو بەرنامەی کاری ئەو ساڵەی بۆ دابنێین، دوور لە هەڵاو بگری دروشمبازی و بازرگانی سیاسی و چۆن بیکەینە مەسەلەو گوتارێکی نیشتمانی چەسپاو، تادێت دوور بڕوانین بۆئەوەی مەسەلەی بنیاتنانی دەوڵەتی لەسەر هەڵچنین، نەک بیکەینە کەرەستەیەک بۆ خۆ شیرین کردن لە ململانێی هەرزانبەهای سیاسی و هەڵبژاردنداو دنیایەک بەڵێنی ناڕاستی لەسەر هەڵڕێژینو پاشانیش بە کردەوە لە بیرمان بچێتەوە، ئێمەومانان ئەوە چەندین ساڵە کول بووین ئەوەندەمان باس لەم مەسەلانە کردووە، بەڵام بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووەو ئەنجام زۆربەشمان لێی نائومێد بووینو هەر ئاسنی سارد کوتانمان بۆ ماوەتەوە.

من لێرەدا نە بۆ خۆمو نە بۆ کەسی تریش بە رەوا نابینم کە ئامۆژگاریی بکەین چی بکرێتو چی نەکرێت لەم بوارەدا، بەڵام زۆر جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر ئیرادەی راستەقینە هەبێتو دەبێ هەشبێت، ئەوە دەتوانرێت باری لارو ناسروشتی کارکردن لەم بوارەدا راست بکرێتەوە. لە سەرێکەوە هەر لە وڵاتی خۆماندا سەری دنیا بە پووش نەگیراوەو سەرباری ئەو داڕووخانە سایکۆلۆجییەی خەڵکیش بەڵام هێشتا کەسانو بگرە دامودەزگای دڵسۆزیش ئامادەن کاری جددی و بە پلان بکەن لەم بوارەدا، ئەگەر رێیان لێ نەگیرێتو بەقسەیان بکرێت لە چوارچێوەی یاساو رێساو بەرنامەڕێژییەکدا بۆ ئەم بوارە، ئەگەر هاتو چاو لەو کارانە بکرێت کە وڵاتانو میللەتانی هاوشێوەی ئێمە چییان کردووەو چییان ئەنجامداوە لە مەسەلەی جینۆسایدی خۆیانداو تەنانەت ئەگەر نەشتوانینو فریا نەکەوین کە ئەوەی ئەوان کردوویانە ئێمەش بیکەین، یان هەر هیچ نەبێت بەشێکی بکەین، بەڵام بە سوود وەرگرتن لە کاری

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆکمەی زانستیی ئەوانو رەچاوکردنی تایبەتمەندیی خۆشمان، ئەوە بێگومان دەتوانین بکەوینە سەر رێچکە راستەقینەی کارەکە، بەڵام بەمەرجێک دووربێت لە میزاجو بۆچوونی تاکە کەسی ئەم سیاسیو ئەو کاربەدەستو ئەو بڕیاردەرو پارە بەدەستەی، کە فرەجار بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی یان بۆ بەدەستهێنانی شکۆو ئافەرینێکی شەخسی خۆی کارێک بێ پرسو راو بێ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەو پاشانیش دوای دزیو گزیو خەرجو مەسرەفێکی زۆر، وا بکەوێتەوە کە ئەو کارە هەر نەکرایە باشتربوو.

ئێمە دنیایەک ئەزموونی گەلانو وڵاتانمان لەبەردەستدایە، هەر لە مۆزەخانەو پەیکەربەندیو فیلمسازیو دۆکیۆمێنتەریو فێرگەو ئینستیوتی کارکردن لەم بوارانەدا، کە ساڵانی زۆر گرنگیو بایەخیان دەرکەوتووەو ئاشکرایە چ کاریگەرییەکیان داناوە لەسەر بە زیندوویی هێشتنەوەی مەرگەساتەکانو رادەی کارلێکو ئاوێتە بوونیان لە ژیانو فەرهەنگی ئەو گەلانەداو چ شتێکیان لەسەر دروستکراوەو هەڵچنراوە، ئەوجا بە پەرۆیەک لەو ئەزموونە دەوڵەمەندانە بۆ خۆمان دادڕینو هێندە بە دوای نەرجسیەتو خودپەسەندیی خۆمانەوە نەبین کەوا دەرکەوتووە زۆرێک لەو پرۆژە بێبنەمایانەمان سوودێکی نەگەیاندووە لە قوربانیانو بەجێماوانیانو نە بە مەسەلە نیشتمانییەکەشمان لەم بوارەدا.

لێرەدا چەند نموونەیەک باس دەکەم، بەتایبەتی لە بواری مۆزەخانەی جینۆسایدو کەمپەکانی بەندکردنو لەناوبردنی قوربانییاندا، لە چەند وڵاتێکدا یان خۆم سەردانم کردوون یان بەدواداچوونم بۆ کردوونو رەنگە باسکردنیان هەندێ لایەنی کاریان سوودێک بە ئەزموونی خۆمان بگەیەنێت لەم بوارەداو لەهەمان کاتیشدا دەرزی ئاژنێکی بە ئازاریش بێت بۆ دەردو خەمەکانمان لەم رووەوە، ئەوەی لێرەدا زیاتر مایەی خەمو ئازارە بۆمان، ئەو بیرکۆڵییەمانە لە پاراستنی رووداوەکانی مێژوومان‌دا، کە پڕن لە کارەساتو تەنانەت مێژووی نوێشماندا بە ئێستاشەوەو ئێمە میللەتێکین بەردەوام هەڕەشەی لەناوبردنمان لەسەرە، کەچی هەموو دەم هەڕەشەی جینۆسایدمان لێ دووبارە دەبێتەوەو ئێمەش بە شێوەیەکی پاسیڤ چاوەڕێی دەکەین، بێ ئەوەی بەڵگەو دۆکیۆمێنتو کەرەستەی پێویستی ئەم سەردەمە شتێکی ئەوتۆی لێ بپارێزین.

ئێوە تەماشا بکەن میللەتانی تری هاوشێوەمان چ کارێکیان کردووەو ئەگەر بچیتە ناو ئینتەرنێتەوە تەماشا دەکەین تەنانەت میللەتە جینۆساید کراوەکانی ئەفریقیاو وڵاتانی جیهانی سێیەمی رواندا و دارفۆرو باشووری سوودانو کەمبۆدیاو بۆسنەو کۆسۆڤۆو کویو کوێ زۆر لە ئێمە زیاتریان کردووە بۆ ئەو مەسەلەیەو بگرە وڵاتانی وەک کۆسۆڤۆو باشووری سوودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیشیان لەسەر ئەوە دروستکردووە.

ئەوە مایەی حەسرەتە لای خۆمانو سەبارەت بە ئەنفال کە جێی ئەم باسەمانە، سەرباری ئەو هەڵاو بگرەی کە هەموو ساڵێک لە یادی بەرپابوونیدا دەیکەینو سەرباری دادگایی کردنو حوکمدانی چەند تاوانبارێکی ئەو کەیسەو دانپێدانانی پەرلەمانو حکومەتی عیراق بە ئەنفال وەک جینۆساید، بەڵام ئێمە لای خۆمانەوە نەمانتوانیوە کارێک بکەین کەوا حکومەتی عیراق کە لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە میراتگری حکومەتی پێشووە با خۆیشمانی تێدابین، قەرەبووی قوربانیانی ئەنفالو جینۆسایدەکانی ترمان بکاتەوە.
پرسیارەکەی «چۆن وا بکەین ئەنفال لە یادەوەریی نەوەکاندا جێ بکەینەوە» پێموایە لەو نەستەوە هاتووە کە ئێمە تا ئێستاو لە دوای ٢٥ ساڵی حوکمی خۆکردنو دەربازبوون لە دەست ستەم، بە هیچ کلۆجێ نەمانتوانیوە لە یادەوەری میللیو نەوەکانماندا جێ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکەینەوەو بگرە لە ئەنجامی بێبایەخ کردنی بەکردەوەو تەوزیفکردنێکی هەرزانبەهای بۆ کاری دروشمبازیو مەبەستی سیاسیی هەنووکەیی کاڵمان کردۆتەوەو ئێستا لە یادەوەریی نەک نەوەکانی دوای ئەنفالدا بەڵکو هی ئەوانەش کە شایەتحاڵی ئەو سەردەمە بوون، زۆر کزبووەو وەک تەنها بیرەوەریی رۆژگارێکی تاڵو سەخت تەماشا دەکرێتو هیچی تر. ئاخر چۆن وا ناکەوێتەوە کە ئێمە تا ئێستا تاقە کتێبی مێژووییمان لەسەر ئەو بابەتە کە بە شیکارییەکی زانستیو بابەتی نووسرابێت، هەر کتێبەکەی هیومان رایتس ووچە «جینۆساید لە عیراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد». تا ئێستاش نەمانتوانیوە ئامارێکی وردو زانستی بخەینەڕوو بۆ قوربانییەکانمانو گوندو شارۆچکە وێرانکراوەکانمانو جگە لەو ژمارە سیاسییەی ١٨٢ هەزار شتێکی سەلمێنراومان نییە، کە بە داتایەکی وردو بەپێی زانستی ئامار شیکاریی تێدا بکاتو مەسەلەکە لە خەمڵو رمڵ لێدان بەولاوە شتێکی تر نییە، کەچی ئەگەر بەراورد بکەین بە هۆلۆکۆستی جوولەکە، دەبینین چەند بە وردیو بە بەڵگەو تەنانەت بە وێنەشەوە ژمارەی قوربانیانی جوولەکە دەخرێتەڕوو. ئێمە تا ئێستاو ئەوە ٢٥ ساڵی دەسەڵاتی بەناو خۆمانەیە، نەمانتوانیوە لە پرۆگرامی قوتابخانەو زانکۆکانماندا بە نەوەکانمانی بخوێنینو نەهێڵین ئەو مێژووە رەشە لایان کاڵ بێتەوە. ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەشێک لە ئەزموونی گەلانی هاوشێوەمان بگوێزینەوە بۆ دروستکردنو چێکردنی مۆزەخانەیەکی شایستە بە جینۆسایدی ئەنفالو بارزانییەکانو فەیلییەکانو هەڵەبجەو ئێزیدییەکانیش (بەم دواییە)، لەکاتێکدا لەو باوەڕەدام بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەمانو بە تایبەتیش ئەوانەمان کە مەسەلەی جینۆساید خەمیانە، سەردانی ژمارەیەک لەو مۆزەخانانەیان کردووە لە وڵاتانی دنیاداو ناخیان پڕبووە لە ئازارو خەفەت، کاتێ کە لە زەینی خۆیاندا بەراوردیان کردووە بەو کڵۆڵییەی لای خۆمان لە کارکردن لەم بوارەدا. تۆ ئەگەر سایتەکانی ئینتەرنێت بکەیتەوەو سەردانی پێگەکانی هۆلۆکۆستو جینۆسایدی ئەرمەنو کەمبۆدیاو رواندا و دارفۆرو باشووری سودانو کۆسۆڤۆو هەر شوێنێکی تر بکەیت کە قەتڵوعام و جینۆسایدی تێدا کراوە، دەبینی پێگەی ئەنفالو جینۆسایدی کورد چەند لاوازو کەم بابەتە ئەگەر بەراوردی بکەیت بەوان، ئەڵبەتە هەمان شت راستە لە بواری کتێبو نووسینو بەڵگەنامەو پەیکەرو فیلمسازیو .. تاد.

ئێستا وەک تەنها نموونە هێنانەوەیەکی کورت دێمە سەر ئەو کەمە بەدواداچوونە بە نێو سایتە ئەلیکترۆنییەکانی جینۆسایدی گەلانو سەردانی هەندێک لەو مۆزەخانانەی لە چەند وڵاتێک بینیومە، لەگەڵ چەند شوێنێکی یادەوەریو سەنتەرو کەمپی بەندکردنو لەناوبردن، کەوا سەرجەمیان بۆ بەرزڕاگرتنی یادەوەریی قوربانیانو شکۆو شانازیی میللەتەکانیانە هێشتنەوەی یادیانە بە زیندوویی لای نەوەکانی ئێستاو دوارۆژیان لەلایەکو ئیلهام بەخشینی گیانی بەرگریو وڵاتپەروەریشە لای نەوەکانیان، بۆ ئەوەی چیتر رێگە نەدەن لە پاشەڕۆژیاندا هەمان مەرگەساتیان بەسەر بێتەوەو لە هەمان کاتیشدا هێڵی سوور بێت بۆیان لە هەر ناکۆکیو ململانێیەکی ناوخۆیاندا چیدەکەن بیکەن، بەڵام ئەو هێڵە نەبەزێنن.

* جینۆسایدی ئەرمەن: ئەرمەن وەک کورد گەلێکی غەدر لێکراوی مێژووەو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا سیاسەتی لەناوبردنو قڕکردنی دەرهەق پەیڕەو کردو دوای ئەویش حکومەتی تورکە لاوەکانی سەر بە «جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی»، کە لە ساڵی ١٩٠٨ ەوە بە کردەیی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، دریغیی لە کوشتنو ئاوارەکردنیان نەکردو جێی داخیشە کورد لە رووی ئاڵۆزیی باری سیاسیی ئەو سەردەمەو بە فیتی ئیتیحادییەکانو پێشتریش سوڵتانی عوسمانی، چ بە تاک و چ بە گروپ وەک خێڵو جەندرمەی عوسمانیو سوارەی حەمیدی رۆڵێکی خراپیان بینی لەو کوشتارەداو تێکڕا نزیکەی ملیۆنو نیوێکیان لێ کوژراو دەربەدەری وڵاتان کران. ئێستا بەشێکی ئەو گەلە لە کۆماری ئەرمینیاو زۆرێکیشیان وەک دیاسپۆرا بەسەر وڵاتانی جیهاندا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڵاوبوونەتەوە. ئەم دژایەتیو فڕکردنە لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێیکردو لە ساڵی ١٩١٥دا گەیشتە ترۆپکو لە رۆژی ٢٤ ی نیسانی ١٩١٥ لە ئەستەنبوڵی پایتەختدا زیاد لە ٣٠٠ کەسی دەسڕۆو ناوداری ئەرمەنی رەشبگیر کردو هەمان شتی لە شارە گەورەکانی تریشدا ئەنجامداو پاشان کوشتنیان، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت لە ئەرمەن بوون بەولاوە، لەمە بەدوا شاڵاوی کوشتاری ئەرمەن بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ساڵانی پێشوو دەستپێیکردو سەدان هەزار کوژرانو ماڵو حاڵیان تاڵان کراو بە پیادەڕۆیی بەرەو بیابانەکانی سوریاو میزۆپۆتامیا راگوێزرانو بە هۆی گەرماو سەرماو برسێتیو نەخۆشییەوە سەدان هەزاریان لێ فەوتاو سەرباری ئەوەش دەستی جەندرمەی دەوڵەتو دزو جەردەی خێڵەکانیان تێبەرداو لە رێگای راگواستنیاندا رووت دەکرانەوەو بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە دەکوژران.

ئێستا ئەوەی ماوەتەوە لە گەلی ئەرمەن نەوە لەدوای نەوەیان لە ئەرمینیای نیشتمانی خۆیانو وڵاتانی دیاسپۆرا بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەم جینۆسایدەیان دەکەن، وەک ئەوەی دوێنێ روویدابێتو تا ئێستا هەزاران بەڵگەو دۆکیۆمێنتیان پاراستووەو سەدان فیلمو کتێبو شیکارییان لەسەر ئەنجامداوەو سەرباری فشاری توندی تورکیا، کە تا ئێستاش دان بەو جینۆسایدەدا نانێو سەرباری بەرژەوەندیی هەلپەرستانەی ئەمریکاو وڵاتە زلهێزەکانی تر، بەڵام ئەوان لۆبییەکی کاریگەریان دروستکردووەو تا ئەمڕۆ توانیویانە نەتەوە یەکگرتووەکانو حکومەتو پەرلەمانی زیاد لە ٢٥ وڵاتو ٤٠ ویلایەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قەناعەت پێبکەن، کە دان بەم جینۆسایدەیاندا بنێو ئەمڕۆ ساڵانە لە ٢٤ ی نیساندا دەیان دەوڵەتو میللەتو رێکخراوی جیهانیو مرۆڤدۆست، لەگەڵ گەلی ئەرمەندا یادی ئەو مەرگەساتە دەکەنەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا.

لە شاری یەریڤانی پایتەختی دەوڵەتی ئەرمینیاش، لەسەر بەرزاییەکی ناوەڕاستی ئەو شارەدا مۆزەخانەو ئینستووتێکی شایستەی یادەوەریو لێکۆڵینەوەی جینۆسایدی ئەرمەن دروستکراوەو سەدان بەڵگەو وێنەی ئەو کارەساتەی تێدا پارێزراوەو مۆنۆمێنتێکی بەرز لە سەر گردەکە دروستکراوەو لە هەموو شوێنێکی شارەکەوە دیارەو بێجگە لەوەش مەشخەڵێکی ئاگری هەتاهەتایی بەردەوام کڵپەی دێتو هەر میوانێکی رەسمیو نارەسمی دەچێتە یەریڤان، سەردانی ئەو مۆزەخانەیەو مۆنۆمێنتە دەکاتو گوڵ دادەنێ بۆ بەرز راگرتنی یادو گیانی قوربانیانی ئەرمەن. ئێمە لە هاوینی ٢٠١٥دا دەستەیەکی کورد بەشداری کۆنفرانسێکی جیهانیی لێکۆڵەرانی جینۆسایدمان کرد لە ئەرمینیاو سەردانی ئەو مۆزەخانەو مۆنۆمێنتەمان کردو هەریەکەمان لە مێشکی خۆیدا بەراوردێکی پڕ خەمو ئازاری دەکرد، کەوا ئەوان چییان کردووەو ئێمەش چی!

شیاوی وتنە ئەرمینیا وڵاتێکی کەم داهاتەو نزیکەی سێ ملیۆن کەسی تێدا دەژیو دوای ئەوە گەلی ئەرمەن لە رووسیاو ئەمریکاو فەرەنساو وڵاتانی تری ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین.

ئەڵبەتە بێجگە لەم مۆزەخانەیە چەندینی تریش لە شوێنو پەیکەرو مۆنۆمێنتی یادەوەریی ئەو جینۆسایدە لە ئەرمینیاو وڵاتانی تریش چێکراونو بایەخێکی گەورەی پێدراوە لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانداو چەندین سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەو بوارە لە ئەرمینیاو وڵاتانی تریشدا کاری زانستیی ورد ئەنجام دەدەن.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

* هۆلۆکۆست وەک نموونەیەکی بەرچاو لە بەرزڕاگرتنی جینۆسایدی جوولەکەدا، نازییەکانی ئەڵمانیا لە سەرەتای حوکم گرتنەدەستیانەوە لە ساڵی ١٩٣٣ وە جوولەکەیان کردە ئامانجی سەرەکیی خۆیان بۆ لەناوبردنو ریشەکێش کردنیانو بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە پلان بۆدانانی قۆناغ بەقۆناغ بۆ پاکتاوکردنیان، بەتایبەت تریش ساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٥ بە شێوەیەکی سیستەماتیک کەوتنە قرکردنی جوولەکەو گروپی تریش چەشنی قەرەج، پۆڵۆنی، کۆمۆنیستەکان، هاوڕەگەزبازەکان، کەمئەندامانی جەستەو مێشکو دیلی جەنگی سۆڤێتو تێکڕا نزیکەی ١١ ملیۆن کەسیان لەناوبرد، کە نزیکەی شەش ملیۆنیان جوولەکە بوونو سەرتاپا رژێمی ئەڵمانیای رایخی سێیەمیان کردە رژێمێکی جینۆسایدی.

ئەم کردەیە دواتر لەلایەن جوولەکەو سەرتاپا جیهانەوە ناونرا «هۆلۆکۆست» کە لە تێکڕای نۆ ملیۆن جوولەکەی نیشتەجێی ئەڵمانیاو ئەوروپا لە پێش ئەو پرۆسەیەدا، دوو لەسەر سێیان کوژران. نازییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسە سامناکەی جینۆساید تۆڕێک کەرەستەو هۆکاری کۆکردنەوەو بەندکردنو کوشتنیان لە ئەڵمانیاو ئەو وڵاتانەی داگیری کردبوون بەکاردەهێنا، کە خۆی دابوو لە نزیکەی ٤٢ هەزارو ٥٠٠ هۆکاری ئاسانکاری بۆ کوشتنی جوولەکەو قوربانیانی ترو لە ناو ئەو ئاسانکارییانەدا ٤٧ دانەیان کەمپی زۆر ترسناکی کۆکردنەوەو بەندکردنو کوشتنی قوربانیانی هۆلۆکۆست بوو لە ناو ئەڵمانیاو ئەو وڵاتانەی داگیری کردبوون.

لەم پرۆسەیەدا لە نێوان ١٠٠ هەزار بۆ ٥٠٠ هەزار کەس راستەوخۆ بەشداربوون لە پلاندانانو جێبەجێکردنی هۆلۆکۆستدا.

ئەمڕۆ بۆ بەرزڕاگرتنی هۆلۆکۆستو لەبیرنەکردنی لە یادەوەریی مرۆڤایەتیدا، زیاد لە ١٠٠ مۆزەخانەی هۆلۆکۆست دروستکراون لە پتر لە ٦٠ وڵاتی ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەداو ئەمریکای لاتینیداو زۆربەی کەمپەکانی کۆکردنەوەو بەندکردنو کوشتنی جوولەکەو غەیرە جوولەکەش، چەشنی ئاوشڤیتز، ساکسنهاوزن، داخاو، بۆخنڤاڵد.. تاد، لە ئەڵمانیاو پۆڵەنداو وڵاتانی تری ئەوروپادا کراون بە مۆزەخانەو تیایاندا پاشماوەی ئەو کەرەستەو ئامێرو ئاسانکارییە راستەقینانە پیشان دەدرێن، کە یان لە قوربانیان بەجێماون یان پێی لەناوبراون. ئەمڕۆ ئیسرائیلو ئەو وڵاتانەی تر کە ئاماژەم پێدان، دەیان مۆزەخانەو سەنتەری لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی بەڵگەنامە کۆکراوەو پارێزراوەکانی هۆلۆکۆستو مۆنۆمێنتو پەیکەرو خانەو باخچەی یادەوەریی هۆلۆکۆست چێکراون، کە بۆ هەتاهەتایە کەرەستەی هۆشداریو بیرخستنەوە بۆ پشتاوپشتی گەلی جوولەکەو قوربانیانی دنیاو سەرتاپا مرۆڤایەتی تا هەوڵو خەباتیان بەردەوام جۆش بدات، بۆ بەربەست دانانو رێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە لە دنیادا، چونکە بەردەوام گیانی داگیرکاریو دژە مرۆڤایەتیو فاشیستی لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیو حزبو گروپی ئایینیو نەتەوەپەرستی توندڕەوو دکتاتۆرییە ماهورەکانی دنیادا لەسەر پێیە، بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدو وێرانکاریو نموونەی زیندووش لەبەردەستدایە، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمو هۆلۆکۆستەوە بەرپاکراوە، سەرباری یاسا نێودەوڵەتییەکانی قەدەغەکردنی جینۆسایدو لەم رووەوە جینۆسایدە بەرپاکراوەکان لە ڤێتنامو کەمبۆدیاو کوردستانو رواندا دارفۆرو باشووری سوودانو کۆسۆڤۆو چەندین وڵاتو شوێنی ترو بەم دواییەش ئێزدییەکانی کوردستان لەسەر دەستی داعش.

من لێرەداو لە بواری بەرزڕاگرتنی یادەوەریی هۆلۆکۆستدا، یەک دوو نموونە لەو دەیان مۆزەخانەو کەمپی کۆکردنەوەو کوشتنو سەنتەرانە دەهێنمەوە کە یان بە شەخسی بینیومن یان بەدواداچوونم بۆ کردوون، تەنها وەک بیرخستنەوەو دەرزیئاژنی خەمی خۆمان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە بۆچی ئێمە هێند کەمتەرخەمین لە ئاست کۆستو کارەساتی نیشتمانیو نەتەوییمانو چۆن دەبێت مەنهەجییانەو زانستیانە کار بکەینو بەشێک لە ئەزموونی خەڵکی تر بگوێزینەوەو چاوی لێ بکەین:

(١) مۆزەخانەو دەزگای یاد ڤاشیم لە ئۆرشەلیم (قودس)، دەزگایەکی رەسمیی دەوڵەتی ئیسرائیلە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی لەناوچوونی نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکەیە لە پرۆسەی هۆڵۆکۆستداو لە ساڵی ١٩٥٣ بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی ئیسرائیلی (کنێست) لەسەر گردی هێرتزل لە شاری قودس دروستکراوە. ئەم دەزگایە بریتییە لە زنجیرەیەک مۆزەخانە، پێشانگە، ئینستیتووتی خوێندنی هۆڵۆکۆست، سەنتەری لێکۆڵینەوەی هۆڵۆکۆست، مۆنۆمێنتو پەیکەری یادەوەرییو بەشەکانی بریتین لە مۆزەخانەی خستنەڕووی رووداوەکانی هۆڵۆکۆست، دیارترین بەڵگەنامەو وێنە مێژووییەکان، فیلمەکانی پیشاندانی شایەتحاڵەکان، ئەرشیفێک کە ٦٨ ملیۆن بەڵگەنامەی مێژوویی لەخۆدەگرێتو ٣٠٠ هەزار وێنەی پەیوەندیدار بە هۆڵۆکۆستەوە، کە لەلایەن ئەم دەزگایەوە کۆکراوەتەوە، کتێبخانەیەک کە ١١٢ هەزار کتێبو گۆڤاری تێدایە بە زمانی جۆراوجۆر، خوێندنگەیەکی تایبەت بە رووداوەکانی هۆڵۆکۆستو هۆکارەکانیەوە، ئینستیتوتێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە، خانەیەکی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە توێژینەوەی هۆڵۆکۆست، ئەو کۆمەڵگە جوولەکانەی ڤڕکراون، یادەوەریی هاوکارانی گەلی جوولەکە لە خەڵکانی غەیرە جوولەکەو لە پرۆسەی هۆڵۆکۆستدا ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوەو رزگاریان کردوون.

ساڵی ٢٠٠٥ ئەم دامەزراوەیە نوێکراوەتەوەو ١٠ هۆڵی تایبەتی دروستکراوە کە هەریەکەیان تەرخانە بۆ بەشێکی هۆڵۆکۆستو لە کاتی کردنەوەیدا ٤٠ سەرۆکی دەوڵەتو ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدارییان تێدا کردووە.

دامەزراوەکە بایەخێکی زۆر گەورەی داوە بە پرۆگرامی خوێندنی هۆڵۆکۆستو خوێندنگەکەی تاکە لە جیهاندا، کە ١٧ هۆڵی موحازەراتی تێدایەو ١٠٠ مامۆستای پسپۆڕی ئەم بوارە دەرسی تێدا دەڵێنەوەو ساڵانە لە خولەکانی ئەم خوێندنگەیەدا زیاد لە ١٨٧ هەزار خوێندکاری مەکتەبو زانکۆکان بەشدار دەبن، بێجگە لە ٥٠ هەزار سەربازو هەزاران مامۆستاو پەروەردەکار لە ئیسرائیلو تێکڕای وڵاتانی جیهانەوەو بە هەشت زمان جگە لە عیبری دەرسی تێدا دەخوێنرێتو بێجگە لەوەش مامۆستایانی پسپۆڕی ئەم خوێندنگایە دەنێردرێنە دەرەوە، بۆئەوەی موحازەرات بڵێنەوە بەو کۆمەڵگە جوولەکانەی نیشتەجێی ئەو وڵاتانەن، هەروەها تیمێکی پسپۆڕانی خوێندنگەکە بەردەوام پەرە بە پرۆگرامی پەروەردەو خوێندنی هۆڵۆکۆست دەدەن بۆ قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە، لەم دامەزراوەیەدا ناوی سێ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار قوربانی پارێزراوە، لەگەڵ ١٣٠ ملیۆن لاپەڕەی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە هۆڵۆکۆستو زیاد لە ٣٨٥ هەزار وێنەو دوو ملیۆنو ١٠٠ هەزار لاپەڕەی شایەتیی دەربازبووانی شایەتحاڵی هۆڵۆکۆست کە دەکاتە ١٠١ هەزار کاسێتی ڤیدیۆو دەنگ.

هەروەها لێرەوە رێزلێنانی تایبەت دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی لە کاتی هۆڵۆکۆستدا ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوەو جوولەکەیان رزگار کردووەو تا ئێستا ژمارەیان نزیکەی ٢٥ هەزار کەسەو لە یاد ڤاشیمدا باخچەیەکیان بۆ تەرخانکراوەو هەریەکەیان دارێک دەنێژێو بە ناویەوە دەمێنێتەوە، بێجگە لە پێدانی کۆمەڵێک مافو ئیمتیازو ئەگەر خۆشیان نەمابن بە نەوەکانیان دەدرێتو ئەگەریش بیانەوێت، لەو وڵاتە شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین دەکرێت.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢) کەمپی ئاوشڤیتز: کەمپی کۆکردنەوەو لەناوبردنی قوربانیانی هۆڵۆکۆست یەکێکە لە گەورەترین کەمپی نازییەکان بۆ قڕکردنی جوولەکەو قوربانیانی ترو دەکەوێتە نزیک شاری کراکۆڤ لە باشووری پۆڵەنداو بەدناوترینی ئەو ٤٧ کەمپە سەرەکییەی نازییەکانی ئەڵمانیایە بۆ ئەنجامدانی جینۆساید. من لە مارتی ٢٠١٥ دا، لەگەڵ هاوڕێیەکم ماوەی دوو ڕۆژی سەرومڕو بە هاوڕێیەتی ڕێنومای پسپۆر سەردانی ئەم کەمپەمان کردووەو بە وردی سەرجەم بەشو هۆڵەکانیمان بەسەر کردۆتەوە، کە ئەمڕۆ پێمـوایە گەورەترین مۆزەخانەی یادەوەریی هۆڵۆکۆستە لە جیهانداو ڕووبەری ٢٠٠ هێکتار زەوی دەگرێتەوەو بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی، ئاوشڤیتز یەک و ئاوشڤیتز ـ بیرکێناو دوو. ئێمە لەو دوو ڕۆژەدا (٦ و ٧ی مارتی ٢٠١٥) لەگەڵ سەدان کەسدا بە گروپو لەگەڵ ڕێنومادا سەردانی مۆزەخانەو ئاسەواری ئەشکەنجەو لەناوبردنی قوربانییانمان کردو لەبەرئەوەی میوانی تایبەتی ئەو شوێنە بووین، بە هەردووکمان ڕێنومایەکیان تەرخان کردبوو، کە خانم دۆرۆسی جێگری دکتۆر پیۆتری سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی ئاوشڤیتز بوو. ئەم خانمە پۆڵۆنی بوو و دوو خاڵۆشی کە لە پارتیزانەکانی بەرگریی پۆڵۆنیادا خەباتیان لە دژی نازییەکان کردووە، لەوێ ئیعدام کرابوونو ١٨٦ هەزار پۆڵۆنی لێرە لەناوبران.

ئێمە پاش نۆرە گرتنێکی دوورو درێژ لە دەروازەی سەرەکیی کەمپە مۆزەخانەی ئاوشڤیتز یەک ئاودیو بووین بە ژێر ئەو کەوانە گەورەیەدا تێپەڕین کە بە ئەڵمانی لێی نوسرابوو (Arbeit Macht Frie)، واتە بە کارکردن خۆت ڕزگار دەکەیتو ئەمە دروشمی نازییەکان بوو، کە زۆربەی قوربانییان بە کارکردنی بەردەوام دەپساندو زۆریکیان لە ژێر باری کاری قورسو تاقەت پرووکێنداو بە برسێتیو تینوێتیو نەخۆشی گیانیان دەسپاردو ئەوانەشیان کە بەخۆوە بوونو بەرگریی ئەو بارە سەختو نالەبارەیان دەکرد، لە دواییدا دەیانکوشتنو لە کوورەو ژووری گازدا دەیانسووتاندنو دەیانکردن بە خۆڵەمێشو منداڵەکان هەر زوو دەمردنو بەرگەی ئەو ژینگە سەختەی زیندانیان نەدەگرت.

لە ئاوشڤیتز یەک-دا زیاد لە ٢٠ هۆڵ یان قاوشی گەورە مابوونەوەو کرابوون بە مۆزەخانەو کەرەستەو پاشماوەیەکی زۆر کە لە قوربانیان بەجێمابوون، چەشنی کاسەو کەوچک، ئامێری مۆسیقا، کەرەستەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی وەک تاقمی تەراشو شانەو ئاوێنەو پێڵاوی گەورەو منداڵو جلوبەرگو جانتای سەفەرو جزدانو خشڵو کەرەستەی ئارایشتو قوتووی بۆیاخی پێڵاو، فلچەو قەڵەمو وێنەو نیگاری دەستکردی قوربانیانو کەرەستەی چنینو دەرزیو درومانو هەر شتێک کە لە ژیانی زینداندا بەکاریانهێنابوو لە هۆڵەکاندا بە شێوەیەکی زانستی ڕێکخرابوونو بە بایەخێکی سەیرەوە پارێزگاری لێدەکرا.

لێرە زیندانییەکی زۆری جوولەکەو قوربانیانی تر هونەرمەندو موزیکژەنو نیگارکێشو نووسەری ناوداریان تێدابووە، کە لە تاڵترین بارودۆخی زینداندا لە چالاکیی ئەو بوارانە نەکەوتوونو نازییەکان بەکاریانهێناون بۆ ئاهەنگی موزیک سازدان، بۆ ئەو بەندییانەی ڕۆژانە بردوویانن بۆ ئیشی قورسو ئێوارە کە گەڕاونەتەوە ئاهەنگیان بۆ سازداون. هۆڵەکان تەواوی چیرۆکی ئەوانە دەگێڕنەوە کە لێرە بەندیان کردوونو پاشان لە ژێر باری قورسی ئیشداو یان بە برسێتیو نەخۆشی مردوون. هەر قاوشێک نزیکەی ٥٠٠ کەسی گرتووە، بەڵام زیاد لە هەزار زیندانی تێکراوەو لە ماوەی پێنج ساڵی ئەو کەمپەدا کە لە ساڵی ١٩٤٠ ـ ١٩٤٥ی خایاندووە، ملیۆنان کەسی تێدا بەندکراوەو پاشان لێرەوە گوێزراونەتەوە بۆ کەمپە بەندینخانەکانی تر، یان هەر لێرە کوژراونو پاشان لە کوورەی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سووتاندندا سووتێنراونو کراون بە خۆڵەمێشو دراوە بە دەم ئاوی رووبارێکی نزیک لە کەمپەکەوە. ئەوەی کە زۆر سەرنجی ئێمەی راکێشا، هۆڵێکی پڕ لە قژە سەرو پەلکی ژنان بوو، کە نزیکەی دوو تۆن بوو لە هەموو رەنگێکو رێنوماکەمان پێیوتین ئەمە تەنها نموونەیەکە لە سەدان تۆن تووکەسەری قوربانیان لە پێش کوشتنو سووتاندنیان سەریان تاشیونو ئەم قژو تووکانە نێردراون بۆ کارگەی تایبەتی رستنو چنینو لەوێ کراون بە رایەخو بەتانیو دابەشکراوە بەسەر کەمپە بەندیخانەکانی کۆکردنەوەو قڕکردندا.
هەموو ئەم کەرەستە بەجێماوانەی قوربانیان لە کەوچکە چاو پیاڵەو دەرزییەکەوە بگرە تا جانتاو قژە سەرو دەست و قاچی دەستکردو تاقمی ددانو چاویلکە، دەیانو سەدان شتی تر هەموو لە ژێر پلەیەکی گەرمای دیاریکراودا پارێزراونو تەنانەت ئەو حاڵەتەش رەچاوکراوە کە ئەگەر ئاگرێک کەوتەوە لە بینایەکیان، دەستبەجێ کۆنترۆڵی ئۆتۆماتیکی بکرێتو نەهێڵن کەرەستە بە نرخەکانیان لەناوبچێت.

ئەڵبەتە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەمە هێشتا بەشێکی کەمی ئەو کەرەستانەیە کە نازییەکان پاش داخستنی کەمپەکەو هەڵاتنیان، ساڵی ١٩٤٥ لەبەر پێشڕەویی هێزەکانی سۆڤیێتو هاوپەیمانانو بۆردمانی خەستی کەمپەکە، هەرچییان پێکرا لە بەڵگەنامەو کەرەستە سووتاندیانو وێرانیان کرد، بۆئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمنەکانیانو ئەو زیندانیانەش کە تا ئەو کاتە نەکوژرابوون، گواستنیانەوە بۆ شوێنی ترو لەوێ لەناوبرانو بەشێکی کەمیشیان دەربازبوون.

یەک لە ئاسەوارە سامناکەکانی ئاوشڤیتز یەک کە سەردانمان کرد، کوورەی سووتاندن بوو کە نیوەی لە ژێر زەویدا بوو، لێرە پۆل پۆل زیندانەکانیان رووت دەکردەوەو سەریان دەتاشین، گوایە دەیانێرنە ژوورەوە بۆ حەمام کردن، بەڵام لە دووشەکانی بنمیچی هۆڵەکەوە گازی (زیکلۆن بی Zyklon B) یان بەسەریاندا دەڕژاندنو پاشان بە مردوویی یان بێهۆشی بە پۆلێکی تر بەندییەکان دەیانکردنە کوورەی سووتاندنەکەداو دەبوون بە خۆڵەمێشو دواتر ئەوانیشیان بە پۆلێکی تری قوربانی بەهەمان دەرد دەبردو وەک باسیان دەکرد، ناڵەو نرکەی قوربانیان لەو کاتەدا دەگەیشتە بەرگوێی تەواوی بەندییەکانی کەمپەکە.

ئێمە لەبەر دەرکی کوورەکەدا چاومان چەقییە سەر کۆڵەکەی سێدارەیەکو رێنوماکەمان وتی ئەمە کۆڵەکەی لە سێدارەدانی رۆدۆڵف هیوسە، کە ماوەی چەند ساڵ فەرماندەی بەرپرسی کەمپەکە بووەو سەرپەرشتیی ئەم ئۆپەراسیۆنی سووتاندنەی کردووەو لە ساڵی ١٩٤٧ دا پاش دادگایی کردنی لێرەدا هەڵواسراوە، وەک هێمایەک بۆ فەرامۆش نەکردنی سزای شایستەی تاوانبارانو ئاسوودە کردنی گیانی قوربانیانو کەسوکاریان.

مەودای دووریی نێوان کەمپی ئاوشڤیتز یەکو ئاوشڤیتز دوو . بیرکێناو، نزیکەی دوو سێ کیلۆمەترێکەو ئێمەیان بە پاسی تایبەتی دەزگاکە بردو لەوێ تەماشامان کرد تا چاو بڕ بکات هۆڵی دارینە یان پاشماوەی رووخاوی ئەو هۆڵو قاوشە زۆرو زەبەندانەیە کە بە هەزاران خەڵکی دەستبەسەری جوولەکەو غەیرە جوولەکەیان لە پۆڵەنداو ئەڵمانیاو هەنگاریاو وڵاتانی تری ژێردەستی نازییەکان بە شەمەندەفەر بۆ هێنراوەو لە خراپترین دۆخی نامرۆڤانەدا لێرە بەندکراون. هێڵی ئاسن تا ناوەڕاستی کەمپەکەو بەردەرکی چوار کوورەی سووتاندنی گەورە هاتبوو، کەوا زۆربەی قوربانیان لەم چوار کوورەیەدا بە درێژایی پێنج ساڵی بەردەوامی ئەو کەمپە پۆل پۆل بە گازی ژەهراوی خنکێنراونو پاشان لە کوورەکاندا سووتێنراونو کراون بە خۆڵەمێشو دراون بە دەم ئاوەوە. لێرەدا حەز دەکەم

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نموونەیەکی سامناکیی ئەم کەمپە لە کتێبێکی دکتۆر پێوتری بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاوشڤیتز بگوێزمەوە، کە ئاماژە بەوە دەکات کە لە راپۆرتێکی رۆژی ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٤٣دا، بیشۆفی سەرۆکی بیرۆی بیناسازی ئاشڤیتزدا هاتووە کەوا توانای هەر پێنج کوورەکەی ئاوشڤیتز یەکو ئاوشڤیتز بیرکێناو سووتاندنی چوار هەزارو ٧٦٥ تەرمە لە رۆژێکداو بەردەوامیش ماوەی پێنج ساڵ ئەم کوورانە لەکاردا بوون. ئەڵبەتە هەر چوار کوورەکەی بیرکێناو لە ئەنجامی بۆردمانی فرۆکەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤٥ رووخابوون‌و بووبوون بە کەلاوەو هەر بەو شێوەیەش هێشتوویانەتەوە، بەڵام تاقە کوورەکەی ئاوشڤیتز یەک نەڕووخابوو و وەک خۆی مابووەوە.

تێکڕا لە هەردوو ئاوشڤیتزدا ژمارەی قوربانیانی کوژراوو سووتێنراو بە ملیۆنێک و ١٠٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت‌و ملیۆنێکیان جوولەکە بوون، بەڵام هەر کەسێک سامناکیی ئەو کەمپە ببینێت، هەمیشە بیری بەلای ئەوەدا دەچێت کە ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، چونکە هەندێک خەمڵ‌و بۆچوون بە زیاد لە دوو ملیۆن لە قەڵەم دەدا، ئەم دەزگا گەورەیە ئێستا ١٥٠ بینای تێدایە لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ کەلاوەو پاشماوەی بینای کەمپەکە بە کەلاوەی چوار بینای ژووری گازو سووتاندن لە ئاوشڤیتز بیرکێناو، بەڵام بینای کوورەکەی ئاوشڤیتز یەک وەک خۆی ماوەتەوە، لەگەڵ ١٣ کیلۆمەتر پەرژینی درکاوی کە لە کاتی خۆیدا کارەبای هایتێنشنی لەسەر بووەو هیچ بەندییەک نەیتوانیوە لێی نزیک ببێتەوە بە مەبەستی هەڵاتن، مەگەر خۆی پێ کوشتبێت، کە ئەو حاڵەتانە زۆربوون. لەم شوێنەدا هەموو شتێک وەک یادەوەری لە شوێنی خۆیدا هێڵراوەتەوەو کەرەستەکانیشی لە هۆڵەکاندا وەک خۆیان پارێزراون‌و ئەوانەی لە دەست فەوتاندنی نازییەکان دەربازبوون ئەمانەن:

- ١١٠ هەزار پێڵاوی گەورەو بچووک.
- سێ هەزارو ٨٠٠ جانتا کە دوو هەزارو سەد جانتایان ناوو ناونیشانی خاوەنەکانیانی لەسەرە.
- زیاد لە ١٢ هەزار مەنجەڵ‌و قابلەمەو تاوە.
- نزیکەی ٤٧٠ ئامێری جەڕو مەنگەنە.
- ٣٧٩ پۆشاکی خەتخەتی زیندانیان.
- چوار هەزارو ٥٠٠ شمەکی کاری دەستی
- سەدان‌و بگرە هەزاران دەستو قاچی دەستکرد.
- سەدان‌و بگرە هەزاران عەینەکو قەڵەمو فڵچەی ددان‌و تاقم تەراش‌و .. تاد.
- نزیکەی دوو تۆن (هەزارو ٩٥٠ کیلۆ) قژە سەرو پەلکی ژنان.

هەروەها لە ئەرشیفدا بە هەزاران کەرەستەی کۆکراوە پۆلێن کراون:

- نزیکەی ٣٩ هەزار نێگەتیڤی وێنەی بەندییە تازە گەیشتووەکان (عەکس).
- کۆپی نزیکەی ٢٠٠ فۆتۆ کە لەلایەن گێستابۆوە گیراوە لە کاتی راگواستنی جوولەکەکانی هەنگاریادا ساڵی ١٩٤٤ کە ژمارەیان ٤٠٠ هەزار بووە.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ـ ئەو وێنـانەی بە نایاسـایی گیـراون کە بە هەزارانـن، بێجگە لە دوو هەزارو ٥٠٠ وێـنەی خێزانـی کە راگـوێزراوانو لەگەڵ خۆیانـدا هێناویانە.

ـ ٤٨ بەرگ کە تێکڕا بڕوانامەی مردنی نزیکەی ٧٠ هەزار بەندییە، کە لە کەمپی ئاوشڤیتزدا مردوون.

ـ ٢٤٨ بەرگی تۆماری ئۆفیسی بیناسازیو پۆلیسی کەمپەکە.

ـ ٦٤ بەرگ بەڵگەنامەی گێستابۆ ئێس ئێس.

ـ ١٦ فایلی شەخسی لەسەر بەندییەکان.

ـ ١٢ هەزار نامەو پۆستکارد کە بە ڕێگەی پۆستە لەلایەن بەندییەکانەوە رەوانە کراوە.

ـ نزیکەی ٨٠٠ هەزار تۆمارو بەڵگە لەسەر مایکرۆفیلم لەسەر کاروباری کەمپەکە.

ـ زیاد لە دوو هەزار تۆمارو بیرەوەری زیندانیانی دەربازبوو.

ـ زیاد لە ١٠٠ ڤیدیۆ کاسێت.

ـ ١٣٠ بەکرەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر جەنگو کەمپەکە.

ـ ١٦٦ بەرگ گێڕانەوەی بەندییە دەربازبووەکانی کەمپەکە، کە هی زیاد لە سێ هەزارو ٥٠٠ کەسەو تێکڕا زیاد لە ٣٠ هەزار لاپەڕەیە.

ـ ٢٨٠ بەرگ یاداشتی زیاد لە هەزارو ٤٠٠ گیراوی کەمپەکەیە، کە تێکڕا زیاد لە ٤٥ هەزار لاپەڕەیە.

ـ ٧٨ بەرگی بەڵگەنـامەی دادگـایی کردنی رۆدۆڵـف هیـوس فەرمانـدەی کەمپەکەو دەستەو تـاقمی پاسەوانی، کە تێکڕا زیـاد لە ١٦ هەزار لاپەڕەیە.

ـ ١٩٦ بەرگ یاداشتو خولیاو بۆچوونی بەندییە رزگاربووەکانە، کە پرسیارو وەڵامیان لەگەڵ سازکراوەو نزیکەی ٢٠ هەزار لاپەڕەیە.

ـ ٢٧ بەرگ راپرسییە کە دراوەتە بەندییە دەربازبووەکان پڕیبکەونەوەو نزیکەی هەشت هەزار لاپەڕەیە.

ـ حەوت بەرگ تۆماری گێڕانەوەی ئەو بەندییە رزگاربووانەیە لە کـاتی چۆڵکردنو راگواستنیان لە کەمپی ئاوشڤیتز سـاڵی ١٩٤٥، کە زیاد لە هەزار لاپەڕەیە.

بەپێی قسەی بەشی لێکۆڵینەوەی ئەم کەمپە، تا ئێستاش ساڵانە نزیکەی هەشت هەزار بەڵگەنامەیان دەست دەکەوێت لە رێگەی کڕینو بەخشینو پەیداکردنی ترەوە، لەبارەی ئەم کەمپەوەو بۆیە حاڵی حازر بووە بە مۆزەخانەو شوێنێکی یادەوەریی زۆر گەورە، وەک دێڤید کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە سەردانێکیدا بۆ ئەم کەمپە دەنووسێت «من ویستم بە چاوی خۆم ئەم شوێنە ببینم کە رەشترین لاپەڕەی مێژووی مرۆڤایەتی تێدا تۆمارکراوەو وشە ناتوانێت باس لەو سامناکییە بکـات کە لەم شوێنەدا روویـداوەو لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە نابێت هەرگیز لەبیری بکەیـن». لەخۆڕاییش نییە کە سـاڵانە سـەدان هەزار کەس سـەردانی دەکەن، بـۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ دا زیاد لە ملیۆنو نیوێک کەس لە جیهانەوە سەردانیان کردووە.

* ژمارەیەک مۆزەخـانەو کەمپی لەنـاوبردنی دیکەی جوولەکەو گەلانی تـر هەن، کە من سـەردانم کردوونو دەکرێ سوودێکی بـاشیان لێببینرێت بۆ دروستکردنی مۆزەخانەو مۆنۆمێنتو شوێنی یادەوەریی جینۆسایدی کورد، لەوانە:

ـ کەمپی کۆکردنەوەو بەندکردنو کوشتنی ساکسنهاوزن کە دەکەوێتە دووری ٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەڵاتی بەرلینەوەو نازییەکان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ساڵی ١٩٣٦ دا بۆ بەندکردن و لەناوبردنی نەیارە سیاسییەکانیان دروستیان کردبوو و پاشان جوولەکەو خەڵکی تریشیان تێبرد. ئەم کەمپە تا مایسی ساڵی ١٩٤٥، کە کۆتایی بە جەنگی جیهانی دووەمو نازییەکانی ئەڵمانیا هات، نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسی تێدا بەندکرابوو، کە بەشێکی زۆریان کوژرانو کران بە کوورەی گازدا. ئێستا ئەم کەمپە مۆزەخانەو شوێنی یادەوەرییەو ساڵانە دەیان هەزار کەس سەردانی دەکەنو لێرەش چەشنی ئاوشڤیتز، بەڵام لە ئاستێکی بچووکتردا، تاوانی هێجگار سامناکی تێدا ئەنجامدراوە لەلایەن نازییەکانەوە.

ـ مۆزەخانەو یادەوەریی قڕکردنی جوولەکە (هۆڵۆکۆست)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیاو لەسەر رووبەری ١٩ هەزار مەتر چوارگۆشە، دوو هەزارو ٧١١ پەیکەری لاکێشەیی کۆنکریت، کە لەسەر شێوەی گۆڕە، دروستکراوە بە قەبارەی گەورەو بچووک، وەک هێمایەک بۆ قوربانیانی جوولەکە لە هۆڵۆکۆستدا. بەشی زۆری ئەو گۆڕەپانە کە لە ژێر زەویدا کراوە بە مۆزەخانەیەکی گەورەو شایستە، بەو سەدان هەزار جوولەکەیەی لە ئەڵمانیاو وڵاتانی ئەورووپای ژێر دەستی ئەڵمانیای نازی راگوێزرابوون بۆ کەمپەکانی کۆکردنەوەو لەناوبردن. لێرە بە فیلمو وێنەو بەڵگەو بە چەندین زمانی دنیا کارەساتەکە بە بەرجەستەیی و بە چاوی خۆت دەبینی. ئەم یادەوەریو مۆزەخانەیە رۆژانە لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە کراوەیەو بەردەوام خەڵکێکی زۆر لە هەموو لایەکی دنیاوە سەردانی دەکەن.

ـ مۆزەخانەی مێژوویی جوولەکەکانی ئەڵمانیا لە بەرلین، ئەمیش بە هەمان شێوەی یادەوەریی مۆزەخانەکانی هۆڵۆکۆست لە جیهاندا مێژووی جوولەکەی ئەڵمانیا دەگێڕێتەوەو بەشی هەرە گەورەی تەرخان کراوە بۆ راگواستنو قەتڵوعامی جوولەکە لە هۆڵۆکۆستداو دیزاینو نەخشەسازیی پانۆرامای کارەساتەکە دەتباتەوە بۆ ئەو رۆژگارەی کە ئەو تاوانە سامناکانەی تێدا ئەنجامدراوە.

ـ مۆزەخانەی مێژوویی جوولەکەکانی ئەمستردام لە هۆڵەندا، بینایەکی چەند نهۆمییەو لە ساڵانی ١٦٠٠ کانەوە بە وێنەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتی جۆراوجۆرەوە مێژووی ژیانی کۆمەڵگەی جوولەکە دەگێڕێتەوە لەو شارەدا، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ـماڵی ئانا فرانکو خانەوادەکەی، کەوا لە هۆڵۆکۆستدا بوون بە قوربانی. ئانا فرانک کیژۆڵەیەکی جوولەکەی تەمەن ١٤ ـ ١٥ ساڵ بووە کە لە ترسی ئەڵمانە نازییەکان لەگەڵ خانەوادەکەی لەم ماڵەدا خۆیان شاردۆتەوەو رۆژانە یاداشتی بەسەرهاتی ئەم خۆحەشاردانە دەنووسێتەوەو نزیکەی چوار ساڵو نیو لەلایەن گێستاپۆی نازییەوە دەگیرێنو رەوانەی یەکێک لە کەمپەکانی کۆکردنەوەو لەناوبردنی هۆڵۆکۆست دەکرێنو لەوێ گیان لەدەستدەدەن، بەڵام باوکی بە هەر شێوەیەک بووە دەرباز دەبێتو ئەم یادەوەرییە رۆژانەی کچە منداڵەکەی لای خۆی دەپارێزێتو پاشان بڵاویدەکاتەوەو ئێستا بووە بە بەناوبانگترین کتێبی یادەوەریو وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

ئەم مۆزەخانە بچووکەی ئانا فرانکیش بووە بە شۆهرەتدارترین مۆزەخانەی یادەوەری لە دنیاداو ساڵانە هەزاران کەس لە هەموو سووچو قوژبنێکی جیهانەوە بۆی دێنو بەردەوام هەر چوار وەرزی ساڵ ریزێکی دوورو درێژی خەڵک نۆرەیان گرتووە بۆ سەردانی ئەم ماڵە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

من دەپرسم ئاخۆ ئێمە چەند ئانا فرانكمان هەبێت لە ئەنفال‌و جینۆسایدەكانی ترمانداو تا ئێستاش كەس هیچ باسیان لێوە ناكات!

ــ لە وڵاتی رواندا‌و لە شاری كیگالیی پایتەختی ئەو وڵاتە ئەفریقییەدا، كەنیسەیەكو قوتابخانەیەک كراون بە مۆزەخانەیەكی یادەوەریی جینۆسایدی گەلی تووتسی لەو وڵاتەداو تیایاندا هەزاران كاسەسەرو ئێسكو پروسكی قوربانیانیان پارێزراوە، كە لە ماوەی ١٠٠ رۆژی ساڵی ١٩٩٤ دا لەلایەن دەسەڵاتدارانی هۆتۆی ئەو وڵاتەوە كوژراون‌و لە پرۆسەیەكی جینۆسایدیی رق ئەستووردا نزیكەی ٨٠٠ هەزار بۆ ملیۆنێک كوژران‌و دەیان هەزار ژن ئەتک كران‌و زۆربەی قوربانیانی ئەو كەنیسەو مەكتەبەی خەڵكە تووتسییەكە پەنایان بۆ بردبوو، كە زیاد لە پێنج هەزار كەس دەبوون هەر بە زیندوویی ئاگریان تێبەردراو سووتێنران.

هەمان مۆزەخانەی كەللەسەر لە شاری فنۆم پنەی كەمبۆدیاش هەیە بۆ بەرزڕاگرتنی یادەوەریی جینۆسایدەكەی پۆڵ پۆت‌و خمێرە سوورەكان لەو وڵاتەدا، كە زیاد لە دوو ملیۆن كەس رەشەكوژ كران.

ــ لە شاری یەریڤان لە ئەرمینیا، لەسەر گردێكی بەرز مۆنۆمێنتێكی یادەوەری دروستكراوە بۆ بەرگریی قارەمانانەی فیداییەكانی ئەرمەن لەسەر چیای مووساداغ لە ناوچەی ئەسكەندەرونەی توركیا، لە كاتی جینۆساید كردنی ئەرمەنەكاندا توانییان بە گیانفیدایی پێشمەرگەكانی ئەرمەن‌و قوربانیدان بە ١٨ گەنجیان، گیانی چوار هەزارو ٢٠٠ كەس لە ژن‌و منداڵ‌و پیری ئەرمەن بپارێزن، تا هێزە دەریاییەكانی فەرەنسا پێیانگەیشتو رزگاری كردن، ئەوانە ماوەی ٥٣ رۆژ بەریان بە سوپای تورک گرتو ئەمڕۆ ئەو مۆنۆمێنتە مێژوویەكی پرشنگداری ئەرمەنەكان دەگێڕێتەوە، كە هەرگیز لە یادەوەریی نەوەكانیاندا كاڵ نابێتەوە.

تۆ بڵێی ئێمەش شتێک بكەین بۆ قوربانیان‌و گیانفیداكانی چیای شەنگال!

ــ نموونەیەكی تر لە پارێزگاری كردن لە یادەوەریی كارەساتە مێژووییەكانی میللەتان، ئەوی ستۆن ماونتێنە لە ویلایەتی جۆرجیای ئەمریكا، كە لە نزیک شاری ئەتلەنتای پایتەختی ئەو ویلایەتە چیایەكی بەردین هەڵكەوتووە لە شێوەی گردێكی خڕی زۆر زەبەلاحداو كاتی خۆی لە شەڕی ناوخۆی باكوور ــ باشووری ئەو وڵاتەدا (١٨٦١ ــ ١٨٦٥)، لەو شوێنەدا جەنگەكە بە شكستی باشوورییەكان كۆتایی هاتووەو جەنەراڵ لی Lee كە سەركردەی باشوورییەكان بووە شكستی هێناوەو خۆی رادەستی باكوورییەكان كردووەو سوپاكەی تێكەڵ كردوون، بەڵام لە جیاتی سزادانی كراوەتە سەركردە لە سوپای ئەمریكای یەكگرتووداو ئێستا رلیفێكی گەورە بۆ خۆی‌و هاوەڵەكانی لەو چیایەدا كراوەو دەوروبەری چیاكەش بووە بە ناوچەیەكی گەشتیاریی پڕ باخ‌و باخاتو پانۆرامایەكی شایستەی ئەو شەڕی ناوخۆیەی تێدا دروستكراوەو هۆڵی گەورەی سینەمای تێدایە، كە هەر نیو سەعات جارێک فیلمێک لەو بارەیەوە نمایش دەكرێتو مۆزەخانەیەكی مێژوویی بۆ بە زیندووڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ سازكراوەو خەڵكی زۆر سەردانی دەكات.

ــ لە شاری وینیپیگی كەنەدا دەزگاو مۆزەخانەیەكی گەورەی مافی مرۆڤ دروستكراوەو زۆربەی كەرەستەو دۆكیۆمێنتو بەڵگەی پێشێلكاریی مافی مرۆڤی تێدا پارێزراوە، كە لە جیهاندا بەرپا كراوە، بە هەندێک لە كەرەستەو بەڵگەی جینۆسادی كوردیشەوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵبژاردنی ئەم شوێنەش لەو وڵاتەدا بەو بۆنەیەوەیە کە لەم هەرێمەدا زۆرترینو دڵ رەقترین ستەمو پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دژ بە هیندییە سوورەکان ئەنجامدراوە لە مێژوودا، کەوا گەلی رەسەنی وڵاتەکە بوونو داگیرکەرە سپی پێستەکان بە درندانەترین شێوە قڕیان تێخستوون.

سەرچاوە:

ـ بەدواداچوونی مۆزەخانەو مۆنۆمێنتو دەزگاو دامەزراوەکانی جینۆسایدی میللەتان لە ژێدەرە جۆراوجۆرەکانی کتێبو گۆڤارو سایتەکانی ئینتەرنێتەوە.

ـ سەردانی زۆرێک لەو مۆزەخانەو دامەزراوانەی لەم باسەدا ناویان هاتووە

کورتەی ئەم باسە لە کۆنفرانسی جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە لە جەمجەماڵ رۆژی ٤ / ٤ / ٢٠١٦ پێشکەش کرا ،کە رێکخراوی دۆز بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەستی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێر و کوردۆساید / رێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٦




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قۆناغەكانی جینۆساید (Stages of genocide)

د.ناجح گوڵپی

شارەزایان و پسپۆڕانی بواری جینۆساید قۆناغەكانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید به دە قۆناخ دیاری كردوە ،دەكرێ هەست به ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بكرێ لەكات وشوێنی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ڕوودانی قۆناغەكان حەتمی بێت، و دەكرێ ڕێ وشووێنی پێوست بگیرێتە بەر بۆ پوچەڵ كردنەوەی هەر قۆناغێك ، مەرج نیە تاوانەكە بەشێوەی هێڵی ڕاست و ڕەوان ڕوو بدات، بەلام قۆناخەكان بەدوای یەكدا دێن :



١- پۆلێن كردن (التصنیف) Classification
٢- نیشان كردن (الترمیز،التآشیر ) symbolization
٣- جیاكاری ( التمییز) Discrimination
٤- داماڵین له مرۆڤایەتی (التجرید من الانسانیه ) Dehumanization
٥- ڕێكخستن (التنظیم ) Organization
٦- دورخستنەوە ( التباعد ) Polarization
٧- ئامادەكاری (التحضیر ) preparation
٨- سەركوت كردن (الاظطهاد ) Persecution
٩- لەناو بردن ( الافناء ،الاباده ) Extermination
١٠- نكۆڵی كردن (الانكار) Denial

### یەكەم / پۆلێن كردن( التصنیف) Classification

ڕۆشنبیری كۆمەڵگا وا هاتوە كە جیاوازی لەنێوان پێكهاتەكانیدا بكات لەسەر بناغەی ( " ئێمە " و " ئەوان" ) له سەرئاستی, نەتەوە، ئاین، ڕەگەز...هتد، له كۆمەڵگا داخراوەكاندا ئەنجامدانی تاونی جینۆساید ئاسانترە بەتایبەت كاتێ پێكهاتەی كۆمەڵگاكە فرە ڕەنگ بێ لەڕووی زمان، ئاین،ڕەگەز،هاوكات ئەگەر كێشەو ململانی هەبێت لەم كۆمەڵگایەدا،پسپۆڕانی دەرونزانی تاوان دەلێن ئەمە یەكەم قۆناخی دەس پێكی جینۆسایدە، نمونەمان زۆرە بۆ ئەم پۆلێن كردنە وەك (ئەڵمانیا و جولەكە. هۆزەكانی ڕواندا، توتسی و هوتۆ ،كورد و عەرەب لەعیراق و كوردو فارس، كورد و تورك....هتد) ئەمە لەكاتیكدایە كە نەتەوەی سەر دەست

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆی بە بالاتر دەزانێ و ئەوانی تر دەچەوسێنێتەوە، یان ئاینی بالا دەس هەوڵی سڕینەوەی ئاینی کەمینە دەدات ،یان هۆزێک خۆی بەبالاترو جوانتر دەزانێ ئەوی تر دەچەوسێنێتەوە وەک ڕواندا.

دەکرێ ئەم هەولانەی جینۆساید لەم قۆناغەدا بوستێنرێ ئەویش بە هاوکاری لەنێوان هەردو گەل یان هەردو لایەنی ناکۆکی ناو کۆمەڵگاکە، هاوکات ڕۆڵی دەزگا جیهانیەکان کە هەوڵی بڵاو کرنەوەی ڕۆشنبیری پێکەوە ژیان و پشتگوێ خستنی خاڵە ناکۆکەکان و کار کردن لە سەر خاڵی هاوبەشی ژیان وپێشکەوتنی کۆمەڵگا و لەبەرچاوگرتنی پەرژەوەندی نیشتمانی هاوبەش، دروست کردنی زمانی هاوبەش، تا ڕێگە لە تاوانکاران بگرێت و ئامانجەکەیان نەیەتە دی.

نمونە لەسە پۆلێن کردن و یەکەم هەنگاو بۆ جینۆسایدی کورد لەعیراقدا، لەدوای هاتنە سەر دەسەلاتی حزبی بەعس لە ساڵی ١٧ / ٧ / ١٩٦٨ دا کۆمەلێ کردەوە و هەڵسوکەتی ئەنجام داوە کە گرنگی بە نەتەوەی عەرەب داوە کوردی پشتگوێ خستوە، نەک هەر عەرەب، بەڵکو لەناو عەرەبەکانیشدا گرنگی بە ئەندامانی هۆزەکەی و خزمەکانی خۆی داوە ،لەگەڵ هاوشاریەکانی تکریت ،ئینجا موسڵ و ڕومادی و دیالا کە سوننە مەزهەب بوون، دواتر گرنگی بەشیعە بەعسیەکان، پاشان تەعریب کردنی ناوچە سنوریە کوردیەکان لەگەڵ عەرەب وەک ( شەنگال، دەشتی موسڵ، کەرکوک، خانەقی، بەدرەو جەسان...هتد).

گومان خستنە سەر کوردە فەیلیەکان کە ئەمانە بەرەگەز ئێرانین، هەروەها لە دوای هەرەسی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ پلانی ڕاگواستنی گوندە سنوریەکان و کۆکردنەوەیان لە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکاندا،،نمونیەکی زەقی پۆلێن کردنە.

## دووەم/ نیشان کردن (الترميز،التآشیر) : Symbolization

واتە نیشان کردنی ئەوانەی کە پۆلێن کراوان ، ناویان لێ دەنرێ وەک ( یەهود،قەرەج،پۆلۆنیەکان، هوتو، کورد، موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی ...هتد) یان بەهۆی ڕەنگ و جلو بەرگ جیا دەکرێنەوە ،ئینجا ئەندامانی بە ئامانج گیراو نیشانە دەکرێن ڕەمزێکیان لەسەر دائەنێن بۆ نمونە ئەڵمانیای نازی ئەستێرەیەکی زەردی لەسەر شانی یەهودەیەکان دائەنا،هەروەها لەکەمبۆدیا (خەمیری سور) ملپێچی شینیان دەکردە مل قوربانیەکان تاکو بەجوانی بناسرێنەوە ( پۆلین کردن و نیشان کردن بەتەنیا نابنە هۆکاری تاوانی جینۆساید، جونکە ئەم دوو کردوەیە لەجیهاندا باوەو دەکرێ بۆ زیندانیان، تەنها لەکاتێکدا دەبێتە تاوانی جینۆساید کە قۆناخی داماڵین لە مرۆڤایەتی لەگەڵدا بێت ).

دانانی نیشانە لەسەر ئەو ئەو کۆمەلە خەڵکە بەمانای ڕق لێ بونەوە وریسوا کردن و سوک کردنیانە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە هەردو قۆناخی پۆلێن و نیشان کردن زۆر سامناکە جونکە مرۆڤەکان جیا دەکرێنەوە لە کۆمەڵگا ،مافەکانی هاولاتی بونیان لێ وەر دەگیرێتەوە، تاکو ئامادەیان بکەن بۆ قۆناخی دواتر ،ئەویش لە مرۆڤایەتی خستنیانە.

دەکرێ دانانی نیشانەی ڕق لێ بونەوە هەڵبگیرێ ئەویش بە دانانی یاسای تایبەت بۆ قەدەغە کردنی بەکار هێنانی نیشانە لەسەر

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زیندانیان یان گیراوان لەو ولاتەدا، هاوکات وتارو قسەی ئاگرین کە هانی سوکایەتی کردن ئەدات قەدەغە بکرێ، لەگەڵ لەبەر کردنی جل و بەرگی تایبەت وەک جلو بەرگی یاخی بوان .... ئەمانە هەموو کە باس کران پوچەڵ دەبنەوە ئەگەر هەڵمەتێکی رۆشنبیری پشتیوانی نەکات.

نمونە لەسەر نیشان کردن ،دوای راگواستنی گوندە سنوریەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێ کان بوو، ئۆردوگاکان بە سەربازگە( رببیئە) دەور پێچ و کۆنترۆڵ کرابوون، کەس مافی چونەدەروەی نەبوو بۆ دەشتو دەر، دەروەی ئۆردوگاکان هەمووی ناوچەی قەدەغەکراو بوو ، بە یاسای سەربازی هەرکەسێ لەوێ ببینرایە دەکوژرا بێ دادگایی کردن، سەرانی رژێم سەرژمێری تەوای خیزانەکانی ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانی کردبوو بەتەوای زانیاری هەواڵگریەوە، تا ئامادە بن بۆ قۆناخی دواتر( خۆم چاک لەبیرمە لە ئۆردوگای زۆرە ملێی خورمال لەلایەن ئیستخباراتی سەربازگەی دەلێن سەر ژمێری هەموو دانیشتوانی ئۆردوگاکە کرا لەسالی ١٩٧٨ دا ) ئەوە بێجگە لە ووشکردنی هەموو باخ و رەزو کێڵگە بەپیتەکانی ئەو دەڤەرە سنوریانە، تێکچونی ژیان و گوزەران بەگشتی تا خەڵکەکە لەروی ئابوری و خۆ بژێویەوە نەتوانن هیچ بکەن و ببن بە کۆیلەی بن دەستی دەسەلات.

## سێیەم/ جیاکاری ( التمییز ): Discrimination

قۆناخی جیاکاری بەواتای ئەوەیە کە کۆمەڵێ بەتواناترن لە دەسەلاتی حوکمڕانی دا خۆیان دەسەپێنن بەهۆی دەرکردنی یاساو رێسا لەپەرژەوەندی خۆیان و زەوت کردنی مافی کەمینە لاوازەکانی تر، بەو جۆرە هەموو کایەکانی تری ژیان لەرووی ئابوری و بازرگانی ورۆشنبیریەوە قۆرخ دەکەن و لاوازەکان دەچەوسێننەوە ( ئێمە بەهێزین، ئەوان لاوازن )، یان ئایدۆلۆجیایەک بەهێزتر دەبێت و ئەوانی تر دەسڕێتەوە، نمونە ی جیاکاری ،هەڵسوکەوتی نازیەکان لەگەڵ یەهودیەکانی ئەڵمانیا و لێ سەندنەوەی رەگەزنامە بەپێ یسای نورمبۆرغ ساڵی ١٩٣٥ دەریان چواند ، هەروەها بێ بەشکردنی یەهودیەکان لە دامەزراند لە فەرمانگەکانی حکومەت،زانکۆکان ،چالاکی ئابوری و بازرگانی..هتد.

بۆ نەهێشتنی جیاکاری، دەبێت هەلو مەرجی لەبار برەخسێ تا هەموولایەن و ئەندامانی کۆمەڵگە بەشداری کاریگەر بکەن لە ژیانی سیاسی و بەجێ هێنانی ماف و ئەرکەکانیان، و بەیاسا جیاکاری بن بڕ بکرێ لەسەر ئاستی رەگەز،نەتەوە،ئاین، وە تاک مافی ئەوەی هەبێ کە سکالا تۆمار بکات لەکاتی پێشێلکرنی مافەکانیدا لەلایەن دەولەت ودەزگاکانیەوە.

نمونە: بێ بەش کردنی ناسنامە لە کەمینەی موسڵمان رۆهینگیا لە بۆرما، بێ بەش کردنی نەتەوەی کورد لە سوریا لە ناسنامە ورەگەزنامە ی ولاتەکەیان لەلایەن رژێمی دەسەلات بەدەستەوە، بێ بەش کردنی کوردی فەیلی لە ناسنامەو رەگەزنامەی لەلایەن رژێمی بەعسی سەدامەوە.

## چوارەم/ داماڵین لە مرۆڤایەتی (التجرید من الانسانیه ): Dehumanization

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تاوانبارن یان هاندەرانی جینۆساید لەهەوڵی بەردەوامدان تاکو سیستەمێکی فکری گونجاو دروست بکەن بۆ لایەنگرانی خۆیان و هەندێ توێژی تری کۆمەڵگا ،وا رابگەیەنن که "ئەوان" واته (دەسگیرکراوان یان ئەوانەی له کۆمەڵگا زۆرەملێکاندان ،یان له شوێنێکی دیاری کراودان) خەڵکانێکی پیس و دواکەوتوو هاولاتی پله دوو یان سێ ن، ئێمەش خەڵکانێکی باش و خاوەن پیاوەتی و سیفاتی باشین خوا هەڵی بژاردوین که سەردەس و حوکم ران بین بەم شێوه تاوانباران له رێگەی راگەیاندنەکانیانەوە هەڵمەتێکی راگەیاندنی چرو پڕ دەس پێ دەکەن بۆ سوک و ریسواکدنی خەڵکانی به ئامانج کراو، بۆ نمونه وەسفیان دەکەن وەک ئاژەڵ ، مێروو، نەخۆشی ،بەکرێ گیراو،خۆ فرۆش،،،هتد ، لەکۆتایدا وای لێ دێت و دەڵێن "ئێمە" باشترین له " ئەوان" بەهۆی ناولێنان و داماڵێنی سیفاتی مرۆڤ بوون له ئەوان .

تاوانباران هەردەم تێکۆشاون تاکو بتوانن دیوارێکی وەهمی لەنێوان خۆیان و بەئامانج کراوەکاندا دروست بکەن و وەک پیسو پۆخڵی کۆمەڵگا سەیر بکرێن و شایەنی ژیان نەبن و پێوسته لەناو ببرێن .

خەڵکانی به ئامانج کراو لەم قۆناغەدا هیچ هێزێکیان نیه تا ئەو هەڵمەته پوچەڵ بکەنەوە که دەکرێته سەریان،چونکه دەسەلاتی بالا هەموو یاساکانی له پەرژەوەندی خۆی دارشتوە، بۆیه ئەم جۆره تاوانانه له ولاتانی داخراو دژه دیموکراتیدا بەئاسانی دەبرێته رێوە.

هەوڵەکان بۆ وەستاندنی ئەم قۆناغه پێوسته سەرکرده مرۆڤ دۆستەکانی ناوخۆ و جیهانی بێنه دەنگ لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان،نەتەوە یەکگرتوەکان و ئیدانەی کردوەی ئەوانه بکەن که بوغزو قین و دوبەرەکی بلاو دەکەنەوە ، هەروەها رێگا بگیرێ له سەرکردەکانی هاندەری تاوان ئەویش به بلۆک کردنی پارە وسامانەکانیان له بانکه جیهانیەکان دا، هاتوچۆیان لێ قەدەغه بکرێت و راگەیاندنەکانی هاندەری تاوان دابخرێن، سزای تاوانباران بدرێ.

نمونه بۆ ئەم قۆناغەی جینۆساید که رژێمی بەعس دژی کورد بەکاری هێناوە ئەمانه بون وەک( مخەربیین،خائین،عصاة ، جیب العمیل) موخەریب واته تێک دەر ،عصاة واته یاخی بوو، به پێشمەرگه گیان فیداکانی کوردستانی دەوت، تا لەبیرو مێشکی خەڵکی عەرەب و جیهان بگەیەنی ئەمانه تێکدەرن، خائین و ناپاکان بەفیتی بێگانه دەیانەوێ عیراق تێک بدەن، جیب العمیل واته بەکری گیراوی بێگانەن، چەندین قسەی سوک ی تر که سەرکردەکانی بەعس دەیانخسته پاڵ کوردو شورشەکە، وەک( ئەوانه مرۆڤ نین، کەرن، وەک بزن لەشاخەکانن، هەموویان بکوژن، شەرواڵی کوردی له ریشەوە دەسرمەوە، ئەگەر دارخورما لەسەری من روا ئەوا شووڕشی کورد ئەژیێتەوە، کورد جنۆکەیه ).

زۆر باش له بیرمه که حزبی بەعس وای له خەڵکی باشور و ناوەراستی عیراق گەیاندبوو هەرکەس بچێته سلێمانی مخەربیین یان کورد سەری دەبرن، ئەمەش ئامانجی خۆی هەبوو تا کورد وەک ئاژەڵێکی درنده بناسێنن و هەڵسوکەوتیان له مرۆڤ ناچێت هەر عەربێک ببینن یەکسەر دەی کوژن.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فەرمانی دروست کردنی ناوچەی قەدەغەکراو ( مناطق محرمه ) بەفەرمانی راستەوخۆی سەدام و عەلی کیمیایی ، یەکێکی تره له مرۆڤ خستنی کوردەکانی ئەو ناوچانە،دەورپێچ کردنیان، ئابلۆقەی ئابوری ،لێدانیان به تۆپ و فرۆکه،بەبیانوی ئەوەی ئەمانه له و ناوچانەدا بەکرێ گیراون و یارمەتی وکۆمەکی خائینان دەکەن.

لەئێستادا دەبینین دەولەتی تورک به شوورش گێرانی کوردی باکور دەلێ تیرۆریست ، و هەموو هەولەکانیشی خستۆته گەر تا لەهەموو جیهان بگەیەنێ که ئەمانه تیرۆریستن و تا ئێستاش بۆی چۆته سەرو بەردەوامی پێ ئەدات، له ناوەوەی تورکیاو لەدەرەوەش.

## پێنجەم/ رێکخستن (التنظيم ): Organization

(رێکخستن: واته بەرنامەرێژی بۆجی بەجێ کردن و ئەنجامدانی تاوانەکه و نیەت و مەبەستەکەشی دیاره چیه و بۆچ ئامانجێکه ).

هەمیشه تاوانی جینۆساید بەشێوەی رێکخراو ئەنجام ئەدرێ لەلایەن دەوڵەتەوە،بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی که فرەنەتەوەن، بەهۆی بەکار هێنانی هێزی سەربازی یان دەستەی چەکدارەوە ،تا لەکۆتایدا بەرپرسیارەتی نەکەوێته ئەستۆی حکومەت ،نمونه ( دەسته چەکدارەکانی جەنجەوید له دار فۆر)، هەندێ جار حکومەت دەستەو تاقمی تر به شێوەی نهێنی و نافەرمی دروست دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بەتایبەت لەو ولاتانەی که شەرو شۆر و جەنگی ناوخۆیان تیدایه، تاکو لەرێگای ئەو دەسته چەکدارانەوه تاوانەکانی ئەنجام بدات و دواتر پەرده پۆشیان بکات.

تاوانباران هەردەم هەوڵیان داوه له رێگای جەنگه بەرفراوانەکانەوه تاوانەکانیان جێ بەجێ بکەن(رێک بخەن) بەشێوەیەک جیاوازی ناکەن لەنێوان خەڵکی مەدەنی و سەربازی دا، بەمەبەست بۆمبارانی ئامانجی مەدەنی دەکەن، و تاوانی جەنگ ئەنجام ئەدەن، سیفەتێکی تری رێکخستن له تاوانی جینۆساید سەردەمدا، بەکۆمەڵ وبەزۆر دەسگرتنی ئافرەتانه ،بازرگانی بەچەک بۆ ولاتان و دەسته چەکدارەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ تاوانەکه.

بۆ رێگه گرتن له قۆناغی ریکخستنی جینۆساید پێوسته نەتەوه یەکگرتوەکان ئابلۆقه بخاته سەر ئەو ولاتانەی که تاوانی کۆمەڵکوژیان تیدا ئەنجام ئەدرێ( ئابلۆقەی دروست کردن و بازرگانی چەک ) هەروەها ئابلۆقەش بخرێته سەر ئەو دەسته چەکدارانەی که ئەنجامدەری تاوانن، لێکۆڵینەوه بکرێ لەلایەن نەتەوه یەکگرتوەکانەوه یان دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوه تا کو تاوانکاران دەس نیشان بکرێن و سزا بدرێن.

نمونەی ریکخستن لەتاوانی جینۆسایدی کورد. هاتنی پاسەوانی کۆماری بوو بۆ دەسگیرکردنی خەڵکی مەدەنی بارزانیەکان ( نێرینەکانیان)،له بەغداوه بۆ ئۆردوگا زۆره ملێکانی پارێزگای هەولێر، ( قوشته پە،بەحرکه،حەریر،دیانا) بەهاوکاری مەفرەزەی تایبەتی ئەمن مەشق پێ کراو بۆ ئەو مەبەستانه، گوایه پیاوانی بارزانیەکان دەبەن بۆ کۆبونەوه لای سەرۆک، بێ ئەوەی هیچ ژنێک دەس گیر بکەن!!!!!

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها بەکار هێنانی چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو( چەکی کیمیایی) لە جەنگی عیراق ئیراندا دژ بەکورد، بەتایبەت دژ بە شاری هەلەبجەو سەدان گوندو ناوچەی تر، کە جیاوازی نەکرد لە نیو خەڵکی مەدەنی و سەربازیدا،خاڵێکی تری ڕێکخستنی تاوانی جینۆسایدە.

## شەشەم/ دورخستنەوە ( التباعد ،الاستقطاب): Polarization

قۆناغی دور خستنەوە کارلێکی تەواوە لەنیوان تاوانکاران و زوڵم لێکراواندا، بەچەشنێک هەست دەکەیت تاوانی کۆمەڵکوژی لە نزیکترین کاتدا روو ئەدات، وەک بڵاوکردنەوەی پرو پاگەندەی رق لێ بونەوە هەڵبەستنی تاوان و خیانەت بۆیان، دەرکردنی یاسا ی قەدەغە کردنی ژن هێنان و تێکەڵاو بون لەگەڵیان ، ماوە ماوە دروست کردنی ئاژاوە و راگەیاندنی قەدەغەی هاتو چۆ و گەڕان تەفتیش بۆ چەک ،تا کۆمەڵی بەئامنج کراو بێ چەک بکات و نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن ئەم کردەوانە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی کایەکە لەلایەن دەسەلات بەدەستانەوە لەئەنجامدا مەسافەیەک لە نیوان تاوانکاران و قوربانیان دا دروست ببێت، وەک کەسانی خراپ و پیس وپۆخڵی کۆمەڵگا چاویان لێ دەکرێ، دوریان دەخەنەوە لە ژیانی کۆمەڵگای ئاسایی.

هەندێ جار کۆمەڵێ خەڵکی میان ڕەو پەیدا دەبن لەهەردولا ، هەوڵی وەستاندنی تاوانەکە ئەدەن، بەلام ئەوانیش بەئاسانی توشی کوشتن و راوەدونان دەبنەوە بە پاساوی جۆراو جۆر.

بۆڕیگری لەم قۆناغە، پێوستە پشتیوانی لە میان ڕەوەکان بکرێ، و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەهێز بکرێن ،ڕیگری بکرێ لە کودەتای سەربازی و گرتنە دەستی دەسەلاتی توند ڕەوەکان،لەسەر ئاستی جیهان ئابلۆقەیان بخرێتە سەر.

نمونەی ئەم قۆناغە لە جینۆساید دژی کوردان، سوکایەتی کردن بو بە پێشمەرگەو کەسوکاریان ( زیندانی کردنی کەسوکاری پێشمەرگە و دورخستنەوەیان بۆ باشووری عیراق، بێ بەشکردنی کەسوکاری پێشمەرگە و نەوەکانیان لە خوێندن..هتد ) .

سەرۆکی گۆڕ بەگۆڕی عیراق لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ ئەندامان و سەرکردەی حزبەکەی و خۆ فرۆشانی کورد دا دەی وت بە بارزانیە دەسگیرکراوەکان ( ئەوانە خیانەتیان لە پەیمانی خۆیان کرد بەرمبەر بە نیشتمان، سزای خۆیان وەرگرت و بەرەو جەهەنەم ڕەوانە کران ) ،هەروەها سەرکردەکانی تری عێراقیش لە جەندین بۆنەدا قسەی لەم جۆرەیان ئەدا بەگوێ بەعسیەکاندا ، تا هەستی پەیوەندی هاولاتی و هاونیشتیمانی بون لەنێوان کوردو عەرەبدا دور بکەوێتەوە و نەمێنێ.

## حەوتەم/ ئامادەکاری (التحضير ): preparation

لە قۆناغی ئامادەکاریدا بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە ،سەرکردەکانی تاوان هەوڵی پەردەپۆشی تاوانەکەیان دەدەن لەژێر ناوی تردا وەک ( پاکتاوی ڕەگەزی، پاکتاو (پاککردنەوە) ،بەرەنگار بونەوەی تیرۆر..هتد) لەگەڵ کرینی چەک وچۆڵی پێوست و راهێنان بە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستەی تـایبەتی کوشتن ، بڵاو کـردنەوەی پـرو پاگەنـدەی ( ئەگەر ئێمە ئەوانمـان نەکوشـتایە ئەوان دەیـان کوشتی ) ئامـاژە بە بەرگری ڕەوا ،بەرگری لە خـۆکردن، کـۆکردنەوەی قوربـانیەکـان لە ئۆردوگـای زۆرەملێ یـان سـەربـازگەی تایبەتـدا، ، هاوکـات وتـارو قسەی ئاگراوی لە راگەیاندنەکاندا چاندنی ترس و تۆقین لە و خەڵکانەی بەئامانج کراون.

بۆرێگری لەم قۆنـاغە، ئـابڵۆقەی چەک لەسـەر لایەنـی تـاوان کـار دابنرێ،هەروەهـا سـزای تاوانکـاران بـدرێت، تـا لە پاشـەڕۆژدا ئەگەری دوبارە بونەوەی ئەم تـاوانە نەکرێ.

نمـونەی ئەم قۆنـاغە لە جینۆسـایدی کـورد، ئەنفـالکردنی کـوردان و راگرتنیـان لە سـەربازگەکانی ( قۆرەتوو،تـۆپزاوە، نـوگرە سەلمان،قەڵای نزارکێ).

## هەشتەم / سەرکوت کردن (الاظطهاد): Persecution

قۆناغی سەرکوت وچەوساندنەوە هەنـدێ پسپۆڕ پێـی دەڵێن قۆنـاغی پێناسە کردنـی قوربانیەکـان، واتە دیـاری کـردن جیـاکردنەوەی قوربانیەکـان لەسـەر بنـاغەی بـنەچە و ڕەگەز و ئـاین ،قوربانیەکـان ناچـار دەکرێن کە نیشـانەی ناسینەوە یـان لـێ بـدرێ، و جیـا دەکرێنەوە لە ئۆردوگایەک یان گەرەکێک یـان سەربـازگەیەکی تـایبەت نیشـتەجێ دەکـرێن، قۆنـاغی چەوسـاندنەوە دەس پـێ دەکـات ئەویش جیاکردنەوەی ،ژن و پیاو ،گەنج، منـاڵ لەدایک ،برسی کردن، بلاو کردنەوەی نەخۆشی، پێدانی دەرمانی نەزۆکـی، ئەشکەنجە، بە زۆر دەسگرتن، زەوت کردنـی پـارە و ئـاڵتون و هەرسـامانێکی تـر کە هەیـان بێت،تـا وردە وردە خۆیـان لە نـاوبچن لەئەنجـامی نەخۆشی و برسێتیدا.

تاوانباران و ئەنجامدەرانی جینۆساید هەمیشە گوێ قولاخ و چاوەریی هەڵوێست و بەرپەرچ دانەوەی نیو دەولەتین، ئەگەر بـێ دەنـگ بوون ئەوا تـاوانەکە ئەنجام ئەدەن ،ئەویش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگی نیودەولەتی ئەمجـارەش بـێ دەنگ بـوو دەتـوانین بەردەوام بـین بۆ جاری داهاتوش.

بۆ رێگری لەم قۆناغە، دەکرێ زل هێزەکانی جیهان حاڵەتی لەناکاو رابگەیەنـن و نەتەوەیەگرتوەکـان هاوکـار بـن، کـردوەی سـەربازی ئەنجام بدەن و بچن بەهانـای قوربانیەکـانەوە، هەنـدێ جـار دەکـرێ کـۆمەک و یـارمەتی زوڵـم لـێ کـراوان بکـرێ تـا بتـوانن بەرگـری لەخۆیان بکەن، لەگەڵ هاوکـاری مرۆیـی لە رێکخـراوە مرۆڤ دۆستەکانەوە بـۆ هەر ئەگەرێـک کە لەم هەلـو مەرجەدا دێـتە پـیش، وەک ئاوارە بونی خەڵک .

نمونە لەسەر قۆناخی سەرکوت وچەوساندنەوە ،زۆربەمان چەوساندنەوە و ئەشکەنجەی گرتنتو خانەکانی ڕژێم مان بیستوە ،بینیوە ( نوگرەسەلمان،موسڵ ،هەیئەی کەرکوک..هتد)

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### نۆیەم / لەناو بردن (الافناء ،الاباده) Extermination

دەسپێکی قۆناغی لە ناوبردن یان قەلاچۆ کردن بەخێرایی دەگۆڕێ بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ بۆیە پێی دوترێ لەناوبردن چونکە قوربانیەکان بەمرۆڤ ئەژمار ناکرێن لەلایەن بکەرانی تاوانەکەوە ، شایەنی ژیان نین ،لەروی یاسایییەوە دەوترێ " جینۆساید "

زۆربەی جار دەوڵەت جینۆساید ئەنجام ئەدات ، بەهاوکاری هێزی سەربازی یان دەستەی چەکداری تایبەت و ئامادە کراو بۆ ئەو مەبەستە وە دەبێت، هەندێ جار تاوانی کۆمەڵکوژی دەبێتە هۆی تۆڵە سەندنەوە لەلایەن کەسوکاری قوربانیەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامی کۆمەڵکوژیی دولایەنە ( وەک لە بورۆندی روی داوە) .

کردوەکانی جینۆساید پێشانی ئەدات کە چۆن مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و مرۆڤ بون ئەخەن وەک ( شێواندنی جەستەی قوربانیەکان، بەزۆر دەسگرتنی ئافرەتان تاکو بتوان گۆڕانکاری لە ماوەزانی (وراثە) دا بکەن ،کۆمەڵێ خەڵک بسڕنەوە، تێکو پێکدانی شوێنە ئاینی و رۆشنبیریەکان بەمەبەستی گۆڕانکاری و سڕینەوەی مێژوویان، لەگەڵ کوشتنی هەموو پیاوەکان و بەزۆر دەسگرتنی ژن و کچەکان،هەندی جاریش هەر هەموویان دەکورژرێن ژنو پیاو، کەس دەرناچێت.

لەم قۆناغەدا رێگری زۆر ئەستەمە، مەگەر هێزیسەربازی بەرپەرچ دانەوەی خێرا بێتە ناوەوە و بەشداری بکەن ،ئەویش هەندی هیز هەیە لەلاین نەتەوەیەگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپاوە یان دەولەتانی ناوچەکەوە دەجولێنرێن بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ جولاندنی هێزی سەربازی دەبێت ناوچەیەکی ئارامیش بۆ ئاوارەو پەنابەرکان دابین بکرێ .

هەندێ جار نەتەوە یەکگرتوەکان توانای جولاندی هێزی نیە بۆ رێگری لە تاوانی کۆمەڵکوژی، لەم کاتەدا دەوڵەتە زل هێزەکان هاوپەیمانی دروست دەکەن بۆ رێگری و وەستاندنی کۆمەلکوژیەکە،دروست کردنی هاوپەیمانی و جوڵاندنی هێز ئەرک و قورساییەکی زۆر دەکەوێتە سەر دەوڵەتانی بەشدار.

نمونە لەسەر کۆمەلکوژی و لەناوبردنی کورد لەلایەن رژێمی بەعسی عیراقەوە، لە تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان، فەیلیەکان، ئەنفال دا بەروونی دەرئەکەوێت کە تیمی تایبەتی کوشتن پێک هێنراوە بۆ لە ناوبردنیان، تیمەکان پێک هاتبوون لە( ماشێنی گەورە بۆ گواستنەوەی قوربانیەکان لەگەڵ تیمی چاودێری، شۆفڵ و گرێ دەر تا لە بیابانەکان چاڵی قوڵ هەڵکەنن و دواتر قوربانیەکان لە لێواری چاڵەکاندا گولە باران دەکران لە لاین تیمەکانی مەرگەوە و ئینجا خۆڵیان بەسەردا دەکردن ، یان هەر بەزیندویی لە نێوچاڵەکاندا بە خۆڵ دائە پۆشران تاکو بەزیندویی گیان لەدس بدەن ( زیندە بەچاڵ کردن ).
هەروەها تاوانی روخاندن و تێکدانی شووێنە ئاینی و رۆشنبیری و مێژوویەکان لەلایەن داعشەوە نمونەیەکی ترە، هەروەک چۆن نەتەوەیەکگرتوەکان ئەم کردەوەی داحشیان بەجینۆساید ناساند.

https://serchawe.com

## دەیەم / نکۆڵی کردن : (الانکار) Denial

کۆتا قۆناغی جینۆسایدە ، تاوانباران هەوڵ ئەدەن تاوانەکانیان بشارنەوە و لەبەر چاو وونی بکەن و پەردەپۆشی کەن، ئەویش بە شاردنەوە تەرمی قوربانیەکان لەژێر خاکدا بەشیوەی گۆڕی بەکۆمەل، یان سوتاندن ی لاشەکەنیان، خستنە دەریاوە، دروست کردنی بینای گەورە لەسەر شووێنی گۆڕەکان، هەڕەشەو تۆقاندنی شاهید حاڵەکان.

تاوانباران وا دەزانن بۆ هەتا هەتایە لەسەر کورسی دەسەلات دەمێننەوە ،بۆ ساتێکیش بە خەیاڵیاندا نایەت کە رۆژێک هەموو تاوانەکانیان کەشف دەبێت ولەسەر کورسی دەسەلات دێنە خوارەوە و داادگای گەل سزایان ئەدات،بۆیە تا لە دەسەلات بمێنن بە هەمو شێوازیک نکۆڵی دەکەن لە تاوانەکانیان، تاوانەکە دەخەنە مل قوربانیەکان، بەلام دوای کەوتنیان هەڵدێن و پەنا دەبەنە بەر ولاتێک و وەک پەنابەر پارێزراو دەبن !!!

مەگەر لەکاتێکدا دادگایەکی تایبەت بەو تاوانە دابمەزرێ ئینجا راکێشی دادگایی کردن بکرێن و سزا بدرێن، نمونەی ئەو دادگا تایبەتانەی دامەزران بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جینۆساید ئەمانە بوون ( دادگای یوگوسلاڤیا، رواندا، سیرالیۆن، دادگای نیودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی خەمیرە سورەکانی کەمبۆدیا، دادگای تاوانکاری نێودەولەتی)، هەرچەند تائیستاش کەسوکاری قوربانیان و رای گشتی جیهانی رازی نین لە کاری ئەم دادگایەنە جونکە وەک پێوست نەیان توانیە تاوانباران سزا بدەن، دەکرێ بگوترێ ئیرادەی سیاسی لەپشت ئەم کەم توانابییەی دادگاکانەوەیە، بۆیە یەکخستنی هێزو ئیرادەی سیاسی دەبێتە هاوکار بۆ پەلکێشی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا.

نمونەی نکۆڵی کردن لە جینۆسایدی کورد لەلایەن رژێمەوە، دەرکەوتنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بوو لە پارێزگای سەماوە لە باشوری عیراق لە گوندی بەصیە، وگۆڕی بەکۆمەڵی حەضر لە پارێزگای موسڵ، گۆڕە بەکۆمەلەکانی ناوچەی حەمرین...هتد

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئێزدیەکان لەلایەن داعشەوە ،کەتائیستا زیاترلە ٢١ گۆڕ هەڵدراونەتەوە ، پیشاندەری ئەوراستیەن کە تاوانکاران هەمیشە خواستویانە تاوانەکانیان بشارنەوە و نکۆڵی لێ بکەن.

تێبینی: قۆناغەکانی جینۆساید پێشتر هەشت خاڵ بوە بەلام لە ساڵی ١٩٩٦ دا لەکاتی پێشکەش کردنی باسێکدا لەلایەن گریگۆری ستانن سەرۆکی رێکخراوی جینۆساید وۆتچ وە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ، دوخاڵی تری بۆ زیاد کرا.

سەرچاوە: ماڵپەری دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "ئەنفال یا ژینۆسایدی کورد "

## جەلیل ئازادیخواز

### بەکورتی ئەنفال چیە؟

سەرەتا دەبێ ئەوەبڵێین کە ئەنفال ووشەیەکی عەرەبیە .لە ئەدەبیاتی ئیسلامەوە هاتوەتە ناو زمان و زەینی گەلی کورد ڕاستەوخۆلە دەقەکانی قورئانەوە وەرگیراوە .



ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانەو ژمارەی ئایەتەکانی ٧٥ ئایەتە و، لە مەدینە هاتووەتەخوارەوە. ئەنفال لەماناادا واتە زیادە وبەخشین ؛ زیادە لە چی ؟ لە هەموو ئەوپێداویستیانەی کە بۆ ژیان خوازراون و لەبەردەست دان و ئیستا هەن، واتە زۆرتر لەمانەو لەسەروئەمانەوە. بەمانەیەکی دیکە واتە شتێک لە بێنیازی دا بەدەست هێنان و وەرگرتن. بەخشش بەو مانایەی کە ئەم ماڵ ودەسکەوت و سامانە لەلایەن خواوە هاتووەو دەبەخشریتە سەرکردەو سەرۆکی موسڵمانان. لە راستیدا دەبەخشرێتە پەیامبەری ئیسلام خۆی و جێگرەکانی، بۆ کەسانی دیکەی موسڵمان نیە کەلەم دەسکەوت و سامانە کەڵک وەرگرن و بۆخۆیانی بەرن، بەڵکو تەنیاو تەنیا مافی رێبەرانی موسڵمانە و بەس.

لەساڵی ١٩٨٨ لە پاش کۆتای هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئیراق ئێران، دەزگا سەربازی و سیخوری و هەواڵگری و ئاسایشیەکانی رژێمی بەعس بە هەموو هێزو توانای سەربازی خۆیەوە هەڵیان کوتایە سەر کوردستان و، لە هەشت قوناغ دا کەوتنە وێرانکردن و کاولکردنی کوردستان

لەم هەشت هێرشە سەربازیەدا رژێمی بەعس زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستان و، زیاتر لە هەزاران شارو شارۆچکەی کوردستانی وێرانکرد ولە گەڵ خاک یەکسانیکرد. سەرەڕای ئەم کاولکاری و وێرانیەی کە بەدەستی بەعسیەکان لەکوردستاندا روویدا؛ سەرپاکی ژیان و ژینگەی کوردستان کەوتە بەرشاڵاویکی وێرانکەر و، سەرەڕای هەڵتەکانی ژێرخانی ئابوری کوردستان و، لەناوبردنی ئابوری کوردستان ژینگە بەتەواوی بارگاو و شیمیاوی کرا. کورد وەک گەلێکی لەمێژینەی نیشتەجێ لەکوردستان لە زێدی باوباپیرانی خۆی راگوێزکراو لە سنورەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و باکور ورۆژ ئاوا دورخرایەوە ودابرا.

ڕوونە ئەم دابڕانە بە مەبەست و بۆ سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد و،تواندنەوەی لە کولتووری عەرەبیی ئیراقیی دا وە داگیرکردنی یەکجاری نیشتمان وزێدەکەی بوو. کە ئەگەر تەمەنی حکومەتی بەعس مەودای بدایە وەک کەرکوک و شوێنەکانی دیکە ئەم ناوچانەش تەعریب دەکران و عەرەبی خواروی ئیراقیان تیادا نیشتەجێ دەکرا.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە راستیدا سەرەڕای هەموو ئەمانە لە ئەنفال دا مال و سامان و، ژین و هەمووبوونی گەلێک بە پاڵپشتی دەقێکی دینی حەڵاڵ کرابوو. زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس لە گۆڕەبەکۆمەڵە کاندا کوژران و، دەیان هەزار مرۆڤی بێ تاوانی دیکەش بێ سەروشوێنکران و، ژنان و کچان و ئافرەتانی کوردستان بەئەسیری رەوانی شارەکانی عەرەبستان کران. سەرەڕای ئەوەی کە دەنگۆی فرۆشتنی ئەم ژنانە بە وڵاتانی دیکەی عەرەب هەیە.

ئەنفال لەراستیدا بەرنامەیەکی بیر لێکراوەی دارێژراوبوو بۆ قڵاچۆکردن و پاکتاوی رەگەزی گەلێکی راپەڕیو، کە سەرەڕای ئامادەکردنی نەخشە و، هێزی سەربازی و توانای جێ بەجێ کردنی، ئەم تاوانە بەووردی چوارچێوەیەکی فکری وئایدۆلۆژیکی( بۆ ئەم قڕ کردن و قەلاچۆکردنە) دارێژرابوو کە لە هەناوی دەقە پیرۆزو دینیەکانەوە وەرگیرابوو؛ دیتمان کە بە بەرچاوی دنیای عەرەب و ئیسلامەوە ئەم کردەوە دزێوە ئەنجام دراو، هیچکام ورتەیان نەکردو، گەلێکی بەتاوانی ئازادی و ماڤخوازی برایە قەسابخانەی ناسیونالیزمی عەرەبی و، شەڕی بێ دینیەوە سەرەڕای نارەوابوون و نائەخلاقی بوونی ئەم دیاردە، مەخابن هیچکام لە وڵاتانی ناوچە و موسڵمان هەلوێست و نارازیەتیان نەبوو. ساڵوەگەڕی ئەم کارەساتە شوومە وەک ژینۆسایدی گەلی کورد هەموو ساڵێک لە مانگی چواردا یاد دەکریتەوە و، دەبێتەوە رۆژەڤی میدیاو ناوەندە کوردیەکان. پێویستە لە سەر کورد و هەموو تاکێکی ئەم نەتەوەیە هەدا نەدات تا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانی جیهاندا و، بەپیێی یاسا ئەم رۆژە وەک رۆژی ژینوسایدی کورددەناسینن و، زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئاوەها کارەساتیک لە جیهان وەردەگرن، لە هەموو نیشتمانی کورددا.

لە ساڵ یادی ٢٧ ساڵەی ئەنفال دا شیاوە کە کورد ئاورێکی وشیارانە لە میژوی خوی بداتەوە، بزانێ کە لەرۆژانی قڕان و قەڵاچۆکردندا چۆن تەنیا و بی کەس مابوو، وە بزانێت کە یەکەم وسەرەکیترین میکانیزمی زامنکردنی ئازادی ومانەوەی یەکێتی ویەک ڕیزی نەتەوەیی خۆی وپارێزگاری بەرژەوەندی نیشتمانی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦



# ئەنفال ئەگەرێک بەردەوام لە پێشمانەوە

محەمەد رەئوف

پرۆسەی ئەنفال کە لە مێژووی کورد گەورترین و بەرفراوانترین پرۆسەی پاکتاوی نەتەوەیی کورد بوو، لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکدا تا ئەمرۆش کاریگەریەکانی بە قوڵی لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی کوردی ماوەو ئازارەکانی لە هەناوی تاکی کوردیدا جێهێشتووە، بەڵام ئەم تاوانە هێندەی گەورەییەکەی کاری لەسەر نەکراووەو نەبۆتە ئەولەویەتی کارلەسەرکردنی بەرپرسانی هەرێم، ئەگەرچی ئەنفال بۆخۆی ماتریاڵێکی هێندە گەورەو بەرفراونە کە دەکرێت لە دەیان رەهەندی جیاوازەوە کاری لەسەر بکرێت، ئەم پرسە لە ئێستادا هیچ بۆنێکی لە ئەجێندای حکومەتی هەرێمدا نیەو حکومەت لەبری کارلەسەرکردن بۆخۆی پرسەکەی جینۆسایید کردووەو لە مەراسیمی سواو و وتارو بەڵێنی بەکرداردا کورتی کردۆتەوەو لە رابردووشدا زۆرترین هەنگاوی کارلەسەرکردنی ئەنفال خۆی لە موچەو زەوی و خانوو بۆ کەس و کاری ئەنفالکراواندا بینیوەتەوە کە ئەو پرسە مافی هەرتاکیکی تری کۆمەڵگەیە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە شێوازی کارلەسەرکردنی کەیسی ئەنفال بە هەڵە و بە لاواندنەوەو مەراسیمی وتارخوێندنەوەو بەزەییهاتنەوە بە کەسوکارو راکێشانی سۆزی ئەنفالکراواندا خۆی بینیوە.لە کاتێکدا ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەران بە جینۆسایدناسێنراو کەیسەکە لەبری بەردەوامی زیاتر و بەدواداچوونی ووردتر لەوێدا وەستێنراو مرێندرا.



ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا روویدا تەنها هەوڵێک نەبوو بۆ لەناو بردن و کوشتنی تاکی کوردی، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ سرینەوەی تەواوی مۆرکی نەتەواویەتی گەلی کورد، بەو پێیەی ئەنفال پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژاوی پێش وەختەبوو، بەوەی پلانی پێشوەختەی بۆ دارشتبوو پرۆسەکەی دابەشکردبوو بەسەر (٨) قۆناغدا و لە (٦) ناوچەی جوگرافیای جیاوازدا ( قۆناغی یەکەم بۆ سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی، قۆناغی دووەم بۆ سەرناوچەی قەرەداخ، قۆناغی سێیەم بۆ سەرناوچەی گەرمیان، قۆناغی چوارەم بوسەر ناوچەی قەڵاسێوکەو دۆڵی زێی بچوک، قۆناغی پێنج و شەش و حەوت بۆ سەر ناوچەکانی شەقڵاوەو رەواندوز، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی بۆ سەر ناوچەی بادینان) سەرجەمی ئەو قۆناغانە لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکردوو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ پاش روخاندنی هەموو گوندەکانی کوردستان کۆتایی هات.

ئەگەرچی پرۆسەی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد بەڵام پێشتر رژێمی بەعس پلانی گەورەی بۆ دارشتبوو، دوای ئەوەی لە رۆژی ٢٩ / ٣ / ١٩٨٧ بە بریاری ژمارە ١٦٠ عەلی حەسەن مەجید کرایە رازگاری نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس، دەستی کرد بە پلاندانا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، هەربۆیە ٢٠ / ٦ / ١٩٨٧ دا بڕیاری ژمارە ( ٢٨ / ٤٠٠٨ ) دەرکرد کە بەتەواوی پێ لەسەر ئەوە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دادەگرێ کە ئیتر سیاسەتی کوشتن و وێران لە دێهاتە قەدەغە کراوەکاندا پیادە دەکرێت ئەم بڕیارەش بە ئیمزای ( عەلی حەسەن مەجید) بەناوی ( قیادە مکتب تنقیم الشالی ـ مکتب سکرتاریە)وە دەچووە و ئاراستەی فەیلەقەکانی( یەک، دوو، پێنج) سوپای عێراقی کراوە لە ناوچەکانی کوردستاندا کە تیایدا تەواوی گوندەکانی بە ناوچەی قەدەغەکراو دایە قەلەم و وەکو ناوچەی شەڕ داینان و بەتەواوی مرۆڤ و ئاژەڵیان تێدا قەغەکرا، ڕێگە بە سوپاش درا هەرکات بیویستایە بەئازادی تەقەو دەست ڕێژیان لێبکات. لەگەڵ قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆ ئەو گوندانە، لە داپین خاڵی بڕیارەکەدا هاتبوو کە مستەشارەکان وهێزی فەوجەکانی بەرگری میللی، جگە لەچەکی قورس دەست بەسەر هەموو شت و مەکێکدا بگرن، بۆ خۆیان دەبێت.

ئەم بەڵگە نامەیە خۆئامادەکردنێکی تەواوی ڕژێم پیشان دەدات بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەیەکی گەورەی لەناوبردن و جینۆسایدکردن وە هیچ جیاوازیەک ناکات لەنێوان گوندنشینێک و پێشمەرگەیەکدا هەموو بە ( مخرب) لە قەڵەم دەدات و بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز پێویستە لەناو ببرێن. لەسەر بنەڕەتی بڕگەکانی ئەم بەڵگەنامەیە شاڵاوەکانی ئەنفال بەڕێوە چوو.

لەدوای جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال تەواوی ئەو کەسانەی کە دەستگیرکران بەسەر گروپەکاندا دابەشکران، گەنجەکان بۆ زیندەبەچاڵ و ژن و منداڵەکان بۆ دبس و بەشێکیان لەناوبران و بەشێکیشیان ئازادکران و پیرو پەککەوتەکانیش برانە نوگرە سەلمان و دوای چەندمانگ مانەوە ئازادکران.

کۆی پرۆسەی ئەنفال کە نزیکەی شەش مانگی خایان، بەپلان و بەرنامەی ووردی حیزبی بەعس کراو هێندە تاوانێکی گەورە بوو کە بەقەد ژمارەی زۆرێک لە دەوڵەتانی دونیا قوربانی و بێسەرو شوێنی لێکەوتەوە، بەڵام ئەنفال لەکاتێکدا بێشەروشوێن کردن و لەناوبردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد بێت لە هەمان کاتدا وێران کردنی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤە، بێگومان لەناوبردنی هەزاران گوندو شارو شارۆچکەو سوتاندنی سەدان دارستان و هەزاران هەزار سەر ئاژەڵە، بۆیە چەند وێرانەیەکی مادیە بەهەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەویە.

ئەم شاڵاوە بووە هۆی وێران کردنی نزیکەی (٤)هەزار گوندو، (٤)قەزا ( ٣٠ ) ناحیەو، ( ٣١٠٠) مزگەوت و (١٠٠)کڵێسا، وە لە روی گیان داریەوە بووە هۆی بەتاڵان بردنی (٢)ملیۆن سەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵ ، ئەنفال کارەساتێکی ژینگەیی ئایکۆلۆژی گەورەبوو کەبووە هۆی شێواندنی رواڵەتی گیانداریو رووەکی ناوچەکەو بووە هۆی لەناوبردنی روبەرێکی فراوان لە باخ و رەزو چەم و چنار کە هاوسەنگی ژینگە لاسەنگ دەکات.

هەروەک ( د. کەنداڵ نزان ) دەربارەی شاڵاوەکانی ئەنفال دەنوسێ (لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ( ٩٠% )ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە (٢٠) شارو شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە، ناوچە گوندنشینەکان بە (١٥) ملیون مین مین ڕێژکران، بەم جۆرەش چالاکی کشتوکاڵی لە ناوچانەدا کارێکی ئەستەم بوو (١،٥) ملیۆن کوردی گوندنشین بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی ( ١٠%) ی کوردی دانیشتوانی عێراق لە نێوبران )، بەمەش نزیکەی (٧٧٢٩) کم ٢ لەروبەری هەرێمی کوردستانی عێراق توشی شاڵاوەکانی ئەنفال بووە.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر بۆیە ئەنفال بەتەنها پلانێک نەبوو بۆ وێران کردنی روکارێک لە روکارەکانی میللەتی کورد، وەهەڕەشەیەک نەبوو بەتەنها رووڵە رەهەندیک لە رەهەندەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری گەلی کورد بەڵکو ئەنفال نەخشەو پلانێک بوو کە رژێم بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کوردو لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێکی کلتوری و سیاسی و ئابوری کوردستان دای رشتبوو، وە هەوڵ دانێک بوو بۆ سڕینەوەی گشت سیماو ماکەکانی میللەتێکی ژێر دەستەو چەوساوە.

## جینۆسایدی ئێزدیەکان لە شەنگالدا

ئەو تاوانە گەورەیەی کە لە ئابی ٢٠١٤ بەرامبەر بە ئێزدیەکانی شەنگال کرا لە زۆر رووە هاوشێوەی تاوانی ئەنفالە، بەجۆرێک زۆرێک لە چیرۆکەکانی نێو تاوانەکان هەمان چیرۆکن.

لە رۆژی ٣ / ٨ / ٢٠١٤ چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شەنگال کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردی ئیزدین ( قەزای شەنگال لە ناحیەکانی سنونێ + قەیرەوان پێکدێت و ٩٧ گوند لەخۆ دەگرێت و روبەری قەزاکە ٣١٨٨ کم ٢ و زیاتر لە ٣٢٠ هەزار کەسی تیادا دەژین کە زیاتر لە ٨٥%ی کوردی ئێزدین) ئێزدیەکانی ئەو قەزایە رووبەرووی کۆمەڵکوژی و تاوانی گەورە بوونەوە لە ( کوشتن و سەربرین و ئاوارەبوون و دەستدرێژی و بردنی کچانی ئێزدیەکان)، لە هێرشی داعش بۆسەر شەنگال بەپێی سەرچاوە نارەسمیەکان زیاتر لە ( هەزار )کەس کوژراون و ( ٤٠٠٠ ) کچ و ژنی گەنجی ئێزدیەکان براون ، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیان ئاوارەی چیای شەنگال بوون، نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٥٠٠ کەسیش لە پیرو منداڵ لەبرسان و تینیۆتیدا، مردوون،( چیای شەنگال درێژیەکەی ٧٧ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو پانیەکەی ١٣ کیلۆمەترەو بەرزیەکەشی ١٤٦٣ مەترە، لە باکوری رۆژهەلاتی شەنگالەوە بۆ باکوری رۆژئاوای شەنگال درێژ دەبێتەوە )، ئەم دۆخە بۆ ئێزدیەکانی کوردستان تاوانێکی گەورەیەو هاوشێوەی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدەکانی تری کوردە بەوەی لەلایەک بەهۆی کوردبونیان و لەلایەکیش بەهۆی بیروباوەڕەکەیانەوە، رووبەرووی ئەو تاوانە گەورەیە بونەتەوە، ( ئێزدیەکان لە جیهاندا زیاتر لە ( ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار) کەسن و زیاتر لە ٨٠٠ هەزاری لە کوردستان دەژین بەتایبەتیش لە ( شەنگال، شێخان، بەحزانی، زومار، قوش، سیمێل، خانکێ ) و ( ٥٠٠ هەزاری ) لە تورکیا دەژین بەتایبەت لە ( ماردین و سێرت، ئورفا، قارس ) و ( ٣٠ هەزاری ) لە سوریا دەژین بەتایبەتیش لە ( قامیشلۆ، عەفرین ) ژمارەیەکیشیان لە جۆرجیاو ئەرمینیا و ئەڵمانیا و نەمسا و فەرەنسا و ئەمریکا دەژین.

بە درێژایی مێژوو رووبەرووی جینۆساید و کوشتن بونەتەوە بەهۆی بیروباوەرەکەیانەوە، لە ساڵی ١٧٤٣ لەلایەن نادر شای پادشای فارسەکانەوە بریاری کوشتنیان دراووەو لە ساڵی ١٨٧٢ لەلایەن عوسمانیەکانەوە جینۆساید کراون و لە ساڵی ١٩١٥ لە جینۆسایدی تورکەکاندا بەرامبەر بە ئەرمەنیەکان ژمارەیەکی زۆری ئیزیدی لەناوبران و لە ساڵی ١٩٣٥ یشدا جارێکی تر بە دەستی سوپای عێراق رووبەرووی کوشتن و لەناوبردن بوونەوەو لە پرۆسەکانی ئەنفالیشدا ژمارەیەکیان لێ ئەنفالکراو وە لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا بەهۆی کردەوەی تیرۆرستیەوە بە هەزارانیان بونە قوربانی .

## لە نێوان ئەنفال و شەنگالدا

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەرچی گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژوو روبەرووی دەیان جینۆساید و کوشتن و کۆمەڵکوژی بۆتەوەو بەشێک لە تاوانەکانیش لە فۆرم و شێوەدا هاوشێوەن و لە یەک دەچن، تاوانی دژ بە ئێزدیەکان لە شەنگال و شیای شەنگال لە رووی فۆرم و شێوەی تاوانەکەوە لە کۆمەڵکوژی دێرسیم ( ١٩٣٧) و تاوانی ئەنفال ( ١٩٨٨ ) دەچێت. بەڵام لە نێوان ئەنفال و شەنگالدا خاڵە لێکچووەکان زۆرن و نزیکن لێکەوە لەوانەش:

١- هەردوو پرۆسەکە لەژێر پەردەو ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەنجامدراوەو بکەرانی بۆ رەوایەتی بە تاوانەکەیان ئاینی ئیسلامیان کردۆتە بیانوو، لە پرۆسەی ئەنفالدا بەبیانووی کافربوونی گەلی کورد بەعس کوردی ئەنفالکران، ئەویش بۆ رەوایەتی دان بە کۆمەڵکوژی کورد، لە شەنگالیشدا داعش بەبیانی کافربوونی ئێزدیەکان ئەو تاوانەی ئەنجامدا، هەر وەک لە گوندی کۆچۆی سەربە قەزای شەنگال داعش مۆڵەتی دوو رۆژ دەدەنە ئەو گوندە ئێزدیە بۆ ئەوەی موسڵمان بن و دواتر لە رۆژی ١٦ی ئابدا ٣١٢ پیاوی ئەو گوندە دەکوژن .

٢- پرۆسەی ئەنفال بۆسەر خەڵکی مەدەنی ئەنجامدراو تیایدا بە هەزاران ژن و منداڵ ئاوارەبوون و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و لە جێگەی خۆیان هەڵکەندران، لە شەنگالیشدا بە هەزاران ژن و مندال ئاوارەبوون .

٣- مردن لە برسی و تینویتیدا، شایەتحاڵێکی ئەنفال دەڵێت لە نوگرەسەلمان زۆرێک لە پیرو پەککەوتەکان لە برسا دەمردن و دواتر سەگ تەرمەکەیانی دەخوار، شایەتحاڵێکی دەربازبووی ئێزدیەکان ئاماژە بەوە دەکان کە ئێمە ٢٠٠ کەس بووین زیاتر لە ٢٠ کەسمان لێمردن و سەگ تەرمەکانی دەخوارد.

٤- دەستدرێژیی کردنە سەر ژنان و کچان لە هەردوو پرۆسەکەدا، دەربازبوویەکی ئەنفال لە زیندانی تۆپزاوا دەڵێت من بەچاوی خۆم کچێکی جوانم بینی دوای ئەوەی سەربازەکان دەستدرێژیان کردبووە سەری شێت ببو دەیویست خۆی بکوژێت، دواتر بە زنجیر بەستبویانەوە، دەربازبوویەکی شەنگالیش دەلێت، سێ کچی ئێزدی دەستدرێژیان کرابوە سەر وەخت بوو شێت ببن داوایان دەکر بیان کوژین، بەڵام نەمانکوشتن بۆیە خۆیان لەسەر چیاکەوە فرێدایە خوارەوە.

٥- بردن و فرۆشتنی کچان لە نێوان ئەنفال و شەنگالدا دوبارە دەبێتەوە، لە پرۆسەی ئەنفالدا بە سەدان کچی گەنج بران و درانە سەرۆک عەشیرەت و ئەفسەرەکان، لە شەنگالیشدا بە وتەی پەرلەمانتاران زیاتر لە ٥٠٠ کچی ئێزدی لەلایەن داعشەوە براون و فرۆشراون .

٦- دیار نەمانی چارەنووسی ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ لە هەردوو پرۆسەی ئەنفال و شەنگالدا .

٧- بەتاڵانبردن و وێرانکردنی ماڵو حاڵ و سامان لە ئەنفال و شەنگالدا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی KNN / ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال ناوێک بۆ سڕینەوەی نەتەوەیێک

## کامەران گوڵپی

لەژێر ناوی (ئەنفال)دا بڕیاری قڕکردن و سڕینەوەی میللەتی کورد دەستی پێکرد، هەروەک بە جینۆسایدی دووەمی کورد دەناسرێت دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە،تاوانی ئە نفال لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لە ساڵی ١٩٨٨بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجام درا لەباشووری کوردستان کە بە (شمال العراق )دەناسێنرا بە جیهان لەڕێی ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی شۆفێنی بەعسەوە؟؟



ئەم شاڵاوی بەناو ئەنفالە بەفەرمانی ڕاستەوخۆی (یدام حسین)بڕیاری لێدرا و ئەرکی جێ بەجێ کردنیشی خرایە ئەستۆی ئاموزاێکی یدام حسین بەناوی(علی حسن المجید) کەبە (علی کیمیاوی)ناسرابوو،چونکە پێشینەی ئە م تاوانبارە لێوان لێو بوو لە خوێن ڕێژی و تاوان و کاری نامرۆیی ،هەروەک پۆستی حزبیشی بریتی بوو لە (امین سری نوسینگەی شمال)، بەم پێ یە دەتوانین ناوی فەرماندەی یەکەمی هێزە چەکدارەکانی لێ بنێین لە باکوری ئێراق هەروەک ئەرکی جێ بەجێکردنی قۆناخەکانی شاڵاوی بەناو ئەنفال لەڕووی مەیدانیەوە بەوەزیری ئەوکاتە سپێرابوو بەناوی فەریق روکن (سوڵتان هاشم)بوو.

سوڵتان هاشم ئەو کەسەی کەهیچ بە ڕپرسێکی خاوەن واژۆ نەی توانیوە واژۆ لەسەر لەسێدارەدانی بکات لە کاتیکدا تاوانی لە( یدام وعلی کیمیاوی) کە مترنیە،چونکە دەی توانی ئەوو فەرمانی قڕکردنە دەرهەق بەکورد جێ بەجێ نەکات وەکو دەیان فەرماندەی تری سەربازی ، لەنێو ریزەکانی سوپادا،بەڵام وادیارە حەزی بە مانەوەی بووە لەپلەو پۆستی خۆیدا...
لەبەر ئەوەی بەعسیەکان کوردیان بەهەڕەشەیێکی بەردەوام دەزانی بۆ خۆیان،بەدرێژایی حوکمڕانیان لەهەوڵی سڕینەوەو سەرکوت کردنی گەلی کورددا بوون بەشێوازی جۆراو جۆر..

لەشاڵاوەکانی بەعس دژ بەکورد بەئەنفال ناسرابوو،بۆیە پرسیارێک دروست دەبێت لەلای خوێنەر بۆ ناوی ئەنفالی لێنرا؟؟

ئەم شاڵاوانە بۆیە ناوی ئەنفالی لێنرا،یەکەم بۆ پەردەپۆش کردنی کارە دژەمرۆڤانەکەی بەعس لەلای وڵاتانی ناوچەیی بۆ ئەوەی بەکێشەیێکی ناوخۆیی بێتە ئەژمار، دووەم ئەو سوپایەی لەژێر ناوی عروبەدا پێک هێنرابوو بۆ ئەوەی باوەڕی تەواوی لەڕووی دەرونیەوە بۆ دروست بکرێت کە ئەمە شەڕی بەرگری کردنە لەیەک پارچەیی خاکی ئێراق، سێیەم ناوی ئەنفال ئەو مافەی دەدایە سوپا هەرشتێکی دەست کەوت وەکو غەنیمەی جەنگ بۆی هەیە سوودمەند بێت لێی،لەبەر ئەم هۆیانە ئەنفال بەشەڕی دەستکەوت دێتە ئەژمار بۆ دوژمن، زۆری قوربانیەکانیش ئەم ڕاستیەی سەلماند...

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەقورئاندا سورەتێک ڕیزبەندی ژمارە(٨)لە سورەتەکانی قورئاندا،بەڵام کاتێک ئەم سورەتە دابەزی بۆ پەیامبەری ئیسلام(د.خ)کە شەڕی قورەیشیەکانی دەکرد و باوەڕیان بە ئیسلام نەهێنابوو،بۆیە ماڵ و سامانی کافرەکان بە حەڵاڵ پێناسەکرا بۆ جەنگاوەرانی سوپای ئیسلام...

بۆیە پێویستە بەراوردێک بکەین لەنێوان نەتەوەی کوردو بەعسیەکان،لەگەڵ موسڵمانان و کافرانی قورەیش،یەکەم ئێمەی کورد موسڵمان بووین و باوەڕمان بە پەیامی ئیسلام هێناوە،ئێمەی کورد یەکتاپەرست بووین و خودامان دەپەرست،ئێمە سڤیل بووین و لەماڵەکانی خۆماندا ژیانمان دەگوزەراند،...

بەڵام قورەیشیەکان کافربوون،بتیان دەپەرست،جەنگی دژ بەئیسلامیان ڕاگەیاندبوو،لەمەیدانی جەنگدا بوون، سوکایەتیان بە خواو پەیامبەرەکەی دەکرد،بۆیە دەپرسین ئەنفال بۆ؟؟؟

بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئاین لەدژی نەتەوەو گەلانی ژێر دەستە بەکار هاتووە بۆ چەوساندنەوەیان لەلایەن فەرمانڕەوایانی ستەمکارەوە بۆ گەشتن بەمەرامەکانی خۆیان و گەلیان...

بۆیە بەدرێژایی شاڵاوەکانی ئەنفال ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ڕژێمی بەعس لەسەرەتای هەموو بەیاننامەکانیەوە یەک ئایەتی دەخوێندەوە کە ئەویش ئایەتی(١٢)یە لەسورەتی ئەنفال،کەباس لەمژدەی خودایی بۆ ئیمانداران کەئەگەر خۆڕاگربن بەرانبەر بەدوژمن ئەوا سەرکەوتنیان مسۆگەرە،ئەم هەوڵەشی لەپێناو ئەوەدا بوو هەتا گەلانی ئێراق باوەڕ بکەن کەئەوانەی ئەم جینۆسایدیان دەکات کافرن و دژی ئاینی ئیسلامن کەزۆربەی گەلانی ناوچەکە باوەڕیان پێی هەیە،واتە کورد نەتەوەێکە دژایەتی ئیسلام دەکات بۆیە ئایەتی خواییان بەسەردا جێبەجێ دەکەین..

لەکاتێکدا ئەمە تەنها بیانووی شەرعیەت دان بوو بەسڕینەوەی نەتەوەکەمان لەژێر پەردەی ئایندا،بۆیە ئەو شاڵاوی زیندەبەچاڵ کردن و بێ سەروشوێنکردنەی دەرهەق بەکورد کراوە لەناوچەکە لەمێژووی نوێدا بەرانبەر بەهیچ گەلێکی تر نەکراوە...

بابزانین ئەنفال بەچەند قۆناخ ئەنجام درا؟؟

شاڵاوی بەناو ئەنفال بە(٨)قۆناخی سامناک ئەنجام درا،کەلەلایەن فەیلەقی(١،٥)یەک و پێنجی ئەوکاتەی سوپای ئێراق لەکەرکوک و هەولێر ئەنجام دراوە،کەجەیش ئەلشەعبی و جاشەکانیش بەشداربوون لەم شاڵاوەدا،ئەمان بۆ پارە دژی نەتەوەکەی خۆیان لەڕیزی دوژمندا شەڕیان دەکرد بەداخەوە کە ئەمڕۆ زۆرێک لەو کەسە تاوانبارانە لەپێگەی بڕیارو بەرپرسیارەتیدان لەلای هەردوو حزبی دەستەڵات لەباشوور پ.د.ک و ی.ن.ک؟؟؟

بۆیە داوا لەنەوەکانی داهاتووی گەلەکەم دەکەم هیچ کات بەقسەی بریقەداری بەرپرسانی حزبی هەڵنەخەڵەتێن و بزانن کە ئەوانەی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاوسەنگەری دوژمن بوون ئەمڕۆ لەسایەی ئەواندا خزمەت دەکرێن لەبری خانەوادەی ئەنفالەکان..

بۆبەرچاو ڕوونی نەوەکانمان قۆناخەکانی ئەنفال بەم شێوەیەی خوارەوە دەستیان پێکرد:

١- هێرش بۆ سەرگەڵوبەرگەڵو،کە نزیکەی سێ هەفتەی خایاند..
٢- هێرش بۆسەر ناوچەی قەرەداخ کە تابەرواری ٣٠/ئازاری خایاند..
٣- هێرش بۆسەر گەرمیان کە لەڕووی ئیداریەوە سەربەپارێزگای کەرکوک بوو...
٤- هێرش بۆسەر زێی بچوک و دەوروبەری..
٥- هێرش بۆسەر گوندەکانی هەولێرو بەتاڵان بردنی ماڵو موڵکی خەڵکی و دواتر وێرانکردنی ..
٦- کۆتا قۆناخی شاڵاوی ئەنفال بۆسەر بادینان بوو ،کەلە ٢٢/ئاب دەستی پێکردوو لە٦/ئەیلول کۆتایی پێ هات ..

دوای شاڵاوی ئەنفال دەستکەوتی ڕژێمی بەعس چی بوو؟؟؟

١- وێرنکردن و تێکدانی زیاتر لە دوو هەزار گوندی کوردستان....
٢-کوشتنی هەزاران کەسی سڤیل لەپیرو گەنج و ژن و منداڵ..
٣- ڕاگواستنی نیوملیۆن کورد بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان کەبۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوون،لەپێناو کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەتی کوردان ،هەروەک لەڕووی دەرونیەوە بریتی بوو لەشەڕێکی دەرونی چونکە وەکو دەست بەسەر وابوون...
٤- بێسەروشوێنکردنی ١٨٢٠٠٠هەزار کورد،دواتر زیندەبەچاڵکردنیان لەبیابانەکانی ئێراق،بۆیە لەدوای ڕاپەڕین کاتێک سەرانی پ.د.ک و ی.ن.ک چونە بەغداد پرسیاریان لەسەدام کردبوو ئەو کوردانەی لەشاڵاوی ئەنفالدا بێسەرو شوێنن دەمانەوێت چارەنوسیان بزانین ؟؟

سەدامیش لەوەڵامدا ووتبووی(ئەوە بوو بەڕابردوو، پێویست ناکات باسی بکەن)بۆیە خەمساردی سەرکردایەتی کورد لەباشوور بەرامبەر بەگەلەکەمان لەو کاتەوە بەدەر کەوت....

لەدوابڕگەی ئەم ووتارەدا حەزدەکەم نەوەکانمان بەمێژووی دروست بوونی دادگای تاوانەکان لەلاهای ئاشنابکەم ،کەلەلایەن خودی وولاتانی زلهێزەوە دروستکراوە بۆ بەدواداچونی تاوانەکانی دژ بەگەلان لەلایەن ڕژێمەکانیانەوە...

لەساڵی١٩٤٨ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی بەدەست هێنا بۆ وەستانەوەو دژایەتی جینۆسایدی گەلان...
لەساڵی ١٩٥١ خرایە بواری پراکتیکەوە ،بۆیە ئەوەی جێی سەرنجە وولاتێکی خاوەن بەرژەوەندی و زلهێزی وەکو ئەمریکا لەساڵی ١٩٨٨ ڕەزامەندی نواندو واژۆی لەسەر ئەندام بوون لەم پەیمانە کرد..

بەڵام یەکیەتی سۆڤیەت دوای ٦ ساڵ و لە١٩٥٤ بووە ئەندام،

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆزانیاری بەڕێزتان ئێراق یەکێک بوو لەو وولاتانەی واژۆی لەسەر پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی لەنەتەوە یەکگرتوەکان کردبوو،واتە ئەندام بوو..

سەدەی بیست بەسەدەی تاوان دژی گەلان دێتە ئەژمار لەبەر زۆری تاوان و جینۆسایدی وولاتان بەرامبەر بە گەلەکانیان،ئەمەی لای خوارەوە هەندێک نمونەی تۆمارکراوی ئەو تاوانانەن لەمێژوودا:

١- کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکیاوە ئەنجام دراوە..
٢- هۆلۆکۆست کە بەرامبەر بەجولەکەکان ئەنجام درا لەلایەن ئەڵمانیاوە..
٣- کوشتارگەی ناسراو بە سربرینیتشا کەلەلایەن سربەکانەوە بەرامبەر بەموسڵمانانی بۆسنە ئەنجام درا..
٤- کوشتارگەی سەبراو شاتێلا،کەلەلایەن ڕژێمی زایۆنیەوە بەرامبەر بە فەلەستینیەکان ئەنجام درا...
٥- کوشتارگەی شاری حەما کەدژبەدانیشتوانەکەی ئەنجام درا لەلایەن ڕژێمی بەعسی عەرەبی کەحافزئەسد سەرکردایەتی دەکرد..
٦- کۆمەڵکوژی وولاتی ڕواندا..
٧- کۆمەڵکوژی دارفۆر،لەلایەن حکومەتی سودانەوە.
٨- لەناوبردنی هندیە سوورەکان لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە،لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەمریکان..
٩- لەناوبردنی گەلی یابانی بەبۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکاوە بۆسەر شاری هێرۆشیما..

خۆشبەختانە لە ساڵی ٢٠٠٢دادگای تاوانەکان لەهۆڵەندا دامەزرا،بەم پێیەش بووە یەکەم دادگا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تایبەت بەکۆمەڵکوژی گەلان و تاوانەکانی جەنگ ..

بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم دادگایە ئەوە کەناتوانێت ئەو کەیسانە دادگایی بکات کە پێش ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجام دراوان لەوانە کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید / ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفال پرسێکی نەناسراو لای گەنجانی کورد !

### پێشڕەو حەمید



لەدوای ٢٨ ساڵ لە جینوسیادکردنی خەڵکی کوردستان و لەدوای ٢٤ ساڵ ڕزگاربون لەچنگی بەعسیەکانی عێراق و حوکمی خۆجێیەتی کوردی ، دەکرێ بپرسین " ئەنفال " چی ڕەهەندێکی فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری لەهەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا بەجێهیشتوە و دەسەڵاتی کوردی لەو پێناوەدا چی کردوە بۆئەوەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان لەودۆخە دەرونیە ناجێگیریە رزگاربکات ؟

پرۆسەی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان چی ماناو دەلالەتێکی سیاسی و ئینسانی و مێژووی لای نەوەی نوێ یان گەنجی ئێستا دروستکردوە و گەنجانی دوای شەڕەی ناوخۆ ، چۆن لەئەنفال دەگەن و ئەنفال چۆن دەخوێننەوە ؟ ئەنفال چی بیرەوەرییەکی لای ئەم گەنجە بەجێهێشتوە و چۆن لەو ئازارە تێدەگات کە ئێستاش لە نێو جەستەی کۆمەڵگای کوردیدا بەتێپەڕبونی کات زیاتر بەسوێتر دەبێت ؟

ئایا مەغزاو دەلاتەتی ئەنفال یان ئەو کۆمەڵکوژیە تاچەند بەشێوەیەکی تەندروستانە بەگەنجی کوردی گەیشتوە و دەسەڵاتی کوردی چۆن ئەو تاوانەگەورەیەی سەدەی بیستی ڕابردوی شرۆڤەکردوە و چۆن کــۆدەنگی یەکی لای گەنجان خولقاندوە بەوەی کە " ئەنفال " کردن پرۆسەیەکی نـامرۆڤانەو شۆڤێنسیتایانەی بەعسیەکان بوە بۆ سڕینەوە ناسنامەی بونی نەتەوەی کورد ؟

زۆرێک لە گەنجانی کورد لەو ئازارە تێ ناگەن کە " ئەنفال " لەنێو دڵی نەتەوەیەکدا دروستیان کردو وەو زۆجاریش بێباکانە بەسەر ئەو پرسەدا بازدەدەن و ئامادەییان نیە لەوە تێبگەن کە ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان بۆچی و لەپێناوی چیدا کرا،

دەسەڵاتی کوردی و دەزگاپەیوەندیدارەکانی بەرپرسی یەکەمن لەوەی کە بۆچی بەشێکی زۆری گەنجان " ئەنفال " ناناسن و بۆچی لێی تێناگەن و بۆچی هەرباس و خواستێک لەسەر" ئەنفال " ڕایان ناگرێت و غیابن لەقسەکردن لەسەری ، ئەوەش یەکێکە لەو هەنگاوانەی کەدەبو دەسەلاتی کوردی بەشێوەیەکی شلگێرانە کاری بۆبکردایەو ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستانی وەک پرسێکی نەتەوەوی و کوردستانی بناساندایە بۆ ئەوەی کوردێک نەبایت لە وەی نەزانی ئەنفال چیە و ئەنفال لەوە تێپەڕێنێت کە تەنها لەساڵ یادی تاوانەکەدا بەبیری خەڵک و گەنجانی بهێنر یتەوە.

!! ئەگەر پرسیارێکی تر ڕووبەری ئەم دەسەڵاتە بکەینەوە لە یادی ٢٨ ساڵەی تاوانی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستاندا ،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئـاخۆتـائێستا چەند ئەنفال چیی دادگای کراون لەکاتێکا زۆربەیان خودی دەسەڵات پەنای داون و دیوە خانـانە یـان بۆسـەرف دەکـات ؟ ئاخۆتائیستا لە ڕوفاتی ئەو ٢٠٠ هەزار ئەنفالکراوانە چەندیان ماون تـابیان گەڕێنێتەوە بۆخاکی نیشتمان جگەلەو چەند ڕوفاتەنەبیت کە گەڕێندرانەوە بۆناوەچەی بارزان و دوکان و گەرمیان کە ژمارەیان لە هەزار ڕوفات تێنەدەپەری ؟

ئایا تائیستا چەند تویژەرەوەی کۆمەڵایەتی و دەرونی لەو دامەزراوانەدا کاردەکەن کە بۆلێکۆڵینەوەو ئەنفال ناسی دامەزراون ، ئـاخۆ تائێستا دامەزراوەیەکمان بەو ناوانەوە هەیە لەسەر تاسەری کوردستاندا ؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید / ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦**



## سەدامو بارق و ئەنفال

### "چۆن باوەڕ بکەم مردونو نەماون؟"

ئەمە قسەی پورە حەبێ لەشارۆچکەی رزگاری، ئەو شارۆچکەیەی کە بەشێکی بەرچاو لەدانیشتوانەکەی کەسوکاریان بەر ئەنفال کەوتووەو پاشماوەی پرۆسەی ئەنفالن.



ئاوێنە، ئاودێر، رێژەن: پورە حەبێ کە نەهامەتیەکانی ژیانو رۆژگار بەروخساریەوە بەدیدەکرێو بەئەستەم قسە دەبیستێ، دوای تێپەڕینی ٢٨ ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا هێشتا زەمەن لەلای ئەم پیرەژنە وەک ئەو رۆژەی وەستاوە، ئێستاش ئەو رۆژەی ساڵی ١٩٨٨ی لەبەرچاو ون نابێت کە هێزێکی سەربازی گەورەی رژێمی بەعس هات "شەڕو غەزەبیان لێدەباری"، بەوپەڕی زەبروزەنگو توندوتیژییەوە ناوچەکانی گەرمیانی لەدانیشتوانەکەی چۆڵ کردو وەک خۆی دەڵێت "ئازیزترین کەسەکانی ژیانی لێجیاکردەوەو راپێچی ناو چەند زیلێکیان کردنو بەرەو شوێنێکی نادیار دورخرانەوە".

ئەو وتی "چوار خوشکو سێ براو دو کوڕم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون".

وتیشی "رۆژێکی بەهار بو کە سواری زیل کراین، هەر یەکەمان خراینە دوای زیلێکەوەو بەرەو نوگرە سەلمان براین".

ئەو باس لەوە دەکات کە دوای بردنیان بەرەو باشوری عێراق لەلایەن هێزەکانی رژێمی بەعسەوە، ئیتر هیچ هەواڵێکی دەربارەی کەسوکارەکەی نەزانیوە، دوای بەسەربردنی چەند مانگێکیش لەنوگرە سەلمانو گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، هیچ هەواڵێکی وەک خۆی دەڵێت "ئەو ئازیزانەی دەستنەکەوتووە نازانێت چارەنوسیان چی بوە".

ئەو کە ئێستا بەتەنها لەشارۆچکەی رزگاری دەژی، ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر هیوام بەوە بوە مابن، بەڵام ئێستا بێهیوایەو نازانێت کەسوکارەکەی لەبرسانو لەتینوان مردن یان بەزیندویی کران بەژێر خاکەوە، ئەو وتی "هەمیشە چاوم لەرێیە تاکو منداڵەکانم بگەڕێنەوە، چۆن باوەڕ بکەم مردونو نەماون؟"

وتیشی "خۆزگە منیش ئەنفال بکرامایەو بۆ مەینەتیو کوێرەوەری نەمامایەتەوە".

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کە جلێکی کوردی ڕەشی لەبەردایەو لەکاتی قسەکردندا دەستە چرچو لۆچەکانی ڕادەوەشێنێت، باس لەوە دەکات لەگەڵ بینینی هەر کەللەسەرێکدا کاتێک کە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوەو هەڵدەدرێتەوە توشی دڵەخورپە دەبێت، ئەو وتی "سەرباری ئەم هەمو مەینەتیو خەفەتەش، سەبورییەک بەدڵمدا هات کە ئیعدام کردنی سەدامم بەچاوی خۆم بینی".

پرۆسەی ئەنفال، پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد بو کە ساڵی ١٩٨٨ بەهەشت قۆناغ ڕژێمی سەدام ئەنجامیداو بەسەدان هەزار کوردی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی قەتلوعام کرد. ئامارە نارەسمییەکان ئاماژە بەگیان لەدەستدانی ١٨٢ هەزار کەس دەکەن، بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوان ژمارەکە بەزۆر زیاتر لەوە مەزەندە دەکەن. ڕژێمی بەعس خوازیاری ئەوە بو لەڕێگەی ئەنفالەوە پەیامی سەرکوتکردنی هەر نارەزاییەک بەخەڵکی کوردستان بگەیەنێت. سەدام کە بەعسیەکان بەسوارچاکی "عروبە"یان ناودەبرد، لەبیری "ڕاگواستنو بەعەرەبکردنو بە بەعسی کردن"ی کوردستاندا بو، کۆمەڵێک ئەفسەری شەڕەنگێزی وەک "بارق" پرۆسەی ئەنفالو زیندەبەچاڵکردنی هەزاران هاوڵاتی کوردو خاپورکردنی کوردستانیان بۆ بەڕێوەدەبرد. ئێستاش دوای تێپەڕینی ٢٨ ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا، بەڵام هێشتا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ هەن نەدۆزراونەتەوە یان دۆزراونەتەوەو هەڵنەدراونەتەوە.

"

نازانم کەسوکارەکەم لەبرسانو لەتینوان مردن یان بەزیندویی کران بەژێر خاکەوە، هەمیشە چاوم لەڕێیە تاکو مناڵەکانم بگەڕێنەوە، چۆن باوەڕ بکەم مردونو نەماون؟! "

بەڕێوەبەری گشتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەوەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم، پەری عومەر باس لەوە دەکات کە نزیکەی ساڵێک دەبێ گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوانیان لە سنوری تۆپزاوە دۆزیوەتەوە بەڵام هەڵنەدراوەتەوە، هاوکات ئەو باس لەوەش دەکات کە بەهۆی پەکخستنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە ناتوانن بچنە ناوەڕاستو باشوری عێراق بۆ گەڕانو دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

ئەو وتی "ئێمە وەک وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم پێشتر بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەماهەنگیەکی زۆر باشمان هەبو لەگەڵ وەزارەتەکانی مافی مرۆڤو وەزارەتی تەندروستی عێراق، ئەم دو وەزارەتەی عێراق زۆر هەماهەنگو هاوکارمان بون، چونکە بێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق ناتوانین بچینە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، ئەوەش بەهۆکاری سیاسیو ئەمنی".

وتیشی "لەکاتی چونمان بۆ گەڕان بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەبێ فەرماندە سەربازیەکانو بەرپرسانی پۆلیسو سوپای چەندین ناوچە ئاگاداربکرێنەوە لەعێراق".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی شەهیدان رونیکردوە کە "ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمەیە ئەوەیە بۆ ماوەی ٨ مانگ زیاترە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی لەلایەن حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پەکخراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەند وەزارەتێکی دیکە لەعێراقدا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە تا ئێستا ئاڵوگۆڕ لەپۆستەکاندا نەکراوە".

لەبارەی جێگرەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان، پەری وتی "پاش هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان رادەستی دامەزراوەی شەهیدانی عێراق دەکرێ، بەڵام ئەو دامەزراوەش ناتوانن هەماهەنگیمان لەگەڵ بکەن، تائەو کاتەی دۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان رادەست نەکرێ لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقەوە".

وتیشی "چەند گۆڕێک ماوەی نزیکەی ساڵێک دەبێ لەسنوری کەرکوکو تۆپزاوا دەرکەوتوەو دڵنیاین لەهەڵمەتی چەپەڵی ئەنفالدا خراونەتە ژێر گڵەوە، ئەوەش کارمان لەسەر کردوە".

لەبارەی هۆکاری هەڵنەدانەوەی ئەو گۆڕانەش، ئەو وتی "دەبێ بەیاسا کاری لەسەر بکەینو پێشکەشی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەین لەداهاتودا تا مافو ئیمتیازاتی کەسوکارەکانیان نەفەوتێ".

"

### ساڵ بەساڵ یادەوەری ئەنفال کاڵتر دەبێتەوە

بێ ئاماژەکردن بەکاتەکەی بەرێوەبەری گشتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان باسی لەوەکرد کە "لەئایندەی نزیکدا کاری هەڵدانەوەی بۆ دەکەن".

هاوکات ئاماژەیدا بەوەی کە لەپلانیاندا بوە کاری دیکۆمینت بۆ ئەنفالکراوان بکەن بەڵام قەیرانی دارایی رێگربوە لەو کارەیان.

هاوکات بۆئەمساڵ فۆتۆگرافەرانی گەرمیان، بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کاری بەدیکۆمێنتکردنی تاوانی ئەنفال دەگرنە ئەستۆ لەرێگەی کۆکردنەوەو وێنەگرتنی ئەنفالکراوان.

کۆسار عومەر، سەرپەرشتیاری گروپی فۆتۆگرافەرانی گەرمیان، تایبەت بەئاوێنەی راگەیاند "ئێمە وەک گروپی فۆتۆگرافەرانی گەرمیان وەک هەوڵێکی خۆبەخشانە، ماوەی ٣ مانگە دەستمانکردوە بەکۆکردنەوەی فۆتۆی ئەنفالکراوانی گەرمیانو لەو چوارچێوەدا وێنەی سەدان ئەنفالکراومان کۆکردۆتەوە، بەشێوەی وێنەگرتنی وێنەکانیان لەرێگەی کەسوکاریانەوە".

ئەو وتی "ئەمساڵ لە ٢٨ هەمین ساڵرۆژی تاوانی ئەنفالدا نمایشی دەکەینو وەک بەڵگەو دیکۆمێنت کۆیان دەکەینەوەو پاشتریش لەرێگەی ناونیشانی ماڵپەتەکانیان میدیاکارانو رێکخراوەکانی تایبەت بەدۆزی ئەنفال دەتوانن سودو کەڵکی پێویستی لێوەربگرن".

رێکخراوەکانی تایبەت بەدۆزی ئەنفالیش لەگەرمیان، لەسەروبەندی نزیکبونەوەی ساڵیادی ٢٨ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا داواکارن بایەخ بەو تاوانە بدرێت کە دەرهەق بەخەڵکی کوردستان کراوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافو قوربانیانی ئەنفال لەگەرمیان، پێشڕەو ڕەشید بەئاوێنەی ڕاگەیاند کە "ساڵ بەساڵ هەست بەکاڵبونەوەی یادەوەری تاوانی ئەنفال دەکەین لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێستاش بەرپرسانی حکومەتی هەرێم قەیرانی دارایی دەکەنە بەهانەیەک بۆ یادنەکردنەوەی".

ئەو وتی "ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە دو تاوان بون کە بەهۆیانەوە دڕندەیی بەعسو ستەملێکراویی کورد لەدنیادا دەنگی دایەوەو کێشەی کوردیان کرد بەکێشەیەکی جیهانی، بۆیە پێویستە ئەنفال لای حکومەت جێگەی بایەخ بێت".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال...مۆنۆمێنتێک بۆ زیندوەکان

د. کاوە رەزا

قسەکردن لەسەر ئەنفال‌و درندەیی تاوانەکە زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی سەرەڕای قوربانیەکان، تاهەنووکەش ئەنفال کاریگەرییە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی لەسەر دەیان هەزار کەس داناوە.



بۆ زیندوکردنەوەی ئەم جینۆسایدە بۆ مێژوو بۆ نەوەی نوێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند مۆنۆمێنتێکی بە شێوەی پچڕ پچڕ لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دروستکردووە، بەتایبەتی لە چەمچەماڵ و ناحیەی رزگاری.

دیارە ئەم مۆنۆمێنتانە دەتوانن بەشێکی کەمی تراژیدیای ئەنفال بۆ نەوەکانی داهاتوو بگێڕنەوە، بەڵام ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی پێنەکردوەو تا هەنووکە کاری لەسەر نەکردووە، بە دیکۆمێنتکردنی سەرجەمی ئاسەوارە نێگەتیڤە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و مێژوویی‌و دەروونی‌و کلتوری‌و جەستەییەکانی جینۆسایدی ئەنفالە.

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، جگە لەهێنانەوەی رووفاتی چەند سەد کەسێک لە ئەنفالکراوەکان شتێکی ئەوتۆی بۆ ئەم جینۆسایدە گەورەیە نەکردووە، دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتانەش جگە لە یادگارییەک بۆ مردووەکان شتێکی ئەوتۆی بۆ زیندووەکان تێدانیە، چونکە دەکرا لایەنە پەیوەندیدارەکان گەورەترین مۆنۆمێنتیان لەشێوەی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانییدا بۆ پاشماوە کلتوری‌و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال بکردایەتەوە، کە سەرجەمی جل و بەرگ و پێڵاو و چەک و ئەسلیحەو مەمەو شیرو باربی و ئەو شتانەیتر کە لەدوای ئەمانو لەگۆڕەبەکۆمەڵەکاندا دۆزراونەتەوە هەر هەموی ئەرشیف کردبایە، ئەمە جگە لەوەی پێویست بوو یەک بە یەکی کەس‌وکاری ئەنفالەکان وێنەو ڤیدیۆی تایبەتیان بۆ دروستبکرێت و چاوپێکەوتنی گشتگیریان لە گەڵ بکرێت و لەو مۆزەخانەیەک هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی وەکو مێژوو بمێنێتەوە.

دەکرێت ئەم مۆزەخانەیە بەپێی دێهاتەکان‌و چەندێتی ژمارەی ئەنفالەکانیان رەفی تایبەتی بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەهی مردووەکانەوە ببێت بە مۆنۆمێنتی زیندووەکان، بۆئەوەی ببێت بە شایەتحاڵێکی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال، چونکە ئەوانەی ئەمرۆ لەژیاندان دەکرێت سبەینێ ببنەوە بە بەشێک لە خۆڵ و وەکو گەوهەرو ئەرشیفێکی نەتەوەیی لەدەستمان بچێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بە زوترین کات کار لە سەر زیندوەکانی پاشماوەی جینۆسایدی ئەنفال بکات، تامۆنۆمێنتێک بۆ زیندووەکانی ئەنفال ببن بە مێژوی تراژیدیای نەتەوەیەک بۆ دەیان نەوەیتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / رێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# رۆژی ۴/۱۴

## رەوەند غەریب هەڵەدنی

چواردەی چواری هەمو ساڵێک، ساڵیادی کۆستێکی گەورەی ئێمەیە، ساڵیادی ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی ئێمەیە لە باشوری کوردستان.



دوژمنانی گەلی ئێمە لەگەڵ داگیرکردنی خاکی ئێمە خەریکی شکاندنی شکۆ، ئیرادە، کەرامەتی ئینسانی ئێمە بون، خەریکی لەبەریەک هەڵوەشاندن و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی ئێمە بون.

بەڵام خۆ ئەوان دوژمن بون، بۆچی دەسەڵاتی کوردی تەواوکەری هەمان کلتوری سیاسی دوژمنانی کوردە؟

چواردەی چوار تێپەڕی و هێشتا موچەی مانگی شوباتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان نەدراوە! لە کاتێکا هەمو چین و توێژەکانی تر موچەیان وەرگرتوە! یادی ئەنفالیش لە لایەن حکومەتەوە بەرز ڕانەگیرا!؟

لەڕاستیدا دەسەڵاتی کوردی کەسوکاری شەهید و ناوی شەهیدیان تەنها ئەوەندە بۆ گرنگە هەتا ناشیرینیەکانی خۆیان لە پشت جوانیەکانی ناوی شەهیدەوە بشارنەوە.

تەماشای ئەم دیمەنە بکەن

دو کەس پێشمەرگەن، یەکێکیان شەهید دەبێت، ئەوەی کە لە ژیاندا ماوە موچە وەردەگرێ بەڵام ئەویان کە شەهید بوە موچەی پێ نادرێ، لە کاتێکا شەهید بون باڵاترین پلەی نیشتمان پەروەریە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک کرێکار تەماشای پێشمەرگە دەکات، واتە، تا لە ژیاندایە و ئیش دەکات موچەی پێ دەدرێت، بەڵام کە شەهید بو مادام ئامادەگی نیە مافی پێدانی موچەی نیە.

ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوها بێ دەربەست و بێ باکە بۆ دابین کردنی موچەی کەسوکاری شەهیدان، بێ دو دڵی دەڵێین: لوتکەی بێ مۆراڵیە.

شەهید کێیە؟

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بیرمەندی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میڵ لە بارەی شەهیدەوە دەڵێ: "شەهید بون باڵاترین و بێ وێنەترین ئاکاری مرۆڤە. لە شەهید بوندا باڵاترین ماناکانی بەختەوەری بەرجەستە دەبێ، چونکە شەهید کەسێکە قوربانی بە بەختەوەری خۆی دەدا لە پێناو بەختەوەریەکی تردا کە پێیوایە گرنگتر و فراوانتر و دورخایەنترە. قارەمانی راستەقینە ئەو کەسەیە ئازار دەچێژێ نەک لە پێناوی خودی ئازاردا بەڵکو لە پێناوی چێژی کەسانی تر و بەخشینیان لە ئازار چەشتن. بۆیە پێویستە هەمو نازناوێکی شەرەف ببەخشرێ بەو کەسانەی کە خۆیان لە چێژی ژیان بێ بەش دەکەن، کاتێک ئەو خۆبەختکردنە بە هەق رێژەی خۆشبەختی لە کۆمەڵگەدا فراوانتر دەکا".

هەر گەلێک رێز لە قوربانیەکانی خۆی نەگرێ، هەر گەلێک خۆبەختکردنی نیشتیمان پەروەرەکانی بەرز نەنرخێنێت،ئەو گەلە هەرگیز هیچی نابێ بە هیچ.

دەسەڵات بە هۆی فەسادو راوروت و کارو کردەوە ناشیرینەکانیان رێزیان بۆ خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان نەهێشتۆتەوە، هاوکات تەوژمێک لە خەڵکانی بە ناو نوسەر، لە ناو دێڕی نوسینەکانیدا سوکایەتی بە تێکۆشان و نیشتمان پەروەری و شەهید بون دەکەن، بۆ ئەمانەش بێ دودڵی دەڵێین: دەستی دەرەکین.

بەڵام با بۆ هەمو لایەک رون بێ کەسوکاری شەهیدان خاوەنی راستەقینەی ئەم خاک وڵاتەن، نە ئەو هەمو بێ رێزیە هەتا سەر لە دەسەڵات قبوڵ دەکەین، نە لەو نوسەرانەش کە دەستی داگیرکەر و پیاوی هەمو حزبێکن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / رێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال و ژیانی دیسپۆزەبڵ.*

حەسەنی ئایشێ

ئەنفال و نەژادپەرستی، دوو دەستەواژەن کە بە نزیکی بوونەتە هاولفی یەکتری، زۆر بەسادەیی لەبەر ئەوەی هەمووسان دەزانین کە ئەنجامدەرکەی رژێمێکی سیاسیی نەژادپەرست بوو. ئەوەی جێگەی تێڕامانە چەمکی نەژادپەرستی



هەمیشە وێنای خودێکی یەکپارچەی لە ئەندێشە و وشیاریی کۆمەڵایەتیی کوردیدا لە بەرامبەر ئەوێکی دەرەکیدا دروست کردووە. بۆیە لە پرسی ئەنفالدا، شۆڤێنی و نەژادپەرست وەک سیفەتێک دراوەتە پاڵ سیاسەتی دەوڵەت و کەمتەرخەم، نابەرپرس و بێباکیش دراوەتە پاڵ مامەڵەی حزب و دەسەڵاتی کوردی لە تەک ئەم پرسەدا. هەر ئەم تێگەیشتنەیشە کە فاکتەرێک بووە بۆ دروستبوونی وەهمی هەستی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش. وەهمێک کە پەردە بەسەر ئەو جیاکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا دەدات کە لە نێوان پێکهاتە و گرووپەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. واتە ئەنفال بەرلەوەی لە جیاکارییەکی رەگەزپەرستانەی دەرەکییەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەرەنجامی جیاکارییەکی قووڵی ناوەکییە کە ژیانی مرۆڤەکان دەخاتە نێو روانینێکی سوودخوازانەی (النفعية) سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەوە.

بەم مانایە ئەنفالکراوان و کەس و کاریان بە تەنها قوربانیی نەژادپەرستییەکی دەرەکی نین بەڵکو قوربانیی نەژادپەرستییەکی ناوەکیشن. ژیانی ئەو خەڵکە لەلایەن بەعسەوە بۆیە کرایە ئامانج، چونکە لە روانگەی ئەوەوە ئەم گروپانە لە دەرەوەی سیستمی سیاسی، قانونی و کۆمەڵایەتین، فەزایەک کە هەم خەڵکەکە و هەم ژینگەکەی بەنیسبەت بەعسەوە زیادە و دیسپۆزەبڵە، لە بنەڕەتدا شیاوی ئەوەنین کە تێکەڵ بە کۆمەڵگە بکرێنەوە (شتێک کە جیاواز بوو لەگەڵ هەل ومەرجی دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٤ کە دەوڵەت ئەو دەمە پرۆسەی راگوستنی گوندەکانی کوردستانی لە ژێر ناوی تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ ژیانی شارستانی و نیشتەجێکردنیان لە ناو ئۆردوگاکاندا بە ناوی گوندی هاوچەرخەوە ئەنجام دا) بۆیە ژیانی ئەم گرووپە مرۆییانە کەڵکی نییە. حزبی کوردیش بە پێی رێبازی فەلسەفەی نەفعی مامەڵەی لەگەڵ ژیان و مەرگی قوربانییەکاندا کرد، لە کوێدا پێویست بووبێت هێناونییەتە ناوەوە و لە کوێشدا پێویستی نەبووبێت فڕێی داونەتە دەرەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەنفال بە تەنها وەک کەرەسەیەکی سیاسیی بەرژەوەندخوازانە نەک مرۆیی راستەقینە و کردنی بە کەرەسەیەک بۆ موزایەدەی سیاسی، لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژیان و مەرگی قوربانییەکان وەک ژیان و مەرگێکی دیسپۆزەبڵ سەیر دەکرێت. واتە لەو کاتەدا کە یەکێتی و پارتی (و حزبەکانی تریش بەگوێرەی قەبارەی خۆیان) پێویستیی ماددی و لۆجیستییان بە خەڵکی گوندەکان بوو، وەک پەناگەیەک و دواتریش لە پرۆسەی ئەنفالدا وەک درعێکی مرۆیی بەکاریان هێنان، ئەوان خەڵکانێکی سوودمەند بوون.

بەڵام بە نەمانی ئومێد بەو سەرپەنایە و لاسەنگبوونی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی حکومەت، ئیدی ژیانی ئەم گروپە لە مرۆڤەکان لە لای حزبی کوردی دەبێتە شتێکی زیادە کە قابیلی دەستبەرداربوونە بۆیە بە سانایی بەجێدەهێڵرێن. لە دوای پرۆسەی ئەنفالیش

لەو شوێنەدا کە پرسی ئەنفال سوودێکی ماددی یا سیاسی بۆ ئەم دوو حزبە تیا بووبێت، پرسەکەیان هێناوەتەوە ناوەوە، دەنا ئەم پرسە هەمیشە وەک پرسێک لە دەرەوەی دنیای خۆیان سەیریان کردووە. ئەمە ئەو شۆڤینیزمەیە یا نەژاد پەرستییە شاراوەیەیە کە ژیژەک ئاماژەی بۆ دەکات و جیاوازە لە چەمکە تەقلیدییەکەی نەژادپەرستی.

بێدەنگی دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیاریش هەر لەو روانگە بەرژەوەندخوازانەوەیە کە مرۆڤی پێ دەکات بە دوو بەشەوە، گرووپێک لە ناوەوەی سیستم کە بازاڕ پێویستییەتی وگرووپێک لە دەرەوەی پێویستییەکانی بازاڕ و ئابووری. بە گوێرەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سیستم، ئەنفالکراوان و کەس وکاریان ئەو بەشە زیادەیەی مرۆڤایەتین کە لە ناوچوونیان لە ناو جەنگەکان، قەیرانەکان، شەپۆلی برسێتی و کارەساتە سروشتییەکانیدا جێی بایەخ نییە، چونکە پێگەیەکی بەهێزیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماددی و ئابووری سیستمەکەدا نییە، بۆیە دەکرێت دەستبەرداری ماف و تەنانەت ژیانیشیان بین.

---

* ژیانی دیسپۆزەبڵ: چاوپێکەوتنێکی سلاڤۆی ژیژەکە کە سەرچاوەیەکی ئەم وتارەیشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ / ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



# لەیادی ئەنفالدا.. بۆ کوڕەکەم

عەزیز ڕەئوف

پارسا، کوڕە شیرینەکەی بابە، ئێمە لێرە دەژیاین، لەناو خانوە قوڕەکان، لەم گوندە دوورەدەستەی دنیا، بەڵام بەو هەموو سادەییەی



حۆمانەوە دڵخۆش بوین، ڕەنگە لەبەر ئەوە بوبێت لە سروشتەوە نزیک بوین، بۆنی گڵ و خۆڵی دوای باران، ئاگاداربووین کەی گوڵ دەبوشکا، کەی پەڵە دەدات و کەی گەڵا دەوەرێت. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، ئومێدێکمان بە کوردبوونمان و بە بەرەنگاری و گیانبازیەوە مابێت و وەک ئەوەی شانازی بە دەستی زبری خۆمانەوە بکەین.

پارساکەم، پێشمەرگەکان پۆل پۆل دەهاتنە گوندەکەمان. خۆشمان دەویستن، ئەوان وەک دیواری قوڕی ماڵەکەمان خاکی بوون، بە بینینیان شاگەشکە دەبووین. ئێوارەیەک گۆشتی مریشکمان هەبوو، ئەوکات خەڵک زۆر درەنگ گۆشتی دەخوارد، بیرمە دایکە میهرەبانەکەم، خواردنەکەی دابەش کرد، لەو کاتەدا لەدەرگا درا، چوار پێنج پێشمەرگە خۆیان کرد بەژووردا، دایکم خواردنەکەی لێمانسەندەوە و دای بە پێشمەرگەکان، نان و ماستی بۆ ئێمە هێنا، ئاخ پارسا، ئێستا ئەو پێشمەرگانەی لەسەر دەسەڵاتن، نانی میللەتێک دەبرن، پارەی ڕۆژانەی هەزاران منداڵی وەک تۆ دەدزن.

کوڕە شیرینەکەم، سەردەمێک ئومێد هەبوو، ئومێدی خەونی گەورە. ئەو سەردەمە مرۆڤ بۆ خەون دەمرد،ئێشتا خەون مردووە. ئەو سەردەمە سیاسەت مەترسی بوو، ئێستا سیاسەت نعمەتە بۆ کوڕانی حزب، ئەو سەردەمە وەک فریشتە سەیری شۆڕشگێڕەکانمان دەکرد و ئێستاش وەک بەڵایەک لە ڕوخساری دزێوی سیاسیەکان دەڕوانین.

با بۆت بگێڕمەوە، ڕۆژێک لە قوتابخانەی گوندەکەمان پێشمەرگەیەک کتێبێکی پێدام، ڕۆمانی ( تۆڵە)ی محەمەد موکری بوو، دوای دوو کاتژمێر ئەو پێشمەرگەیە لە گوندەکەی تەنیشتمان لەگەڵ دوو هاوڕێیدا شەهید بوون و کۆپتەر تەرمەکانی گواستەوە بۆ بەغدا. پارساکەم، ئەوکات سیاسیەکان خەریکی کتێب بوون، ئێستا سیاسیەکان سەرگەرمی کۆکردنەوەی دەفتەرن. ئەو عەسرە سیاسیەکان کتێبیان کۆدەکردەوە، ئێستا دەفتەر دەبەنە ژێر زەمینەکان.

کوڕەکەم، هاتن ئەنفالیان کردین، ئاگریان لە گوندەکەمان بەردا. دەزانی کوڕم ئەوەی ئاگری لە ماڵەکەمان بەردا ، عەرەب نەبوو، بەڵکو کوردێک بوو پێیان دەوت جاش، دەزانی ئەو جاشانە ئیستا لەکوێن؟ بەسەر حزبەکاندا دابەش بوون. دەزانی کوڕەکەم، ئەمانە حورمەتیان بە هیچەوە نەهێشت، شۆڕشگێڕ و خائین، خوێندەوار و نەخوێندەوار، ئومێد و نائومێدی، مەرگ و ژیان... ئەم مەخلوقانە هاتنە خوارەوە، لەگەڵ خۆیان شاریان کوشت، لەگەڵ خۆیان خەونی مەملەکەتێکیان سەربڕی. ئەوەی بەعس نەیکرد ئەم برادەرە

https://serchawe.com

بەتەماحانە بەرامبەر بەم گەلە کردیان.

پارسا گیان، ئێمە گەلێکین ئەنفال ڕاینەچڵەکاندین، شەڕی ناوخۆ نەبوو پە پەندێک، ئێستا کە کۆمەڵگەیان کرد بە ئۆردوگا، خەونی چی بمێنێت؟ بیست و پێنج ساڵە ئەم هەرێمەیان کردووە بە دەواجن، باڵ لە کوێ بێنین بۆ فڕین؟

ئەنفال چیە کورەکەم؟ ئەنفالکردنی ئومێد و هیواکانمان ئەنفال نیە؟ ئەنفالکردنی خەونەکانمان ئەنفال نیە؟ برسیکردنی خەڵک ئەنفال نیە؟ تەمەڵکردن و بەرخۆرکردنی کۆمەڵگەی کوردی بۆخۆی ئەنفال نیە؟ ئەوان یەک جار و بە هەشت پرۆسە لە ساڵێکدا ئەنفالیان کردین، ئەمان هەموو ڕۆژێک ئەنفالمان دەکەن، ئەنفالکردنی ڕۆح، زۆر ترسناکترە لە ئەنفالکردنی جەستە.

کورم ئەوەی بۆ من لەم یادەدا گرنگە ئەوەیە خۆمان بین. من کە منداڵ بووم، خواردنی بەردەم خۆم دەبەخشی بە شۆڕشگێڕەکان، ئومێدم هەبوو، تۆ وا مەبە کورەکەم، گومان بکە، ناشرینترین قسەی دنیا، مژدەیی سیاسیەکە کە سور دەزانین درۆیە ، ناشرینترین دڕندەی دنیا، ئەو شەیتانانەن ماسکی فریشتەیان پۆشیوە.

دەستم بگرە کورەکەم، با بەیەکەوە خۆمان بین، خۆمان و بەس. کەس دادمان نادا، فریادرەس درۆیەکی گەورەیە، قەت نایا، کەس فریادرەس نیە، نە حزب و نە ئایدۆلۆژیاکان، نە مەزهەب و نە دیبەیتەکان، کورم ئەوەی فریامان دەکەوێت خۆبوونە، گرنگە لەم عەسرەدا خۆت بیت، خۆت و بەس.


سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس / ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ٤/١٤ تاوانی جاش و قوربانی ئەنفال

## زەواڵ حمید



گومان لەوەدا نابینم گەر کەسێکی ئەم وڵاتە نەزانێت و ئەنفالی نەبیستبێت, چی بووە و چۆنکراوە و کێ ئەنجامی دا و دەرخواردی چ گەلێک درا,بەو نەوانەشەوە کەلەدوای ئەنفال لەدایک بوون.دەکرێ بپرسین ،بۆکرا و کێ کردی؟بێگومان حزبی بەعسی گۆربەگۆڕ بەسەرۆکایەتی سەدام حسینی دۆڕاو و علی حسن مجیدی خوێنڕێژی گەلی کورد و بەهوکاری جاش و موستەشارە نەفس نزم و خۆفرۆشەکانی کورد ئەنجامدرا.بەداخەوە لەو شاڵاوەدا ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردی بێتاوان زیندەبەچاڵکران و کرانە ژێر خۆڵەوە و زیاتر لە ٢ هەزار دێش لەگەڵ مزگەوتەکاندا تەختکران و سەروماڵەکانیشیان دەستیان بەسەردا گرت.خوێنەی بەرێز بۆ زیاتربەدەست هێنانی زانیاری و داتا و ژمارەی قوربانی و زیانەکانی ئەوشاڵاوە بگەرێوە بۆ ئەو سەرچاوە و توێژینەوە و کتێبە مێژویانەی کە لەو بارەیەوە نوسراونەتەوە,چونکە من لەم نوسینەمدا دەمەوێ بەچەند پرسیارێک بخەمەروو.ئایە ئەنفال وەکو پێویست و بە رێژەی قەبارەو گەورەیی و زیانەکانی ئەو تاوانە,کراوە بەدۆکۆمێنت؟ چۆن دەبێت هەمووساڵیک پێشوازی لەو رۆژەو لەویادەبکەین هەموو ساڵێک؟ئایە ئەنفال کرا بە جینۆساید؟ ئایە براستی ئەنفالیش لە شێوەی تاوانی ئەرمەنەکانە؟ ئایا بەڕاستی ئەنفال بۆ سرینەوەی گەلی کوردبوو؟ ئای ئەنفال بۆ بردن و سەروماڵ و ئەتکردنی ژن و کچەجوانەکانمان بوو؟ ئایە دەبێت چاوەروانی ئەنفالێکی تر ببینەوە؟ئەی دەبێت کاپتن و ئەنفالچییەکان ئێستا لە کوێ بن؟ ئایە دەبێ ئەو بەرپرس حکومی و حیزبیانە کە پلەی باڵایان هەیە ,چۆن چاوەروانی هێنانەوەی ئێسک و بروسکی کەسەکانیان دەکەن؟ دەبێ کەی لەخەوی بێ کۆتای خۆیان ڕاچەڵەکێن و بێژن ئێتر بەسە کارکردن شانبەشانی موستەشار و جاش لەحکومەت و حیزبدا؟چونکە ئێستا جا ش و باش لەحکومەت و حیزب جیاناکرێنەوە.ئەی جاش ئەنفالمانی نەکرد؟ئەی ئەوان کاپتنی ئەنفال نەبوون؟ گەوادەو فرۆشیاری ژن و کچی ئەم کوردستانە نەبوون؟سوتێنەری رەز و بخاخی ئەم نیشتمانە نەبوون ؟ ئەی تالانکەری ئەم مەملەکەتە نەبوون؟ ئەی برسی و چاوچنۆکی ئەم وڵاتەنەبوون؟ئەی ئەوان سەرقافڵە و رێنیشاندەری ڕووخاندنی ئاواییەکانی ئەم کوردستانە نەبوون؟ئەی ئەوان داگیرسێنەری ئاگری ساڵی ١٩٨٨ نەبوون؟ ئەی ئەوان چڵکاو خۆر و بێ رەوشتەکانی حیزبی بەعس نەبوون؟کوا بەرلەمانی کوردستان ,کوا حکومەتی هەرێم, کوا دادگای عادل, کۆا سزای جاش و موستەشار ؟یان ئێوە غەدرتان لەجاش و موسەشارکردوە هەموو ئەوانەی کەپێیان تان دەوتوو ناراستن؟یان ئەوان بێ تاوانن و تاوان دەخەنە پاڵیان؟یان ئەوان مەردوو ئێوە نامەرد؟ یان ئەوان راست و ئێوە درۆزن؟ یان ئێوەش دەستان هەبووە لە ئەنفالداو نتانەوێ موستەشار نەبرێتە بەردەم دادگا تا شتەراستییەکانی تر دەرنەکەون ؟یان پێکەوە ئەمجارە دەستی پێدەکەن بۆیە لەبنی بارەگاکانتان جێگایانتان کردۆتەوە؟چۆن شەرمناکەن بەبێ دادگایی جاش و موستەشار یادی ئەنفال دەکەنەوە ؟ئەی ئێمەی نەوەی ئەنفال چۆن رێگە بەخۆمان دەدەین ئامادەی یادێک دەبین کەرەنگە ئەنجامدەرانی لەپێشی هەموانە دانشتبێت؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی سنور میدیا / رێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٦

https://serchawe.com

# پێشوو ئەنفال جەستە بوو ئێستا ئەنفال ئابورییە

ئەندازیار/شیلان بیبانی

ئەنفال نەوەک کوردستان بەڵکو لە هەموو دونیا بە تاوان دانرا، ئەوەی بینیمان لە پێشوودا ئەم کارەساتە بووە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵێک کوردی بێتاوان لە منال و گەنج و پیر و کچ و ژن، ئەوان هەندیکیان زیندەبەچاڵکران و هەندیکیان بە کۆمەڵ کوژران، ئەوەی مایەوە لە چاوەروانی هەواڵی کەسەکانیان تا ئیستاش بەرگی رەشیان پۆشیوە ، کێشەکە نەوەک تەنها لە رەشپوشی بەڵکو لە نەداری و نەهامەتی بەرگێکی گەورەیان پۆشی ، زۆر لە ئافرەتە رزگاربووەکان بە منداڵەوە دوای ئەوەی هاوسەرەکانیان بیسەروشوێن بوون کەوتنە ژێر گەورەترین ناخۆشی ژیان و خراپترین گوزەران، ئەوان لە نێو ئەنفالی جەستەو ئەنفالی ئابوریش بوون.



ئەوەندە ئەو ناوە لای کورد ناخۆش بووە هەرچی ویرانکارییەک بێت ناوی ئەنفالی لێ دەنرێت، ئابوری ئەم خەڵکە لەو رۆژە سەختانەدا زۆر خراپ بوو چونکە ئەوانە زۆربەیان خاوەن مەروماڵات و کشتوکاڵ بوون بەڵام دوای تێکدانی جێگە و گوند و ماڵەکانیان چیدی هیچ کاریکیان نەما، ئەوانەی قوربانی سەرەکی بوون ژن و منداڵەکان چونکە زۆربەی پیاوان یا ئەنفال کران و یاخود بوونە پێشمەرگە.

دەرچونیان لە شوێنی خۆیان بووە هۆی ئەوەی کە هەر تاکیک لەوانە لە بەرهەمهینەوە ببێتە بەکارهێنەر و داهاتی رۆژانەیان تەنها لەسەر کریکاری ببەستن، لە لایەکی ترەوە هەموو رەز و باخەکانی جێگەکانیان رووی لە ناوچوون کرد و بەرهەمەکانی ساڵانەی ئەو ناوچانە نەماو کاریگەی نەرینی کردە سەر کەرتی کشتوکاڵی.

کە باس لەوانە دەکەین و باشترە بڵین کە لە رۆشنایی مێژوودا و گرێبەستنی رابوردووی ژیان و گوزەرانی میللەتی کورد بە لاپەرەکان و ریسا و ریگاکانی ئابوری دونیا زۆر کارێکی ئەستەم و گرانە، لە کۆندا میللەتێک بە گشتی بە هۆی بارودۆخی عێراق و سیستەمە یەک بە دوای یەکە چارەنوس رەشەکاندا توشی زەرەرو زیانیکی زۆری جەستەیی و مرۆیی و لە کۆتایشدا ئابوری بووە ،ساڵانیکی زۆر بەدەست جەنگەکانی عیراق و ئیرانەوە قەیرانی گرانی و نەبوونی ئارامی و ئاسایش زۆر بەربڵاو بوو، پاشانیش بەهۆی قەیرانە ئابورییەکەی ساڵانی نەوەتەکان و ئیتر دریژە پێدانی ئەو کێشەیە بۆ نزیکەی ١٣ ساڵ و نەبوونی خزمەتگوزاری و سوتەمەنی و هتد، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پیبکرێت بەدەر لە هەموو خەڵکیک بەدەر لە هەموو مەینەتیەکانی میللەتی کورد، لە ساڵەکانی هەشتادا

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵی خەڵکی بی گوناح توشی ئەنفالکردن و بیسەروشوینکردن هاتن ئەوە داستانێکی رەشە و لە میژووی کوردا تۆمار کرا، جارێکی تر دەیلێینەوە کە لێکەوتەکانی ئەو کردارە نامرۆڤیە بکەین خێزانە بەجیماوەکانیانیە ! ئەو کەسانەی کە نەوەک تەنها بی کەس لەپاش هاوسەر و باوک و برا و مام و خال ....

مانەوە بەڵکو بیدەرامەت ژیانێکی زۆر ناخۆشیان بەسەر برد، سەختی ژیان لەوکاتەوە تا ئیستا بەرۆکی ئەوانەی بەرنەدا دارمانی ماڵەکانیان بی لانەیی لێکەوتەوە.

خۆی لە دونیادا گەورەترین گرفت کە مرۆڤایەتی هەرەسی دەهێنی بریتیە لە ئابوری، بۆیە ئەو پرۆسەیە کە رێچکەیەکی لایەنە ئابورییەکە بوو و ریچکەیەکی تری لایەنی سیاسی بوو ، بەمشێوەیە گەر ئاساواری ئەو سیاسەتە تا چەن ساڵیک مابێت بەڵام ئاسەواری لایەنی ئابوری هەموو ژیان بەرۆکیانی گرت و تا ئێستاش کاردانەوەی لەسەر وڵاتێش هێشتا ماوە.

بە بەڵگەی ئەوەی بەردەوام کازاندەکان بۆ تاکە سەرچاوەیی بەرزدەکرێتەوە کە تەنها نەوتە، کەرتی کشتوکاڵ لەو کاتەوە کە لەناوبرا و خەلکەکەشی دەربەدەر و هەندیکیان تەنانەت کوژران و زۆربەشیان بێ سەروشوێن کران چیدی دوای راپەرین بەو شێوە گەرموگورییەوە بەرەو لادییەکان خەڵک نەرویشتنەوە جوتیارەکان زەوییەکانیان پشتگوی خست و مەروماڵاتیش زۆر کەمبونەوەو زۆر کەم خەڵک هەبوو جارێکی دی داری شوانی بگرێت و بەرەو شاخەکان بەریبکەون، لەو کاتانەدا قەرەبووکردنەوەی حکومەت بۆ خەڵکانی گوند شێوازێکی ئابوری هەڵەی گرتەبەر ئەویش بە دامەزراندنی زۆر لە گوندنیشانی پیشوو و پێدانی مووچە، کەواتە هەستی نیشتمانی و سوزداری بۆ قوربانیانی ئەنفال و گوندەکان دارمانی ئابوری و کێشەی ئیستای لێکەوتەوە.

کوردستان بووە جێگەیەک کە شارو گوند وەک یەکی لێهاتووە لایەنی ئابوری گوندنیشنەکان بەتەواوی پشت بە هاوردەکانی بازاڕی شار دەبەستن، لێرەدا تیبینی ئەوە دەکرێت کە پیلانێک بەر لە ٢٧ ساڵ بەرامبەر گەلی کورد کرا تا ئێستاش پاشماوەکەی بگرە زیاتریش لە رووی ئابورییەوە ماوەو رۆژ لە دوای رۆژ قەیرانی بەدوا دێت.

ئەمانە گریبەستیکی مێژوویی بون بۆ تێکدانی ئابوری مرۆڤایەتی کورد چونکە تاکە چەکی داروخانی میللەتیک بریتیە لە تیک شکاندنی ژێرخانی ئابوری ئەو میللەتەو لەناوبردنی سەرچاوەی داهاتی رۆژانەی تاکەکان.
ماستەر لە کارگێری کاردا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە نێت / رێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەربازبون لە تاوانی ئەنفال

مەجید سالح

## پێشەکی

لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانە لە یادی ئەنفالەکاندا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و چالاکوانانی ئەو بوارە لە پاڵ یادکردنەوەکەدا، خۆپیشاندان دەکەن و بەیاننامەی نارەزایەتی دەردەبڕن، نەک بۆ باشکردنی ژیانی کەسوکارە بەجێماوەکانی ئەنفال، نەک بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەوزیانانەی کە لە گوندو ناوچەکانیان کەوتوە، بەڵکو بۆ دادگایی کردنی ئەو تۆمەتبارە کوردانەی کە دەستیان لەو تاوانەدا هەبوەو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا ناویان وەک تۆمەتبار هاتوە.



ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە تاوەکو ئێستا دامودەزگا پەیوەندیدارەکان چی لە هەرێمی کوردستان بێت یان لە بەغدا، ئەم داخوازییە هەرگرنگەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وڕێکخروەکانی چالاک لەوبوارەدا بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست نادیدە گرتوە، چارەسەرێکی ریشەیی و هەمیشەیی بۆ نادۆزنەوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە تەنانەت ئەو دادوەر و بەرپرسانەش کە بەجۆرێک لەجۆرەکان کار بۆ نەهێشتنی ئەم زوڵمە قورس و گرانە دەکەن، دەکەونە بەر هەڕەشەو تەسفیە کردنی ئیداری یان بەرێگای جۆروجۆر سزادەدرێن.

لە لایەکی دیکەوە لە ئەنجامی هاتنی هۆکاری دیکەی زوڵم کردن لە کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بەو مەسەلەیە، داخوازیەکانی ئەوانیش جۆرێک لە ڕێگەلادان لە ئەسڵی مەسەلەکە بەدی دەکرێت و داخوازیە سەرەکیەکە، کە بەرقەرارکردنی (عەدالەتی ئینتقالی و بە نێودەوڵەتی کردنی کەیسی ئەنفال)ە، لە ناو کۆمەڵێک داخوازی لاوەکیدا ون دەبێ و کەسانێک دەبنە پاڵەوان و تۆمەتبارەکان زیاتر حەشار دەدرێن. ئەگەر چی ئەمە بە مەبەست نییە، بەڵام بۆ گەیشتن بە چارەسەری یەکجارەکی کەیسی ئەنفال دەبێ فراوانتر بروانیینە ئەم مەسەلەیەو کەڵک لە ئەزمونی گەلان و وڵاتانی دیکە وەرگرین.

لەم بابەتەدا لە ڕێگەی تیشک خستنەسەر ئەزمونی ئەو گەلانەی کە جینۆساید کراون ودواتر چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەی جینۆساید کراوەکان دۆزراوەتەوە، هەروەها لە ڕێگەی خستنەڕوی ئەو چارەسەریانەی کە (سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ عەدالەتی ئینتقالی) دایناوە، دەمەوێت کۆمەڵێک چارەسەر بخەمە بەردەستی کاربەدەستان و کەسو کاری ئەنفالکراوەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بەم کەیسە، بەهیوام کەڵکی لێوەرگیرێت و کاربۆ جێبەجێ کردن و پراکتیزە کردنیان بکرێت.

https://serchawe.com

## ئەزمونی ئەرمەن

لەسەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای ئەو جەنگەش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕێگەی قڕکردن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی ئەرمەنیەکانەوە نزیکەی ١ بۆ ١,٥ ئەرمەنی و مەسیحی دیکەی وەک کلدان و ئاشوری و سریانی و یۆنانی لەناوبران. بەڵام تورکەکان باس لە کوشتنی تەنها ٣٠٠,٠٠٠ کەس دەکەن.

قڕکردنی ئەرمەنیەکان بە یەکەم جینۆساید لە مێژوی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا لە قەڵەم دەرێت کە بە شێوەیەکی نەخشەبۆدارێژراو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک ئەنجامدراوە. لە دوای هۆلۆکۆستی جولەکەکان بە دوەم کەیسی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک دێت.

هەمو ساڵێک ئەرمەنیەکانی جیهان لە ٢٤ نیساندا یادی جینۆسایدکردنی نەتەوەکەیان بەدەستی عوسمانیەکان دەکەنەوە، لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ئەستەمبول ٢٥٠ لە پیاوماقوڵانی ئەو گەلەیان دەسگیرکرد و دواتر بەبەرنامە هەمو ئەرمەنیەکانیان شاربەدەرکرد و ناچاریان کردن وڵات بەجێبهێڵن و لە ڕێگەشدا دەستیان دایە داگیرکردنی موڵک و ماڵیان و کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان.

بۆ یەکەمجار لەتشرینی دوەمی ساڵی ١٩١٩ باس لە کەیسی ئەرمەنیەکان کرا، لەوکاتەدا بریتانیا چوە ناو ئەستەمبولەوە هەندێ لە تاوانبارانی ئەو کەیسەی دەسگیرکرد و دادگایی کردن، بەڵام زۆربەی تاوانبارەکان هەڵهاتن وبە سێوەی غیابی فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچو، تەنها کەسێک کە دەستگیرکراو دواتر ئیعدامکرا کەسێک بو بە ناوی (یوزگت) کە کوشتنی سەدان ئەرمەنی بەسەردا ساغ بویەوە.

لە ئێستادا ٢٠ وڵاتی جیهانی دان بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنیەکاندا دەنێن و لە ئەمریکاش لە کۆی ٥٠ ولایەت ٤٢ ولایەتیان دانی بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکاندا ناوە.

لەسەر ئاستی میدیاکانیشدا ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک نیویۆرک تایمز، ئاسوشیتد پرس، لوس ئەنجلوس تایمز ئەو کوشتارگەیە بە جینۆساید ناو دەبەن.

ساڵی ١٩٩٧ کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆساید (IAGS) بڕیارێکی دەرکرد و دانی بەو تاوانەدا ناوە. لای خۆشیەوە زۆربەی پارتەکانی باکوری کوردستان و ڕۆشنبیران بەناوی گەلی کوردەوە داوای لێبورنیان لە گەلی ئەرمەنی کرد بەوەی بایرانیان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشداری ئەو تاوانە بون.

لە ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی ئەوروپی بە زۆرینەی ڕەهای دەنگیدا لە سەر بە جینۆساید ناساندنی کوشتاری ئەرمەنیەکان. هەروەها پاپای

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڤاتیکان و سەرۆکی ئەڵمانیاش دانی بەو تاوانەدا ناوە، بۆ هێشتنەوەی ئەو یادەوەریە لە ئێستادا ١٣٥ مۆنومێنت لە ٢٥ وڵاتی جیهاندا دروستکراوە.

ساڵی ١٩٦٥ لە پەنجاهەمین ساڵیادی ئەو تاوانەدا ئەرمەنیەکان، بۆ ماوەی ٢٤ سەعات خۆپیشاندانیان کرد بۆ ئەوەی دان بەو تاوانەدا بنرێت. لە یەریڤانی پایتەختی ئەو وڵاتەش مۆنومێنتێک دروستکراوە کە بەرزیەکەی ٤٤ مەتر دەبێت و ساڵانە لەو جێگەیەدا هەمو ئەرمەنیەکان کۆ دەبنەوە یادی ئەو تاوانە دەکەنەوە.

دوای ئەوەی ئەرمەنیەکان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا توشی جینۆساید هاتن، کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەبەر بەرژەوەندی حکومەتەکان لێی بێدەنگبون، بەڵام چالاکوانە ئەرمەنیەکان دۆش دانەمان و لەماوەیەکی کەمدا هەمو تاوانبارە سەرەکیەکانی ئەو کارەساتەیان بە سزای خۆیان گەیاندا، لە ئێستاشدا دوای ١٠٠ ساڵ لە هەوڵی ئەوەدان کەیسەکەیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید بناسرێ و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتو بون.

## ئەزمونی جولەکە

جولەکەکان کە لە کاتی دەسەڵاتدارێتی نازیەکانی ئەڵمانیادا روبەڕوی هۆلۆکۆست بونەوە ژمارەیەکی زۆریان بە گاز و ئاگر قڕکران، تەنها پاش سێ ساڵ لە جەنگی جیهانی دوەم توانیان ئەو کەیسە بقۆزنەوەو دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرێنن، دواتریش لە رێگەی دادگای نێودەوڵەتی نورمبیرگەوە توانیان زۆربەی تاوانبارەکانی هۆلۆکۆست بەسزا بگەیەنن کە ئەو دادگایەش نەما لە رێگەی هێنان و رفاندنی تۆمەتبارەکان لە دادگاکانی ئیسرائیلدا حوکمدران. تا ئێستاش بەدواداچون دەکەن بۆ ئەوانەی کە دەستیان هەبوە لەو تاوانەدا. لە هەموی گرنگتر ئەوەیە بە هەمو رێگەیەک لە هەوڵی ئەوەدان ئەو تاوانە بۆ هەتا هەتایە لە مێشک و هزری نەک هەر خۆیاندا، بەڵکو مرۆڤایەتیدا بهێڵنەوە.

## ئەزمونی رواندا

لە نیسانی ١٩٩٤دا فەرماندە سەربازیەکانی (هۆتۆ) کە زۆرینەی دانیشتوانی رواندا پێکدەهێنن، پەلاماری کەمینەی (تۆتسی)یانداو لە ماوەی کەمتر لە ١٠٠ رۆژدا هەشت سەد هەزار کەسیان کوشت و دەستدرێژی سێکسیان کردە سەر هەزار کچ و ژنی ئەو کەمینەیە.

دواتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادگایەکی بەناوی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی رواندا دامەزراند و بەم جۆرە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تاوەکو ٢٠٠٦ زۆربەی تۆمەتبارەکانی ئەو تاوانە لەو دادگایەدا سزادران. کەیسی ئەم کەمینەیە لە رێگەی فیلمی دیکۆمێنتاری و کۆنفرانس و میتینگی نێودەوڵەتیەوە بوەتە کەیسێکی ئاشناو ناسراو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

## ئەزمونی بۆسنە وهرسک

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە مانگی چواری ١٩٩٢ جەنگ لە نێوان سربیەکان و بۆسنیەکاندا هەڵگیرساو تا ساڵی ١٩٩٥ ی خایاند و لە ساڵی ١٩٩٣ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دادگای باڵای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی یوگسلافیا پێکهێناو لەماوەیەکی کەمدا زۆربەی تۆمەتبارە سەرەکیەکان هێنرانە بەر دادگاو سزای جۆربەجۆر دران. دوای ئەوە کارەساتە بە هۆی بە نێودەوڵەتی کردنی کارەساتەکەیانەوە، بۆسنیەکان توانیان دەوڵەتێکی سەقامگیر بۆ خۆیان دروست بکەن و بۆ هەتاهەتایە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری سربەکان رزگاریان بێت.

## ئەزمونی کوردستان

دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان دادگایەکیان بە ناوی دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغداد دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-٢٠٠٣ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەرحەق بە عێراقیەکان ئەنجامدراوە.

کەیسی ئەنفالیش یەکێک بو لەو کەیسانەی کە ئامادەکرا بۆ بەردەم ئەو دادگایە، تۆمەتی ئەنجامی تاوانەکەش خرایە ئەستۆی هەریەکە لە (سەدام حسێن، عەلی حەسەن ئەلمەجید، سوڵتان هاشم، تاهر توفیق ئەلعانی، صابر عبدوئەلعزیز ئەلدوری، حسین رشید ئەلتکریتی).

لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ هەمو تاوانبارەکان دەرکرد، جگە لە گاهر توفیق العانی کە ئازادکرا. لە هەمان کاتدا دادگا داوای ٢٢٣ تۆمەتباری دیکەی کرد بۆ لیکۆڵینەوە لێیان سەبارەت بە بەشداریکردنیان لەو تاوانە، زۆربەی ئەمانە ئەو کوردانە بون کە وەک جاش هاوکاری رژێمی بەعسیان کردبو لە کاتی ئەنفالەکاندا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە دادگای ئەنفالدا هەر لە سەرەتاوە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکاو حکومەتی بەغداش کە ئەو دەم کورد دەستڕۆیشتو بو تێدا، کاریان دەکرد بۆ ئەوەی دادگایی کردنی توانبارەکان لە چوارچێوەی عێراق نەچێتە دەرەوە، لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان نەیاندەویست کەیسی بزوتنەوەی رزگاریخوای کوردستان رەهەندێکی نێودەوڵەتی پەیدا بکات، چونکە بەرژەوەندی ئەوان وا دەخوازێت کە لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکە نەکەونە کێشەوە.

٢- زۆر لە وڵاتانی ئۆرۆپا کە کۆمپانیاکانیان چەک و تەقەمەنی و گازی کیمیاییان بە حکومەتی بەغدا دابو، نەیاندەویست لە رێگەی ئەم دادگایەوە دۆسێی پڕچەک کردنی رژێمی سەدام لە لایەن ئەوانەوە هەڵبدرێتەوە، وەک شەریکە تاوان تەماشا بکرێن.

٣- بەغداش نەیدەویست لە رێگەی ئەم دادگاییەوە رای گشتی جیهان ببێتە پشتیوانێکی سەرەکی بۆ جیابونەوەی کوردستان لە بەغدا.

هەر لە بەر ئەم هۆکارانە کەیسی دادگای ئەنفال بو بە کەیسێکی لۆکاڵی و هاوپەیمانان و حکومەتی بەغدا بە مەبەست چەند

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دادوەرێکی لاواز و کەم ئەزمون و چەند داوکارێکی گشتی گومانلێکراویان هێنا بۆ دادگایی کردنەکە و کوردیش چەند پارێزەرێکی کەم توانای نارد بۆ دادگاکە.

بەداخەوە لەو ڕۆژەوەی کە دادگا دوا بڕیاری خۆیدا تاوەکو ئێستا، نە حکومەتی هەرێم و نە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەیسی ئەنفال و نە قوربانیانی ئەم تاوانە گەورەیە نەیانتوانیوە ئەنفال لە جوغزە لۆکاڵیەکەی دەربێنن و هاوشێوەی ئەزمونی نەتەوە و گەلانی دیکە بیکەن بە کەیسێکی نێو نەتەوەیی.

خودی ئەم ڕێبیوان و خۆپیشاندانانەش کە ماوە ماوە لە ساڵیادی ئەو کۆستە گەورەیەدا ئەنجام دەدرێن، ئەگەرچی هەڵقولاوی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارێتی کردنەوەیە، بەڵام زیاتر کەیسەکە دەکاتەوە بە لۆکاڵی و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەرفراوانتر دەکات و ئەنجامەکەشی پێچەوانە دەبێتەوە.

## چی بکەین؟!

ئێستا کە کۆستەکانی کورد کۆستی شنگالیشی بۆ زیاد بو، پێویستە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجەو شنگال بکرێت و لە لۆکاڵیکردنی تاوانەکە خۆمان بەدور بگرین، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگایەی لێکۆڵینەوەی پسپۆر دامەزرێنرێت و خەڵکانی شارەزاو لێهاتوکاری تێدا کار بکەن، لە ڕێگەی هێنانی کارشناسی بیانی تایبەتمەندەوە کەمپینێکی هەمە لایەنە لە سەرتاسەری دونیا ڕێکبخرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخرێتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقیەوە کە تا کوردستان داگیرکراو دابەشکراو بێت ئەگەری ڕودانی کارەساتی لەو کارەساتانە گەورەتر لە ئارادا دەبێ.

بەڵام پێش هەر هەنگاوێک پێویستە بە زوترین کات، عەدالەتی ئینتقالی پەیڕەو بکرێت کە خۆی لەم بڕگانەدا دەبینێتەوە:

١- دادگایی کردنی سەرجەم تۆمەتبارەکان، بە جاش و موستەشارەکانیشەوە، بەمە دەتوانین دۆسیەی دادگاکردنی تۆمەتبارەکان دابخەین کە یەکێکە لە داخوزیەکانی کەس وکاری ئەنفال و پرەنسیپێکی سەرەکی عەدالەتی ئینتیقالیشە.

٢- هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو دادگا و دامودەزگایانەی کە بەشدار بون لە تاوانەکە، ئەگەرچی لە کوردستاندا ئەو دامودەزگا و دادگایانەی کە ڕۆڵیان هەبو لە جینۆساید کردنی گەلەکەماندا، بەڵام هەندێ یاسا هەیە وەکوخۆی ماوە، با کاریاین پێ نەکرێت، بەڵام هەڵوەشانەوەیان لە لایەن پەرلەمانەوە بە ئەرکێکی گرنگ دەزانرێت.

٣- قەرەبوکردنەوەی مادی مەعنەوەی سەرجەم زیان لێکەوتوەکان. ئەمەیان دەبێت بە یاسا و لە سەر ئاستی عێراق بکرێت نەک تەنها لە هەرێم، ئێمە دەزانین لە عێراق هەمو زەرەر مەندانی شیعە بە شێوەیەکی باش قەرەبو کراونەتەوە.

٤- بە دیکۆمێنت کردن تاوانەکە و دروستکردنی مۆنیمێنتی تایبەت و ناونانی شەقام و قوتابخانە و دامەزراوە گشتیەکان بە شێوەیەک ئەو تاوانە بە یاد بهێنیتەوە.

٥- بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانانە لە مەنهەجی خوێندن لە سەرجەم قۆناغەکاندا. لە پانتاییەکی بەرتەسکدا ئەمە کراوە و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی مەنهەجەکان دانەنراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جینۆسایدی کوردی فەیلی

## تێپەڕ بونی ۳۶ ساڵ بەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکاندا:

دکتۆر ناجح گوڵپی

کوردی فەیلی بەشێکن لەنەتەوەی کورد. شووێنی نیشتەجێ بونیان دەکەوێتە نیوان سنوری دەسکردی عراق ئیرانە وە ، سنوری



فەیلییەکان لەعراقدا لە باکورەوە دەس پێ دەکات شارەکانی ( جەلەولا وقزرابات وشارەبان و خانەقی و مەنەلی ) و دەڕوات بەرەو باشور تا کو شارەکانی عەلی غەربی و بەدرە و جەسان و کوت نوعمانیە و عەزیزیە..زۆربەی ئەم شارو گوندە فەیلی نشینە دەکەونە پارێزگای واسط (کوت) هەنێدێکیان لە پارێزگای میسان(عەممارە) و هەروەها ڕۆژهەلاتی پارێزگای دیالە.. سەرەڕای بونی ژمارەیەکی ئیجگار زۆری کوردی فەیلی لەناو شاری بەغدا لەدێر زەمانەوە نیشتەجێن،لە گەرەکەکان ( حی ئەکراد،کفاح و شێخ..) بەکاری بازرگانیەوە خەریک بون. فەیلەیکان باوەڕیان وایە کە بەغدا لەسەردەستی ئەوان دروست کراوە و شارێکی کوردیە..

بەلام سنوری نێشتەجێ بونی فەیلەیاکن لەدیوی ئێران پارێزگاکانی ( لوڕستان .کرماشان.ئیلام .خوزستان) و شارەکانی خوسرەوی قەسرشیرین،کرماشان،ئیسلام ئابادی غەرب،عیلام.مهران و ئەندمیشک.... لەئیران بەفەیلیەکان دەڵێن لوڕ و پارێزگایەک هەیە بەناوی ئوستانی لوڕستان.

فەیلی بەوە کۆمەڵە هۆزانە وتراوە کە لە زنجیرە جیای زاگرۆس (پشتکۆ و پێشکۆ)دا نیشتەجێ بوون.

فەیلیەکان لەسەر دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە/ جعفری اثنی عشری.

لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەحمەد حسن بەکر ی سەرۆک کۆماری عراقەوە لەسالی ١٩٧٠ وە کۆچی زۆرەملی کوردە فەیلیەکان دەستی پێ کردوە ،لەوکاتەدا چوار هەزار کوردی فەیلی بەزۆرەملی ئاودیوی ئێران کران، تاکو لەدوای گرتنەدەستی دەسەلات لەلایەن سەدام حوسەینی فاشی و ڕەگەز پەرستەوە، پیلانەکانی لەناوبردن و پاکتاوی ڕەگەزی کوردە فەیلەیەکان گەیشتە قەلاپۆپە، لەسەرەتای

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مانگی ٤ / ١٩٨٠ (لە ماوەی ٢ ی نیسان تا ١٠ ی نیسان )، دا بڕیاری ژمارە (٦٦٦ ) دەرچوو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەووە( ئەم بڕیارە باس لەو کەسانە دەکات کە ڕەگەزنامەی عێراقیان نیە ،یان مامەڵەیان کردوە تا وەدەستی بهێنن، پێوستە بەزۆر بنێڕدرێنەوە بۆ ئێران ) بۆیە کۆچی زۆرەملێی فەیلەکان بۆ ئێران ،وە شالاوی گرتن و زیندانی کردن و بێ سەروشوێن کردنی گەنجانی کوردی فەیلی پەرەی سەند ، بەبیانوی ئەوەی کە ئەمانە لە ڕیشەدا بیگانەن و عراقی نین واتە ئێرانین، و مەترسیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب و عراق هەیە،ڕۆژی ٤ / ٤ / بە ساڵیادی جینۆسایدی کوردی فەیلی دیاری کراوە.

بڕیاری دەرکردنی فەیلەکان بەنهێنی لەلایەن دیکتاتۆری عیراقەوە دەرکرابوو لەکاتیکدا فەیلیەکان لەدێر زەمانەوە و پێش هاتنی ئاینی ئیسلام و عەرەب ، فەیلیەکان لەم شووێنانە ژیاوون کەلەسەروە باسمان کردوون.

هەڵگیرسانی شەڕی عراق- ئێران یش (٢٢ / ٩ / ١٩٨١) ئەوەندەی تر ئەنجامدانی ئەم تاوانەی خێراتر و بەگوڕتر کرد.بە بیانوی ئەوەی کوردە فەیلیەکان شیعەن و لەوڵاتی ئیرانەوەهاتون ،بونیان لەوڵاتی عراقدا دەبێتە مایە هەڕەشە بۆ ئاژاوەگێری لەناووەوی وڵات، ئەو کەسانەش لەسەرو بەندی شەڕی ئێراق ئێراندا بەزۆر ئاودیوی سنوریان دەکردن و لەهەندێ شووێن لەناو کێڵگەی لوغمدا بەڕێیان دەکردن کە سەدان کەسیان لێ دەکوژرا،ئەوەش بگەڕایاتەوە لەدواوە تەقەیان لێ دەکرد و دەیان کوشت.

لەم تاوانە دژە مرۆڤانەیەدا (٦٠٠ - ٧٥٠ ) هەزار کوردی فەیلی بەزۆر کۆچیان پێ کرا بۆ ئێران بەشێوەیەک تەنیا سەڵت و قوڵت سواری ماشێنی سەربازی دەکران و ئاودیوی سنوریان دەکردن،هەرچی ماڵو موڵکیان هەبووو لە لایەن پیاوانی دەسەڵات داری ڕژێمی بەعسەوە دەستی بەسەردا گیرا هەروەها زیاتر لە ٢٠٠٠٠ بیست هەزار لاو و گەنجی فەیلی بێسەروشوێن کران و تائیستاش چارەنوسیان نادیارە و نازانرێ بە چ شێوەیەک لەناوبراون، دیارنەمان وشوین بزربونی سەدان سەربازی کوردی فەیلی لەکاتی شەڕی عراق ئێراندا..ئەمانە چەندین تاوانی تر کە دەنگۆی ئەوە هەبوە ئەم کوردانە لە تاقیگەکانی دروست کردنی چەکی کیمیایی و چەکی بایۆلۆجیدا ئەزمونیان لەسەر ئەنجام دراوە و کوژراون، دواتر لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کروان بەژێر خاکەوە ، لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا دەرکەوت کە کوردی فەیلیش هەبون لەناویاندا، بەلام بەکارهێنانی فەیلیەکان لەئەزمونەکانی چەکی بایلۆجی وکیمیایی هێشتا بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەبەردەس نیە..

ڕژێمی بەعس هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو ڕەگەزنامەو ناسنامەی عراقی لە کوردانی فەیلی داماڵی. ئەمە سیاسەتی ڕژێم بوو دەرهەق بەکوردی فەیلی هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری بەعسیەکان لەبەرنامەیاندا بوو کە کوردی فەیلی لە ناوعراقدا پاکتاوبکەن و بیسڕنەوە چونکە کوردو شیعە بون ،ئەم دو فاکتەرەش بەهەڕەشەی ئەمنی قەومی بەعس دەهاتنە ئەژمارکردن.

کوردەفەیلیەکان لەژیانی ئاوارەیی و پەنا بەریدا توشی جەندین کارەسات و مەینەتی ژیان بونەتەوە پاش کۆچپێکردنی زۆرەملێیان بۆ ئیران،،لەو ولاتەدا مافی پەنابەریان پێ درا،لەکاتێکدا ڕژێم دەی وت ئەمانە لەڕیشەدا ئێرانی و مەجوسین.لە ژیانی پەنابەرێتیدا زۆرێک لەکوردەفەیلیەکان ڕویان لەوڵاتی ئوسترالیا کرد و لەڕێگا چەندین کارەساتی تراژیدی بەسەریاندا هات بەهۆی نوقم بونی بەلەمەکانی گواستنەووە لەدەریادا.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەروبەندی شەڕی عراق - ئێراندا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار لەخەڵکی عراق ئاوارەی ئێران بون کە ٦٥% یان کوردی فەیلی بون ..
لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی عراق- ئێراندا، هەڵمەتی کۆچی زۆرەملێ تەنها فەیلییەکانی نەگرتەوە بەڵکو سەدان خێزانی تری کورد لە پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێر دوچاری کۆچی زۆرەملێ کران بۆ ئێران،واتە ئەوخێزانانە کە یەکێ لەئەندامەکانیان بە ڕیشە کوردی ڕۆژهەلات بون(دایک یان باوک) نمونەی ئەم تاوانە دوو خێزان بون لە گوندی گوڵپ ی هەورامان ، کە دوکەسی خەڵکی ڕۆژهەلات ی ناوچەی شامیانی مەریوان(سەوڵاوا) ،بەهۆی هاوسنوریەوە لە دیوی هەورامان خێزانیان پێک هێنا، لەدوای دەرچونی بریارەکەوە ئەوانیش بە سەڵتو قوڵتی ئاودیوی ئێران کرانەوە.

ئەم تاوانانەی کە دەرهەق بە کوردی فەیلی کراون بەپێی پیوەرە یاسایی و نیودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ دەچنە خانەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و پاشان تاوانی جینۆساید چونکە نیەتی لەناوبردنی فەیلیەکان بە بەرنامەو بوە .گرتن و کوشتن و شوێن بزرکردن و کۆچی زۆرەملی و دەس بەسەراگرتنی ماڵو موڵکی خەڵکانێک کە نەژاد یان ئاینی جیاوازیان هەبێ.خۆی لەخۆیدا تاوانی جینۆساید ئەسەلمێنێ.

دوای روخانی رژێمی بەعس و گەرانەوەی زۆربەی کوردە فەیلییەکان بۆ زێدی خۆیان ،سەرەڕای ناساندن و دان پێدانانی تاوانی کوشتن و گرتن و کۆچی زۆرەملی فەیلییەکان وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی جینۆساید لەلایەن داداگای باڵای تاوانەکانە وە لەرۆژی ٢٩ / ١١ / ٢٠١٠ بریاری لەسەردرا ئەوەی دەرهەق بەکوردی فەیلی کراوە لەعراق (کۆچی زۆرەملێ ،گرتن وکوشتن،سەرنوگم کردن، زەوتکردنی ماڵ مولک،،هتد،،ئەمانە دەچنە خانەی تاوانی کۆمەڵکوژیەوە(جینۆساید) (ئەم دادگا لەلایەن ئەنجومەنی حوکمی کاتی عراقەوە دامەزراوە بەپێ یاسای دادگایی باڵای تاوانکاری عراق ژمارە (١٠) لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بۆ ئەوەی دادگای ئەو کەسانە بکات کە دەستیان هەبوە لەئەنجامدانی گەورەتاوانی کۆمەڵکوژی لەعراقدا لەسەرو بەندی دەسەلاتی بەعس دا).

دۆسیەی تاوانی جینۆسایدی فەیلییەکان لە ٢٦ / ١ / ٢٠٠٩ دەستی پێ کردوە و لە ٢٩ / ١١ / ٢٠١١ کۆتایی پێ هاتوە ، چل و چوار دانیشتنی دادگایی و ئامادە بونی سەد سکالا کارو شاهید کۆتایی پێ هات، بە جینۆساید ناسینرا لەدادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا.

لەم بریارەدا باس لە گەراندنەوەی هەمو مافە زەوت کراوەکانی هاوڵاتیانی کوردی فەیلی دەکات.. ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆماری عراق بە گەرمی پێشوازی و پشتگیری ئەم بریارەیان کردوە،،وە بەڵێنی جێ بەجێ کردنیان داوە، بەلام تائیستاش قەرەبوی مادی و مەعنەوی فەیلییەکان نەکراوەتەوە.

قسەی بریقەداری بەرپرسانی دەسەلات داری عراق بەرامبەر فەیلییەکان، کەمتەر خەمی لە جێ بەجێ کردنی برگەکانی بریار بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکە،،هێشتا بەتەوای مافی خۆیان بۆ نەگەراوەتەوە ،،چونکە تاکو ئیستا زۆربەیان ئەو ماڵ و موڵک خانو،زەوی، باخ ..هتد کە داگیر کرابوو بۆیان نەگەراوەتەوە،تائیستا زۆربەشیان ڕەگەزنامەی عراقی ناسنامەیان وەرنەگرتۆتەوە ،پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا یاسای ژمارە (٦٦٦) ی ڕەگەزنامەی عیراقی پوچەڵ کرایەوە و کاتی خۆی فەیلییەکان بەم یاسایە

https://serchawe.com

وڵات بەدر کران کەمێک سود بەخش بوو بۆ گەڕاندنەوەی مافی زەوت کراویان، تائیستا زیاتر لە ٦٠٠٠ فەیلی ڕەگەزنامەی بۆ گەڕاوەتەوە هەروەها زیاتر لە ٤٥٠٠ فەیلی ناسنامەی عراقی بۆ گەڕاوەتەوە..وە کێشەو گرفتی زۆر ناقۆلا دێتە ڕێگەیان بۆ وەدەس هێنانی بەڵگەنامەکانی کە عراقی بونی خۆیان بسەلمێنن..هەروەها حکومەتی عراق لەڕێ گەڕاندنەوەی ئەفسەرو پلەدارانی ڕژێمی لەناو چووەوە ئەوەندەی تر دڵ و دەرونی فەیلیەکان ئازار دەدات وا هەست دەکەنکە جارێکی تر کۆمەڵکوژ دەکرینەوە.

هەروەها لە سی و سێهەم ساڵیادی کۆمەڵکوژی فەیلەیاکاندا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عراق بۆ بەرزڕاگرتنی یادە کە لە بیرو هزری گەلی عراقدا گشتاندنێکی بڵاو کردەوە بەسەر هەمو وەزارەت و فەرمانگەکاندا کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە (٢- تا ٩ نیسان) ڕای گەیاند کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەکاتە دروشمی خۆی(تاوانەکانی ڕژێمی لەناوچوو دژ بەکوردە فەیلیەکان تاوانی کۆمەڵکوژیە).

لە پەرلەمانی عێراقیش لەکۆبونەوەی ٣ / ٤ / ٢٠١٣ باس لەوە کراوە کە پێوستە بەزوترین کات قەرەبوی مادی و مەعنەوی فەیلەکان بکرێتەوە تا کو شوێنەواری ئەو زوڵم زۆرە بسرێتەوە کە لەلایەن ڕژێمی لەناو چو بەسەریان دا هاتوە، سەرەڕای بڕیاری دانانی وێنەی یەکێک لە تاوانە تراژیدیەکانی کوردی فەیلی لەسەر دراوی نوێ عرا ق ..پولی عراقی،،بەلام هێشتا زۆری ماوە کە بارتەقای ئەو تاوانە بکرێتەوە بۆ فەیلیەکان.

ئەوەی پێوستە بکرێ بۆفەیلیەکان دەبێ حکومەتی عراق بەتەوای قەرەبوی مادی و مەعنەویان بکاتەوە ماڵ و موڵکی داگیرکراویان بۆ بگەڕێتەوە و هەروەها چارەنوسی شوێن بزرەکانیان دەربخات.ڕەگەزنامە وناسنامەی عراقیان بۆ بگێڕێتەوە،،داوای لێبوردن یان لێ بکرێ لەلایەن حکومەتی عراقەوە.

لەکۆتاییدا دەکرێ بوترێ بۆچی ڕژێمی عێراق بەتایبەت دوای هاتنە سەر دەسەلاتی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە ،ئەم شێوازە هەڵسوکەتە دوژمنکارانەیان لەگەل کوردە فەیلیەکان کرد ؟ وەلام

**یەکەم:** کاریگەری ئایدۆلۆژیای هیتلەر و ستالین لەسەر ڕژێم بە هۆکارێک دائەنرێ بۆ سەرکوتکردن و لەناو بردنی نەیارو دوژمنەکانی بەعس کە خۆی لە کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکاندا دەبینیەوە

**دووەم:** فەیلیەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد ، بە کردار سەلماندویانە، و بەشداری شۆڕشەکانی کوردیان کردوە بۆیە دژایەتی کردنیان هەمیشە لەبەرنامەی بەعس دا بوە،( دژایەتی بەشێک لە گشت)

**سێهەم:** فەیلیەکان لە سە رمەزهەبی شیعەن، بۆیە دەسەلاتی بەعسی سوننە زۆر بەئاشکرا دژیان بوە

**چوارەم:** بەدەسهێنانی پلەو پایەی بەرز لەلایەن فەیلیەکانەوە بە تێکۆشان و ماندو بونی خۆیان، بەتایبەت لە پایتەخت، و گرتنە دەستی ناوەندە بازرگانی و پیشەسازیەکان و ئابوریەکان،ئەمش وای کرد لەڕژێم کە بیر لە لادانیان بکاتەوە و دەس بەسەر ناوەندە ئابوریەکانیاندا بگرێ.

**پێنجەم:** یاسای رەگەز نامەی عێراق پاشماوەی دەولەتی عوسمانی و بەریتانیا بوو سودیان لێ وەرگرت تا عێراق لە پەرژەوەندی کەمینەیەکی ئاینی وەک سوننە بەکاری بهێنێ و حکومڕانی عراق بکات

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**شەشەم:** لەسەرو بەندی شەڕی عیراق -ئیراندا ڕژێم هەوڵی دا کوردە فەیلییەکان ئاودیوی ئێران بکات ،تا ئاڵۆزی و گرفت ی زیاتر بۆ ئیران دروست بکات و سەرقاڵی بکات بە کێشەی پەنابەرانەوە.

لەکۆتایی باسەکەماندا ناوی تاوانبارانی دۆسییەی جینۆسایدی فەیلییەکان لەدادگای باڵایی تاوانەکانی عیرقدا هاتوون دەنوسین، کە بڕیاری دادگایان بەسەردا جێ بەجێ کراوە (بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی،تاوانی جەنگ،تاوانی جینۆساید، تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و مامەڵەی نامرۆڤانە..هتد) تاوانبار کران و سزای خۆیان وەرگرت:

١- مزبان خضر هادی
٢- سەعدون شاکر مەحمود
٣- تارق عەزیز عیسا
٤- ئەحمەد حسین خضیر
٥- عزیز ساڵح حسن
٦- فاضل صلفیح محیمید
٧- سەبعاوی ئیبراهیم الحسن
٨- وەطبان ئیبراهیم الحسن
٩- صابر عبدالعزیز حسین
١٠- محمد خضیر صباح
١١- فاضل عباس ابراهیم
١٢- ایاد طه شهاب
١٣- نعمان علی محمەد سلێمان
١٤- عبدالحمید سلێمان ئیبراهیم
١٥- سعد ساڵح ئەحمەد

سەرچاوە: ماڵپەری دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٦

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جینۆسایدی ئێزدییەکان گووندی کۆجۆ وەک نموونە

تەها سلێمان

## کوردو جینۆساید

کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان"باشوور، باکوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات"ی "نیشتمانەکەی"، بەدرێژایی مێژوو رووبەرووی پەلامارو شاڵاوی جینۆساید بووەتەوە، لەچوارچێوەی ئەو پەلامارو شاڵاوانەشدا، زۆرترین زیانی بەرکەوتووە، ئێمە لەبەشداریمان لەکۆڕو کۆنفرانسە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئاماژەمان بەقەبارەو ئاستی زیانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردو کوردستانو تەواوی پێکهاتەکانی کردووە، کە بەسەدان هەزار هاوولاتی لەو چوارچێوەیەدا بوون بەقوربانی، بەتایبەت قوربانییەکانی پەلامارو شاڵاوەکانی جینۆساید لەهەرێمی کوردستاندا.



بەشێک لەو تاوانانە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣و لەگۆڕانی رژێمی بەعسی عیراق، بەرەسمیی لەدادگای باڵای تاوانەکانی عیراق وەک تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژی مرۆیی و تاوانی جەنگ بڕیاریان لەبارەوە دراوە، وەک «تاوانی دژ بەکوردی فەیلی، تاوانی جینۆسایدی بارزانییەکان، تاوانی کیمیابارانو جینۆسایدی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدو ئەنفالی ١٩٨٨، تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ، تاوانی جینۆسایدی سەیدسادق»، ئەمە سەرەرای دۆسیێ چەندین تاوانی تر، کە هێشتا بەکراوەیی ماونو بڕیاریان لەبارەوە نەدراوە، بۆنموونە تاوانی "ئۆردگای زیوێ، ئەشکەوتی دەکان، گووندی سۆریا، قەزای سمێڵ" و هتد، هەروەک وتمان لەچوارچێوەی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا بەسەدان هەزار هاوولاتی بوون بەقوربانیو سەدان هەزاریش ئاوارەبوون، هەزاران گوندو چەندین شارو شارۆچکە خاپوور کران، بەسەدان هەزار دۆنم زەوی و رەزو باخ سوتێنراون، ژێرخانی ئابووری تێکو پێکدراونو تائێستاش کاریگەری جۆراوجۆری نەرێنیان بەرێژەیەکی بەرچاو ماوە.

## ئێزدییەکان گروپێکی ئاینین

لێرەدا دەمانەوێ دەرفەت تەرخان بکەین بۆ باسکردن لەنوێترین تاوانی جینۆسایدو دژی مرۆیی و جەنگ، کە لەسنووری بەشێک لەناوچە دابڕاوەکانی کوردستانو بەدیاریکراوی لەسنووری دەشتی پارێزگای موسڵو قەزای شنگالو شارۆچکەکانو گوندەکانی دەوروبەری

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن دەوڵەتی تیرۆریستیی ئیسلامیی داعشەوە دژ بەکوردی ئێزدیو کریستیانو شەبەکو بەشێک لەکاکەییەکان ئەنجامدرا، لە پێش ٣ / ٨ و دوای ٣ / ٨ / ٢٠١٤.

ئێزدییەکان گروپێکی ئایینین لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆربەشیان لەنزیک پارێزگای موسڵو ناوەندی قەزای شنگالو دەوروبەری لەناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان و هەروەها سنووری پارێزگای دهۆک بەتایبەت هەردوو قەزای زاهۆو سمێڵ، واتا سنووری نێوان عیراقو کوردستان دەژین، بەشێکی تریشیان لەڕۆژئاوای کوردستانو باکووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستانو جۆرجیاو ئەرمینیاو وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەت ئەڵمانیا دەژین.

ئێزدییەکان لەڕووی رەگەزیو نەتەوەییەوە کوردن، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی نیشتەجێبوونیان زۆرجار کەوتوونەتە ژێرکاریگەری رۆشنبیریو کلتووریی «عەرەبی، ئاشووری، سریانی»و زۆرجاریش جلوبەرگی پیاوەکانیان نزیکە لەجلوبەرگی عەرەبییەوە، بەڵام جلوبەرگی ئافرەتەکانیان لەجلوبەرگی سریانییەوە نزیکە.

ئێزدییەکان بەکوردیو شێوەزاری کرمانجی ئاخاوتن دەکەن، لەهەمانکاتدا بەزمانی عەرەبییش قسە دەکەن، بەتایبەت ئێزدییەکانی باشیکو نزیک پارێزگای موسڵ، بەڵام نوێژو ئەنجامدانی سرووتی ئایینیو کتێبە ئایینیەکانیشیان بەزمانی کوردییە، پیرۆزترین شوێنی ئایینیشیان مەزاری «لالش»ەو لەگەورەترینو دیارترین کەسایەتیەکانیشیان «میر تەحسین بەگ»ە لەکوردستانو عیراقو جیهاندا.

## ئێزدییەکان و شوێنی نیشتەجێبونیان

زۆربەی ئێزدییەکان لەعیراق لەڕووی ئایینیەوە پەیوەستن بەخاکی «لالش»، کە وای ئەژماردەکەن پێش هەموو کەسێک بۆ ئەوانو تەواوی ئێزدییەکانی جیهانە. سەرژمێرییەکانی ئێزدی لەعیراق «٧٠٠ بۆ ٨٠٠» هەزار کەسەو کەوتوونەتە هەردوو شاری «شێخان» باکووری پارێزگای موسڵو «شنگال» لەسەر سنووری سوریا، بەدرێژی «٨٠» کیلۆمەتر لەدووری پارێزگای موسڵ، کە چەندین شارۆچکەو گوندی گەورەو بچوکو ئۆردوگای نیشتەجێبوون لەخۆدەگرن و هاوکات قەزای زاخۆو سمێڵ لە پارێزگای دهۆک.

بەپێی ئامارەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، هەلومەرجی ناوچەی شنگالو پێکهاتەی دانیشتووانی، پێش پەلامارو شاڵاوە دڕندانەکانی دەوڵەتی تیرۆریستیی ئیسلامیی داعش، بەمشێوەیە بووە: ناوەندی قەزای شنگالو دەوروبەری، رێژەی کوردی ئێزدی ٨٤% بووە، ١٢% کوردی موسڵمان، ٤% موسڵمانی عەرەب، هەروەها ناوچەی شنگالو دەوروبەری لە «گرعوزێر، شنگال، سنون، زوومار» پێکدێت.

بەوردبوونەوە لەهەلومەرجی مێژوویی‌و دیموگرافی شنگالو ناوچەی دەشتی نەینەوا، بۆمان دەردەکەوێت ئەو ناوچانە بەردەوام دووچاری شاڵاوی زەوی سوتێنراو، سڕینەوەی ناسنامەو هەوڵدانی گۆڕانکاری دیموگرافیو قەتڵوعامی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بووەتەوە، کە ئاکامەکانی دەرچوونی هەزارەها خەڵکی کریستیان بوو لەو ناوچانەو گرتنەبەری ڕێگای هەندەران. سەرەڕای شەڕی فەوتانو لەناوبردنی کوردی ئێزدی، کە سەدان خێزانی ئێزدی لەشاڵاوی بەدناوی جینۆسایدی ئەنفال فەوتانو چارەنووسیان نادیارە.
پوختەیەک لەسەر جینۆسایدی ئێزدییەکان.

ئاسان نیە لێرەدا هەموشتێک بخەینە بەرباس، بەڵام دەکرێ وەک بیرهێنانەوەش بێت دیارترین ئەو وێستگانە بیربێنینەوە کە مێژووی کۆمەڵکوژی "جینۆسایدی" ئێزدییەکان لە چەندین وێستگەو قۆناغی جیاوازدا دیاری دەکەن، ئەمەش لە یەک کاتدا یارمەتیدەرێکی باش و ئەرێنی دەبێت بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە دیکۆمێنتاریانەو تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بگەین.
نووسەرو لێکۆڵەر، "بەکر عەلی ئال ئیبراهیم عیشۆ"، لە لێکۆڵینەوەیەکی وردو بابەتیانەدا، مێژووی شاڵاوەکانی جینۆسایدی ئێزدییەکان پۆلێن دەکات و هەروەک چەندین سەرچاوەی ترو نووسەرو لێکۆڵەری تریش کاریان لە سەرئەم بابەتە کردووەو پێوەی ماندووبوون.

پوختەی بەردەست تا ئێستا کە پشڕاستکراوەتەوە یان یەکلایی بوەتەوە لە بارەکانی مێژووی شاڵاوو تاوانەکانەکانی جینۆساید دژ بە ئێزدییەکان "فرمانات"، دەتوانرێ بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ بکرێ و بخرێنە ڕوو.

ئەم فرمانانە بە ژمارە "٦" دەست پێدەکان، چونکە وەک نووسەرو لێکۆڵەران و خودی ئێزدییەکان خۆشیان دانی پێدادەنێن، تا ڕادەیەک ئاسان نیەو قورسە بتوانرێ دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە فرمانەکانی "٥،٤،٣،٢،١" تایبەت بە تاوانەکان و ئەنجامدانیان و ژمارەی قوربانیەکان بەردەست بکەون. هەروەک بەشێک لە توێژەران پێیان وایە فرمانی "١" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧ای کۆچی، لە کات و سەردەمی خەلیفەی موسڵمانان "عومەری کوڕی خەتاب"دا، کە لەم ساڵەدا یەکەم کوردی بە زەبری شمشێرو کوشتن کرد بە موسڵمان.
فەرمانی شەشم: دوای فەرمانی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان "٥،٤،٣،٢،١"، یەک لە دوای یەک لە فەرمانی "٦ تا فەرمانی ٧٣" دا چیرۆکی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان دەست پێدەکات، کە بەدیاریکراوی فەرمانی "٦" لە ساڵی ١٥٧٠ی "ز"، لە سەردەستی سوڵتان عوسمانی "سلێمان خان" دەست پێدەکات، هەروەک لە فەرمانەکەدا هاتوە "کوشتنیان بە ئاشکرا، فرۆشتنیان لە بازاڕی بەناو شەرعیدا"، واتە فرۆشتنیان بە شەرع و ئەو بنەما ئاینیانەی ڕێگای پێداون.

فەرمانی حەوتەم: فەرمانی عەلی پاشا جا نیولاد لە ساڵی ١٦٠٧، ئەم فەرمانە دوای کوشتنی "٧٠٠٠" هەزار سەربازی عوسمانیەکان هات لە چیای شەنگال، چونکە ئێزدییەکان لە بەرهۆکاری کوشتنی شێخی گەورە یان "ئەمیر"ەکەیان پاڵ پشتی وهاوکارییەکانیان بۆ عوسمانیەکان ڕاگرتبوو، لەم بەر ئەم هۆکارەش هێزی سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی شا عەباسی سەفەوی ساڵی "١٥٨٨-١٦٢٩" توانی بۆ جاری دووەم دەست بەسەر بەغداد بگرێت و هێزی عوسمانیەکان وەدەربنێ، هەر لەم کاتەدا سەفەوییەکان شاڵاوی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانیان دەست پێکرد، لەبەر لایەنگیرییان بۆعوسمانیەکان.

بەم شێوەیە ئێزدییەکان جارێک لەلایەن سەفەوییەکان وجارێک لە لایەن عوسمانیەکانەوە ڕوو بە ڕووی شاڵاوی ڕاونان وکۆمەڵکوژی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوونەوە.

بەم شێوەیەو بەدرێژایی مێژوو، ئێزدییەکان لە دەسڵاتی سەفەوییەکان لەلایەک و دەسڵاتی عوسمانیەکان لەلایەکی ترو دەسڵاتدارانی ناوچەکە لە بەردەم تاوانی کوشتن و کۆمەڵکوژی و دەست بەسەرکردنی ئافرەتەکانیان وفرۆشتنیان و تالانکردنی سەروماڵیان بونەتەوە، وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان پێکرد مێژووی فەرمانەکان بە "٧٣" فەرمان پۆلێن کراون، واتە ئێزدییەکان "٧٣" جار ڕوبەڕووی کۆمەڵکوژی "جینۆساید" بوونەتەوە، لە نوێترینیان کە بەشێک پێی دەڵێن تاوانی جینۆسایدو بەشێکی تریش لە ئێزدییەکان پێی دەڵێن فەرمانی "٧٤"، شالاوەکانی (دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی لەعێراق وشام - داعش)ە کە لەدوای تاوانی ئەنفالەوە بەدڕندانەترین شاڵاوی کوشتن و جینۆساید دێتە ئەژمارکردن، واتە بەکۆنکریتی دەتوانین بڵێین ئێزدییەکان لە ساڵی ١٧ی کۆچیەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ "٧٤" جار بەرپەلاماری کۆمەڵکوژی کەوتوون و جینۆساید کراون یان لە بەردەم شاڵاوەکانی جینۆسایدا بوون.

دیارترین کاراکتەری فرماندەی تاوانی جینۆساید دژی ئێزدییەکان ئەم ئەمیروفەرماندانەی خوارەوە بوون: " عومەری کوڕی خەتاب، سوڵتان عوسمانی سلێمان خان، فەرمانی عەلی پاشا جا نیولاد، ئەمیر ئەردەڵان خان ئەحمەد خانی سەفەوی، قارجی قای خان سەفەوی، ئەحمەد پاشا والی دیاربکر، والی وان شەمسی پاشا، والی دیاربکر بەکر مستەفا پاشا فیراری بە بریاری پاشای عوسمانیەکان، کابلان پاشای عوسمانیەکان، حەسەن پاشا والی بەغداد، حسەن پاشا والی دووەمی بەغداد، ئەحمەد پاشا والی بەغداد، حەسەن پاشا جەلیلی والی موسڵ، نادر شا پاشای سەفەوییەکان، سلێمان پاشا ئەبی لیلی والی بەغداد، مەحمەد ئەمین پاشا جەلیلی والی موسڵ دووجار لە ماوەی حکومڕانیدا، والی موسڵ پارساڵ عەساکر لەگەڵ کوڕەکەی سلێمان پاش، سلیمان پاشا جەلیلی والی موسڵ، سلێمان پاشا جەلیلی بۆجاری دووەم، والی موسڵ عبدلباقی پاشا جەلیلی، والی موسڵ مەحمەد پاشا جەلیلی، بۆ جاری دووەم مەحمەد پاشا جەلیلی، بۆ جاری سێیەم والی موسڵ مەحمەد پاشا جەلیلی، والی بەغدا سلێمان پاشای گەورە، بۆ جاری دووەم سلێمانی پاشای گەورە، عەبدولعەزیز ال شاری یەکێک لە پیاوەکانی والی بەغداد سلێمان پاشای گەورە، ئەمیری بادینان قوباد بەگ، بۆجاری چەندەمین مەحمەد پاشا ئەل جەلیلی، والی بەغداد عەلی پاشا، عەلی پاشا بۆ جاری دووەم، ئەمیری بادینان بۆ جاری دووەم، والی نەعمان پاشا جەلیلی، بۆ جاری دووەم والی موسڵ نەعمان پاشا جەلیلی کوڕی پاشا سلێمان، والی بەغداد سلێمان پاشای بچوک، ئەحمەد پاشای جەلیلی، والی بەغداد، مەحمەد پاشا ئینجە والی موسڵ، والی دووەمی موسڵ مەحمەد پاشا ئینجە پیر قەردار، بۆ جاری چەندەمین والی موسڵ مەحمەد پاشا ئینجە پیرقەردار، والی موسڵ عومەر شا، حافز شا، مەحمەد رەشید شا وەک کاراکتەری فەرمانەکانی " ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤"، فەریق عومەر وەهبی پاشا، بەکر پاشا، والی موسڵ ئەسعەد پاشا دەرزی، قایمقامی شنگال "حاجی ئیبراهیم بگ ناسراو بە "حاجی ئیبراهیم پاشا"، کە سەرپەرشتی و بەشداری هەبوە لەم فەرمانانە "٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢"، لە فەرمانی "٧٣"دا فتوای ئافرەتانی بەناو لادەرو حەڵاڵ کردنی خوێنی ئێزدییەکان لە سەر دەستی توندڕەوە ئیسلامیەکان لە ساڵی ٢٠٠٧، دوایەمین فەرمانیش وەک لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ کردووە، ٣ / ٨ / ٢٠١٤ لە سەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" بە سەرکردایەتی "ئەبوبەکر بەغدادی"، کە چیرۆکە دیکۆمێنتارییەکانی لێرەوە دەست پێدەکەن، بەشێک لە تاوانەکانی دوو توێی ئەم فەرمانە یان بڕیارە، لە کوشتنی بە کۆمەڵ و رفاندنی کچ و ژنانی ئێزدی و تالانکردنی سەروەت و سامانەکانیان، داگیرکردن وبەتالانبردنی ماڵەکانیان، فرۆشتنی کچ و ژنەکانیان و هتد.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بەر ئەوەی ئێمە لە کتێبی یەکەم و دووەم و چەندین ووتارو لێکۆڵینەوەی تردا، تاوانەکانی دژ بە ئێزدییەکانمان بە پێوەرەکانی ناسین و سەلماندنی جینۆساید بە پێی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ ی نەتەوە یەکگرتوەکان کردووە لێرەشدا مکوڕییان لەسەر دەکەینەوە، نامانەوێ جارێکی تر لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەڵێین بۆ ناسینی تاوانی جینۆساید دژ بە ئێزدییەکان باشترین پلەی شارەزایی و زانیاری گەڕانەوەیە بۆ هەمان ئەو پێوەرانە وەک وتمان لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە، کە لەناو بەندو برگە یاساییەکانی ئەو پەیماننامەیەدا دەکەیەنە پێوەر بۆ دەسەلماندنی ئەوەی دژ بە ئێزدییەکان کراوە بە شاڵاوە دڕندانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی داعشیشەوە تاوانی جینۆسایدن، هەروەک لە بەشی کۆتایدا ئەمە بە کۆنکریتی روون دەکەینەوە.

## داعش و ئێزدییەکان

بەوردبوونەوەو سەرنجدان، وەک بەرەنجامێک دەگەینە ئەو راستیەی لە ٢٠١٤/٨/٣ لەدوای هێرشی تیرۆریستان بۆسەر قەزای شنگالو پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش، ٣٠ هەزار دانیشتووی ئەو ناوچەیە روویان لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بەتایبەتی کەمپی «باجد کەندالا» لە پارێزگای دهۆکو ژمارەیەک شارۆچکەی تر وەک شێخانو تلکێف.

نزیکەی لە ٢٥%ی دانیشتووانی شنگال توانیان لە شنگال دەربچن، لەکاتێکدا نزیکەی ٧٥%ی کە دەکاتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لەناو قەزای شنگال مابوون، روویان لەچیای شنگال کرد بۆئەوەی لەچەتەکانی داعش رزگاربن، کە زۆرینەیان لەدانیشتووانی قەزای شنگالو سنونو چەند گوندێکی سەر بەقەزای شنگال بوون، ئەوانەی لەسەر چیای شنگال بوون لە ٩٥%ی لە ئایینی ئێزدی بوونو ٥%ی شیعەو کریستیانو لە ٤٠%ی منداڵو لە ٢% ی لەتەمەنی سەرووی ٦٠ ساڵەوە بوون.

بەهەزاران شنگالیو ئێزدیو مەسیحیو شەبەک، تا ئەمڕۆ چارەنووسیان نادیارە، ژمارەیەک کە تائێستا ئاماری تەواو لەبەردەست نییە بەکۆمەڵ کوژراونو رووفاتەکانیان لەگۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، کە لەدوای دەستگیرکردنیان لەلایەن داعشەوە کوژراون. بەسەدان ئافرەتی کوردی ئێزدی رفێنراون کە تائێستا ژمارەی تەواوو راست لەبەردەست نییە، ئەوەشی بەردەستە لە بەشێکی تری باسەکەدا روونی دەکەینەوە، بەڵام کۆی گشتی ئەو کەسانەی بێ سەرو شوێنن دەگاتە نزیکەی پێنج هەزار کەس لە «منداڵ، پیاو، ئافرەت، لەهەموو تەمەنەکان»، بگرە هەندێ سەرچاوەی تر دەڵێن نزیکەی ٧٠٠٠ کەسن، تائێستاش نزیکەی « ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠» کەس لەوانە رزگارکراون، زۆرینەیان ئافرەتنو تەمەنیان لەچەند مانگییەوە تا موالیدی ١٩٢٢ی تێدایەو زۆرینەیان لەدایکبووی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ و ٢٠٠٠-کانن، پیاوەکانیش لەدایکبووی ١٩٥٣ی تێدایە تادەگاتە تەمەنی خوار یەک ساڵو بگرە چەند مانگێک.

## داعش و جینۆساید

بێگومان تاوانەکانی داعش چەندین کاریگەریو لێکەوتەی جیاجیایان بەدوای خۆیاندا هێناوەو دەهێنن، کاردانەوەی جیاجیا دروست دەکەن. لەسنووری پارێزگای موسڵ بەگشتیو شنگالو دەوروبەری بەتایبەت، وەک «باری ئابووری، خاکو دەشتە بەپیتەکەی،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پەرەسەندنەکانیو لایەنە دواکەوتووەکانی، ژیانکردن لەو پانتاییە، باری ئەمنی، هەژاریو لێکەوتەکانی، کاریگەری تاوانەکانی داعش وەک تاوانی جینۆسایدو لایەنە نەرێنییەکانی، خوێندنو خوێندەواری، خزمەتگوزارییەکان، نەخۆشییە دەروونییەکانی پاش تاوانەکان، کاریگەرییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی پاش تاوانەکان، کاریگەرییە ئایینییەکانی پاش تاوانەکان، کاریگەرییە سیاسییەکانی پاش تاوانەکان، لەسەرووی هەموویانەوە پرسی پێکەوە ژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی»و هتد کە پێویستە بەوریایی لێزانییەوە، بە پشت بەستن بەئامارو داتاکانی بەردەست مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

## گووندی کۆجۆ وەک نموونە "کۆچۆ، داعش و گفتوگۆ"

سەید بەشار حولوعلو، دەڵێ: رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ هەواڵی ئەوەمان بیست کە لەشەنگال روویدا، بۆیە رۆیشتم بۆ میوانخانەکەی "ئەحمەد جاسۆ"، لە رێگا شێخ "خودێد"مە بینی و لە میوانخانەکەش ریش سپییەکان کە لەوێ بوون، ئەوانیش "محمود جەلۆ، سەعید جەزاع، حەجا خدێدە، حاجی بەشار، خدر مەتۆ، اوسف مەتۆ"بوون.

هەموان داوایان لە "ئەحمەد جاسۆ" شێخی گوندەکە کرد، پەیوەندی بکات بە شێخ و سەرۆک تیرە عەرەبیەکانی ناوچەکە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ خەڵکەکە. لەم کاتەدا هەریەک لە "رفو مکری، داود کجی، محل ئامان" دەیانەویست هەڵبێن بۆ چیای شەنگال.

دوای ئەوە "مەحمود جلو" رۆشتە بەرزترین خانووی گووندەکەو بانگی خەڵکەکەی کردو وتی": خۆتان ئامادە بکەن بۆ داکۆکی لە گوندەکەو پارێزگاری لە کەرامەتتان بکەن، رێگە مەدەن دووژمن لە گوندەکەمان نزیک بێتەوە".

شاهیدحاڵەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکە لە رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ لەماڵ دەرچوون و بەرەو چیا رۆشتوون، بەشێکیان گەشتوونەتە چیاو بە پێچەوانەوە بەشێکیان نەیانتوانیوە لە بپەڕنەوەو داعش دەستگیری کردوون و گەڕێنراونەتەوە بۆ ناو گوندەکە.
نایف جاسۆ، تەمەن ١٩٥٧ برای سەرۆکی عەشیرەتی مەندەکانی "ئەحمەد جاسۆ" و دانیشتووی گوندی کۆجۆ، بەم شێوەیە باسی رووداوەکەی کۆجۆ دەکات و دەڵێ": خەڵکی کۆجۆ لە رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ بەرەو چیا لە گوندەکەوە دەرچوون، بەشێکیان گەیشتن و بەشەکەی تر دەستگیرکران و بەشێکی تریش گەڕانەوە نەیانتوانی بپەڕنەوە بۆ چیا.

بۆ رۆژی دووەم واتە ٤ / ٨ / ٢٠١٤ ئەمیری داعشەکان "ئەبو حمزە خاتوونی" لە گەڵ "خەلیف ئەل عائد" کە عەرەبی گوندی "بەسکی " لە عەشیرەتی "ئەل مەیتوتە" بوو هاتن بۆ گوندەکە، داوایان لە دانیشتوانی گوندەکە کرد چەکەکان تەسلیم بکەن، چەکێکی زۆر لە ناو میوانخانەی گوندەکە کۆکرایەوەو هەمویان بردو پێیان وتین": هیچ ترستان لە یەرنیەو سێ رۆژ مۆڵەتیان بۆ دانایین یان ئیسلامبوون یان کوشتن".

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژێک دوای ئەوە پەیوەندیم کرد بە ئەحمەد جاسۆی برامەوەو پێیوتم": ئەبو حەمزە خاتوونی لە گەڵمان دانیشت، منیش لە ڕێگای تەلەفۆنەکەوە سڵاوم لێکردو وتم ئێمە عەشیرەتێکی ئاشتیخوازاین و پەیوەندیمان بەهێزە لەگەڵ عەشایەری عەرەبی، بەم شێوەیە وڵامی دامەوەو وتی": ئەحمەد بۆکاری چاکە هەموو شتێک دەکات".

ئەحمەد جاسۆ دەستی بە جوڵە کرد لە گەڵ سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان، شاندێکی پێکهێنا لە "١٢" کەس کە هەریەک لە " محمود خاتوونی، مەحمەد حەمادی شمری، مالک نوری جاراللە، زەید خەلەف جاسم، حاجم مونیف ئەل حەروش، سالم ملا عەلو، ڕەئیس فەخز ئەل دۆشان ئەل شەمری، سەرحان ئەل تەحان" و کۆمەڵێکی تر.

شاندەکە بەڕێکەوتن بۆ موسڵ و پەیوەندییان بە برای والی موسڵەوە کرد، بەڵام دەرفەتی دیداریی نەدان و داواکەیانی ڕەتکردەوە بە هۆکارو پاساوی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، دوای دوو ڕۆژ پەیوەندییان کردەوەو وتی"یسیر خیر"، "١٠" ڕۆژ مۆڵەتیان دەدەینێ بۆ ڕاگەیاندنی ڕای خۆیان، مۆڵەتەکە ڕۆژی ١٣ / ٨ / ٢٠١٤ کۆتایی هات و سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان ئاگاداریان کردین و وتیان": ئەمە دەقی قسەکانی والیە، ئێمە لەم قسانە مورتاح نین"، لەم ماوەیەدا داعشەکان دەهاتن بۆ میوانخانە، من و براکەم ئەحمەد جاسۆ لە پەیوەندیدا بووین لە گەڵ سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان و خێرخوازان، بە مەبەستی دۆزینەوەی دەرەچەیەک بۆ کێشەکە.

هەندێ خەڵک پەیوەندییان پێمانەوە کردو وتیان": لە خەڵکی کۆجۆ بوراون نایانکوژن، هەروەها پەیوەندییان بە "ئەحمەد جاسۆ" ی برامەوە کردو پێیان وت: هەواڵێک هەیە بەڵام زۆر لێی دڵنیا نین"، هەر لەم کاتەدا پەیوەندیم بە یەکێک لە شێخە عەرەبەکانەوە کرد کە لەناو شاندەکە بوو، وتی": ئەم داعشانە نە متمانەیان پێدەکرێ ونەڕێزی سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەن تواناکان دەگرن".
نایف جاسۆ وردتر باسی دەکات و دەڵێ": خەڵکەکەیان ئاگادارکردەوە دەربچن بۆ سەرئیش و کارەکانیان، لە بەر ئەوەی والی مۆڵەتی ١٠ ڕۆژی داناوە، هەروەها ڕێگای نێوان قەزای بەعاج و کۆجۆیان کردەوە، منیش ئۆتۆمبێلێکی جۆری "کیا"م بارکرد لە خۆراک بەرەو گوندەکە، ڕۆژی ١٣ / ٨ / ٢٠١٤، ئەوان داعشەکان لە ماڵی "ئەحمەد جاسۆ" خاڵێکی پاسەوانیان هەبوو، مامەڵەشیان خراپ نەبوو لەگەڵ خەڵکی گوندەکە.

ڕۆژی پێنج شەمە پەیوەندیم کرد بە ئەحمەد جاسۆی برام و پێم وت ئایا دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکە هاتوون؟ لە وڵامدا وتی "نا.. ترسەکەم زیادی کردو تەئکیدم لێی کردەوەو وتم": بەیانی هەینیە، دوای نوێژ چارەنوستان یەکلایی دەبێتەوە؟ بەڵام دڵم ئارام نەدەبوەوەو دڵنیا نەبووم دەموت "خودایە لە ڕۆژی هەینی بمانپارێزە"، هەوڵمدا پەیوەندی بە هەندێ کەسایەتیەوە بکەم، بەڵام "ئەحمەدی برام"بەبێ پێشینە دەیانوت دڵنیابە هیچ شتێک ڕوونادا، منیش پێموتن مادام ئەوان وەفایان بۆ بەڵێنەکەی خۆیان نەبوو، خێر لەم مەسەلەیەدا نیە. هەروەها ئەحمەدی برام جەختی کردەوەو وتی": من بەم شێوەیە قبوڵ ناکەم یان دەرمان بکەن بۆ چیا یان مردن، چونکە لە حاڵەتی مانەوەمان بەم شێوەیە خەڵک پڕو پاگەندە بڵاودەکەنەوەو دەڵێن بوینەتە موسڵمان، ئەمەیە من قبوڵی ناکەم لە خۆم و لە ناوبانگم، شەهید دەبم لەپێناو ئاینەکەم لە جیاتی ئەوەی پڕوپاگەندە بکرێ لێرەو لەوێ.

نایف دەڵێ: ڕۆژی هەینی ١٥-٨ کاتژمێری نۆو نیوی بەیانی پرسیارم لە ئەحمەدی برام کرد، پێی وتم هیچی نوێ نیە، دۆخەکە وەک

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆیەتی. پێم وت: ئەمڕۆ من ڕەش بینم. وڵامی دامەوەو وتی": مەترسە انشاالله هیچ نیە.

هەروەها دەڵێ": دوای یەک کاتژمێر پەیوەندیم بە کوڕەکەمەوە کرد؟ پێم وت چی دەکەن؟ ئەو پێیوتم ": خەریکم گاز دەکەمە ناو مولیدەی کارەبایی گوندەکە، ئێمە لە گفتوگۆدا بووین، پێیوتم باوکە ئەوە هێزێکی زۆری داعش هاتنە ناوگوندەکەوە، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆرن، ترس دایگرتم و پێشووتر هەستم بەمە کردبوو، دووبارە پەیوەندیم بە ئەحمەدی برامەوە کردەوە، پێیوتم ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم چونکە ئەوان لە میوانخانەکەم دانیشتوون و شەڕ لە دەم و چاویان دەبارێ، خوا خۆی بمانپارێزێ، دوای ئەوە موفیدی کوڕم وتی": هەموو خەڵکەکەیان ئاگادارکردوەتەوە لە قوتابخانەکە کۆببنەوە".

## یان موسڵمانبوون یان مەرگی راستەقینە

یەکێک لە گەڕاوەکانی مەرگی راستەقینە، ئەویش "سەفوان عەباس رەشۆ"یە سەفوان لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨، کە لە کۆمەڵکوژی گوندی کۆچۆ رزگاری بووەو گەڕاوەتەوە، دەڵێ": هەموومان لە ماڵەوە بوین، کاتێک باپیرم ڕۆیشتە دەرەوە وتی ئێمە دەڕۆین بۆ جەنگ و دەگەڕێینەوە، ئەوکاتە جەنگەکە یان "شەڕ" لە "سیبیا شێخ خدرو گرزرگ" بوو، بەشێک لە خەڵکەکە دەرچون بەرەو چیا، بەڵام زۆرینە لە ناو گوندەکە مانەوە، چونکە وتیان ئەوانەی لە گوندەگە دەرچوون "داعش" دەستگیری کردوون، بۆیە خەڵکەکە ترسان لەوەی دەربچن.

سەفوان دەڵێ": وتیان ئەمیری داعش دێت بۆ گوندەکە، کاتێک ئەمیر "ئەبو حمزە خاتونی" گەیشت، هەموو خەڵکەکە ئاڵای سپییان هەڵکرد، ئەمیر داوای کرد هەموو چەکەکان لای موختاری "ئەحمەد جاسۆ"ی گوند کۆبکرێتەوە، هەموو ڕۆژێک ئەم ئەمیرە "ئەبو حمزە خاتونی" سەردانی میوانخانەکەی موختاری دەکردو دڵنیای دەکردنەوە لە سەلامەتی و پاراستنیان.

سەفوان وردتر باسی دەکات و دەڵێ": دوای چوار ڕۆژلە (تسلیم)رادەستکردنی چەکەکان داوایان لێکردین یان بە موسڵمان بوون یان مەرگی راستەقینە، کاتیان دیاریکرد لە ڕۆژی "پێنجشەمە بۆ یەک شمە"، لەماوەی دیاریکراودا شێخ "ئەحمەد جاسۆ" لە گەڵ شێخە عەرەبەکانی ناوچەکە لە پەیوەندیدا بوو بە مەبەستی درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتدراو پێمان.

سەفوان بەردەوام دەبێت و دەڵێ": ڕۆژی شەممە ئەمیرەکەی داعش هات و وتی: مۆڵەتەکەمان بۆ ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو درێژکردەوە، ڕۆژی سێ شەممە کاتژمێر دەی شەو، هاتن ئاگادارمان بکەن کە وازیان لێهێناوین و لە سەر ئاینی خۆمان بمێنینەوە، ئەمەشیان وەک ئەمری "ئەبوبەکر بەغدادی" خەلیفەکەیان پیراگەیاندین.

هەروەک سەفوان دەڵێ": دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەکەمان، "ئەحمەد جاسۆ" دیسان کەوتە نێوەند گیری و ئەوەی خستە ڕوو کە وەک برا مەسیحیەکان مامەڵەمان لە گەڵ بکەن، لە گوندەکە دەردەچین بەبێ هیچ شتێک لە زێڕو پارە، دوای دوو ڕۆژ ئەمیر ئەمەی قبوڵکرد، ئێمە لە چاوەڕوانی ئاگادارکردنەوە بووین بۆ دەرکردنمان، دوای یەک ڕۆژ یەک ڕەتڵ کە "١٥" ئۆتۆمبێل بوون لە داعش

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاتن، داوایان لێمان کرد لە ناوەندی کۆجۆی کوڕان کۆببینەوە، هەموان لەوێ کۆبوینەوە، ئۆتۆمبێلەکانیان لە تەنیشت قوتابخانەکە راگرت، لە دەرگای قوتابخانەکە یەکێک دەیپشکنین و مۆبایلەکانی دەبردین، لە ڕاڕەوەکاندا راوەستاین و هەریەکەو یەک دەبە ئاویان پێدەداین، پاشان داوایان لە ئافرەتەکان کرد بۆ نهۆمی دووەم سەرکەون و پیاوەکانیش لە نهۆمی خوارەوە بمێننەوە.

سەفوان بەردەوامەو دەڵێ": کاتێک ئەبو حمزە خاتوونی هات بۆ قوتابخانەکە، داوای کرد "ئەحمەد جاسۆ" بچێت بۆ لای، ئەوکاتە لە ئیدارەی قوتابخانەکە دانیشتبوو، داوای لە هەموان کرد هەرچی زێڕو پارە هەیە بیکەنە ناو جانتایەکی رەشەوە، هەمووان داواکەیمان جێبەجێکرد، دواتر "خاتوونی" قسەی کردو وتی": پێتانمان وت واز لە جاهلیەت بێنن وببنە موسڵمان، بەڵام بە دەنگ ئەمرەکانەوە نەهاتن، ئێستا کێ دەیەوێ واز لە بیرو باوەڕی بێنێ لە سەرماڵ وموڵک وگوندەکەی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوانی تردەریان دەکەین بۆچیا، داعشێکی تر هات وقسەکانی "خاتوونی" وەرگێڕا بۆسەرزمانی کوردی".

پاشان موختاری گوند "ئەحمەد جاسۆ" وتی": ئەی خەڵکی گوند، من لە گوندەکە دەردەچم بۆ چیا، کێ لەگەڵم دێ بابێت، کێش دەیەوێ بمێنێتەوە رێگری لێناکەین"، هەمووان بە یەک دەنگ وتیان "لە گەڵت دەردەچین بۆچیا".

سەفوان بەردەوام دەبێت و دەڵێ": ئەمیر "ئەبو حمزە خاتونی" داوای کرد وەجبە وەجبە سەربکەوینە سەرئۆتۆمبیلەکان گوایە لە گوندەکە دەرمان دەکەن بەرەو چیا، یەکەم وەجبە "٣٠ بۆ ٤٠" کەس دەبووین بە دوو ئۆتۆمبێل بران، لە دووری "٥٠٠م" لە باشووری گوندەکەو نزیک تاوەری گوندەکەوە گوللە بارانیان کردن، بەڵام ئێمە هەستمان بە دەنگی تەقە نەکرد ئەوەش لە بەرقەرەباڵغی ناوەوە، لە وەجبەی دووەمدا من لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی پیکاب "فاو" سەرکەوتم، لە رێگا هەستمان کرد لایدایەوە لە شەقامەکە بەرەو شارۆچکەی "قیروان-بلیج"، یەکێک لە داعشەکان وتی": بۆچی لە سەرجاهلیەتی خۆتان مانەوە لە بەر ئەوە موستەحقن بەمردن.

## یان دەمانکوژن یان دەمانخەنە زیندان

لەم کاتەدا بوو، "عەفدۆهمۆ" وتی: ئەی خودا یان دەمانکوژن یان دەمانخەنە زیندان"، ئۆتۆمبێلێکی پیکابیبی "دێر" لە پێشمانەوە بوو کە پیاوەکانی سەرخستبوو، گەیشتە نزیک تانکی ئاوەکان، لە رۆژئاوای شارۆچکەی "ئەل مەیتوتە" ریزیان کردن، ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە بە دووری "١٠٠م" وەستا، یەکسەر دەستڕێژیان لێکردین و وتیان" بگەنە ئەوانەی ریزیان بەستوە"؟

چیرۆکەکەی سەفوان قورسترو سەختر دەبێتەوەو دەڵێ": کاتێک گەیشتینە لایان، "ساڵەح موکری" کە خەڵکی گوندەکەمان بوو، ریز بن هەموومان دەکوژن، کاتێک بوین بە دوو ریز، من لە ریزی پێشەوە بووم و ئێمە لە سەر ئەژنۆ دانیشتبوین و من ئەمانەم لە گەڵ بوون "رافع سەعید، نافع سەعید، سەعید عمۆ، عەفدۆ عەمۆ، غالب ئەلیاس، خدر حسن، ئدریش بەشار، سەعد حەجی، ئەمین بەشار، سالم خدر، ساڵەح موکری، رەفو موکری، خەلیل بەشار، فراس فەیسل، جەلال شڤان، خدر خەلەف، تەلال نایف جاسۆ، نوزاد ساڵەح، شیرزاد ساڵەح، حاونج خەلەف" و سێ کەسی تر کە دوانیان لە توێژی شێخەکان بوون لە "دۆمیز" رۆژئاوای باشووری شنگال کە میوان بوون لە ماڵی "حەسەن گالۆ" و کەسێکی تریش.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەفوان دەڵێ": هەستم کرد ریزی دواوەمان دەکوژن، لەلای چەپمەوە "رافد سەعید" بوو، خۆی دا بە زەویداو منیشی لە گەڵ خۆی دا بە زەویدا، من بە سێ فیشەک بەرکەوتم و "رافد" بە چوار فیشەک بەرکەوت، کاتێک دەستڕێژی گولەیان لە هەموان دەکرد دەیانوت "یاخودێ یا تاوس مەلەک".

چیرۆکەکەی سەفوان تادێ سەخت و قورستر دەبێت بەردەوام دەبێ و دەڵێ": گوێمان لێیان بوو، دەیانوت پێش ئەوەی فرۆکەکان بێن با وەجبەی تربێنین، بۆماوەی یەک چارەکە کاتژمێر خۆم بێدەنگ کرد، بینیم لە سەر راگری لێواری شەقامەکە دەست رێژ لە وەجبەی سێیەم دەکەن کە "٥٠٠م" مەتر لە رۆژهەڵاتی گوندەکەوەیەو لە نزیک وەجبەی یەکەم تەنیشت تاوەرەکە بوو".

سەفوان راستیەکی تر ئاشکرا دەکات و دەڵێ": بکوژەکان لە عەرەبی مەیتوتەو خاتوونی و کیجلاو عەگیدات بوون و ئێمە بەشێکیانمان دەناسیەوە"، هەروەها دەڵێ: وەجبەی چوارەمیان لە نزیک بیرێکی ئیتروازی لە رۆژئاوای گوندەکەوە گوللە بارانکرد، من بۆخۆم دەنگی دەستڕێژەکانم گوێ لێبوو، لەم کاتەدا سەید "کجی عمو"م بینی لە نێوانماندا هەستایەوە، بە چاوی خۆم بینیم هەمووان بەرکەوتبوون، دواتر بە سەر راگرەکەدا هەڵهات و منیش بە هەمان ئاراستە هەڵهاتم، دوایی "فارس شەهاب" هات بۆلامان، لە ناو رەزێکدا گەیشتینە ژوورێک کە هی "عەباس قاسم مەتۆ" بوو، تێبینیمان کرد کەسێک بە ناوی "سەعد حەجی" لەوێیە، ئەو برینداربوو نەیدەتوانی رێبکات لەگەڵمان بۆیە لەوێ بەجێما، هەروەها "ئدریس بەشار سەلۆ"مان بینی کە بەچوار فیشەک بەرکەتبوو، خوێنی لە بەردەڕۆشت و نەیدەتوانی رێبکات .

## کوژراوەکانی وەجبەکانی پێشووترم بینی

"سامح بەسی موراد" یەکێکە لەو ١٧ کەسەی لە کۆمەڵکوژی گوندی "کۆجۆ"وە رزگاریان بوە، خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی بوە، ئەو بەشێک لە کۆمەڵکوژییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەو شێوەی کە خۆی بینیویەتی و یەکێکە لە شاهێد حاڵەکان.

"سامح" دەڵێ": من لە وەجبەی سێیەم بووم، کاتێک تەرمی کوژراوەکانی وەجبەکانی پێشووترم بینی، لە گەڵ یەکێکی تر لە خەڵکی گوندەکە، خۆمان بە دوای ئۆتۆمبێلەکەدا هەڵواسی، داعشەکانیش دەستڕێژیان لێکردین و یەکێک لە قاچەکانی برادەرکەم فیشەکی بەرکەوت، بۆیە ناچاریان کردین بەرەو گوندەکە هەڵبێین بە مەبەستی خۆحەشاردان، لەم کاتەدا لەهەموو لایەکەوە دەستڕێژی گولەمان لێدەکرا، گەیشتینە ناو گوندەکەو ئەوانیش ماڵ بە ماڵ بە دوامانەوە بوون، هاورێکەشم لەبەرئەوەی پێکرابوو ئازاری زۆر بوو، یەک کاتژمێری تەواو بە دوامانەوە بوون، ئێمەش لە گەورِی ئاژەڵی یەکێک لە ماڵەکاندا خۆمان شاردەوە.

## ئەوەی تەعەدای کردە سەرژیان و شەرەفم

"زەهورە سیدۆ کسر" تەمەن ١٩٩٢، دانیشتوی گوندی کۆجۆ، لەهێرشی داعش بۆ سەر شەنگال هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە دەستداوەو خۆشی بووەتە یەکێک لە سیمبولەکانی گوندەکەی وشەهیدکرا، یەکێک لە مامەکانی "زەهورە" بەناوی "خەلەف حمد "

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەمەن ١٩٥٠ کە ئێستا لە یەکێک لە چادرگەکانی زاخۆ دەژی، بەم شێوەیە چیرۆکی "زەهورە"ی بۆ گێڕاینەوەو وتی": کاتێک زەهورە لە نەخۆشخانە بوو، بەم شێوەیە باسی بۆکردم وتی": کاتێک گەیشتینە شاری "رەقە"ی سوریا، کۆمەڵێک ئافرەتی شنگالی زۆرمان لەگەڵدا بوو، بەسەر ماڵی چەکدارەکانی داعشدا دابەشیان کردین، من کەوتمە لای پیاوێکی دڕندە "ئەبو ئوسامە" ئەو دڕندەیە خەڵکی سعودیە و تەمەنی چل ساڵ بوو، هەڵگری ناسنامەی وڵاتی سوعدیە بوو، من زۆر دژی بووم تا پلەی حەقدو کراهیەت، هەوڵمدا لە دەستی هەڵبێم بە هەر شێوەیەک ئیمکان هەبێت، بەڵام هەوڵەکانم سەریان نەگرت وشکستم هێنا، بۆیە پێش چەند ڕۆژێک کەش ساردبوو، منیش لە جیاتی ئەوەی سۆپاکە پڕ نەوت بکەم پڕم کرد لە بانزین، دوای داگیرساندنی ئاگرێکی گەورە کەوتەوەو ئەم تاوانبارە "ئەبو ئوسامە" سوتاو لەو شوێنە کوژرا، خۆشم بە سەختی سووتام و خۆم بە بەتانیەکەوە پێچا.

بەدەم ئازارەوە، بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆ مامە "خەڵەف"ی و دەڵێ": لە ماڵەکە دەرچووم بەڵام لەناو شەقامی گشتی کەوتم، دوای ئەوەی داعشەکان زانیان چەکدارەکەیان مردووە منیش لە دۆخێکی ترسناکدام، لە دەشتەکە فڕێیان دام بۆ ئەوەی هەر لەوێ بمرم، بەڵام دوای گەڕانەوەیان هەوڵمدا بگەڕێمەوە سەر جادەی گشتی، ئازارم زۆربوو، بە سەختی دەمتوانی ڕێبکەم، چونکە سووتابووم و کەش وهەواش زۆر ساردبوو، ئەگەر بەتانیەکە نەبوایە لە سەرەتاوە لە خۆمم پێچا دەمردم، کاتێک گەیشتمە سەرجادەی گشتی شۆفێری تاکسییەک وەستاو پێم وت": من بە ئاگر سووتاوم تکا دەکەم بمگەیەنیتە نەخۆشخانە لە سەر سنوور، پارچەیەک ئاڵتونم پێدا کە لە پەنجەم کردبوو لە بەرامبەر کرێدا، کاتێک گەیشتە نەخۆشخانەی "ملاتیا" ی تورکیا لە سەر سنوری نێوان عێراق – تورکیا بە دووری "٧٠٠"کیلۆمەتر، پەیوەندیم کرد بە کوڕی مامەکەم "رەعد" و هەرچۆنیک بوو چیرۆکی خۆم بۆگیڕایەوەو بە هەوڵی ئەو ئەبو شەجاع و کەسوکارەکەم گەیشتمە نەخۆشخانە.

بەڵام بە پێی راپۆرتی پزیشکی ڕێژەی سووتاندنەکەی ٨٠% بووەو دوای یەک هەفتە مانەوەی لە نەخۆشخانە، "زەهورە" رستەی کۆتایی وت و ماڵئاوایی یەکجاری لە ژیان کرد" ئەوەتا من ماڵئاویتان لێدەکەم.. ئەوەی تەعەدای کردە سەرژیانم و شەرەفم، بە دەستی خۆم کوشتم وتۆڵەم لێکردەوە".

## ئەبو وەلید، سێ مناڵ بە سەم دەکوژێ

"م ر ع" تەمەن ١٩٨٧ یەکێکی ترە لە دەربازبووەکانی کۆجۆ، ئەو بەم شێوەیە ئەوەی بەسەر خێزانەکەیاندا هات دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لە عێراقەوە رەوانەی سوریایان کردین، کچە گەورەکەم کە تەمەنی ١٣ ساڵ بوو لە موسڵ بردیان، لە سوریا "رەقە" کردمانیانە زیندانێکەوە لە ژێر عەرز، هیچ پێداویستی تێدا نەبوو بەتایبەت بۆ مناڵ. بۆڕی بچوکی ئاوخواردنەوەی لێبوو زۆر گەرم بوو، چوار رۆژماینەوەو رۆژی یەک وەجبە نانیان بۆ دەهێنایین ئەویش کەمێک خەیارو تەماتەو سەموون بوو. ئێمە پێنج ئافرەت بووین لەگەڵ دوانزە مناڵ. دوای ئەو چوار رۆژە رەوانەی شاری "ئەل باب"یان کردین.

هەمووانیان فرۆشت، شۆفێری یەکێک لە والیەکان بە ناوی "ئەبو سەعید ئەل جەزراوی" کە سعودی بوو، پیاوێکی کەڵەگەت و پرچ و ریشێکی درێژی هەبوو منی برد، ئەم والیە دوو کەسی لەگەڵ بوو لە کاری شۆفێری ئەوانیش "ئەبو عەبدل عەزیزو ئەبو عیماد" بوون.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ماڵەکە کە تێی چووین سێ نهۆم بوو ئێمە لە نهۆمی سێیەم لە ژوورێک بووین، من سکم پڕبوو هاوکات لە مانگی کۆتایی منداڵ بوون بووم، لای والیەکەیان سکاڵام لێکرد لەسەر مامەڵەکردنی بە خراپ لە گەڵماو تەعداکردنی لێم و دابین نەکردنی خواردن و پێویستی بۆم. بەڵام "ئەبو سەعید" سوکایەتی پێکردم و لێی دام لەسەر سکاڵاکردن لێی لای والی و بە والیەکەی وت: بۆتانی دەگەڕێنمەوە لەبەر ئەوەی ناتوانم پێداویستیەکانی دابین بکەم.

زانیاری پێویستی لە راپۆرتێکدا بۆ والی لەسەرم نووسی و وەک دیاری رەوانەی لای ئەمیری مەنبج "ئەبو وەلید ئەل مەنبەجی- خالد مەحمەد" کە تەمەنی چل ساڵ بوو کردم. ئەوان دەیان وت منداڵەکان موڵکی خەلافەی ئیسلامین، کاتێک گەورە دەبن، کچەکان مارە دەکەین و کورەکان دەنێرین بۆ سەربازگە. نزیکەی دوومانگ لەوێ مامەوە. دووجار لەگەڵ منداڵەکانم هەڵهاتم، بەڵام نەمتوانی دەربازبم و دەستگیریان دەکردمەوە، سەرباری ئەوەی لەژێر ئۆتۆمبیل و خانووی کۆندا خۆم دەشاردەوە.

لە رۆژی ٢١ / ٣ / ٢٠١٥ سیان لە منداڵەکەنیان لێ سەندم "مەنار تەمەنی ٥ ساڵ، قەیسەر ٢ ساڵ و نیو، ئەسیر ٣٦ شەش رۆژ"، دوای یەک کاتژمێر گەڕاندیانەوە، سەیرم کرد دەرشێنەوەو بەحاڵ هەناسە دەدەن. پێم وتن چیتان لێیان کردوە؟ وتیان هیچمان لێیان نەکردوە.

دواتر بە پەلە رەوانەی نەخۆشخانەیان کردین "نەخۆشخانەی عائیشە" پێشووتر ناوی ئەمەل بوو، دکتۆرەکان پێیان وتم کە کەسێک خواردنی سەمکراوی پێداون و دۆخیان زۆر مەترسیدارە. جەستەیان شین بووەوە لە گەڵ رشانەوەی بەردەوام، هەروەها پەڵەی رەش لەسەر جەستەیان دەرکەوت، یەک کاتژمێری نەبرد "ئەسیر" ٣٦ شەش رۆژ تەمەنی بوو لە باوشما گیانی لەدەستدا، پێوەی سەرقاڵ بووم و دەست بەگریان کرد، دواتر کچە گەورەکەم "چنار" هات و وتی: مەناریش گیانی لەدەستدا، لاشەی منداڵە شیرە خۆرەکەم داناو بەرەو نهۆمی سێیەمی نەخۆشخانەکە رام کرد، لەسەر لاشەی مەنار زۆر گریام و هاوارم کرد، یەک کاتژمێری تری پێنەچوو، بینیم "چنار" هاوار دەکات و پرچی خۆی دەرنێ، تێگەیشتم "قەیسەر"یش گیانی لەدەستدا.

دوای ئەم جگەر سووتان و برینە گەورەیە بزان ئەم ئافرەتە چی تری بەسەردێ؟ دەڵێ: ئەبو وەلید بریاریدا لە نەخۆشخانە بەندم بکەن، هەڵمدا خۆم بکوژم بەڵام رێگرییان لێکردم، داوام لێکردن لاشەی منداڵەکانم بشۆم بەڵام وتیان ئافرەتەکانی نەخۆشخانە خۆیان دەیشۆن، دوای چەند کاتژمێرێک لاشەی منداڵەکانیان بە کفن کراوی هێنایە بەردەستم، زۆر ماچییانم کرد، زۆر گریام، زۆر هاوارم کرد، بەڵکو ئاسمان گوێی لەدەنگم بێت و وڵامی زوڵم لێکراوان بداتەوە.

داوام لە ئەبو وەلید کرد، هۆکاری ئەنجامدانی ئەم تاوانەم بۆ روون بکاتەوە؟ لە وڵامدا وتی: لە رۆژی جەژنی نەورۆزدا ویستم پیرۆزباییان بەم دیارییە لێبکەم، ئەویش کوشتنی سێ منداڵیان بۆ ئەوەی دەست بەرداری ئەم ئاهەنگەبن، چونکە ئەمە لە ئیسلامدا حەرامە، و نابێت هیچ جەژنێک هەبێت جگە لە جەژنی "رەمەزان و قوربان"، هەروەها وتی: وێنەی لاشەکانمان گرتووە لە ئەنتەرنێت بڵاومان کردووەتەوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئایا دوای کوشتنی منالّەکانم کورد دەستبەرداری جەژنی نەورۆز دەبێت؟ ئەمە ئاگادار کردنەوەو ناردنی پەیامە، بۆ ئەوەی دەسبەرداری ئاهەنگ بن لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلام، نامەی تریشیان بۆ دەنێرین.

پاشان دەڵێ: سکاڵام لەدژی لای قازی بەرز کردەوە، وەڵامی دامەوەو وتی: لە دەسڵاتی ئێمەدا نیە، لێپرسینەوە لە گەڵ ئەمیرێک بکەین، کە دەجەنگێ لە پێناوی بەهێزکردنی رووکنەکانی خەلافەتی ئیسلامی، لەبەر مردنی سێ منالّی کافر لەدۆخێکی تەم و مژاویدا. سکاڵام لای خوایە، رۆحی منالّەکانم لەبیرنەکات و سزای جەلادو تاوانبارەکان بدات.

من و چناری کچم، لە شوقەیەک نزیک نەخۆشخانە ماینەوە، کاتێک ئەبو وەلید دەرۆشتە دەرەوە، دەرگاکانی قفڵ دەکرد، کە بە دەرگای ئاسنینی دادگاکەوە گرێدرابوو. دوای شەش مانگ، رۆژێک چنار داوای لێکردم خواردنی نانی بۆ ئامادەبکەم، پێم وت: غازمان نیە، چونکە ئەبو وەلید عەسر لای ئێمە دەبوو، دواتر دەرۆشتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، چونکە ژنەکەی تری نەیدەزانی ژنێکی ئێزدی هاوردوە بۆ لای خۆی، بۆیە قەت بە شەو لای ئێمە نەدەمایەوە. داواکەی چناری کچی دەبێتە خێرو دەڵێ: تەماشایەکی دەرگام کرد، بینیم دەرگاکە کراوەیە، دیارە بیری چووبوو دەرگای سەرەکی شوقەکە قفڵ بکات، بەچنارم وت با بەپەلە دەربچین، بۆیە دەرگای دارینی ژوورەکەم شکان، و دەرچوین هەرچۆنێک بوو پەیوەندیمان بە کەس و کارمانەوە کرد لە کوردستان، دوای ماندووبونێکی زۆر گەشتینەوە کوردستان.

## گۆڕی بەکۆمەڵ

کۆڕە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵکوژی، بەم شێوەیە پشت راستکراونەتەوە، کە بەدووری "١٦" کیلۆمەتر، دەکەونە باشووری قەزای شەنگال و ژمارەیان "٧" گۆڕە، قوربانیەکانی نێو ئەم گۆڕانەش "٤٦٥" قوربانیەو "١٩" کەس لەم گۆڕانەوە رزگاریان بوەو ناوەکانیانی قوربانیەکان و رزگاربوەکانیش لە لیست و ئامارەکانی خوارەوە بە وردی تۆمارکراون و خراونەتە روو.

یەکەم: گۆڕی بەکۆمەڵی باخی ئیبراهیم ئەحمەد کارس، باکووری "کۆچۆ"، بە دووری "٥٦٠" مەتر.
دووەم: گۆڕی بە کۆمەڵی باخی ئەحمەد جاسۆ، دەکەوێتە بەشی باشووری "کۆچۆ" بە دووری "١٥٠" مەتر.
سێیەم: گۆڕی بەکۆمەڵی باخی عەباس قاسم، رۆژهەلاتی "کۆچۆ" بە دووری "٥٠٠" مەتر.
چوارەم: گۆڕی بە کۆمەڵی قوتابخانەی کۆجۆ، باکوری کۆچۆ.
پێنجەم: گۆڕی بە کۆمەڵی باکوری رۆژهەلاتی کۆچۆ، بە دووری "١٠٠" مەتر.
شەشەم: گۆڕی بەکۆمەڵی نزیک تەل ئەسەری، بەدووری "١٥٠" مەتر لە کۆچۆ.
حەوتەم: گۆڕی بە کۆمەڵی پەیمانگای پیشەیی لە "سۆلاغ" کە خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون.

دەرەنجام

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئیشێک دەرەنجامێکی هەیە، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەین ئەوە سەلمێنین کە ئایا ئەوەی داعش دژی ئێزدییەکان ئەنجامیدا تاوانی جینۆسایدە؟ دەوڵەتی تیرۆریستیی ئیسلامیی داعش لەدوای داگیرکردنی شنگالو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، چەندین تاوانیان ئەنجامداوە، لەنێویاندا تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی کۆچۆ.

١- ژمارەمانی خانوەکانی کۆچۆ پێش داگیرکردن و کاولکردن "١٩٧ " سەدو نەوت و حەوت خانوو بوەو "٢٤٤" خێزانی تێدا ژیاوە، کە ژمارەیان "١٧٣٨" کەس بوە بە ژن و منداڵ و پیرو پیاو گەنج.

٢- ژمارەی شەهیدو قوربانیەکانی کۆمەڵکوژی کۆچۆ کە لە ١٥ / ٨ / ٢٠١٤ لەلایەن دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعشەوە کراوەتە سەریان " ٤٩٢ " کەسن لە ژن و منداڵ و پیاوو گەنج، کۆی رووفاتی شەهیدو قوربانیەکانیش لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سۆلاغ و ناو گووندی کۆجۆن.

٣- لە کۆی دانیشتوانی گووندەکە، "٧٥٤" کەس لە ژن و منداڵ و پیرو گەنج رفێنراون، "١٢٨" ئافرەت خاوەن مێردو "٩٤" کچ و "١٢٨" منداڵی کورو "٨٤" منداڵی کچ و "٣٧" پیاو لەکۆی سەرجەم رفێنراوەکان گەڕاونەتەوەو رزگاریان بوە.

٤- تا ئێستا "٣٥" منداڵ لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراون و لە سەربازگەی تایبەتا راهێنانیان لەسەر چەک پێدەکرێ و هاوکات "٩" ئافرەت لەناو زیندانەکانی داعش خۆیان کوشتوە.

٥- پێش کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆجۆ، "٥٤٤" کەس لە ژن و منداڵ و پیرو پیاوو گەنج، دەربازبوون و رزگاریان بوەو نەکەوتوونەتە بەردەستی داعش.

٦- پێنج "٥" کەس لە بن دەستی داعش و "٢١" کەس لە شوێنی لەیەکتر جیاواز گیانیان لە دەست داوەو بەهۆکاری جیاجیا بوون بە قوربانی.

٧- لە کۆی گشتی کۆمەڵکوژی گوندی کۆجۆ "٤٢" منداڵ بێباوک بوون و "٦٣" شەست و سێ خێزان بەتەواوی تیاچوون، هەروەها "٤٧" خێزان تەنها یەک کەسیان دەرچووەو "١٧" خێزان تەنها "٢" کەسیان دەرچووەو "٢٥" خێزان بەتەواوی دەربازبوون.

٨- تا ئێستاش "٢٨٤" کەس لەلای داعش بە زیندانیکراوی ماونەتەوە یان چارەنووسیان نادیارەو هەر جارەی هەواڵێک لە بارەی چارەنووسیانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

## سەلماندن

واتە ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو ژمارەو ئامارو داتایانەی سەرەوە بدەین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەوەی لەلایەن داعش دژ بە ئێزدییەکان ئەنجامدراوە، بە هەموو پێوەرو پیوانەو یاساو ریسا نێودەوڵەتیەکان بە پێی رێکەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨و یاساو رێکارەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، تاوانی جینۆسایدە، بۆنموونە:

لە ماددەی (٢)ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەکات.

ڕ- جینۆساید ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە، کە بەمەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێکی (نەتەوەیی، ئاینی،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

رەگەزی، ئەتنیکی) ئەنجام بدرێت.

١- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە " لەهێرش بۆ سەر گوندی کۆجۆ بەهەموو شێوەیەک هەوڵدراوە لە بەر هۆکاری ئاینی ئێزدی بوون و تەسلیم نەبوونیان بە داواکانی داعش، ئەندامانی گروپەکە پاکتاوبکرێن و بکوژرێن".

٢- گەیاندنی زیانی گیانی بە ئەندامانی گروپەکە. "لە هێرشەکەی داعش بۆ سەر گووندەکە هەموو زەرەرو زیانێکی مرۆیی و مادی و مەعنەوییان پێگەیەنراوە".

٣- دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتانی بەشێک یان هەموو ئەندامانی گروپەکە. "ئەم کردارەش لە پەلامارەکەی داعش بۆ سەرگوندەکە دیارو روونە لە کوشتن و گرتن و زیندانی کردن و هتد"

٤- رێگریکردن لە (منداڵ بوون) لەنێو گروپەکەدا. "ئەمەش لە ١٠٠% جێبەجێکراوەو ژن و مێردیان بە هەموو شێوەیەک لەیەک دابڕیوە".

٥- دابڕاندنی منداڵ و گواستنەوەیان لە گروپی خۆیانەوە بۆ گروپێکی تر جیاکردنەوەیان لە خێزانەکانیان. "دیسان ئەم کردارەش لە ١٠٠% ئەنجام دراوەو جێبەجێکراوەو لە سەرەوەش نموونەکانیمان باس کرد".

## چی بکەین؟

١- تەواوکردنی هەنگاوەکانی بریاردان لەسەر دۆسێی جینۆسایدی شنگال، لەلایەن پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ ، گووندی کۆجۆ وەک یەکێک لە نموونەو بەڵگە زیندووەکان.

٢- کاری جدیو تەواوکاری هەنگاوەکانی کارکردن بۆئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دۆسێی تاوانی جینۆسایدی شنگالو دەوروبەری وەربگرێو کاری لەسەربکاتو بەرەسمیی وەک تاوانی «جینۆساید، دژی مرۆیی، جەنگ» بەپشتبەستن بەرێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ بیان ناسێنێت، بۆ ئەمەش دەبێت حکومەتی عێراق ئیلزام بکرێ داوایەک ئاراستەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات کە دۆسیەکە وەربگرێ و بجوڵێنێ، یان هەریم بەڵگەی پێویست بەردەست بێنێ " بۆ نموونە"

٣- پاراستنی شاهێدحاڵەکانی دۆسێی جینۆسایدی شنگالو دەوروبەری لە «پیاو، ژن، کچ، منداڵ»، کە لەبەڵگەنامە گرنگو سەرمایە گەورەکانی ئەم دۆسییەیەن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بەهاوکاریو یارمەتی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەوروپاو خۆرئاوا، بەرێکخراوەکانی تایبەت بەجینۆسایدو مافی مرۆڤ هەیە لەسەرئاستی ئەوروپا.

٤- پێویستە ئەوروپاو وڵاتەکانیان، تەواوی تاوانەکانی داعش ئیدانەو ریسوا بکەن، هاوکارمانبن لەپێناو دووبارەنەبوونەوەو رێگریکردن لەبەرفراوانبوونەوەی مەودای تاوانەکان، بەشی زۆری ئەم کارکردنەو جوڵاندنی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان.

٥- کارکردنو دانانی پلانو بەرنامە بۆ پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانو هەڵدانەوەیان لەرێگای تیمی شارەزاو بەئەزموونی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاوە، دوور لە کاری ناپرۆفیشناڵانەو خورسکیانە.

٦- رۆڵی ئەوروپاو کارکردنی بۆ ناساندنو بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی شنگالو دەوروبەری، لەرێگای لینکو پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە جیهانیو نێودەوڵەتییەکان، لەگرنگترین هەنگاوەکانن، کە پێویستە بەردەوام چاویان لەسەربێت.

٧- پرۆژەی کۆکردنەوەی وێنەی سەرجەم قوربانییەکانی تاوانەکە لە «پیاو، ژن، کچ، منداڵ، پیر» بۆئەوەی لەدوو توێی دۆسیەکە بەلێزانی بەکاربهێنرێ، وەک یەکێک لەبەڵگەنامە گرنگو پڕ بایەخەکان.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٨- بڕیاردان لەسەر ئەو ٣ پرۆژە بڕیارەی لەپەرلەمانی کوردستانەو تێپەڕاندنی بەربەستەکانو هۆکارەکانی دواخستنی پرۆسەی بڕیاردانەکە، چونکە ئەوە یەکێکە لە بەرپرسیارێتیە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو ئەرکە ئەنجام بدات و هیچ پاساوێکیش نیە بۆ دواخستنی.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونە تەواو ببوو، لە رۆژی ٤ / ٢ / ٢٠١٦ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بڕیاریدا کە ئەوەی لەلایەن داعش بەرامبەر ئێزدی و مەسیحی و شەبەک و گروپە ئتنیکیەکان کراوە، تاوانی جینۆسایدە. هەروەک وڵاتانی ئەندام و ئەوانەی واژۆیان کردوە، پەیوست دەکات بە پابەندێتی یاسایی و ئەخلاقی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەکە، و چی پێوستە دەبێ بیکەن. لەگەڵ ئەم بڕیارە، زەمینەیەکی بابەتی و گونجاو، دەرەخسێ کە نەتەوە یەکگرتوەکان تاوانەکە وەک جینۆساید بناسێنێ و بڕیاری لە بارەوە بدات.

**ئەو سەرچاوانەی بۆ چاپی دووەم بەکارهێنراون:**

- دەقی رێککەوتننامەی جینۆساید ی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی ١٩٤٨
- جینۆسایدی ئێزدییەکان «نووسینو دۆکیومێنت»، تەها سلێمان، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
- ماڵپەڕی جینۆساید کورد، داود موراد خەتاری، زنجیرەی چاوپێکەوتنی دەربازبووانی ئێزدییەکان لەلای داعش
- بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی لالش، ٢٠١٥، قەزای شێخان
- جینۆسایدی ئێزدییەکان «گوندی کۆچۆ» ئامادەکردنی تەها سلێمان، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال، هەولێر، ٢٠١٥
- ئەرشیفی تایبەتی نووسەرو رۆژنامەنووس داود موراد خەتاری "دۆسیەی جینۆسایدی کۆچۆ".
- سەردانی مەیدانی نووسەر بۆ ئۆردگای خانکێ و چاوپێکەوتن لە گەڵ دەربازبوانی تاوانەکانی داعش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید / رێکەوتی: ١٥ی فێبریوەری ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە

ئاوارە حسێن*

### بەشی (١)

## چەمکی جینۆساید

(Genocide) : چەمکێکی لێکدراوەو لە دوو دەستە وشە پێک دێت. ئەوانیش (Genos) وشەیەکی گریکیە بە مانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت و ((Cide وشەیەکی لاتینییەو بە مانای کوشتن یان لە ناوبردن دێت. هەردوو دەستە ووشەکەش بەیەکەوەو بە کوردی بە مانای نەوە کوژی یان وەچە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێت. بە هەریەک لە زمانەکانی فارسی و ئوردو چەمکی (نسل کشی) بەکاردەهێنن کە ئەم چەمکەش بە کوردی بە مانای نەوە، وەچە، یان ڕەگەز کوژی دێت.

جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن. واتە جینۆساید وەک تاوانێک بە شێوازی جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا لە دژی گروپە جیاوازەکان ئەنجام دراوە. بەڵام ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٤٤) لە لایەن (ڕافایل لێمکن/ ٢٤ / ٦ / ١٩٠٠-٢٨ / ٨ / ١٩٥٩) کە یاسا ناسێکی جولەکەی پۆڵەندی بە ڕەگەز ئەمریکی بوو. لە کتێبە بە ناوبانگە شەش سەدو حەفتا لاپەڕەییەکەیدا (یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا)، تاوانی جینۆسایدی جێگیرو تۆمار کردوو ناوی لێنا کە تا ئەو کاتە جینۆساید، تاوانێک بوو بە بێناو.

ڕافایل لێمکن لە کێڵگەیەک لە دایک بووە بە ناوی ئۆزێریسکۆ لە نزیک گوندی بێزودن لە باوکێکی جوتیار بە ناوی جۆزێف، و دایکێکی نیگار کێش و مامۆستا بە ناوی بێلا نی پۆمێرانز. دوو برای هەبووە، گەورەکەیان ناوی ئیلیاس بووە و بچوکەکەشیان ناوی سامۆیل بووە.١ ئەوەی وای کردووە لەو بواری جینۆسایدا قوڵ ببێتەوەو هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە، ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەوەی دەرچووی بەشی یاسا بووە، هەروەها (٤٩) چل و نۆ کەسی ئەندامانی خێزانەکەی لە جینۆسایدی جولەکەکان لە لایەن ڕژێمی ئەڵمانیای نازیەوە کە لە مێژووی جینۆساید دا بە هۆلۆکۆست ناسراوە دەکوژرێن. بە تەنها خۆی و برا گەورەکەی (ئیلیاس) و براژنی (لیسا) و دوو برازای (ساول و سامۆیل) ڕزگاریان دەبێت، کە لە کاتی جینۆسایدەکەدا نێردرابوون بۆ کامپەکانی زۆرە ملێی کرێکاران لە سۆڤیەت.

بەرامبەر بە چەمکی جینۆساید زۆر جار لە ناو دنیای نوسینی کوردی و بەناو شارەزایانی بواری جینۆساید و میدیای کوردی، چەمکەکانی: کۆمەڵکوژی گەلکوژی یان ڕەشەکوژی دادەنرێت. کە هەریەک لەو چەمکانە مانای تەواوەتی جینۆساید نادەن بەدەستەوە،

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە جینۆساید بە کوردی بە مانای وەچە کوژی، نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێت. گەرچی ئەم چەمکانەش مانای تەواوەتی جینۆساید نادەن بەدەستەوە چونکە دەکرێت لە جینۆسایددا ڕاستەوخۆ هیچ کەسێک نەکوژرێت بۆیە باشتر وایە تەنها چەمکی جینۆساید بەکار بهێنرێت.

سەرەتا جینۆساید دەناسێنین و پاشتر ڕوونیدەکەینەوەو دەیسەلمێنین کە هەریەک لە چەمکەکانی کۆمەڵکوژی و گەلکوژی و ڕەشەکوژی هەڵەو نادروستن و بە مانای جینۆساید نایەن و گوزارە نین لە چەمکی جینۆساید.

جینۆساید تا ساڵی(١٩٤٤) تاوانیک بوو بە بێناو، هەر بۆیە جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن. بۆ یەکەمین جار کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕۆژی(١١ / ١٢ / ١٩٤٦) بڕیاری ژمارە(٩٦) (١) دەرکردو جینۆسایدی بە تاوانێک دانا لە یاسای نێودەوڵەتیدا. وە لە بڕیارەکەدا هاتووە کە جینۆساید نکوڵی کردنە لە مافەکانی تاک و کۆمەڵ و دژی ڕەوشتی یاسا و ئامانج و گیانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تاوانێکی هزر و ویژدان هەژێنەو دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی مرۆڤایەتی و جیهانی شارستانی سەرزەنشتی دەکات. دوو ساڵ پاش تێپەڕبوونی ئەم بڕیارە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (٩ / ١٢ / ١٩٤٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٦٠) ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی لە شاری پاریس دەرکرد و بۆ یەکەمین جار جینۆساید بوو بە یاسا. ئەو ڕێکەوتننامەیە لە (١٩) نۆزدە ماددە پێک هاتووەو لە (١٢ / ١ / ١٩٥١) وە کارپێیدەکرێت. تا ئێستا (١٤٧) دەوڵەت لەو ڕێککەوتننامەیەدا ئەندامن.

ئەو ڕێککەوتننامەیە کە بەڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید ناسراوە، لە ماددەی (٢) دا پێناسەی جینۆسایدی کردووە و دەڵێت:

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

**ئەو کردەوانەش:**

١/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.
٢/ زیانپێگەیاندنی جەستەی و هزری بە ئەندامانی گروپەکە.
٣/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.
٤/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.
٥/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

لەم پێناسەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە تاوانی جینۆساید دەکرێت بە پێنج شێواز ئەنجامبدرێت. هەروەک لە ماددەی (٢) ی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێککەوتننامەکەدا پێناسە کراوە. ئەوانیش:( کوشتن، ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان). واتە لە تاوانی جینۆسایددا دەکرێت کەسیش ڕاستەوخۆ نەکوژرێت. ئەمەش بۆ خۆی وەڵامدانەوەی هەموو ئەوانەیە کە تا هەنوکە بە هەڵە لە بری چەمکی جینۆساید چەمکەکانی کۆمەڵکوژی و گەلکوژی ڕەشەکوژی بەکاردەهێنن
ڕێکەوتی: ٢٦ / ١ / ٢٠١٦

## بەشی (٢)

هەروەک لە برگەکانی (دووەم- سێیەم- چوارەم- پێنجەم)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە هەریەک لە کردارەکانی: (ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان) بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان بە جینۆساید دادەنرێت.



نادروستی چەمکی کۆمەڵکوژی. گەر بە ووردی سەرنجی هەر پێنج برگەکەی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید بدەین. دەبینین بە تەنها لە برگەی یەکەمیدا باس لە کوشتنی ڕاستەخۆ دەکات. هەرچی چوار برگەکەی تری ماددەکەیە باس لە کوشتنی ڕاستەوخۆ ناکات بەڵکو ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان بە تاوانی جینۆسایدی داناوە. هەروەها هەندێک لە بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی و شارەزایانی بواری جینۆساید ئەوە دەخەنە ڕوو کە تاوانی جینۆساید پێک دێت ئەگەر هاتو ژمارەی کوژراوان نەگەنە کۆمەڵێکیش. چونکە لە تاوانی جینۆساید مەبەستی ئاراستە کراو گرنگە نەک ژمارەی کوژراوان. گەر هاتو مەبەستە تاوانکارییەکە ئاراستە کرابێت بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی یان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی. و لە ئەنجامدا چەند کەسێکیش بکوژرێن یان کەسیش نەکوژرێت و بەڵکو تەنها ڕووبەڕووی ئازارێکی هزری و جەستەی ببنەوە ئەوا تاوانی جینۆساید پێک دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش بە کارهێنانی چەمکی کۆمەڵکوژی ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی چەمکە عەرەبیەکەی جینۆسایدە کە عەرەبەکان پێی دەڵێن (الابادە الجماعیە) و ئەو چەمکەش بۆ خۆی هەڵەیەکە تا ئێستا بە زمانی عەرەبیش دەرخواردی خوێنەر دراوە.

نادروستی چەمکی گەلکوژی. زۆربەی ئەوانەی کە لە بواری جینۆساید دا کار دەکەن و ئەم چەمکە بە کاردەهێنن بە ووردی تێبینی و سەرنجی ئەوەیان نەداوە کە تەنها لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆسایددا باس لە کوشتن کراوە. لە لایەکی ترەوە ئەوانەی ئەم چەمکە بە کاردەهێنن لە ژێر کاریگەری زمانی ئەسکەندەنافی و ئەڵمانیدان و بۆیە بە هەڵە بەکاریان هێناوە. هەر بۆ نمونە بە زمانی سویدی و نەرویجی و ئەڵمانی بە گەل دەوترێت (Folk) و بە کوشتنیش دەوترێت

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(Mord). هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە بە مانای گەلکوژی دێت. هەر بۆیە ئەو چەمکەیان لەو زمانانەوە وەرگرتووە و لە ژێر کاریگەری زمانی ئەو دەوڵەتانەدان و بۆیە لەو هەڵە یاساییە بەردەوامن.

لە لایەکی ترەوە نادروستی چەمکی گەلکوژی بەرامبەر بە چەمکی جینۆساید، ئەوەیە کە ئەو گروپەی جینۆسایدی بەرامبەر ئەنجامدەدرێت بە تەنها لەبەر ئەوە نیە کە گەلێکی جیاوازن. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە پەیڕەوی ئاینێکی جیاواز دەکەن، لە ڕەگەزێکی جیاوازن یان سەر بە نەژادێکی جیاوازن. هەروەک ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەنجامدانی تاوانی بەرامبەر بەو چوار گروپە بە جینۆساید داناوە ئەگەر تاوانکار مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپەکەی هەبێت. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت ئەو گروپەی کە جینۆساید ئەنجامدەدات و ئەوەشی کە جینۆسایدی لە دژ ئەنجامدراوە یەک گەل بن بەڵام ڕەگەزیان جیاواز بێت. وەک جینۆسایدی توتسیەکان لەلایەن هوتوەکانەوە لە ڕواندا لە ساڵی (١٩٩٤) کە یەک گەلن بەڵام ڕەگەزیان جیاوازە. هەروەها جینۆسایدی موسوڵمانەکانی هەرێمی ڕاخینی میانمار لە ساڵی( ٢٠١٢) کە یەک گەلن بەڵام ئاینیان جیاوازە. هەربۆیە چەمکی گەلکوژی نا دروستەو واتا ناگەیەنێت.

ڕێکەوتی: ٢٦ / ١ / ٢٠١٦

## بەشی (٣)

نادروستی چەمکی ڕەشەکوژی. ڕەشەکوژی بەو جۆرە کوشتنە دەوترێت کە کەسی بکوژ هەڕەمەکی دەکوژێت و هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نیە لە کوشتن و لە ناوبردنی هەریەکێک لەو گروپانەی کە لە جینۆساید پارێزراون. هەربۆیە بەکارهێنانی چەمکی ڕەشەکوژی لە بری چەمکی جینۆساید نادروستە و بەو مانایە نایەت چونکە یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی ناساندن و یەکلایکردنەوەی تاوانێکی نێودەوڵەتی بە جینۆساید. بوونی مەبەست و نیازە بۆ لە ناوبردنی گروپێکی نەتەوەی یان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی. بەڵام لە ئەنجامدانی تاوانی ڕەشەکوژیدا دەکرێت تاوانەکە ئەنجامبدرێت و هیچ یەکێک لەو گروپانە نەکرێنە ئامانج. هەربۆیە ئەم چەمکەش نادروستە.

بۆ ئێمەی کورد چەمکی جینۆساید گونجاوترین چەمکێکە کە بەکاریبهێنین. من خۆم هەر ئەم چەمکە بەکاردەهێنم و وە پێشم وایە بەکارهێنانی وەچەکوژی- نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی، کە بە کوردیکردنی جینۆسایدە مانای تەواوەتی جینۆساید ناگەیەنێت. چونکە وەک ڕوونمان کردووەتەوەو سەلماندوومانە کە جینۆساید بە پێنج شێواز ئەنجامدەدرێت و لە یەک شێوازیشیاندا باس لە کوشتن دەکات شێوازەکانی تر بریتین لە: ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی قوربانیان بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆک کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان. بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی یان نەژادی یان ڕەگەزی یان ئاینی. هەربۆیە بەکارهێنانی مانا کوردیەکەی چەمکی جینۆساید کە بریتیە لە: وەچەکوژی یان نەوە کوژی یان ڕەگەز کوژی. نادروست و نا یاساییە.

بە کارهێنانی چەمکی جینۆساید لەلایەن نوسەرو میدیای کوردیەوە نابێتە جێگای ڕەخنەو وا لێکنادرێتەوە کە زمان و چەمکی بێگانە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەکاردەهێنین و زمانی کوردی بە کەم دەزانین. بەڵکو هەروەک چۆن زۆربەی نەتەوە ئاری نەژادەکان چەمکی جینۆساید بەکاردەهێنن و ئەم چەمکە بووە بە چەمکێکی ئاری. ئەوا ئێمەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی ئاری نەژاد دەتوانین جینۆساید بەکاربهێنین. بۆ سەلماندن و پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەشمان نمونەی بەشێک لەو نەتەوەو دەوڵەتانە دەهێنینەوە کە چەمکی جینۆساید یان چەمکێکی زۆر نزیک لە جینۆساید بە کاردەهێنن.

ئەوانیش:

- ئینگلیزەکان: جێنۆساید.
- فەرەنسیەکان: ژەنۆسید.
- ڕوسیەکان: جینۆسید.
- ئەلبانیەکان: جێنۆسید.
- ئیندۆنیسیەکان: گێنۆسیدە.
- ئیتالیەکان: جێنۆچیدیۆ.
- ژاپۆنیەکان: جێنۆسایدۆ.
- لاتینیەکان: جێنۆچیدیا.
- پورتوگالیەکان: ژێنۆسیدیۆ.
- ڕۆمانیەکان: جێنۆچید.
- سلۆڤاکیەکان: جێنۆسیدا.

ڕێکەوتی: ٧ / ٢ / ٢٠١٦

## بەشی (٤)

## پێناسەکردن و ناساندنی جینۆساید

تاوانی جینۆساید لەلایەن زۆربەی شارەزایانی بواری یاسای نێودەوڵەتی و جینۆسایدەوە بە پێی ڕوودان و کاتی تۆمارکردنیان پێناسەکراوە. بە کورتی ئاماژە بۆ ئەو پێناسانە دەکەین و دواتریش ڕوونیدەکەینەوە کە چی جۆرە پێناسەیەک بۆ تاوانی جینۆساید درووست و یاساییە.

(ڕافایل لێمکن) بەم شێوەیە پێناسەی جینۆساید دەکات: جینۆساید بەمانای دەستبەجێ تێک شکاندنی نەتەوەیەک نایەت. جگە لەو کاتەی کە کۆمەڵکوژی هەموو ئەندامانی نەتەوەکە دەکرێت. ئەوە وادادەنرێت بە هێمای هاوتاکردنی پیلانێکی ئامانجی کردەوە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جیاوازەکان لە تێکشکاندنی پایەکانی پێک هێنانی ژیانی ئەندامانی نەتەوەکە، بە ئامانجی لە ناوبردنی خودی گروپەکە.



ئامانجەکانی ئەو پیلانە شیبونەوەی دەزگا سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتور، زمان، هەستی نەتەوەی، ئاینی و ئابوری مانەوەی ئەندامانی گروپەکان، تێک شکاندنی ئاسایشی تاک، ئازادیەکانی، تەندروستی، شکۆی و، تەنانەت ژیانی ئەو تاکانەی کە سەر بەو گروپانەن.٢

پێناسەکان بۆ تاوانی جینۆساید بەپێی ڕودان و کاتی تۆمارکردنیان.٣

**پیتەر درۆست (١٩٥٩)**

جینۆساید تێکشکاندنێکی مەبەستداری فیزیکی ژیانی تاکەکانی ئادەمیزادە بە هۆی ئەندامبونیان لە گروپێکی مرۆیدا.

**ڤاهان دادریان (١٩٧٥)**

جینۆساید هەوڵێکی سەرکەوتوانەیە لە لایەن گروپێکی سەردەستەوە. بە بەروانکەی دەسەڵاتێکی فەرمی یان نزیک بوونەوەیەکی لەبار بۆ زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا. بۆ لەناوبردن بەهۆی زۆرداری یان توندوتیژییەکی کوشندەی ژمارەی کەمینە گروپێک بۆ قوڵترین لە ناوبردن کە دەخوازرێت سود وەربگرێت لە ڕێزگرتنی لاوەزەکان کە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردانی جینۆساید.

**ئیرڤین لویس هۆرۆویتز (١٩٧٦)**

(جینۆساید) لە ناوبردنێکی بناغە بۆ داڕێژراو و سیستەماتیکانەی خەڵکی بێتاوانە لە لایەن دەوڵەتێکی بیرۆکراتی دامودەزگاییەوە.... جینۆساید ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی سیستەماتیکانەی دواین دەرفەتی پاککردنەوەی دانیشتوانێکی نەتەوەییە، کە هەمیشە کەمینەن... و کارکردنی بنچینەی سیستەمێکی سیاسیە بۆ دڵنیاکردنەوەی جێگیرکردن و بەشداریکردنی هاووڵاتیبون.

**لیۆ کوپەر (١٩٨١)**

من شوێنکەوتوی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانم بۆ جینۆساید. لە بەر ئەوە نا کە ڕازیم بە پێناسەکە. لە دژیدا، بڕوام وایە کە فەرامۆشکردنێکی سەرەکی هەیە لە دورخستنەوەی گروپی سیاسی لە ناو لیستی گروپە پارێزراوەکانی جینۆساید. لە دنیای ئێستادا، جیاوازی سیاسی بنامەیەکی زۆر بچوکە بۆ کۆمەڵکوژی و لە ناوبردن، بە هۆی جیاوازی هەریەک لە نەژاد، نەتەوە، ڕەگەز و ئاین. هەروەها جینۆساید لە دژی گروپەکانی نەژادی، نەتەوەی، ڕەگەزی و ئاینی بە گشتی لە ئەنجامی پەیوەندییەکی هۆگرانەوەیە بە ناکۆکی سیاسیەوە. هەرچەندە پێم وانیە ئەوە هاوکاریێت بۆ پێکهێنانی پێناسەیەکی نوێ. کاتێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێناسەیە ناسێنراوەو ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بووە بە بناغە بۆ هەندێ کرداری کاریگەر، هەرچەندە چەمکەکە سنووردار و دیاریکراوە. بەڵام لەو کاتەوە کە ئەو پێناسەیە بە هەندی وەرنەگرتووە شیکردنەوەی دورخستنەوەی گروپی سیاسی، من پێویستە ئازادانە ئاماژە بکەم ... بۆ پاککردنەوەو یان بنەبڕکردنی ئەو کردارانەی لە دژی ئەوانن.

ڕێکەوتی: ٢٤ / ٢ / ٢٠١٦

## بەشی (٥)

### پێناسەکردن و ناساندنی جینۆساید

### جاک نوسان پۆرتەر (١٩٨٢)

جینۆساید لە ناوبردنێکی مەبەستداری هەموو یان بەشێکی کەمینەیەکی نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، تیرەی یان سیاسیە لە لایەن حکومەت یان نوێنەرەکانیەوە. کە تەنها کۆمەڵکوژیەک ناگرێتەوە، بەڵکو خنکاندن و دەرکردن بەزۆر و ملکەچ پێکردنێکی سیاسی و ئابوری و بیۆلۆژیە. جینۆساید لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێک هاتووە ئەوانیش: ئایدۆلۆژی، تەکنۆلۆژی، و بیرۆکراسی دام و دەزگا.




### هنری هنباگ (١٩٨٨)

جینۆساید هەرکارێکە کە مەترسی لە سەر هەبوونی گروپێک دادەنێت.

### فرانک چۆک و کورت جۆنسن (١٩٩٠)

جینۆساید شێوازێکە لە کۆمەڵکوژیەکی یەکلایەنە بەمەبەستی تێکشکاندنی گروپێک لە لایەن دەوڵەت یان دەسەڵاتێکی ترەوە، کە ئەو گروپەو ئەندامبونیان لەو گروپەدا ناسێنراوەو دیارکراوە لە لایەن تاوانکارەوە.

### هێلن فاین (١٩٩٣)

جینۆساید کردارێکی بەردەوامی مەبەستدارە لە لایەن تاوانکارەوە بۆ تێکشکاندنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی گروپێک. لە ڕێگەی ڕەفتاری بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی وەچە خستنەوەی ئەندامانی گروپێک، بەردەوام بێ گوێدانە خۆبەدەستەوەدانی یان نەبوونی هەڕەشەی پێشکەشکراو لەلایەن قوربانیەوە.

### ستیڤن تی کاتز (١٩٩٤)

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جینۆساید هێنانەدی مەبەستێکە، هەرچۆنێک سەرکەوتوانە ئەنجام درابێت، بۆ کوشتنی سەرجەم گروپێکی نەتەوەی، ڕەگەزی، نەژادی، ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی یان ئابوری، کە ئەم گروپانە ناسێنراو و دیاریکراوون لە لایەن تاوانکارەوە بە هەر هۆکارێکی کوشتنی هەموو یان بەشێکی گەورەو هەستپێکراوەوە بێت.

**ئیسریل چرنا (١٩٩٤)**

جینۆساید ڕەفتارێکی هەستپێکراوە لە ڕێگای کۆمەڵکوژی ژمارەیەکی گەورەی ئادەمیزاد، کاتێک لە بواری کرداری سەربازیدا نین لە دژی هێزە سەربازیەکانی دوژمنی دیارو ئاشکرا، لە ژێر بارودۆخەکانی پێویستی بێبەرگریانەی قوربانی.

**عەبدوڵلا ئۆج ئالان (٢٠١٣)**

جینۆساید: بریتیە لە بەردەوامی کرداری توانەوە، ئامانجی لە ناوبردنی کەلتوری و جەستەی ئەو گەل و گروپە ئاینی، ڕێبازی و ڕەگەزییە هەمە جۆرانەیە کە لە ڕێگای توانەوەوە تێک نەشکاون. بە گوێرەی ڕەوش یەکێک لەو ڕێبازانە هەڵدەبژێرێت. ڕێبازی جینۆسایدی کەلتوری بە گشتی بەرامبەر ئەو گروپە کەلتوریانە پەیرەو دەکرێت کە بەرامبەر بە کەلتوری نوخبەی باڵا دەست، واتە بە گوێرەی کەلتوری دەوڵەت- نەتەوە باڵاترن. و هەربۆیە ئامانج لە ناوبردنی تەواوەتی گروپی نەتەوەی، ئاینی و ڕەگەزیەو دەخرێنە ژێر فشاری دامەزراوەی پەروەردەوە. بەم جۆرەش هەوڵی کۆتایهێنان بە بوونەکەیان دەدرێت. بە گوێرەی لە ناوبردنی جەستەی جینۆسایدی کەلتوری بە ئێشترەو جۆرێکی درێژ خایەنی جینۆسایدە. گەورەترین کارەساتە کە نەتەوەیەک یان هەر گروپێک لە ژیانیدا دووچاری دەبێت. ناچارکردنی بۆ دەستبەردان لە بوون ناسنامەو تەواوی هۆکارەکانی کەلتوری مادی و دەروونی لەگەڵ لە خاچدانی بە کۆمەڵی درێژ خایەن یەکسانە.٤

هەریەک لەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ تاوانی جینۆساید کراون لە ڕوانگەی خۆیان و قوڵبونەوە لەو تاوانە هەڵیان سەنگاندووەو ناساندوویانە. هەندێک پێناسەکان ئەوەمان پێدەڵێن گەر تاوانێک لە دژی هەریەک لە چوار گروپە پارێزراوەوەکەی جینۆساید وجیاواز لەوانیش ئەنجام بدرێت دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە. بەڵام چی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەکەیدا بۆ جینۆساید و چی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) لە ماددەی (٦) دا. کە پێناسەی جینۆسایدیان کردووە تەنها ئەو چوار گروپەیان پاراستووە (نەتەوە، نەژاد، ڕەگەز، ئاین). هەر بۆیە بۆ دادگایکردنی تاوانکارانی جینۆساید سود وەردەگیرێت لە پێناسەی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) و ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید. هەروەها بە پێی خاڵی (١) بڕگەی (١) ی ماددەی (٣٨) ی دادگای دادی نێودەوڵەتی. ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بە یەکەمین و گرنگترین سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت و کەیسە تاوانکاریەکانیش بە پێی سەرچاوەی یەکەم یەکلای دەکرێنەوەو دەناسرێن. واتە کاتێک کەیسێک دەخرێتە بەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) یاخود دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەوا دادگا بە پێی سەرچاوەی یەکەمی یاسای نێودەوڵەتی کە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانە بڕیار لەسەر کەیسەکە دەدات. وە ئەگەر سەرچاوەی یەکەمیش لەبەردەست نەبوو ئەوا بە پێی ڕیزبەندی کار بەسەرچاوەکانی تر دەکات تا دەگاتە سەرچاوەی شەشەم. سەبارەت بە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دادگایکردنی تاوانکارانی جینۆسایدیش ئەوا ئێمە لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) مان هەیە. کاتێک گەر کەیسێکی تاوانکاری بخرێتە بەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) ئەوا دادوەران پشت بەو ڕێککەوتننامەیە و یاسای دادگاکە دەبەستن.

ڕێکەوتی: ٢ / ٣ / ٢٠١٦

## بەشی (٦)

هەر بۆیە ناتوانرێت سود لەو پێناسانەی سەرەوە وەربگیرێت وەک سەرچاوەیەکی یاسای نێودەوڵەتی بۆ دادگایکردنی تاوانکارانی جینۆساید، چونکە ئەو پێناسانە یاسایی نین و پێناسەی یاسایی بۆ جینۆساید و دادگایکردنی تاوانکارانی جینۆساید پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای)ە.



بەبۆچوونی ئێمە پێناسەی جینۆساید بریتیە لە: ئەنجامدانی هەر کردارێک کە مەترسی دروست بکات لەسەر هەبوونی گروپێک کە ناسێنرابێت و دیاریکراو بێت لە لایەن تاوانکارەوە و کردارەکە بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپەکە بێت و گەر لە ئەنجامدانی کردارەکەدا بە تەنها یەک کەسیش بکوژرێت مادام مەبەستێک هەبووە ئاراستەی گروپێک کراوە بۆ لەناوبردنی هەمو یان بەشێکی گروپەکە ئەوا کردارەکە دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

گەرچی خۆشم قوڵترین ڕەخنەم لە پێناسە یاساییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) هەیەو. بەوەی نەدەبوو بە تەنها ئەو چوار گروپە (نەتەوە- ڕەگەز- نەژاد- ئاین) ی بپاراستایە. بەڵام سەرەڕای ڕەخنەو تێبینی و پێشنیارەکانمان دەبێت بەو پێناسەوە پابەند بین لە دادگایکردنی تاوانکارانی جینۆساید تا ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە پشت بەستن بە ماددەی (١٦) ی ڕێککەوتننامەکە هەمواری بکات و گروپەکانی تریش بپارێزێت. هەر بۆیە کەسانێکی زۆر بە ناوی شارەزای بواری جینۆساید کە خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزو تا ڕادەیەک بەتاڵن زۆر تاوانی جینۆسایدمان پێدەناسێنن و دەڵێن نەتەوە یەکگرتووەکان وا ناساندویەتی بەڵام لەوەرگێڕانی پێناسەکەشدا هەڵەیان کردووە.

پێناسەی یاسای بۆ تاوانی جینۆساید بە پێی ماددەی (٢) ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید و سزا خستەن سەر تاوانکارانی و ماددەی (٦) ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای). بریتیە لە:

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

١- کوشتنی ئەندامانی گروپە.
٢- زیانپێگەیاندنی جەستەی و هزری بە ئەندامانی گروپەکە.
٣- دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.
٤- ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.
٥- ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

) of the Convention on the Prevention and ٢) Legal definition crime of genocide under article
:) of the international criminal court٦) Punishment of the Crime of Genocide and article
Genocide means any of the following acts committed with intent to destroy, in whole or in
:part, a national, ethnical, racial or religious group, as such
;Killing members of the group /١
;causing serious bodily or mental harm to members of the group /٢
deliberately inflicting on the group conditions of life calculated to bring about its physical /٣
;destruction in whole or in part
;Imposing measures intended to prevent births within the group /٤
.forcibly transferring children of the group to another group /٥

لە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە کە ئەم کرادارانەش سزایان لەسەرە:

١- جینۆساید.
٢- پیلان دانان بۆ جینۆساید.
٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید.
٤- هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید.
٥- بەشداریکردن لە جینۆساید
٩ / ٣ / ٢٠١٦

## بەشی (٧)

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## باسی سێیەم/ پایەکانی تاوانی جینۆساید

پێک هێنانی هەر تاوانێک پێویستی بە هەبوونی سێ پایە هەیە، ئەوانیش بریتین لە پایەکانی: (مادی- مەعنەوی- ئەنجامی تاوانەکە).

### یەکەم/ پایەی ماددی

مەبەست لە پایەی ماددی تاوانی جینۆساید، هەر تاوانێک دەگرێتەوە کە دەچێتە چوار چێوەی پێکهێنانی تاوانەکە. ئەم پایەیە سروشتێکی مادی هەیە، وە یاسا تاوانکارییە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکانیش تاوانێکیان نەناساندووە کە پایەی مادی تێدا نەبوبێت. پایەی ماددی تاوانی جینۆساید بریتیە لە لە ناوبردنی ئەندامانی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. وە بۆ ئەوەی ئەم پایە ماددیە هەبێت لە تاوانی جینۆسایددا دەبێت تاوانکار بە مەبەست و نیازەوە هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. لە ناوبەرێت بە هەریەک لە شێوازەکانی تاوانی جینۆساید ئەوانیش: (کوشتن، ئەشکەنجەدان، دانانی بە ئامانجکراوان لە ژیانێکی ناهەمواردا، نەزۆککردنی بە ئامانجکراوان و ڕاگواستنی بە زۆری منداڵان).



هەروەها لە ماددەی (٢١) ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) دا باس لە چەسپاندنی یاساکانی دادگاکە دەکات. خاڵی (١) ی برگەی (١) ی هەمان ماددە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووەو دەڵێت: (لە سەرەتای جێبەجێ بوونی یاساکانی ئەم دادگایەدا دەبێت پایەکانی تاوان و یاسای شێوازی دادگایکردن و بەڵگەکانی تاوانی هەبێت). واتە هەبوونی پایەکانی تاوان لە ناویشیاندا پایەی ماددی مەرجێکی سەرەکی یاساییە بۆ پێک هێنانی تاوانەکە، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان تاوانی جینۆسایدە.

### دووەم/ پایەی مەعنەوی

ئەم پایەیەی بۆ تاوانی جینۆساید زۆر گرنگە. چونکە هەبوونی مەبەست یان نیازو نیەت لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، تاوانی جینۆساید لە تاوانە نێودەوڵەتیەکانی تر جیا دەکاتەوە. لە تاوانی جینۆساید دا تاوانکارو ئەنجامدەری جینۆساید مەبەستیەتی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی لە ناوبەرێت. بەهەر شێوازێک لە پێنج شێوازەکەی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید کە ماددەی (٢) ڕێککەوتننامەی جینۆساید بەدەق ئاماژەی بۆ کردووە. واتا لێرەدا تاوانکار بۆیە تاوانەکە ئەنجام دەدات چونکە گروپی بە ئامانجکراو جیاوازی هەیە لە گروپەکەی خۆی لە ڕووی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی یەوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گروپەکە جینۆساید دەکرێن چونکە ئەندامی گروپی نەتەوەیەکی ترن. لە ڕەگەزێکی تری جیاوازن، سەر بە نەژادێکی ترن و، پەیڕەوی ئاینێکی تری جیاواز دەکەن. ئەوەش تەواو ڕوونە کە تاوانکار تا دڵنیا نەبێت ئەو گروپەی کە تاوانەکەی لە دژی ئەنجام دەدات جیاوازە لە گروپەکەی خۆی وە هۆکاری سەرەکی ئەو جینۆسایدەشی کە لەدژیان بە بنامەی دەگرێت بوونی جیاوازییانە لەو چوار پێوەرەی کە باسکراون، تاوانەکە ئەنجام نادات. هەر بۆیە لە تاوانی جینۆسایددا ژمارەی قوربانیەکان گرنگ نیەو یاسای نێودەوڵەتیش بە مەرجی دانەناوە، تەنها مەبەست و نیازو نیەتی تاوانکاری گرنگە. چونکە لە سەرەتای دەستپێکردن بە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، تاوانکار ویستویەتی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. لە ناو بەرێت. هەربۆیە ژمارەی قوربانیان گرنگ نیە چونکە مەبەستەکە ئاراستە کراوە بۆ لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپە بە ئامانجکراوەکە. هەر بۆیە بە بۆچوونی ئێمە گەر لە ئەنجامدانی تاوانەکەشدا کەسیش نەکوژرێت بەڵکو ئەنجامی تاوانەکە تەنها ببێتە هۆی ئازارێکی جەستەی و هزری، ئەوا تاوانەکە دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

### سێیەم/ پایەی ئەنجامی تاوانەکە یان پەیوەندی هۆکاری

ئەم پایەش ئەنجامی تاوانە ئەنجامدراوەکە دەگرێتەوە کە تاوانکارەکە بەرامبەر بە گروپێکی بە ئامانجکراو ئەنجامی داوەو ئەنجامەکەی بەدیهاتووە. پایەی ئەم تاوانەش ئەو کردارە ئەنجامدراوانەیە جا بەهەر شێوازێک ئەنجامدرابێت لە پێنج شێوازەکەی تاوانی جینۆساید کە لە ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەکەدا بە دەق هاتووە، لە دژی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندی هۆکاری لە نێوان تاوانی تاوانکارەکەو ئەنجامەکەیدا هەبێت. واتا ئەنجامی تاوانەکە بەهۆی ئەو کردارەوە پێک هاتبێت کە تاوانکار ئەنجامی داوە، نەوەک بە هۆکارێکی تری دەرەکی.

٢٩ / ٣ / ٢٠١٦

## بەشی (٨)

## تاوانی جینۆساید لە مێژوودا

جینۆساید وەک سامناکترین تاوانی نێودەوڵەتی چەمکێکی نوێیە لە ناو دنیای نوسینداو لە ساڵی (١٩٤٤) بۆ یەکەمین جار تۆمار کراوە و ناونراوە، وە لە ساڵی (١٩٤٨) بووە بە یاسا. جینۆساید وەک تاوانێکی بێناو بە درێژای مێژوو و لە پێش مێژووشدا لە دژی گروپە جیاوازەکان ئەنجامدراوە. گروپە لاواز و ژێر چەپۆکەکان قوربانیەکی سەرەکی سیستەمە خوێنمژو چەوسێنەرەکان بوون. مێژووی ئازار، خەم، خوێن و پێشێلکاری یاسا سروشتیەکان دەیگێڕێتەوە کە زۆربەی ستەمکارەکانی مێژوو چێژیان وەرگرتووە لە دروستکردنی گۆم و ڕوبار لە خوێن و پێکهێنانی قەڵا لە کەلەسەری مرۆڤە بێگوناهەکان. ئەوانەشی کە هێڵراونەتەوە وەک کۆیلەیەکی کۆمەڵایەتی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. کۆیلەبونێک کە خاوەنی هیچ شتێک نەبوون تەنانەت سێبەری تایبەتی خۆشیان، لە هەمووی ترسناکتر ئەوە بووە کە کۆیلەکان گەشتبوونە باوەڕێک کە بە کۆیلەی چاویان بۆ ژیان هەڵهێناوە و دەبێت بە کۆیلەیش بژین.



مێژووی یاسا بۆمان دەگێڕێتەوە کە یەکەمین جینۆساید، لە ناوبردنی ئاشوریەکانە لە نەینەوا لە لایەن بابلیەکان و ماددەکانەوە لە ساڵی (٦١٢) پێش زاین.

لە (١٠ / ٢ / ١٢٥٨) ی زاینیدا، مەغۆل و تەتەرەکان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ، ڕوویان لە بەغداد کردوو لە ماوەی (٤٠) چل ڕۆژدا کوشتارێکی زۆریان نایەوەو لە ناو ئەوانەشدا ژن و منداڵ و پەککەوتەو دیلیش هەبووە ئەوەی شەڕی دەکرد و ئەوەی تەسلیم دەبوو هیچ جیاوازییەکیان نەبوو سەریاندەبڕین. بەو ڕەنگەو لەو ماوە کەمەدا ( ٨٠،٠٠٠ ) هەشتا هەزار کەس کوژران.٥

لە ساڵی (١٤٩٢) ی زاینیدا دوای ئەوەی کە کیشوەری ئەمریکا لە لایەن کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆسەوە دۆزرایەوە، خاوەنی ئەو کیشوەرە کە هیندییە سورەکان بوون نزیکەی ( ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ) سەد ملیۆن کەسیان لێ جینۆساید دەکرێت.٦ (گەرچی ئەو ڕێژە زۆرە جێگای گومانە، بەراوورد بە ژمارەی هیندییە سورەکان و دانیشتوانی ئەمریکاش. نوسەر).

## چەند نمونەیەکی جینۆساید لە مێژوودا:

* نزیکەی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن خەڵک کوژران لە پریسیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوسیا و چین لە لایەن جەنگیز خانەوە.
* زیاد لە ( ٤٠،٠٠٠،٠٠٠) چل ملیۆن کوژراو لە شۆڕشی تاپین لە ساڵانی (١٨٥١- ١٨٦٤).٧
* لە (٢٤ / ٤ / ١٩١٥) سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی و ڕێکخراوی تورکیای لاو، بۆ وەدەرنان و لە ناوبردنی ئەرمەنەکانی تورکیا (بۆ ڕێگریکردن لە جیابونەوەی ئەرمینیای خۆرهەڵات لە تورکیا)، ترسناکترین قەسابخانەی کەم وێنەیان بۆ دروستکردن و ڕوباری خوێناویان نایەوە، نزیکەی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار قوربانی بە دەستی سوڵتان عەبدولحەمید و لە ئاکامی هێرشەکانی تورکیای لاویشدا دەوروبەری (١،٠٠٠،٥٠٠) ملیۆن و نیوێک جینۆساید کران.٨
* جینۆسایدی جولەکەکان لە لایەن هیتلەرەوە کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە، کۆتای بە ژیانی ( ٧ ٠٠٠،٠٠٠) حەوت ملیۆن مرۆڤ هێنرا، سەرەتا نەخشەی لە ناوبردنی (١١ ٠٠٠،٠٠٠) یانزە ملیۆن جولەکە کێشرابوو لە ئەوروپا، بەڵام هاوپەیمانان کۆتاییان بەم پیلانە هێنا.

* جینۆسایدی موسڵمانەکان لە هیندستان و هیندۆسەکان لە پاکستان، هەر یەکەو نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن کوژراو.٩
* ڕۆژی (٦ / ٨ / ١٩٤٥)، ( ١٤٠،٠٠٠) سەدو چل هەزار لە شاری هیرۆشیماو ڕۆژی (٩ / ٨ / ١٩٤٥)، ( ٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شاری ناکازاکی ژاپۆن جینۆساید کران لە لایەن ئەمریکاوە.

* لە ساڵانی (١٩٧٦ - ١٩٧٩) لە کۆی ( ٦٠،٠٠٠) شەست هەزار ڕەبەن (مۆنک) ی بودی تەنها ( ٣٠،٠٠٠) سێ هەزاریان بە زیندووی مانەوە کە لە لایەن ڕژێمی خمێر ڕۆفەوە لە کەمبۆدیا کوژران. هەر لەو جینۆسایدەدا (١،٠٠٠،٧٠٠) یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس کوژران.

* لە ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٩٩) لە تەیموری خۆرهەڵات نزیکەی (١٧٠،٠٠٠) سەدو حەفتا هەزار مەسیحی دەکوژرێن، کە ئەو ڕێژەیەش دەگاتە لە (٢٤%- ٢٥%) دانیشتوانی تەیموری خۆرهەڵات لە ساڵی (١٩٧٥) دا.١٠

* لە ساڵی (١٩٩٤) لە ماوەی چواردە هەفتەدا.١١ نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن توتسی دەکوژرێن لە لایەن هوتوەکانی ڕواندەوە، کە دەکاتە نزیکەی (٧٥%) توتسیەکانی ڕواندا.

* نزیکەی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن تیبتی جینۆساید دەکرێن لە لایەن ڕژێمی ماو تسی تۆنگی چینەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠- ١٩٥٩) دا.

* جینۆساید کردنی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن خەڵک لە سودان لە ساڵی (١٩٥٥) وە تا ساڵی (٢٠٠٥).

* لە بۆسنیاو هەرزە گۆڤینا نزیکەی (٢٠،٠٠٠ - ١٠٠،٠٠٠) بیست و هەزار تا سەد هەزار جیۆساید دەکرێن لە ساڵی (١٩٩٥).

* لە باکووری کوردستان لە ساڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨) نزیکەی (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزار کورد جینۆساید دەکرێن.

* لە ساڵی (١٩٦٦ وە تاوەکو ١٩٨٨) نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار کورد لە باشووری کوردستان لە لایەن ڕژێمەکانی پێشوو و بەعسیەکانەوە جینۆساید دەکرێن.

* لە ساڵی (٢٠٠٩) لە سریلانکا پڵنگەکانی تامیل جینۆساید دەکرێن.

* نزیکترین جینۆسایدێکیش کە ئەنجامدرابێت جینۆسایدی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕاخینە لە میانمار لە ساڵی (٢٠١٢) و جینۆسایدی ئێزیدیە کوردەکان لە شەنگالی باشووری کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤) و جینۆسایدی کۆبانیە لە خۆرئاوای کوردستان لە ساڵی (٢٠١٥) دا. سەرەڕای زۆری ژمارەی جینۆسایدەکانی دنیا بەڵام تەنها چەند جینۆسایدێکیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە دادگا تاوانکاریە نێودەوڵەتی و تایبەتەکان بە جینۆساید ناسێنراون. ئەوەی کە ئاماژەمان بۆ کردوون بە تەنها تاوانەکانی جینۆساید بوون. ئەمە سەرەڕای ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی تر وەک تاوانەکانی: دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دوژمنکاری.

بە پێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی مێژوو لە پێنج هەزار ساڵی دوایدا زیاتر لە (١٤،٠٠٠) چواردە هەزار جەنگ تۆمار کراوە. بەهۆی ئەو جەنگانەشەوە نزیکەی ٢/٣ سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەمرۆی سەر زەوی کوژراون.

## بەشی (٩)

## شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید

هەروەک لە ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەی (٦) ی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای). ئاماژەی بۆ کردووە، تاوانی جینۆساید بە پێنج شێواز ئەنجامدەدرێت. گەر مەبەست لە ئەنجامدانی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کردارەکە ئەوە بێت ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی.١٤
ئەو شێوازانەش بریتین لە:

**یەکەم/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە**

ئەو تاوانە لە بڕگەی (١) ی ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەی جینۆساید، بە یەکەم شێوازی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت و بە مەترسیدارترین شێوازی جینۆساید دەژمێردرێت. چونکە ڕاستەخۆ نکوڵی لە مافی ژیان دەکات. مافی ژیانیش لە ماددەی (٣) ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (٦) ی ڕێککەوتننامەی مافە ڕامیاری و شارستانیەکان بۆ هەموو کەسێک پارێزراوە بە بێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازیەکی نەتەوەی، نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، ڕێبازی ئاینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

کوشتنی ئەندامانی گروپەکە بە هەر شێوازێک ئەنجام بدرێت کوشتنی ڕاستەوخۆ، لە سێدارەدان، گولە بارانکردن، بە کارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەکارهینانی ژوری گازی ژەهراوی بۆ خنکاندن و لە کارەباداان... هتد. لێرەشدا تاوانەکە هیچ جیاوازیەکی نابێت ئەگەر تاوانەکە دژی گروپیک ئەنجام درابێت کە هەموویان پیاو بن یان ژن، منداڵ بن یان پیرو پەککەوتە. هەروەها ئەوەش بە بنەما ناگیرێت ئەگەر بێتوو تاوانەکە هەموو گروپە بگرێتەوە یان بەشێکی. ئەوەی گرنگە بوونی نیاز و مەبەستە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا. کە تاوانکار مەبەستی بێت هەموو یان بەشێکی گروپیکی نەتەوەی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. لە ناوبەرێت.

خوێندنەوەیەکی فراوان و گفتوگۆیەکی قوڵ کراوە دەربارەی ئەوەی ئایا ئەگەر هاتوو ئەو گروپەی دەکرێتە ئامانج تەنها یەک کەسیش بکوژرێت دەچێتە چوار چێوەی تاوانی جینۆسایدەوە؟ گەرچی لە ڕێککەوتننامەی جینۆساید و لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) یش دەقی لەسەر ئەوە نەداوە. بەڵام زۆرێک لە شارەزایانی بواری جینۆساید مەبەستی تایبەتیان بەلاوە گرنگەو پێیان وایە گەر گروپی بە ئامانجکراو یەک کەسیشی لێبکوژرێت ئەوا تاوانی جینۆسایدە. هەربۆیە زۆرێک لە شارەزایانی بواری جینۆساید دەڵێن: دەبوایە ڕیککەوتننامەکە بە ڕاشکاوی دەقی لەسەر ئەوە بدایە کە تاوانی جینۆساید پێک دێت تەنانەت ئەگەر یەک کەسی گروپەش بکوژرێت. چونکە پێیان وایە مادام مەبەست و نیازی تاوانی لە تاوانکار بوونی هەبێت و ئەو مەبەستە ئاراستە کرابێت دژی ژیانی زیاد لە ئەندامێکی گروپە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکەشی سنووردار بێت بە کوشتنی ئەندامێکی گروپە ئەوا هەر جینۆسایدە.

هەروەها دەقەکانی ڕێککەوتننامەکە هۆکارو شێوازی دیاری کراوی بۆ ئەو کوشتنە دیاری نەکردووە، بۆ ئەوەی تاوانەکە بە جینۆساید بناسرێت. وە ئەو ڕێککەوتننامەیە کارێکی باشی کردووە کە دەقی لەسەر ئەو بابەتە نەداوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو تاوانکارانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن سودی لێنەبینن. چونکە ئەو تاوانکارانە بە سود بینین لەو پێشکەوتنە گەورە تەکنەلۆژییە شێوازی کوشتنی جیاواز دادەهێنن.١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی ١٤ی ئەپریلی مارچی ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سوپای عێراق و تراژیدیاکانی

عەبدوڵا کەریم مەحموود

جەعفەر عەسکەری هەموو تواناى خستە گەڕ، بۆ دروست کردنى سوپاى عێراق، لەسەرەتادا ((٩))ئەفسەرى کۆکردەوە، ((٥)) یان کورد بوون، بە دامەزرێنەرى سوپا دادەنرێن، لە (٦) ى کانوونى دووەمى (١٩٢١) دا یەکەمین سوپایان پێکهێنا، بەناوى فەوجى (امام موسى کاظم) ەوە لە بەغدا.



دەوڵەتى عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دامەزرێنراو سوپاش بەهەمان شێوە، دواتر مەشق بە سوپاکەى کراو پەروەردەکرا، بۆئەوەى ڕۆڵى پۆلیس ببینێ، بۆ پاراستنى ئاسایشى ناوەوەى عێراق و جێگیرکردنى دەسەڵاتى کاربەدەستان، فەیسەڵى یەکەم مەلیکى عێراق، ئەو ئەرکەى لە سوپا خواست، ژمارەى سوپاى عێراق (٩٠٠) کەس بوو، هاوکارى هێزە چەکدارەکانى بەریتانیاى لە داگیرکردنى سلێمانیدا کرد، بۆ بەگژدا چوونەوەى شۆڕشى گەلى کورد بەسەرکردایەتى شێخ مەحمود(١).

بەریتانیا دەسەڵاتى سیاسى بەخشى بە کەمایەتیەکى قەومى - سوننى عەرەبى، خەڵکى چەند شارێکى دیارى کراوبوون، عێراق نیشتمانى چەند نەتەوەیەک و چەند مەزهەبێکە لەبەر ئەوەى دەسەڵاتداران سونى بوون، سوپاکەش هەر سەربە سونى بوو، چەند کێشەیەکى مەزهەبى و نەتەوەیى سەریان هەڵداو تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

سوپاى عێراق لەسەرەتاى دامەزراندنییەوە تا (٢٠٠٣) کە (٨٢) ساڵە، وەک هێزێکى داگیر کەرى بێگانە، هەڵسوکەوتى کردووە، بەپێى هەلومەرجە جیاجیاکان، تەکنۆلۆژیاى عەسکەریان لە کوردستاندا تاقى کردۆتەوە، بآ ڕەچاوکردنى هیچ دەستوور و یاسا ودادگاییەک، دوور لە پەیڕەوکردنى مافى نەتەوەیى ومافى مرۆڤ، هەزاران کوردیان جینۆساید کردووە، گوند وشارۆچکەکانیان بۆردومان و خاپور وسوتماک کردووە، دەیان ئەفسەرى سوپاى عێراق، لەسەردەمى دەسەڵاتە یەک لە دواى یەکەکان، پلەو پایەى دەسەڵات و مەدالیاى سەرکەوتنیان بەهۆى ڕەشەکوژى ژن و منداڵ و پیاوى کوردەوە پێ بەخشراوە.

## سوپا و کۆمەڵ کوژى کورد:

* لە ١٩٢٣ - ١٩٢٧ حەرەکاتى عەسکەرى، بە یارمەتى هێزى ئاسمانى و زەمینى بەریتانیا دژى خەباتى گەلى کورد بە سەرکردایەتى

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شێخ مەحمود.

* لە ١٩٣٠ - ١٩٣١ حەرەکاتی عەسکەری بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی دژی خەباتی گەلی کورد بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود.
* لە ١٩٣١ - ١٩٣٢ حەرەکاتی عەسکەری بەیارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی دژی شۆڕشی بەرزانیەکان.
* لە ١٩٤٢ - ١٩٤٧حەرەکاتی عەسکەری بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی دژی خەباتی گەلی کورد بەسەرکردایەتی بارزانی.
* لە ١٩٦١- ١٩٧٥حەرەکاتی عەسکەری دژی شۆڕشی ئەیلول.
* ١٩٧٦ تا ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ حەرەکاتی عەسکەری دژی شۆڕشی نوآی گەلەکەمان(٢).

## سوپا و زنجیرە کودەتاکانی:

سوپای عێراق تایبەتمەندە، بە سوپایەکی کودەتای سەربازی، دەستی دەخستە کاروباری سیاسی وڵات، بۆ پارێزگاری ڕژێمێکی نادیموکرات، هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، سوپای عێراق لەناو سەراپا سوپای وڵاتانی عەرەبیدا یەکەم سوپایە، بە نەریتی داهێنەرانەی ((إنقلاب)) ناسراوە، وەکو ناسنامەیەک عێراق خاوەنی (١١) هەوڵدانی سەرکەوتووە و سەرنەکەوتوی کودەتای سەربازی بووە.

* لە ١٩٣٥ کودەتای سەرکەوتووی بەکر ێدقی.
* لە ١٩٣٦ کودەتای سەرکەوتووی ئەفسەرانی قەومی دژی بەکر ێدقی.
* لە ١٩٤١کودەتای سەرنەکەوتووی (٤) عەقیدە قەومیەکە بەسەرکردایەتی ڕەشید عالی گەیلانی.
* لە١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ کودەتای سەرکەوتووی عەبدولکەریم قاسم دژی ڕژێمی پاشایەتی.
* لە١٩٥٩ کودەتای سەرنەکوتووی ئەفسەرانی قەومی(الشواف) دژی قاسم.
* لە٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتای سەرکەوتووی قەومی و بەعسیەکان دژی عەبدولکەریم قاسم بەسەرکردایەتی عەبدولسلام عارف وئەحمەد حەسەن بەکر.
* لە ١٩٦٣ کودەتای سەرکەوتووی عەبدولسلام عارف دژی بەعسیەکان.
* لە ١٩٦٥ هەوڵدانی سەرنەکەوتووی عارف عەبدولڕەزاق.
*لە ١٩٦٨ کودەتای سەرکەوتووی بەعسیەکان، بەسەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر.
* لە ١٩٦٩ کودەتای سەرنەکەوتووی عەبدولغەنی الراوی.
* لە ١٩٧٩ کودەتای سەرنەکەوتووی باڵێکی حزبی بەعس دژی سەدام حسێن(٣).

ئەمە ئەزموونی دەسەڵاتدارانی عێراقە، کەلە بواری کودەتادا بە پاڵپشتی سوپای عێراق چەندان سیناریۆی پڕلە تراژیدیایان دروست کردووە، دەیان کارەساتی پڕلە جینۆسایدیان هەڵگیرساندووە، ئەم (١١) کودەتا یەک لە دوای یەکەی سوپای عێراق، لە ماوەی (٤٥) ساڵ دا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی سلبی، لەناو کاربەدەستە باڵادەستەکانەوە شۆڕبونەتەوە بۆ ڕیزەکانی سوپا. هیچ شتێک لە ناو سوپادا بەهای متمانە و ئاسوودەیی و دڵنیایی نەدەبەخشی، سوپا ئامێرێکی نوآ بوو، بۆ کودەتا یەک لە دوای یەکەکان،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ جینۆساید و بآ سەروشوێن کردنی خەڵک، حکومەتەکانی عێراق کە بەپآی کودەتاکان دەسەڵاتیان دەگرتە دەست، هەموویان تەواوی توانای خۆیان دەخستە گەڕ بۆ گۆڕینی باری دیموگرافی ناوچەکانی کوردستان.

## سوپا و حوکمی عورفی:

لەو کاتەوەی دەوڵەتی عێراق پێکهێنرا، گەلی عێراق هەرگیز ژیانی دیموکراتی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەهیچ جۆرێک ماف وئازادی بیروباوەڕ ورۆژنامە نوسین ودامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی و خۆپیشاندان ومانگرتنی نەبووە.
هەرگیز مافی ئازادی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانێکی نەبووە، کەنوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بێت، هەرکاتێک خەباتی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناوی مافە قانونیەکانی خۆیاندا گەیشتبێتە قۆناغێک، مەترسی بۆ سەر ڕژێم دروست کردبێت، گەر دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمن و پۆلیس نەیانتوانیبێت دایبمرکێننەوە، پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی سوپا، بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و پارێزگاری دەسەڵاتەکەیان.
* لە (١٩٤٨) خەڵکی عێراق لە پێناوی ئازادی و دیموکراتی، لە دژی پەیمانی عێراق-بەریتانی ڕاپەڕین، ڕژێمی پاشایەتی سوپای بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەرینەکە بەکارهێنا، سوپا کاروباری وڵاتی گرتە دەست، حوکمی عەسکەری ڕاگەیاند، دادگای عەسکەری پێکهێنا، بۆ ڕاونان و گرتن و سزادانی ئازادیخوازان.

* لە ١٩٥٢ دا کۆمەڵانی خەڵک مانیان گرت، خۆپیشاندانیان سازکرد، بۆ بەدەست هێنانی ئازادی ودیموکراتی، سەر لەنوآ سوپا بۆ پارێزگاری ڕژێمی پاشایەتی ڕژانە سەر جادە و کاروباری عێراقیان کۆنترۆڵ کرد، حوکمی عەسکەریان ڕاگەیاند، ئازادیخوازانی عێراقییان بۆ دادگاکان ڕاپێچ کردو بزووتنەوەکەیان سەرکوت کرد.

*لە ١٩٥٦ خەڵکی عێراق پشتیوانیان لە میسر کرد، دژی دەست درێژی "٣"قۆڵی ئیسرائیل-ئینگلیز-فەرەنسی ڕاپەڕین، بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراتی، سوپا خۆی هەڵقورتاند بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایی گەل ، حوکمی عورفی ڕاگەیاند.

* لە ١٩٥٨ لە دوای کودەتاکەی عەبدولکریم قاسم، سوپای عێراق خۆی هەڵقورتاندە کاروباری گشتی وڵات وژیانی تایبەتی خەڵک، دادگای عەسکەری و حاکمی عەسکەری، توانیان کارکردن بە دەستوور و قانوون پێشێل بکەن، مافی قانوونی هاوڵاتیان ڕابگرن، ڕاونان و گرتن و سزادان و کوشتنی هاوڵاتیان لەلایەن سوپاوە بوو بەکارێکی ئاسایی ڕۆژانە، تا ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ هەر بەردەوام بوو، بەتایبەتی لە کوردستاندا(٤) ئەرکی سوپا کوشتن و بڕین و بآ سەرو شوێن کردن بووە، لەو سەرەتای جینۆ سایدەوە گەیشتە ئەزموونی ئەنفالی (١٩٨٨).

سەرچاوە: لە کتێبی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال (ل ٣ بۆ ٧)



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کورد و ئەنفال و ئیجە

عومەر محەمەد

ئەی کورد تۆ لە چ تـوخمێکی؟ لەگەڵ خودی خۆت لاسار و بۆ ئەوانی دی دەستەمۆ، لەگەڵ ژیان سەرکێش و بۆمەرگیش نەرم وەک قوربانی بوونت بەرەو بەهەشت بێت ئاوا دەچیتە بەردەستی جەلادەکانت، ئەنفال و ئیجە، لم و بیابان، پڕن لە جەستەی ساردەوە بووی ئێمە، پڕن لە گۆشت و ئێسک و خوێن و چیرۆکی مەرگی بەکۆمەڵی کورد.



لەمێژە تۆ هەر خۆت بەدەست مەرگەوە دەدەیت و ئامادە نیت بۆ ژیانێکی شایان، نیشتمان بەجێدێڵیت و بەناو کێڵگەی ئەڵغام و شەپۆلی ئاودا، کۆچ دەکەیت بۆ نیشتمانی ئەو قژ زەرد و چاو شینانەی (سەرڕەش) بەشایانی پەناهندەیش نازانن و بوون و نەبوونمان لەلایان بەهای سەگێکی تیسکنی نییە. ئەوە هەر قاچاغچییەکان نین بیر لە دادۆشین و ڕووتکردنەوەمان دەکەنەوەو ئامادە نین بۆ سەلامەتی کۆچبەرەکان یەختە خراپەکانیان چاک بکەن، بەڵکو ئێمەش ئامادە نین یەختە خراپەکەی نیشتمان و شۆفێرە ناشی و دڵرەقەکانی چاک بکەین. وەک چۆن کۆچەرەکان ژیان و چارەنووسی خۆیان دەدەنە دەست قاچاغچییە قۆڵبڕ و دڵرەقەکان، ئێمەش ژیان و چارەنووسی خۆمان و منداڵەکانمان داوەتە دەست سیاسییە نەوتفرۆش و دڵرەقەکان، بەختی خۆمان داوەتە دەست سەرکردە قۆڵبڕەکانی باشوور.ژیان و مەرگی بە کۆمەڵ و تراژیدیاکان چەندە بە دەست جەلادەکانی ئەنفال و شەنگال و قاچاغچیەکانی دەریایە، دوو هێندەش بەدەست بێباکی و نەزانی خۆمان.

ئێمە میللەتێکین، چەکمان کردووەتە مەحەک و عەقڵمان لە مەنگەنەداوە، هەر بۆیە نە ئەنفال و نە ڕاپەڕین، نە کۆمەڵکوژی و نە یادەوەری... ڕاینەچڵەکاندووین، بەهیوام مەرگی قوربانییەکانی دەریای ئیجە بەس بێت و ڕامانبچڵەکێنێت و بمانهێنێتەوە سەرخۆ.

ئێمە میللەتێکین، هێندە ساویلکەین بەحیلەی قسەزانەکانی سیاسەت فریو دەخۆین کە دەڵێن هەتا ڕووبەری گۆڕستانەکانمان فراوانتربن بەختی بەدەوڵەتبوونمان زیاترە. ئەو حیلە بازانەی نیشانەشکێنیان لە بیریار و هونەرمەند و تەکنۆکراتەکان لەلا بە نرخترە!.

هەربۆیە پەندمان لە ستەمکاری بەعس وەرنەگرت و فەرماندەی جەنگاوەرەکانمان کردە خاوەن باخ و ڤێلا و کۆمپانیا، ئەوانەمان بە ئەدیداس و پۆستاڵەوە لە بەرەکانی جەنگەوە هێنایەوە و کردمانن بە سەرکردە و فەرماندەی شار و ئاوەدانی! لە کاتێکدا ئەوان بۆ خۆیان دانیان بەو ڕاستییەدا نابوو کە دەزانن پردەکان بڕوخێنن و شارەکان وێران بکەن، وەلێ نازانن دروستیان بکەن! کەچی ئێمە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەر چەپڵەمان لێدا و وتمان ئێوە مەزنن، مەزنتر لەوەی ژیان پێویستیەتی، ئێوە فریشتەی ئازادی و داهێنەری هەموو جوانییەکن، لە کاتێکدا ئەوان مەزن نەبوون، گرگن بوون، فریشتەی ئازادی نەبوون، شەیتانی ١٢ عیلم و داهێنەری هەموو ناشرینییەک و دوژمنی هەموو جوانییەک بوون.

ئێمە، هێندە خۆمان گچکە بینی، بڕیاری مەرگ و ژیان و شەڕ و ئاشتیمان بە کەسانێک بەخشی، کە هەرگیز دانوویان لەگەڵ ئاشتی نەکوڵاوە و لە داهاتووشدا ناکوڵێت، لەبەرئەوەی ئەوان هەر لە شەڕدا هەست بە بوونی خۆیان دەکەن، ئەوان کاتێک مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەیان لەبەردی مەڕمەڕ دروست دەکرد، کە هەڵبجەییەکان ژیانیان لەناو داروپەردوی ڕووخاودا بوو، سەرشەقامەکانی قوڕ و لیتە داپۆشیبوون.

لەکاتێکدا زانست فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر دروست دەکەن و سیاسەتمەدار و حەکیمەکانی ئێمەش مووچەخۆری بێ مووچە دروست دەکەن! ئەی کورد تۆ چیت و کەی بیر لەژیان وشکۆمەندی دەکەیتەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی NRT / ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## جینۆساید دژ بە گەلی کورد

حکومەتی هەرێمی کوردستان
نوێنەرایەتی لە ئیسپانیا

لە مێـژووی عێراقـدا بە هـۆی مـامەڵەکردنی هەڵەی حکـومەتە یەک لە دوای  یەکە مەرکەزیەکـانی بەغـداد لە کێشـەی کوردسـتاندا مێـژوویەک لە کـاری قێـزەوون و نامرۆڤـانە بەرەو ڕووی گەلـی کوردسـتان بـووەتەوە. وابەسـتەبوونی ئەو ڕژێمـانە بە بیـرۆکەی تەنهـا تاکرەوی نەتەوەی عەرەب و بەلاوەنانی ڕاستی بوون و هێزو توانای میلەتی کورد لەسەر خاکی خۆی-کوردستان- وەک مـافێکی سروشتی ڕەوای بووەتە هۆی ڕوبارێک لە کاری نامرۆڤانەو کۆکوژی بەرامبەر میللەتەکەمان کە ئەگەر سەیری بکەیت، جگە لە هەوڵێکی ناکۆتـا بۆ سڕینەوەی شوناسی میلەتی کورد و کاری جینۆساید هیچی تر بەدی ناکرێت.

ئەم کارانە هەر لە کۆتایی پەنجاکانەوە دەستیانپێکردووە، بە نکوڵیکردن لە مـافی میلەتـی کـورد لە چوارچێـوەی سنوری دروستکراوی عێراقدا و بە هاتنی حیزبی بەعس ئەم نکوڵیکردنە زیاتر چڕبووەوە، کە بەردەوام کێشەکان لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە ویستراوە بە تای شاڵاوی سەربازی کۆتایی پێبهێنرێت. دیارترین شاڵاوی کۆکوژی ئەو ڕژێمانە لە پێش شـاڵاوی ئەنفالـدا، خـۆی لە شـاڵاوی سـەر بەرزانیەکان دەبینێتەوە کە بە مەزەندەی ٨٠٠٠ کەس لە بەرزانیەکان بێسەروشوێن کراون و لە زێـدی خۆیـان هەڵکەنـراون بە مەبەسـتی سڕینەوەیان. هەروەک بە بەهانەی شەڕی عێراق-ئێران گوندە سنوریەکان ڕاگواستراون بۆ کۆمەڵگا و شارەکان و شوێنەکانیان تێکدراوەو سڕدراوەتەوە.

### ئەنفال

هەموو ئەو نیازانەی کە ڕژێمی عێراق هەیبـوو لە سـاڵی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ دا گەیشـتنە ئەوپەڕی ترۆپکـی نامرۆڤانەیـان، کاتێـک کەم تـا زۆر شەڕی ئێران-عێراق بەرەو کۆتـایی دەچـوو. لەو بەڵگەنـامـانەی کە گیـراون و لەلای ڕێکخـراوی  جیهـانی مـافی مرۆڤ بوونیـان هەیە باس لە "پـاککردنەوەی لادێکـان" دەکرێت لە مـاوەی "ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانـانەی ئەنفـال" دا. ڕژێمی بەعـس لەوە نەسـڵەمیوەتەوە کە تەنانەت بیرە نەوت و، بەشی بارەگاکانی حیزبەکەی وەک شانازی بە نـاوی ئەنفـالەوە نـاو بنێت. بەڵگەنامەکـان ئەوە دەسـەلمێنن کە ڕژێم ئەوپەڕی هەوڵ و توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆکوژیە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفال ئەو ناوەیە کە دراوە بە کۆی ئۆپەراسیۆنی کۆکوژی بەعس، کە خۆی لە ٨ پرۆسەی سەربازی یەک لە دوای یەکی گەورەدا دەبینیەوە لە ٦ ناوچەی جۆگرافی گەورەی کوردستان کە لە شوباتی ١٩٨٨ بۆ سەرەتای ئەیلولی ١٩٨٨ بەردەوام بوو. بەڕێوەبردنی ئەم کۆکوژیە لە ژێر فەرماندەیی حیزبی بەعسی عەرەبی لە شاری کەرکوک بووە بە سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆی ئامۆزای سەدام، عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە عەلی کیمیاوی بوو. دانانی عەلی کیمیاوی ئەوەی خستە ڕوو کە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کوردو شالاوی لەناوبردن مەبەستی ڕاستەوخۆی بازنەی ناوەوەی ئەو حیزبەیە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی دیکتاتۆر ی پێشوو سەدام حوسێن.

ئەنفال زیانی مادی ومەعنەوی گەورەی لە دوای خۆی جێهێشت بە جۆرێ هێندەی نەمابوو کورد تێدا لەناو بچێت چونکە رژێم بەرنامەو پلانی قڕکردنی داڕشتبوو بەو ئاقارەش دەڕۆیشت, لە هەڵسەنگاندنی زیانەکانی ئەنفال دا ( میدڵ ئێست ووچ ) دەنووسێت: لە پرۆسەی ئەنفالدا پتر لە (٢٠٠هەزار) مرۆڤی کورد لەناوبران ,و بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی ٤٠٠٠ گوند و ٤ قەزا و٣٠ ناحیە و ٣١٠٠ مزگەوت و ١٠٠ کلێسا , وە لە روی گیانداریشەوە بووە هۆی بە تالان بردنی (٢ ملیون) سەر مەڕومالات و ئاژەڵ وە کاریگەری لە سەر ژینگەی کوردستانیش بووە هۆی لە ناو بردنی ڕۆبەرێکی فراوان لە باخ و ڕەز وچەم.

د.کەندال نزان دەربارەی شالاوەکانی ئەنفال دەنووسێت: لەشالاوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لە کوردستان هەڵتەکێنران, دوای ئەوەی ئەو هیسترپایە شێتانیەیە بە جینۆسایدی کورد کۆتایی هات لە لە ٩٠% ی گوندەکانی کوردستان وزیاتر لە ٢٠ شاروشارۆچکە لە سەر نەخشە سڕانەوە, ناوچە گوندنیشنەکان بە (١٥ ملیون) مین مینرێژ کران, نزیکەی ١/٥ ملیون کوردی گوندەکان بۆ ئوردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە , نزیکەی ١٠% کوردی باشوورلە نێو بران , بەمەش نزیکەی (٧٧٢٩) کم دووجار لە رووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق تووشی شالاوەکانی ئەنفال بووەوە

هەروەها یوست هلتەرمان دەڵێت: پاش ئەوەی ئەو خەڵکە لە گوندەکانی خۆیان دەستگیر کران بەرەو مەرکەزەکانی جەیشی شەعبی لە کەرکوک پەلکێش دەکران, لەوێشەوە لەلایەن کەرتی تایبەتی ترەوە لە ناو ماشین وپاسی کیلۆن کراو وپەنجەرە رەش کراودا بەرەو رۆژ ئاوای عێراق لە باکوورەوە بۆ باشووری بیابان دەگوێزرانەوە. لە وێشدا پیاوان لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژنان ومناڵەکانیش گولە باران دەکرێن ودەکوژرێن بە بلدۆزەر مردوو چاڵیان دەکەن, بە تەقدیری ئێمە نزیکەی (١٠٠ هەزار) کەس لە پیاوان ومنداڵ کە زۆربەیان بێ چەک وسڤیل بوون بە شێوەیەکی سیستەماتیکی کوژران، بەپێی زۆرێک لە بەڵگەنامەکان ژمارەی قوربانیان لە سەد هەزار کەس کەمتر نییە وبەپێی قسەی دەسەڵاتدارانی پێشووی رژێم خۆشیان ئیعترافیان لە سەر (١٠٠ هەزار) کەس کردوە لەسەرزاریعەلی حەسەن مەجید ووە لە دانوستانی وەفدی کوردی ورژێم ساڵی ١٩٩١ یەکێک لە قێزەونترین کردەوە نائاکارییەکانی ئەنفال ئەوە بوو کە رژێمی بەدەوی بەعس هەروەک چەرخەکانی ناوەڕاست هەڵسا بە کڕین وفرۆشتنی بە شێک لە کچ وئافرەتە ئەنفالکراوەکان کەزۆر جار بە کۆمەڵ عەرەب چونەتە ناو زندانیەکانیان وئافرەتە جوانەکانیان هەڵبژاردوە , هەر وەکو ( رەحمە عەبدول کەریم ) دەیگێڕێتەوە: دوو هەفتە بوو برابووینە دووبز , رۆژێک کۆمەڵێک سەیارەی جام رەش هاتن ,هەمووی عەرەبی دشداشە لە بەر بوون بە ناو قاعەکەدا ئەگەڕان, ئەفسەری قاعەکەی ئێمە پیاوێکی باش بوو پێی ووتین: هەرچی ژنی جوان وگەنج هەیە لە چکەکانتان بە دەم وچاوتانەوە بئاڵێنن, ئەمانە هاتوون هەرچی جوان بێت وعەقڵیان بیبرێت ئەیبەن بۆ خۆیان ,واش بوو، کۆمەڵێکیان جیاکردەوەو بردیانن

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوانەیە دیارترین بەشی ئەم شاڵاوانەی جینۆساید، کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بێت، کە تیایدا حکومەتی بەعسی عێراق چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی دژ بە خەڵکی سیڤیلی شاری هەڵەبجە بەکارهێنا. لەم شارەدا هەزاران منداڵ و پیرو ژن و پیاو خنکێنران. ئەم شاڵاوی کیمیابارانە نەک هەر هەڵەبجە بگرە زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستانی گرتبووەوە وەک سێوسێنان و باڵەکایەتی و دەشتی گۆپتەپەو عەسکەر و زۆر شوێنی تر.

## قۆناغەکانی شاڵاوی جینۆسایدکردن - ئەنفال

٢١ / ٢ / ١٩٨٨ تا ١٨ / ٣ / ١٩٨٨: یەکەم قۆناغ کە لە دۆڵی جافەتی دەستپێیکرد.

٢٢ / ٣ / ١٩٨٨ تا ١٩٨٨/٣/١٤: قۆناغی دووەم کە لە ناوچەی قەرەداغ دەستپێیکرد.

٣١ / ٣ / ١٩٨٨ تا ١٤ / ٤ / ١٩٨٨: قۆناغی سێهەم کە لە گەرمیان دەستپێیکرد.

٢٠ / ٤ / ١٩٨٨ تا ١٩٨٨/٤/١٨: قۆناغی چوارەم کە لە ناوچەی گۆپتەپە، عەسکەر، شوان، قەڵاچوغە، دەشتی کۆیەی دەستپێیکرد

٢٤ / ٥ / ١٩٨٨ تا ٣١ / ٨ / ١٩٨٨: قۆناغی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم کە ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندوزی گرتەوە.

٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ تا ١٩٨٨/٩/٦: کە ناوچەکانی بادینانی گرتەوە.

## ساڵڕۆژی کارەساتە گەورەکان

١٦ / ٣ یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کە لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامدرا.

١٤ / ٤ ڕۆژی یادکردنەوەی ئەنفال، ١٩٨٨ شاڵاوی جینۆسایدکردنی گەلی کورد دەستپێیکرد.

١٠ / ٧ یادکردنەوەی ڕاگواستنی ٤٠٠٠٠ کەسی کورد کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا ئەنجامدراوە.

٣١ / ٧ یادکردنەوەی سەرنگونکردنی بارزانیەکان کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا ئەنجامدراوە.

١٨ / ٨ یادکردنەوەی کۆمەڵکوژی گوندی سوریا لە ساڵی ١٩٦٩ دا ئەنجامدراوە.

٤ / ٩ یادکردنەوەی کوشتن و راودونانی کوردانی فەیلی کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا ئەنجامدراوە.

## یادکردنەوەی کیمیاباران و خاپورکردنی شارۆچکەو گوندی تری کوردستان

١٦ / ٤ کیمیابارانی شێخ وەسێنان و گوندەکانی دەوروبەری، ١٩٨٧.

١٧ / ٤ کیمیابارانی گوندی قزلەر، سەنگاو، ملەکەوە. ١٩٨٧.

٢٠ / ٤ کیمیابارانی گوندەکانی دۆڵی بالیسان،١٩٨٧.

٢١ / ٤ کیمیابارانی ناحیەی قەراغ و گوندەکانی، ١٩٨٧.

٢٣ / ٥ کیمیابارانی گوندەکانی کەندۆڵ، بەردۆک، بلێ، نازەنین، بالیسان، ١٩٨٧.

٢٨ / ٦ کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵات (ئێران)،١٩٨٧.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١ / ٧ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ناوچەی دهۆک، ١٩٨٧.

٢٦ / ٢ کیمیابارانکردنی گوندەکانی سەرگەڵو، هەڵەدن، یاخسەمر، گویزیلە، دۆڵی جافەتی و ناوچەکانی دوکان، ١٩٨٨.

١٦ / ٣ کیمیابارانی هەڵەبجە، گوندەکانی دەوری هەڵەبجە، عەنەب،١٩٨٨.

٣ / ٥ کیمیابارانی گوندەکانی گۆپتەپە، عەسکەر، قالاچوخ، چەمی ڕیزان،١٩٨٨.

٩ / ٨ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ناوچەی بادینان لە گەلی بازێ، ١٩٨٨.

## ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید

ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شاڵاوی ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنێت. گرنگە کە ئەم شاڵاوە خوێناوی و سڕینەوەی شوناسە بەرامبەر خەڵکی کوردستان لە عێراق وەک کاری جینۆساید بناسێنرێت بۆ گەیشتن بە دادوەریی بەرامبەر ئەو هەموو کەسەی کە تیاچوون، یان کەسوکاریان کە بە ئێستاشەوە بە دەست دەرکەوتە جەستەیی و مەعنەویەکانی ئەم کارە نامرۆڤانەیە دەناڵێنن.

خودی دادگای باڵای عێراق هەستاوە بە ناساندنی ئەم شاڵاوەی ئەنفال وەک کاری جینۆساید. پەرلەمانی عێراقی فیدراڵیش هەستاوە بە ناساندنی وەک جینۆساید. ئێستا کاتی ئەوەیە کە وولاتان بەگشتی دان بە دڕندەیی ئەم شاڵاوەدا بنێن وەک کاری جینۆساید.

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدات و هەموو هەوڵێک کە لە توانایدا بێت لەمبارەیەوە خستویەتە گەڕ بۆ ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید، گرنگی ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە:

کارەساتی لەم شێوەیە بەسەر کوردستان یان هیچ پارچەیەکی عێراقدا نەیەتەوە.

بە ئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەم کارەو هەر کارێکی هاوشێوە کە ئەگەر لە داهاتوودا ڕوویدات.

سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم کارە.

هێشتا هەڵگری لەم جۆرە بیرکردنەوە تەسکە شۆڤێنیە لە عێراقدا بوونی ماوە، کە پێویستە ئەوان و هاوبیرەکانیان هەنگاوی ڕاستیان لە بەردەم بگیرێت تا بیر لە ئەنجامدانی کاری هاوشێوە نەکەنەوە دژ بە گەلی کوردستان یان هەر گروپێک لە هەر ئاستێکدا بێت.

داننان بە سەروەری خەڵکی کوردستان و مرۆڤەکان، لەگەڵ قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی خەڵکی لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە.

پشتگیریکردنی قبوڵکردنی ئەم مەفهومە کە سەقامگیری نێودەوڵەتی بە سەقامگیری ناوخۆییەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش ڕۆڵی خۆی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبێت لە باشکردنی باری ئەمنی وولاتانی تر.

دووباره هەوڵی باشکردنەوەی باری قوربانیەکان.

جینۆساید دژ بە گەلی کورد لە عێراق: ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید،عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

هەندێک لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان کوشتنی کۆمەڵکوژی کورد لە لایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە وەک جینۆساید دەناسن.

١٩٩٣ - ١٩٩٤ ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا هەستا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ سەبارەت بە قەتڵوعامی کورد لە لایەن ڕژێمەکەی سەدامەوەو ڕایگەیاند کە ئەم کارە، جینۆسایدە. ئەم ڕێکخراوە هەوڵی داوە کە ئەم بابەتە بخاتە بەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکان. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٤ دا ئەنفالی وەک جینۆساید ناساند.

## ١٩٩٣

لەساڵی ١٩٩٣ دا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد بە ناوی "شاڵاوی ئەنفال دژ بە گەلی کورد"، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەدات کە ناسینی ئەم کارە وەک جینۆساید لە جێگەی خۆیەتی بۆ ئەو هەڵمەتانەی کە سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامی دا، کە پێوەرەکانی شەڕی دژ بە یاخیبوونی تێپەڕاندووە. هۆکارەکانیش خۆی لە سەرنگونکردنی دەیان هەزار کەسی سیڤیل دا دەبینێتەوە لەسەر بنەمای ئەتنی. هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی دەکات دژ بە خەڵکی سیڤیل، تەواو ڕووخاندنی ژێرخانی کوردستان، بەجێهێشتنی خەڵکی بێ توانا بێ خواردن و جێگا.

## ٢٠٠٣

لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە، بە ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دامەزرا. ئەم دادگایە هەستاوە بە دادگایکردنی سەرانی بەعس، لێپرسراوانی دەزگا ئەمنیەکان و حکومەت و سوپای ڕژێم کە مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە. دادگایکردن لەسەر ئەنفال لە ٢٤ / ٦ / ٢٠٠٧ دا کۆتایی هات، شەش مانگ دوای لە سێدارەدانی سەدام. سێ کەس لە شەش تاوانباری ئەنفال- سوڵتان هاشم ئەحمەد، حوسێن ڕەشید ئەلتکریتی، عەلی حەسەن مەجید بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا لەسەر ئەو تاوانانەی کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامیانداوە. عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی تۆمەتی جینۆسایدی بەسەردا سەپی.

## ٢٠٠٥ - ٢٠٠٧

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بابەتی ئەنفال کەمتر دەنگۆی دیاربوو تاوەکو دادگایکردنی سەدام حوسێن و هاوەڵە تاوانبارەکانی لە ٢٠٠٣، بەم هۆیەوە ئەنفال زیاتر کەوتە بەردەم میدیای جیهانی. دادگای نێودەوڵەتی لاهای، لە دادگایکردنی فرانس فان ئارنت، بڕیاری ئەوەی دا کە ئەو کارانەی دژ بە گەلی کورد کراون جینۆسایدە. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیش تاوانباران سوڵتان هاشم ئەحمەد، حوسێن ڕەشید ئەلتکریتی، عەلی حەسەن مەجید ی وەک تاوانبار بە جینۆساید ناساند لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، کە ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ بە یاسایکردن و ناساندنی نێودەوڵەتی ئەنفال وەک جینۆساید. لە ٢٠٠٧ ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ناساندی کەیسی ئەنفال وەک جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بە تایبەت لە ڕێگەی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانەوە.

## ٢٠٠٨

ئەنیستیوتی سویسرا بۆ ئاشتی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ئەنفالی وەک جینۆساید ناساند. هەروەها لە هەمان ساڵدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق بڕیاری ژمارە ٢٦ ی پەسەندکرد کە پەرلەمانی عێراق تیایدا ئیدانەی تاوانەکانی سەدام حوسێن دژ بە گەلی کورد کراوەو ئەم کارە وەک کاری جینۆساید ناسێنراوە. بڕیارەکە، بڕیارێکی پێشتری دوپاتکردەوە کە تیایدا هەموو ئەو تاوانانەی ڕژێمی پێشوو ئەنجامی دابوون دژ بە گەلی کورد وەک جینۆساید ناسێنراون.

## ٢٠٠٩

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، هەندێک سیناتۆر و کەسانی دیاری کۆنگرێسی ئەمریکی لە یادی ئەنفالدا داوایان لە کۆنگرێس کرد کە ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنێت. هەر لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا پارتی سۆسیالیستی سوید ئەنفالی وەک جینۆساید ناساند.

## ٢٠١٠

لە ئازاری ٢٠١٠ دا، دادگای باڵای عێراق بڕیاری ئەوەی دا کە هێرشەکانی ١٩٨٨ کاری جینۆساید بوون.

## ٢٠١١

لە ئابی ٢٠١١ دا، دادگای باڵای دادوەری عێراق، پەرلەمانی عێراق، بە ڕەسمی کۆکوژی کوردە فەیلیەکانیان وەک کاری جینۆساید ناساند.

## ٢٠١٣

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەریتانیا و باکوری ئێرلەندا

پەرلەمانی بەریتانیا بەگەرمی پێشوازی لە بڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق دەکات سەبارەت بە ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید، هەروەها پێشوازای لە وەڵامی ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پەرلەمنتارانی بەریتانیا دەکات بۆ ڕازیبوون بە کارکردن لە گەڵ هەرێمی کوردستان تاوەکو قورسای باری ئەم کارە لەسەر شانی قوربانیەکان سوک بکەن، هەروەها هەوڵبدەن پێکەوە کاربکرێت بۆ لابردنی ئەو بەربەستە یاساییانە تاوەکو حکومەتی بەریتانیا ئەنفال وەک جینۆساید بناسێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان / ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جینۆسایدی کوردی فەیلی لە عیراقدا

## تەها سلێمان

جینۆسایدی کورد، لەباشووری کوردستان (عیراق) چەندین وێستگەی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوە. بەعس وەک پارتی فەرمانڕەوای عیراق لەساڵی ١٠٦٣ تا ٢٠٠٣ گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کورد لەئەستۆ دەگرێ.



ئێمە لێرەدا ناتوانین هەموو وێستگەکانی ئەم تاوانەو تەواوی وردەکاری و لایەنە جیاجیاکانی ڕوون بکەینەوە، بەڵکو دەکرێ تەنها ئاماژە بەناوی تاوانەکان بکەین بۆ نموونە تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ، تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان، تاوانی جینۆسایدی ئۆردگای زێوێ، تاوانی جینۆسایدو کیمیابارانی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدی ئەنفال، تاوانی ڕاگواستن لەسنووری بەدرەو مەندەلی و خانەقین تا دەگاتە خوورماتوو، کەرکوک و مەخمورو شەنگال و دەوروبەری.

لەناو ئەم تاوانانەدا، تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی یەکێکە لەدڕندانەترین تاوانەکان، کە پارتی بەعسی فەرمانڕەوای لەگۆڕنراو، لەماوەی دەسڵاتداری خۆی لە ١٩٦٣ بۆ ٢٠٠٣ و بە دیاریکراوی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ ئەنجامیداوە.

ئێمە لەم باسەماندا، هەوڵ دەدەین کە ڕۆشنایی بخەینە سەر تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەعیراقدا، چونکە ئەوان یەکێک بوون لەو پێکهاتانەی عیراق کە لەستراتیژی بەعسدا، کرابوون بەئامانجی لەناوبردن، واتە سڕینەوەی زمان و کولتوورو شوناس و پاکتاوی ڕەگەزی، ئەمەش یەکێک یان توخمێک بوو لەفەلسەفەو فیکرو سیاسەت و جیهانبینی بەعس، هەروەک لەدرێژەی ئەم باسەدا، ئەو ڕاستیە ڕوونتر دەبێتەوەو بەکۆمەڵێک دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە دەیانسەلمێنین.

### کوردی فەیلی کێن؟

کوردی فەیلی یان کوردە فەیلییەکان، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کە بەزۆری و بەدرێژایی مێژوو لەڕۆژهەڵاتی دیجلە ژیاون و بەشێکی دانەبڕاون لەنەتەوەی کوردو لەڕووی ئاینیەوە سەر بەمەزهەبی شیعەن. هەروەک لەلای جۆرج کرزۆن و چەندینی تر وشەی فەیلی بە واتای (هەڵگەڕاوەو یاخی). بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان مکوڕی لەوە دەکەنەوە کە واتای فەیلی بە(چاوەنەترس و خۆبەخش) دێت.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

رای تریش هەیەو پێی وایە، ئەم زاراوەیە فەیلی لەبنەڕەتدا بەو کۆمەڵە هۆزە (لوڕ) دەوترێ، کە نیشتەجێی (پێشکۆو پشتکۆ)ی زنجیرە چیای زاگرۆس بوون، زۆربەی مێژوونوسان لەسەرئەوە کۆکن کە فەیلی ڕەچەڵەکی ئیلامی یان گۆتیەکانن لە ناوەڕاست و باشووری عیراق ژیاون، وەک ناوچەکانی مەندەلی، زرباتیە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکوک، بەغداد، کوت، عەمارە، بەسرە.

رۆژهەلاتناسی روسی (فلادمێر مینۆرسکی) پێی وایە زاراوەی فەیلی لەسەدەی شانزە بووە، بۆ جیاکردنەوەی میرنشینی لوڕی بچوک و حکومڕانیەکەی کە خۆیان بەلوڕی رەسەن دادەنا، بەبەراورد بە (لوڕی گەورە) کە وایان دادەنا (لوڕی بچوک) بەشێکن لە (لوڕی گەورە) نەک ڕەسەن و بنچینە. جۆن مالکۆن و براون و تویژەری کورد (د. ئیسماعیل قوماندار) پشتگیری بۆچوونەکەی فلادمیر دەکەن و پشڕاستی دەکەنەوە.

سەرەرای ئەوەی ئەم زاراوەیە لەم ناوچانە بەدەگمەن بەکارهاتووە، بەلام لەسەدەی نۆزدەیەم تەنیا لەلایەن دانیشتوانی پشتکۆ بەکارهاتووە، لەسەردەمی ئێستاش ئەم زاراوەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهێنرێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە سنووری دەوڵەتی عیراقن لەدوای دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانیەکان لە ساڵی ١٩٠٥، بەلام دانیشتوانی خانەقین و مەندەلی کە کوردی گەرمەسێرن، ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو زاراوەی کوردی فەیلی بۆ ئەو تویژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لەرووی ئاینیەوە سەر بەرێبازی مەزهەبی شیعەن، واتا ناولێنانەکە لەسەر بنەمای مەزهەبییە نەک نەتەوەیی.

زۆر سەرچاوەی تریش ئەوە پشڕاست دەکەنەوە، کە لە بنەڕەتدا، فەیلی لە زاراوەی لوڕو کەڵهوڕ پێکدێت، کە زاراوەی لوڕ، کەڵهوڕ، کرمانج، گۆران نەتەوەی کورد پێکدێنن و هاوکات لوڕو کەڵهوڕ نوێنەرایەتی نزیک لەنیوەی نەتەوەی کورد دەکەن، بەپشت بەستن بەپۆلێنکردنەکانی شەرەفنامە.

بەگاوەستانیش لەوێستگە مێژووییەکاندا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نازناوی فەیلی، بۆ کورد سەرچاوەی رەسەنایەتی و چاونەترسی و ئازایەتیە، لەسەردەمی رووخانی حکومەتی (کاردۆنیا)وە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، لەپێناوی بەرگری و پاراستنی کولتوورو زمان و ناسنامەو خاک و مانەوە، هەروەک ئەمە نازناوە بۆ هەموو بەش و پێکهاتەکانی تری کوردیش رەواو دروستە، کە هەمیشە لەبەرگری سەخت و پڕ قوربانی بووە لەپێناوی پارێزگاری لەخۆی و مانەوەو ژیانکردن و نەچەمینەوە لەبەرامبەر پەلاماربەرو هێرشەکان بۆ سەری.

## رەگی پرسی فەیلی لەعیراقدا

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی لەژێر ئینتدابی بەریتانیداو بەهاوکاری ئەفسەرە کۆنەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی بەبڕوایەکی رەگەزپەرستانە لەساڵی ١٩٢١، یەکەمین دەستووریان بۆ یەکەمین دەوڵەتی عیراق دانا. هەر ئەم دەستوورە بووە سەرچاوەی زۆرترین تاڵی و سوێری و رووداوگەلی جەرگبڕو دواتریش درێژ بوویەوە بۆ چەندین تاوانی جۆراوجۆر وەک تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی جەنگ و سەدان تاوانی تر، کە لەپێشەکییەکەش ئاماژەمان بۆ کردو دواتریش لەنموونەی تاوانی جینۆسایدی کوردانی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فەیلی ئەم بابەتە زیاتر ڕوون دەکەینەوە.

دەستووری ئاماژە پێکراوی عیراق لەساڵی ١٩٢٦ دانرا، تەواوی بڕگەکانی لەبەر ڕۆشنایی دەستووری دەوڵەتی عوسمانی کۆن بوو کە لەساڵی ١٩١٦ کۆتایی بەدەسەڵات و فەرمانڕەواییەکانی هاتبوو، ئەو بڕگە سەرەکیانەی تایبەت بوو بەچاودێری دەوڵەتی عوسمانی ئەوەبوو کە ئەوەی عوسمانی بێت، ئەوە هاووڵاتی پلە یەکەو ئەوانی تریش بەپێی ئینتمایان بۆ سوڵتان پلە بەندیان بۆ دەکراو پێدەدرا.

بەریتانییەکان ڕۆڵێکی خراپ و ڕاستەوخۆیان گێڕا، لەدروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی و دواتر دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی عیراقدا، بەسوود وەرگرتن لەڕەوتی ڕەگەزپەرستی پێکهاتەی عەرەبی و هاوکات پاشماوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکان، کورد بەشێوەیەکی گشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەت ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە بوونەوە. لەکاتێکدا بەیاسای ژمارە «٦٢»ی ٢٣ی ئابی ١٩٢٦ و پشت بەستن بەیاسای بنەڕەتی ٤ی ئابی ١٩٢٥ جەختکرابووەوە کە جیاوازی لەنێوان عیراقیەکاندا نییە لەمافەکانیان بەرامبەر یاسا، بە جیاوازی ئاین و نەتەوەو زمان و هتد.

ئەو مێژووە سەرکوتکاری و ستەمکارییەی دەوڵەتی عیراقی، لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە ساڵی ١٩٢١ تا دێ، تۆخترو ترسناکتر دەبێتەوە، هەموو ئەوانەشی لە دەستوورو دواتریش هەموارکردنەوەی و سەدان یاسای جۆراوجۆر، لە کۆتایدا بۆ توێژێکی عەرەبی حکومڕانی ڕەگەزپەرست چڕ دەکرێنەوە.

سەرنج بدە لە ساڵی ١٩٢١ بۆ کۆتایی ١٩٥٠ و سەرەتای ١٩٦٠ موشیل عەفلەق دامەزرێنەری حزبی بەعس (پاش چل ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق) دەڵێ: دوو نەتەوە لە نیشتمانی عەرەبیدا مەترسین بۆ بەرژەوەندییەکانمان، ئەوانیش بەربەر لە جەزائیرو کورد لە عیراق و سوریا، بۆیە دەبێ ئەم دوو نەتەوەیە لەناو ببرێن. هەروەک چۆن لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی ١٩٢١ عەرەب و پاشماوەی عوسمانیەکان بەهاووڵاتی پەیەک و ئەوانی تر بە پلە دوو یان پلە سێ ئەژمار کراون.

بۆیە بەڕای ئێمە ڕەگی پرسەکەو کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێک نەک لەسەر خواست و ویستی دانیشتوانەکەی و پێکهاتەکانی، بەڵکو لەسەر خواست و بەرژەوەندی پێکهاتەیەک (عەرەب) ئەویش بە تۆبزی و جەبەرووت، کە لە کۆتایدا هەموو شتەکان بۆ خۆی بە ڕەواو بۆ بەرامبەریش بە تابوو دەزانێ. بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەموو جیاوازییەکیش لەبەرامبەریدا، هەرچی توانای فەلسەفی و فیکری و سیاسی و ئابووری و دارایی و لۆجستی و سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری هەیە بەکاریدێنێ، کە کۆتاییەکەی بەتاوانی ترسناک لەنگەر دەگرێ.

یەکێک لە دەرهاویشتەو ئەنجامە ترسناکەکانی ئەمەش، تەنها بەوەوە ناوەستێ تاوانی بچوک بچوک بۆ چاوترساندن ئەنجام بدان، بەڵکو تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدات، لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدیشدا، تەنها یەک تایبەتمەندی پێکهاتەیەک بە ئامانج ناگیرێ، بەڵکو هەموو تایبەتمەندییەکانی دەکرێنە ئامانج وەک مرۆڤ، زمان، کلتوور، ناسنامە، خاک، نیشتمان و لە یەککاتدا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەوڵی سڕینەوەی لەسەر نەخشە دەدرێ.

## جینۆسایدی کوردی فەیلی؟

بە دیاریکراوترو روونتر، مەسەلەی کوردی فەیلی وەک پرسی بەشێک لە عەرەبی شیعە مەزهەب، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسییە دوورو درێژەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی تورک و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی، کە هۆکارو ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکە لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا، هەروەک زۆرێک لە شیعەکانی عیراق بە دواکەوتوویی ئێران ناونووس کران کە لە ناویاندا کوردی فەیلی پشکی شێریان بەرکەوت و لە سەرەتای درووستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقییەوە لە گەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای عیراقی جیاکرانەوە.

لە ساڵی ١٩٢٤ یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی مکوڕی لە سەر دابەشکردنی گەلی عیراق کرد، بۆ سێ بەش لە سەربنەمای ئاین و نەتەوە، کوردی فەیلی لە بەرئەوەی لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی مەزهەبی شیعە بوون، بە ڕەچەڵەکی ئێرانی ناونووسکران، بۆیە بە بەردەوامی دەکەوتنە بەردەم هێرش و پەلامارو شاڵاوەکانی فەرمانڕەوایانی عیراق، چ بە کوشتن و لەناودان و زیندانی کردن، یان بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە عیراق.

ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عیراقی کەبەعس فەرمانڕەوایی دەکرد، لەساڵی ١٩٦٣وە بەهەموو شێوەیەک ڕوو بەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم توێژەی کورد ڕوو بەڕووی مەرگ بوونەتەوە.

بەڵام بەدروستی لە سەرەتای هەفتاکانەوە شاڵاوی کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەستی پێکرد، کە ٤٠٠٠٠ هەزار خێزانی کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگوێزران، لەساڵی ١٩٨٠ بە پێی بڕیاری ژمارە «٦٦٦» وەزیری ناوخۆی عیراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عیراقدا هاتووە»: ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتدان و ڕەگەزنامەی عیراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردووەو بڕیارییان لەبارەوە دەرنەچووە دەردەکرێن». لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عیراقی ئەوەشی تێدا بوو «کە لاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لەبەندیخانەی پارێزگاکاندا، تا ماوەیەکی نادیار دەسبەسەر بکرێن». هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عیراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە «کە هەرکەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت». واتا بکوژرێن و ئەمەش لەناوەڕۆکی بڕیارەکەدا بە ڕوونی هاتووە.

لەڕۆژی ٢٦ / ٢ / ١٩٨١ لەڕۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عیراق، سەدام حوسێن لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ »ئەم توێژە لەعیراق ڕیشەکێش بکەن، تاوەکو خاکی عیراق و هەوای عیراق پیس نەکەن و خوێنی عیراقیش پیس نەکەن، کاتێک بەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عیراقییەکان دەبێت.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسەیەیی سەدام سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عیراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە شۆڤێنیەت و رادەی رەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرۆک و سەرکردەو حکومەتەکەی لەعیراق تاچ رادەیەک دژ بەمرۆڤ و هاوکات لەهەوڵی ئەوەبوە لەناوییان ببا، بەتایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵی و پێچەوانەی بەعس بیریان دەکردەوە.

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان، پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دانیشتوانی عیراق ئاوارە یان راوەدووی ئێران نراون، کە ٦٥% کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لەو وڵاتە ماونەتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەماوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون.

بەڵام عارف قوربانی نووسەرو لێکۆڵەر لەبواری جینۆساید، لەبەرگی یەکەمی کتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفالداو لەپێشەکی کتێبەکەدا، بەوردی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ژمارەی جینۆسایدی فەیلییەکان لەعیراق زۆر لەوە زیاترەو بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک دیکۆمێنت دەنووسێ »لە ساڵی ١٩٧١ چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان « ١٨٠» هەزار کەس دەبوو، دەستگیرا بە سەرموڵک و ماڵ و سامانیانداو ئاودیوی ئێران کران، هەروەها «٣٠٠» هەزار کوردی تری فەیلی لە ساڵی ١٩٨٠ ئاودیوی ئێران کرد بە بیانووی ئەوەی ئەوانە بە رەچەڵەک ئێرانین، لە کۆی ئەم «٣٠٠» هەزار فەیلیە « ١٥ » هەزار گەنجیان لێ بێسەرو شوێنکردن و تا ئێستا چارەنوسیان دیارنییە.

ژێدەرو ئاماری تریش زۆرن کە ژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعیراق و زیندانیکردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە «٥٠٠» پێنج سەد هەزار کەس ئەژمار دەکەن، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، ئەوەشی کە سەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە «٣٨٠» هەزار کوردی فەیلی روو بە رووی قڕکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن.

## دۆسێی فەیلیەکان بۆ بەردەم دادگا

زۆر بەدوای ئەم راپۆرتەدا ماندوو بووم، لەگەڵ پارێزەری هاوڕێم (نەجمەدین حەمە سەعید) تەواوی کتێبخانەکەیمان پشکنی، کۆمەڵێک بەڵگەنامەو زانیاریمان بەردەستکەوت، بەڵام ئەم راپۆرتەمان نەدۆزیەوە. هەرلەوێ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندی بە پارێزەری دۆسێی کوردە فەیلیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق (سادق فەیلی) کرد، پێی راگەیاند من بە مەبەستی ئامادەکردنی زنجیرەیەک کتێبی بەڵگەنامەیی لە نێویاندا (دۆسێی فەیلیەکان) لە بارەی کۆمەڵکوژییەوە (جینۆساید) ئامادە دەکەم، و پێویستم بە راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی دۆسێکەیە، ئەویش زۆر لە خۆبردوانە بێئەوەی هیچ دوودڵییەک بنوێنێ و بەڵێنی داو پاش چەند رۆژێک راپۆرتەکەی وەک خۆی خستە بەردەستم.

لە راپۆرتەکەدا، هەرچی زانیاری و وردەکاری هەیە تایبەت بە راگواستن و دەرکردن و زیندانی کردن تا دەگاتە جینۆسایدکردنی کوردە فەیلییەکان وەک خۆی و لە ئاستی پێویست هاتووەو خراوەتەڕوو، ناوەرۆکی ئەم راپۆرتەی دەستەی پارێزەرانی بەرگریکاریشە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەدۆسیێکە، کەوا دەکات لە ئاکامدا دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق دۆسیێ فەیلیەکان وەک تاوانی جینۆساید بناسێنێ و بڕیاری لە بارەوە بدات.

قسەی زۆرتر لەسەر راپۆرتەکە رەنگە بە لاڕێماندا ببات، بەڵام زۆر گرنگە تیشک بخەینە سەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکەو کۆمەڵێک زانیاری گرنگ، کە مرۆڤ لەئاستیانا سەرسام دەبێ و پێویستە هەڵوێستەی جددی بکات، لە بەرامبەر دڵرەقی و ترسناکی فەلسەفەی حکومڕانی بەعس.

لە راپۆرتەکەی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە دۆسیێ جینۆسایدی فەیلیەکان لە عیراقدا، دوای رووخانی بەعس لە ٢٠٠٣:

یەکەم: سڕینەوەی ناسنامەو راگواستنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران.
دووەم: دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامان، گواستراوەو نەگواستراوە.
سێیەم: بێسەرو شوێنکردن و لەسێدارەدانی گەنجانی کوردی فەیلی.
چوارەم: بێسەرو شوێنکردنی «١٥» هەزار گەنج تا ئەم ساتەوەختەش چارەنووسیان نادیارە.

بە پشت بەستن بە «٣٤» بەڵگەنامەی دام و دەزگا «ئیداری، سەربازی، هەواڵگری، ئەمنی، حزبی»یەکانی حزبی بەعسی فەرمانڕەوای لە گۆڕنراو، ئەو چوار ڕاستییەی سەرەوە سەلمێنراوەو خراوەتە بەردەست سەرۆکایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، هەروەک «٨» شاهێدحاڵ لە دادگا بە بەڵگەی تەواو قسەیان بۆ دەستەی پارێزەران و دادگا کردووە بە ڕەوانی تاوانی جینۆسایدی فەیلییەکانیان سەلماندوە، ئەمە جگە لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە رووداوی زانکۆی موستەنسریەو زانیارییەکانی نێو گرتووخانەی ئەبوغرێب، کە پێکەوەو لەگەڵ تەواوی زانیارییەکانی دوو توێی راپۆرتەکە هیچ گومان و دڕدۆنگییەک لەسەر تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان ناهێڵنەوە.

## گۆڕی بەکۆمەڵ. نموونەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی

وەک لە چەند جێگایەکی تریش وتمان، کوردانی فەیلی رووبەرووی شاڵاوی جینۆسایدی بە پلان بوونەتەوە، لەلایەن حزبی بەعسی فەرمانڕەوای عیراق، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٣و لە گەڵ هاتنە دەسەڵاتیان، دەستکرا بە گرتن و لەناوبردنی بەشێکیان کە دژی کودێتای بەعس بوون. هەروەها دوای دوورکەوتنەوەی بەعس بۆ چەند ساڵێک لە دەسەڵات و دواتر گەڕانەوەیان لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ دەسەڵات، بەچەند قۆناغێک پلان و بەرنامەکەیان دژی کوردانی فەیلی جێبەجێکرد:

قۆناغی یەکەم: گرتنی سیاسیەکان و کوشتنیان لە شوێنی جیاجیا لە نێوان ساڵی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٤و پاشان شاڵاوی دەرکردن و راوەدوونان کە زیاتر لە «٧٠» هەزار خێزانی گرتەوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**قۆناغی دووەم:** لە نیسانی ١٩٨٠ تا رووخانی بەعس ٢٠٠٣، وەک لە پێشووتریش باسمان کرد شاڵاوی دەرکردنی نزیکەی «٥٠٠» هەزار خێزانی کوردی فەیلی جێبەجێکراو بێبەشیان کردن لە مافی هاوڵاتی بوون و دەستیان گرت بەسەر هەرچی سەروەت و سامان و عەرزو ئاو، زێڕو پارەو پولیاندا هەیە، ئەمە جگە لە دەسبەسەراگرتنی هەزاران گەنج کە تا ئەم ساتەوەختە بێسەرو شوێنن.

بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە دوای رووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەستکەوتوون، زۆربەی ئەوانەی (گەنجانی کوردی فەیلی) کە بێسەرو شوێنکراون، بە کۆمەڵ کوژراون. بە تایبەت بە پێی قسەی ئەو شاهێدحاڵانەی کە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە رزگاریان بووە.

هەروەک لێکۆڵەرو شارەزای بواری جینۆسایدی کوردانی فەیلی دکتۆرە مونیرە ئومێد، پێی وایەو جەختدەکاتەوە، کە دەتوانین لە ناوچەی سەلمان، گۆڕی بە کۆمەڵی مەحمەد سەکران، ناوچەی ئەسکەندەریە لە بابل، ناوچەی حەبانیە، پارێزگای موسڵ و چەندین ناوچەی تر، شوێنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردانی فەیلی و رووفاتەکانیان بدۆزینەوە.

سەرچاوەی تریش هەیە جەخت دەکاتەوە، کە بەشێک لە گەنجانی کوردانی فەیلی بە شێوازی ئەشکەنجەو تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و بە «درع» کردن لە شەڕگەکان لەناوبراون و کوژراون، بەتایبەت لە جەنگی نێوان «عیراق –ئێران»دا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆ ناوەڕاستی ١٩٨٨.

## گەڕاندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون

دۆسێی کۆمەڵکوژکردن، جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، لە دوای رووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بووە یەکێک لە دۆسێ گرنگ و پڕ بایەخەکان، یەکەم هەنگاو بە ئاراستەی گەڕانەوەی ماف بۆ کوردانی فەیلی راگوێزراو بۆ وڵاتی ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ یاسای رەگەزنامەی عیراقی، بڕیاری ژمارە «٦٦٦»ی هەڵوەشاندەوەو پوچەڵکردەوە، کە ئەم بڕیارە مافی هاوڵاتیبوونی بە کوردی فەیلی لە عیراقدا نەدەدا، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە لایەن زۆربەی ئەو کوردە فەیلیانەی ئەم مافەیان بە پێی بڕیاری ناوبراو لێزەوتکرا بوو.

## دۆسێی جینۆسایدی بڕیاری دادگا

پاش کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە پێویستەکانی جینۆسایدی کوردی فەیلی لەوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی دکتاتۆری بەعس، دۆسێکە گەیەنرایە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، دادوەری لێکۆڵینەوەو داواکاری گشتی و دەستەی پارێزەرانی بەرگریکار لە دۆسێکە دیاریکران، پاش چەندین دانیشتن و لێکۆڵینەوە لە پەڕاوەکان و گوێگرتن لە سکاڵاکارو شاهێدحاڵەکان. یەکەم دانیشتنی دۆسێکە لە ٢٦ / ١ / ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو، زیاتر لە ١٠٠ سکاڵاکارو شاهیدحاڵ، ئامادەی دادگا بوون و ئەوەی بینیبویان بۆ دادگایان گێڕایەوە.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ٢٩ / ١١ / ٢٠١٠ لە دانیشتنی کۆتایی خۆیدا، کە چل و چوارەمین دانیشتن بوو، دادگا بڕیاری کۆتایی خۆیدا، کە کوردی فەیلی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراق و حزبی بەعسی فەرمانڕەوای عیراقەوە جینۆسایدکراوە. بۆ زانیاری دەتوانرێ وردەکارییەکانی بڕیارەکە لە دەقی بڕیارەکە کە لە پاشکۆی باسەکە دانراوە بخوێنرێتەوە.

یەکەم: بڕیار لە دژی «مزبان خزر هادی»

دووەم: بڕیار لە دژی «سەعدون شاکر مەحمود»

سێیەم: بڕیار لە دژی «تاریق عەزیز عیسا»

چوارەم: بڕیار لە دژی «ئەحمەد حوسێن خزەیر»

پێنجەم: بڕیار لە دژی «عەزیزساڵح حسن »

شەشەم: بڕیاری ئازاد کردنی «فازل سلقیج میحێمید»

حەوتەم: بڕیاری ئازادکردنی «سەبعاوی ئیبراهیم حسن»

هەشتەم: بڕیاری ئازادکردنی «وەتبان ئیبراهیم حسن»

نۆیەم: بڕیاری ئازادکردنی «سابر عەبدولعەزیز حسین»

دەیەم: بڕیاری ئازادکردنی «محەمەد خزەیر سەباح»

یانزەیەم: بڕیاری ئازادکردنی «فازل عباس ئیبراهیم»

دوانزەیەم: بڕیاری ئازادکردنی «ئەیاد تەها شەهاب»

سیانزەیەم: بڕیاری ئازادکردنی «نوعمان عەلی مەحمەد سلێمان»

چواردەیەم: بڕیاری ئازادکردنی «عەبدل حەمید سلێمان ئیبراهیم».

پانزەیەم: بڕیاری ئازادکردنی» سەعد ساڵح ئەحمەد»

ئەو تۆمەتبارانەی لە دۆسێی جینۆسایدی فەیلییەکان ئیفراج ئازادکراون، لەبەر تاوانی ترو دۆسێی تری ئەنجامدانی تاوان، تا ئێستا بەشێکیان لە زیندانی ماونەتەوە، یان بڕیاری لەسێدارەدانیان هەیە یاخود زیندانی هەتاهەتایی یان زیندانی لە ١٥ ساڵەوە بۆ ٢٥ ساڵ.

هەروەها دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبیر نەکەین، لە شاڵاو و پەلامارەکان بۆ سەر کوردانی فەیلی چەندین تۆمەتباری ترهەن، کە تائێستا دەستگیر نەکراون، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق یان دەرەوەی عیراق، کە ئەمە بۆ تۆمەتبارو بەشداربوەکانی تاوانەکانی ئەنفال، هەڵەبجە، بەرزانیەکان، قەڵادزێ، سەیدسادق و هتد هەر وایەو راستەو زۆربەی تۆمەتبارو بەشداربووەکان دەستگیر نەکراون.

## چی نەکراوە، بکرێ؟

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە پێی ئەو پشکنین و سەرنج و خوێندنەوانەی سەرەوە، تایبەت بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عیراقدا، لە باسەکەماندا گەشتینە ئەم ئەنجامـانەی خـوارەوە. هەروەک پێمـان وایە پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی سـەرۆکایەتی کۆمـاری عیـراق، سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیـراق، سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عیـراق، ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنـی لەسـەر ئاستی عیـراق و باشـووری کوردستان، نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێن:

**یەکەم:** ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بەپشت بەستن بە بڕیـاری دادگـای بـاڵای تـاوانەکـانی عیـراق، سەبارەت بە دۆسێی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، بەبڕیارێک حکومەتی عیراقی ئیلزام بکات بە جێبەجێکردنی نـاوەڕۆکی بڕیـارەکەی دادگـای بـاڵای تـاوانەکـانی عیـراق، بۆ :

أ- بەفەرمی داوای لێبـوردن لە کـوردانی فەیلـی بکـات سـەبارەت بەو تـاوانەی بەرامبەریـان ئەنجامـدراوە وەک میراتگـرەوەی حکـومەتی پێشووی عیراق.

ب- حکـومەتی عیراقـی بە فەرمـی قەرەبـووی تەواوی زیـانە ئابوورییەکـانی بەرکەوتـوانی تـاوانەکە بکـاتەوەو بـۆ ئەمەش بە فەرمـی رایبگەیەنێ و بەرپرسیاریتی خۆی جێبەجێبکات.

ت- تەواوی ئەوانەی بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەکە، شوێن و جێگایان بدۆزرێتەوەو بە ئاشکرا دادگـایی بکرێن و سزای یاسـایی خۆیان وەربگرن.

پ- لە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراودا، شوێن و جێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردانی فەیلی بـدۆزرێنەوەو هەڵبـدرێنەوەو گۆڕسـتان و مۆنۆمێنتی شیاوو شایستەیـان لە ناوچەی نیشتە جێبوونی خۆیان بۆ دروستبکرێ.

**دووەم:** ناوەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و دیکۆمێنتکردن و ئەرشیفکردن، لەسەر ئاستی عیـراق و کوردسـتان بکرێتەوەو توانای دارایی و مرۆیی و زانسی و ئەکادیمی و ئەزموونی کارکردنی پێویستی بخرێتە بەردەست.

**سێیەم:** تەواوی شەهیدو قوربانیەکانی جینۆسایدی فەیلییەکان بە فەرمی لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە تۆماربکرێن و سوودمەند بکرێن لە ئیمتیازاتەکانی شەهیدان.

**چوارەم:** سیمبولی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عیراق و کوردستان «بەغداد- هەولێر» دروستبکرێن، بە شێوەیەکی شایستە.

**پێنجەم:** لەسـەر ئاستی ئەوروپـاو ڕۆژئـاوا، وڵاتـانی هەرێمـایەتی و دراوسێی عیـراق، عیـراق و کوردسـتان هەوڵـی ناسـاندنی تـاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بدەن.

**شەشەم:** هەوڵی جددی بدرێ، بۆ ئەوەی پەیوەنـدییەکانی نێوان کوردی فەیلی لە عیراق و ئێران و کوردستان بەهێزبکرێ و بکرێنە بەشێک لە هەوڵەکانی ناساندنی تاوانی جینۆساید لە دژیان.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرچاوە:

- احمد ناصر الفیلی، الکورد الفیلیون « الأصالة التاریخیة، ولمواطنة المهدورهة »، ٢٠١٣ ، بغداد
- د، مونیرهة امید، المقابر الجماعیة للکورد الفیلین، ٢٠١٠ اربیل
- نجم سلمان مهدی فیلی، الفیلیون، ٢٠٠٩
- موسوعة الهولوکوست، ماهی الابادة الجماعیة ؟
- Icrc - مرکز المعلومات، نضام روما الأساسي للمحکمه الجنائیة الدولیة المعتمد فی روما فی ١٧تموز/ یولیه ١٩٩٨
- دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی پێنجەم، هەولێر
- تەها سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە «دۆسێی فەیلیەکان»، ٢٠١٥ هەولێر
- دۆسێی بەڵگەنامەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق «بەڵگەنامەی نووسراوی بەعس، راپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریکار، بڕیاری دادگا»

پەراوێزو تێبینی:

سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژی هێرش و پەلامار بۆ سەرکوردانی فەیلی، رای جیاواز هەیە، یان راستر ئەوەیە بڵێین ئەوان بەردەوام لەبەردەم هێرش و پەلاماردابوون و ستەمیان لێکراوە. بەڵام هەم کوردانی فەیلی خۆیان و هەمیش بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن، لە رۆژی ٧ / ٤ / ١٩٨٠ بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عیراق (بەعس)، سەدان بازرگانی کوردی فەیلی لە هۆڵی شەعب، بە پاساوی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی کەلوپەلی نوێ کۆدەکرێتەوە. ژمارەی ئەو بازرگانانە نزیکەی «٩٠٠» بازرگان بوون و «٤٠٠» چوارسەد بازرگانی کوردی فەیلی تیادابوو.

سەرەتای مەراسیمەکە بەوتەیەکی تەها یاسین رەمەزان کە بارگاوی بوو بە رەگەزپەرستی کرایەوەو هەرلەوێدا بڕیاردرا هەموو بازرگانە کوردە فەیلییەکان لەدەرگای پشتەوە بکرێنە دەرەوەو دوای کردنە دەرەوەیان راستەوخۆ کۆمەڵێک پاسیان بۆ ئامادەکردبوون و بەرەو سنووری نێوان عیراق-ئێرانیان بردن. ئەوان هیچیان پێنەبوو تەنها ناسنامەکانیان و سویچی ئۆتۆمبێلەکانیان نەبێ.
ئەم بازرگانانەو نزیکەی «٥٠٠» هەزار کوردی فەیلی لەبەر رۆشنای بڕیاری «٦٦٦» کە لە ٧ / ٥ / ١٩٨٠ دەرکراو لە رۆژنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عیراق بڵاو کرایەوە، لە نیشتمانی خۆیان دەکران و ناسنامەی هاونیشتمانیان لێسەندرایەوەو هەرچی سەروەت و سامانیان بوو دەستی بەسەردا گیرا.

راستە بڕیارەکە ٧ / ٥ / ١٩٨٠ دەچوە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ٧ / ٤ / ١٩٨٠ رۆژی یادەوەری تاوانی جینۆسایدو وەدەرنان و ستەمکردنە لە کوردانی فەیلی لەعیراقدا، چونکە وەک ئاماژەمان پێکرد لەم رۆژەدا «٤٠٠» چوارسەد گەورە بازرگانی کوردی فەیلی نسنامەی هاونیشتمانی بوونیان لێدەسەنرێتەوەو رەوانەی ئێران دەکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کۆنسێپتی 'ئەنفال' لە کۆنەستدا وەکو ڕەنگرێژکردنی ڕابردوو!

**جینۆسایدیان ؟ ئەنفالی بارزانیەکان، ئێزیدیەکان! یان**

**کازیوە ساڵح**

بە کارهێنانی کۆنسێپتی شیاو بۆ ڕووداوەکان هێندەی دانانی مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو بالآیە، گەرچی گەر کۆنسپتەکە بۆ بابەتێکی هەستەوەری وەکو جینۆساید بوو کاریگەری زۆر بالآترە. تا چەند گروپ و نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو ئەتوانێت بە دروستی مامەڵە لە گەڵ جینۆسایدەکەیان بکەن ، ئەوەندە لە لایەن بێگانەشەوە ئەبێت بە جێگەی بایەخ. کە بیر لە دۆخی کورد ئەکەینەوە گوێمان لە چۆنیەتی بە کارهێنانی کۆنسێپتەکان بۆ کارەستاکانمان و بە کارهێنانی کارەساتەکانیشمان لە کۆنسیپتە نەشیاوەکانی ڕۆژانەدا ئەبێت، تێدەگەیت بۆچی رابردووی شکست و ئێستا تاریک وداهاتووی نادیار و بێ ئومێدە.



میلان کۆندرا، ئەڵێت، " ڕابردوو لێوان لێوە لە ژیان؛ سورە لە سەر ئەوەی نیگەرانمان بکات، دەمانبزوێنێ و سوکایەتیمان پێ ئەکات، ڕاماندەکێشێت خاپور یان ڕەنگرێزی بکەینەوە. ڕابردوو تەنها هۆکاریەک وا لە مرۆڤ ئەکات ببێت بە سەروەر و خاوەنی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانن ڕابردوو بگۆڕن" (١٩٩٩, p. ٢٢). بە باوەڕ بوون بەم وتەیە و هەڵوێستەیەک لە ڕوویدا ئەکرێت بپرسین سەودای کورد لە گەڵ ڕابردوویدا بۆ وێران کردنیەتی یان بۆ ڕنگرێژکردنی؟

لە میانەی سەردانمدا بۆ کوردستان ، بۆ بۆنە و شوێنگە و مۆنمێتەکانی جینۆسایدە بێ شومارەکانی کورد تێ بینی سەدان کەلینی ئێجگار گەورەم کرد لە مەسەلەی مامەڵەکردن لە گەڵ جینۆسایدەکانی کورد و سەوداکردن لە تەک هەر جینۆسایدێک بە شیوەیەک کۆک و شیاو بێت بە فەرهەنگ و کولتوور و یاسایی نێو دەوڵەتیەکان بۆ جینۆساید بەراورد بەوەی نەتەوە جینۆسایدەکانی دی لە جیهاندا. ئەوەی لەم وتارەدا هەڵمبژاردووە لە سەری بدوێم بەکارهێنانی کۆنسێپتی' ئەنفال' ە بە شێوەی نابەجێ لە هەردوو ئاستی فەرمی و پرۆفیشناڵدا. وەکو بە کارهێنانی کۆنسێپتی ئەنفال بۆ جینۆسیایدی بارزانیەکان لە وتاری لایەنە سیایسەکان و تاکە کاراکانی بواری جینۆسایددا، هەتا دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە لە لایەن دەزگا فەرمیەکانی تایبەت بە جینۆساید و کەسانی نووسەر و قوربانی. بەر لەوەی لە وێرانکردن وڕەنگرێژکردن بدوێین چاکترە هەندێک لە سەر کۆنسێپتی ' ئەنفال' بوەستین.

ئەنفال سورەتی هەشتە (٨) لە قورئاندا و واتای دەست کەوتی شەڕ ئەکات ، هەر لایەنێکی شەڕکەر سەرکەوت بە سەر لایەنی دووەمدا هەرچی دەستکەوتی ماڵی و مرۆیی (وەکو ژن) ئەبێت بە موڵکی لایەنی سەرکەوتوو. بە هەڵاواردنی مێژووی ئایەتەکە ، ئەم

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفاله له شەڕی بەدرەوە بەکار هێنراوە هەتا ئەمڕۆ.کورد وشەیەکی شیاوی بۆ ئەم ئەنفاله هەیە ئەویش ' تالآنی ' یە . بە کورتی لە سەردەمی شەڕی بەدردا ساڵی ٦٢٤ دا پیشەی زۆربەی عەشیرەتە عەرەبەکانی دورگەی عەرەبی تالآنی و ڕێگری بووە لە حوشتری عەشیرەتەکانی و تالآنکردنیان، باشترین ڕێگر ودز مەردترین پیاوی عەشیرەت بووە. شەڕی بەدریش شەڕێکی گەورە بووە و مەترسی دۆڕان لای موسڵمانان دروست بووە ، لیرەوە کۆنسێپتی ئەنفالیان بەکارهێناوە بۆ ئەو کەسانەی بەشداری شەڕی بەدر بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی عەشیرەتە عەرەبەکان ڕابکێشن و هانیان بدەن بۆ شەڕ (Berg,٢٠٠٠ ).ئەمەش بۆعەشیرەتانە هەلێکی زێرین بوو، چوونکە لە لایەک ڕەوایەتێک بۆ دزی کردن و تالآنیەکانیان دۆزرابووە ، چی دی سکالآیان لێ نەئەکرا لای خولەفاکان ، لە لایەکی دیش پیشەی تالآنیەکەیان وەکو دەستکەوتێکی نەتەوەیی و ئاینی بۆ هەژمار ئەکرا. ئەمەش وایکرد سەرجەم عەشیرەتە عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی بەشداری شەڕی بەدەر بکەن و لە شەڕەکەدا سەرکەون و زۆرترین ' ئەنفال' دەستەکەوتیان هەبێت.

سەدام حوسێن چوونکە دروستکراوی بە ئاگاهاتنەوەیەکی مێژوویی عەرەبی بوو کە داهێنەرەکەیان ساتع حوسری و ئەکتەری پاڵەوان جەمال عەبدولناسر و تەختەی شانۆش ئیدۆلۆجی بەعس بوو، زۆر بە باشی لە کۆنەستی نەتەوەکەی خۆی گەشتبووە و بۆیە دەیزانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیناریوەکانی ڕابردوو بۆ گەلێک کە لە رووی ئاینیەوە هەزار و چوار سەد ساڵ بوو چەقی بەستبوو، لە رووی نەتەوەیشەوە حزبەکەی ئەو بوژێنەرەوەی ئایدۆلۆجی نەتەوەیی عەرەب بوو کە حوسری تیورەکەی دارشتوو و عەبدولناسر سەرکەتوو نەبوو بە لوتکە گەیاندنی، دەیزانی ئەکرێت بۆ ئەو باشترین دەستکەوتی لێ بچنرێتەوە. بە تایبەت کە بە نیازی بن بڕکردنی نەتەوەیەک بوو لایان ناسراوە بنبڕکردن و کۆتایی هاتینیان ئاسان نیە ، بۆیە هەمان نیاز و دەستکەوت بەر لە جینۆسایدی کورد کە بە ناوی ئەنفالەوە جێ بە جێ کرا لە نێوان ١٩٨٦- ١٩٨٩ لە لایەن سەدامەوە خرایە بەردەست شەرکەرانی، ئەمەش گرنگ وپێوست بوو بۆ ئەو، چوون جینۆسایدکارانی کورد بەشێکیان لە فەلەستینەوە هێنرابوون ،بەشێکی دیشیان جاشی کورد بوون، هەردوو لا بە نیازی دەستکەوت بەشدار بوبوون بە تایبەت کە بەشێک پارەی پێشەکیان وەرگرتووە وپەیمانی بەشی گەورەشیان پێدراوە. کەواتە هەتا ئێرە ئەنفال بۆ عەرەب ناونیشانی سەرکەوت و دەستکەوتەکانیانە. سەرکەوتنیان لە شەڕی بەدردا دژی قورەیشیەکان چوونکە موسڵمان نەبوون، وە سەرکەوتنیان دژی کورد ڕاستە موسڵمانن ، بەڵام چوونکە کوردن ، بوون بە موسڵمان و بە ڕەچەڵەک میللەتێکی موسڵمان نین، واتە لای عەرەب موسڵمانی ساختەن.

ئەوەی نیگەرانی دابەش ئەکات ئەوەیە ئەبوو وشەی ئەنفال و شەڕی بەدریش لای کورد ئەو مێژوو و ڕابردووە ڕەشە بوایە کە هەموو ژیان و مێژووی تەرخان بکردایە بۆ نابووتکردن و وێرانکردنی نەک ئاوەدانکردنەوەی لە کۆنەستی خەڵکدا وەکو ئەوەی لای عەرەب هەیە.یان بە هەڵە بە کارهێنانی بە شێوەیەک کاریگەری نەریەتی لە سەر جینۆسایدەکە هەبێت. بۆ نموونە جینۆساید بارزانیەکان سێ (٣) ساڵ بەر لە جینۆسایدی ئەنفال ئەنجامدراوە و پرۆسەکەش ناوی ئەنفال نەبووە ، عەرەبەکان بە زمانی عەرەبی بە ' آبادە' واتە پاکتاوکردنی بارزانیەکان ناویان هێناوە. بەڵام کورد و بارزانیەکان خۆیان و تەنانەت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش هەمان هەڵە ئەکەن بە خودی وەزیریشەوە لە یادی بارزانیەکاندا بە ئەنفالکراو ناوزەدی کردن. کۆنسێپتی ئەنفال لە ناو کورددا بووە بە کۆنسێپتێکی گشتی ولە بری کۆنسێپتی جینۆساید بە کار ئەهێنرێت . لە کاتێکدا هەموو سەر زەوی بە جیاوازی زمانەکانیان وشەی جینۆساید وەکو خۆی بۆ کارەساتەکانی جینۆساید بە کار ئەهێنێت. کورد وەکو وشەیەکی کوردی بەکار نەهێناوە ئەنفال بە کار ئەهێنێت بە نیازی کوردانەنی ، بەڵام لە ڕاستیدا نەک کوردانەن نیە بەڵکو بێ حورمەتیە بە سەرجەم قوربانیانی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جینۆسایدەکانی کورد و بە هەن وەرنەگرتن و کەم بایەخکردنی جینۆسایدەکانە و ڕەنگرێزژکردنی ئەو ئاکارەی بەعسە لە بری نابووتکردن ووێرانکردنی . کورد ئەگەر بیەوێت جینۆسایدەکانی لە جیهاندا بە جینۆساید بناسرێت پێویستە خۆی لە هەموو کەس زیاتر وشەی جینۆساید بەکار بهێنێت و بیکات بە پێشگری هەموو جینۆسایدێکی. ناکرێت جینۆسایدەکانی کورد بە جینۆساید دانی پێدا بنرێت لە کاتێکدا ئەو کۆنسێپتە بە کورد خۆی نامۆیە و هەتا ئێستا شەرمۆکانە بە کاری ئەهێنێت.

کورد ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی دروست سەودا لە گەڵ جینۆسایدەکانی بکات، گرنگە بە دەنگی بەرز و متمانەوە تێرمی جێنۆساید بەکار بهێنێت ، واوەتریش پێوستە زۆر بە ئاگاوە ئەو وشەی ئەنفالە بە کاربهێنێت و ئەم هۆیانە ڕەچاو بکات:

یەک: ئەنفال واتە دەستکەوتی جەنگ یان بە کوردی تاڵانی ، کە جینۆسایدێک ناو ئەنرێت ئەنفال، واتە جینۆسایدەکە دائەبەزێنێت بۆ ئاستی دەستکەوتی شەڕ و تاڵانی نەک جینۆساید. با لە نەستیشدا مەبەستت ئەوە بێت هێندەی جینۆسایدی ئەنفال بە گەورە باسکردنی بێت ، بەڵام لە راستیدا ئەنفال واتای جینۆساید ناکات. ئەنفال ناوی ' یەک' پرۆسەی جینۆسایدە کە دوژمنەکەت لە بەر ئەوەی بە کەم سەیری کردوویت ناوی ناوە دەستکەوت نەک کۆمەڵکوژی. تۆ خۆشت هەمان زمان بە کار بهێنتەوە لە گوزارشتکردنی گەورەترین تاوان دژت کراوە، واتە تۆ ئەو مێژووەی بەعس دانارِوخێنیت بۆ ئەوەی داهاتوشت هەمان ڕەنگی نەبێت، بەڵکو پەرەی پێ دەیت، ئەمەش پێی دەوترێت پەرەدان بە کولتووری بەعس.

دوو: ناونانی کۆمەڵێک جینۆساید بە یەک ناو کە ئەنفالە ، دیسان کورتکردنەوە و کەم زانین جینۆسایدەکان ئەکات، بە تایبەت لای بێگانە و نەوەی داهاتووش چوونکە هەموویان هەر بە یەک جینۆساید سەیر ئەکرێت دژی عەشیرەتی جیاواز نەک بە ژمارەیەک جینۆساید و مێژووی جیاواز و ڕوانگە و هەنگاوی جیاواز بۆ لە ناوبردنی کورد.

سێ: ئەگەر تۆ خۆت قوربایەکەیت ناوی جینۆسایدەکانت نانێیت جینۆساید، لە چ ڕوانگەیەکەوە دوا لە بێگانە ئەکەیت بە جینۆساید بیناسێت؟

چوار: ئەگەر دەزگا فەرمیەکان و نووسەران وچالاکەوانانی بواری جینۆساید خۆیان ناتوانن ونازانن چۆن نەوەیەک و کۆمەڵگەیەک ڕابهێنن بە حورمەتەوە سەیری جینۆسایدەکانی بکات و یەکەم هەنگاویش ئەوەیە خۆی بەر لە هەموو کەس و لە هەموو هەنگاوێکدا بە جینۆساید ناوی بهێنێت چۆن ئەتوانێت گلەیی لەو بێ حورمەتێ بکات کە بە ئەنفالکراوانمان ئەکرێت لە کولتوور و زمانی ڕۆژانەدا ( لە بابەتێکی دیدا دێمەوە سەر ئەم باسە) لەیادیشی نەکەین هەتا ئێستا کۆمەڵێک زۆر لە میدیاکان وچالەکەوانان بە کارەسات ناوی جینۆسایدەکانمانن دەبن.

پێنج: بە شێوەی دروست بەکارهێنانی کۆنسێپتی جینۆساید ئەوەیە بوترێت جینۆسایدی بارزانیەکان، جینۆساید هەڵەبجە، جینۆسایدی ئێزیدیەکان، جینۆسایدی دەرسیم ، جینۆسایدی ئەنفال و..تد، نەک ئەنفال بە تەنها ، یان ئەنفالی بارزانیەکان وئەنفالی ئێزیدیەکان ،چوونکە هەر یەک لەوانە ناون ، ئەنفال چیێ؟ ناوی پرۆسەیەک. لە پرۆسەکەدا چی بووە؟ جینۆسایدکراوە. واتە جینۆساید ئاجەکتیڤە و بە ناوەکەدا هەڵئەدات. لە گەڵ ناوەکەدا وەکو شوناسنامەکەشی ئەناسێنیت.

شەش: ئەنفال لە بەر ئەوەی هەڵبژاردەی بەعسە و کولتووری بەعسە تەنانەت ئەگەر ماناکەشی جینۆسایدی بوایە، دەبوو کورد ڕازی نەبێت بە کاری بهێنێت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدات کولتوور و زمانی بەعس لە نێو کوردا بە تایبەت لە مەسەلەی جینۆسایدەکانماندا بن بڕ بکات.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**حەوت**: ئەنفال ناونانی هەموو جینۆسایدەکان کاریگەری نەریەتی لە سەر بایەخ و مافی قوربانیەکان و کارکردنی دروست لە سەر ئەو پرۆسەی جینۆسایدەی لە بنەمادا ناوی ئەنفالە ئەگەیەنێت.

## ئەرکەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوەکان

ئەوەی بەرانبەر بە جینۆسایدکراون ئەکرێت ناداديکی دیبە بەرانبەر قوربانیانی سەرجەم جینۆسایدەکانی کورد. ئەوانەش لێی بەرپرسن بریتین لە حکومەت ، وەزارەتی تایبەت بە جینۆساید ، ڕاوێژکارەکانی ، دەزگا فەرمیەکانی جینۆساید لە کوردستاندا و مرۆڤە کاراکان بە تایبەت ئەوانەی لەو دام ودەزگانەوە یان بەرپرسن یان نزیک و ئازانجکردوون لەو فەرمانگانە جگە لەمانەش دەزگاکانی چاپەمەنیش گوناهبارن لە پەرەدان بەو کولتووره و ناداوەریەی بەرانبەر بە جینۆسایدکراون ئەکرێت.

ئەگەر لە ناوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون بنوارین جگە لە وشەی'کاروبار' هەموو ناوەکە عەرەبیە. گریمان شەهیدان و بەکارهێنانی وشەی شەهید لەوە کۆنترە ئێمە ئەمرۆ دەستکاری بکەین، هەر چەند مەحاڵ نیە بۆ دەزگا و خەڵکێک زمانی خۆیی خۆش بوێت، بەڵام ئەنفالکراوەکان ناوێکی دروست نیە بۆ وەزارەتێک ، چوونکە جگە لەو حەوت خاڵەی لە سەرەوە ڕیزم کردووە، لەوەش پترتر کاری ئەم وەزارەتە کاروباروباری سەرجەم جینۆسایدەکانە نەک تەنها ئەنفال، لە لایەکی دی ئەگەر ناوی ئەم وەزارەتە وەربگێڕی بۆ ئنگلیزی هیچ بە بیسەر و بینەری ناگەیەنێت کە بزانێت ئەمە وەزارەتێکی تەرخانکراوە بە جینۆسایدەکانی کورد. وە بۆ کوردێکیش بە وردی لە مەسەلەی ناساندنی جینۆساید بگات ئەو ناوە سەغلەتی ئەکات و ناتوانێت بە ئاسانی لە زمانی بێگانەدا بە کاری بهێنێت.

لە سەروو ئەمانەشەوە جەنابی وەزیری وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون لە یادی ٣٢ ساڵەی جینۆسایدکردنی بارزانیەکاندا هەر بە ئەنفال جینۆسایدی بارزانیەکانی ناوزەدکرد، واتە ئەو هەلەی لە ناو خەڵکێکی نا پرۆفیشناڵدا دەکرێت جەنابی وەزیریش کردیەوە ،ئەمەش هەڵەیەکی بۆماوەییە و ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا کراوە. ئەمەش ئەگەر ئەم وەزارەتە ڕاوێژاکاری هەبێت وڕاوێژکارەکانی ئاگایان لە وتارەکەی بێت ئەوان شایانی لێپرسینەوەن و ناکرێت ئاستی تێگەشتنی وەزیرێکی تایبەت بە جینۆساید بۆ یەکێک لە جینۆسایدەکانی نەتەوەکەی وەکو تێگەشتن و زمانی خەڵکێکی دەرەوەی ئەو بازنەیە بێت. ئەگەر ڕاوێژکاریشیان نەبێت ئەوە هەر لە بنەمادا کارەکان بە هەڵە وەرنەگیراوە.

ئەوەی بەر لە هەموو شوێنێک پیویستی بە خۆ ڕاستکردنەوە هەیە وەزارەتی ناوبراوە لە گۆرینی ناوەکەیەوە لانی کەم گۆڕینی وشەی ' ئەنفالکراوەکان' بە جینۆسایدکراوان ، واتە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وجینۆسایدکراوان. ئەوەندەی شارەزایی دەنگی وشە بم پێم وایە پاشگری ' وەکان' مەبەستەکە ناپێکێت چوونکە ئەکرێت جینۆسایدکراوەکان کۆمەڵێکی دیایکراو ئەگرێتەوە و جینۆسایدکراوان کۆمەڵێکی بەرفراوانتر ئەگرێتەوە. پاش گۆڕینی ناوی وەزارەتەکە وەزیرەکانی و ئەوانەی لە نوێنەرایەتی ئەم وەزارەتە ئەکەن پێویستە بە هەستەوەریەکی زیاتر و هۆشیارانەتر سەودا لە گەڵ کۆنسێپتەکان و بەستنەوەیان بە جینۆسایدی کوردەوە بکەن. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە ئەرکی ئەوانە کە نەهێڵن مامەڵەی هەڵە بە جینۆسایدەوە بکرێت چ لە رووی دەستەواژەی زمانەوانی و زارەکی و چ لە ڕووی پراکتیزی و نوێنەرایەتیکردنەوە جگە لە وەزارەت ، بەڕیوەبەریەتی کاروباری شەهیدان وئەنفاکراوانی بارزان.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بگۆڕدرێت بە کاروباری شەهیدان و جینۆسایدکراوانی بارزان و ئەرکی ئەم فەرمانگە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دەڤەرەکە بێت سەبارەت بە کارهێنانی جینۆساید لە بری ئەنفال بە تایبەت تێ بینی ئەوەم کرد کە تەنانەت مناڵی قوربانیانی جینۆسایدیش هەر بە ئەنفال ناوزدی ئەکەن " کە باوکم ئەنفالکرا" ئەو ڕستە باوەی چەندین جار گوێم لێ بوو. بارزانیەکان بوون بە یەکەم جینۆسایدی دۆکۆمێنتکراوی سالآنی هەشتا، لە ١٩٨٣ وە هەتا ئێستا وەکو پیویست کاریان بۆ نەکراوە و بایەخیان پێ نەدراوە. نادادی گەورە ئەکەرێت ناوی جینۆسایدێکی دی لێ بنرێت کە سێ ساڵ پاش جینۆسایدی بارزانیەکان هاتووە ، تەنانەت ئەگەر ئەو ناوە ئەنفالی نەرگیس واتاش نەبوایە. ئەم گۆڕینەش جگە لە داوای فەرمانگەکە خۆی ،هەر ئەرکی وەزارەتی شەهیدان و با لەم ساتەوە بڵێن جینۆسایدکراوانە ، پێداگری لە سەر گۆڕینی ناوی ئەو فەرمنگەیە بکات و بە ئاگا بێت چی دی نە بە نووسین و ناو جینۆسایدی ئێزیدیەکانیش نەکرێت بە ئەنفال.

لە بواری چاپەمەنیدا چاکترە چاپخانەکان بە هەندێک هۆشیاری زیاترەوە سەبارەت بە جینۆسایدەکانی کورد کارکردنیان ڕاپەڕێنن کە لە ئاستی بەپرسیەتی مێژووی ئەمرۆ و سبەیدا بێت ، ئەوان پیوسیتە کتێبێک چاپ نەکەن کە جینۆسایدێکی تری کردووە بە ئەنفال لە بری جینۆساید، ناکرێت ئەوەی لە ١٩٨٦-١٩٨٩ ڕوویدا ناو بنێن ئەنفال وئەوەش لە ٢٠١٤ لە سەر دەستی داعش ڕوویدا هەر ناو بنێن ئەنفال . هۆشیاکردنەوە و سەرپەرشتی وکۆنترۆڵکردنی ئەمەشیان هەر دەکەوێتە بەر بەرپرسیارەتەکانی وەزارەتی شەهیدان وجینۆسایدکراوان.

لە گەڵ ئەوەی لە سەدا ٧٥% ی کورد موسڵمانە ، بەڵام لە بەر ئەوەی ئاینەکە زمانی خۆی نەبووە هەتا گەردەلوولی جینۆسایدی شوومی بە ناو ' ئەنفال' وشەی ئەنفالی نەبیستووە و نەیزانیوە واتای چێ وئەمرۆش نازانێت، بەو بەڵگەی ئەنفال بۆ هەموو لە ناوبردنێک بەکار ئەهێنێت، تەنانەت بۆ رووداوە نەگونجاوەکانی رۆژانەش . ئەم هەڵە زمانەوانیانەی باسم کردوون بە هەڵەی کولتووری میللی هەژمار ئەکرێن و ناکرێت دەزگا فەرمی و حکومیەکان وکەسانی هۆشیار لە هەمان ئاستدا سەودا لە تەک جینۆسادەکانی کورد وکۆنسێپتە پەیوەستەکانی بکەن. ئەگەر لە بیست ساڵی رابردووە و ئەم هەڵەیە کرابێت درێژە پێدانی نەنگییە بە نەوچەوانی هەموانەوە و نیشانەی پرسیار لە بەردەم دلسۆزیاندا دائەنێت . چوونکە ئەوەی رابردوو داوامان لێ ئەکات خاپووری بکەین ، نابووتی بکەین بۆ ئەوەی ڕەنگرێژی ئێستا بەرینەوە وهەندێک ئومێد بۆ داهاتوو نزیک بکەینەوە. ئەو ڕابردووەی ئێمە وئەو کولتوورەی پێی داهێنراوە هەڵگری جۆرە فاکتەرێک نین ئێمە لە بری خاپورکردنی ڕەنگرێژی بکەین. ئێمە ناتوانین ببین بە سەروەری داهاتوو ئەگەر نەتوانین ڕابردوو بگۆڕین.

سەرچاوەکان:


· Berg, Herbert (٢٠٠٠) The Development of Exegesis in Early Islam: The Authenticity of Muslim, Curzon Press

· Kundera, Milan (١٩٧٩) The Book of Laughter and Forgetting .Part I: Lost Letters (p. ٢٢), trans. Michael Henry Heim, HarperPerennial Modern Classics




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئیدانەکردنی ئەنفال ڕێنیسانسی موسڵمانانی پێویستە

سالار فەتاح

ڕۆمیەکان لەسەرەتاکانی دروستکردنی دەولەتی ڕۆمدا هێرشیان کردە سەر گەلانی سابین کە دراوسێیان بوون ، دوای کوشتوبڕ ژنەکانیان رفاندو بەزۆر دەستریژیان کردەسەریان و کردیانن بەهاوسەری خۆیان ئیمبراتۆری ڕۆمی ڕەوایەتی دەدا بە پرۆسەکەو تەنانەت هانی ژنە رفێنراوەکانی دەدا کە ئەوان وەک مێردی خۆیان قبوڵ بکەن و چێژیان پێ ببەخشن . دواتر لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ئیتالیەکان لەبەرانبەر ئەم کارەدا هەلمەتێکی نیگارکێشیان بۆ خستنە ڕوی ئەوتاوانە بەرجەستە کردوە کەباوباپیرانیان ئەنجامیان دابوە .لە ڕێی ئەوکارە هونەریانەوە راستیەتاڵەکانی ئەو هێرشانەیان بەرجەستە کرد کەڕۆمیەکان هێرشیان کردبوە سەر گەلانی سابین.



ئەم تاوانەی ڕۆمیەکان هاوشیوەی ئەو ئەنفالەیە کە لەمێژوی ئیسلامدا رویداوە، تەنها جیاوازیەک هەبێت، ئەنفال لەقەڵەمڕەوی ئیسلامدا وەک ئەرکێکی ئاینی باسی لێوە کراوەو لە پیرۆزیەوە پێچراوە، بەلام تالانکردنی سابینیەکان لەلایەن ڕۆمەکانەوە تەنها بابەتێکی حوکمرانی کردن بوە، وەک پرکردنەوەی پێویستی لێیان روانیوەو لەپیرۆزیەوە نەپێچراوە، بۆیە ئیتالیەکان توانیان بەباشی کار لەسەر هەمو ئەو رەهەندە شارستانیانە بکەن کەپیرۆزی دەگێرێتەوە بۆ ئینسان، ئەویش لەڕێی رەخنە گرتن لەهەر کردەیەکی مێژو کرد. ئیتاڵیەکان هەوڵیان دا بەدیدێکی نوێوە مرۆڤ پێناسە بکەنەوەو خۆیان لەپێناسەکانی رابردووتر رزگار کرد، بەکەڵک وەرگرتن لە بەرهەمە مەعرفیەکان. ئێمەش بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەیەکی دروستی مرۆیانە بۆ خۆمان بکەینەوە، گرنگە دژی هەمو ئەو تاوانانە بوەستین کە لە کوردستان ئەنجام دراون هەمو ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆکاری خوێنریژی و رەوایەتی دان بە کوشتن و تالان کردن و بێریزی کردن بەمرۆڤ، بکرێنە پرۆژەی هونەری و کاری لەسەر بکەین بێ لایەنگری. زۆر گرنگە بەبەرهەمی شێوەکاری واقعی ئەوتاوانانە بخرێنە روو ، تەنها دیمەن و فۆتۆکان، کەلەسەر روفاتیان هەیە نەوەستین.

بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە کە لەسەر ژیانیان کراوەو هەستی مرۆڤ تیایدا ئامادەیی هەیە بەرجەستە بکرێت ، هەرجۆرە رفاندنێک و داگیر کردنی جەستەی مرۆڤ بە بێ ویستی ئارەزومەندانەی مرۆڤخۆی لەژێر هەر ناونیشانێکدا روی دابێت لە مێژودا بخرێتە بەر دادگای ویژدانەوە، هەنگاوێکی تر لە پێوەری مرۆیی نزیک بینەوە بەبێ خۆ بەستنەوە بە پاساوە ئاینی و نەتەوەیی و سیاسیەکانی تر ، بۆ تاوێک لە مرۆڤ وەک مرۆڤ بڕوانین. ئەم کارەش بەرپرسیاریەتی یەکەمی دەکەوێتە سەر موسڵمانەکان چونکە چەمکی ئەنفال لەمێژودا گەرچی پێش ئیسلام وەک پرۆسە هەبوە و روی داوە بەلام لە ئیسلامدا نەخشێنراوەو وەک سەروەریەک و پیرۆزیەک ویژدانی پێ راهێنراوە وە مرۆڤی موسڵمان پێی گۆچکراوە ، بەعسیش بە سود وەرگرتن لەوپێش زهنیەتە ئامادە کراوەکە کە ئیسلام لەڕێی قورئانەوە لەزهنی کۆمەڵگەکانی موسڵماندا چاندویەتی، زۆر باش سودی لێ وەرگرت بەناوی ئەنفالەوە، ئەو تاوانەی ئەنجامدا بۆیە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەکاتی پرۆسەی کۆمەڵکوژیدا . بەبەکارهێنای ئەم چەمکە زهنی و ویژدانی کۆمەلگەکانی موسلمانی خەبەرنابیێتەوەو زیاتر سڕ دەکات بە جۆرێک بچوکترین هەڵوێست نەنوێنن.. ئەوڕەخنانەش کەلەلایەن موسڵمانانی کوردەوە دەگیرێ لەپرۆسەکە دەڵێن (کورد موسڵمانەو ئەنفالیش بەرانبەر موسڵمان ناکرێ وە ئەنفال لەپێناو خواو پێغەمبەردایە بەرامبەر ناموسڵمان ) ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفال نەک ڕەخنەگرتن و ئیدانە کردنی ئەوتاوانە نیە ،کەدژ بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێ بگرە هێشتنەوەی ئەوزەمینە زهنیەیە لە موسڵمانی کورددا کەناموسڵمان ئەنفال کردنی واجبە بۆ کاتێک زەمینە ڕەخسا ئەنفال وەک پرۆسە ئەنجام دەدرێت ئەگەرچی ناوی ئەنفالیشی بۆبەکارنەهێنن ، بۆیە لەم سەدەیەشدا داعش ئەو پرۆسەیە بەرانبەر شنگالیەکان ئەنجام دەدات و ژمارەیەکی بەرچاویش لەکوردی موسڵمان پشتگیریان لەداعش کردوە لەو تاوانانەدا کە دژ بەشنگالیەکان ئەنجام درا.

بۆبەرەنگاربونەوەی هەرجۆرە توندوتیژیەک پێویستە کوردی موسڵمان پێش هەرکەس لەهەناوی خۆیدا شەڕێک بەرپا بکا دژ بەو پاساوانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بە کوشتن وجگە لە مرۆڤبون داوای ناسنامەیەکیر تر لە مرۆڤ نەکرێ. مرۆڤی موسڵمان بەپلەی یەکەم بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشان خۆی لەو بەها ناکۆکانە دا بماڵێ کە مێژو لەناخیدا چاندویەتی و ناکۆک بەو پێگەیەیە کە لە زۆر شوێنی ئاینەکەیدا بە مرۆڤ بەخشراوە بەبێ گوێدانە پەرستش وباوەڕی. ئەم کارەش بە دوبارە تێڕامان و خۆ خاوێن کردنەوە دەکرێ لە هزری چاخە تاریکە گوماناویەکان. ئاوڕ دانەوە لە بەسەرهاتی خوڵقان وەک تاکە پێوەرێک بۆ پێگەی مرۆڤ ڕون دەبێتەوە لەلامان چەند پەیامی دژو ناکۆک خراوەتە زهنی موسڵمانانەوەو جێی گومانن ودەسەڵاتەکانی ئیسلامیش لەمێژووەوە ڕێگایەکیان گرتوەتەبەر کەس زاتی گومان نەکات، تا بۆیان بچێتە سەر هەرچیان ویستوە لەمێژوی دەسەڵاتیاندا بەناوی خواو پێغەمبەرەوە بیکەن، وەک چۆن ئیبراهیم گومانی لەو خودایە کرد کە بە میرات بۆی بەجێمابو منو تۆش پێویستە گومان لەو جۆرە تێگەشتن و بڕوایە بکەین بەرانبەر بەخواو ویستی خوا کە بەمیراتی بۆمان پێناسە کراوە ، چونکە خودا ئەو هەمو گەردونەی دروست کردبێ هەرگیز ڕاڤەکاری سەردەمی جەهلی عەرەبی پەی بە هەمو گەورەییەکەی نابا‌و ناشزانێ چ گەور ەییەک بە مرۆڤ بەخشراوە ، ئەم کارەش تەنها ئەوکاتە دەکرێت کە خۆشەویستیمان بۆ مرۆڤ وەک مرۆڤ هەبێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یادی شاڵاوی ئەنفالەکانی (پێنج،شەش ، حەوت )

ئامادەکردنی : د.ناجح گوڵپی

## دیمەنێکی ئەنفالکراوان

بیست و حەوت سال تێ دەپەرێ بەسەر کۆتایی هاتنی شالاوەکانی ئەنفالی (پێنج،شەش ،حەوت) و دەسپێکی شالاوی ئەنفالی هەشت،



ئەم شالاوە زیاتر لە سێ مانگی خایاندوە ،لە دوای کۆتا هاتنی شالاوی ئەنفالی چوارەم بۆ ناوچەی قەلاسێوکەو دەشتی کۆیە دەستی پێکردوە واتە لە (١٥ / ٥ / ١٩٨٨ تاکو ٢٦ / ٨ / ١٩٨٨) ،ناوچەیەکی بەرفراوانی شاخاویی کوردستانی گرتۆتەوە ،بەهۆی باری جوگرافی ناوچەکەوە دوژمن زیانێکی گیانی زۆری پێ گەیشتوە و هێزێکی بۆ شوماری سەربازی بەکرێ گیراوی ناوخۆی بەکار هێناوە، سەرەتا با بزانین هێزە بەشدار بوەکان و تاوانبارەنی ئەم شالاوە کێن:

وەک هەموو شالاوەکانی تری ئەنفال سەرکردە مەیدانیەکانی بەعس بەشداری ئەم شالاوەش بوون،ئەم قۆناغانەی ئەنفال بەسەرکردایەتی ( لیواڕوکن یونس محمد ئالزەرب ،فەرماندەی فەیلەقی پێنج و هەردو جێگرەکەی عەمید روکن یونس محمد حەماد و عەمید محمد مستەفا ئیسماعیل ، وە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی وەزیری بەرگری عراق فەریق روکن عەدنان خەیرولا تولفاح و عەلی حسن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکوری حزبی بەعس،و نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و فەریق حسین رەشید محمدعەرەب تکریتی یارمەتی دەری سوپا بۆ کارو باری ئۆپەراسیۆنەکان، و سابیر عەبدول عەزیز حسین الدوری بەرێوەبەری گشتی هەواڵگری سوپا،عەقید روکن فەرحان موتڵەگ ساڵح جبوری بەرێوەبەری هەوڵگری ناوچەی ڕۆژهەلات و هەریەک لە عەمید روکن خالید محمد عباس الجبوری و عقید روکن وەلید نایف شبیب کە هەریەکیان لە ساڵی ١٩٨٨ دا بۆ ماوەیەک بەرێوەبەری ڕیکخراوی هەوڵگری ناوجەی باکور بونە لەهەولێڕ ،سەدان پلەداری تری سوپا .

وەک وتمان شالاوەکانی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتەوە ( پردێ،بەشێکی هەولێر،مەسیف سەلاحەدین،شەقلاوە ،هیران و نازەنین،حەریر ،خەلیفان،دۆڵی خۆشناوەتی ،دۆڵی مەلەکان، خەتێ، ڕەواندوز، سۆران، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی خانەقا، دۆڵی سماقۆلی،دیگەلە، کۆیە، ئاشگە، ئاکۆیان، ئالانە، ئاقوبان، ئەسپیندارە،ئەشکەفتە، بالوکاوە ،بالیسان، شیخ وەسانان ،بلەی خوارو بلەی سەرو،بناوێ ،بۆتێ، بەرگرتک،بیریژی،بیراوە، پشت ئاشان،قرناقە، تاراوە ،توتمە، دەیان گوندی تر لەم

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوچەیە... تادەگاتە چۆمان و گوندەکانی دەوەروبەری ، دۆڵی شەهیدان و بناری قەندیل، دەربەندی گۆمەسپان، دەرگەڵەو زیارەت، سماقولی سەروچاوە سماقولی گرتک، گوندەکانی ئەو ناوچەیە هەمووی...... واتە سنوری ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە نیوان هەولیر و ڕەواندوز و رانیەو قەلادزێ و کۆیەوە.

هێزە پەلامار دەرکان بەم شێوە دەستیان بەهێرش بردن کرد:

قۆڵی یەکەم: لە جادەی قیرەوە( جادەی شەقڵاوە حەریر ) بەرەو گوندی گەروان بەهیوای کۆنترۆڵکردنی شاخی کێل کێل و هەردوگوندی گەروانی سەرو خوارو و شاخەکانی هەندرێن و کاروخ.

قۆڵی دووەم: لە هەلەموندەوە بەرەو گوندەکانی جاوەڵ ،دڕەبی،دەرگەڵە،سەری ئەحمەدە،زینی گەلی،گەرۆتە ،ووەرتێ

قۆڵی سێیەم: لە سەرو چاوە و بەنی حەریر و خەلیفانەوە بۆ دۆڵی بالیسان و ئالانە.

هەروەها لە ١٩ / ٧ / ١٩٨٨ دا لەقۆلێکی ترەوە و لە بەرەیەکی جەنگی تردا هێزەکانی ڕژێم هێرشی خۆیان بۆ سەر ناوچەی خواکورک دەست پێ کرد بۆ سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم جەنگە ماوەی مانگ و نیۆێک زیاتری خایاند ،سوپای ڕژێم سەرباری بەکار هێنانی هەموو جۆرەچەکێکی ئاسایی، چەکی کیمیاشی بەکار هێناوە، بەلام لەبەر سەختی و بەرزی ناوچەکە کاریگەری نەبوە.

ڕۆژێک بەر لەدەسپێکی شالاوەکە هێزەکانی پارێزگاری نەوت ناسراو بە هێزەکانی عابد لەپاسەوانی کۆماری بە فەرماندەیی عەمید روکن بارق عبدوللا حاجی حنتە و هەردو جێگرەکەی (عقید روکن فواد علی حسێن و مقەدەم هاشم کامل محمود ) لەشاری کۆیە دەستیان کرد بە ڕەشبگیری خەڵکی مەدەنی تا ترس و دڵە راوکێ دروست بکەن لەناوخەڵکی شار،خەڵکیش نەتوانی کۆمەک و هاوکاری خەڵکی گوندەکان بکات کە رویان لە شارو دوەروەی گوندەکان کردبوو،،هەروەها لە ١٥ / ٦ / ١٩٨٨ دا لەشاری ڕەواندوز بەهەمان شیوە ڕشبگیری خەڵکی گوندەکان لەوێ کردبوو دەستی پێکرد ،بەسەرکردایەتی عامر الزبیدێ بو کە فەرماندەی هیزەکانی ٤٥ ی سە بەفەیلەقی پێنج بوون.

هەر لەسەرەتای دەس پێکردنی ئەم شالاوەوە لە ١٥ / ٥ / ١٩٨٨ ورۆژەکانی دواتر (١٨ / ٥ / ٢٠١٥) چەکی کیمیایی بەکار هێنا نزیکەی ٢٢ کەس شەهید کەوتن ،بەلام ئەمجارە بەکار هێنانی چەکی کیمیای بەپێچەوانەی ئەنفالەکانی پێشتر بۆ گوندەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە نەبوو چونکە هەر لەسەر وبەندی ئەنفالی چواردا هێزی پێشمەرگە بریاری چۆڵکردنی گوندەکانی دابوو بۆیە تەنها پێشمەرگە لە ناوچەکەدا هەبوو و خەڵکی مەدەنی بە دەگمەن مابویەوە، یان ڕوویان لە سەر سنور کردبوو یان بەرەوشارەکانی رانیە و شەقلاوە،ڕەواندوز و سۆران و هەولێر کۆچیان کردبوو.

ڕژێم ئەو گوندانەی بۆردومان کرد کە لەژێر دەسەلاتی خۆیا بوون و هاوسنور بوون لەگەڵ ناوچە ئازاد کراوەکان وەک گوندەکانی (گولان و وەرێ) هاوکات گوندەکانی وەرتێ و نازەنین بەچەکی کیمیایی بوردومان کران،لەم هێرشانەدا لە چاو قۆناخەکانی تری

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفال قوربانی زۆر کەم بوو چونکە ناوچکە چۆڵکراوبوو لە خەلکی مەدەنی، لەنازەنین کەسێک شەهید بوو بەچەکی کیمیایی، هەروەە گوندی گولان کە لەژێر دەستی حکومەت بوو گوندێکی ئاوەدان و قەربالخ بوو بارەگای پێشمەرگەکانی کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی تیدا بوو بۆمباران کراو نزیکەی ١٨ پیشمەرگە شەهید کەوتن.و بەدەیان بریندایش،هەروەها گوندی وەرێ ش بەهەمان شیوە بەچەکی کیمیایی بۆمباران کر او شەهید وبریندارایین هەبوو ،بریندارانی ئەم گوندە نەیان وێرابوو سەردانی نەخۆشخانەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم بکەن چونکە ترسابوون کە چارەنوسیان وەک بریندارانی چەکی کیمیایی بالیسان و شیخ وەسانانیان لێ بێت کە لە ساڵی پێشتر بۆمباران کرابوو. ژنێکیش کە بریندارببوو لە گوندی وەرێ هاتبوو بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لە خەتێ شەهید کەوت،،ئەو دەیان بریندارەی هاتبوون بۆ نەخۆشخانە هەموویان چارەسەر کرانو باش بوونەوە.

سەربارى هێزەکانی فەیلەقی پێنج چەندین هیزی تر لە فەیلەقی یەک بەشداری ئەم شالاوە بون،هەروەها هێزەکانی توانای ئەندازیاری بەشدار بون بۆ ڕوخاندنی گوندەکان،لەگەڵ هێزی ئاسمانی و کەتیبە دەبابات و دەستەی جەکی کیمیایی (عتاد خاێ) هەروەها بەبەشداری جەحفەلی پێنجەمی پاریزگاری نیشتمانی ( افواج الدیفاع الوگنی ) جاشە سوکەکان بە فەرماندەیی (عقید کریم محمود خەلەف ) لە ٢٢ فەوجی جاشی سوک پێک هاتبوو هاوکات جەندین فەوجی سوکی تر لە فەرماندەیی جەحفەلەکانی ترەوە هاتبوون،بەپێ ئەو بەلگەنامەنی کە کە راگەیاندنەکانی حزبی بەعس بلاو کراوەتەوە لە ٢١ / ٦ / ١٩٨٨ دا ئەم فەوجە سوکانە بەشداری شلاوی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوتیان کردوە کە ٣٦ فەوجی سوک ناوی هاتوە کە پێک هاتوە لە کوردانی خۆ فرۆشو خائین بە گەل و خاک :

| | |
|---|---|
| قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیە | راوێژکاری فەوجی ژمارە ٨٥ |
| ئەحمەد کوێخا ڕەجەب شوانی | راوێژکاری فەوجی ژمارە ٩٠ |
| برهان محمد مستەفا شوانی | راوێژکاری فەوجی ژمارە ٩٢ |
| عەلی ئەحمەد شەعبان | فەوجی ژمارە ٩٣ |
| شیخ جلال شیخ نجمەدین شیخ کریم ساڵەیی | فەوجی ژمارە ١٣٥ |
| شیخ ڕووناک ئیبراهیم مدحت داودی | فەوجی ژمارە ١٣٨ |
| ساڵح ئەحمەد حسێن گەلاڵی | فەوجی ژمارە ١٦٢ |
| خدر عەبدولا حسێن قامیشی | فەوجی ژمارە ٢١٠ |
| سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی | فەوجی ژمارە ٢٤١ |
| محمد سادق شوانی | فەوجی ژمارە ٢٦١ |
| ئیبراهیم حاجی مەلۆ مزوری | فەوجی ژمارە ٢٠ |
| سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە | فەوجی ژمارە ٣٤ |
| کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی | فەوجی ژمارە ٤٠ |
| ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی | فەوجی ژمارە ٥ |
| تاهیر حسێن سید محمد جباری | فەوجی ژمارە ٤٢ |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | |
|---|---|
| مشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان | فەوجی ژمارە ٤٦ |
| مەحمود حەمەمین حەمەساڵح گوڵی | فەوجی ژمارە ٦٩ |
| جلال ئەسعەد ڕەزا چەرمە گایی | فەوجی ژمارە ٧٩ |
| هەڵگورد شێخ عبدولکریم کەسنەزانی | فەوجی ژمارە ٨٣ |
| عباس بایز باڵو ئاغا | فەوجی ژمارە ٩١ |
| ئیبراهیم شیخ نەسرەدین شیخ عەزیز بەرزنجی | فەوجی ژمارە ١٠٢ |
| عومەر حەمەحەلی رۆستەم چەرماگایی | فەوجی ژمارە ١٠٤ |
| عبدولڕحیم محمەد ڕەمەزان ئیمامی | فەوجی ژمارە ١٢٤ |
| شەریف محمود مەعروف کوڕی داوێ | فەوجی ژمارە ١٢٦ |
| مەحمود سەی گوڵ کاریزەیی | فەوجی ژمارە ١٣٧ |
| هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری | فەوجی ژمارە ١٤٠ |
| حسێن محمد عوسمان پشدەری | فەوجی ژمارە ١٧٥ |
| فارس محمد قادر عەزیز ئاغای سورکی | فەوجی ژمارە ١٨١ |
| محمد هەمزە محمد ژاژڵەیی | فەوجی ژمارە ٢٠٤ |
| عدنان عبدولا نەجم جاف ( عدنان دیسکۆ) | فەوجی ژمارە ٢١٢ |
| عمر محمود محمد ماموێی | فەوجی ژمارە ٢١٤ |
| برهان توفیق بابکر هەورامی | فەوجی ژمارە ٢٣٨ |
| عەلی زۆراب ڕەزامحەمەد عەزیزی | فەوجی ژمارە ٢٤٩ |
| سەباح شیخ عبدولکریم بەرزنجی | فەوجی ژمارە ٢٥٩ |
| حەمەمین تەها رەسوڵ سورکی | فەوجی ژمارە ٣١٨ |
| تەحسین محمد ڕەشید زەنگنە | فەوجی ژمارە ١٧٩ |

بەهۆی ئەم شالاوانەوە هێزی پێشمەرگە بە ناچاری لەدوای شەڕێکی دەستەو یەخەی چەند مانگە کشانەوە سەر سنورەکان ، تەنانەت هەندێ شوێنی سەخت هەبوون لەشاخی قەندیل و شوێنەکانی تری سەر سنور دوژمن نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات.

سەرچاوە: * ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆساید کردنی گەلی باشوری کوردستان

* لەتوێشوی پزیشکێکی پێشمەرگەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەرێمی کوردستان یادی کارەساتی ئەنفال دەکاتەوە

## تایبەت بە کوردپرێس؛

ئەمرۆ لەیادی ٢٧مین ساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا کە رژێمی بەعسی رووخاو بەسەر کورد لە عێراق سەپاندی، لە هەرێمی کوردستان رێورەسمێکی تایبەت بەچەند شێوە دەکرێتەوە، وا بریارە رێکخراوێکی تایبەت بە پاراستن و نووسینەوەی مێژووی تاقانەکانی ئەنفال و کیمیاباران رابگەیەنرێت.



ئاراس عابد، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، تایبەت بە کوردپرێس رایگەیاند:" وەک نەریتێکی ساڵانە، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان ئەمرۆ کاتژمێر ١٠ مەراسیمێکی تایبەت بۆ یادی ئەنفال رێکدەخرێت."

ناوبراو وتیشی:" پێشنیار کراوە، لەسەر مەزاری ئەو پێشمەرگانەی بە دەستی چەکدارانی داعش شەهید بوون، لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە نەمام بچێنرێت و نەمامەکەیش بکرێت بەناوی شەهیدەکانەوە."

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، دەڵێت:" هەر لەم یادەدا فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری لەسەر تاقانەکانی ئەنفال و کیمیاباران نمایش دەکرێت."
ئاراس عابد، ئاشکرای دەکات:" هەر ئەمرۆ بۆ یەکەمجار لیژنەیەکی تایبەت بە تاقانەکانی ئەنفالو کیمیاباران، لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا رادەگەیەنرێت."

جەختدەکاتەوە:" کاری ئەو لیژنەیە بۆ ئەو تاقانانەیە کە لەدوای کیمیاباران و ئەنفالەوە تەنیا خۆیان ماونەتەوە و دایک و باوک و سەرجەم کەس وکاریان لەدەستداوە، بۆیە داوادەکرێت ئەو تاقانانە نەبرێنە بەرەکانی جەنگ و بپارێزرێنو مێژووەکانیان بنووسرێتەوە."

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی ١٤ / ٤ی هەموو ساڵێکی وەک رۆژی قوربانیانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان دیاریکردووە، کە حکوومەتی لەناوچوی بەعس لەچەند شاڵاوێکدا و بەچەند قۆناغێک بەهەزاران هاووڵاتی بێتاوانی کوردی لەناوچەکانی کوردستان ئەنفالکرد پشکی شێری ئەو ئەنفالانەش بەرناوچەی گەرمیان کەوت.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفال (بە عەرەبی: حملە الآنفال) پرۆسەیەکی حیزبی بەعس بوو، ئامانجی قڕکردنی بنەچەی کورد و سووتانی خاکی کوردستانو هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و لاوازکردن و نەهێشتنی کەلتووری ڕەسەنی کورد بوو."
ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانە، لە دوای جەنگی بەدر بڵاو بووەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دابەشکردنی ئەو غەنیمەو دەسکەوتانەی لە شەڕی کافرەکان دەکەوتە دەستی موسڵمانەکان وەک سامان و چەک و مەڕ و ماڵات، بەلێکدانەوەی بەعس لە عەمەلیاتی ئەنفال کورد بە کافرو لەڕێلادەر لە قەڵەمدراو سەرو ماڵی حەلاڵ کرا."

لە ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دا حکوومەتی بەعس بە جەیش و چەکدارەوە هێرشیانکرد بۆ ناوچەی قەرەداغ، هەمو خەڵکەکەیان گرت ولە یەک جیایان کردنەوە، پیاوەکان بە جیا ژن و منداڵیش بە جیا پیرەکان بە جیا بردیانن بۆ بنکەی حکوومەتی بەعس، لە دوایدا بردیانن بۆ ناوچەی باکوور لە شوێنێک بە ناوی (عەر عرە) لەوێ بە لێدان و تەعزیب وە خواردن و ئاویان پێ نەدەدان، ئەوەشی کە دەمرد دەیان بردە دەرەوەی بیناکە لە دەرەوەی بیناکە ناوچەیەکی سەحراوی بووە هەموی خۆڵو لم بوە لەبەر ئەوە خۆڵو لمیان دەدا بە سەریاندا، لە دوای کاتێکی کەمدا سەگ لاشەکانیان دەردەهێنایەوە دەیان خوارد، ئافرەتە گەنجە کانیان دەفرۆشتە چەند وڵاتێکی عەرەبی، لە پاشان بە شۆفڵ چاڵیان هەڵدەکەندو پیاوەکانو گەنجەکانیان دەکردە ناویەوە لە دوای ئەوە بە شۆفڵ خۆڵیان دەدا بە سارياندا لە پاش ماوەیەک کۆمەڵێکی کەم لە پیرو پەککەوتووەکانیان لێبوردنیان بۆ دەرچوو.

## بڕیاری ئەنجامدانی ئەنفال

ئەنجومەنی بەناوی سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵاتی بڕیار بوو لە عێراق و سەددام حوسێن سەرۆکی بوو، لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بڕیاری ژمارە ١٦٠ی دەرکردو بە پێی ئەو بڕیارە ئەنفال ئەنجامدەرێت، پێش دەستپێکی پرۆسەکە هێزەکانی سوپای عێراق ئازادبوون لە تۆپبارانی ئەو ناوچانەی کە ڕژێم ناوی نابوو ناوچە قەدەغەکراوەکانو کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا بوون، هەروەها بەپێی بڕیارێکی عەلی حەسەن مەجید، ئەو شتومەکو سامانەی دەکەوێتە دەست جاشەکان بۆ خۆیان بێت جگە لە چەکە قورسەکان."

## قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال

### پرۆسەی ئەنفال بە هەشت قۆناغ بەڕێوە چوو کە بەم شێوەیەی خوارەوە پەیڕەوکرا:

ئەنفالی یەک: گەمارۆدانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو لە ٢٣ی شوبات بۆ ١٩ / ٣ی ساڵی ١٩٨٨ ئامانجی ئەم هێرشە لە ناوبردن وێرانکردنی (٢٥ - ٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی بوو، شاڵاوەکە سنووری شارۆچکەکانی (سورداشو دووکان بنگرد و سەرچنارو قەلاچوالانو و چوارتا) ی گرتەوە، سەرپەرشتیاری هێرشەکە لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو هێزە بەشداربووەکان پێکهاتبوون لە (٢٠) لیواو (٦٠) فەوج جگە لە مانەش ٣٠ فەوجی سەربەخۆی موالیدەکانی ١٩٤٥، هەموو ئەو هێزانە زیاتر لە ١٠٠ هێرشو پەلاماریان بۆ ناوچەکە برد لە ئەنجامدا ئەم گوندو ناوچانەیان داگیر کرد (قەمچوغە، شاخە ڕەش، دۆڵە ڕووت، قزلەر، قەرەنگوێ، مەولان،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قەرەسەرد، پیرباز، دۆڵی مازەلە، قەڵەم پاشا، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگروون، زێوێ، گەرەدێ، دابان، مەرگەو شارستێن، هەروەها ئەم گوندانەش وێرانکران لە هەمان هێرشدا سەرگەڵوو، کە ٥٠٠ ماڵ بوو، بەرگەڵوو، کانی توو، چالاوە، یاخیان چوخماخ، یاخسەمەڕ، قەیوانی سەروو، قەیوانی خواروو، سنگر، میولاکە، گاپیلۆن، بالخ، گویزلی، هەڵەدن، سێکانیان، چالخ، قۆمەرغان، کوێرەکانی سیدەرو وڵاخ لو لە گەمارۆدانی ئەنفالی یەک دا ٢٠٠ - ٢٥٠ کەس کوژران نزیکەی ١٦٠ کەس لەڕێگادا کە بەرەو ئێران ڕۆیشتن بە هۆی سەرماو بەفرو بارانەوە مردن."

ئەنفالی دوو:" قەرەداغ ٢٢ ی مارسی بۆ ١ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٨ ئەم هێرشە لە هەموو لایەکەوە ئاپلۆقەی ناوچەکەی دا، کاتەکەی لە دوای نوێژی ئێوارەوە دەستی پێکرد بە بۆردومانکردنی گوندی سێوسێنان، لە ئەنجامدا (٨٠)کەس گیانیان لە دەست دا، خەڵکی قەرەداغ لە کاتی بۆمبارانکردنەکەدا بوون بە دوو بەشەوە هەندێکیان بەرەو سلێمانی ڕۆیشتن، ژمارەیەکیشیان لە ڕێگا گیرانو ئەنفال کران."

ئەنفالی سێ: ناوچەکانی گەرمیان لە ٧ ئازار بۆ ٢٠ ئەپریلی ساڵی ١٩٨٨ شاڵاوی ئەنفالی سێ گەورەترینو بەرفراوانترین هێرشو پەلامار بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر کوردستان کە هەموو ناوچەکانی (کەلار، دوز، قادر کەرەم، کفری، چەمچەماڵ، تیلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە، بەشێک لە ناوچەی ئاغجەلەر ی راماڵیو زیانێکی ئێجگار گەورەی گیانیو ماڵی بە بە دانیشتوانەکەی گەیاندو نزیکەی (٥٠٠) گوندی ئەم ناوچەیەی گرتەوە،و نزیکەی (٣٠٠٠٠) سی هەزار ژنو منداڵو پیرو گەنجی بێ سەرو شوێن کرد، لەگەڵ وێرانکردنی چوار ناحیە، تەنها لەیەک ڕۆژدا لە ١٤ی مانگی چواری ١٩٨٨ نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار ژنو منداڵو پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆو ملە سوورە کۆکردەوەو بۆ ناحیەی قۆرەتووی ڕەوانەکردن پاشانیش شوێنبزری کردن، تا ساڵی ١٩٩١ جلو بەرگو پاشماوەی ئەو خەڵکە لە قەلا سەربازیەکەی قۆرەتوو مابوو، لە ئەنجامی شاڵاوی سێ ی ئەنفالدا سەرجەم گوندەکانی گەرمیان تەخت کرانو سوتێنران زیانەکانی ئەنفالی سێ ١- ٧٢٨ گوندو شارۆچکە وێران کران ٢ - ٤٠ هەزار خێزان راگوێزران، ١٦ هەزاریان ڕەوانەی زیندانەکانی ڕژێم کران ٣ - (٧٤٠٧) ئافرەتی ناوچەکانی زەنگنەو جەباریو سەنگاو لە گرتوخانەی دوبز بەند کرابوون ٤ - (٥٦٠٠) ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەندکرابوون ٥ - گرتنی (٤٥٦٠) منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا، کە دەیانیان لێ مردووە هەروەها چەندان منداڵی شەش مانگ تاکو یەک ساڵ هەر یەکەی بە (٥٠)دینار فرۆشراوە ٦ - (٧٦٤٠) پیاو سەرنگوم کران ٧- سوکایەتی کردن بە ڕەوشتو کەرامەتی ئافرەتانو ئازاردانیان، دوور لە دابو نەریتی مرۆڤایەتی بۆیە سوپای عێراق تاکو هەموو ناوچەی گەرمیانی وێرانو خاپور نەکردو ئەو خەڵکەی کەوتبوە بەردەستی شوێنبزری نەکردو نەگەڕایەوە دواوە، بەڵکو دواتریش واتە لە دوای شاڵاوی ئەنفالی سێ هەندێجار کۆپتەرو سەربازی لە ناوچەکە دەسوڕایەوە نەوەک گیانلەبەرێک یان خانویەک لە ناوچەکەدا مابێ."

## ئەنفالی چوار: دۆڵی زێی بچوک لە ٣ بۆ ٨ی مەی ساڵی ١٩٨٨

لەم شاڵاوەی ئەنفالدا هەموو ناوچەکانی (ڕێدارو ئاغجەلەرو تەق تەقو گوندی عەسکەرو کۆپتەپەی گرتەوە، هەروەها دەشتی کۆیە. سەرەتاکەی بە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە دەستی پێکرد ڕۆژی ٣ی مایسی ١٩٨٨ کاتژمێر ٤٥،٥ی ئێوارە کاتی خەڵکی گوندەکە خۆیان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئامادە دەکرد بۆ شکاندنی رۆژووی مانگی رەمەزان کە نزیکەی ١٥٤ کەس بوونە قوربانی لە کاتی بۆمبارانکردنەکە، هەروەها ٩ کەس لە گوندی عەسکەر بە هۆی کیماوی، لە ٥ ی مایس گوندی دەلۆی ناو شوان موشەک باران کرا سێ چوار پیرەژنو چوار منداڵی کوشت لە دواییشدا (٢٨) کەسیان دەستگیر کردو شوێنبزریان کرد کە ٣ ئافرەتو منداڵێکیان تێدابوو، ئینجا هێرش کرایە سەر گوندەکانی خاڵەکوتیا ی نزیک دەکۆو زگیلە تەنها ٦ کەسی بە ساڵاچوو دەستگیر کران کە نەیان توانی بوو هەڵبێنو خۆیان رزگار بکەن، هەروەها خەڵکی گوندی دەرماناوی ١٢ رۆژ لە جیاتی خواردن تەنها گیایان دەخوارد، هەروەها لە گوندی قەرەسالمی ٢٩ کەس گیرانو شوێنبزرکران،هەروەها لە گوندی ئەسکەندەر بەگ ٣٩ کەسیان دەستگیرکراو شوێنبزرکران بە هەموویانەوە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا نزیکەی ٢٣٧ گوند لەناو بران، هەروەها نزیکەی (٥٥٠٠) کەس لە ناوچەکانی شاڵاوی ئەنفالی چواردا دەستگیرکرانو شوێنبزرکران."

ئەنفالی پێنجو شەشو حەوت: دۆڵو چیاکانی شەقڵاوەو رەواندز لە ١٥ی مایس بۆ ٢٦ ئابی ١٩٨٨ یەکەم پەلاماری سوپا لەم هێرشەدا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٥ی مایسی ١٩٨٨ بوو لەم کاتەدا چەند فرۆکەیەک کەوتنە کیمیاباران کردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسەک، ئەسپیندار، عەلیاوا، سماقولیو بونێ) لەم پەلامارە لە گوندی وەرە ٣٦ کەس کوژران، ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەوەیە لەم شاڵاوەی حزبی بەعسدا پێشمەرگە توانی بەرەنگاریەکی باش بکاتو نەیانتوانی لەم شاڵاوەی ئەنفالدا مەبەستەکانی خۆیان جیبەجێ بکەن، لە پاش نیوەڕۆی ٢٣ ی مایس گوندەکانی (بالیسانو هیرانو دۆڵەکانی دەوروبەری بە خەستی درانە بەر بۆمبی کیماوی."

### ئەنفالی هەشت: بادینان ٢٥ ی ئاب بۆ ٦ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨

لەم شاڵاوەدا بەعس ویستی بە بێدەنگی لە ناوچەکانی بادینان بدا چونکە نزیکە لە سنووری تورکیاو بۆ ئەوەی ئەورووپا بەم کردەوە قیزەونەی نەزانێتو سزایی بدا، لە رۆژی ٢٤ی ئابدا هرێشکرایە سەر چیای گارە بە بۆمبی هێشویی، دوای ئەوەش هەر لەو ئێوارەدا هێرش کرایە سەر بارەگای پێشمەرگە لە زیوەشکانی نزیک سنووری تورکیاو ١٠ پێشمەرگەی شەهید کرد، لە رۆژی ٢٥ی ئابدا هێرشی کرایە سەر گوندی برجینی ناحیەی زاویتە، گوندی توێکا و تلاکروی، ئەوبەری زێی خاپورو هێسیو خەرابیاو یەکمالەی بەرواری سەروو کیمیاباران کران نزیکەی ٤٠ کەس کوژران هەر لە رۆژی ٢٥ی ئابدا گەورەترینو خەسترین هێرشی کیمیاوی کرا سەر گوندەکانی شێروانەو ردیناو سارتکیو هەر لەو شەوەدا هەردوو گوندی رێکانیو ئێرویی یان کیمیاباران کرد، هەروەها گوندەکانی برکەڤرێو وەرمێلیو بلێجانێو بانێی بە فرۆکەو کوپتەر کیمیاباران کران بە شێوەیەکی گشتی ٥٠ گوندی ناوچەکە بۆمباران کران، بەهۆی ئاگادارکرنەوەی پێشمەرگە ژمارەیەکی کەم خەڵک کوژران لە گوندی هەمزە ٤٨ کەس کوژران، لە گوندی کرییت عەلی ٢١ کەس شوێنبزرکران لە گوندی کرییت تیموریش ١٨ کەس شوێنبزرکرا، لە ٢٨ی ئابدا هێرشی بۆ کرا لە ئەنجامدا دەیان هەزار خەڵکی ئاوارەی تورکیاو ئیران بوون ژمارەیەکیش دەستگیرکرا لە گوندەکانی سارکێ ٩٣ پیاوو لە مێرگەتوی ١٠٠ کەسو لە وەرەخەل ٨٣ پیاو شوێنبزرکران هەروەها لە گوندەکانی یەکمالەی دۆسکی ٧٤ کەسو لە گوێزێ ٩٣ کەس تیاچوون، لە کۆی ٣٦ گوندی ناوچەکە ٦٣٢ پیاو شوێن بزرکران."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپریس / ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## (٣٢) مین ساڵیادی جینۆسایدی بارزانیەکان

### دایک و جینۆسایدی بارزانیەکان

**لە نێوان خەمی بارزانیە قوربانی بەخشەکان و بێ باکی بارزانیە سیاسیەکاندا**

**ئاوارە حسێن***

لە (٣١ / ٧ / ١٩٨٣) دا، ڕژێمی بەعسی سەددام، بە هێزێکی گەورەوە کە پێک هاتبوو لە دەزگا ئاسایشیەکان و گاردی کۆماری. گەمارۆی هەردوو کۆمەڵگەی (قودس و قادسیە) ی دا لە شارۆچکەی قوشتەپە. کە بارزانییەکانی تێدا نیشتەجێبوون، دەستیکرد بە دەستگیرکردنی نێرینەی تەمەن (١٥) پانزە ساڵ تاکو پیرەمێردی (٩٠) نەوەد ساڵ.




لە مانگی (٨) هەمان ساڵ، پەلاماری کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکانی (بەحرکەو هەریر و دیانە) ی داو نێرینەکانیان دەستگیر کرد. لە مانگی (١٠) هەمان ساڵ، دووبارە هەڵیان کوتایە سەر هەردوو کۆمەڵگەی (قودس و قادسیە)، بۆ ئەو مێرد منداڵانەی کە جاری پێشوو دەستگیر نەکرابوون، و هەموویان دەستگیر کران. لەو پەلامارانەدا نزیکەی (٨،٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی لە گەنج و پیر بە ساغ و نەخۆشەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە لەڕووی دەروونیەوە تەواو نەبوون دەستگیر کران و ونکران و ژن و مناڵەکانیشیان بە بێ سەرپەرشتی و بە ژیانێکی مەرگەساتی لە ئۆردوگاکان هێشتەوە. بە پێی بەڵگەنامەکان ئەو نێرینە بارزانیانەی کە تەمەنیان لە (١٥) پانزە ساڵ بەرەو سەرەوە بوو بۆ بەغدا گواستراونەوەو ڕەوانەی دادگای بە ناو شۆڕش کران و بەشێوەیەکی ڕەمەکی لە سێدارە دراون و هەندێکی تریشیان بەشێوازی جۆراو جۆر بۆ بیابانی (بوسەیە) لە باشووری خۆرئاوای عێراق زیندە بەچاڵکران.

سەرەڕای جینۆساید کردنی فیزیکی بارزانیەکان، ئەوەی ئازارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەی قوڵتر دەکردەوە و تا ئێستاش کاریگەرییە قوڵەکەی ماوە. ئەوەبوو بۆماوەیەکی دوور و درێژ لە ناو هەزاران مرۆڤدا پرۆسەی هاوسەرگیری نەما و گۆڤەند و هەڵپەڕکێ بوو بە خەون لە هزر و بیری ئافرەتانی بەجێماوی جینۆسایدی بارزانیەکاندا.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی بارزانیەکان و دواتریش لە ئۆردووگای (قودس و قادسیە) لە قوشتەپە و لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئۆدووگاکانی تریش (هەریر و بەحرکە و دیانا)، هیچ هاوسەرگیریەک ئەنجام نەدرا. چونکە هەموو پیاو و مێرد منداڵ و نێرینەی بارزانیەکان جینۆسایدکران. تەنیا ئافرەت و منداڵ مانەوە و ئافرەتانیش هەرگیز بیریان لە شوکردن نەکردەوە. بەڵکو سەرەڕای لە دەستدانی خوشەویستانیان ئەرکی سەرەکیان بەخێوکردنی منداڵەکان و پاراستنی بیرو باوەڕ و کەرامەتی خۆیان بوون.

ئەوان بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٢) بیست و دوو ساڵ لانکیان نەهەژاند و بێشکە لە ماڵە بارزانیەکان بەدەگمەن دەبینرا.

ئەوەش دەگمەن ڕوویداوە لە جینۆسایدەکانی تری دنیادا بەدرێژای مێژووی جینۆساید، کە جگە لە جینۆساید کردنیان کار بکەن بۆ تێکشکاندنیان لە ڕووی دەروونیەوە. بەوەش ڕژێمی بەعس ویستوویەتی هێزی بەرهەمهێنەر کەم بکەنەوە بەوەش ببێتە هۆی لەسەر خۆ جینۆساید کردنی هەموو ئەوانەی کە جینۆساید نەکرا بوون.

ئەو جینۆسایدە پێش ئەوەی بەرامبەر بە بارزانیەکان و نەتەوەی کورد کرابێت، جینۆسایدێک بوو لە دژی مرۆڤایەتی. ئەو جینۆسایدە بەپێی ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، کە عێراق ئەندام بوو و وە ئەندامەیشە تیایدا، دەکرێت بە ڕووناکترین جینۆساید دابنرێت، کە تا ئەو کاتە ئەنجام درابێت لە مێژووی جینۆسایددا.

لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، لە ساڵی (٢٠٠٣) وە، لە پرۆسەی گەڕان و پشکنین تا ئێستا ژمارەیەک لە ڕوفاتی بارزانیەکان هێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان و لە گۆڕستانی بارزان جارێکی تر بە خاک سپێردرانەوە. ئەو ژمارەیەش (٥٩٦) رووفاتن و لە زێدی دایک بە خاک سپێردرانەوە.

کەیسی جینۆسایدی نێرینە بارزانیەکان یەکێک بوو لە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراق. یەکەم دانیشتنی دادگا سەبارەت بەو کەیسە لە (٢٠٠٩/٣/٢) ئەنجام درا. پاش (٤٠) چل دانیشتن، دادگا لە (٣ / ٥ / ٢٠١١) کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکانی بە پێی ماددەی (١١) ی دادگاکە کە بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٥) پێک هاتبوو، بە جینۆساید ناساند و پاش جیاکردنەوە (تمیزی) بڕیارەکەش لە (٢٠ / ٦ / ٢٠١١)، بووە هۆی ئازادکردنی تۆمەتبار (وەتبان ئیبراهیم حەسەن)، زڕبرای سەدام حسەین. و سزادانی چەند تاوانبارێکی تر و دووبارە کەیسەکە بەجینۆساید ناسێنرایەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە وەک کەسێکی یاسایی، کە نەم ویستووە و نامەوێت لەڕووی سیاسیەوە هەڵسەنگاندن بۆ کەیسە بکەم، وەک ئاماژەشمان بۆ کردووە ئەو جینۆسایدە یەکێکە لە جینۆسایدە دەگمەنەکان لە مێژووی جینۆسایدی مرۆڤایەتیەیدا.

بارزانیە قوربانی بەخشەکان لە ماوەی (٣٢) ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا بەو ئازارەوە تلانەوە و دەتلێنەوە. خەمی قوڵی ئەوان ئەوەیە کە ئەو جینۆسایدە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆساید بناسرێت و بەوەش ئەو گەرەنتیە یاساییە وەربگیرێت کە جارێکی تر چی ئەوان چی نەتەوەکەیان ڕووبەڕووی جینۆساید نەبنەوە.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام بارزانیە سیاسیەکان، زۆر بێ باکانە جگە لە گریانێکی تیمساحی ساڵانە لە یادی ئەو جینۆسایدەدا، نەیانتوانی و نەیانویست و نایانەوێت ئەو کەیسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆساید بناسێنن. ئەوەی بارزانیە سیاسەکانی گەیاندە بەرزترین پۆستە سیاسەکانی باشووری کوردستان ئەو جینۆسایدە بوو، خوێنی گەشی ئەو بارزانیانە بوو کە بە نەهەق و ناڕەوا لە بیابانەکانی عەرەب ڕژێنرا.

لە (٢٤ / ٦ / ٢٠٠٧) دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ (٤٢٣) تۆمەتبار دەرکرد، کە (٢٥٨) تۆمەتباریان کوردن و دەستیان هەبووە لە جینۆساید کردنی نەتەوەکەیاندا. وە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی بەفەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەو تۆمەتبارانە ڕادەستی دادگا بکەن بۆ لێکۆڵینەوە دادگایی کردن. بەڵام حکومەتی هەرێم نەک هیچ هەوڵێکی نەداوە، بەڵکو ئەو تۆمەتبارانە لە ناو پارتە سیاسەکانی باشووردا جێگایان کراوەتەوە و پەنا دراون. زۆربەی زۆریان لە ناو ڕیزەکانی پارتەکەی بارزانیە سیاسەکاندان، جۆرە ڕێزێکیان هەیە زیاتر لەو ڕێز و پاداشتەی کە بۆ بارزانیە قوربانی بەخشەکان هەیە.

بارزانیە سیاسەکان بەو کارانەیان ئازارێکی دەروونی گەورەی هەموو کوردێکی دڵسۆز و یاسایی و بارزانیە قوربانی بەخشەکانیان داوە، کە لەوانەیە بارزانیە ڕزگاربووەکان خۆیان هەستی پێ نەکەن، یان ئەو هەقیقەتە تاڵە دەزانن و بەهۆکاری ئایدۆلۆژی حیزبییەوە بێدەنگیان لێ هەڵبژاردووە. پەنادانی تۆمەتبارانی جینۆساید کورد لە لایەن بارزانیە سیاسیەکان و پارتە سیاسیەکانی تری کوردەوە. نەک هەر بووەتە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا ئەو کەیسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆساید نەناسرێت، بەڵکو بووەتە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوەی تا ئێستا قەرەبووی ماددی و مەعنەوی زیانلێکەوتوانی جینۆسایدی کورد نەکرێتەوە.

لە چەندین شوێنی تریشدا ئاماژەم بۆ کردووە، کە بارزانیە سیاسەکان ناتوانن باس لە هاوبەشیکردنێکی ڕاستەقینەی ئازاری ئەو جینۆسایدە بکەن، تاوەکو ئەو تۆمەتبارانە ڕادەستی دادگا نەکەن و بە ڕاستگۆیانە لە ڕێگای کەسانی یاسایی و شارەزا و زمان زانەوە کار بۆ بە نێودوڵەتیکردنی جینۆسایدەکە نەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی: ٢٩ی جووڵای ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جینۆسایدی کورد و دادگای لاهای لە (١٧)مین ساڵیادی دامەزراندنیدا

ئاوارە حسێن*

## دادگای لاهای

(١٧ / ٧ ) بە ڕۆژی جیهانی دادپەروەری دیاریکراوە. ئەو ڕۆژەش پێکهێنانی ڕێککەوتننامەی ڕۆمایە کە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) ی پێدامەزرا لە (١٧ / ٧ / ١٩٩٨) لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا. کە داوای پاراستنی مرۆڤایەتی دەکات لە تاوانەکانی: (جینۆساید، دژ بەمرۆڤایەتی، جەنگ و دوژمنکاری).




(١٧ / ٧) ڕۆژی یەکبوون یەکگرتنی هەموو ئەوانەیە کە ئارەزووی هاوکاری دادپەروەری، بەدەمەوە چوونی مافەکانی قوربانیان و هاوکاری کردنن بۆ ڕێگریکردن لەو تاوانانەی کە هەڕەشەن لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان.

کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری (٥٢ / ١٦٠) کە لە (١٥ / ١٢ / ١٩٩٧) دەریکرد دەوڵەتی ئیتالیای وەک شوێنی بەستنی کۆنفرانسەکە پەسەند کرد. هەر ئەوەبوو کۆمەڵەی گشتی داوای لە سکرتێری گشتی کرد بۆ بانگهێشتکردنی هەموو دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی دەزگا تایبەتمەندەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکەدا. کۆنفرانسەکە لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی کشتوکاڵی و خۆراک لە ڕۆما ڕیکخرا لە (١٥ / ٧ بۆ ١٧ / ٧ / ١٩٩٨)، کۆنفرانسەکە (گیۆڤانی کۆنسۆی) ی ئیتالی وەک سەرۆک هەڵبژارد. کۆنفرانسی دیپلۆماتی لە دواین ڕۆژی کۆبونەوەکانیدا لە (١٧ / ٧ / ١٩٩٨)، ڕێککەوتننامەی ڕۆمای دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای) پێکهێنا. لەو کۆنفرانسەدا (١٦٢) دەوڵەت ئامادەبوون. (١٢٠) دەوڵەت دەنگیان بە بەڵێ دا، (٢٥) دەوڵەت بێدەنگ مانەوە و (٧) دەوڵەتیش بە نەخێر دەنگیان دا. ئەو دەوڵەتانەی کە بەنەخێر دەنگیان داو دژی پێکهێنانی دادگاکە بوون بریتی بوون لە: (چین- عێراق- ئیسرائیل- لیبیا- قەتەر- ئەمریکا- یەمەن).

بەوەش دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دامەزرا کە بارەگای سەرەکی لە شاری لاهای هۆڵەندایە، هەربۆیە زۆر کات پێی دەوترێت دادگای لاهای، یان دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. پاش ئەوەی لە (١٧ / ٧ / ١٩٩٨) دامەزرا و ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی دادپەروەری ناسراوە، لە (١ / ٧ / ٢٠٠٢) وە ڕۆشتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەپێی ماددەی (١١) ی دادگاکەش دەسەڵاتی بەسەر ئەو تاوانانەدا هەیە کە دوای ڕۆشتنە بواری جێبەجێکردنی ئەنجام دراون و بۆ داهاتوو. ئەو تاوانانەش کە دادگا دەسەڵاتی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دادگایکردنی تاوانکارەکانی هەیە بریتین لە تاوانەکانی: (جینۆساید، دژ بەمرۆڤایەتی، جەنگ و دوژمنکاری).

(١٢٣) دەوڵەت ئەندامی دادگاکەن، یاسای دادگاکە پێکهاتووە لە (١٢٨) ماددە و (١٨) دادوەری هەیە. (سیلڤیا فیرناندیز) سەرۆکی دادگایە و (فاتو بنسودە) داواکاری گشتی دادگایە. دادگا لە ساڵی (٢٠٠٢) وە کە ساڵی کارکردنیەتی داوای (٣٦) تۆمەتباری کردووە و زۆربەیانی دادگایکردووە، لە ناو ئەو تۆمەتبارانەشدا (جۆزیف کۆنی) سەرۆکی یاخیبووەکانی ئۆگەندا، (عومەر حەسەن بەشیر) سەرۆکی سودان، (ئوهورو کنیاتا) سەرۆکی کینیا و (لۆرێنت گابۆ) سەرۆکی کۆت دیڤوار. قورسترین سزای دادگا بۆ تاوانکارانی ئەو چوار تاوانەی کە لە پسپۆرییەکانیدان بریتیە لە زینداینکردن کە لە (٣٠) سی ساڵ زیاتر نەبێت، لەگەڵ پێ بژاردن و قەرەبوکردنەوە.

ئەوەی مایەی سەرنج و ڕەخنەیە، ئەوەیە کە ئەو تاکە دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتیەی کە بەدادگای لاهای ناسراوە نەیتوانی خواست و خەونی کورد وەک نەتەوەیەکی جینۆساید کراو بەدیبهێنێت و بیکات بەڕاستی. چونکە لە لایەکەوە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان (عێراق- ئێران- تورکیا- سوریا) ئەندامی دادگا نین، بەوەش دادگا ناتوانێت ڕاستەوخۆ دادگایی تاوانکارانی جینۆسایدی کورد بکات لەو دەوڵەتانە و مافەکانی کورد بگەڕێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە دادگاش سکاڵای دەوڵەت وەردەگرێت، هەروەها یاسایی دادگاکە بە شێوازێک دارێژراوە کە کاریگەری بۆ پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی دادگاکە نیە، وە زۆربەی ئەو جینۆسایدانەی کە لەدژی کورد ئەنجام دراوە لە پێش (١ / ٧ / ٢٠٠٢) وەوە بووە، وە قولایی جینۆسایدی کورد لە سەدەی بیستەمدا بووە کە ئەو دادگایەش لە یاساکەیدا یەکلای کردووەتەوە کە دەسەڵاتەکانی بۆ دادگایکردنی تاوانکاران کاریگەریەکەی بۆ ڕابردوو ناگەڕێتەوە (Non- Retroactive)، بەڵکو بۆ داهاتووە (Prospective).

لە ژێر ئەو ڕووناکییە یاساییانەدا، نەتەوەی کورد بە تەنها دەتوانێت سود لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی وەربگرێت بۆ ناساندنی ئەو کەیسانەی کە لە دوای (١ / ٧ / ٢٠٠٢) وە ئەنجام دراون.

لێرەدا چەند ڕێگایەکی یاسایی دەخەینە ڕوو کە نەتەوەی کورد دەتوانێت کەیسەکانی دوای ساڵی (٢٠٠٢) ی کە هەریەکێکە لەو چوار تاوانە نێودەوڵەتیە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە، بگەیەنێت بە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای).

### ئەو ڕێگایانەش بریتین:

١/ بە ئەندام بوونی هەریەک لە دەوڵەتانی (عێراق- ئێران- تورکیا- سوریا) لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لاهای). بەوەش دادگا دەتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی پەیڕەو بکات و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان بکات. چونکە لە لایەکەوە لێکۆڵینەوە لە کەیسێک دەکات کە یەکێکە لەو چوار تاوانەی کە لە چوار چێوەی دەسەڵاتەکانی دادگادایەو لە لایەکی دیکەشەوە هیچ کۆت و ڕێگرییەکی یاسای نیە و لە دەوڵەتێکدا تاوانەکە ئەنجام دراوە. کە ئەندامی دادگایە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢/ لە بەر ئەوەی هیچ کام لەو چوار دەوڵەتەی کە کوردستانی گەورەی بەسەردا دابەشکراوە ئەندامی دادگاکە نین، وە بۆ ئەوەشی کەیسەکان بخەنە بەردەم دادگاکە، ئەوا بە پێی بڕگەی (٣) ی ماددەی (١٢)، ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت بەوەی کە دادگاکە دەسەڵاتەکانی خۆی جێ بە جێ بکات و کەیسەکە لە دادگاکەدا دادبینی تێدا بکرێت. واتە لێرەدا پێویستە ئەو چوار دەوڵەتە دەسەڵاتەکانی دادگا پەسەند بکەن و ڕەزامەند بن بەوەی کە دادگا لێکۆڵینەوە لەو کەیسە بکات کە لە هەرێمەکەیاندا ئەنجام دراوە. بەڵام ئەم ڕێگایان چاوەڕوان نەکراوە، چونکە گەر لە بنەڕەتدا ئەو دەوڵەتانە باوەڕیان بە لێپرسینەوە و دادوەری هەبوایە تاوانەکانیان ئەنجام نەدەدا.

٣/ لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بڕیارێک ئەویش بە پێی بەشی حەوتەمی دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە پێی بڕگەی (٢) ی ماددەی (١٣) ی دادگای لاهای کەیسەکە بخرێتە بەردەم داواکاری گشتی دادگاکە و داواکاری گشتی ڕاسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە.

٤/ ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ڕیزەکانی داعشدان و دەوڵەتەکانیان ئەندامن لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. ئەوا بە پێی خاڵی (٢) لە بڕگەی (٢) ی ماددەی (١٢)ی دادگا، دەتوانن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن لە دادگاو دادگاش دەتوانێت لێکۆڵینەوە و دادگاییان بکات. ئەم ڕێگایەشیان دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ هەردوو جینۆسایدی شەنگال و کۆبانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## یادی کۆتا قۆناخی ئەنفال ......ئەنفالی هەشت (ئەنفالی بادینان)

ڕۆژی ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ سەرەتای دەست پێ کردنی قۆناغی هەشتەمی ئەنفال بوو بۆ سەرناوچەی بادینان (ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان )کە دوا قۆناغی ئەنفال بو،ڕۆژی ٦ / ٩ / ١٩٨٨ کۆتایی هات،بەسەرکردایەتی لیواڕوکن یونس محمد ئالزەرب فەرماندەی فەیلەقی پێنج و لیواڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک و لیواروکن کامل ساجت عزیز فەرماندەی فەیلەقی دوو و بەسەرپەرشتی راستەوخۆی فەریقی یەکەم عەدنان خەترولّا توڵفاح وەزیری بەرگری و عەلی حەسن مەجید تکریتی (عەلی کیمیاوی) بەرپرسی بیرۆی باکوری حزبی بەعس وفەریق روکن نزار عبدالکریم فەیسەل الخزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، چەندین گەورە ئەفسەری تر وەک حسێن ڕەشید تکریتی،سابیر عبدالعزیز الدوری،فەرحان متلگ الجبوری...هتد




بەگوێرەی بەڵگەنامەکان هێزی پیادەی فەیلەقەکانی(١،٢،٣،٤،٥،٦،٧ ) بەشداری ئەنفالی بادینانیان کردوە،کەتێکڕا زیاتر لە (٢٠) تیپ پیادە، و(٣٠) کەتیبەی تۆپهاوێژ تێکڕای زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠هەزار سەرباز بون هەروەها زیاتر لە(١٦٣)فەوجی جاشە سوکەکان بەشدار بوون،لەگەڵ بەکار هێنانی جۆرەها چەک سەرباری بۆمبارانی کیمیایی لە زۆربەی ناوچەکان،بەپێێ بەڵگەکان زیاتر لە ٦٠ بۆردومانی کیمیایی ئەنجام دراوە.

ئەم شالاوە ناوجەکانی پارێزگای موسڵ و دهۆکی گرتەوە ( ئامێدی ،ئەتروش،ئیمینکی،باتوفە ،زاخۆ،زاویتە،زێوە ،دێرەلوک،کانی ماسی) کە تێکڕا(٤٤٨ ) گوند وێران کران وە (٣٦١،١٣ ) هاولاتی دەستگیرکران و ڕەوانەی قەلای نزارکێ کران و هەمویان کۆمەلکوژ کران کە (١٥٤٠) کەسیان هاولاتی و پێشمەرگە بوون خۆیان رادەستی سوپا کردبوو.وە (١٤٨٩ ) پیاو (٣٣٦٨) ژن و(٦٩٦٤) منالّ .

ڕۆژی ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ لەگوندی کورێمێ هێزەکانی بەعس (٣٣) هاولاتیان گرت و گولە بارانیان کردن،بەلام شەش کەسیان بەبرینداری رزگاریان بوو،دوای ئەوە جەکدارەکانی سەدام وایان زانیبوو کە هەمویان مردون،بەلام دواتر یەکێ لەرزگار بوەکان دیار نەما، پێ دەچێ کەوتبێتە دەس هیزەکانی بەعس لەناویان بردبێ،،ئەوانی تریش ئیستا لەژیاندا ماون،ئەوهێزەی کە کۆمەڵکوژی گوندی کورێمی کرد لیوای(٤٣٥) ی پیادەی ژێر سەرپەرشتی تیپی(٢٩) فەیلەقی سێ بوو بەفەرماندەیی عمیدروکن عبدالجلیل عبدالحمید محسن الحیدری بو.لەگوندی کەندەک (١٩) هاولاتی مەدەنی لەلایەن رائد احمد مستەفا /ئەفسەری هەواڵگری گیران و گولە باران کران ،هەروەها لەبەربەیانی ٢٩ / ٨ / ١٩٨٨ شەش فرۆکەی جەنگی بۆردومانی گەلی بازێ یان کرد بەچەکی کیمیایی زیاتر لە (٢٩٨٠)هاولاتی مەدەنیان شەهید کرد.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفال زیانێکی مادی و مەعنەوی زۆر مەزنی بەگەلی کورد و شۆرشەکەی گەیاند لەباشور،بەچەشنێک که هێندەی نەمابوو هەمو گەلی کورد قران بکات، ئەویش لەرێگەی بەرنامەو پلانی تایبەتی رژێمی بەعسەوە بو کە جەندین سالْ بوو دای رشتبوو لەرێگەی نۆکەرکانیەوە جێ بەجێی کرد.. کە زیاتر لە (٤٠٠٠) گوند ( ٤) قەزا (٣٠)ناحیە (٣١٠٠) مزگەوت (١٠٠) کلێسا وێران کران و (١٨٢) هەزار مرۆڤی بێتوانی کورد لەناو بران هاوکات زیانێکی زۆری بە ئابوری و ژینگەی کوردستان گەیاند کە ملیۆنەها مەرو مالات لەنیوجون و بە هەزارن هێکتار زەوی بەبێ کشتوکالْ مانەوە باخو رەزەکان سوتینران ،کەتاکو ئیستاش کاریگەری لەسەر ئاوەدان نەکردنەوەی گوندەکانی کودستان داناوە.

لەیادی ئەنفالی هەشت داجارێکی تر ناوی خائینان و خۆفرۆشانی کورد( ناوی راوێژکار و ژمارەی خۆفرۆشەکان) بلاو دەکەینەوە کە بەشداری شالاوی ئەنفال ی هەشت بون لەناوچەی بادینان، تا کو نەوەی نوێ گەلەکەمان شاهیدی ئەو هەمو تاوانە تراژیدیانە بێ کە بەسەرگەلەکەماندا هاتوون وە ئیستاش بکەرانی ئەو تاوانە مەزنە دەرهەق بەگەلەکەی خۆیان ئەنجامیان دا،لەسایەی دەسەلاتی خۆمالیدا، پالیان لێ داوەتەوەبێ ئەوەی داداگایی بکرێن ،لەکاتێکدا ناوی زیاتر لە ٣٤٢ تۆمەتباری بەشدار بوی شالاوی ئەنفال لەدادگای بالای تاوانەکانی عراق هاتوە کە دەبێ دادگایی بکرێن.

شایانی باسە لەم قۆناغەی ئەنفالدا خۆ فرۆشان بۆ ئەوەی خەلات و دیاری زیاتر وەدەس بخەن لەلایەن ئاغاکانیانەوە ژمارەی چەکدارەکانیان ئاشکرا کردوە، واتە هەر راوێژکارێکی فەوج بەچەند خۆفرۆش بەشداری کردوە، دیارە هەتا ژمارە زۆرتر بوبێت بەواتای خەلاتی زیاتر بووە، لەکاتیکدا لە شالاوی ئەنفالەکانی تردا ئەم شێوازە بەدی نەکراوە.

لەم یادەدا سەری رێز بۆشەهیدانی ئەنفالی گەلی کورد دائەنەوێنین و جەند بارەی دەکەینەوە کە دەبێ تاوانبارانی ئەنفالی گەلی کورد ئەمرۆبێ یان سبەی دەبێ بچنە بەردەم داداگا جونکە ئەنفال تاوانی جینۆسایدە تاوانی نێودەوڵەتیە هیچ کەسولایەنێک بۆی نیە ئەنجامدەرانی دالدەبدەن و لێنا خۆش بن تەنها دادگا تۆمەتەکەیان یەکلا دەکاتەوە.

ناو و ژمارەی فەوجەکانی بەشدار بوو لە ئەنفالی هەشت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١- قەدری ئەحمەد زێباری | فەوجی | ١ | بە | (٣٦٢٠) خۆ فرۆشەوە |
| ٢- سابیراحمد رەقیب محمد | فەوجی | ٢ | بە | (٢٥٠٠) خۆفرۆشەوە |
| ٣- عوسمان میران قادر خوشناو | فەوجی | ٣ | بە | ( ٦١٥) خۆفرۆشەوە |
| ٤- ئەسعەد جهانگیر ئاغا هەرکی | فەوجی | ٥ | بە | (١٦٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٥- حوسێن خدر حەمەد ئاغای سورچی | فەوجی | ٦ | بە | (٢١٧٠) خۆفرۆشەوە |
| ٦- محمد کەلحێ رێکانی | فەوجی | ٧ | بە | (٦١٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧- جوهر محیەدین جهانگیرئاغا هەرکی | فەوجی | ٨ | بە | (١٢٢٥) خۆفرۆشەوە |
| ٨- حوسێن جهانگیر جادر مزوری | فەوجی | ٩ | بە | (٤٠٠) خۆفرۆشەوە |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٩- بارام محمد عبدالڕحمن محمد فەوجی ١١ بە (١٠٥٠) خۆفرۆشەوە

١٠- مشیر ئاغا ئیسماعیل بەرۆژی فەوجی ١٢ بە (٧٤٠) خۆفرۆشەوە

١١- محمد ڕەشید محمود جاف فەوجی ١٣ بە (٣٦٠) خۆفرۆشەوە

١٢- مسعود کەبیر سورچی مامۆیی فەوجی ١٤ بە(٣٢٥) خۆفرۆشەوە

١٣- عبدالغفور خالد دوبەردانی فەوجی ١٥ بە (٦١٥) خۆفرۆشەوە

١٤- محمد سلیم شووشی زێباری فەوجی ١٧ بە( ٤٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥- سالّح محمەد جەمیل ئاغا خۆشناو فەوجی ١٨ بە( ٣٥٠) خۆ فرۆشەوە

١٦- محمد قادر ئاغا سورچی فەوجی ١٩ بە(١١٨٠)خۆفرۆشەوە

١٧- ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری فەوجی ٢٠ بە (١١٢٥) خۆفرۆشەووە

١٨- عاسف ئەحمەد ئاغا زیباری فەوجی ٢٣ بە (٨٦٠) جاشەوە

١٩- حکمت نجمان شەفیق فەوجی ٢٤ بە (٦٠٠) جاشەوە

٢٠- لەزگین فەریق تاهر دۆسکی فەوجی ٢٧ بە (٥٥٥) خۆ فرۆشەوە

٢١- عمر حسن رسوڵ گەردی فەوجی ٢٨ بە (٢٢٥) خۆفرۆشەوە

٢٢- جەمیل کریم مەجید عەبدوللا ئاغای کۆڕێ فەوجی ٢٩ بە (٨٧٠) خۆفرۆشەوە

٢٣- سعید محێدین حمید زەنگەنە-بەردەڕەشی فەوجی ٣٠ بە (١٠٩٠) خۆ فرۆشەوە

٢٤- ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک فەوجی ٣٢ بە(٢٦٥) خۆ فرۆشەوە

٢٥- محمدسلێمان محمد باڵەکی فەوجی ٣٣ بە (٨٥٠) خۆفرۆشەوە

٢٦- سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی فەوجی ٣٦ بە (٢٥٥) خۆفرۆشەوە

٢٧- فارس مستەفا حسن سلێڤانی فەوجی ٣٨ بە (١١١٠) خۆفرۆشەوە

٢٨- بایز جەمیل کاکل گەردی فەوجی ٣٩ بە (٧٦٥) خۆفرۆشەوە

٢٩- سدیق علی باویل ئاغا فەوجی ٤١ بە (٤٥٠) خۆ فرۆشەوە

٣٠- محمود ئەسعد فەتاح هەرکی فەوجی ٤٥ بە( ٣١٥) خۆفرۆشەوە

٣١- مشیر هادی ئەحمد ئاغای سەربەشاخ فەوجی ٤٨ بە( ٢٣٥) خۆفرۆشەوە

٣٢- محمد معروف پیرداود فەوجی ٤٩ بە (٤١٠) خۆفرۆشەوە

٣٣- عبدالڕزاق محمد نجم فەوجی ٥٠ بە( ٥٥٠) خۆفرۆشەوە

٣٤- مامند محمد مولود گەردی فەوجی ٥١ بە(١٧٦٠) خۆفرۆشەوە

٣٥- ئەنوەر ڕەشید معروف میران فەوجی ٥٢ بە (٢٥٠) خۆفرۆشەوە

٣٦- سمکۆ عەبدی عبدحسن زێد بەگی فەوجی ٥٤ بە (٢١٥) خۆفرۆشەوە

٣٧- ڕەفعەت عەبدوڵلا عمر شێروانی فەوجی ٥٦ بە (٢٥٥) خۆفرۆشەوە

٣٨- چیای دێوالی دۆسکی فەوجی ٥٨ بە( ٤٢٥) خۆفرۆشەوە

٣٩- عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالی سلێڤانی فوجی ٥٩ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤٠- موعتەسەم عبدالكريم حسێن بەرزنجی فەوجی ٦٤ بە(٥٢٥) خۆفرۆشەوە

٤١- حكمت عابد عبدال مزوری فەوجی ٦٨ بە ( ٥٠٠) خۆفرۆشەوە

٤٢- ئەحمد عمر سالح تاجەدین میران ئاكرەیی فەوجی ٧١ بە (٧٠٠) خۆفرۆشەوە

٤٣- فەرزەندە جهانگیر هەركی فەوجی ٧٦ بە (٣٣٠) خۆفرۆشەوە

٤٤- عمر خدر ئاغا حەمەد سورچی فەوجی ٧٧ بە (١١٩٥ ) خۆفرۆشەوە

٤٥- ڕەشید حمەدەمین عەزیز شێروانی فەوجی ٧٨ بە(٣٤٠) خۆفرۆشەوە

٤٦- خلیل حاجی عەبدی سلێڤانی فەوجی ٨٧ بە (٥٦٠) خۆفرۆشەوە

٤٧- عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان فەوجی ٩٣ بە(٢٧٥) خۆفرۆشەوە

٤٨- عەونی حاجی مستەفا جبرائیل فەوجی ١٠٣ بە (٢٧٥) خۆفرۆشەوە

٤٩- ئیبراهیم شیخ محمد فەوجی ١٠٥ بە(٤٥٠) خۆفرۆشەوە

٥٠- محمد تاهیر یونس محمد زیناوە شكاك فەوجی ١٠٧ بە( ٦١٥) خۆفرۆشەوە

٥١- محمد جوهر ئیسماعیل سالّح گۆران فەوجی ١٠٨ بە ( ٩١٠) خۆفرۆشەوە

٥٢- خلیل عبدالله ئیبراهیم شەرەفانی فەوجی ١٠٩ بە (٥٠٠) خۆفرۆشەوە

٥٣- جمال خدر خالید گۆران دوبەردانی فەوجی ١١٠ بە (٥٢٥ خۆفرۆشەوە

٥٤- بەدیع شیخ مراد حسن بەرزنجی فەوجی ١١١ بە( ٣٧٥) خۆفرۆشەوە

٥٥- تۆفیق سلّیمان یاسین بەرواری فەوجی ١١٣ بە( ٣٧٥) خۆفرۆشەوە

٥٦- قادر حامد هاجانی ج. فەوجی ١١٤ بە (٤٤٠) خۆفرۆشەوە

٥٧- دیوالی میرزا عمر ئەتروشی فەوجی ١٢٧ بە( ٢٨٠) خۆفرۆشەوە

٥٨- عەلی عەبدللا عەلی كۆچەر فەوجی ١٢٨ بە (٢١٠) خۆفرۆشەوە

٥٩- عەبدوللا محمەد ئەحمەد چۆمانی فەوجی ١٢٩ بە( ٣٦٥) خۆفرۆشەوە

٦٠- عەزیز محمد مولود( مەلا عوزێڕ) فەوجی ١٣٠ بە (٤٥٠) خۆفرۆشەوە

٦١- فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا ڕەژێكەری فەوجی ١٣٣ بە( ٣٢٥) خۆفرۆشەوە

٦٢- محمود حەمەدەمین حمەسالّح سێبیرانی فەوجی ١٣٤ بە( ٥٥٥) خۆفرۆشەوە

٦٣- عەبدوللّا عەزیز یوسف فەوجی ١٤١ بە( ٦١٥) خۆفرۆشەوە

٦٤- محمد سالّح میرخان بەرواری فەوجی ١٤٢ بە( ٤٧٠) خۆفرۆشەوە

٦٥- جاسم محمد ڕەشید حمد سلێڤانی ج. فەوجی ١٤٣ بە(٢٥٥) خۆفرۆشەوە

٦٦- دژوار فەیسەڵ محمد عەبدولعەزیز مزوری فەوجی ١٤٥ بە(٤٠٠) خۆفرۆشەوە

٦٧- تاهیر عەلی مسەتافا زێدبەگی فەوجی ١٤٦ بە (٤٥٠) خۆفرۆشەوە

٦٨- زاهیر تاهر توفیق كۆیی فەوجی ١٥٠ بە ( ١٠٠٠) خۆفرۆشەوە

٦٩- عومەر بەشار سالّح ئاغا فەوجی ١٥٢ بە (٦٠٠) خۆفرۆشەوە

٧٠- ڕەحمان حمەدەمین زەنگەنە فەوجی ١٥٣ بە(٣٢٥) خۆفرۆشەوە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | |
|---|---|
| ٧١- عبدالقادر حاجی مەحمود | فەوجی ١٥٤ بە (٤٦٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧٢- محسن محمد یاسین دوسکی | فەوجی ١٥٥ بە(٢٢٥) خۆفرۆشەوە |
| ٧٣- جەرجیس حمید حەیدەر | فەوجی ١٥٦ بە (١٦٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧٤- عسمت دینۆ سندی زاخۆیی | فەوجی ١٥٧ بە(٤٧٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧٥- محمد سەعید بەگ عەلی خۆرشید | فەجی ١٥٩ بە( ١٧٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧٦- فەرحان ئەحمد خدر خۆشناو | فەوجی ١٦٠ بە (٦٩٠) خۆفرۆشەوە |
| ٧٧- ناسر محمد عیسا جاف | فەوجی ١٧٦ بە(٣٧٥) خۆفرۆشەوە |
| ٧٨- تەحسین محمد ڕیشید زەنگەنە | فەوجی ١٧٩ بە(٢٢٥) خۆفرۆشەوە |
| ٧٩- مەجید حمید نوری خۆرشید | فەوجی ١٨٠ بە ( ٢٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٠- فارس محمد قادر ئاغا سورچی | فەوجی ١٨١ بە(٩٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨١- عبدولقادر مستەفا محمد مزوری | فەوجی ١٨٢ بە(٢٠٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٢- عبدولرحمان حەسەن | فەوجی ١٨٣ بە (٣٢٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٣- فواد بێجان عەسەن کاکەیی | فەوجی ١٨٤ بە (٣٢٥) خۆفرۆشەوە |
| ٨٤- سەلاحەددین سدیق میران قادر | فەوجی ١٨٥ بە(٢٢٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٥- مەحمود سالح بابەکر | فەوجی ١٨٧ بە( ١٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٦- عەونی حازی قادر (قەدۆ) | فەوجی ١٨٩ بە (١٠٠٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٧- موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری | فەوجی ١٩٠ بە (٦١٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٨- ئیسماعیل عبدوڵلا ئەمین | فەوجی ١٩١ بە(١٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٨٩- مەغدید حمد حسن | فەوجی ١٩٢ بە(١٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩٠- عادل توفیق ڕەشید بەرواری | فەوجی ٢٠٦ بە(١١٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩١- فازل مستەفا حسن بەرواری | فەوجی ٢٠٨ بە(٣٤٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩٢- ئەنوەر میراز ئیبراهیم گلی | فەوجی ٢٠٩ بە (١٧٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩٣- عارەب ساڵح عمر قادر | فەوجی ٢١٨ بە( ١٢٥) خۆفرۆشەوە |
| ٩٤- فەرید عمر خدر سورچی | فەوجی ٢١٩ بە ( ٣٨٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩٥- ئەکرەم کەریم مجید ئاغای کۆڕێ | فەوجی ٢٢٠ بە( ١٣٥) خۆفرۆشەوە |
| ٩٦- محمود شیخ حەمەد حمەدەمین | فەوجی ٢٢١ بە(١٣٥٠) خۆفرۆشەوە |
| ٩٧- فەیسەڵ عەبدوللا عەلی | فەوجی ٢٢٢ بە(١٨٥) خۆفرۆشەوە |
| ٩٨- خالید عبدرحیم جومعە | فەوجی ٢٢٣ بە(٣٩٥) خۆفرۆشەوە |
| ٩٩- عەلی کوێخا سلێمان حسین | فەوجی ٢٢٤ بە( ٢٠٠) خۆفرۆشەوە |
| ١٠٠- جاسم محمد فارس محمد زێباری | فەوجی ٢٢٥ بە (٥٧٠) خۆفرۆشەوە |
| ١٠١- خالید شیخۆ مراد سندی | فەوجی ٢٢٦ بە ( ٤٢٥) خۆفرۆشەوە |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٠٢- رەشید سالح رەشید ئەتروشی فەوجی ٢٢٧ بە( ٢٠٠) خۆفرۆشەوە

١٠٣- ئەمین ئیسماعیل حەسەن فەوجی ٢٣٠ بە( ١٤٥) خۆفرۆشەوە

١٠٤- محمد عەبدوللا قەرەداخی فەوجی ٢٣١ بە ( ٧٥) خۆفرۆشەوە

١٠٥- جەلال مەحمود سالّح برادۆستی فەوجی ٢٣٢ بە( ٧٥) خۆفرۆشەوە

١٠٦- ئەحمەد عوسمان حەمەد فەوجی ٢٣٤ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٠٧- عبدولمەجید حسێن ئیسماعیل شیخکی فەوجی ٢٣٥ بە(٤٢٥) خۆفرۆشەوە

١٠٨- محمد تاهیر رەشید حمەد ئەمین فەوجی ٢٥٤ بە( ١٨٥) خۆفرۆشەوە

١٠٩- سالّح ئەحمد ئیسماعیل بەرۆژی فەوجی ٢٥٥ بە(٤٠٠) خۆفرۆشەوە

١١٠- سالم مستەفا حسن فەوجی ٢٥٦ بە(٩٠) خۆفرۆشەوە

١١١- سدیق قاسم محمد ئەمین ج. فەوجی ٢٧٠ بە(٤٠) خۆفرۆشەوە

١١٢- خلیل سلّیمان حاجی بدری سندی فەوجی ٢٧١ بە(٢٦٠) خۆفرۆشەوە

١١٣- شوکر جوندی عنترمزوری فەوجی ٢٧٢ بە(٣٥٠) خۆفرۆشەوە

١١٤- سلیم شیخ عبدولحلیم شیخ حسن فەوجی ٢٧٣ بە(١٦٠) خۆفرۆشەوە

١١٥- محمد عبدی حاجی ئاغا فەجی ٢٧٤ بە(٢٠٠) خۆفرۆشەوە

١١٦- ئیسماعیل دیوالی سعید فەوجی ٢٧٥ بە(١٧٠) خۆفرۆشەوە

١١٧- جمال عوسمان قادر خۆشناو فەوجی ٢٧٦ بە(٨٠) خۆفرۆشەوە

١١٨- محمد جلال رەسول فەوجی ٢٧٧ بە(١٥٠) خۆفرۆشەوە

١١٩- سەعید ئەسعەد موسا فەوجی ٢٨٠ بە( ٢١٥) خۆفرۆشەوە

١٢٠- ئیسماعیل عمر ئیسماعیل فەوجی ٢٨١ بە( ٢٨٠) خۆفرۆشەوە

١٢١- مامند عزیز عبدالرحیم فەوجی ٢٨٢ بە(٢٣٠) خۆفرۆشەوە

١٢٢- ئیبراهیم یوسف میرخان فەوجی ٢٨٣ بە(١٥٥) خۆفرۆشەوە

١٢٣- عبدالکریم سعدی سلێمان کۆچەر فەوجی ٢٨٥ بە (١٥٠) خۆفرۆشەوە

١٢٤- حمزە حاجی بدری سندی فەوجی ٢٨٦ بە( ١٥٠) خۆفرۆشەوە

١٢٥- فریاد یاسین حسێن فەوجی ٢٨٧ بە(٨٥) خۆفرۆشەوە

١٢٦- محەمەد موحمود مستەفا فەوجی ٢٨٨ بە(١٥٠) خۆفرۆشەوە

١٢٧- مەجید ئەحمد حسن فەوجی ٢٨٩ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٢٨- عبدولعەزیز عمر قادر فەوجی ٢٩٠ بە(٨٥) خۆفرۆشەوە

١٢٩- عەلی محمود عەلی فەوجی ٢٩١ بە(٩٥)خۆفرۆشەوە

١٣٠- عەبدولّلا حسێن عوسمان فەوجی ٢٩٢ بە(١٢٥) خۆفرۆشەوە

١٣١- ئیبراهیم عبدوللا خدر کوێخا فەوجی ٢٩٣ بە(٨٥) خۆفرۆشەوە

١٣٢- تایر شێخ محمد حاجی رەسول فەوجی ٢٩٤ بە(١٠٢) خۆفرۆشەوە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٣٣- محمد ئەمین عوسمان فەقێ خدر فەوجی ٢٩٥ بە( ٩٠) خۆفرۆشەوە

١٣٤- عیماد ساڵح حسن فەوجی ٢٩٦ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٣٥- بایز عبدرحمان میران فەوجی ٢٩٨ بە(٩٠) خۆفرۆشەوە

١٣٦- شەفیع عەلی مەحمود فەوجی ٢٩٩ بە(١٢٥) خۆفرۆشەوە

١٣٧- عقید عبدلحمید عوسمان فەوجی ٣٠٠ بە(١٧٠) خۆفرۆشەوە

١٣٨- فایق حاجی خەلیفە برادۆستی فەوجی ٣٠١ بە(٩٥) خۆفرۆشەوە

١٣٩- ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا فەوجی ٣٠٢ بە(١٦٥) خۆفرۆشەوە

١٤٠- مەغدید مەجید شەریف(موئید) فەوجی ٣٠٣ بە(١١٥) خۆفرۆشەوە

١٤١- ئیسماعیل حمەدەمین فەوجی ٣٠٤ بە( ١٨٥) خۆفرۆشەوە

١٤٢- جەعفەر ئەنوەر سلێمان فەوجی ٣٠٥ بە(١٠٥) خۆفرۆشەوە

١٤٣- عەلا محمەدئەمین عیسا هەرکی فەوجی ٣٠٦ بە(١٣٥) خۆفرۆشەوە

١٤٤- حسێن ڕەشید ئیسماعیل ئاغا بەرۆژی فەوجی ٣٠٧ بە(١٠٣) خۆفرۆشەوە

١٤٥- شەهاب محمد تاهیر فەوجی ٣٠٨ بە(٨٠) خۆفرۆشەوە

١٤٦- عبدولڕحمان سعید عبدوللا حسێن فەوجی ٣٠٩ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٤٧- کەمال ئەحمد علادین فەوجی ٣١٠ بە (١٥٥) خۆفرۆشەوە

١٤٨- جەلال کوێخا رەفیق لەک فەوجی ٣١١ بە(١٢٥) خۆفرۆشەوە

١٤٩- فواد نوری عەلی میران خۆشناو فەوجی ٣١٢ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥٠- غازی نورەدین خورشید فەوجی ٣١٣ بە( ١٤٠) خۆفرۆشەوە

١٥١- یاسین عەلی رەمەزان فەوجی ٣١٤ بە( ٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥٢- محمد ڕەشید محمد عبد فەوجی ٣١٥ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥٣- حمەئەمین تەها رەسوڵ سورچی فەوجی ٣١٨ بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥٤- فارس عەلادین ئەحمەد زراری فەوجی ٣٤٨ بە(١٨٠)خۆفرۆشەوە

١٥٥- کۆمەڵی تاریق محمد نەزیف بە (١١٥) خۆفرۆشەوە

١٥٦- کۆمەڵی سەباح ئیسمعیل خدر بە (٧٥) خۆفرۆشەوە

١٥٧- کۆمەڵی سەلاح میکایل بە(١٥٥) خۆفرۆشەوە

١٥٨- کۆمەڵی شاکر عبدالسمد ئاسکی کەڵەکی بە(٨٠) خۆفرۆشەوە

١٥٩- کۆمەڵی فارس خورشید تاهیر بە(٨٠) خۆفرۆشەووە

١٦٠- کۆمەلی عبدالکریم خالید کنیش بە(١٦٥) خۆفرۆشەوە

١٦١- کۆمەڵی محمد علی تاهیر مزوری بە(٩٥) خۆفرۆشەوە

١٦٢- کۆمەڵی محمد مام سۆفی بە(٨٥) خۆفرۆشەوە

١٦٣- کۆمەڵی مستەفا سعید سورچی بە(٧٥) خۆفرۆشەوە

https://serchawe.com

لەراپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەنفالدا دوای کۆتایی شالاوەکە تێدا هاتوە کە ١٨٢ فەوجی سوکی خۆفرۆشان بەشدار بوون،کە بەپێی دابەشکردنیان لە قۆڵەکانی هێرشبردن بۆ سەر گوندو ناوچەکانی سنوری بادینان ،هەروەها بەپێ نوسراوێک( ژمارە ١ / ٣ / ٥٠١ لەریکەوتی ( ١٣ / ٢ / ١٩٨٩) کە ئاراستەی هەریەک لەفەوجەکانی( ٨١،٩٦،١١٥،١٥١،٢٠٥،٢٤٣،٢٤٤،٢٥٠، ) کراوە وداوا دەکات بێن بۆ وەرگرتنی برێک پارە لەجیاتی خەلاتی بەشداری کردنیان لەئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان ..

١- محمدعمر جمیل باساکی فەوجی ٨١ ...

٢- .خالد محمود ئەحمد غەوارە فەوجی ٩٦.....

٣- .حسن مەحمود حمەمین بەگ هەورامی فەوجی ١١٥ ....

٤- .نەقیب عەبدوللا حسێن سالح بابان فەوجی ١٥١..

٥-..عبدولرحمان عەلی عەزیز دەلۆیی فەوجی ٢٠٥ .....

٦-یونس عەبدوللا رەمەزان غەوارە،،،فەوجی ٢٤٣ ...

٧- ڕەحیم کەریم قادر فەوجی ٢٤٤ .....

٨-کەریم سەلیم مستەفا بامەندی فەوجی ٢٥٠

سەرچاوە:

ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆساید کردنی گەلی باشوری کوردستان

د.ناجح گوڵپی

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە / ڕێکەوتی: ٩٢٩ی مای ٢٠١٥

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە (٢٨) مینساڵیادی جینۆسایدی سەردەشت دا، بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق

**ئاوارە حسێن***

**برینداری چەکی کیمیایی لەسەردەشت**

**لە (٢٨) مین ساڵیادی جینۆسایدی سەردەشت دا، بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق**



لە (١٩٨٧/٦/٢٨)، فڕۆکە جەنگیەکانی هێزی ئاسمانی عێراق، بە بۆمبی کیمیاوی شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی کوردستانی بۆمبارانکرد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی (١٢٠) سەدو بیست کەس و برینداربوونی (٨،٠٠٠) هەشت هەزار هاوڵاتی سڤیلی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری لە ژن و مناڵ و پیر.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە پێی پرۆتۆکۆڵی ژنێفی (١٧ / ٦ / ١٩٢٥)، قەدەغە کراوەو هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران –یش ئەندامن و واژووی پابەند بوونی خۆیان بەو پرۆتۆکۆڵەوە کردووە. هەروەها هەردوو دەوڵەت ئەندامن لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، (٩ / ١٢ / ١٩٤٨) و واژووی پابەندبوونیان کردووە.

ئەو تاوانەی لە سەردەشت ئەنجام درا. ئەم تاوانە نێودەوڵەتیانەی خوارەوە پێک دەهێنێت:

یەکەم: تاوانی جینۆساید. ئەو تاوانە بەپێی ماددەی (٢) ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨) و برگەی (١) ماددەی (١١) ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، تاوانی جینۆسایدە کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەمو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی- یان ڕەگەزی- یان نەژادی- یان ئاینی).

ئەو کردەوانەش:

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١- کوشتنی ئەندامانی گروپە.

٢- زیانپێگەیاندنی جەستەی و هزری  بە ئەندامانی گروپەکە.

٣- دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.

٤- ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.

٥- ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

دووەم: تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٢) ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی بریتیە لە: (هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە هەرکاتێک ئەنجام درا لە چوارچێوەی هێرشێکی بەربڵاو یان نەخشە بۆ کێشراو و ئاراستە کراو دژی گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل وە یا زانیاری بەو پەلامارە هەبێت).

ئەو کردارانەش:

* کوشتنی بە مەبەست.

* لە ناوبردن.

* کردارە نامرۆڤایەتیەکانی تر کە شێوەی هاوجۆری ئەوانن و دەبنە هۆکاری بە مەبەست بۆ گیرۆدەیی توند کە ئازاری ترسناک بە جەستە یان بە تەندروستی هزر و جەستە دەگەیەنن.

سێیەم: تاوانی جەنگ.

بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٣) ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، تاوانەکانی جەنگ، بریتین لە: (پێشێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکانی (جنێف) ی (١٢ / ٨ / ١٩٤٩)، وە بە دیاریکراوی هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە ڕیزبەند کراوە و ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک و ماڵی پارێزراو بە پێی بڕیارە پێدراوەکانی ڕێککەوتننامەی (جنێف) ی پەیوەندیدار).

ئەو کردارانەش:

* کوشتنی بە مەبەست.

* ئەشکەنجەدان.

* بەسەر هێنانی کوێرەوەری توند و مەبەستدار یان گەیاندنی ئازاری ترسناک بە جەستە یان تەندروستی.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* وێرانکردنێکی فراوان و لە ڕادەبەدەری موڵک و ماڵ و دەست بەسەراگرتنیان بە بێ پاساوی پێویستیەکی سەربازی وە بە شیوەیەکی لادەر لە یاساو بە ڕێگایەکی گێرەشێوێن.

لە برگەی (٢) ی هەمان مادەدا هاتووە: (پێشێلکاریە ترسناکەکانی تری ئەو یاساو داب و نەریتانەی کە پێویستە پیادە بکرێت لە ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتیەکاندا لە چوار چێوەی یاسای نێودەوڵەتی چەسپاو وە بە دیاریکراوی لەم کردارانەدا).

ئەو کردارانەش:

* هێرشی بە مەبەست و ئاراستە کراو دژی دانیشتوانی سڤیل یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگیەکان بەشدار نەبوون.
* هێرشی بە مەبەست ئاراستەکراو دژی ئامانجە سڤیلیەکان لەوانە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین.
* هێرشی بە مەبەست دژی خزمەتگوزاریەکان، دامەزراوەکان، کەل و پەلەکان، یەکەکان یان ئۆتۆمبیلی بەکار هاتوو لە کارە هاریکارییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بە پێی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنە بن کە دراوە بە سڤیلەکان یان ئامانجە سڤیلییەکان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.
* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی کە بزانرێت ئەم هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گیانی یان بریندار بونی سڤیلەکان یان کەوتنەوەی زیانی سڤیلی کە زیادە ڕۆییەکەی ڕون بێت بە بەراورد لەگەڵ گشت دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکراو ڕاستەوخۆکان.
* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی بزانرێت ئەو هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانێکی یەکجار بەرفراون و ماوە درێژ و بەتین بە ژینگەی سروشتی کە زیادە ڕۆییەکەی روون بێت بە بەراورد لەگەڵ هەموو دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکرا و ڕاستەوخۆکان.
* هێرش یان بۆردومانی شارەکان، گوندەکان، ماڵەکان یان باڵەخانەکان بە هەر ئامرازێک بێت کە هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نیەو ئامانجی سەربازیش نین.

**چوارەم:** تاوانی دوژمنکاری. بە پێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە بڕیاری ژمارە (٣٣١٤) ی کۆمەڵەی گشتی دەریکردووە لە (١٤ / ١٢ / ١٩٧٤) و (٨) هەشت ماددەیە، بەم شێوەیە پێناسەی تاوانی دوژمنکاری دەکات:

لە ماددەی (١) ی ئەو پێناسەیەدا هاتووە: (دوژمنکاری بریتیە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن دەوڵەتێکەوە دژی سەروەری و ئارامی هەرێم و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر، یان بە هەر شێوازێکی تر کە پێچەوانە بێت لەگەڵ دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم پێناسەیەدا چەسپاوە).

هەروەها لە ماددەی (٣) دا دەڵێت: هەریەکێک لەم کردارانەی خوارەوە بە بێ لە بەرچاو گرتنی جەنگ، بابەتێکن بە پێی بڕیارەکانی ماددەی (٢) بە کرداری دوژمنکاری دادەنرێن. ئەوانیش:

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

* بۆمبـارانکردن لە لایەن هێـزی سـەربازی دەوڵەتـێکەوە لە دژی هەرێمـی دەوڵەتێکـی تـر، یـان بەکارهێنـانی هەر چەکێک لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە دژی هەرێمی دەوڵەتێکی تر.

دوای ئەو ڕوناکاییە یاساییە و سەلماندمان کە کیمیابارانی سەردەشت ئەو چوار تـاوانە نێودەوڵەتیە پێک دەهێنێت. ئێـستاش ڕوونـی دەکەینەوە، چۆنیەتی بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق.

### بەرپرسایرێتی ئێران

بەرپرسیارێتی ئێـران لەو تـاوانەدا، بە پێی پرەنسیپی هەرێمی ئەنجامدانی تـاوانە. ئاشکرایە لە دوای دابەشکردنە ستەمکارییەکەی ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣)، شاری سەردەشت بەر کوردستانی ژێر چەپۆکەی ئێـران کەوتـووە و لەو کـاتەدا و تـا ئەمڕۆش لە ڕوانگەی یاسـای نێـودەوڵەتیەوە شـارێکە لە هەرێمـی ئێرانـدایە. کەواتە حکـومەتی ئێـران بە پێـی پرەنسـیپی هەرێمـی، ئەو مـاف و دەسـەڵاتە یاسـاییەی هەیە کە هەر تـاوانێک لە هەرێمەکەیـدا ڕوودەدا دادگـایی تـاوانکـارانی بکـات و مـافی تـاوان بەرامبەر کـراونیش وەربگرێتەوە. ئەرکە یاساییەکەی حکومەتی ئێران لەوەدایە کە دەبوو لە ئاست شکاندنی سەروەرییەکەی و پێشێل کردنی مـافی بـوون و ژیـان و ئـازادی هاوڵاتیـانی هەڵوێـستی مانـاداری هەبوایـاو قەرەبـوی مـادی و مەعـنەوی بـۆ زیـانلێکەوتوان وەربگرتـایەتەوە. بەڵام حکومەتی ئێران ئەو هەڵوێستەی پیشان نەداو ڕاستگۆیانە هەستی بەو ئازارە قوڵە نەکرد کە بەر ئەو شارە کوردیە کەوت.

### بەرپرسیاتێتی عێراق

بەرپرسیارێتی عێراق لەو تـاوانەدا بە پێی هەردوو پرەنسیپی هەرێمی تـاوان و بەرپرسیـارێتی ڕەگەزنامەی تـاوانکارانە.

پاش ئەوەی دادگای باڵای تـاوانکاری عێراقـی لە (٩ / ١٠ / ٢٠٠٥) بە پێـی یاسـای ژمارە (١٠) ی سـاڵی (٢٠٠٥) پێـک هـات. لە بـڕگەی (٢) ی ماددەی (١) دادگاکەدا هاتووە: (دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت، بەسەر هەمـوو کەسێکی سروشـتی ئەگەر هـاتوو عێراقـی بێت یـان بیـانی کە لە عێراق نیشتەجێبێت، وە تۆمەتبـار بێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تـاوانـانەی کە باسکراون لە مادەکـانی: (١١- ١٢- ١٣- ١٤)ی ئەم یاسایەدا و ئەنجام دراون لە (١٧ / ٧ / ١٩٦٨ تاوەکو ١ / ٥ / ٢٠٠٣)، لە عێراق یان لە هەر شوێنێکی تردا).

ئەم مـاددەیە دەسـەڵاتەکانی دادگـای لە ڕووی کـاتی بینینـی تـاوانەکانەکـانەوە دیـاریکردووە کە مـاوەکەی (٣٥) سـی و پێـنج سـاڵە و هەروەهـا دادگـا دەسـەڵاتی ئەوەی هەیە بـۆ دادگـایکردن بگەڕێـتەوە بـۆ دواوە، ئەوەش نـاڕاستەوخۆ گوزارشت کـردنە لە گـرتنە دەسـتی دەسـەڵاتە لەلایەن بەعسیەکانەوە لە عێراقـدا. تـاکو ڕاگەیانـدنی فەرمـی کۆتـایهـاتنی پرۆسـە سـەربازیەکانی ئەمریکـا لە عێراقـدا. ئاشکراشە کیمیابارانکردنی سەردەشتیش لەو ماوەیەدا ئەنجام دراوە کە دادگا لە ڕووی کاتەوە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە.

بڕگەی (٢) ی ماددەی (١) ی دادگای باڵای تـاوانکاری عێراقی ئاماژەی بە دەسەڵاتی دادگا کردووە لە تـایبەتمەندێتی شوێندا و دەڵێت

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێ بێت وە تۆمەتبار بێت بەئەنجامدانی یەکێک لە تاوانە باسکراوەکانی ئەم مادەیە لە عێراق یان هەر شوێنێکی تردا.

ئەو دەقە یاساییە کە دەڵێت (لەهەر شوێنێکی تر)، مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا کۆت نەکراوە بە تەنها لە هەرێمی دەوڵەتی عێراقدا، درێژ بوونەوەی بۆ (هەر شوێنێکی تر)، مەبەستی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە ئەنجام دراون لە دەوڵەتەکانی تردا، وەک ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، نمونەی ئەوەش شاری سەردەشت و هەروەها تاوانی دەست درێژی کردنە سەر دەوڵەتی کوەیت.

کەواتە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، لە ڕوانگەی یاسای دادگاکەوە ئەرکێتی کە کەیسی کیمیابارانی سەردەشت بە جینۆساید بناسێنێت و حکومەتی ئێستای عێراقیش وەک میراتگری حکومەتی بەعس، قەرەبووی ماددی و مەعنەوی و تەندروستی زیانلێکەوتوانی ئەو ئەو جینۆسایدە بکاتەوە.

ئەوەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێرانە، کە ڕاستگۆیانە لە ژێر ڕووناکایی ئەو بەرچاو ڕوونیە یاساییە کە ئاماژەمان بۆ کردووە ئەو کەیسە بجوڵێنن و کاری دڵسۆزانە بکەن بۆ ئەوەی کەیسی کیمیابارنکردنی سەردەشت لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی یەکلای بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆسایید / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## جینۆسایدی کورد لەباشووری کوردستان "عێراق"

### تەها سلێمان

جینۆسایدی کورد، لەباشووری کوردستان "عێراق" چەندین وێستگەی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوە، بەعس وەک پارتی فەرمانڕەوای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کورد لەئەستۆ دەگرێ، ئێمە لێرەدا ناتوانین هەموو وێستگەکانی ئەم کردەیەو تەواوی وردەکاری و لایەنە جیاجیاکانی روون بکەینەوە، بەڵکو هەوڵدەدەین کۆمەڵێک وێستگەی لەیەکتر جیاواز، واتە کات و ساتی جیاواز، بەڵام تەواو کەری یەکتری کردەکە، بەکۆمەڵێک داتاو بەڵگەنامەی سەلمێنراو، بخەینە روو. پێشمان وایە بەلایەنی کەم ئەمەی ئەم بەشەی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان، کەلە پێشووتر باسمان کرد، دەبنە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە پەلامارو شاڵاوی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەلایەن فەرمانڕەواکانی "تورکیا، ئێران، سوریا، عێراق" و تەواو کەری یەک فەلسەفەو ئامانج ئەویش جینۆسایدکردنی کوردە.

### جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق

کوردی فەیلی، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کەبەزۆری لەشاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێبوون و لەرووی ئاینیەوە سەربەمەزهەبی شیعەن. ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کەبەعس فەرمانڕەوایی دەکرد، لەساڵی ١٩٦٣ەوە بەهەموو شێوەیەک روو بەرووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی رەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم توێژەی کورد روو بەرووی مەرگ بوونەتەوە.

بەڵام بەدرووستی لەساڵی ١٩٨٠ وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتوە": ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتدان و رەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کەمامەڵەیان کردووە بڕیارییان لەبارەوە دەرنەچوە دەردەکرێن". لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بوو ": کەلاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لەبەندیخانەی پارێزگاکاندا، تاماوەیەکی نادیار دەسبەسەربکرێن". هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە ": کەهەرکەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت".

لەرۆژی ٢٦ / ٢ / ١٩٨١ لەرۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کوردە فەیلییەکانەوە دەڵێ": ئەم توێژە لەعێراق ریشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێک بەڕێگەی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت". سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسەیەیی "سەدام" سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە شۆڤێنیەت و رادەی رەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرۆک و سەرکردەو حکومەتەکەی لەعێراق تاچ رادەیەک دژ بەمرۆڤ و هاوکات لەهەوڵی ئەوەبوە لەناوییان ببا، بەتایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵی.

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان، پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە "٢٠٠" هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارە یان راوەدووی ئێران نراون، کە ٦٥% کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لەو ولاتە ماونەتەوە. ئەمە جگەلەوەی لەماوەی دەسلاتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون.

بەلام عارف قوربانی نووسەرو لێکۆڵەر لەبواری جینۆساید، لەبەرگی یەکەمی کتێبی شایەتحاڵەکانی و لەپێشەکی کتێبەکەدا، بەوردی ئەوە پشت راست دەکاتەوە کەژمارەی جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق زۆر لەوە زیاترەو بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک دیکۆمێنت دەنوسێ" لە ساڵی ١٩٧١ چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان " ١٨٠" هەزار کەس دەبوو، دەست گیرا بە سەرموڵک و ماڵ و سامانیانداو ئاودیوی ئێران کران، هەروەها "٣٠٠" هەزار کوردی تری فەیلی لە ساڵی ١٩٨٠ ئاودیوی ئێران کرد بە بیانووی ئەوەی ئەوانە بە رەچەڵەک ئێرانین، لە کۆی ئەم "٣٠٠" هەزار فەیلیە " ١٥ " هەزار گەنجیان لێ بێ سەرو شوێن کردن و تا ئێستا چارەنوسیان دیارنیە.

ژێدەرو ئاماری تریش زۆرن کەژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە "٥٠٠" پێنج سەد هەزار کەس ئەژمار دەکەن، بەلام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، وە ئەوەشی کەسەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە "٣٨٠" هەزار کوردی فەیلی روو بە ڕووی ڤرکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن.

## جینۆسایدی شاری قەلادزێ

شاری قەلادزێ دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی، هاوکات دەکەوێتە ناوچەی پشدەرو نزیکە لەسنووری ولاتی ئێران. ئەم شارەو ناوچەی پشدەر، هەمیشە جێگای چاوتێبڕینی حکومەتی عێراقی "بەعس" بوە، بۆیە لەدەیەیی هەفتاکان و هەشتاکان "٢" دووجار ئەم شارە جینۆسایدکراوە، ئەمە جگەلە چەندین هەوڵ و ئاماژەی تر، کە راستێنەی هەوڵەکانی جینۆسایدی شاری قەلادزێ و ناوچەی پشدرە دەخەنە روو.

ئەگەر لەشێوازەکانی جینۆسایدو ئامانجەکانی وردبینەوە، ئەوادەردەکەوێ کەبۆردوومانی قەلادزێ لە ٢٤ / ٤ / ١٩٧٤ و تێک چوونی باری ژینگەو تێکدان و کاولکردنی شارەکە بۆدواجار لەساڵی ١٩٨٩، جینۆسایدێکی سەلمێنراوە بەپێی هەمووبەڵگەنامەکان، چونکە مەبەستی رژێمی بەعس، لەناوبردن و ڤرکردنی دانیشتوانی شارەکەو هەروەها تێکدانی باری ژینگەو کولتور و ئابووری و بایۆلۆژی ئەو دەڤەرەبووە.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قوربانیەکانی کۆمەڵکوژی قەڵادزێ ١٩٧٤

لەبۆردوومانی حکومەتی عێراقی و رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٧٤ و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لەشارەکەدا، "٩٢" هاوڵاتی سیڤیل کۆمەڵکوژ دەکرێن و دەبنە قوربانی، کەئەمەی خوارەوە ناوی تەواوی قوربانییەکانە: فەخرییە میرزا حسن جعفر، سالح احمد سابیر، کەژاڵ احمد سابیر، سلام احمد سابیر، رزگار احمد سابیر، عبدلجبار احمد سابیر، بەختیار ئەحمد سابیر، جوانە احمد سابیر، شەهلا احمد سابیر، بەدرییە محمد خدر، شوکریە رسوڵ احمد، رزگار رسوڵ احمد، بێگەرد رسوڵ احمد، وشیار رسوڵ احمد، نەغەدە رسوڵ احمد، شنۆ رسوڵ احمد، گوڵەباخ حسن حاجی محمود، ئومێد غەریب محمد لمین، ئامانج غەریب محمد لمین، ئاری غەریب محمد لمین، پەرژین احمد خدر، جوان رزاق رشید احمد، نیان رزاق رشید احمد، بۆتان رزاق رشید احمد، ئالان رزاق رشید احمد، بەهێ رحمان اسعد، سۆران زاهیر تۆفیق، سنەوبەر زاهیر تۆفیق، سروە زاهیر تۆفیق، رووناک اسماعیل محمد، ئالان جمال کابان، سۆزان جمال کابان، ئاریان جمال کابان، حمە سالح سام سام، هیوا غەفور، بورهان عبداللە شاسوار، سەروەر علی قادر، ئازاد حسین احمد، عمر مەجید، سۆران محمد سەڵتە، سمکۆ محمد سلمی، سفینە محمد امین، گوڵزار محمد رسوڵ، عەبدالخالق، کورێک ناوی نەزانراوە، دلێر ئەترووشی، پەرژین باقی، ئامانج قادر احمد، قمریە قادر احمد، نەرمین باقی، محمد احمد حسن، سعدیە حمە سعید، عباس رسوڵ حمە، محمد علی بابکر، جمال احمد رسوڵ، گەلاوێژ احمد رسوڵ، بەهار سلیم رسوڵ، ناسک سلیم رسوڵ، بەختیار سلیم رسوڵ، جمال حمە علی، ئەمیر رەئوف، مام فەتاح، قوباد حسن حاجی محمود، پێشرەو زاهر رشید، کلی حمد علی، رحمان حمد رحمان، پیرۆز رحیم عوسمان، دانا فەتحی کریم، ئەحمەد ئیسماعیل ئالا، فەقێ عبداللە محمد، ئازاد احمد حسن، ئامان عمر داود، اسماعیل احمد عبداللە، حسن محمد غەفور، بابکر عبداللە محمد، زارا محمود عبداللە، شەونم حاجی فەقێ، عائیشە حمەلاو احمد، رسوڵ حمد، ئیرەج احمد، ئامان رشید، احمد عبداللە احمد، احمد اسماعیل ،حسن میرزا دڵشاد، حمد احمد حسن، فەتاح قادر احمد، قادر عبداللە، عبدالقادر مەحمود همزە، دلێر تۆفیق مەجید، محمد هۆمەر کوڕ، حسێم مەحمود هۆمەر".

## راگواستنی قەڵادزێ وەک بەشێک لەجینۆساید

دوای وەستانی جەنگی نێوان "عێراق – ئێران" لە ٨ / ٨ / ١٩٨٨ رژێمی بەعس لە ٢٠ / ٦ / ١٩٨٩ وە دەستیکرد بەڕاگواستنی شاری قەڵادزێ و تەواوی ناوچەی"پشدەر" بۆ ئۆردوگاکانی خۆرئاوای پارێزگای هەولێرو خۆرئاوای سلێمانی، کەدوای چۆڵکردنی شارەکەو ناوچەکە لە هاوڵاتیان بەبەکارهێنانی ماددەی(TNT) سەرجەم خانوبەرەو قوتابخانەو مزگەوتەکانی شارو ناوچەکە تەقێنرانەوەو خاپورکران و ناوچەکەش بە "خاکی حەرام و قەدەغە کراو" دانراو هیچ کەس لە خەڵکی ناوچەکە بۆی نەبوو بەسەردانی کاتیش بچێتە ناوچەکەو ئەگەر بەقاچاخیش بڕۆشتایە، لەلایەن سوپای عێراقی و دەزگا ئەم نییەکانیەوە دەستگیربکرایە بێ سەرو شوێن دەکرا.

ئەم ئامارانەی خوارەوە لە نێوان ساڵی "١٩٧٧ بۆ ١٩٨٩ "دەتوانێ بمانگەیەنێتە بەردەم چەردەیەک زانیاری درووست و پشتراستکراو، سەبارەت بەجینۆسایدی شاری قەڵادزێ و تەواوی ناوچەی پشدەر.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

راگوێزانی "١٣" ی سنووری شارۆچکەی چوارقوڕنە بۆ نێو ئۆردوگاکە، راگوێزانی "٩" گووندو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی کۆمتان، راگوێزانی "٤" گووندو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی ئێنزێ، راگوێزانی "٤٣" گووندو تەواوی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی بەستەستێن، راگوێزانی "١٧" گووند بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی تـوە سوران، راگوێزانی " ٢٧" و دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی پێمالک، راگوێزانی "١٢" گووندو تەواوی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردووگای زۆرە ملێی ژاراوە.

واتە کۆی گشتی "١٢٥" لەسنووری شاری قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر، لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەتۆبزی هەڵکەندراون و دابەشکراون بەسەر کۆمەڵێک ئۆردوگای زۆرە ملێدا، کەکەمترین پێچداویستییەکانی ژیانی تێدا مەیسەرو دەستەبەر نەبوە.

ئەمانەش دواترو لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بوون بەڵگەو توانیان دۆسیەیی شاری قەڵادزێ و پشدەر وەک تاوانی کۆمەڵکوژی بسەلمێنن و بڕیاری کۆتایی لە ساڵی ٢٠١٣ دا لەبارەوە بدات.

## جینۆسایدی بارزانییەکان لە باشووری کوردستان

ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوییەوە، لەنێوان "عێراق – ئێران- تورکیا"، ئەم ناوچەیە لە حەوت هۆزێکهاتوە ": شێروانی، دۆڵەمەڕی، گەردی، نزاری، بەرۆژی، مزووری، هەرکی بنەجێ"، لەڕووی ئیدارییەوە بارزان قەزای مێرگەسوورەو سەربەپارێزگای هەولێرەو پێنج شارچکەی هەیە وەک ": بارزان، کۆرەتوو، مەزنی، پیران، شێروان مەزن". ژمارەی گووندەکانی "٢٦٠" گووندەو دوای جینۆسایکردنیان تائێستا نزیکەی "٨٢" گووندییان ئاوەدانکراوەتەوە. کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی بارزان بە "٥٠٠" هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

## شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان

پاش رێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی، رژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو، کەوتە شاڵاوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و هەنگاوە بەراییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییەش بەم شێوەیە دەستی پێکرد. سەرەتا بارزانییەکان رووبەڕووی ئاوارەبون بوونەوەوکەوتنە دیوی ئێران، و بەشارە فارسە ئێرانییەکاندا بڵاوبوونەوە یان دابەشکران، بەم شێوەیە دەستکرا بەجینۆسایدی بارزانییەکان. لەساڵی ١٩٧٥ دانیشتوانی "نزارو بەرۆژ" بۆخوارووی عێراق دوورخرانەوەو فرێدرانە سنووری پارێزگای دیوانیە، لەساڵی ١٩٧٨ بەهەمان شێوە دانیشتوانی ناوچەکانی "مزووری، شێروانی، گەردی" بۆ ئۆردگاکانی "بەحرکە، دیانا، هەریر، کۆرەتوو" لەسنووری پارێزگای هەولێر گوێزرانەوە. لەپرۆسەیەکی ترو لەشێوەی پێشوو، لەساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانی "شێروان مەزن"یان بۆ ئۆردگای زۆرەملێی "سێبیران" گواستەوە.

دواترو دوای ئەو هەنگاوە بەراییانە، کردەوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەشێوەیەکی فراوانترو کرداری لەلایەن |دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس"وە دەستی پێکرد. لەساڵی ١٩٨٣ شاڵاوی جینۆساید بوو بەکردەیی و بەچەند قۆناغێک و سەرەنجام "٨٠٠٠" هەزار کوردی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بارزانی - دەستگیرگران و لە بیابانی "البوصیە الجنوبیە" گوولەباران کران و "جینۆساید" کۆمەڵکوژکران.

## دەستپێکی ئەم کردەوەو شاڵاوەی جینۆساید بەچەند قۆناغێک و بەم شێوەیە بوو:

یەکەم: قۆناغی یەکەم لە ٢٩ تا ٣٠ / ٧ / ١٩٨٣ دەستگیرکردنی هەندێ کەسایەتی دیاری بارزانییەکان.

دووەم: قۆناغی دووەم لە ٣١ / ٧ / ١٩٨٣ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردووگاکانی " قودس و قادسیە".

سێیەم: قۆناغی سێیەم لە ١٠ / ٨ / ١٩٨٣ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی " هەریر، بەحرکە، دیانا".

چوارەم: قۆناغی چوارەم راوەدوونان و بەکۆمەڵگرتنی ئەو بارزانیانە بوو، بەهەرشێوەیەک بوبێت لە شاڵاوەکانی گرتن رزگارییان ببوو.

بەم شێوەیە وەک لە پێشووتر ئاماژەمان بۆکرد، "٨٠٠٠" هەزار لەرەگەزی نێری بارزانانیەکان لە گەنج و پیرو مێرد مناڵ، لەلایەن دەوڵەتی عێراق بەرێبەرایەتی "بەعس" لەناوبران و جینۆساید کران.

## تەنها "٦٠٦" رووفاتی بارزانیەکان دۆزراونەتەوە

لەدوای پرۆسەی رووخانی بەعس لەفەرمانرەوایی لەساڵی ٢٠٠٣، لەپرۆسەی گەڕان و پشکنینەکان تا ئێستا توانراوە تەنها "٦٠٦" لە رووفاتی شەهیدو قوربانییەکانی ئەم کردەی جینۆسایدی بارزانییەکان بۆ باوشی نێشتمان و زێدی خۆیان بگەڕێنرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، یەکەم: لە ١٦ / ١٠ / ٢٠٠٥ "٥١٣" رووفات لە "بوسەیە" خوارووی عیراق. دووەم: لە ٦ / ٣ / ٢٠١٤ "٩٣" رووفات دیسان خوارووی عیراق، واتە لە کۆی "٨٠٠٠" هەزار کوردی بارزانی کۆمەڵکوژکراو "٧٣٩٤" حەوت هەزارو سێسەدو نەودو چوار رووفاتی قوربانییەکان هێشتا لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکانن و بەنادیاری ماونەتەوەو نەتوانراوە بە دروستی بدۆزرێنەوەو بهێنرێنەوە بۆ کوردستان.

## هەڵەبجەی جینۆسایدکراو " پێناسەیەکی کورتی هەڵەبجە"

شاری هەڵەبجە یەکێکە لە قەزا دێرینەکانی باشووری کوردستان، و دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی عێراق و هاوکات هاوسنورە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران. لەلایەکی تریشەوە "٨٤" هەشتاوچوار کیلۆمەتر لەپارێزگای سلێمانیەوە دوورە، هەروەک پێش بریاری بەپارێزگابوونی لە رووی ئیدارییەوە سەربەپارێزگای سلێمانی بوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٦ ژمارەی ماڵەکانی "٤٧٠" ماڵ بووە ژمارەی دانیشتوانەکەی "٢٣٠٠" دووهەزارو سێسەد کەس بووە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ "٩١٩٣٧" هەزار کەس بەرزبووەتەوە، بەسەرجەم شارۆچکەو گووندەکانی دەوروبەرییەوە، کە جگە شارۆچکەکانی سەربەقەزاکە، "٢١٦" گوندی لەسەربوە. لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ بەساڵێک پێش جینۆسایدکردنی دانیشتوانی شارەکەو دەوربەری بەشارۆچکەو گوندەکانەوە گەشتوەتە "١١٥٥٤٠" سەدو پانزە هەزارو پێنج سەدو چل کەس. لەساڵی ١٩٨٨ پێش کۆمەڵکوژی و کیمیابارانکردنی شارەکە لەو ژمارەیەیی سەرەوە تەنها "٧٠٠٠٠" هەزار کەس لەناو ناوەندی قەزاکە نیشتەجێبوون، واتە "٤٥٥٤٠" چل و پێنج هەزارو پێنج سەدو چل کەس لەو ژمارەیە لە شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و تەواوی گوندەکانی دەورو بەری نیشتەجێبوون. دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە دابەزی بۆ "٤٣٠٠" هەزار کەس، ئەمەش لەئاکامی رووخاندن و راگوێزانی گوندەکان و شارۆچکەکانی دەورو بەری و کیمیابارانکردنی.

لەساڵی ١٩٩١ بۆ ئێستا ٢٠١٤ و دوای بڕیاری بەپارێزگابوونی شاری هەڵەبجە، کە هەریەک لە شارەکانی پێنجوێن و سەیدسادق و شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و تەوێڵەو ژمارەیەکی زۆر گوندی دەکەوێتە سەر، سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی سنووری ئیداری هەڵەبجە دەگاتە نزیکەی "٤٠٠" هەزار کەس.

## جینۆسایدکردنی هەڵەبجە

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بەفەرمانڕەوایەتی "بەعس"، ماوەی هەشت ساڵ دەبوو لەجەنگێکی کاولکەرو لەهەمانکاتدا، تاقەت پڕوکێن بوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، ڕێک لەم کاتە، لەگەورەترین تاوانی دژ بەکوردو کوردستان و دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو مرۆڤایەتی ئەنجامدا، ئەویش ئەوەبوو بە چەکی کیمیاوی و لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و بۆمباری گەورەو موشەک و ناپاڵم، هێرشی کردە سەرشاری هەڵەبجە.

هێرشەکە پێش نیوەڕۆی ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ بە "هێزی ئاسمانی، موشەک، بۆمبای گەورە، ناپاڵم"دەستی پێکرد، کەشاری هەڵەبجەو دەوروبەریان گرتەوە، ئەم هێرشە بەتەواوی شارەکەو دانیشتوانەکەی سەغڵەت کردو بوە هۆکاری بڵاوکردنەوەی ترس و دڵە ڕاوکەیەکی زۆر لەنێوچین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکەو دەورو بەری.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، پاش بۆردوومانکردنێکی سەختی شارەکەی کرد، پاشان بەچەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەرشارەکە لە جۆری چەکی کیمیاوی " سارین، خەردەل، تابوون" کەدواترو لەئاکامدا بوە هۆی گیان لەدەستدانی "٥٠٠٠" هەزار کەس لەدانیشتوانی سیڤیلی شارەکەو برینداربوونی هەزارانی ترو ئاوارەبوونی ئەوانی تر کەلەپەراوێزی کیمیابارن و کۆمەڵکوژییەکە دەربازییان ببوو.

دانیشتوانی هەڵەبجە ئەوانەی توانیان لەدەست هێرش و پەلامارەکەی "بەعس" رزگارییان بێت، بەناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئێرانیش ڕۆڵێکی پۆزەتیفانەی بینی لەچارەسەرکردنی بەرکەوتوان و بریندارەکانی هێرشی کیمیاوی بۆسەرشاری هەڵەبجە. بەڵام پاش ماوەیەک عێراق بڕیاری بەناو لێبوردنی دەرکرد، بۆ ئەوانەی کە لەکاتی هێرش و پەلاماری سەرشارەکەو کیمیابارانکردنی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەربازی ئێران ببوون، لەگەڵ هاتنەوەی بەشێک لەو خانەوادانە راستەوخۆ لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ هەتایی بێسەرو شوێن کران، بەڵگەیەکی روون لەم بارەوە هەیە کە ئەویش ئەوەیە کاتێک دوای ئەنجامدانی هەشت شاڵاوەکەی ئەنفال "جینۆساید" کە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەنجام دراو لەخوارەوە بە فراوانی باسی دەکەین، بەشێک لە پیرو پەککەوتەکان برانە زیندانی نوگرە سەلمان، دواتر بەبڕیارێکی بەعس هاتنەوە، دەگێڕنەوە کە گەیەنراونەتە ئەوێ لەسەر دیواری هۆڵەکانی ئەو قەلایەیی تیای بەند کرابوون، دەیان ناو ناونیشان و یادەوەری هەڵەبجەییەکانی پێوە بوە، ئەمەش سەلمێنەری راستی جارێکی تر کۆمەڵکوژکردنی ئەو هەڵەبجەیانەیە کە بەبڕیاری لێبوردنی بەعس دوای دەربازبوونیان لە کاتی کیمیابارانکردنی شارەکەیان دەربازببوون، هاتنەوەو بڕیارەکەش تەنها بە ئامانجی لەنێوبردنیان بوو.

لەلایەکی تریشەوە بەڵگەنامەو ژێدەرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، پێش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە پێشووتر هێزەکانی ئێران و پێشمەرگەی بەشێک لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی تێهاتبوو، لە ئێوارەی ١٣ / ٣ / ١٩٨٨ هێزەکانی ئێران تالانییەکی زۆریان لە شارەکەدا کرد، کەبەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێ:

سوپای ئێران دوای داگیرکردنی هەڵەبجە ناحیەکانی " سیروان - خورماڵ - بیارە" دەست بەسەراگرتنی چەک وکەل وپەلی سەربازی ودام ودەزگا سەربازییەکان راستەوخۆ دەستی دایە لە بن هێنانی شارستانیەت لەناوشارو دەوروبەریداو هەموو فەرمانگەو کەل وپەل و ئامێرە خزمەت گوزارییەکانی دەست بەسەرا گرت و گواستیەوە بۆ ئێران و لەوانە رێژەیەکی زۆری لە کەل وپەل وموڵکی هاوڵاتیانی بەرکەوت و لەخوارەوە هەندێکیان دەخەینە روو:

أ- کارگەی چاککردنی توتن بە هەموو ئامێرو چەند عەمبار توتنیشەوە.

ب - کەل و پەل و ئامێر و ئۆتۆمبێلی "١١" فەرمانگەی خزمەتگوزاری مەدەنی وەک نەخۆشخانەکان، بەریدو گواستنەوە، کارەبا، ئاگرکوژاندنەوە... هتد.

ت - وێستگەی سەرەکی کارەبای قەزای هەڵەبجە،"٥٥" محاویلەی کارەبا "کە بۆ سیستەمی کارەبای ئێران بەکار نایەت" زیاتر لە "٥٠" کم سیمی کارەبا، هەموو ستوونەکانی کارەباو تەلەفۆنی دەرەوەی شار کە بە ئاسانی بۆیان دەرهاتووە.

پ - هەموو ئامێرو ئۆتۆمبێلەکانی فەرمانگەی کشتوکاڵ و شارەوانی کە هەندێ شۆفڵ و تراکتۆری مەدەنیش هەر بەناوی ئەو فەرمانگانەوە بران ونەدۆزرانەوە.

ج - سەدان ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان یان دووکان و ئامێرەکانی ناوی بران و نەدۆزرانەوە.

ح - گەنم و جۆی ئەوساڵەی سنوورەکە هەمووی دروێنە کراو گواسترایەوە بۆ ئێران و هەندێک لەو جوتیارانەی کە بەڵگە نامەیان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەبوو بە مەزەندە گەنم و جۆیان بۆ گەڕاندنەوە.

خ - کتێبخانەی گشتی هەڵەبجەی شەهید کە بڕی (١٧،٦٠٠) پەرتووکی تێدا بووە.

د - کەل وپەلی"٢٥" و قوتابخانە بەمێزو تەختەڕەش و دەفتەرو قەڵەمی قوتابیانیشەوە.

ژ - کەل وپەل وئامێری کارەبا و فەرش و راخەری ٢١ مزگەوت... هتد.

ر - ئێران بە خواستی خۆی رۆژی "١٣" ی تەمموزی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە کشایەوە، بەچەند رۆژ پێش ئاشکراکردنی وەستانی شەڕ، لەکاتی کشانەوەدا بە خێرایی دەستی دایە تەقاندنەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو رۆژە تەنها فریای تەقاندنەوەی "٧٣" بینایەی دەوڵەت کەوت کە زۆرینەیان قوتابخانە و نەخۆشخانە وفەرمانگە خزمەتگوزاریەکان بوون.

واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین بڵێین بە دەر لە یارمەتیە مرۆییەکانی ئێران، لە هەمانکاتدا دەستی لە بەشێک لە تاڵانکردنی هەڵەبجەو وێرانکردنی هەبوو، هاوشانی شاڵاوی جینۆسایکردنی لەلایەن رژێمی "بەعس" وە.

تاوانی جینۆسایدکردنی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراق "بەعس"وە، چەندین ئاسەواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتووری جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە تائێستاش بەردەوامییان هەیەو هەرجارەی بەشێوەیەک دەردەکەن و رۆڵی نەرێنی خۆیان داناوە.

ئەم خشتەیەیی خوارەوە بە روونی ژمارەی قوربانییەکانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"ی هەڵەبجەمان بۆ شی دەکاتەوە، خشتەکە ژمارەی رەگەزی نێرو مێ، گەنج و پیرو منداڵ، هەموویمان بەوردی دەخاتە بەردەست.

کۆمەڵێک کۆمپانیا کەمەوادی چەکی کیمیاوییان بەعێراق فرۆشتوە

### * ناوی وڵات ژمارەی کۆمپانیا

١- ئەڵمانیا ٨٢
٢- بەریتانیا ١٧
٣- نەمسا ١٧
٤- ئەمریکا ١٤
٥- بەلجیکا ١٢

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٦- فەرەنسا ١٣

٧- ئیتالیا ١٢

٨- سویسرا ١١

٩- ئەرژەنتین ٥

١٠- ئیسپانیا ٣

١١- مۆناکۆ ٢

١٢- بەرازیل ١

١٣- میسر ١

١٤- یۆنان ١

١٥- هێند ١

١٦- یابان ١

١٧- جیرسی ١

١٨- پۆلۆنیا ١

١٩ سوئید ١

تێبینی: خشتەکە لە کتێبی "جینۆسایدو ئەنفالی کورد" ی "چنار نامق" وەرگیراوە

## سەرنجێک لەسەرئەم خشتەیەیی سەرەوە

بەپێی ئەو خشتەیەیی سەرەوە "١٩٦" کۆمپانیای جۆراو جۆر لە |١٩" وڵاتەوە کەرەستەی کیمیاویان بەعێراق فرۆشتوە، لەکۆی ئەو وڵاتانە تەنها "١" وڵاتی عەرەبی تێدایە ئەو "میسرە"، واتا "١٨" وڵاتیان لەئەوروپاو رۆژئاوان، کەتیایاندایە لەپێشکەوتووترین وڵاتەکانی جیهانە، وەک وڵاتی سوئید.

ئەمە ئەو راستیەمان بیردەخاتەوە کە جگەلە حکومەتی عێراقی و پارتی بەعسی فەرمانڕەوای ئەوکات، ئەو وڵاتانەشی کەناویان لەخشتەکەدا هاتوەو لەرێگای کۆمپانیاکانیانەوە کەرەستەی کیمیاویان پێی فرۆشتوە، بەرپرسیارێتی گەورە هەڵدەگرن، چونکە کیمیاباران و جینۆسایدکردنی هەڵەبجە بەکەرەستەکیمیاویانە بوە کە ئەوان بەحکومەتی عێراقیان فرۆشتوە.

## شاڵاوی ئەنفال لوتکەی جینۆسایدی کورد

شاڵاوی ئەنفال کەبەهەشت قۆناغی یەک لەدوای یەک لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعس لەعێراق ئەنجامدرا، تیایدا جگەلەسووتاندنی خاک و تێکدانی ژینگەو خاپوورکردنی "٥٠٠٠" هەزار گووندی لادێ نشین، بەتاڵانبردنی سامانێکی زۆری هاوڵاتیانی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیڤیل، "١٨٢" هەزاری مرۆڤی لەژن و منال و پیرو پەککەوتەو گەنج، بێسەرو شوێن کردو زیندەبەچاڵی کردن.

## بڕیارە ترسناکەکەی "عەلی حەسەن مەجید".

کاتێک بەفەرمانێکی کۆماری ژمارە"١٦٠" کە لە پاشکۆی بەڵگەنامەکاندا دامان ناوە، لەلایەن کەسی یەکەمی دەوڵەت و بەعس "سەدام حوسێن"، "عەلی حەسەن مەجید" لەکەسە هەرەنزیکەکانی بنەماڵەکەی، دەکرێتە بەرپرسی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری و حزبی یەکەم لەهەرێمی کوردستان، و دەسترۆشتوویەکی پێدەدرێ، یەکەم بڕیار کەدەری دەکات، ترسناکترین بڕیارەو دەتوانرێ بە مانیڤیستۆی جینۆسایدی گەلی کورد ناو زەدبکرێ، ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیارەکەی "عەلی حەسەن مەجید"ە.

بڕیاری ٤٠٠٨

ژمارە ٢٨ / ٨٠٠٤

بەروار ٢٠ / ٦ / ١٩٨٧

لە سەرکردایەتی نوسینگەی سکرتارییەتی ڕێکخستنی باکورەوە

بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەک، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج

لەبەر ئەوەی ماوەی رەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گووندانە لە بەرواری ٢١ی حوزەیران ١٩٨٧ کۆتایهاتوە، بڕیارماندا لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەستبەکاربین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەموو گووندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە رووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بە کرێگیراوی ئێران و تێکدەران و خائین زادەو نموونەکانیانن کە خیانەتکارانی عێراقن.

٢- بە تەواوی قەدەغەیە خەڵک و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بێ مەرج و بێتەعلیمات، مەگەر تەعلیماتی تر دەربچێت لە لایەن بارەگاکەمانەوە.

٣- هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرەو لێرەوە بۆ ئەوێ یان کشت و کاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لە سەردەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دواداچوونی جددییان لەم بارەوە هەبێت و هەریەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤- سەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناو بەناو بە تۆپ و فڕۆکەو سەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەوو بە ڕۆژ بخەنکار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.

٥- حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیردەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو حوکمی سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ زیاترە هەتا ٧ ساڵ، دوای سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.

٦- دەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن لە دەزگا حکومییەکان و حزبیەکاندا بۆ ماوەیەک کە ئەو پەڕی ٣ هەتا ١ ڕۆژبێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان برووسکە ڕەزامەندی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەڤاڵ "تاهر ئەلعانی" یەوە.

٧- هەموو ئەو شت و مەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سووکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لە سەر فەرماندەی جەحافلەکان چالاک بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو مووستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکانیان و مەفرەزەکانیان، وە بەوردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی. سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مەجلیسی تەنفیزی، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سووپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان "نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک، ڕازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتوە، بەرێوەبەرایەتی هەوڵگری گشتی سەربازی گشتی، بەرێوەرایەتی ئەمنی گشتی، بەرێوەبەری ئەمنی ناوچەی حکومی زاتی، بەیوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی "نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک". تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەرکەسەو بە پێی تایبەتمەندێتی خۆی.

ئاگادارمان بکەنەوە

ئیمزا

عەلی حەسەن مەجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## مێژووی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال "جینۆساید"

لەم هەشت قۆناغەی شاڵاوەکانی جینۆسایدی کورد کەبەئەنفال ناوزەد کرا، لەلایەن رژێمی "بەعس"وە، یەکە سەربازییەکان و دەزگای هەواڵگری سەربازی و مەدەنی و حزبی، هێزە ئاسمانیەکان، هێزە زەمینەکان، دەزگاکانی حزبی بەعس، دەزگا ئەمنیەکان، و تەواوی ئەودەزگایانەی پەیوەندییان بەدەوڵەتی عێراق و حزبی "بەعس"وە هەبوو، بەشدارییان کرد. بەپێی بەڵگەنامەفەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق و میدیاکانی نووسراوو بینراوو بیستراوی ئەوکات لە ١٩٨٨، قۆناغەکانی هەرهەشت شاڵاوەکە بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن کراوە:

## ئەنفالی یەکەم "شاڵاوی دووەمی جینۆساید":

سەرگەڵوو بەرگەڵوو ٢٢ی شوبات تا ١٩ی مارتی ١٩٨٨، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵ و بەرگەڵو دەگرێتەوە، ئامانج لەیەکەم هەنگاوەکانی شاڵاوەکە، ئەوەبوو زیانێکی گەورە بە هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بگەیەنێ و بڕستی ئەوەی لەبەلا ببڕێ کە بتوانێ داکۆکی لە چین و توێژەکانی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات، قۆناغەکانی دوای قۆناغی شاڵاوی یەکەم، لەلایەکی تریش پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و هێزی پێشمەرگەو خەڵکیش ببچڕێنێ، رێک واش دەرچوو بەشێک لە ئامانجەکەی لەو مەبەستەی سەرەوە هاتەدی، لەلایەک زەبرێکی کوشندەی لەهێزی پێشمەرگە وەشاندو لەلایەکی تریشپەیوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و هێزی پێشمەرگەی تووشی لەبەریەک هەڵوەشانەوە کرد.

## ئەنفالی دووەم: "شاڵاوی سێیەمی جینۆساید"

قەرەداغ ٢٢ی مارت تا ١ی نیسانی ١٩٨٨، واتە لە ٢٢ی مارت "ئازار" تا ١ی نیسان شاڵاوی یەکەم دەستی پێکردو ناوچەکانی "بازیان" لەسنووری قەزای چەمچەماڵ و قەرەداغ لەسنووری پارێزگای سلێمانی گرتوە. شوێن و جێگای سەرەکی شاڵاوەکە "قەرەداغ" بوو، ئەو هاوڵاتیانەی لە شاڵاوی ئەنفالی دووەم " جینۆ سایدی دووەم" بەرەو سلێمانی هەڵاتن، بەشێکیان رزگارییان بوو، بەڵام ئەوانەی بەرەو سنووری گەرمیانی پارێزگای کەرکوک هاتن هەموویان بێسەرو شوێن کران. من خۆم ئەوکاتە تەمەنم ١٦ ساڵان بوو، ماڵمان لەنزیک لیوایەکی سەربازی بوو، کەبەلیواکەی "بارق" مەبەست لە"بارق عەبدوڵا حنتە"ی ئامرلیوایە، ناسرا بوو، تەواوی ئەوانەی گەشتنە شاری "کەلار- گەرمیان" راستەوخۆ دەست بەسەرکران و دوای دوو رۆژ بێسەرو شوێن کران.

## ئەنفالی سێیەم: "شاڵاوی سێیەمی جینۆساید"

لە ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ئەم قۆناغەی شاڵاوی ئەنفال " شاڵاوی جێنۆسایدی سێیەم، بەسەختترین و بەرفراوانترین شاڵاوەکان دادەنرێ و زۆرترین هێزی سەربازی و ئەمنی و جاش و موستەشار، بەشدارییان تێکرد. شوێنی ئەنجامدانی شاڵاوەکە دەشتێکی پان و بەرینە لەبەشی باشووری کوردستانی عێراقدایە، سنووری جوگرافی ئەم ناوچەیە لەلای باکوورەوە رێگای سەرەکی نێوان "کەرکوک - چەمچەماڵ"وە لای رۆژئاواشەوە رێگای سەرەکی "کەرکوک - خوورماتوە"و لای باشوریشی " هەرسێ رێگای شارەکانی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"کەلار- کفری- باوەنور"ەو لای ڕۆژهەڵاتیشەوە "زنجیرە چیاکانی قەرەداغ"ە. لەم پانتاییە جوگرافیەدا چەندین شارو دەیان شارۆچکەو هەزاران گوندی لێیەو شارۆچکەی قادر کەرم دەبێتە ناوەندی سەرەکی ئەم ناوچەیە. لەم قۆناغەدا، زۆرترین خەڵک دەستگیرکران و بێسەرو شوێن کران. وەک لە پێناسەی قۆناغی دووەمی شاڵاوی ئەنفال " جینۆساید" ووتم، تەمەنم "١٦" ساڵان بوو، بەهارێکی بارانـاوی بوو، هەواڵ هات بۆشار کەبەهەزاران کەس لە گوندی "ملە سورە" لەسەرجەم گوندەکانی ناوچەکەوە هاتوون و لەوێ کۆبوونەتەوە، دوای "٢" ڕۆژ کەمتر ئەوەی تەراکتۆری هەبوو بەتەراکتۆری خۆی و ئەوەی نەیبوو بەپێ و بەکەرو وڵاخ، دواتر لەنزیک گووندی "حەسیرە" بە ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕژێم بە ڕەتڵی گەورە گەورە گوێزرانەوە بۆ قەڵای قۆرەتوو، ئێمە لەناو شاری کەلار لەدرزی ستارەی ماڵەکانەوە تەماشایانمان دەکرد، چونکە جگەلەپاسەوانییەکی توند، سەر هەموو ڕێگاکان بە سەربازو هێزی جۆراو جۆر کۆنترۆڵ کرابوو، ئەمە جگەلە قۆڵەکانی "چەمچەماڵ - قادر کەرەم" و " نەیجوڵ - خورماتوو" و "شێخ تەویل - باوەنوور" و" سەرقەڵا- کفری" و " گوندی قوریچایی - کفری" و " سەنگاو - دەربەندیخان" کە بەهەزاران خێزان لەو قۆڵانە دەکەتنە بەردەستی ڕژێم و ئەویش لە خێراترین شاڵاودا بێسەرو شوێنی دەکردن.

## قۆناغی چوارەم: "شاڵاوی جینۆسایدی چوارەم"

ئەم شاڵاوە لە ٣ی مایس تا ٨ی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، بەشێکی بەرچاو لەسنووری پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، لەسنوورەکانی شارۆچکەکانی " تەق تەق، ئاغجەلەر، شوان، قەرەهەنجیر" و بەشێکی زۆر لە سنووری نێوان هەردوو شاری "کۆیەو چەمچەماڵ".

لەم شاڵاوەدا، بەسەدان گوند بەرکەوتن و بەهەزاران کەس بێسەرو شوێن کران. نووسەر "مەلا شاخی" لە کتێبی " ئەنفالی خاڵخاڵان" تەواوی ئەوانەی بێسەرو شوێن و جینۆساید کراون لەشاڵاوی ئەنفالی چوار " شاڵاوی چوارەمی جینۆساید" بە پشت بەستن بەسەرژمێری و بەڵگەنامەکان، بە زیاتر لە " ٣٧٧٥" سێ هەزارو حەوت سەدو حەفتاو پێنج هاوڵاتی کورد، لەژن و منال و پیرو پەککەوتە، مەزەندە دەکات و لیستێکی دوورو درێژی ناوی قوربانییەکانیشی تۆمار کردوە.

## ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت "شاڵاوی جینۆسایدی پێنج و شەش و حەوت"

ئەم شاڵاوانە لە ١٥ی حوزەیران تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ خایاند، تیایدا ناوچەکانی "بالیسان و هیران و نازەنین و شەقڵاوە و خۆشناوەتی و ڕەواندوزو چۆمان و سۆران"ی گرتەوە، چەندین شاڵاوی دوورو درێژی تێکەوت و بەهۆی سەختی و چڕی ناوچەکەوە، ڕژێم نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ئەگەرچی لەشاڵاوەکانی پێشووتر پشتیوانی و پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە بڕیبوو، بەڵام بەهۆی سەختی ناوچەکە هەم پێشمەرگە دەیتوانی بەرگری بکات و هەمیش خەڵک دەیتوانی لەچنگی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕژێم خۆی قوتاربکات، کەچی هێشتاش بەهەزاران خەڵکی گرت و بێسەرو شوێنی کردن.

## ئەنفالی هەشت " شاڵاوی جینۆسایدی هەشتەم"

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتای ئەم شاڵاوەی ئەنفال و جینۆساید، لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شاڵاوو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەورو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێک لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆک و دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەم شاڵاوەدا، زیاتر لە " ١٦٣" بەر پەلامارەکە کەوتن، تەنها ئەو خەڵکانە رزگارییان بوو، کە ئاودیوی سنووری تورکیا بوون، ئەوانی تر کە دەستگیرکران، وەک تەواوی خەڵکەکەی تر کەلە "٧" شاڵاوەکەی پێشوو گیرابوون و کۆمەڵکوژو بێسەرو شوێن کران، ئەمانیش چارەنووسیان هەروابوو.

ئەم شاڵاوەی جینۆساید، لەکاتێکدا ئەنجامدرا شەڕی نێوان " عێراق- ئێران" کۆتایی پێهاتبوو، رژێمی بەعس خۆی ناوی لێنا "خاتمە الانفال"، بەڵام خۆی لەڕاستیدا وانیەو پێچەوانەکەی راستە، بەڵکو لەدوای ئەم شاڵاوە "شاڵاوی هەشتەمی جینۆساید"، چەندین شێوازی تری جینۆسایدکردن دەست پێدەکات، هەروەک کوشتن و بێسەرو شوێنکردن و برسیکردن و بێکارکردن و ئاخنین لە ئۆردوگاو زۆر شێوازی تر جینۆسایدکردن.

## دەست نیشانکردنی بەر پرسیارێتی لە جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا "جینۆساید"

ئەوەی لە جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، بە پەلەی یەکەم یەکەم بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، ئەم جومگە سەرەکی و ناوەندیانەی سیستەمی حکومڕانی بەعسن، لەوانە " ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵوەشاوەی شۆڕش و ئەندامەکانی، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و سەرکردایەتی و مەڵبەندو لقەکانی لە سەر ئاستی پارێزگاو شارەکانی باشووری کوردستان، سوپای عێراق و هێزی ئاسمانی "بە یەکەکانی کۆماندۆ، هێزی تایبەت، ئەندازیاری و یەکەکانی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی"، گاردی کۆماری، بەڕێوەبەرێتی گشتی هەواڵگری سەربازی، بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاسایش، هێزەکانی کوتوپڕ، فەوجەکانی بەناو بەرگری نیشتمانی " موستەشارو جاش"، سوپای میلی، لیژنەی پێشوازی کردن لەوانەی دەگەڕانەوە یان دەیانەویست خۆیان رادەستی هێزەکانی رژێم بکەن، لیژنەی ئەمنی بە ناوی بەگژاچوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە، لیژنەی بەدوادا چون بۆ ئەوانەی دەگەڕانەوەو راونانی هەڵاتووەکان".

لەنێو ئەم جومگە سەرەکی و یەکەو ناوەندانەدا، بە سەدان تۆمەتبارو داوا کراو هەن، کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال وەک تاوانی "جینۆساید"، بە تایبەت ئەو دەزگایانەی چ سەربازی یان ئەمنی یان هەواڵگری یاخود لقی پارتی بەعس لە پارێزگاکانی هەرێم یان هێزی ئاسمانی، هەموویان بە پێی بڕیاری ژمارە "١٦٠"ی ٢٩ی مارتی ١٩٨٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، خرابوونە ژێر دەسەڵات و فەرمانی راستەوخۆی "عەلی حەسەن مەجید" بوون، بە واتایەکی تر تەنها بە گەڕانەوە یان وەرگرتنی ئۆکەی لە "عەلی حەسەن مەجید" دەیانتوانی پەلامارو کۆمەڵکوژی و شاڵاوێک ئەنجام بدەن و خەڵک بگرن و بکوژن و زیندانی بکەن و بێسەرو شوێنی بکەن.

بڕیاری ژمارە "١٦٠" ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، لەو بەروارەی سەرەوە کە باسمان کرد، دەسەڵاتی رەهای لە بوارەکانی " دەزگاکانی دەوڵەت، حیزبی، سەربازی، ئەمنی، هەواڵگری" بە هەموو واتایەک بەخشیبوە "عەلی حەسەن مەجید" و پێویستی بە هیچ دوو دڵی و گەڕانەوەیە نەبوو، بۆ هەر بڕیارێک بیدات و بیەوێ جێبەجێی بکات.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ریزبەندی بەرپرسیارێتی سەربازی، جگە لە "سەدام حوسێن" وەک سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و "عەلی حەسەن مەجید" وەک بەرپرسی یەکەم لە باشووری کوردستان لە هەموو ئاستەکان، بەم شێوەیە دەست پێدەکات بۆ یەکەکانی خوارەوە " وەزیری بەرگری عێراق "عەدنان خەیروڵا" کە دواتر بە پلانی "سەدام" لە ڕێگای کەوتنە خوارەوەی "هێلی کۆپتر کوژرا، سەرۆک ئەرکانی سوپا "نزار عەبدل کەریم خەزرەجی" کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێیە، فەرماندەی فەیلەقی یەک کە بارەگاکەی لە کەرکوک بوو "سوڵتان هاشم"، فەیلەقی پێنج کە فەرماندەکەی "یونس مەحمەد زەرب" بوو، فەرماندەی مەیدانیش لیوا رووکن " ئەیاد خەلیل زەکی و بارق حاجی عەبدوڵا حنتە" بە دوای یەکدا فەرماندەیی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک و دوویان کردوە. ئەمە جگە لە چەندین فەرماندەی تری سەربازی لە ئاست و پلەی جیاجیا سەرپەرشتی و ئەنجامدەری هەر هەشت شاڵاوەکە بوون و تەواوی دەزگاکانی تری حکومەت و حزبی و سەربازیش، هەماهەنگ و هاوکارو چاوساغی هیزی سەربازی بوون، کە بڕوای ئێمە تێکڕای ئەوانە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، لە سەروویانەوە "سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید" کە لەبەرامبەر بەشێک لە بەرپرسیارێتی تاوانەکانیان لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دادگایی کران و لە سێدارە دران.

تێبینی: بڕوانە لیستی یەکەم و دووەم، لە بەشی بەڵگەنامەکان، کە بە روونی ناوی تاوانبارو تۆمەتبارەکان دەست نیشان دەکات

بەشێک لەوگووندانەی بەری شاڵاوی جینۆساید کەوتوون

زۆرترین ئەو ناوچانەی کەهەشت شاڵاوەکەی جینۆساید "ئەنفال" یان تێدا ئەنجامدراوە، گووند "لادێکان"ن، لادێکان ئەو شوێنانەن، کە خەڵکی سیڤیلی لەسەرجەم چین و توێژەکات تێدا نیشتەجێبوون، زۆربەی ئەو خەڵکە بەگشتی سەرقاڵبوون بەکاری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، ئەوەی لەخوارەوەو لەخشتەکەدا دەبینرێت، بەشێکە لەوگووندانەی کەلەهەشت قۆناغەکەی شاڵاوی جینۆساید بەرکەوتوون و خەڵکەکەی بێسەرو شوێن کراون. سەرنج بدە خشتەکە کەتیایدا بەروونی سنووری هەرچوارپارێزگاکەی باشووری کوردستان و کووندە بەرکەوتوەکانیان بەژمارە دیاری کراوە. پشڕاستکردنەوەشیان بەپێی یەکێک لەبەڵگەنامەکانی دادگای باڵاێ تاوانەکانە لەعێراق کەدوای رووخانی رژێمی بەعس، دەیسەلمێنێ و دانی پێدا دەنێ.

ژمارەی گووندەکان و سنووری پارێزگاکانیان لە باشووری کوردستان

## ژمارەی گووند شار، شارۆچکە پارێزگا

٨٣ کۆیە، هەولێر
٣٧ خورماتوو، نەوجوول سەڵاحەدین
٤٩ قەرەداغ، سلێمانی
٤٩ چەمچەماڵ، شوان کەرکوک
٥٢ چەمچەماڵ، سەنگاو کەرکوک

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٧٦ چەمچەماڵ، ئاغجەلەر کەرکوک

٤٤ کەلار، تیلەکۆ سلێمانی

٣٩ کەلار، پێباز سلێمانی

٢٧ چەمچەماڵ، قەرەحەسەن کەرکوک

٣٤ سوورداش سلێمانی

٢٣ کفری، سەرقەڵا دیالە

٨٥ چەمچەماڵ، قادر کەرەم کەرکوک

١٠ چوارتا، ماوات سلێمانی

١٣ شەقڵاوە، بالیسان هەولێر

٢٣ ئامێدی دهۆک

٣٥ ئاکری دهۆک

١٩ شێخان موسڵ

١٠٠ زاخۆ دهۆک

٦٢ دهۆک

بەوردبوونەوە لە خشتەکەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە تەنها لە "٨" شاڵاوو پەلامارەکەی ئەنفالدا "جینۆساید"، "٣٥٣٤" گوونـد لە سنووری پارێزگاکانی " کەرکوک، سلێمانی، دهۆک، هەولێر" کەهەرچوار پارێزگا کوردییەکەی باشووری کوردستانن، جگە لە گرتن و کۆمەڵکوژکردنی دانیشتوانەکەی "جینۆسایکردن"، تەواوی گووندو شوێنی نیشتەجێبونەکانیشیان، سوتێنراوەو خاپوور کراوە. ئەمە جگەلەوەی پێش ئەم شاڵاوو پەلامارەش، بەچەند قۆناغێک و لەکات و ساتی گرتنە دەستی دەسڵات لەلای بەعسییەکان "پارتی بەعس" هەرجارەو بەسەدان گوند وێران و خاپوور کراون یان سوتێنراون و دانیشتوانەکەی راگوێزراون بۆ ئۆردگا زۆرە ملێکان، لەنموونەی گوندەکانی سەرسنووری "ئێران - عێراق، تورکیا - عێراق، سوریا - عێراق" و هاوکات سنووری بەشێک لەپارێزگا کوردستانییەکان.

دوای شەش مانگ تێپەڕبوون بەسەر دەسڵاتەکەیدا، لەسنووری پارێزگای کەرکوک لە قەزای دووبز "٢٢" گوندو لەسنووری پارێزگای هەولێر لە قەزای مەخمور " ٦ " گوندو لە ناحیەیی سەرگەڕاان " ١٤" گوند کە کۆی هەموویان دەکاتە " ٤٢" گوند، دانیشتوانەکەی ئاوارەو دەربەردەرکردوجێگاکانیانی بە عەرەب پڕکردەوە، ئیتر لەم کاتەوە بەکرداری دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی تۆخم و رەگەزە دژە مرۆییەکانی ئایدۆلۆژیای بەعس لەباشووری کوردستان و دژ بەکورد، دوا بە دوای ئەمەش بە ناوی پشتێنەی ئەمنی سەر سنورەوە لە نێوان " سوریا - عێراق و عێراق - تورکیا و عێراق - ئێراندا" لە پارێزگای " هەولێرو سلیمانی و دهۆک"دا سەرجەم ئەو گوندانەی خاپورکران و دانشتوانەکەی ئاوارەی شارو شارۆچکەکان کراون یان لە ئۆردوگا زۆرەملێمان نیشتەجێکران، "٩٢٦" گوندبوون، لە پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراویشدا ئەم بازنەیی توندتر کردەوەو عەرەبی لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا نشتەجێکرد، بەتایبەت سنوری پارێزگای هەولێرو دهۆک و ئەوپەڕی توانای دارایی و مەعنەوی بۆ رەخساندبوون، هەرلەدرێژەی ئەم هەڵمەتەدا " ١٢٠" گوندی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سنووری قەزای خانەقینی کوردستانی رووخان و سەرجەم دانشتوانەکەی، بەشێکی ئاوارەی ئێران بوون و بەشێکی زۆریشی بەرەو ناوەڕاست و خوارووی عێراق بران. هەروەها لەناوچەی زەنگ ئابادی سنووری شاری کفری کە سەربە پارێزگای کەرکوک بووە بەتۆبزی خراوەتە سەر پارێزگای دیالەی عەرەب نشین، زیاتر "٥٠" گوند لەساڵی ١٩٨٧ پێش شاڵاوەکانی ئەنفال "جینۆساید" خاپوور کراون و سوتێنراون و دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردگای زۆرە ملێ راگوێزراون.

## هێرشە کیمیاییە پێزانراوەکان لەباشووری کوردستان

لەساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ حکومەتی عێراق کۆمەڵێک هێرشی کیمیاوی ئەنجامدا، بۆسەر بەشێک لەناوچەوشاروشارۆچکە کوردستانییەکان، ئاکامی ئەم هێرش و پەلامارە کیمیاوییانە، جگەلە پیسکردنی ژینگەو بەسووتەمەرۆکردنی، چەندین ئاسەواری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە تائەم ساتەوەختەش کاریگەرییەکانیان بەردەوامی هەیە. ئەمەی خوارەوە بەشێک لەو زانیاریانەیە، کە دەکرێ بەرچاو روونییەک بداتە خوێنەری خاوەن مەبەست، و کۆی پەلامارە کیمیاوییەکان "٤٠" پەلامارو شاڵاون.

میدڵ ئیست وۆچ لە راپۆرتێکی بەناو نیشانی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد دەنوسێ:" روونتر ئەم خشتەیە تەنها ئەوهێرشانە دەگرێتەوە کەوا "میدڵ ئیست وۆچ" توانیویەتی تۆماری بکات لەرێگەی ئەو بەڵگەو شایەتانەوە کەبەچاوی خۆیان بینیویانن، ژمارەی راستەقینە رەنگە زیاتر بێت، چونکە زۆر راپۆرتی نەسەلمێنراوو ئیدیعامان پێگەیشتووە دەربارەی هێرشکردنی چەکی کیمیایی لەماوەی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ دا بەگوێرەی چاوپێکەوتنە مەیدانیەکانمان، لایکەمەکەی شەست گوند، جگە لە شارۆچکەی هەڵەبجە، بەگازی خەردەلو دەمارە گازیان هەردووکیان پێکەوە هێرشیان کراوەتە سەر، وادیارە رژێمی عێراق بۆچوار مەبەستی یەکتری تەواوکەر چەکی کیمیایی بەکارهێناوە.

راپۆرتەکە ئەو چوارمەبەستە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکان و دەست نیشانی دەکات:

١- بۆ لێدانی بنکەو بارەگا سەرەکیەکانو شوێنەکانی کۆبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی قەرەداخ ( ئەنفالی دوو) دۆڵەکانی بالیسانو سماقوڵی (ئەنفالی پێنجو شەشو حەوت)، زێوەشکان (ئەنفالی کۆتایی) بوون.

٢- بۆ هەراسان کردنو کوشتنی ئەو پێشمەرگانەی لەحاڵەتی پاشەکشەدا بوون لە کاتی چوونە پێشەوەی ئەنفالدا، هێرشی لەمجۆرە، ئەوانە بوون کە کرانە سەر "شاناخسێ" (ژمارە ١٤ لە خشتەکەدا) "کەڕێ زەردە" (ژمارە ١٩)، "تازەشار" (ژمارە ٢٠) و "ناوچەکانی شەقڵاوەو رەواندز" (ژمارە ٢٦ و ٢٧).

٣- بۆ سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لەسەر پشتگیری کردنیان بۆ پێشمەرگە، دراماتیکیترین حاڵەتیش بۆمبارانی هەڵەبجە بوو، پاش گرتنی لەلایەن پێشمەرگەو گاردەکانی شۆڕشی ئێرانەوە، ئەوانیتر، ئەو هێرشانەی ساڵی ١٩٨٧ دەگرێتەوە بۆ سەر"شێخ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەسانو بالیسان" (ژمارە ٤ ) هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر "سێوەسێنان" (ژمارە ١٥)و گۆپتەپە (ژمارە ٢٢).

٤- بۆ بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقین لەناوسەرجەم دانیشتوانی مەدەنیداو دەرپەڕاندن و ڕەوپێکردنی گوندنشینان لەماڵەکانیان، بۆئاسانکردنی گرتنو ڕاگواستنو کوشتنیان بەزۆری، دەستپێکردنی هەر قۆناخێکی پەلاماری ئەنفال لە هەرهەشت قۆناغەکەدا "شاڵاوی جینۆساید" ئەم جۆرە هێرشانەی دەگرتەخۆ. بەڵام لەئەنفالی کۆتایدا (خاتمە الانفال) لەناوچەی بادیناندا زۆر ئاشکرا دەرکەوتو زیاد لەسی گوند لەیەک کاتدا بۆمباران کران لەسەرکەرتێکی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا لە بەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٩٨ دا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاکردنەوەیەک لەنێوان ئەم ئامانجە جۆراوجۆرانەدا یارمەتی تێگەیشتنی ئەو بیرکردنەوە تاکتیکیانە دەدات کە پەلامارەکانی عێراقیان لەپشتەوە بوو، بەڵام لەزاراوەی یاساییدا ئەمە شتێکی بێ مانایە، چەکی کیمیایی بە سروشتی خۆی هیچ شتێک ناوبوێرێو جیاناکاتەوە، لەبەر ئەوە بەرکارهێنانی لەهەر هەلومەرجێکدا بێت، دەبێتە هۆکاری کۆمەڵکوژی. "

ئەم ئاماژەیەی کۆتایی دواپەرەگرافی ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە ئەو پۆلینکردنەی سەرەوە، ڕاستێنەی شتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، کە حکومەتی عێراقی و پارتی بەعسی فەرمانڕەوا، لەژێرهەر ناونیشان و بەهەرپاساوێک چەکی کیمیاوی قەدەغەکراویان بەکارهێنابێت، ئامانجە سەرەکیەکەی ڕوونە، ئەویش جینۆسایدکردنی گەلی کوردو لەنێوبردنی بووە کردارەکەشی پێچەوانەی هەموو یاساو ڕیسا نێودەوڵەتییەکان بوە، بەتایبەت ئەو ڕێکەوتنەی ساڵی ١٩٤٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدەوە.

## خشتەکە ڕوونتری دەکاتەوە

ژمارە بەروار شوین جۆر ژمارە

١- ١٥ / ٤ / ١٩٨٧ سەرگەڵوو - بەرگەڵوو فڕۆکە نازانریت
٢- ١٥ / ٤ / ١٩٨٧ شاخی گۆجار - ماوەت ڕاجیمە ...........
٣- ١٥ / ٤ / ١٩٨٧ زێوەشکان فڕۆکە ...........
٤- ١٦ / ٤ / ١٩٨٧ شێخ وەسان، بالیسان ........... ٢٢٥ - ٤٠٠
٥- ؟ / ٥ / ١٩٨٧ جافەران (قەرەداخ) ڕاجیمە ...........
٦- ؟ / ٥ / ١٩٨٧ سەرکۆ (قەرداخ) فڕۆکە ...........
٧- ٢٧ / ٥ / ١٩٨٧ گوندی بلە- دۆڵی مەلەکان فڕۆکە ١ +
٨- ٧ / ٥ / ١٩٨٧ بەرگوڵوو، هەڵەدن، یاخسەمەر، سێکانیان و ناوچەکانی دەروپشت (هێرشی چەند بارە). فڕۆکە + ڕاجیمە ٧+
٩- ؟ / ٢ / ١٩٨٧ ناوچەی شێخ بزێنی فڕۆکە ...........
١٠- ؟ / ٢ / ١٩٨٧ تەکی، بەلەطجار فڕۆکە ...........
١١- ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ هیڵەبجە هەڵەبجە ٣٢٠٠ + ٥٠٠٠

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفالی یەک (دۆلی جافەتی

١٢- ٢٣ / ٢ / ١٩٨٨ یاخسەمەر راجیمە ٥

١٣- ٢٣ / ٢ - ٨ / ٣ / ١٩٨٨ سەرگەڵوو، بەرگوڵوو، هەڵەدن و چیاکانی نزیکیان (لێدانی بەردەوام) فرۆکەو راجیمە + نازانریت

١٤- ٢٢ / ٣ / ١٩٨٨ شاناخسێ فرۆکە تا ٢٨

## ئەنفالی دوو (قەرەداخ)

١٥- ٢٢ / ٣ / ١٩٨٨ سێوەسێنان راجیمە ٧٨ - ٨٧

١٦- ٢٣ / ٣ / ١٩٨٨ دووکان (قەرەداخ) راجیمە ...........

١٧- ٢٤ / ٣ / ١٩٨٨ جافەران راجیمە ...........

١٨- ٢٤ / ٣ / ١٩٨٨ مەسۆیی راجیمە ...........

١٩- ٣٠ / ٣ / ١٩٨٨ کەژی زەردە (قەرەداخ) راجیمە ...........

## ئەنفالی سێ (گەرمیان)

٢٠- ١٠ / ٤ / ١٩٨٨ تازەشار فرۆکە ١٥ - ٢٥

## ئەنفالی چوار (دۆڵی زێی بچووک)

٢١- ٣ / ٥ / ١٩٨٨ عسکەر فرۆکە ٩

٢٢- ٣ / ٥ / ١٩٨٨ طۆثتەثە فرۆکە ١٥٤ - ٣٠٠

## ئەنفالی پێنج، شەش، حەوت (شەقڵاوە – رەواندز)

٢٣- ١٥ / ٥ / ١٩٨٨ وەرێ فرۆکە ٣٧

٢٤- ٢٣ / ٥ / ١٩٨٨ دۆڵەکانی سوێرە، بالیسان، هیران، سماقووڵی فرۆکە ٢ +

٢٥- ٢٦ / ٥ / ١٩٨٨ ئاکۆیان، فەقێیان، چیایی راجیمە ...........



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٦- ٣١ / ٧ / ١٩٨٨ دۆڵەکانی مەلەکان، سوێرە، گەرەوان، بالیسان، هیران، سماقووڵ، بنمێرد فڕۆکە ١٣ +

٢٧- ٨ - ٨ / ٢٦ / ٨ / ١٩٨٨ دۆڵی بالیسانو ناوچەکانی هاوسنوری (لێدانی بەردەوام) فڕۆکە نازانریت

## ئەنفالی کۆتایی (بادینان)

٢٨- ٢٤ / ٨ / ١٩٨٨ زێوەشکان فڕۆکە + راجیمە نازانریت

٢٩- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ برجینێ فڕۆکە ٤

٣٠- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ تلاکرو فڕۆکە نازانریت

٣١- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ گەڵناسکێ فڕۆکە نازانریت

٣٢- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ تویکا، بەرکەڤرێ فڕۆکە ١٤- ١٥

٣٣- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ وەرمێلی، بلێجانی فڕۆکە .........

٣٤- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ ئێکماڵە، هێسێ، خرابە فڕۆکە ٣ - ٦

٣٥- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ رویسێ، نزدوورێ فڕۆکە +١

٣٦- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ بەرەبێی فڕۆکە ..........

٣٧- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ سوارێ، سپیندار، ئاڤوک، سێدەرا (باشوری چیای گارە) فڕۆکە + ٢

٣٨- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ مێرگەتووی، باوەرکا کەڤرێو گوندەکانی تر (باکوری چیای گارە) فڕۆکە نازانريٍَت

٣٩- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ گوێزێ، ردێنیا شێرانەو گوندەکانی تر (باکوری چیای گارە) فڕۆکە + ٩

٤٠- ٢٥ / ٨ / ١٩٨٨ باڵووکا فڕۆکە نازانریت

لەکۆی ئەو "٤٠" پەلامارو شاڵاوە کیمیاویەیی بۆ سەرکوردستان و ناوچە کورد نشینەکان کراوە، وەک لەخشتەکەدا روون دەبێتەوە، زیاتر لە "" هەزار قوربانی لەژن و پیاوو پیرو منداڵ و مێرد منداڵ لێکەوتوەتەوە، ئەمە جگە لە چەندین کاردانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ژینگەیی، هاوکات بڵاو بوونەوەی چەندین نەخۆشی کەتائێستاو بۆ داهاتوویەکی دووریش کاریگەری نەرێنیان دەمێنێ.

نموونەی ئافرەتی بەرکەوتووی کۆمەڵکوژکراو "جینۆساید" (٤٢) گووند

ئەم خشتەیەیی خوارەوە نموونەیەکی سەلمێنراومان دەخاتە پێش دەست و پێمان دەڵێ لە کۆی (٤٢ ) گووند، لەساڵی ١٩٨٨ لە قۆناغی سێیەمی شاڵاوی جینۆساید "ئەنفال" کۆمەڵکوژکردنی دانیشتوانەکەی بەچ شێوەیەک ئەنجام دراوە، چەندیان ئافرەت بوون و کۆمەڵکوژ کراون، وردبوونەوەی زیاتر لە خشتەکە ڕاستیەکان ڕوونتر دەبنەوە. هێنانەوەی ئەم نموونەیەو خشتەکە بۆ ئەوەنییە کە گومان هەبێ لە کردەی کۆمەڵکوژییەکە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانین ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس چۆن و چەن دڵڕەقانە لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ لە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە، کردەی کۆمەڵکوژی ئەنجام داوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەخشتەکە ورد بەرەوە

ژ. ناوی گووند ژمارەی کۆمەڵکوژکراو ڕەگەزی نێر ڕەگەزی مێ

١- نەوجوول ١١٥ ٧٣ ٤٢
٢- گەرمک ٢٧٢ ١٧٢ ١٠٠
٣- دووڕاجی ١٥٩ ١١٩ ٤٠
٤- زینانە (١) ١٦٣ ١٣٤ ٣٩
٥- عەزیز قادر ٢١٥ ١٠٧ ١٠٨
٦- زینانە(٢) ١٩٣ ١٠٩ ٨٤
٧- وارانی (١) ١٠١ ٦٧ ٣٤
٨- تالاو ٩٥ ٦٩ ٢٦
٩- وارانی (٢) ١٢٩ ٦٩ ٦٣
١٠- ساڵەیی ٩٠ ٦٠ ٣٠
١١- محمود بەگ ٦٠ ٤٢ ١٨
١٢- قەواڵی ١٠١ ٥٢ ٤٩
١٤- پەڵکانە(١) ٤٧ ٢٧ ٢٠
١٥- باشتەپە ١٦ ٩ ٧
١٦- قومپەڵک(٢) ٢٣ ١٦ ٧
١٧- شۆراو ١٣ ١١ ٢
١٨- تەپەچەرموو ١١ ٩ ٣
١٩- عارەب ئاغا ١ ١ -
٢٠- نامیق ٤ ١ ٣
٢١- گومەتە بۆر ١ ١ -
٢٢- چەچان ٤ ٤ -
٢٣- حیدەرەسوور ١١٠ ٥٧ ٥٣
٢٤- ئیمام محمد ٣٦ ٢٢ ١٤
٢٥- چەوری ٨٩ ٥٩ ٣٠
٢٦- قەڵا ٢٣ ١٣ ١٠
٢٧- ئۆمەر سۆفی ٢٥ ١٦ ٩
٢٨- لفتی ئاغا ٥٣ ٣٢ ٢١

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٩- تازە شار ٢١ ٢١ -

٣٠- کانی قادر قەڵا ٤٨ ٤٨ -

٣١- کۆشک ٢٤ ٢٢ ٢

٣٢- ئاوباریک ٤٤ ٤٢ ٢

٣٣- سۆفی ڕەزا ٢١ ١٧ -

٣٤- عزیز بەگ ١١٠ ٢١ ٣٥

٣٥- شێخ جلال ١٩ ١٩ -

٣٦- شێخ حەمید ٤٤ ٤٣ ١

٣٧- کانی قادری ژوورو ٣٧ ٣٧ -

٣٨- کۆرو مۆر(١) ٢٣ ٢٢ 11

٣٩- کۆرومۆر(٢) ٤٢ ٢٩ ١٣

٤٠- کانی قادر کەلاوە ٣٥ ٣٥ -

٤١- دارتوو ٢٤ ٢٢ ٢

٤٢- بنەکە

سەرجەم ٤٢ ٢٥٧٥ ١٧٢٩ ٨٩٨

ئەمەی سەرەوە تەنها نموونەی "٤٢" گووند بوو، کە چۆن هەردوو ڕەگەزی لە "نێرو مێ" تێدا جینۆساید کراوە. ئەم "٤٢" ش دەکەوێتە سنووری قۆناغی سێیەمی شاڵاوی ئەنفال "جینۆساید" کە لەبەرواری ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ ئەنجامدرا. دیارە بەسەدان گوندی تریش لەم قۆناغەی شاڵاوی ئەنفال "جینۆساید" بەرکەوتوون، بەڵام زانیارییەکان وەک پێویست بەردەستی ئێمە نەکەوتن بۆ ئەوەی وەک پێویست دایاننێین. بەڵام وەک لە خشتەکە روون دەبێتەوە لە سەرجەم ئەو "٤٢" گوندەدا، ژمارەی بێسەروشوێنکراوان و جینۆساید کراوان "٢٥٧٥" دووهەزارو پێنج سەدو هەفتاو پێنج کەسە، کە "١٧٢٩" کەسیان لە ڕەگەزی نێرە بە مناڵ و گەورەو گەنج، "٨٩٨" کەسی تریشیان لە ڕەگەزی مێیە بە پیرو مناڵ و گەنج.

## جینۆسایدی "بالیسان"

شارۆکەی "بالیسان"، یەکێکە لە شارۆچکە ناودارەکانی کوردستان، لە رووی ئیدارییەوە دەکەوێتە سەر شاری "شەقڵاوە"، لەبەر ئەوەی شارۆچکەی "بالیسان" و دەورو بەری کە دەکاتە گوندەکان و ژمارەیان "٨٣" هەشتاوسێ گوندە، جگە لەوەی پێگەیەکی ستراتیژی هەبووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیشدا، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوە، بەردەوام لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق روو بە ڕووی هێرش و پەلامار بوەتەوە، بە تایبەت لە سەردەمی دەسڵاتی پارتی بەعسی فەرمانڕەوا، کە بۆماوەی یەک چارەکە سەدە لە ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ فەرمانڕەوایی عێراقی کرد.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بالیسان، بەچەندین شێوەو چەندین جار روو بەرووی شالاوی جینۆساید بووەتەوە، دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە هێش و پەلامارەکانی شالاوەکانی جینۆساید بۆ سەر بالیسان و گوندەکانی دەورو بەری پۆلین بکەین:

یەکەم: لە ١٦ - ١٦ - ١٩٨٧ رژێمی بەعس کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و گوندەکانی کانیبەرد، بالۆکاوەو زنجیرە چیای دەرە شێرو ناوچەی ساوسێوکانی کرد، لەم شالاوەدا ژێدەرو سەرچاوەکان پشراستی دەکەنەوە کە ژمارەی قوربانییەکان، لە ئەنجامی شالاوی کیمیابارانکردنەکەدا، "٣٩٠" هاولاتی سیڤیل بوون، کە "١٠٩" راستەوخۆ شەهید بوون و "٢٨١" کەسیشیان بریندار بوون و دواتر زۆریان لە ئەنجامی سەختی برینەکانیان گیانیان لە دەستدا.

دووەم: لە ٢١ - ٤ - ١٩٨٧ جارێکی تر دۆڵی بالیسان دەکەونە بەر شالاوی کیمیابارانکردنی فڕۆکەکانی بەعس و زەرەرو زیانێکی زۆر بە دانیشتوانی ناوچەکە دەگەیەنن.

سێیەم: لە ٢٣ - ٥ - ١٩٨٧ گوندەگانی "کوڕە شێرو کەندول و بلێ" بەچەکی کیمیاوی بۆردومان دەکات.

چوارەم: لە ٢٧ - ٥ - ١٩٨٦ جارێکی تر گوندەکانی "مەلەکان، بلەی خوارو، بلەی سەروو، تارینان، دۆڵی سماقولی" کیمیاباران دەکات و لە ئەنجامدا، "٨" شەهیدو "١٢" برینداری لە هاولاتیانی سیڤیل لێدەکەوێتەوە.

پێنجەم: لە ٢ - ٧ - ١٩٨٨ جارێکی تر گوندی "سەروچاوە، سماقولی، گەناو، شارسینە، خەتێ، دەراش، بالیسان، نازەنین، گەروان" دەکات و لە ئەنجامدا زەرەرو زیانێکی زۆری مادی و مەعنەوی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

شەشەم: لە ٣١ - ٧ - ١٩٨٨ بۆجارێکی "سماقولی و بالیسان، هیران" بەچەکی کیمیاوی لەلایەن رژێمەوە بۆردومان دەکرێت و قوربانی و برینداری لێدەکەوێتەوەو زیانی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێ.

حەوتەم: لە ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ گوندەکانی "خەتێ و وەرێ" دەکەونە بەردەم پەلامارو شالاوی کیمیابارانکردنی فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس، لەهەمان کاتدا شاری رەواندوز دەکەوێتە بەردەم پەلاماری کیمیابارانکردن و زەرەو زیانی زۆری مادی و مەعنەوی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە سەر کیمیابارانکردنی "شێخ وسان و بالیسان" عەدالەت عومەر سالەح بەم شێوەیە پۆلینی قوربانییەکان دەکات ": ٢٤ چوار شەهید لە بالیسان لە ئەنجامی راستەخۆی چەکی کیمیاوی کە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵی گوندە کۆمەڵکوژکراون و دواتر دەرهێنراونەتەوە، لە شێخ وەسان "١٠٣" شەهید لە ئەنجامی راستەوخۆی چەکی کیمیاوی و لە گەڵ "٥٠" کەسی تر کە لە گوندی سەروچاوە لە گۆڕێکی لە کۆمەڵ نێژراون، "٣٣" منالی تەمەن خوار "٤" ساڵ و "٢٨" منالی تر تەمەن "٥ تا ١٤" ساڵ، لە گەڵ "٩" کەسی تەمەن لە نێوان "٦٠ تا ٨٥" ساڵ، کە دیسان بەچەکی کیمیاوی شەهید کراون. لە کاتی گواستنەوەی بەرکەوتوانی کیمیاوی بۆ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەخۆشخانەی شاری رانیە "١٠" کەس شەهید بوون و "٤" کەسی تریش لە نەخۆشخانەی هەولێر شەهید بوون. "٧٥" هاوڵاتی تر لە رەگەزی نێرو لە تەمەنی کامڵدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بێسەرو شوێن کراون و "٢٢" کەس تری خەڵکی بالیسان و "٥٠" کەسی خەڵکی تری شێخ وەسانان، دیسان بێسەرو شوێن کراون.

جگە لەم ئامارانەی سەرەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەو بەراورد کارییەکان، بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەست مەزەندەی ئەوە دەکەن، کەسەرجەم قوربانیەکانی دۆڵی بالیسان "٤٠٠" قوربانی بن، کەبەر چەکی کیمیاوی کەوتوون و شەهید بوون.

## جینۆسایدو کیمیابارانی"گۆپتەپە"

گوندی گۆپ تەپە یەکێک بوە لە گوندە ئاوەدانەکان و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە هۆی شوێنی جوگرافی و پێگەی ستراتیژییەوە زۆر بوەو بەردەوامیش روو لە زیادبوون بوە، ئەم گوندە رێک دەکاتە سەر زێی بچوک و دەکەوێتە سنووری ئیداری شارۆچکەی ئاغجەلەر سەربە قەزای چەمچەماڵ. لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە، سەخت بوەو بە سانایی بۆ رژێمی بەعس رام نەکراوە یان نەیتوانیوە دەستی بگاتێ و دانیشتوانەکەی دەستگیرو دەسبەسەر بکات.

لە ٣ - ٥ - ١٩٨٨ رژێمی بەعس بە رێگای فڕۆکەی جەنگی گوندی "گۆپتەپە"ی کیمیابارانکرد، بە شێوەیەک کە تەنانەت دانیشتوانی گوندەکەو ناوچەکەش بڕوایان نەدەکرد، حکومەت بەو شێوە دڕندانەو بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، پەلاماری گوندەکەیان بدات و جینۆسایدیان بکات.

ئەنجامی ئەم شاڵاوەی جینۆسایدی گوندی "گۆپتەپە"، بە دیاریکراوی "٣٣٥" شەهیدو قوربانی بوو، لە "مناڵ و پیرو گەنج و ئافرەت"، ئەمە جگە لە چەندین برینداری تر، کەئێستاش ئاسەوارەکانی ماون و کاریگەری نەرێنی بەدوای خۆیاندا دێنن.

## جینۆسایدی"سێوسێنان"

گوندی "سێوسێنان" کە ئێستاو دوای راپەڕینی ١٩٩١ گەلی کوردستان کراوەتە شارۆچە، ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە نێو ناوەندی ناوچەی قەرەداغەوە، لە رووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای قەرەداغەو دەکەوێتە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە، بە دەیان گوندی لە سەرە. پێگەیەکی ستراتیژی ناوچەکەیەو دانیشتوانەکەی بەکاری کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن، وەک لە رابوردووشدا بەهەمان کارو کاسبییەوە سەرقاڵ بوون.

لە قۆناغی دووەمی شاڵاوی ئەنفال " شاڵاوی جینۆساید" کە لە ٢٢ی مارت تا ١ی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکردو کۆتایی پێهات، گوندی "سێوسێنان" یەکێک بوو لەو گوندانەی کە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک کەوتە بەر شاڵاوی کیمیابارانکردن لە کاتژمێری "12" ی شەو لە رێگای تۆپی دوور هاوێژ لە شاری دەربەندیخانەوە. ئاکامی ئەم کیمیابارانکردنەش کە بە دیاری کراوی لە ٢٢ - ٣ - ١٩٨٨ کرا،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە "٨٦" شەهیدو بە دەیان قوربانی و بریندراری لێکەوتەوە، کە هەموویان ژن و منالْ و پیرو گەنج بوون.

## جینۆسادی مەسیحی و ئێزدییەکان لە شالاّوی ئەنفالی هەشتدا

وەک لە پێناسەی قۆناغەکانی شالاّوی ئەنفالدا ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەتای ئەم شالاّوەی ئەنفال و جینۆساید، لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شالاّوو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەورو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێک لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆک و دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەم شالاّوەدا، زیاتر لە " ١٦٣" بەر پەلامارەکە کەوتن، تەنها ئەو خەڵکانە رزگارییان بوو، کە ئاودیوی سنووری تورکیا بوون، ئەوانی تر کە دەستگیرکران، وەک تەواوی خەڵکەکەی تر کەلە "٧" شالاّوەکەی پێشوو گیرابوون و کۆمەڵکوژو بێسەرو شوێن کران، ئەمانیش چارەنووسیان هەروابوو.

لەم پەلامارەدا، کە پێی دەوترێ قۆناغی هەشتەم "٦" گوندی ئێزدی و مەسیحی ئەنفال و جینۆساید دەکرێن، کە ئەوانیش ئەم گوندانەی خوارەوە "دۆسکی، سەرسەنگ، دۆسکی، بەرواری بالاّ، دێرە لووک، نیروەو رێکان"، ئەوانەی لەم "٦" بێسەرو شوێن کراون بەم شێوەیە " ١٥٠" بێسەرو شوێنکراو، "٣٤" پیاو، "٣٠" ئافرەت، "٤١" منالْ، "٤٥" دیارینەکراو، واتە ئەگەر سەرنج بدەی ژمارەی منالْ ئەوەی زانرەوەو پشراست کراوەتەوە زیاترە لە نێو بێسەرو شوێنکراوان، کە جینۆساید کراون، ئەمەش هێندەی تر دڵرەقی و شێوازی درندانەی پەلامارەکەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە لەلایەن "بەعس" وە ئەنجامدراوە.

## جینۆسایدی شاری "سەید سادق"

قەزای سەیدسادق لەرووی جوگرافییەوە دەکەوێتە رۆژهەلاّتی پارێزگای سلیمانی، بەدووری "٥٣" کیلۆمەتر لە ناوەندی پارێزگای سلیمانییەوە، یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٩٣٠٠٠ هاولاّتی دەبێت، هەروەها دەکەوێتە ناوەندی قەزاکانی (پینجوین، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید)، وەک دانیشتوانی قەزاکە بەشێکیان گوزارشتی لێدەکەن، بە پایتەختی شارەزوور ناوی دەبەن. لە رووی مێژووییەوە سەید سادق لە "٢٢ " ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ بە بڕیاری ئەوکاتەی حکومەتی عێراق کراوە بە ناحیە، بە ناوی "ناحیەی شارەزوور" وە، لە بەرواری ٢٢ / ٢ / ٢٠٠٧ بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بە قەزا.

لە مێژووی دوورو نزیکی سنووری قەزای "سەید سادق" دا، چەندین جار روو بەرووی تاوان و ستەملێکردن بوەتەوە، بەڵگەنامەو دیکیۆمتەکان ئەوە پشت راست دەکەنەوە، جۆری ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە "سەیدسادق" و دانیشتوانەی ئەنجام دراوە، تاوانی "قڕکردنی بەکۆمەڵ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جینۆساید" بوون.

بۆ ساغ کردنەوەو ناساندنی راستێنەی ئەو تاوانانەی سەرەوە، هاولاّتیان و پارێزەران و یاساناسانی سەیدسادق لە بەرواری ١٣ / ٣ / ٢٠٠٩ لە رێگەی داواکاری گشتی بەغدادەوە سکالاّیان تۆمارکرد لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی کە دەستیان هەبوو لە رووخاندن و راگواستنی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

“سەیدسادق”، هەمان ئەو تۆمەتبارانە بوون کە دەستیان هەبوو لە جینۆسایدو ئەنفالکردنی ناوچەکانی گەرمیان، ئەم سکاڵایەش بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە “١٠” ی ساڵی ٢٠٠٥، بە پێی مادەکانی “١١،١٢” لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوکاتەی عێراق ئەم یاسایە دەرکرا. پاش لێکۆڵینەوە لە کەیسی وێرانکردن و راگواستنی سەید سادق لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە هەوڵ و کۆششی پارێزەران و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەریمی کوردستان و لیژنەی بەدواداچوونی یاسایی کەیسەکانی کوردستان، لە بەرواری ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٣ بریاری بەجینۆسایدناساندنی “قەزای سەید سادق” لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەرچوو، کە ئەم کەیسەش بە کرداری دریژکراوەی شالاوەکانی ئەنفال بریاری لەسەردرا، کە سەرەتای باسەکەمان لە سەر جینۆسایدکردنی باشووری کوردستان بە روونی ئاماژەمان بۆکردو دواتر زۆرێک لە وێستگەکانیمان خستە ڕوو.

جگە لە وێرانکردن و خاپورکردنی شارەکەو دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی، بە پێی داتاکانی بەردەست، ژمارەی گوندە راگوێزراوەکانی قەزای “سەید سادق” “٥٤” گوندن، کە لەدوای ڕووخاندنی “سەیدصسدق” لە ساڵی ١٩٨٨، سەرجەم گوندەکان راگوێزران بۆ ئۆردووکا زۆرەملیکانی “نصرو برایەتی” و بە زۆرەملی تێیدا نیشتەجێکران.

ئەمەش بەپیی ئەو یاسایەیی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، و بە پشت بەستن بە پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان، تاوانی جێنۆسایدو دژە مرۆڤایەتی بوون.

## جینۆسایدی گوندی “سۆریا”

گوندی “سۆریا” لە باشووری کوردستان، دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆک و سەربەقەزای زاخۆیە، کۆمەڵکوژی “جینۆسایدی” گوندی “سۆریا”ی کلدانی، یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی رژێمی بەعس، گە لە رۆژی ١٦ی ئەیلولی ١٩٦٩ بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەنجامی دا.

ئەم کۆمەڵکوژیە بە تاوانێکی گەورەو دژی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێ، کە تیایدا “٩٧” هاوڵاتی لە ئافرەت و مناڵ و پیرو گەنج، بوون بە قوربانی و “٤٩” هاوڵاتی تر، “٣٩” لە کلدانی و “١٠” لە کورد، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو وەحشیانە کوژران و سوتێنران.

لەم شاڵاوەدا، کە بۆسەر گوندی “سۆریا” کرا، تەنانەت پارێزی لە ئاژەڵ و پەلەوەرو ژینگەش نەکراو بە تێکرا، کوژران و سوتێنران و لەنێو بران، ئەمەش ئەوەندەی تر دڵڕەقی و وەحشیگەرێتی رژێمی بەعس دەردەخا، کەچەند بەشێوەیەکی بەربەریانە گوندێک و دانیشتوانەکەی، ئاڵ و پەلەوەرەکانی، خاک و دانەوێڵ و ژینگەکەی، پێکەوە دەکوژی و دەسوتێنێ.

شاهید حاڵێکی زیندووی کاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی گوندی “سۆریا” “سەید حنا ئیلیا ئەل گزنجی” دەگێڕێتەوەو دەڵێ”: بەیانی رۆژی سێ شمە رێکەوتی ١٦ی ئەیلولی ١٩٦٩ مەفرەزەیەکی سەربازی بە پێشی گوندەکە بەرەو فیشخابوور بەسەرکردایەتی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مولازم عەبدل کەریم ئەل جحێشی تێپەڕین، دوای ماوەیەکی کورت خەڵکی گوندەکە گوێیان لە دەنگی تەقینەوەیەک بوو لە دوور، ماوەیەکی کەمی بەسەردا تێپەڕی سریەیەکی سەربازی هاتن بۆ گوندەگە. خودی مولازم "جحێشی" بڕیاریدا بە "موختار"ی گوندەکە کە هەموو خەڵکەکە کۆبکاتەوە، باوکی یەکێک لە شەهیدەکان هەوڵی دا خەڵکی گوندەکە بەلای چەپ و راستدا لە ترسی کوشتن هەڵبێن. لەم کاتەدا بوو باوکی ئەو شەهید حنا دەیەویست قەناعەت بە مولازمەکە بکات، هێمن بنەوە کە هیچ مەترسییەکیان لەسەر نیە، چونکە دڵنیابوو لە پاکی و خاکێتی دانیشتوانی گوندەکە.

هەروەک پرسیاری لە مولازم "جحێشی" کرد، کە هۆکاری کۆکردنەوەی خەڵکەکە بەو شێوەیە چیە؟ لەبەرامبەردا مولازمەکە تۆمەتی هاوکاری هێزی پێشمەرگەی دایە پاڵ گوند نشینەکان و لە چاندنی ئەو مینەی بە سەربازەکاندا تەقیەوە. باوکی شەهید "حەنا" هەوڵی دا تێی بگەیەنێ دانیشتوانی گوندەکە هیچ ئاگایەکیان لەو بابەتە نیە، هەموویان جوتیارو خەڵکی سادەو هەژارن، هیچ شتێک لەبارەی مین و دژایەتی هێزە سەربازییەکان نازانن، وە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکە نیە.

بەڵام مولازم جحێشی جەختی کردەوەو ووتی": ئەگەر ئەنجامدەری ئەو کارەم رادەست نەکەن، ئەوا هەمووتان تاوانبارن، هەمووتان ترسنۆکن و هەمووتان گولە باران دەکەم". خوێن و عەزەب و تووڕەیی لە ناو چاوی دەباری، کاتێک سەربازەکانی دانیشتوانی گوندەکەیان لە ژن و منداڵ و پیر کۆکردەوە، کاتێک مولازم جحێشی کەسی وەک ئەنجامدەری ئەو کردەوەیە نەدۆزییەوە، میلی چەکەکەی راکێشاو ئەمری بە سەربازەکانی کرد، دەست بە گولە بارانکردنی خەڵکی گوندەکە بکەن. لەم کاتەدا ئافرەتێکی بوێر بە ناوی "لەیلی خمو" روو بە رووی "جحێشی" بوەوەو بو مەبەستی راوەستاندنی لە کوشتنی خەڵکە بێتاوانەکە چەکەکەی بە زۆر لێساند، لەبەرامبەردا تاوانبار " جحێشی" نەیتوانی چەکەکە لەو ئافرەتە وەربگرێتەوەو دەنچەکەی دەرهێناو "لەیلی خمو"ی شەهید کرد. دواتر ئەمری بە سەربازەکان کردەوە کە هەموو دانیشتوانی گوندە گولەباران بکەن و بکوژن، لە ناویاندا قەشەی گوندەکە.

گولە بارانکردن بەردەوام بوو، تا بەتەواوی دڵنیابوون لەوەی یەک نەماوە بە پێوە، شوێنەکە کە خەڵکەکەی تێدا کۆکرابوونەوە زۆر بچوک بوو، بۆیە تەرمی کوژراو شەهیدەکان یەک بەسەر ئەویتردا کەوت، لە نێو کۆمەڵکوژیەکەدا هەندێ کەس یان گولەی بەرنەکەتبوو یان بریندار بوو مابوونەوە. دواتر ئاگریان بەردایە ماڵەکان و رەزو بێستانەکان، خەڵکەکە کۆمەڵکوژ کراو گوندەکەش سووتا.

دوای تەواو کردنی تاوانەکە، لەلایەن دەزگا حکومی و بەرپرسەکانی ناوچەکە بڕیار درا هیچ گومانێک جێنەهێڵێ، روونیشە بڕیاری ئەم کۆمەڵکوژیە لە لایەن بەرپرسانی باڵاوە بوو، هێزە سەربازییەکان بڕیاریاندا بەوەی نابێت هیچ یارمەتی و کەرەستەیەکی تەندرووستی بگاتە شوێنی تاوانەکە، بۆ ماوەی "٢" رۆژ یان "٣" رۆژ بە برینداری و لە ناو خوێندا مانەوە.

دوای "٣" رۆژو تەدەخولکردنی کەسایەتیە ناسراوەکانی ناوچەکە، رێگەیاندا تەرمی شەهیدەکان بنێژرێن، و برینداراەکان بنێردرێن بۆ نەخۆشخانە. لەم تاوانەدا "٣٥" کەس کە هەندێکیان منداڵ بوون و تەمەنیان نەگەشتبوە "١" ساڵ گیانیان لە دەستدا.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەید حەنا ئەل گزنخی داوا دەکات، و دەڵێ" : نابێت بەرپرسان ئاسەواری ئەم تاوانە بسڕنەوەو هاوکات دەڵێ: من داوا لە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، ئەم تاوانە وەک تاوانی دژی مرۆیی بناسن، وەک ئەو سەدان تاوانەی تر کەلەلایەن رژێمی تاوانباری عێراقی لە گۆڕنراو ئەنجامدراون.

هەروەک داواش دەکرێ کۆمەڵکوژی گوندی "سۆریا" بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندن. پاش کەمێک راوەستان لە قسەکردن، دەستی کردەوە بە قسەکردن و ووتی: من ئەوکات تەمەنم "١٠" ساڵ بوو، ئێمە نەمانزانیبوو چی روویداوە لە گوندەکە چونکە ماڵمان لە پەڕی گووندەکە بوو، تەنها ئەوە نەبێت سەربازەکان هاتن و ناچاریان کردین بچین بۆ شوێنی کۆکردنەوەی خەڵکی کوندەکە، من و باوکم و دایکم و خوشکەکانم کە مناڵتر بوون "سلمی" شەش ساڵ و "جمیلە" نۆساڵ، بەڵام باوکم و مامەیەکم و پورێکم و دوو لە کچەکانی مامەم و خێزانی مامەم، هەروەها مێردی پورەکەم، شەهید بوون و ئێمەش دواتر دەربازبووین بۆ گوندێکی دراوسێ "ئەفزرۆک" و لەوێشەوە بۆ گوندی "شکفتی" لە نزیک زاخۆ، کە خوشکە گەورەکەم لەوێ دەژیاو شووی کردبوو. پێش پەڕینەوەمان لە فیشخابوور، داوام لە خوشکە بچوکەکانم کرد کراسەکانی بەریان کە بەخوینەوە بوو بشۆن، کاتێک گەیشتینە ماڵی خوشکەکەم سەریان سوڕما لە هاتنی من و خوشکەکانم بەتەنیا، سەید شەمعون تۆزێک راوەستاو سەیری دەم و چاوی یەکتریان دەکرد. پاش تۆزێک راوەستان دەستی بە قسەکردن کردەوەو ووتی": دەستم بە گریان کردو پێم وتن، هەموو دانیشتوانی گوندە کەسیان نەماون و کوژراون، ئێمەش رامان کردو هاتینە گوندی "ئەفزرۆک" و لەوێشەوە بۆ ئێرە.

چیرۆکی گوندی "سۆریا" و کۆمەڵکوژکردنی، تا بلێی ئازار بەخشە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی لەم کتێبەدا، ئەو کاتەی بدەینێ و لێرەشەوە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە بە هەموو پێوانەو پێوەرێک کۆمەڵکوژی "سۆریا" جینۆسایدەو پێویستە بەجدی کاری لەسەر بکرێ.

تێبینی: ئەو لە چاوپێکەوتن یان گێرانەوە دەڵێ "٣٥" کەس شەهید بوون، بەڵام ژێدەرو سەرچاوەکانی تر پشت راستی دەکەنەوە ئەو ژمارەی لە سەرەوە باسمان کرد راستترو دروسترە.

## جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان

ناسنامەی ئەشکەوتی "دەکان" یەکێکی ترە لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد، ئەم شاڵاوە یان کردەیەیی کۆمەڵکوژی لە ئەشکەوتی "دەکان" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩، ئەشکەوتی "دەکان" دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای موسڵ. وەک ئاماژەمان بۆ کرد، لە رێکەوتی ١٨/ ٨ / ١٩٦٩ لەم ئەشکەوتەدا، کۆمەڵکوژییەک ئەنجامدرا، کە دەتوانرێ وا پیناسە بکرێ، سنووری هەموو بەها مرۆییەکان و پێوەرە نێو دەوڵەتیەکانی تێپەڕاند. کاتێک دانیشتوانی گوندی دەکان لە ترسی سوپای تۆقێنەری بەعس گوند چۆڵ دەکەن و ئەشکەوتی"دەکان" دەکەنە شوێنی خۆ حەشاردان، سوپای رژێمی بەعسیش هێرش و پەلاماریان دەکاتە سەر، لە کردەیەکی زۆر وەحشیگەریانەو بەربەریانەدا، "٧٦" ژن و مناڵ و پیاو، کۆمەڵکوژ دەکات و دەیانسوتێنێ.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جێگای داخە تا ئێستا نەتوانرەوە وەک پێویست کار لە سەر ناساندنی ئەشکەوتی "دەکان" وەک بەشێک لە جینۆسایدی گەلی کورد بکرێ و لە ئاستی پێویست دیکۆمێنت بکرێ.

## جینۆسایدی گوندی زێوە

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و پاشەکشێی هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری نێوان "عێراق- ئێران"، ئۆردگایەکی پەنابەری لەلایەن حکومەتی ئێران و کۆمیسیۆنی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نزیک گوندی "زیوێ" کرایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ ئۆردگای "زیوێ" بوە پەناگەی کوردانی باشوورو تیای نیشتە جێبوون.

ئۆردگای "زیوێ" چوار جار لە لایەن هێزی ئاسمانی سوپای عێراقەوە بۆردوومان کراوەو روو بە رووی زەرەرو زیانی زۆر بوەتەوەو ئەکرێ، بە پێی یاساو پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان بە یەکێکی تر لە وێستگەکانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"ی گەلی کورد ئەژمار بکرێ.

بۆردومانی یەکەم: لە ساڵی ١٩٨١ لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی نێوان " عێراق – ئێران" بە شێوەیەکی زۆر ترسناک ئۆردگاکە بۆردومان کراوەو زەرەرو زیانێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوەو چەندین بریندارو شەهیدی لێکەوتوەتەوە.

بۆردومانی دووەم: لە ٦ / ٤ / ١٩٨٥ کراوەتە سەر ئۆردگاکەو دانیشتوانەکەی روو بە ڕووی زەرەرو زیانی مادی و گیانی کردوەتەوە.

بۆردومانی سێیەم: لە رۆژی ٩ / ٦ / ١٩٨٥ فرۆکە جەنگیەکانی عێراق پەلاماری ئۆردگاکە دەدەن و بە خەستی و بە شێوەیەکی زۆر سەخت بۆردومانی دەکەن، ئاکامی ئەم بۆردومانەش زیاتر لە "١٥٠" شەهیدو "٣٧٣" بریندار لێدەکەوێتەوە، کە هەموو قوربانیەکان کوردی ئاوارەی باشووری کوردستان بوون و لە ترسی کوشتن و لەناودان روویان کردبوە ئەوێ.

بۆردومانی چوارەم: بۆردومانی سێیەم، لە ١ / ٨ / ١٩٨٥ دیسان لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقەوە کراو زەرەرو زیانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

بە پێی ژێدەرو سەرچاوەکان، تەواوی ئەو بۆمب و ناپاڵمانەی لە هەر چوار هێرش و پەلامارەکە بۆ سەر ئۆردگای "زیوێ" بەکار هاتوون، بە پێی یاساو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، قەدەغەن و دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵکوژی " جینۆساید"ەوە.

## جینۆسایدی قەزای مەخموور

مەخموور، وەک یەکێک لە شارە کوردستانیەکان هاوشێوەی پارێزگای کەرکوک و شارەکانی خانەقین و مەندەلی و شەنگال و دووز خورماتوو، و چەندین شاروشارۆچکەی تری کوردستان و زیاتر لە " ٥٠٠٠" هەزار گوندی کوردستان، روو بە رووی سیاسەتی وێرانکاری

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بوەتەوە، بەم هۆیەشەوە زیانێکی بێسنووری بەرکەوتوە، رەنگە درووست بێت گەر بڵێین "مەخموور" وەک " کەرکوک و خانەقین و شەنگال" یەکێک بوە لە ئامانجەکانی حکومەتەکانی عێراق، بە تایبەت رژێمی بەعس، کە بە پلان و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە، سیمای کوردی و کوردستانیانەی ئەم قەزایە بگۆڕێ و لە رەگەوە نەیهێڵێ.

قەزای مەحموور جگە لە ناوەندی قەزاکە پێک دێت لە شارۆچکەکانی گوێرو کەندیناوەو قەراج، لە گەڵ ١٩٦ گوند، کە جگە لە گوندە دەیمەکارەکان، زۆربەی گوندەکان دراونەتە عەرەبی هاوردەو خەڵکەکەی دەربەدەر کراوە.

کاتێک لە پێوەرو پێوانە نێو دەوڵەتیەکان، بە تایبەت رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتوەکان ورد دەبینەوە، و بەراوردی بکەین بە هەوڵ و پەلامارەکان بۆ سەر قەزای "مەخموور" بەبێ دوودڵی و هیچ گومانێک ئەوەمان بۆ پشت راست دەبێتەوە کە بەتەواوی مانا ئەوەی لە مەخموور ئەنجام دراوە، وەک "کەرکوک، خانەقین، شەنگال، مەندەلی، سەید سادق، پێنجوێن، قەڵادزێ، ئەشکەوتی دەکان، سۆریا، پشدەر، شاڵاوەکانی ئەنفال، ئەنفالی بارزانیەکان، جینۆسایدی فەیلیەکان، هەڵەبجە" و چەندین وێستگەی تری جینۆسایدی گەلی کورد، بە هەموو مانایەک جینۆسایدە.

ئەگەر رووخاندنی شوێن و جێگای نیشتەجێبوون، زەوتکردنی ماڵ و سامان و زەوی، بە زۆر دەرکردن، گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی دایک، بێبەشکردن لە ژیان، تێکدانی دیموگرافیاو ژینگەی ژیان، لە روانگەی ریکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٤٨ و دواتریش رێو شوێنە یاساییە نێو دەوڵەتیەکانی جینۆساید، بەشێک بن لە جینۆسایدکردن، یان لە جومگە سەرەکییەکانی جینۆساید بن، ئەوە دەتوانین بە بیرهێنانەوەی هەندێک لە ئامارو زانیارییەکانی وێرانکردنی سنووری قەزای "مەخموور" ئەوە بسەلمێنین کە ئەم قەزایە بە درێژایی مێژووی درووستبوونی دەوڵەتی عێراقی، چەندین جار روو بە رووی جینۆساید بوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٧ " ٢٣٤" گوند چۆڵ کراون و روخێنراون، لە ساڵی ١٩٧٧ "٢٠٦" روخێنراون و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تێکدانی مۆرکی کوردەواری و کوردستانیان دراوە، لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٧ لە سنووری قەزای مەخموور "١٤١" گوند روو بە رووی راگواستن و بە عەرەبکردن بوەو دانیشتوانەکەی دەربەدەرکراوەو زەوی و موڵکەکانیان داگیرکراوەو عەرەبی هاوردە لە جێگایان نیشتە جێکراوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ بە دواوە تا ١٨ / ٢ / ٢٠٠٢ رژێمی بەعس لە سنووری "مەخموورو گوێرو کەندێناوە" " ٢٦٧" خێزانی ئاوارەو دەربەدەر کردوە، کە ژمارەیان دەکاتە " ١٨٠٦" کەس.

لە هەوڵێکی تردا، کە رژێمی بەعس هەوڵی جینۆسایدکردن و گۆڕینی تەواوی ناوچەی مەخموورو بە عەرەبکردنی داوە، ناوی شوێنانەی گۆڕیوەو کۆمەڵگای بۆ عەرەبی هاوردە لێ درووست کردوون، وەک " الفرات، سیف القائد، قریە السلام، الرسالە، عدنانیە، تل الحیال، الوحدە، القدس، قریە عاکوب، پەلکانە، قریە الفارس، قریە البعسی، قریە النصر، مجمع التحدی، قریە شهید شامل" ئەم کۆمەڵگایانەی لە شوێن و جێگای هەر گوندێک یان لە سنووری چەند گوندێک درووست کردوەو لە بەرامبەر ناوە کوردیە رەسەنەکە ناوی "عەرەبی" یان بەناو سیمبولەکانی پارتی بەعسی بۆ داناون.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو خێڵە عەرەبانەی کە بەعس هێناونی بۆ سنووری قەزای مەخموورو نیشتەجێی کردوون، ئەمانەی خوارەوەن " لهیب، شلیله، شێخ زیدان، سبعاوی، گی، شەمەر، سنبس، الجمیلی، سدید، جواله، دلیم، جبوور، الحدیدین، نعێم، المریدیین".

لە سنووری قەزای مەخموور "٦٧٤، ١٨٥ دۆنم زەوی و لە سنووری ناحیەیی کەندێناوە ٧٢٨، ٢٤٤٦ دۆنم زەوی و لە سنووری شارۆچکەی گوێڕ ٠٢٢، ٣٠٢ دۆنم زەوی و لە سنووری شارۆچکەی قەراج ٩١٥، ٤٢٧ دۆنم زەوی" کە دەکاتە ٣٣٧، ١٦٣، ١ یەک ملیۆن و سەدو شەست و دوو هەزارو سێ سەدو سی و هەشت دۆنم زەوی کورد لە سنووری قەزاکە بە گشتی دراوەتە عەرەب و کراوەتە موڵکی خۆیان.

ئەمەو چەندین بەڵگەنامەی تر دەیسەلمێنن کە قەزای مەخموور بە هەموو شێوەیەک جینۆساید کراوە، بەلام تا ئێستا کێشەی گەورە ئەوەیە دۆسیەیی ئەم قەزایە "مەخموور" نەگەیەنراوەتە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق و کاری لە سەر نەکراوە.

## ئامارەکانی جینۆسایدی گەلی کورد وردتر

ئەم ئامارانەی بەردەست کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانییەوە ئەنجام دراوەو پشت راست کراوەتەوە، دواتریش وەک یەکێک لە بەڵگەنامەکان دادگای باڵای تاوانەکان لە عێرق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دانی پێداناوە، ئەو راستییە دەردەخەن کە رژێمی دکتاتۆری و فاشی بەعس بە هەموو جۆرە سیاسەت و میکانیزمێک هەوڵی ئەوەی داوە گەلی کورد کۆمەڵکوژبکات و پاکتاوی رەگەزی بکات. هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی خۆی دەڵێ " ئەم ئامارە پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای کەرکوک و بەشێک لە قەزای کۆیە دەگرێتەوە".

هەروەک لە کۆتایی ئامارەکەو خشتەکاندا، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کورتکراوەیەکی بە نووسین خستوەتە روو، بەم شێوەیە ( رووخاندن و وێرانکردنی "٥" قەزاو "٢٦" ناحیەو "٢٢٤٥" گووند"). هەروەرها "٥٧" گەڕەکی نیشتەجێبوون لە شاروشارۆکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و کەرکوک و کۆیە تێکدراون ولە گەڵ" ١٨١١" یەکەی ئەرز لە گەڵ زەوی یەکسان کراون، و هاوکات " ١٠١٠٧٧" ماڵی نیشتەجێبوون و "١٣٥٤٨" باڵەخانەی فەرمانگەو خزمەتگوزرای و بیری ئیرتوازی و دووکان و کارگەی بچوک و شوێنی کارکردن کە کۆی هەموویان دەکاتە " ١١٤٦٢٥" شوێن و جێگاو باڵەخانە، تێک و پێکدراون.

بەڵگەنامەکە روونی دەکاتەوە کە تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە کەرکوک و کۆیەو دەوروبەری، "١٤٠٣٠٥" خێزان کۆمەڵکوژکراون، کە ژمارەی ئەندامانی ئەو خێزانانە دەکاتە " ٨٤١٨٢٩" هەزار کەس.

هەمان بەڵگە نامە روونی دەکاتەوە کە لەو سنورەی باسمان کرد "٦٨٢" قوتابخانەو "١٦٥" بنەکەی تەندرووستی و "٢٩" وزەی کارەباو "٣١" وێستگەی پەیوەندی تەلەفۆنی لە قەزاو ناحیەکان و "٩" پرۆژەی گەورەی ئاوو "٤٨" هێڵی گەورەی ئاوو "٤٧" بیری گەورەی ئیرتوازی و "٤٤" پرۆژەی گەورەی ئاوی ترو "١٩٠٩" هەزار سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی تێک و پێک شکاندوەو لە ناو بردوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا ئەوە پشت ڕاست کراوەتەوە کە ڕژێمی دکتاتۆری بەعس هەموو ڕێگاو بانەکانی هات و چۆی لەو ناوچانەی سەرەوە تێکشاندووە هەموو پردو شوێن و جێگاکانی پەڕینەوەو دەربازبوون لە نێو براون. هاوکات ئەوەش سلمێنراوە کە ڕژێمی بەعس "١٠٠٨٢" هەزار خاوەن پیشەی جۆراوجۆری لە کارخستووە "٦٥٥٦٧" جوتیاری لە کارخستووە لە تاکی بەرهەم هێنەوە کردوونی بە بێکار.

لە ئامارو بەڵگەنامەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بە وردی ئەوە خراوەتە رووکە لە ساڵی ١٩٨٦ بە پێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی "١١٥٥٧٠٠" درختی بەرهەم هێن بوونی هەبوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە تەنها "٥٩٧٠٠٠ " درەخت ماونەتەوە، واتە "١٠٩٦٠٠٠" درەختی بەرهەم هێن و بەری لە ڕەگەوە بڕاوەتەوەو هەڵکێشراوە.

ئەمە جگە لەوەی بە سەدان هەزار سەر ئاژەڵ سپی و ڕەش کە لە هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد تا دەگاتە ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ بە تاڵان براون و ملیۆنان دۆنم زەوی بە پیت و بەرهەم سووتێنراون و لە بەرهەم براونەتەوە.

ئەو ئامارانەی سەرەوە مشتێکن لە خەرواری تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعسەوە.

## گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ سەلمێنەری جینۆسایدی کورد

لەساڵی ١٩٨٨ وە تا ٢٠٠٣ کە دەکاتە"١٦" ساڵ و ساوەختی ڕووخانی بەعس وەک پارتی فەرمانڕەوای عێراق و ئەنجامدەری تاوانەکانی جینۆساید دژبەگەلی کورد، بەشێک لەوکەس و کارانەی قوربانییەکان کەبەشێوازی جۆراوجۆر لەدەستی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەوڵگرییە داپلۆسێنەرەکانی "بەعس" ڕزگارییان ببوو، هیچ سووسەیەکی کەس و کارەکانیان نەدەزانی، یان لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەس و کارەکانیان بگەڕێتەوە.

بەڵام دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ دەرکەوت دەوڵەتی عێراق و بەعس، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پێشێلکردنی هەموو یاساو ڕیسا نێو دەوڵەتییەکان، تەواوی ئەو خەڵکە کەژن و پیرو مناڵ و گەنج و مێردمناڵ بوون و لەهەر "٨" قۆناغەکەی شاڵاوی جینۆساید "ئەنفال"، لەپرۆسەیەکی خێرادا جینۆسایدی کردوون و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کەنزیکەی "٣٠٠" گۆڕی بەکۆمەڵن، گەواهی ئەو ڕاستیەیی سەرەوەیەو شوێن و جێگانیان ئەمانەی خوارەوەیە " بوسەیە، سەماوە، حەیدەریە، حەمرین، مەهاری یەک و مەهاری دوو".

## تەنها "٢٦٧٢" ڕووفاتی قوربانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان یان دەرهێنراون

گرنگترین شت بۆکەس و کاری قوربانیانی جینۆساید، ئەوەیە کە ڕووفاتی کەس و کارەکانیان بگەڕێتەوەو بەچاوی خۆیان ببینن و بەشداری بکەن لەناشتنی ئێسک و پرووسکەکانیاندا. ئەمە بوەتە گرێیەکی دەروونی گەورە بۆ ئەوان و تا ئێستا توانراوە تەنها

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"٢٦٧٢" رووفات لەهەریەک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی "حەیدەرییە، سەماوە، مەهاری یەک و مەهاری دوو، تۆپزاوە، حەمرین، بوسەیە، لە گەڵ ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی تر کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە هەڵدراونەتەوە کە لە خوارەوە پۆلینمان کردوە" بهێنرێتەوە بۆ کوردستان یان لە کوردستان هەڵبدرێنەوەو بدۆزرێنەوە، کەناکاتە ٢% لەسەدی سەرجەم رووفاتی نێو گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر ئالۆزەو بەرپرسیاری پلەیەک وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقیە، کەبەپێی بڕیاری حکومەتی عێراقی ئەو بەرپرسی یەکەمە لەرێگەدان بەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەرهێنانی رووفاتی قوربانییەکان، ئەویش بەشێوەیەکی زۆر ناتەندرووست و بێبەرنامە ئەم کارە جێبەجێدەکات. بەواتایەکی تر ئەگەر بەپێی بەرنامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی بێت، بەسەرنجدانی ئەو کارەی بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پێشووی کردووە رووفاتەکانی دەرهێناوە لە ماوەی "١١" ساڵی دوای رووخانی بەعس ئەوە پێویستمان بە "١٠٠" ساڵی تر دەبێت بۆ ئەوەی تەواوی رووفاتەکانی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەربهێنین و بیانگەڕێنینەوە بۆ کەس و کاریان و نیشتمانی خۆیان.

جگە لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی هی تاوانی ئەنفال و بارزانییەکانن، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی تر لە شاروشارۆچەکانی عێراق و کوردستان بوونیان هەیەو تا ئێستا زۆرێکیان ماونەتەوەو هەڵنەدراونەتەوە.

## ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی هەڵدراونەتەوە

یەکەم: ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سنووری قەزای هەڵەبجە لە گووندی "ملیچ"دۆزرایەوەو هەڵدرایەوە کە "٣٠" رووفاتی لەخۆ گرتبوو.

دووەم: لە ساڵی ٢٠١٤ لە سنووری پارێزگای دهۆک گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوەو "١٤" رووفاتی گولەبارانکراوی لە خۆگرتبوو.

سێیەم: لە ساڵی ٢٠٠٨ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی خەزر لە سنووری پارێزگای موسڵ دۆزرایەوەو "٢٥٦"دووسەدو پەنجاو شەش رووفاتی لە خۆگرتبوو.

چوارەم: لە ساڵی ٢٠٠٨ لە سنووری قەزای خانەقین گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "٣٣" رووفاتی لە خۆگرتبوو.

پێنجەم: لە ساڵی ٢٠١١ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە قەزای دبزی سەربە کەرکوک دۆزرایەوەو "١٠٦" رووفاتی تێدا بوو.

شەشەم: لە ساڵی ٢٠١٠ لە سنوری پارێزگای دۆهۆک گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "٣٠" رووفاتی تێدابوو.

حەوتەم: لە ساڵی ٢٠١٢ لە پارێزگای دیوانیە "٦" گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو سەرجەم "٧٣٠" رووفاتی تێدابوو.

هەشتەم: لە ساڵی ٢٠١٣ لە زنجیرە چیای حەمرین کە دەکەوێتە نزیک شاری خوورماتوو، گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "١٥٨" رووفاتی تێدابوو.

نۆیەم: لە ساڵی ٢٠٠٥ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە بوسەیە دۆزراوەتەوە"٥١٣" رووفاتی تێدابووەو هەڵدراوەتەوە.

دەیەم: لە ساڵی ٢٠١٤ گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوەو "٩٣" رووفاتی تێدابووەو هێنراوەتەوە بۆ کوردستان.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هەندێ گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە سەردەمی جیاوازدا

**یەکەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی گووندی "دەکان" "٣٣" رووفات" ساڵی ١٩٦٩

**دووەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی قەڵادزێ "١٣٤" رووفات، ساڵی ١٩٧٤

**سێیەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی قوشتەپە، "٣٠" رووفات/ ساڵی ١٩٨٠

**چوارەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی "زیوە" "٣٠٠" رووفان، ساڵی ١٩٨٥

**پێنجەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی رەواندوز، "١٣" رووفات، ساڵی ١٩٨٧

**شەشەم:**" گۆڕی بە کۆمەڵی شەقلاوە، "٢١" رووفات، ساڵی ١٩٨٧

**حەوتەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی بالیسان، "٥٦" رووفات، ساڵی ١٩٨٨

**هەشتەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی بەهەشتی زەهرا "تاران" "١٢٨" رووفات، ١٩٨٨

**نۆیەم:** گۆڕی بە کۆمەڵی چەمی قەشانێ، "٢٤" رووفات، ساڵی ١٩٨٨

### ⁕ بەشێک لە کتێبی جینۆسایدی گەلی کورد

⁕ سەرچاوەکان:

### کتێب و لێکۆڵینەوە:


- جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، وەرگێرانی مەحمەد حمەساڵەح تۆفیق، چاپی دووەم، سلێمانی
- تەیمور، تا کە رزگار بووی گۆڕی بە کۆمەڵی ژن و مناڵە ئەنفال کراوەکان، عارف قوربانی، ٢٠١٣
- جینۆسیادو ئەنفالی کورد، چنار نامق، کەرکوک، ٢٠١٢
- تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد، تەها سلێمان، سلێمانی، ٢٠١٤
- جینۆساید، زنجیرە دیداری کەناڵی ئاسمانی رێگا، تەها سلێمان، سلێمانی، ٢٠١٤
- بریارو بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق، سەلمێنراو، لەسەر قورس ٢٠٠٨
- شایەتحاڵەکانی ئەنفال، عارف قوربانی، سلێمانی، ٢٠٠٠،
- ئەنفال، سیاسەتێک و دووئامانج، عومەر مەحمەد، ٢٠١٠
- ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان، سالار مەحمود، کەرکوک، ٢٠١٣
- جینۆسایدی گەلی کورد، مارف عومەر گوڵ، سلێمانی، ٢٠٠٣
- مۆفەق میراودەلی، راگواستنی قەزای پشدەر (١٩٧٧ - ١٩٨٩) کۆتایی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ژمارەی لاپەڕە (١٠٤).


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی دووەم، تەها سلێمان، سلێمانی، ٢٠٠٩
- ئەنفالی بناری گل، بەختیار مەحمەد ئەمین، موزەفەر ساڵەح قادر، لێکۆڵینەوە، ٢٠١١ کەرکوک
- مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، ڕێکار مزوری، کەرکوک، ٢٠١٣
- ئەنفالی خاڵخاڵان، مەلاشاخی، ٢٠١٣، کەرکوک
- بە عەرەبکردنی کوردستان، غەفور مەخمووری چاپی دووەم، هەولێر
- الكراد الفيليون بين حملات التسفير و سياسه التهجير، الدكتور خليل اسماعيل، ٢٠١٣
- اليوم الژى سلبوا منى كل شى و ! ، كامل عبدلقادر محمد، سليمانى ، ٢٠١٣
- ٥ توێژینەوە لە سەر گوندەگانی ناحیەیی بالیسان و دەورو بەری، ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوەکانی بالیسان، ٢٠١٣

- هەڵەبجە و شەڕومەرگ، نەجمەدین حمە سەعید، دەسنووس

## گۆڤارو ڕۆژنامە:

- پاشکۆی تایبەتی ڕێگای کوردستان "قەلادزێ" ٢٠١٣
- گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە "٨" دۆسیەیی تایبەت بە رزگاربوانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان
- پاشکۆی تایبەتی ڕێگای کوردستان "ئەنفال" ٢٠١٣
- گۆڤاری ئەنفال، ژمارەکانی "١+٢+٣+٣+٥" ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣، سلێمانی
- گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە "١" ساڵی ٢٠٠٣

## ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

- ماڵپەڕی ژوان نێت
- ماڵپەڕی دەنگەکان، دۆسیەیی ئەنفال

## بەڵگەنامەکان:

- بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی
- بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق
- بڕیاری کۆتایی لەسەر کیمیابارنکردنی هەڵەبجە، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- بڕیاری کۆتایی لە شاڵاوەکانی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق
- بڕیاری کۆتایی لە سەر جینۆسایکردنی فەیلیەکان، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق
- بڕیاری کۆتایی لە سەر ئەنفال کردنی بارزانییەکان، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق
- لیستی ناوی تەواوی گوندە بەرکەتوەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق

## ئەرشیفەکان:

- بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- ئەرشیفی رۆژنامەی مەخموور بە سوپاسەوە
- رێکخراوی کوردستان بێجینۆساید، ئەرشیفی عەلی محمود مەحمەد
- ئەرشیفی تایبەتی نووسەر کە لە ١٩٩١وە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکات
- ئەرشیفی تایبەتی پارێزەرو چالاکوان لە بواری جینۆساید "نەجمەدین حمە سەعید"
- ئەرشیفی تایبەتی پارێزەرو چالاکوان لە بواری جینۆساید "ئەیاد کلکەیی"
- ئەرشیفی تایبەتی کاک رازی بارزانی سەرۆکی رێکخراوی ڤەژین بۆ ئەنفال

## چاوپێکەوتن:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەیاد کاکەی، پارێزەرو شارەزا لە بواری جینۆساید
- چاوپێکەوتن لە گەڵ لەنجە دزەیی راوێژکار لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم
- چاوپێکەوتن لە گەڵ نەجمەدین حمە سەعید، پارێزەرو شارەزا لە بواری جینۆساید ٢٠١٤
- چاوپێکەوتن لە گەڵ مەحمەد ساڵەح ئامێدی، پارێزەرو شارەزا لە بواری جینۆساید ٢٠١٤
- چاوپێکەوتن لە دکتۆرە ڤالا فەرید، دکتۆراو شارەزا لە بواری قەرەبووکردنەوە ٢٠١٤
- مچاوپێکەوتن لە گەڵ پەری خان، شارەزا لە بواری جینۆسایدو گۆڕە بە کۆمەڵەکان ٢٠١٤

* تێبینی: ئەم سەرچاوانە بۆ جینۆسایدی کورد لە باکورو رۆژئاواو رۆژهەڵاتیش بەکارهاتوون بۆ ئاگاداری خوێنەر

سەرچاوە: ماڵپەڕی جینۆسایدی کورد / رێکەوتی: ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤

https://serchawe.com

# جینۆسایدی کورد و بە کەسییکردنی مێژوو.



کازیوە ساڵح

## بە کەسییکردنی مێژوو چییە؟

### بەشی یەکەم

بە کەسییکردنی مێژوو واتە کورتکردنەوەی تاوانی بەکۆمەڵ بۆ تاک. سەپاندنی تاوانە مێژوویەکانان؛ تاوانێکی کۆمەڵێک یان دەستەجەمیی بە سەر شانی یەک کەسدا بە شێوەیەکی کەسی . هەڵواسینی بە بتی بالا یەک کارەکتەری سیاسی و مێژوویدا و هەلاواردن و دەربازکردنی یەکە ئیداری ، سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی دی. نەخوێندنەوەی کلتوری و ڕابردوو و هەنوکەی کۆمەڵگەی بکەری تاوان. بە تایبەت مامەڵەکردنیان سیاسیان لە گەڵ قوربانیان و نماینەکردنی تاوانەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژیدا لە پاش کارەساتەکە.

سەرجەم مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، وێژەیی و هونەری کورد بە کەسی کراوە. فۆرمی بە کەسی کردنی هەر لەو کایە ناو هاتوانەش جیاوازە لەوی دی و جیاوازە لە بە کەسییکردنی تاوانی جینۆساید. هەر یەکەشییان کاریگەری ئەرێی جیاوازی هەیە. ڕاستکردنەوەی ئەم هاوکیشەیەش کاری کەسانی مێژووناس و پرۆفیشناڵن. ئەوەی من ئەتوانم لێرەدا ڕوناکی بخەمە سەر مێژووی کارەساتەکانی کوردە وەکو جینۆسایدەکانی ئەنفال، هەڵەبجە و بارزانیەکان.

مارک توێن پێی وایە ئەو مەرەکەبەی کە مێژووی پێ ئەنووسرێتەوە، تەنها شلەمەنی ڕکی کوێرانە و بڕیاری لە پێشینەیە (توێن، ١٨٩٧). ئەو مێژووەی بە مەرەکەبی ئەندامی گروپی بکەری کارەساتەکە ئەنووسرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر مێژوویەکی دروستیش بێت ، هێشتا دوور نیە لە بڕیاری لە پێشینەو ڕک ، ئەم مێژووە ، بە مێژووی 'بەخشراو' هەژمارد ئەکرێت. مێژووی بەخشراویش مێژوویەکی ئەبستراکتە و جێگیر نیە ،جگە لەوەی ئالودەی ساختەکاری و ستێگمایە، لە هەر ساتێکیشدا لێ سەندنەوەی ئەکرێت بە ئامانج. ئەوەشی بەم ڕیتمەی بکەر ئەنووسێتەوە یان ئەیکات بە سەرچاوە لە بەخشراوەو ئەیگۆێزێتەوە بۆ 'سەلمێنراو' واتە لە گەڵیدا

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەوایەتی ئەدات بە ڕابردوو ڕێگەی لە بەرهەمهێنانی ئایندەی دوور و نزیکی مێژوو ئەگرێت. هەر وەکو ئەوەی بە زمانی ئنگلیزی ئەکرێت بەو زمانەکانی دیش نووسرا بن) دەیان کتێب خراونەتە سەر ڕەفەی پەرتوکخانەکان و کە لە لایەن عەرەب و تورک و فارسەوە نووسراونەتەوە، باشترین و ئەکادیمیترینیان لە سەر بنەمای بڕیاری لە پێشینە و ڕک نوسراوە ، جگە لە لەکدارکردنی کورد ناتوانیت شتێکی لێ هەڵبهێنجیت. ئەمەش دیسان جۆرێکە لە بە کەسیکرنی مێژوو، واتە لە سەر بنەمای خودی یان ' کەس' ی نووسەر بەرهەم هاتووە نەک پرەنسیپی زانستی. ئەم جۆرە بە کەسی کردنەیان تەنها لەوێدا کۆتایی نایەت کە مێژووی چەواشە دژی کورد ئەگۆێزێتەوە بۆ بێگانە ، بەڵکو بوون بە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکاندا و بە دەیان کەسی ئەکادیمیسیت بوچونیان سەبارەت بە کورد لە سەر بنەمای ئەو پەرتۆکانە بونیاد ناوە. جگە لەوەی زۆر جار تەنانەت خوێندکاری کوردیش ناچار ئەکرێت بە کاریانهێنێت بە هۆی نە بوونی سەرچاوەی ئنگلیزی لە سەر کورد. ئەم هاوکێشەیە ڕەوایەتی بە هەردوو پرۆسەی بەخشراو و سەلمێنراویئەدات.

ئەو مێژووەی بیگانە یان بکەری جینۆساید بە 'کەسی' ئەکات ، کەم زیانترە لەو مێژووەی خودی قوربانی بە کەسی ئەکات. چوون ئەوەی بکەر بە ستراتیجی و خوێندنەوە و کارەلەسەرکردنی دروستی قوربانی ئەسڕێتەوە. ئەوەی قوربانی ڕەوایەتی ئەداتێ، جگە لەوە تەنها زیانی بۆ سەرخۆی نیە ، تەنها شەرعیەت بە دووبارەکردنەوەی کارەساتەکە نادات ، بەڵکو زیانی بۆ سەر بکەری تاوانیش بە جۆرێکی دی هەیە . لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی هیتلەر ، دەیڤد وۆڵچ ڕوونی ئەکاتەوە کە هیتلەر بە شێوەیەکی کارا هانی دروست بوونی وردە هیتلەر' یان هیتلەری بچکۆولەی داوە ، بە مەرجێک سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی . ئەم هاندانەش بە هۆی بە پشتگیری گەلی ئەڵمانەوە و ئەواەنی کاریان بۆ کردوەو و ئەوانەش تەماشاکرن و بێ دەنگیان هەڵبژارد بوو ( وۆڵچ، ١٩٨٨، لا ٩٦).

سەددام حوسێن بە هەمان شێوە کارایانە هانی دروستبوونی وردە سەدامی ئەدا، بە مەرجێک ئەو بتە بچوکانە سنوری دەسەڵاتەکانی ئەویان نەبەزاندایە، بە بەزاندنی ئەو سنورانە کۆتایی بە خۆیان ئەهات ئەگەر ئەندامی خێزانەکەی خۆشی بوونایە.بوونی ئەم وردە سەرکردە دیکتاتۆرانە تەنها لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی سەرۆک و ئایدۆلۆژیاکەی نیە هەتا لە ژیاندایە ، بەڵکو بە زیندوو هێشتنەوەی ڕێبازەکەشیەتی پاش مەرگی. چوون لە ڕووی کلتووری و سایکۆلۆژییەوە بە شێوەیەک ڕاهێنراون ڕەوایەتی نارەوایەکان لای ئەوانە. باردۆخی ئەمڕۆی عێراق ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنن کە بە مردنی سەدام و دەیان وردە سەدام سەریان هێنایە دەرێ بۆ پاراستنی ڕیبازەکەی و بگرە لە خۆی دڕندانەتر عێراق خاپور ئەکەن. بەڵام ئەمە تاوانی ئێمە قوربانیشی تێدایە کە مێژووەکەمان هێندە کەسی کردوو هیچ گلەیی و مافێکمان لای عەرەب و سیستمی ئەمڕۆ نیە، ئەمەش هێڵی سووری ئایندەیەکی ڕەشمان نیشان ئەدات گەرچی لە ناو عێراقەوە دەستی پێکردبێت.

وەکو چۆن دروستبوونی دیکتاتۆرە گەورەکە بە پاڵپشتی تەواوی خەڵکی ناوچەکە و تا ڕادەیەکیش هێزی بێودەوڵەتی بوو، بە هەمان شێوە کارابوون و هێزی وردە سەدامەکانیش خەڵک و فاکتەرە جیاوازەکانی ی هاوپشتی کردوون و لە نێو ئەو فاکتەرانەدا ترسناکترینیان بە 'کەسی' کردنی تاوانێکی دەستەجەمییە کورترکرنەوەیەتی بۆ تاوان و ئەرکی یەک تاکە کەس. سڕین ەوەی تاوانەرکە لە کۆمەڵەوە بۆ تاک یەکەم هۆکاری بەرهەم هێنانەوەی هەمان تاوان وتۆڵە؛ توندوتیژی و ڕەوت؛ نەخوێندنەوە و لە یادکردنی تاوانی ڕابردوو ئەگەیەنێت.

Serchawe
https://serchawe.com

---

ژێدەرەکان:

• Twain, Mark ( 1897) Following the Equator, Fiction, Travel literature, Published by American Publishing Company, Hartford
• Welch, David (1998) Hitler, University of Kent at Canterbury UCL Press

٣ / ٦ / ٢٠١٤

---

## بەشی دووەم

- لە یەکەم خەیاڵی پاکتاوکردندا سەدام پرسیاری مادەیەکی کیمیاوی کردوە کە ببێت بە هۆی نەزۆکی لای خەڵکی کورد.

ئەو کارەکتەرانەی پرۆسەی بە کەسیکردنی مێژووی جینۆساید جێ بە جێ ئەکەن تەنها ئەنجامدەرانی تاوانەکە نین، بەڵکو دوو کارەکتەری دی تەواوی پرۆسەکە بەهێز ئەکەن ئەوانیش پشتیوانکاران وتەماشاکارانن. سەبارەت بە جینۆسایدی کورد دوو خاڵی تریش سەربار ئەبن ئەوانیش ناوم ناون بکەری گشتگیر و ئامانجی کارلێکراو بە ئینگلیزی "Objecthood" ئۆبجێکتهوودم هەڵبژاردوە (ئەو کورددانەدنە پڕ بە واتای چەمکەکە نییە، بەڵام لە ئێستادا وشەیەکی باشتریش لە زمانی کوردیدا نادۆزمەوە).

لەم وتارەدا ڕووناکی دەخەمە سەر هەر یەکەیان و پەیوەندییان بە دوو چەمکە دروستکراوەکەوە گرێ دەدەم.

### یەکەم ئەنجامدەران.

بکەری جینۆساید یەکسان نییە بە یەک کەس. بیانووی یەک کەس بوون هاوتەریب نییە لە گەڵ یاسای بەڕێوەبردنی وڵات و سەرکردایەتی کردندا تەنانەت ئەگەر بەڕیوەبردن و سیستمێکی دیکتاتۆری و تاک ڕەویش بێت. ئەگەر لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە لە تاکی دیکتاتۆر یان تونوتیژ بە گشتی بنوارین، تێدەگەین ئەم جۆرە تاکانە ترسنۆکن، ی باوەڕن بە خودی خۆیان و هەستی کەمسەرییان لایە. ئەم جۆرە کارەکتەرە لەو تاکانەی توندوتیژ یان دکتاتۆر نین ، زیاتر ڕاویژ ئەکەن و ڕاران لە هەنگاو نانی هەنگاودا، بەڵام ڕاوێژەکان و ڕاوێژکارەکانیان ئاشکرا نین. چوون ئاشکرادنیان هەست بە کەمسەرییان زیاد ئەکات و تەونی وەهمیی یەکتا عەقڵییان هەڵئەوەشێنێتەوە. ئەمە ڕاستە بۆ هەموو دکتاتۆرەکان وئەوانەش بەرەوە لوتکەی دیکتاتۆری مل ئەنێن.

ئەگەر بەراوردی ژیان و مەرگی سەدام بکەین ئەو ئارگیومێنتەی سەرەوەمان بۆ ئەسەلمێنێت. سەدام ئەوەندە لە هەنگاو نانە بکوژکارەکانی ئەترسا و ڕاڕا بوو هەرچی ساحیر و وەهم ساز و پاراسیکۆلۆجیست هەبوون تەنانەت ئەگەر منالێش بوونایە لە خۆی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردبوونەوە؛ لە گەڵیدا دەژیان و بەر لە هەر هەنگاوێک پرسی پێئەکردن. تەنانەت یەکێک لەو پاراسیکۆپاتانە تەنها تەمەنی نۆ ساڵ بووە کاتێک سەدام بردویەتی بۆ کوێت و بۆ ئەوەی ڕێگەکان و وڵاتەکەی پیشان بدات ، لە پێناوی ئەوەی مناڵەکە بتوانیت دیدەبینی هەبێت بۆ شوێنکە و پێشبینی بۆ بکات بەر لەوەی بەو کارەکە هەستێت بۆ ئەوەی بزانێت لەو شەڕە و داگیرکاریەی لە میشکیدا بوو براوە ئەبێت یان دۆڕاو (سەلاحەدین، ٢٠١٢). ئاشکرایە لە گەڵ ئەم مناڵەدا پرسی بە دەیانی تریش لەم جۆرە کارەکتەرە و ڕاوێژکار و باوەڕپێکراوانەی خۆی کردووە ،چوون کاتێک مرۆڤ ئەبێت بە کویلەی ترس، ئیتر عەقڵ بە وەهم ئەسپێرێت و توانای بیر کردنەوە و بڕیاردانی لاواز ئەبێت. بەڵام ئەگەر زۆرینە لە بەڵێ و خاترجەمی بڕیارەکانی و ختۆرە بکوژییەکانی ئەو نەبوونایە مەرج نییە ئەو کارەی بکردایە. ئەمە لە کاتێکدا لە لایەن هەموو سیاسیەکانی جیهان ڕاوێژ یەکێکە لە سەرەکیترین مەرجی سەرکەوتنی کارەکانیان، تەنانەت ئەنام پەرلەمانێک نابینیت ڕاوێژکارێکی نەبێت بە تایبەت ڕاوێژکاری کۆمۆنیکەیشن لە هەموو یەکەیەکی و ئۆفیسێکی سیاسیدا هەیە . بەڵام ئەوەی سەدام بە هۆشیاری سیاسی و ڕاوێژ لای سیاسی ڕۆژهەڵاتی خەڵمێنراوە..

بۆ سەلماندی ئەو خاڵەی دواییم ئەتبەمەوە بۆ یەکەم ختورە و خەیاڵی جینۆسایدی کورد لای سەدام ، چۆن بووە و بە چ شێوەیەک سەرچاوەی گرتووە. لە ١٩٦٨دا کە ئەو کات لە عێراقدا کێشەی سیاسی زۆر کەم و دژایەتی کوردیش بەو زەقیە نەبووە، و سەدامیش دەسەڵاتی یەکەمی عێراق نەبووە. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی وگرنگدا لە گەڵ ژمارەیەکی دەستنیشانکراوی سەرکردایەتی و متمانە پێکراوانی خۆی سەدام ئەپرسێت و بە شێوەیەک فۆرمیلای پرسیارەکانی ئەکات کە گوێی لە ڕای ئەوانی تر بێت بۆچوونیان وەربگرێت. ئەکۆڵێتەوە لە ئەگەری ڕێگە چارەیەکی دروست بۆ بنبڕکردنی کورد وەکو توخمێکی مرۆیی و کۆتایی پێ هێنانیان، نەک تەنها لە ناوبردنی سیاسی و دەژەکارانی. پرسیاری لە مادەیەکی کیمیاوی کردوە کە ببێت بە هۆی نەزۆکی لای خەڵک. پاشان پرسیویەتی ڕای چیە گەر ئەو مادە کیمیاویە بکەنە تەنکی ئاوی ئەو شار و ناوچانەی کوردی تێدایە و بەو شێوەیە لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کورد بن بڕ ئەبێت ئەگەر نەتوانن مناڵیان ببێت . پاشان لە ئەگەری کاریگەری مادەکەی و کاتی داواکراوی ئەو پرۆسەی پرسیوە. وەکو ئەوەی بە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە چەند نەوەی تر ئەکرێت بن بڕ ببن بە تەواوی؟ ئەگەر ئەو مادەیە کاریگەر بێت و کورد مناڵی نەبێت تا چەند هزراندنێکی سەرکەوتوو و کارێکی پراکتیکیە؟ (یاسین، لاپەرە ٩٩-١٠٠).

وەڵامی ئەو شیوە پرسە لە شوێنی دروست و لە لایەن ڕاوێژکار و باوەڕپێکراوی دروستەوە بدرێتەوە. سەرەتا داوای کاتی بیرکردنەوە و ڕاڤەکردنی مەسەلەکە ئەکەن . پاشان هەموو زیانە مادیەکان بە هۆی ئەو مادەیەوە ، وە هەموو ئەو زیانە ئابوری و کشتوکاڵیەکاڵیانەی کە کورد بەرهەم هێنابوون ئەخرایە ڕوو. ناڵێم زیانی مرۆیی چونکە ئەم پرسە لە بنەمادا پرسی زیانی مرۆییە بووە. داهاتووی سیاسی ناوخۆ و دەرەکی و جێ لەق بوونی عێراق لە هاوکێشە نێو دەوڵەتیەکان ، ڕێکخراوەکانی مافە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی دنیادا دەخرانە ڕوو. لە دوو ستوندا قازانج و زیانەکانی ئەو پرۆسەیە بۆ عێراق و خودی سەرۆکەکەیان دەخرایە ڕوو، پاشان پێی ئەوترا لە سەر بنەمای ئەو هاوکێشانە بڕیار بدە. بەڵام لە بە ر ئەوەی ژینگە و کلتوری سەدام پڕ و پڕ بوون لە مرۆڤی هاوشێوە بە بێ کاتگوزاردن و وەڵامی ڕاستەخۆیان هەبووە، " تەنها ئەو کوردانەی لە ساردا دەژین لە تەنکی ئاو دەخۆنەوە و ئەو کوردانەی لادێ نشینن لە ئاوی سەرچاوەکان ئەخۆنەوە و کیمیاوی کاریگەری نابێت. خاڵی دووەمیان ئەوە بوو گوایە ئەو پرۆسەیە زۆر درێژ خایەنە و پرۆسەیەکی گورج نییە بۆیە بە جێ نییە (لا ١٠٠).

https://serchawe.com

ئەو وڵامانە بۆ سەدام تەنها داواکردن و دڵنیاکرنەوەی نەبووە لەو کارەی ئەیکات، بەڵکو ڕێگەی ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەشی پێشان ئەدات کە بیست ساڵ پاش ئەو کۆبونەوەیە گرتێ بەر. لێرەدا دەرئەکەوێت ئەگەر سەدام بە قسەی پشتیوانکارانی بکردبایە ، یان 'ئەکرێت' بارودۆخەکەی لە بار بوایە دەبوو زۆر زووتر بەو کارە هەستێت. تاوانبارە سیاسیەکان لە سێ قوناغی پێش، کاتی کارەسات و دوای کارەساتدا، سێ جۆر کارەکتەر پشتیوانیان لێ ئەکات. هەر یەک لەم قۆناغانە جۆری جیاوازی پشتگیری تۆمار ئەکات بە جیاوازی ئەو ژینگە، باری کلتوری و کۆمەڵایەتی هەردوو جەمسەر تاوانبار و قوربانی.

---

سەرچاوەکان:

١- سەلاحەدین، ئەحمەد (٢٠١٢) ئەو عێراقیەی توانای پاراسایکۆلۆجی هەبوو ١٢ ساڵ لە گەڵ سەدامدا ژیا.
https://www.youtube.com/watch?v=u3vM3L4m5UM
٢- "الاجتثاث و دكتاتوريات العقيدة الواحدة في العراق" من الالف الثالث قبل الميلاد الى الالف الثالث بعد الميلاد. تـأليف: بـاقر ياسين، دار آراس للطباعة والنشر - أربيل، الطبعة الأولى ٢٠١٢.

١٤ / ٦ / ٢٠١٤

---

## بەشی سێیەم

- هیچ نەتەوەیەک وەکو کورد قوربانی مەرگی قوربانی نەنووسیوەتەوە. هیچ نەتەوەیەکی وەکو کورد تیوری ئـامرازکردن - ئۆبجێکت - کردنی خۆی باڵا نەکردووە.

- پەیوەندی نێوان قوربانیدەر و قوربانی بۆ دراو بە هێڵێکی ئاگرین ئەکێشێت کە تەنها بەزەیی نایکات بە خۆڵەمێشی تەواو. پێچەوانەی هاوکێشەی سروشتی قوربانیدەر ئەباتە ژێرڕکێفی قوربانی بۆدراوەوە.

### پشتیوانکاران و تەماشاکاران، جەمسەرگیری نێوان جەلاد و قوربانی.

قسەکردن لە سەر پشتیوانکاران ، تەماشاکارانی و گشتگیری بکەرانی جینۆساید قسەکردنە لە سەر ئامادەیی تاک لە کۆنتێکستێکی مێژوویدا کە گۆڕینی ئەو بڕیارە کەسیانە هاوتەریبی مۆڕاڵی ئاسانە. هاندان و ورەبەردان دوو هاوکێشەی دیاری ئەو دۆخەن. لە بەر ئەوەی خوێندنەوەی جینۆساید زیاتر لە ڕوانگەیەکی سیاسیەوە کراوە ، پشتیوانانی جینۆساید بەوانە چوێندراوە کە بەشداری پرۆسەکە ئەکەن،کە لە بنەمادا بکەر فەرمان چی بەچی ئەکات ، بەڵام پشتیوانەکان و تەماشاکاران جەمسەرگیری نێوان بکەر و قوربانی دروست

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەکەن؛ پرۆسەی جینۆسایدەکە ساز ئەکەن ،ئامادەباشی کۆمەڵگا و کردنی بە کلتوریەکی پەسەندکراوی نێو کۆمەڵگا ڕاڤە و خستنە ڕووی ئەم پرۆسەیە هەڵئەگرم بۆ وتارێکی سەربەخۆ لێرەدا دەچمە سەر تایتڵی باسەکەم.

پشتواناکارانی جینۆسایدەکانی دنیا لە هێزی سەربازی بکەری جینۆساید و یەکە نەتەوەی و ئایدۆلۆژییەکانی هەمان سیستمی پێک دێت. تەماشاکارن لەو کەسانە پێک هاتووە کە تەنها سەیری کارەساتەکە ئەکەن و هیچ هەڵوێستێک دژ یان هاوپشتی بەرانبەر بە قوربان و تاوانبار وەرناگرن. زۆربەی ژمارەی تەماشاکارانە لەو گروپ و ئەتیکانە پێک هاتوون کە لە دەرەوەی بازنەی ئەتیک و گروپی قوربانین . بەڵام پشتیوانکارانی جینۆسایدی کورد، سەدام و کۆی وڵاتانی عەرەبی بوون کە ژمارەیان بیست ودوو وە ، کۆی ژمارەی تورکی و فارسی زمانەکانی جیهان بوون نەک تەنها تورکیا و ئێران؛ بە ئاستیک تەنانەت پاکستانی و ئەفغانی ئەو وڵاتانەی دی کە بە نیمچە فارسی قسە ئەکەن، ئەگەر پشتگیری کوشتنی کوردیش نەکەن، پشتگیری پارچە پارچە بوون و دژی بە دەوڵەت بوونین. ئەمەش بۆ خەڵکێک لە ناو خۆی کوردستاندا ئەژی ئەستەمە بە دی بکرێت، بە تایبەت بەشی زێڕی ڕەش ، کە سەرمایەکەی ژمارەیەک لە دوژمنەکانی هیناوەتە سەما و گۆرانی وتن نەک ئازارەکەی.

تەنها نەتەوەیەک وەکو کورد بێ بەزەییانە ژمارەی بێ شوماری وڵاتان و نەتەوە جیاوازەکان پشتگیری لە کومەڵکوژییانکرد جولەکە بوو. سەرجەم ئەوروپا هاوکاری هیتلەر و ئایدۆلۆژی نازیکرد بۆ لە ناوبردنی جولەکە و خۆیان جولەکەی وڵاتەکەیان بە کۆمەڵ ئەنارد بۆ کامپەکانی مەرگ لە ئەڵمانیا و پۆڵەندا . تەنها وڵاتێک ڕێگەی بەو ئەتکردنەی هاوڵاتیانی جولەکەی نەدا سوید بوو . کە ئەکرێت بە هۆی هاوڵاتیانەوە بووبێت نەک حکومەت. ، هاوڵاتیان تیشێرتێکیان پۆشی کە سیمبولی جولەکەی لە سەر بوو بۆ ئەوەی نازیەکان لێیان تێک بچێت و نەتوانن جولەکە لە هاوڵاتیانی سوید جیابکەنەوە و ئەمەش وایکرد لەو کاتەدا ٣٠٠٠ سێ هەزار جولەکە بتوانین بە ڕێگەی قاچاخ بۆ سوید کۆچ بکات. ئەو خاڵەی کە پێم وایە ئەکرێت تەنها هاوڵاتیان پاراستبنی ئەگرێتەوە بۆ چیرۆکی ئەو کرێکارانەی لە کارگەیەکی ئەڵمانی لە سوید کار ئەکەن ، لە اکتەدا کە هەموو سەرقاڵی جولەکە لە ناوبردنن ، خاوەن کارگەکە ئاگر بە کرێکارەکانەوە ئەنێت و ئەیانسووتێنێت (پۆڵ، ١٩٩٦) بە پێی ئارگیومێنتەکانی ئەو کاتە ئەو مەسەلەی لە دەرەوەی ڕەزامەندی سیاسیانەی حکومەتی سویدی نەبووە.

ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی هەموو جینۆسایدەکانی جیهان بکەین تەنها جینۆسایدی جولەکە و کورد لە سەدا سەروو نەود بە تەواوی لە ڕووی تەکینیک، پراکتیک ، ئامانج ، بی پاڵپشتی و دوژمن زۆرییەوە لە یەک ئەچن. بەڵام لە ڕووی دەرئەنجام و کار لە سەر کردنی نیشتمانی و نەتەوەییەوە پێچەوانەن، هەر وەها لە ڕووی ژمارەی تەماشاکاران و پشتیوانانی جولەکە پێچەوانەی کورد ژمارەیەکی ئێجگار کەم جولەکە بەشداریان کردوە، بەشداریەکەشیان تەنها ئەوە بووە لە کامپەکانی مەرگدا جولەکەکانیان ڕێزکردووە و بردوونیان بۆ کورەکانی سوتاندان ، یان نان وئاویان دابەش کردووە بە سەریاندا، هەتا سەرەی خۆشیان هاتووە بۆ مەرگ. بەڵام ئەوانەش لە ڕووی مێژووییەوە دەرکەوتووە زۆربەیان وەکو سیاسەتێک ئەو کارەیان کردووە، ژمارەیەکی زۆری وێنە و دۆکۆمێنتەکان ئەمانە لە ژێر زەوی و لە ناو دیواردا ساردویانتەوە و ئەمرۆ سودیەکی گەورەی بە دۆزی ئازاری جولەکە گەیاندووە.

لە بەر ئەوەی هەرد دوو جینۆسایدی کورد و جولەکە بە هاوکاری زۆرینەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کراوە، تەماشاکارانیشان زۆرترە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمەش دۆخێکی ئاسایی لە جیهاندا بۆ هەردوو لا دروست کردووە، کە لێکدانەوەی تاکەکان بە بۆچوونە ساکارەدا بگوزەرێ و پێی وابێت ناکرێت هەمووان ، ئەو هەموو بکەرەی جینۆساید هەڵبن، ئەو نەتەوەیە کورد یان جولەکە ڕاست بێت، بەڵام جولەکە ڕێگای شیاوی و گشتگیری گرتە بەر بۆ هەموارکردنی نەک تەنها پاڵپشت بەڵکو بوون بە مەکۆی هێزی جیهان لە هەموو بوارێکدا، ئەوەشی گەیاندنی باڵاکردنی ئازارەکەیان بوو بە شێوەیەکی دروست.

ئەوەی پسپۆڕانی بواری جینۆساید زیاتر لە کێشەکانی بکەران و هاوپشتیوانان، هەڵوێست و ڕاڤەیان لە سەر کردوو سایکۆلۆژیای ئەو چینەیە کە پێی ئەوترێت تەماشاکار (Bystanders). ئەمە ئەو کەسەیە لەگەڵ ئامادەیی لە نێو کارەسات یان بۆنەیەکدا ، هیچ هەڵوێستێکی باش یان خراپ وەرناگرێت و تەنها تەماشا یان چاودێری کردن هەڵئەبژێرێت. ئەوەی نیگەرانی ئەبزوێنێت هیچ کام لە نەتەوە جینۆسایدکراوەکان وەکو کورد ژمارەی تەماشاکاران و پشتیوانکارانی لە خودی نەتەوەی قوربانی نەبووە. جار تەماشاکردنەکەی تەنها ئەوە نەبووە کە هەڵویستی ئەرێی وەرنەگرتووە . بەلکو هەڵویستی نەرێی وەرگرتووە بە ئاستێک چووەتە خزمەتی پرۆسەی ئامادەکاریەکەوە . کاتێک ئەم ڕستەیە ئەدرکێنم لە هزردا بۆ نموونە ئەگەڕێم، چەندین یادەوەری لە سەر گەلامێوی سەر دیواری ماڵی ... (خزمێکی نزیکی باوکم) هەڵنیشتتووە . لە هەموویان بە ئازارتر ئەوەبوو . شەوێک پاش ئەوەی پۆلێک بەعسی بە پۆشاکی سەربازییەوە هاتن پاش پشکنین و بەسەردادان و شکاندنی هەموو شتەکانمان باوکمیان بەرەو زیندا ڕاپێچ کرد . لە بەر ئەوەی زۆر ترسابووین، دایکم من و براو خوشکەکانمی برد بۆ ئەو ماڵە ، کە ئیتیر لەوان دڵسۆزترمان لە فەرهەنگی خۆماندا تۆمار نەکردبوو . بەڵام هەر لە بەر دەرگاوە پێیان وتین، نامانەوێت بێن بۆ ماڵمان و بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان بزانن لێرەن لەوانەیە ئێمەش بگرن. لە کاتێکدا باوکم گیرابوو ، ئێمە نەگیرابووین واتە فەرمانی گیران بۆ ئێمە دەرنەچوو بوو ( ئەمە بەشێکی چیرۆکەکەیە ، بە شەکەی دی لە باسی ئۆبجێکت هوودا تەواو ئەکەم). ئەم چیرۆکە ئەکرێت دەیان هاوشیوەی بەرەو ماڵی یادەوەریت ڕاکێشابێت کە هەمان کاریگەری لە سەر قوربانی و پرۆسەسازی کارەساتەکەدا هەبووە.

ئەگەر لەم بەشە چیرۆکە ورد بینەوە سێ کارەکتەری بەهێز بۆ جینۆساید-سازی بەدی ئەکەین کە بەرهەم هێنانی کلتووری جینۆسایدی لە ناواخن گرتووە.

**یەک:** هەبوونی تەماشاکارێکی ئاوێزان بە ئاکاری نەرێنی، ئەمەش تەنها لە پۆستی تەماشاکار ناهێڵێتەوە ، دەبیاتە ئاستی هاوکاریکاری ناڕاستەوخۆ جەلاد بە دژی قوربانی.

**دوو:** شۆڕش و کوردایەتی مەسەلەیەکی چینایەتی و کێشەی چینێک بووە لە کۆمەڵی کوردی. وەکو تاونبارێکیش چاوی لێکراوە بەرانبەر بەر هەر نسکۆیەک ڕووبەڕووی بوەتەوە ، وەکو ئەوەی بوترێت نرخی کرداری خۆت ئەدەیت ، شایانتە . کێشەی کەسی قوربانی بووە، نەک قوربانی بۆدراو. هەروەکو چۆن 'کوردستانی' بوون ئەمڕۆ کێشەی چینێکە، لە ئاوێنەی تەڵخی چینەکانی دیدا کە لە پرۆسەی حزبسازیدا سالارن بەدی ناکرێن.

**سێ:** پەیوەندی نێوان قوربانی و قوربانی بۆ دراو بە هێڵێکی ئاگرین ئەکێشێت کە تەنها بەزەیی نایکات بە خۆڵەمێشی تەواو.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پـێچەوانەی هاوکێشـەی سروشـتی قوربانیـدەر ئەبـاتە ژێرڕکێفـی قوربـانی بـۆدراوەوە. قوربــانی کە قوربانیـدەری هەمـوو نەتەوە و کۆمەڵگەکەیەتی ، بە هەموو چێن و توێژ و باش خراپەکانیەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی کێشـەیەکی چینـایەتی بـووە قوربـانی بـۆدراو لە بری پێزانین، منەتبار بـووە کە هەوالگری لە سەر ناکـات ( ئەگەر نەیکردبـا ).دەربڕینـی 'دار و دیـوار گوێـداره' زیـاتر لەم راستیییەوە سەرچاوەی گرتـووە . بەو بەڵگەی زۆربەمان لەوانەیە تەنانەت یەک دراوسێ عەرەبیشمان نەبووبێت . ئەو بەرد وداره گوێدارانە هەموو دراوسێ و هاوڕێ و کەسە کوردەکانی خۆمان بوون.

ئەو فاکتەره وتراوانە ئەیسلمینێت هیچ نەتەوەیەک وەکو کورد قوربانی مەرگی قوربانی نەنووسیوەتەوە. هیچ نەتەوەیەکی وەکو کـورد تیوری ئامرازکردن - ئۆبجێکت -کردنی خۆی باڵا نەکردووە . ئەمەش لە بری ئەوەی کورد بە بوونی مێژووی خۆییەوە گرێ بـدات ، ورده ورده جمگە ساخەکانیشی لێک ترازاندووە، بۆ ئەبەد دەیکات بە خاوەنی شوناسێکی پارچە پارچە کە داهاتوو گارەنتی کۆکردنەوەی پـێ ناکرێت ، لەوێشەوە داهاتووی ڕوون کۆنتراکت لە گەڵ ئەو ئەمێستا لێڵەدا ناگۆڕێتەوە.

---

سەرچاوە:

**Levine, Paul A., From Indifference to Activism: Swedish Diplomacy and the Holocaust; 1938-1944, Uppsala 1996.**

---

٢١ / ٩ / ٢٠١٤

## بەشی چوارەم

- بە ئۆبجێکت کـردن یـان شـتاندنی مـرۆڤ جەوهەری فیزیکـی و عەقڵـی ئـۆبجێکتکراو لە میـانەی عەقـڵ و تێڕوانینـی خاوەنـدارەوە هەڵئەسەنگێنرێت و مەشقی شوناس و کەسیەتی ئەکات.
- کلتـورو مۆراڵی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـاینی دوای ڕاپەڕیـن و ئـازادی ؛ بە دەست نیشـانکراوی پـاش جینۆسـایدکردنی کوبـانی و ئێزیدیەکان و بەرهەم هێنانەوەی ئەو شتاندن و ئامرازبوونە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری نائامدەیی ویژدانی نەتەوەییە ئەسلمێنێت.

### بە ئامرازکردن یان "شەیدایی بۆ شتاندن - Objecthood".

ئەم باسـە لە ڕووی ماتمـاتیکی و زمـانەوانییەوە دەرگـا لە سـەر چەمکـی ئۆبجێکیتهـوود ناکـاتەوە . بەڵکـو ئـامانجێتی لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەم چەمکە بە دۆخی کلتووری بەر جیۆساید و پۆست جینۆسایدەوە ببەستێتەوە . " پسپۆرانی بواری جینۆسـاید باسیان لە ئۆبجێکتهوود نەکردووە لە بواری جینۆسایددا . بەڵام ڕاڤە فەلسەفێکەی ئەم چەمکە ئەتوانرێت ڕاستەوخۆ بە کلتورەوە ببەسترێتەوە و جینۆسایدیش بەهرە لە کلێنە کۆمەڵایەتیەکان وەئەگرێت ، بە جینۆسیادی کلتوری دەست پێ ئەکات و بە لە ناوبردنی فیزیکی کۆتایی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دێت". (Salih، ٢٠١٣).

لە ڕووی فەلسەفییەوە بە زمانێکی ساکار، ئۆبجێکت ئامراز بەرانبەر بە سەبجێکت ئامانج بەکارهێنراوە. سەبجێکت چاودێری ئۆبجێکت ئەکات، بەکاری ئەهێنێت، فرێی ئەدات. ئۆبجێکتیش ژێر ڕکێفکاری سەبجێکت پەسەند ئەکات. ئۆبجێکت یان ئامراز بە بێ پاشگری 'هوود' یان ' کراو' کە ئەکاتە ئامرازکراو ئەکرێت هەندێ جار لە واتایەکی پۆزەتیڤەدا جێگەی بێتەوە، بەڵام بە زیاکردنی ئەو پاشگرە دۆخ و شوناسی ' شت' ی پێ ئەبەخشێت. وەکو خاوەنداری نموونەی زەوی و موڵک و شت و مەکی ناوماڵ کە کەسێک خاوەنیەتی و مامەڵەی پێوە ئەکات لێرەشەوە مەسەلەی پەیوەندی شت و خاوەنداریەتی سەر هەڵئەدات لە سەر بنەمای دوو خاڵی سەرەکی کە ئەم چەمکە بەرهەمهێنەریانە ئەوانیش کێشەی ڕووکەش و گۆڕان لە گەڵ کێشەی ناوەڕۆک یان جەوهەرە..

کێشەی گۆڕان بۆ ئۆبجێکت یان شت زیاتر خۆی لە قەوارە و ڕەنگ و کێش ..تد. ڕەنگدەداتەوە، جەوهەر یان ناوەڕۆک تەنها لە میانەی خاوەنداریەتیەوە مەشقی بوونی خۆی ئەکات. شت خاوەنی ناوەڕۆکی سەربەخۆ نییە و بەهاداری ناوەڕۆک لە لە بەهاداری تێڕوانینی خاوەنەوە ئەنرخێنرێت.

بە ئۆبجێکت کردن یان شتاندنی مرۆڤ جەوهەری فیزیکی و عەقڵی ئۆبجێکتکراو لە میانەی عەقڵ و تێڕوانینی خاوەندارەوە هەڵئەسەنگێنرێت و مەشقی شوناس و کەسیەتی ئەکات. هانا ئەرندەت یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی چەمکی شمەکبوونی {Thingness}ی بەکارهێناوە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە . لە ڕوانگەی کلتوری پۆست کۆلۆنیالیزمییەوە کە بە ئاژەلاندنی مرۆڤ چوێنراوە وە لە ڕوانگەی خاوەنداریەتیەوە کاتێک باس لە کلتورجەماوەری و میدیای جەماوەری ئەکات. پێی وایە ئۆبجێکت ئامراز هێندە کلتوریە کە توانای بەرگەگرتن و مانەوەی هەیە ، ئەم بەرگەگرتنە پێچەوانەی ئەرک و فەرمانەکانیەتی. ئەویش بەهۆی ونبوونی ناوەڕۆک بەهای لە جیهانی باودا بە هۆی بەکارهێنان و لە کارخستنییەوە . ئەرندەت پێی وایە شمەکی ئۆبجێکت لە ڕۆخسار و قەوارەدا دەرئەکەوێت، واتە جوانی پێوانەیەکی جەوهەرییە، ئەگەر بمانەوێت حوکمی ئۆبجێکت بە هۆی بەها و بەکارهێنانەوە بکەین، نەک ڕوکەش ئەوا بەر لە ڕوانین پێویستە چاوەکانمان دەربهێنین بۆ ئەوەی نەبینین. لێرەوە ئەرک و لێپسراویەتی جیهان کە لە کۆمەڵگە و کۆمەڵی جەماوەریش یان گشتگیردا دەرئەکەون بێ بەشە لە جیهانی جوانی و کلتور. چوون کلتوور تەنها لە ڕێگەی ئەوانەوە پارێزراوە کە جیهانیان لە پێناوی جیهاندا خۆش ئەوێت ، ئەگەر نا ، هەموو شت دنیویەکان بە بێ ئەو جوانیانەی مرۆڤ دروستی ئەکات... ژیانی مرۆڤ بێ هودەیە و هیچ مەزنییەکیش بەردەوام نابێت. (Arendt، ١٩٩٢).

لێرەدا پێویستە لەوە تێ بگەین لەگەڵ شمەک هەردوو چەمکی شوێن و خاوەنداریەتی ئامادەییان هەیە، بەڵام خاوەنداریەتی شمەکە بوون یان شتاندن لە خاوەنداریتەی شوین جیاوازیەکی مەجازی هەیە ، جیاوازی نێوان شمەککردن و شوێن یەکسان نییە بە جیاوازی یاسایی وەکو شتێکی ڕاستەقینە گیراو یان شتێکی کەسی و جێگۆڕکێ کار .ئەرندەت مەبەستی ئەوە لە پۆستی جیاوازی کەسێک تێ بگەین کە پۆستی بەخشینی مافی خاوەنداریەتی ئەبەخشێت وە ئەو ئۆبجێکت - ئامرازەی ئەم مافەی ئەخرێتە سەر.

لە ڕاستیدا هەر ئەم چەمکی جیگۆڕکێ ی خاوەنداریەتی مەرگی شوێن لە شمەکدا ڕائەگەیەنێت. بە دروستکردنی ئەم ئارگومێنتە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمەویت گریت بدەمەوە بە چەمکی جینۆساید و بەکەسیکردن میژووە لە هەردوو ڕووی خاوەنداریەتی جێگۆڕکێ پێکراو و هەردووەها لە ڕوانگەی ئارندت 'میدیا و کۆمەڵگەی جەماوەری' یشەوە . دەستپێکی بە وروژاندنی پرسی گۆڕینی سەبجێکت ئامانج بۆ ئۆبجیکت ئامراز و شتاندنی مرۆڤ و بە بە کەسیکردن کارەسات و توانەوەی هەردوو لە بۆتەی شوێندا ئامانجی لە ئێستە بە دووی ئەم باسە ئەبێت. ڕونکردنەوەی چۆنیەتی شەیدایی مرۆڤی کۆلۆنیالکراو بۆ شتاندنی خود و دەرەوەی خود.

لە ڕابردوودا باسم لەوە کرد چۆن لە ناو کورددا بەر لە جینۆسایدی فیزیکی و ئەو کاتەی ڕاکتبوو بە جینۆسایدی کلتووری کێشە شۆڕش لە ڕووی کلتورییەوە بە کەسیکرابوو ، هەرچیەکی ڕووبەڕوو ئەبووە کێشەی خۆی بوو نەک کێشەی سەرجەم کۆمەڵگە. ئەمەش لە ڕێگەی ئۆبجێکتکردنی شۆڕشگێرەوە بۆ ئامرازێکی بێ بەها بۆ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە لای بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بەڵام بەکارهاتوو هەتا بە ئامانج گەشتنی سەرجەم کۆمەڵگە.

ئەوەی جینۆسایدی کورد لە جینۆسایدەکانی دی جیائەکاتەوە جگە لە ئەفریقی، ئەو فاکتەیە کە کورد جگە لە ماڵە قوربانییەکان، ئەوانی دی بە گشتی ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە هاوکاریکردنی شتاندنی قوربانی یان دووبارە بەرهەم هێنانەوە ئۆجێکتکردنەوەی کۆمەڵایەتی . بەشی دووەمی چیرۆکی ڕابردووتان لێرەدا بۆ تەواو ئەکەم و پاشان وەکو کەیسێک ڕاڤەی ئەکەین. خوداوەندی یادەوەریەکان ، یادەوەری منداڵیین وەکو ئەو ماڵە قوفڵ دراوەیە کە هەرگیز کلیلەکەی ون ناکەیت. تەنانەت ئەو ڕووداو و دەستەواژانەی بە منداڵیی لێی تێ ناگەیت لە گەورەبوونندا ئەبن بە سەرڤافڵەی یادەوەریەکان ، بە ڕاڤەی خۆت هەموو کۆدەکانی دەشکێنیت، هەندێ لەو یادەوەریانە ئەوەندە تاڵن پێت خۆشە خەونێک بێت لە بوڵقی کەفە ئاوەکانی منداڵیی بچێت بە فویەک بتەقن و کۆتاییان پێ بێت . تەواو وەکو یادەوەی ئەو کچە ٧-٨ ساڵانەی لە قەیرانە سیاسیەکانی خێزانە شۆڕشگێرەکەیا گوێی لە ماڵە خزمەکەیەتی گفتووگۆ ئەوە لە سەر دوای ڕۆژی ئەوی منداڵ ئەکەن و ئەڵێن، " ئەم کچە ئەگەر گەورە بێت جوان دەرئەچێت و خزمەکانی دایکی لە دەستمان دەرئەکەن، ئەگەر هەر لە ئێستاوە فرسەتی لێ نەهێنین بۆ کوڕەکی خۆمان. بە دایک و باوکی ئەڵێین بۆ ئەوەی لە گرتنی بەعسی بیپارێزین و لە حەیا چوونی بتانپارێزین ( گوایە بەعس کە مێینەی بگرتبا لاقەی ئەکرد) هەر لە ئێستاوە ئەیکەین بە دەزگیرانی فلانی(...) کوڕمان، کە هاتن بۆگرتنتان ئەڵێن بوکی ئێمەیە و نایگرن".

ئەگەر لە ڕووی سیاسیەوە سەیری ئەو کەیسەی سەرەوە بکەین هاوتەریبە بەو هەموو ئەو هەنگاوانەی کە بەعس ناوێتی بۆ لاوازکردنی ماڵە شۆڕشگێرەکان بۆ کردنیان بە ئامراز و ئاسانتر کۆتایی پێ هاتنیان. وەکو ئەوەی سەرەتا خاوەنداریەتی ئۆبجێکت ئامراز و موڵکی لێ وەرئەگرتنەوە ، دەستی بە سەر ماڵ و موڵک و پارەیاندا ئەگرت، دوایی ئەگەر ماڵێک کوڕی هەبوایە کورە لاوەکانی ئەکوشت ، ئەمەش لە لایەک کۆتایی بە سەرچاوەی شۆڕش و خوێندەواری و گۆڕانکاری نوێ و ڕەگەز ئەهێنا. لە لایەکی دی ئەندامانی دی خێزانەکەی ئەگۆڕی بە ئۆبجێکت، وەکو ئەوەی ، لە ڕەگەوە ورە و خواستی ژیانی هەڵئەکەند بەوەی کەسێکی ئازیزی خێزانەکەی شەهید ئەکرد و ئاشکاریش بوو هەر ماڵێک ئەندامێکی شەهید بووە لانی کەم دایکەکە بووە بە شەهیدێکی زیندوو. شەرباری ئەوەی ئیتر ئەو مۆری ریسک ئەدرا لە چارەنووسیان. ئەوەی خزمە کەش کە وەکو بەشە زۆرکەی کورد بە دەم شۆڕشگێر و بە کردەوە ئاژاوەگێر بوون ، بە هەمان پرەنسیپی سیاسی بەعس ئەو خێزانەی هەموو شتی لە دەستداوە منداڵەکانی نەبێت، هەوڵدەدەن بە تاکتیی ژەهراوی ئەوەی تەنانەت بەعسیش دەستی بەسەردا نەگرتووە ئەوان دەستی بە سەردابگرن. ئەمەش قوربانی تەنها تەجرید ناکات لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤایەتی ، بەڵکو تەجریدیش ئەکات لە ژیان و پێی ئەڵێت ئێستا ئەتوانیت لە ناخەوە کوڵ بدەیت چی دی بەرگەی ئەشکەنجەدانەکان نەگریت و ورە بەردەیت. واتە بازنەکە گەڕایەوە سەر هەمان هێڵی خولانەوەی سیستەمەکە.

ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژیای کلتورییەوە لەو کەیسە بڕوانین تێدەگەین قسەکەر فێڵی بە دەستهێنانی منداڵەکە وەکو بەزەیی ئەخاتە ڕوو، نەک ڕێز یان داوا. وەکو ئەوەی بڵێت ئەم پیاوەتیەتێت لەگەڵ ئەکەم، هەر لە ئێستاوە، کچەکەت لە کۆڵ ئەکەمەوە چونکە ئێستا یان داهاتوو لە گەڵ خۆتدا بیرگن ئەوە ئیتر ئێوە تەنها تاوانبار نین چونکە شۆڕشگێرن بەڵکو بێ ئابرو و لەکەداریشن. کە پلانەکەیان سەری نەگرت قوربانی منداڵەکانی پێشکەش نەکرد ئیتر پاش گرتنی خۆی منداڵەکانی لای ئەوان جێگەی مەترسی بوون هەر لە دەرگاوە ئیزن ئەدران کە هات و چۆ نەکەن بۆ ئەوەی حکومەت گومان لە ئەوانیش نەکات. ئەم چیرۆکە ئەڵێت قسەکەر ئەزانێت قوربانی کراوە بە ئۆبجێکت، بە شت ، شتیش خاوەنی هەیە خاوەنداریەتی نییە. لە غیابی شوێندا ،کە مرۆڤی شتێنراو 'شت' ناتوانێت خاونی بێت ، شوێنێکی ئاسایش، مافی خاوەنداریەتیە کەسایەکانی قوربانی ئەخاتە ڕیسکەوە بە بەرهەم هێنانەوەی دووبارە ئبجێکتهوود / شتاندنی قوربانی.

ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە و شۆڕشگیرەکان کە هاوسەر و دەزگیرانەکانیان لێ سێندراوەتەوە و کە لە دڵخوازەکەیان کراون بە بیانووی هەمان هۆ کە شۆڕشگێرن، بەڵگەی هاوکاری گشتی ئۆبجێکتهوودی شۆڕشگێڕ لە لایەن کۆمەڵگەی کوردییەوە کاریەکی هێندە ساکار و شەرعەیەت پێدراوبووە وەکو کلتوریەکی گشتی ڕەچاوکراوە. ئەمەش مانای ئەوە شتێک نەبووە بە ناوی ویژدانی نەتەوەیی ، ئەو فاکتەرە دەروونییەی ئەبێت بە یەکەم سەرچاوەی پاراستنی سەرچاوەی نەتەوەیی ڕۆحی و مادی .ڕوونتر بۆ نموونە ئەو ویژدانە نەتەوەییە ئەمڕۆ لای کوردی باکور ئەبینرێت لای ئێمە ئامادەیی نەبووە.

کلتورو مۆراڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی دوای ڕاپەڕین و ئازادی؛ بە دەست نیشانکراوی پاش جینۆسایدکردنی کوبانی و ئێزیدیەکان و بەرهەم هێنانەوەی ئەو شتاندن و ئامرازبوونە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری نائامدەیی ویژدانی نەتەوەییە ئەسلمێنێت.

تێبینیی: ئەمەی دەیخوێنیتەوە کورتەیەکی بابەتی ئۆبجێکتهوود و جینۆسایدە، هەموو بابەتەکە نییە. ئەگەر ئەم بابەت بە ئینگلیزی خوێندبێتەوە یان بیخوێنیتەوە لە داهاتوودا نموونەکەی تیدا نییە.

---

سەرچاوەکان:


Arendt، Hannah (1992) Lectures on Kant's Political Philosophy، university of Chicago Press.

Salih، Kaziwa (2013) From Indigenous Genocide to Post-Migration Genocide، York University


---


سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال پرۆسەیەک بوو بۆ تێکدانی نەخشەی کوردستان

ئەسعەد جەباری

دیمانەی : کەریم سمکۆ: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەسعەد جەباری، لەدایکبووی ١٩٦٩ قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جیهانە، خاوەنی ٢ کتێبە و ماوەی ٢٧ ساڵە کاری ڕۆژنامەوانی دەکات و ئێستاش سەرنووسەری ماڵپەڕی والاپرێسە، بۆ یەکەمجار هەستاوە توێژینەوەیەک لەسەر "ڕەنگدانەوەی پرۆسەی ئەنفالی ١٩٨٨ لە تێڕوانینی ڕاگەیاندنەکانی بەعسدا" ئەنجام بدات و لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ زاری کرمانجی تیشک دەخاتە سەر خیانەتی ڕاگەیاندن و دەیخاتە ڕوو کە ڕاگەیاندنی بەعس هەوڵی داوە وێنەی کورد ناشرین بکات لەلای وەرگر". ئەوەش باس دەکات کە میدیای بەعس ئەنفال-ی بە پاڵەوانیەتی بۆخۆی تۆمار کردووە وەک دەستکەوتێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخدا کە بۆ خۆی بەشانازی لەقەڵەم دراوە.



* ئەگەر بە گشتی باس لە خیانەتی ڕاگەیاندن بکەین، بەتایبەتی لە پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە حزبی بەعسی فاشیست بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامی داوە، ئەم ڕوماڵەی ڕاگەیاندنەکانی حزبی بەعس ناوی چی لێ دەنێی و تێڕوانینت چییە بۆی؟

- ڕاگەیاندنی حزبی بەعس ڕەوایی (شەرعیەت)ی داوە بەقەتڵوعام کردنی خەڵکی بێتاوانی کورد لەپرۆسەی ئەنفالدا، تا ئەندازەی ئەوەی کە دەیەوێ بۆ ڕای گشتی عێراق و خوێنەرەکانی بڵێ ئەو کوردانەی کە من ئەنفالیان دەکەم دەبێت جینۆساید بکرێن و دەیەوێ کورد لە ڕەگەوە هەڵکەنێ لەپێناوی سڕینەوەی کورد، ئەم میدیایە هەموو هەنگاوێکی ناوە.

میدیای بەعس هاتووە ئەمەی تەوزیف کردووە بۆ ڕەوایی پێدان بەو قڕ کردنە، دەیەوێ وێنەی کورد وا نیشان بدات لادەرو تێکدەرو خیانەتکارو بەکرێگیراون، هەر بۆیە دەبێت ئەوەی لەگوند دادەنیشێ دەبێت ئەنفال بکرێ، بەشێوەیەک هەر لەمیدیاکانی بەعسەوە باس لەژمارەکانی ئەوانەی خۆیان تەسلیم کردووە دەکرێ و ناویان دەبات بە(عائدون) پۆلێنی ژمارەکان دەکات بۆ دەستەی ژن و دەستەی مناڵ و دەستەی پیر، پاشان پیاو، هەموو ڕستەو دەستەواژەکانی میدیای بەعس ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە میدیایەکی شەڕەنگێز هەیە لەپاڵ سوپادا دەیەوێ نەتەوەیەک لەناو ببەن دوای ئەوەی کە بڕیاری کۆتاییان داوە بەلەناوبردنی لەپرۆسەی ئەنفالدا، ئەو میدیایە بەشی هەرە زۆری ئەنفالی خستوەتە پاڵ خودی کورد خۆیەوەو هەوڵی داوە دیمانەو چاوپێکەوتن لەگەڵ موستەشارو بەرپرسی ئەو هێزانە بکات کە لایەنگری هێزگەلی بەعس-ن ، یان ئەوانەی کە کوردن و لەدامودەزگاکانی بەعسدا پلەیان هەبوو، میدیای بەعس پرۆسەی ئەنفالی وەها تەوسیق کردووە کە خیانەت هەبووە لەم وڵاتە، بۆیە دەبێت ئێمەش خیانەت بنبڕ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکەین و عێراقیش تەنها هی عەرەبە، ئەم میدیایە کاری ناشرین کردنی شۆڕشی کورد بوو، پێی وابووە پرۆسەی ئەنفال کورد بۆ هەتا هەتایە لەناو دەبات و کورد ناهێڵێ.

**٭ پێت وایە ئەگەر رۆژنامەنووسانی بیانی روماڵی قۆناغەکانی ئەنفال و بەتایبەتیش کیمیاباران کردنی هەڵەبجەیان نەکردایە، بەمجۆرەی ئێستا باسی هەڵەبجەو تاوانەکانی بەرانبەر بە کورد نەدەکرا و ئاوا دەنگی نەدەدایەوە؟**

- بێگومان نابێ رۆڵی ئەو رۆژنامەنووسانە بەهەند وەرنەگرین بەتایبەتی کە کورد لەو سەردەمەدا بێ کەسوکار بوو، وێنەو گەیاندنی وێنەکانی ئەوان بوو لەجیهاندا دەنگی دایەوە بەناساندنی دۆزی کورد لەسەرانسەری جیهان بەتایبەتی دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، لەئەنفالدا هیچ بەڵگەیەکی وێنەیی لەبەردەست نییە، هەر بۆیە ئێمە وێڵی گەڕانین تا راستیەکان وەکو خۆی بدۆزینەوە، من لەدووتوێی رۆژنامەی"الیورە"دا چەند دۆکۆمێنتێکم دەستکەوتوە لەکۆکردنەوەی چەند وێنەیەکدا هی سەردەمی ئەنفال.
دوور نییە ئەگەر کورد بگەڕێ و هانی خەڵک بکات بەتایبەتی ئەوانەی کە بەشداریان لەپرۆسەی ئەنفالدا کردووە هەندێ وێنەی ڤیدیۆیی و وێنەی فۆتۆمان دەست بکەوێ تا راستیەکان وەکو خۆی ببینین، هەر دەبێت بگەڕێین و لەم مەسەلەیە سارد نەبینەوە.

**٭راگەیاندنی دەوڵەتی ئەوسای عێراق چۆن باسی تاوانەکانی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی کرد و چۆن لەقەڵەمی داو کێی تاوانبار کرد؟**

- راگەیاندنی بەعس هەوڵی داوە وێنەی کورد ناشرین بکات لەلای وەرگر، ئەنفال-ی بە پاڵەوانیەتی بۆخۆی تۆمار کردووە وەک دەستکەوتێکی گرنگ لەمێژووی هاوچەرخدا کە بۆ بەعس بەشانازی لەقەڵەم دراوە، میدیای بەعس کوردی بەتاوانبار زانیوە، بۆیە دەبێت ئەنفال بکرێن و نەک هەر سەروەت و ماڵ ومناڵی کورد دەبێت خاک و خۆڵی کوردستانیش بسووتێنرێ، باشترین بەڵگەش کیمیاباران کردنی گوندەکان بوو کە بەشێک بوو لەسووتانی خاکی کوردستان.

**٭ تۆ وەک رۆژنامەنووسێک و قوتابی بەشی راگەیاندن خەریکی توێژینەوەیەکی لەسەر رەنگدانەوەی پرۆسەی ئەنفالی ١٩٨٨ لە تێڕوانینی راگەیاندنەکانی بەعسدا، چۆن ئەو بیرۆکەیەت بۆ دروست بوو؟**

- من خۆم وەک پێشمەرگەو وەک کەسوکاری ئەنفالکراوێک بەبەردەوامی لەخەمی ئەم مەسەلەیەم و هەمیشە خزم و کەسوکارەکەم لەبەرچاومن کە ٢٣ ئامۆزاو پورزاو خاڵۆزام ئەنفالن لەگوندی "کوڵەبان"ی سەر بە ناوچەی جەباری سەر بە پارێزگای کەرکوک، بیرم لەوە کردووە توێژەری کورد یان بابڵێین کە رۆژنامەنووس و نووسەری کورد هەمیشە لەبارەی ئەنفال-ەوە قسەیان دەکرد لەدیدی رۆژنامە کوردیەکان کە چەند بایەخیان پێداوە، ئێ ئەمە روونە کە رۆژنامەی کوردی دەبێت هەر لایەنگری مەزڵومیەتی مەسەلەی ئەنفال بێت، تا ئێستا لەزانکۆکانی رەسمی لەهەرێمی کوردستان هیچ کەسێ نەهاتەوەو قسە لەسەر کەیسی ئەنفال بکات لەدیدی بکەری پرۆسەکەوە کە ئەویش (حزبی بەعس)ەو بێگومان ئەو حزبەش رۆژنامەو میدیای هەیەو وەک گوزارشتیش گوزارشت لەو حزبە دەکات، من لەم تێڕوانینەوە گوتم بابزانین رۆژنامەی"الیورە"چی دەڵێ لە بارەی ئەنفالەوە، دەرکەوت شتی زۆر سەیرو سەمەرەیان وروژاندووە کە ئێمە هەتا ئێستا پەیمان پێ نەبردووە!بێگومان من لەتوێژینەوەکەم زۆر نهێنی گرنگم هەڵماڵیوە کە دەیهێڵمەوە بۆ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوکاتەی کە دەیکەم بەکتێب و باخەڵک و کوردستان بزانن کە ئێمە لەگەڵ چ ئەژدیهایەکدا بەربەرەکانیمان کردووە.

پێشنیاری خۆم بوو دام بە بەشەکەم و بێئەوەی دەستکاری ناونیشانەکەی بکەن وەریانگرت وەکو خۆی، ئەرشیفەکەیشم بۆ یەک ساڵ پەیداکرد زۆر بە زەحمەت، بۆ توێژینەوەکەیشم تەنها (١٩) رۆژی رۆژنامەکەم وەرگرتووە، چونکە ئەگەر بمانەوێ هەموو رۆژنامەکە وەربگرین ئەوا بەچەندین توێژینەوە تەواو نابێ.

*** بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لە رۆژنامەی (الپورە) زمانحاڵی رژێمی بەعس بڵاو بوونەوەتەوە گەیشتووی بە چی و ئەنجامەکان چیان بە دەستەوە دا؟**

- نامەوێ لەئێستاوە قسەی لەسەر بکەم، چونکە هەتا ئەو رۆژنامە بخوێنمەوە شتی زیاترم بۆ دەردەکەوێ، پاشان دەرئەنجامی توێژینەوەکەیشم قسەم لەسەر کردووە کە نابێ ئێستا ئاشکرای بکەم.
یەک خاڵی باس دەکەم ئەویش ئەوەیە کە "ئەنفال پرۆسەیەک بووە بۆ تێک وپێکدانی نەخشەی کوردستان و هەوڵ دراوە ئیتر شتێک نەمێنێ ناوی کورد بێت لەعێراقی عرووبەدا".

*** بەپێی بەداواداچوونەکانی ئێوە لەسەر بەڵگەنامەکانی لەبەردەستتاندایە رۆژنامەکەی زمانحاڵی حزبی بەعس گەمەی بە عەقڵی تاکی عێراقی و کورد و رای گشتی جیهانی کردووە، ئایا هیچ راگەیاندنێکی جیهانی یان وڵاتانی دەوروبەر کاردانەوەیان هەبووە وەک وەڵامدەرەوەی ئەم هەواڵانە؟**

-بەڵێ هەیان بووە، هەندێ نووسەری قەومی و عرووبە وتاریان نووسیوە بۆ پیاهەڵدان بەشکۆیی ئەو پرۆسەیەو تەنانەت پیرۆزباییشیان لەپرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردن کردووە! لە رۆژنامەی"الپورە" روماڵی هەندێ رۆژنامەی میسری و کوێتی و یەمەنی و ئوردنی کراوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەسەر زاری میدیای بەعس و نووسەرە بەعسیەکانەوە پشتیوانیان لەپرۆسەی ئەنفال کردووە، با ئەوەش لێبگەڕێین بۆ کاتی خۆی دوای پێشکەش کردنی توێژینەوەکە.

*** بە رای تۆ رۆژنامەنووسە کوردەکانی ئەوکات کەمتەرخەم بوونە بۆ رووبەڕووبەنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە؟ ئایا ئەوان هەڵوێستییان چی بووە؟**

- رۆژنامەنووسی کورد مەگەر لەدەرەوەی کوردستان و عێراق هاتبێتنە قسەو پێشم وایە قسووریان نەکردووە، دۆکۆمێنتەکانی ئەو سەردەمە پێمان دەڵێن کە هەوڵەکانیان بۆ ناساندنی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کوردستان بێ ئەندازە بووە، بەڵام رۆژنامەنووس و نووسەری کورد بە رەمز هەندێ بابەتیان هەیە لەمیدیا کوردیەکانی ئەو کاتەی لەناوی عێراقدا کە ئەویش ناڕاستەوخۆیە لەترسی گیانی خۆیان نەیانتوانیوە بەرگری بکەن، مەگەر تەنها شاکیر فەتاح-ی نووسەر چوویەوە بەگژ بەعسیەکان و پێیانی گوت: کوا چارەنووسی ئەنفالکراوەکان، ئیتر سەرنگومیان کردوو لەناویان برد.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* دەکرێ بزانین جگە لەوەی تاوانی جینۆسایدی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران بەسەر کوردا هاتووە خراوەتە سەر وڵاتانی دەوروبەر لەلایەن حزبی بەعسەوە، چی تر بڵاو بۆتەوە کە وەک پاساو درابێتە پاڵ پێشمەرگە و نەتەوەی کورد و ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران؟

- بەداتاو ژمارە کۆم کردووەتەوە کە چەندین وشەی ناشرین و قێزەوەنیان خستوەتە پاڵ کوردو پێشمەرگە وەکو "عمیل، عملاو، بایع انفسهم، الخائن، الخونه، اوکاد، اشرار، قاگع الگرق،...الخ" هەموو ئەمانەو چەندینی تر پێمان دەڵێن کە ئەوانەی میدیای بەعسیان بەڕێوەبردووە شارەزا بوون لە وشە داتاشین.

* پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەتایبەتی وەزارەتی شەهیدان ئەنفالکراوان چی بکات بۆ دەرخستنی رووی رەشی راگەیاندنی حزبی بەعس کە بەپێچەوانەوە گوزارشتیان لە تاوانی ئەنفال و کیمیاباران کرد؟

- پێویستە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەوەی دەستی دەکەوێ لەمیدیای بەعس ئەرشیفی بکات و بۆ هەتا هەتایە هەڵی بگرێ تا توێژەرو خوێندکارانی کورد سوودی لێ ببینن، پێویستە ئێمە هەموو ئەوانەی لەسەر ئەنفال نووسراون بەوەی دژمان بووە بەوەی لایەنگر کۆیان بکەینەوەو بمێنێ تا نەوە لەدوای نەوە بزانن کە کورد بۆچی لەساڵی ١٩٨٨ جینۆساید کرا، دەبێت ئەو ئەرشیفانە لەمۆزەخانەیەک کۆ بکرێنەوە، ئەوەی من رامپەڕاند لەیادی ١٦ی سێی ئەمساڵ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ-وە وەک پاشکۆیەک بەناوی (ئاوێنەی تاوان) بەشێکی کەمی ئەو تاوانەیە کە لەسەر زاری بکەری پرۆسەکەوە تەوسیق کراوەو زۆر راستی سەیرو سەمەرەی تێدابوو کە لای نەتەوەی کورد هەتا ئێستا بەشاراوەیی مابوویەوە، دەبێت هەموو لاپەڕەکان هەڵدەینەوە لەهەر شوێنێک رستەیەکیان لەسەر ئەنفال و کیمیاباران کردنی کورد نووسیوە وێنەیان بگرین و بیدەینەوە بەنێوچاوی بکەرانی ئەم پرۆسە قێزەوەنە.

* گرنگتر لە بەڵگەنامەکانی لەو رۆژنامەیە بڵاو بوونەتەوە، رۆژنامەی "القادسە"یەش کە سەر بە وەزارەتی دیفاع بووە، ئایا ئەوانیش بەمجۆرە تاوانەکەیان پێچەوانە کردۆتەوە؟

- دەبێت حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستەوەستان نەبن لەم مەسەلەیەو هانی توێژەران بدەن کە بچن بەناوەڕۆکی مەسەلەکەو هەتا دەتوانن پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کاری لەسەر بکەن و بابەتی نوێی لەسەر ساغ بکەنەوە، دەبێت حکومەتی هەرێم پشتیوانی لەم جۆرە توێژینەوانە بکات بەتایبەتی لەتێڕوانینی میدیایەک کە حزبی بەعس خۆی بەخاوەنی زانیووە، دەبێت توێژینەوەیەکی تر بکرێ لەمەڕ پرۆسەی ئەنفال لەتێڕوانینی رۆژنامەی "القادسیە"ی سەر بە وەزارەتی دیفاعی عێراقی و بزانین ئەوان چیان وتووە کە من گومانم نییە ئەو توێژینەوەیەش گرنگی خۆی دەبێت بەتایبەتی رۆژنامەکە رۆژنامەیەکی عەسکەری بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاری کرمانجی / رێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٤

# ئەنفال ئەو ئازارەی لە گەڵمان دەژیت

**سەدیق سەعید رواندزی**

لە سەرەتای ساڵانی نەوەددا،ساڵێک دوای ڕاپەڕین، ئەوەدەمەی قوتابی پەیمانگا بووم لە شاری هەولێر، لە بەشی ناوخۆیی دەژیام.



ڕێک لە ژوورێکی دیکەی بەرامبەر ژوورەکەمدا، قوتابییەکی دیکە، هەرخۆی بەتەنها لەو ژوورە دەژیا. ئەم قوتابییە، کە لە یەکێ لە کۆلیژەکان قوتابی بوو، تابڵێی کەسێکی کەمدوو، گۆشەگیرو تەنها بوو. بە هیچ شێوەیەک تێکەڵ بە ئەوانی تر نەئەبوو.تەنانەت لە کاتی هاموشۆکردنیشیدا، بە دەگمەن، دەنا سڵاوی نەدەکرد. ئەم قوتابییە هەر خۆیو خەمەکانی خۆی دەژیا.لە سیمای ئەو قوتابییەدا، غەمێکی قوڵو پڕ لە ئازارم دەبینی. هەر کاتێک سیمای ئەوم دەدیت( ئەگەر چی کەم دەهاتە دەرەوەش) دەمزانی، ڕۆژگار ڕوحوناخی ئەو قوتابییەی هەلابەهەلا کردوە. بەڵام گرفت لەوە دابوو، ئەو بە هیچ شێوەیەک تێکەڵ نەدەبوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە ئاسان نەبوو،بتوانم لە خەمی ئەو بگەمو هیچ نەبێت، وەک ئەرکێکی مرۆییو مۆراڵی دڵنەوایی بدەمەوەو لە خەمی کەم بکەمەوە. گەلێک کاتیش دەمدی کە بەبێدەنگی دەگرییێتو فرمێسک بە چاوانی دا دەهات. هەرچۆنێک بێتو سەرەنجام،لە ڕێگەی کەسانێکی نزیک لەو قوتابییەوە،ئاشنای خەمی ئەو قوتابییە بووم.خەمێک کە هی ئەو نەبوو بە تەنیا، لە ڕاستیدا خەمی منو هەموو کۆمەڵگەی کوردیش بوو. بە تایبەتی لەو کاتەدا، کە تەنها چوارساڵ بە سەر ئەو کارەساتە تێپەڕیبوو،هێشتا برینەکان خوێنیان لێدەچۆڕا. ئەم قوتابییە خەڵکی گوندێکی دەڤەری چەمچەماڵ بوو(کە زۆر بە چڕی ئەو شوێنە کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال) پێنج براو خوشکێکیو باوکی، بە هۆی پرۆسە بە دناوەکانی ئەنفالەوە، لە دەست دابوو. دوای ئەو کارەساتە، دایکیشی لە خەمی ئەو کۆستە گەورەیە، بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوای کردبوو. بێگومان خەمی ئەو قوتابییە، کە نموونەیەکە لە سەدان بە جێماوی پاشماوەی ئەنفالەکان، خەمێکی ئەوەندە بە سوێو قوڵە، کە ئەستەمە زمان بتوانێت، وێنای بکاتو گوزارشتی لێبکات. ڕۆمانووسو ڕووناکبیری دیاری کورد(بەختیار عەلی) دەڵێ:( ئەنفال لە دەرەوەی زمانە. زمان لەوە بچووکترە بتوانێ گوزارشت لەو کارەساتە بکات).لە ڕاستیدا هێندێک ڕووداوی دڵتەزێنوتراژیدی هەن، مرۆڤ تووشی شۆک دەکەنو زمانی دەبەستن. تازەمەنێکی درێژیش ناتوانێت،لە ژێر کاریگەریەتی ئەو ڕووداوە دەرچێت. هەموو شتێکی بینراو، مەرج نییە بتوانین بە زمان گوزارشتی لێبکەین.زۆرجار مرۆڤ لە ئاست کارەساتەکان دەحەپەسێ.بۆیە بە بۆچوونی من خەمی ئەو قوتابییە،زۆر لەوە گەورەتربوو، وەک ئەوەی من تێی دەگەیشتم. بگرە ئەو تاراِدەیەک خۆڕاگریش بوو. چونکە هیچ نەبێک بەو بارودۆخە سایکۆلۆژیەی ئەو تیایدا دەژیا، کە گۆشەگیریو تەنهایی بوو، تاڕادەیەک لە گەڵ خەمە کەی ڕاهاتبوو. ئەمەلە کاتێکدا، ڕەنگە کەسێکی دیکە بوایە، هەرگیز بەرگەی ئەو دۆخەی نەدەگرتو کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنا. ئاخر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بە بێ باوک، دایک، خوشکو براکانی بژیت. لەو ڕوانگەیەشەوە ئەنفال، چەند پرۆسەی جینۆسایدکردنولەنێوبردنی خەڵکی سڤیلی ئێمە بێت، لەوە زیاتریش وێرانکردنو

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

داڕووخانی ڕوحی زیندووەکان بوە. کە کاریگەریەکانی زۆر زیاترە، لەوەی کۆتایی بە ژیانت بێت. بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤ یەک جار لە ژیاندا بمرێت،نەوەک هەموو ڕۆژێک بمرێت. ئەوانەی دوای ئەنفال جێماون، ئەو مرۆڤانەن کە ئەنفال وەک ئازارێکی هەمیشەیی، لە گەڵیان دەژیت. بۆ ئەوان ژیان نەک هیچ بەهاو مانایەکی نەماوە،بگرە خۆزگەی ئەوە دەخوازن، لەگەڵ خێزانەکانیان، ئەوانیش ئەنفال کرابانو کۆتایی بە ژیانیان بهاتایە، نەک بۆ خەمەکانی ڕۆژگار، بە زیندوویی بمابانەوە.چونکە مرۆڤ کە لە ئاستی ڕوحیدا تێکشکاو داڕووخا، بە جەستە بژیتو نەژیت، هیچ مانایەکی نییە. هەرگیز جەستەیەکی بە هێز ناتوانێ ڕوحی تێکشکاوی مرۆڤێک بینا بکاتەوە. ئازاری ڕوح هەزاران جار لە ئازاری جەستە، بە سوێترە.هەموو برینەکانی لە شی مرۆڤ سارێژ دەبن، برینی ڕوح نەبێت.

ئەوانەی لە دوای ئەو کارەساتە ڕزگاریان بوە، برینێک کەوتۆتە ڕوحیان، کە هەرگیز سارێژ نابێت. بۆ ئەوان ئەنفال کردەیەکی سەربازی بە سەرچوو نییە، بەڵکو ئازارێکە لە گەڵیان دەژیت. سێبەرێکە بە دوایانەوەیە تا دەچنە ژێرگڵ. ئەگەر ئەوانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوتن، سەرەنجام بە مەرگی ئەوانیش تەواو بوو، ئەوا لە گەڵ مەرگی ئەوانیش خەمەکانی ئەوانیش وەک مرۆڤ کۆتایی هات. وەلێ خەمی گەورەو ئازاری قوڵ، دواجار بۆ ئەوانە مایەوە، کە هەموو کەسو کاریان، یانیش زۆربەیان بەر ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە کەوتن. ئەوان چیتر، ئەو مرۆڤە ئاسوودەو بە ختەوەرەی بەر ئەو شاڵاوەنین، کە ساکارانە، لە گەڵ کەسو کاریان دەژیان.

بەڵکو کە سانێکی دیکەی گۆشەگیر، غەمگینو پڕ لە ئازارن. وەک ئەو قوتابییەی،لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد.ژیان لە دوای دابڕانی ئازیزان، ژیانێکی یە کجاروسەختوتراژیدیەو ڕاهاتن لە گەڵی بوێریو جوامێریەکی زۆری گەرەکە.بە تایبەتیش بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتیوکوردیش بە تایبەتی. بە عس دەیزانی بە دورخستنەوەو ئەنفالکردنو ڕاگوێزانی کوردەکانو هەڵکەندنیان لە زێدی ڕەسەنی خۆیان، چ زەبرێکی گەورەی دەروونیان بەر دەکەوێت. بۆیە لە ڕێگەی پرۆسەی بە دناوی ئەنفالەوە، ئەو کردەیە ئەنجام دەدات. بەعس هەر تەنها بریاری چارەنووسی ژیانی کوردەکان بە مەرگ نادا، بەڵکوسەدان کیلۆمەتر، دووریشیان دەخاتەوە لە ماڵو نیشتمانی خۆیان.بەعس بە چڕیو بەبەرنامە کاری لە لێک دابڕانی  پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خێزانی کوردی لەلایەکو ژینگەو سروشتی کوردستانیش،لەلایەکی دیکەوە دەکرد. بێگومان بە عس خاوەن هێزو دەسەڵاتو ببڕو بکوژ خۆی بوو، دەیتوانی هەر لە کوردستاندا، کوردەکان ژێر گل بخات، بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان، بەڵام دێت ئەنفالیان دەکاتو سەدان کیلۆمەتر دەیانگوێزێتەوە نوگرە سەلمان. بەعس بەو کارەی هەرتەنها چارەنووسی ئەوانەی ئەنفالی کردن، بە مەرگ کۆتایی پێ نەهێنا، بەڵکو چارەنووسی هەموو ئەو ڕزگاربووانەشی  بە ناچاری خستە بەردەم ژیانێک، کە زۆر لەوانەی لە نێو چوون، تراژیدی ترو غەمگینتر بێت. بەعس بە کردەی ئەنفالکردنی کوردەکان بۆ باشوور، دەکرێ بڵێین چەند ئامانج و پە یامێکی سیاسی هەبوو. لەلایەکەوە تێکدانو پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان.بەمەش لە ئاستی ڕوحیو سا یکۆلۆژیدا، زەبرێکی دەروونی گەورە،  لەهەموو ئەوانە ئەدات، کە دوای ئەو کارەساتە بە زیندووی دەمێنەوە.تاکو لەو ڕێگەیەوە نەتوانن، گلکۆی کەسو کارەکەشیان بناسنەوە. بە دەربڕینێکی تر، بەعس نەک تەنها، کوردەکان دەکوژێتو لە نێو دەبات، بەڵکو گلکۆکانیشیان وندەکات. ئێمە هەمووومان دەزانین، یەکێک لەو خەسڵەتە سایکۆلۆژیانەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەیەتی، بە سەر کردنەوەی گۆڕی ئازیزانیەتی. ئەو نەریتە کە وەک نۆرمێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەلگەی کوردیدا بوونی هەیە، مەراسیمێکی کۆمەڵایەتییەو هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە،ئەنجام دەدرێت. لەو ڕۆژەدا، زیندووەکان، ئەوانەی ئازیزێکیان لە دەست داوە،بۆ دڵنەوایی، ئارامی ڕوحیو دەروونیان، دەچنە سەر گۆڕی مردووەکانیانو دەیانلاوێننەوە. بەمەش هەم هەست بە ئاسوودەی دەکەن، هەمیش وادەزانن لە ئاستی واقیعدا مردووەکانیان دەبینن‌و دەبیستن. بۆیە دەبینین هەموو ئەوانەی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەس‌و کاریان ئەنفال کراوە،بەوتاسە قوڵەیەوە دەژین‌و دەمرن، کە گۆڕی ئازیزانیان ببینەوە.بزانن لە کوێ نێژراوان.ئەوانە خۆزگەی ئەوەدەخوازن، کە ئەگەرچی کەس‌و کارەکانیان لە وکارەساتەدا تیاچوون، بەڵام گۆڕێکیان هەبوایە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ڕۆژانی پێنج شەممە بچنە سەریان. لە کاتێکدا مرۆڤ کە مرد، دواجار کۆتایی دێت‌و بە سەر کردنەوە یانەکردنەوەی گۆڕەکەی تازە، هیچ لەوغەمە کەمناکاتەوە. بەڵام چونکە پەیوەندی مرۆڤی کورد، لە ئاستی ڕوحی‌و کۆمەڵایەتیدا ئەوەندە بە هێزبوو( بە تایبەتی لە سەردەمی ئەنفال‌و بەداخەوە ئێستا ئەوە نەماوە)ئیدی بەعس دێت ئەو پەیوەندییە لە ڕەگەوە دەردەهێنێت. بە لێکدابراندنی مرۆڤەکان، ئەنفالکردنی هەندێکیان‌و ڕزگاربوونی هەندێکی دیکەیان، ئەو پەیوەندییە نامێنێت. کە ئەو پەیوەندییەش نەما، ئیدی بۆشایەکی گەورەی ڕوحی‌و دەروونی لای زیندووەکان دروست دەبێت. ئەوان ڕووبەرووی هەڵومەرجێکی دیکەی ژیان دەبنەوە، کە پڕە لە غەمگینی‌و ڕەشبینی‌و نائومێدی‌و چاوەڕوانی. ڕزگاربووان‌و پاشماوەی ئەنفالەکان، گەرچی دەزانن کەس‌و کاریان نەماون، بەڵام حەزدەکەن گۆڕەکانیان پێ بزانن‌و ڕوفاتەکانیان بێنەوە.ئەوان دڵنیان لەوەی کە جارێکی تر بە هیچ شێوەیەک،بەدیداری کەس‌و کاریان شاد نابنەوە.بەڵام دەخوازن ئەگەر بە زیندوویش نەبێت، بە مردویی ئێسکو پروسکی کەس‌و کاریان ببینەوە. چونکە هیچ نەبێت دەتوانن ڕۆژانی پێنج شەممە بچنە سەر گۆڕەکانیان‌و خەمەکانی خۆیان هەڵڕێژن. بەڵام کاتێ بە عس دێت‌و هەرتەنها بە کوشتنی مرۆڤەکان ناوەستێت،بەڵکو گۆڕەکانیشیان شوێن بزر دەکات، ئیدی خەمی ئێمە گەورەترو بە سوێتر دەبێت. بە عس بە بردنی کوردەکان بۆ نوگرە سەلمان، نەک گیانیان بگرە گلکۆکانیشیان وندەکات. بەمەش لەو ڕێگەیەوە ڕزگاربووانی ئەو کارەساتە دەخاتە بەردەم ژیانێک پڕ لە چاوەڕوانی‌و مەراق. چاوەڕوانی هاتنەوەی ڕوفاتی کەس‌و کاریان، تاکو جارێکی تر بۆ دڵنەوایی‌و ئارامی‌و ئاسوودەیی ڕوح‌و دەروونیان، بچنە سەر گۆڕەکانیان.ئەوان هیچ نەبێت بە هاتنەوەی ئەو ڕوفاتانە،سوکنایەک بە دڵ‌و دەروونیان دادێت. لێرەوەش حکومەتی هەرێم( کە جێگەی دەستخۆشییە ) چ لە ئاستی ماددی بێت، چ بە خستنە مەترسی ژیانی کارمەندەکانیەوەبێت(بەتایبەتی کارمەندەکانی وەزارەتی شەهیدان‌و دەستەی ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان‌و بەتایبتیتریش د- محمد احسان) هەوڵی هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانی ئێمە ئەدات. ئەم کارە وێرای ئەوەی بە هایەکی گەورەی ئنسانی هەیە، هاوکات بۆ کەس‌و کاری ئەنفالکراوەکانیش مەغزای خۆی هەیە. چونکە ئەوان چیتر بە دیار ونبوونی گلکۆی کەس‌و کاریانەوەناژین‌و هیچ نەبێت، سیمبولیک هەیە، کە ئاماژەیە بۆ قوربانیان‌و ئەو کارەساتە گەورەیە. ئەمە وێرای بە سەرکردنەوەی گۆری کەس‌و کاریان چ لە کاتی مەراسیمێکی فەرمی بێت، یاخود ڕۆژەکانی دیکەی ئاسایی. کەواتە هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانی ئێمە، هەر تەنها جێگۆرکێ‌وگواستنەوەی گۆڕی ئەو شەهیدانە نییە لە باشورەوە بۆ باکور، بە پێچەوانەوە بە لکو سەرلەنوێ گرێدانەوەی پەیوەندی نێوان ئەنفالکراوان‌و کەس‌و کارو پاشماوەکانیانە، بە لام لە فۆرمێکی دیکەی جیاواز،لە سەردەمی پێش ئەنفال.ئێمە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانمان‌و سەرلەنوێ ناشتنەوەیان لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا، چ لە ئاستی خێزانی‌و کۆمەڵایەتیدا، بۆ کەس‌و کاری ئەنفالکراون، لە ڕووی سایکۆلۆژی‌و ڕوحیەوە، بایەخی هەیە،چونکە ئەوان چیتر بە دوای چارەنووسی ئازیزانیان وێڵ نابن کە لە کێ نێژراون، هاوکات شادکردنەوەی گیانی قوربانیەکانیشە بە ئامێزی خاکو خۆڵێک کە لە پێناویەوە ئەنفال کران. جارێکی تر بە ستنەوەی مرۆڤی ئێمەیە بە نیشتمان. ئەوان چونکە بۆ ئەو خاکەو لە پێناو ئەو نیشتمانەدا، ئەنفالکران‌و گیانیان بە خشی،ئیدی باجەستەو ڕوحیشیان هەر لە باوەشی ئەو خاکەدا، چاو لێک بنێت. بۆیە هێنانەوەی ڕوفاتی شەهیدەکانی ئێمەو سەرلەنوێ بە خاکسپاردنەوەیان، چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی‌و جوگرافی‌و ئنسانی هەیە. حکومەتی هەرێم دەزانێت، هێنانەوەی ئەو ڕوفاتانە، چ کاریگەریەکی بە سەر ژیان‌و هەڵومەرجی سایکۆلۆژی‌و خێزانی‌و پەروەردەیی، پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی ئێمەوە هەیە،بۆیە بە پێی قۆناغ‌وپلانێکی بۆ دارێژراو، بە بەردەوامی هەوڵی هێنانەوەی ئەو ڕوفاتانە دەدات.چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، بۆ ڕزگاربووانی ئەو کارەساتە، تراژیدیایەکە هەر

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنها،لە ئەنفالکردنی کەسو کاریان دانییە، بەڵکو ئازارەکە لەو قوڵایەش دایە، کە ئەوان هیچ ئاسەوارێکیان لە ئاستی شوێندا بۆ نەماوە، کە هێما بێت بۆ قوربانیەکانیانو هیچ نەبێت، بتوانن گۆڕەکانیان بە سەر بکەنەوە. چونکە هیچ خەمێک لەوە گەورەتر نییە،مرۆڤ کەسێکی لە دەست بدات، بەڵام گۆڕەکەی دیار نەبێت. ئەمە بۆ مرۆڤێکی خۆرئاوایی، ڕەنگە کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام، بۆ مرۆڤێکی خۆرهەڵاتی بە تایبەتیش کورد، ئەمە کارەساتێکە کاریگەریەکی گەورەی بە سەر ژیانیەوە دەبێت. بۆیە دەبینین ڕزگاربووانو پاشماوەی ئەنفالکراوانی ئێمە،چەند خەمی لە دەستدانی کەسوکارەکانیانە،هاوتای ئەوەو زیاتریش،خەم بۆ ئەوە هەڵدەگرن کە ئەوان لەدوای خۆیان شوێنەواری هیچ گلکۆیەکیان جێنە هێشتووە، بۆ ئەوەی هاوشێوەی مردووەکانی تر، ئەوانیش بتوانن بچنە سەر گۆڕەکانیان.لێرەوەش ئەگەر بەعس لە ڕێگەی پرۆسەی ئەنفالەوە، هەوڵب پچڕاندنی ڕایەڵە ڕوحیەکانی نێوان مرۆڤەکانی کوردی دابێتو بونیادی خێزانی ئەو کۆمەڵگایەی بە هۆی میکانیزمی لێکدابڕانیانەوە، لەبەر یەکتری هەڵوەشاندبێتەوە، ئەوا لە ئاستی دووەمدا، ئەمجارەیان بە عس لەڕێی ئەنفالەوە، پەیوەندی دیالکتیکانەو ژینالۆژیانەی، مرۆڤی کوردوژینگەو سرووشتی کوردستان دەپچڕێنێ. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر بەشێکی کردەی ئەنفال، پەیوەست بێت بە پرۆسەی جینۆسایدکردنو لە نێوبردنی جەستەیی مرۆڤەکان، ئەوا پانتایەکی دیکەی ئەو کارەساتە، لە وێرانکردنی سروشتو ژینگەی کوردستاندا چڕدەبێتەوە. بێگومان ئێمە دەزانین، لە نێوان مرۆڤی کوردو خاکەکەیدا، پەیوەندییەکی زیندووی ڕوحیو مێژوویيو جوگرافی هەیە.تاڕادەیەک ئاوێتەی یەکتری بوون، دەتوانین بڵێین بە ئاسانی نە مرۆڤی کورد لە خاکەکەی جیا دەبێتەوە، نە خاکەکەشی دەستبەرداری مرۆڤەکانی دەبێت. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین مرۆڤی کورد، لە هەر سوچێکی ئەم دنیایە بژیت، خۆی وەک غەریبێک دەبینێتو خەیاڵی لای شادبوونەوەیە بە خاکەکەی. ئەمە هەر تەنها ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی مرۆڤەکانی ئێمە نییە، کە بە هۆی پەڕاگەندەیيو ئاوارەییەوە، لە غەریبی ڕووبەرووی دەبنەوە، بە ڵکو گوزارشتیش،لەو پەیوەندییە بە یەکداچووە دەکات، کە لە نێوان مرۆڤی ئێمەو خاکەکەیدا هەیە. لەو ڕوانگەیەوە کاتێ بەعس دێت، گوندەکانی کوردستان تێک دەداتو مرۆڤەکانیشی هەڵدەکەنێ بۆ شوێنێکی تر،دەزانێ چ ئامانجێک دەپێکێ.هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت بەعس بۆیە گوندەکانی ئێمەی خاپوور کرد، تاکو سەرچاوەی بژێویيوژێرخانی ئابووری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە زەمەنی ئەنفالدا لە نێو بەرێت.ئەمە دیوێکی کارەکەبوە،بەڵکو دیوە شاراوو ڕاستەقینەکەی ئەو کارەساتە، تێکدانی پەیوەندی مرۆڤی کوردو خاکەکەی بوو. چونکە خاک یەکێکە لەو توخمە سروشتیانەی پیرۆزی خۆی هەیە،لای تاکی کورد.ئێمە چونکە نەتەوەیەکی ژێر دەستەو هەمیشە چەوساوەبووینە، یاخود لە بێ خاکیو نیشتمانی ژیاوین، ئیدی خاک بەهاو گەورەی خۆی هەیە لامان.بۆیە دەبینین بە هەزاران مرۆڤی کورد(بەئەنفال کراوەکانیشەوە) لە پێناو ئەو خاکەدا،وەبۆ ئەو خاکە گیانیان بەخت کردو قوربانیان داو تێکۆشان. خەباتو تێکۆشانو قوربانیدانو خوێن ڕشتنی تاکی کورد لە ڕابردوودا، هیچ نەبوە جگە لە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی خاکێک لەژێر چرنوکی دوژمنان. شۆڕشو قوربانیدانەکانی ئێمە،بەرلەوەی بۆ بونیادنانی دەسەڵاتێکی لۆکاڵی بێت، هاوشێوەی هەر گەلێکی دیکە، بۆ ئازاد کردنی خاک بوە. بۆیە بەهەزاران لە مرۆڤەکانی ئێمە بە شانازییەوە خوێنی خۆیان قوربانی ئەو خاکەکرد. لێرەوەش بە عس زۆر بە قوڵی درکی بەو پەیوەندییەی نێوان خاکی کوردستانو مرۆڤی کورد کردبوو،بۆیە بەو پەڕی دوژمنایەتيو ڕقو تۆڵە، هەرچیەک لە دەستی هات،بەرامبەر بەسروشتو ژینگەی کوردستان کردی.ئەو وێرانکاریەی بەعس لە هەمبەر سروشتی کوردستان نواندی، بە دەگمەن وێنەی هەبوە لە مێژووی مرۆڤایەتی.بەعس دەیزانی لە پاڵ کوشتنی مرۆڤەکانەوە، تێکدانو خاپوورکردنی سروشتی کوردستانیش،چ کاریگەریەکی گەورەو شۆکێکی دەروونی،لای تاکی کورد،دروست دەکات.بۆیە لە ئەنفالدا،هەردوو ڕەگەزی سرووشتيومرۆیی، هاوشێوەی یەکتری دەداتە بەرشاڵاوی دڕندانەی خۆی.بۆیە ئەنفالکردنی کەسەکان، چەند غەمێکی گەورەبوو،تێکدانی سروشتی کوردستانیش،بەهەمان شێوە. من بیرمە لە سەردەمی ئەنفالدا،ناسیاوێکمان(کە خەڵکی گوندی فەقیان بوو)

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەرکاتێت ڕەزو باخچەکانی خۆی لە و گوندەدا بیر دەکەوتەوە، چاوەکانی پڕ دەبوون لە گریانو فرمێسکی دەڕشت. ئەو لە پاڵ خەمی مرۆڤە ئەنفالکراوەکان،هاوکات خەمی ئستاتیکای سروشتی گوندەکەشی بوو.بەتایبەتیش کە ئەنفالی دۆڵی ئاکۆیان، ڕێکەوت بوو لەگەڵ پێگەیشتنو هاتنە بەرهەمی بەروبومی کشتوکاڵو کێلگەیی گوندەکان. ئەمە هەرتەنها ئاماژەیەک نییە، بۆ خەمی مرۆڤێک کە گوندەکەی وێرانکراوە.بەڵکو دەلالەتی پەیوەندی مرۆڤی کورد بە خاکەکەیو ئازاری دابڕانو هەڵکەندنیەتی لە زێدی گوندوکۆکردنەوەیان، لە کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان، کە ئەمەشیان باسێکی سەربەخۆی دەوێت. بۆیە دەبینین یەکەمین کار کە مرۆڤی کورد،ڕاستەوخۆ بە چەند ڕۆژێک دوای ڕاپەڕینی بە هاری ١٩٩١ دەیکات،کە هێشتا تامی ڕاپەڕینو سەرکەوتنی نەچێشتووە، گەڕانەوەیەتی بۆ گوندوسەرلەنوێ دروستکردنەوەی خانوو، ئاوەدانکردنەوەی ڕەزوباغوکارێزەکانیەتی. ئەمەش دەریدەخات،کە ئەو سێ ساڵەی دوای زەمەنی ئەنفال، مرۆڤی کورد، چەند تامەزرۆی شادبوونەوەی بوە، بە ژینگەی پاکوسروشتی جوانی کوردستان،لەدوای ئەو کارەساتەوە. بێگومان لە کۆتاییدا دەڵێین، ئەنفال دیارترین کارەساتی کوردە، کە نابێتە بەشێک لەڕابردوو.بۆیە هەڵەیە پێمان وابێت(ساڵانێک بە سەر ئەنفال تێپەڕیونو تێدەپەڕن!)ئەنفال هەر تەنها کارەساتی ئەنفالکراوەکان نییە،بەڵکو تراژیدیایەکە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە ژیانی زیندووەکانیشەوە هەیە. ئازاری ئەنفال، ئازاری زامێک نییو، قەتماغە بگرێتو ژانی نەمێنێ. بە پێچەوانەوە، بە ڵکو ئازاری ئەنفال،لەو جۆرە ئازارانەیە کە لە گەڵمان دە ژیت. بە ئەنفالەوە دەژینو بە ئەنفالەوە دەمرین. هەر کاتێک سەیری ئەنفالمان کرد، وەک کردەیەکی ڕابردوو، ئەو کات تێنە گەیشتنێکی گەورە لە هزرماندا هەیە بۆ ئەنفال. چونکە هەر تاکێک کارەساتەکانی نەتەوەی خۆی بە ئاسانی لەبیر بکات، ماناى وایە، پەیوەست بوونی نەتەوەییو نیشتمانی لاوازە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٤

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆزگە ئەنفال تاوان دەبو!

قەهار گەزنەیی

ئەنفال هەرگیز تاوان نەبوو! ئەنفال کاریلە ئاسکێکی بێتاوان بوو ! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە لە جیاتی دروستکردنی مزگەووتە



جووت منارەکان ، قەلایەکم دروست دەکرد لە بوکەشوشەی منالە ئەنفالکاراوە برسیەکانی لەدایک و باوکیان دابڕاو ، نازو نوسکە تیادا نەماو،! نیوە زیندوی لەگۆڕ نێژراو ،! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە لەبەردەرگای قەلایەکەش تابلۆیەکم دروست دەکرد لە پێکهاتەی ئێسک و پڕوسکی شێرە کوڕانی ئەنفالکراو،داپیرانی لەکۆنەهەوار بەجێماو، شێرەژنانی ئەتک کراو ، پرچی زەردی تێک قژ قژاو، شانە نەکراو ، ، خۆزگە ئەنفال تاوان دەبوولەسەر تۆپکی قەلایەکەش جووت بورجێکی بالا بەرزم دادەتاشی هاوشێوەی عومەر خاوەرو کۆرپەلەکەی ، لە جیاتی مانگ و ئەستێرە جووتێ قۆندرەی بەجێماوی ئەنفالێکم لەسەرلووتکەی بورجەکاندا هەلدەواسی !! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە ئێسکی باوکە و دایکە پشت چەماوەکانم لە ناو گۆڕە بەکۆمەلەکان دەدۆزیەوە ،! لەسەر پشتی قەلایەکە دوو گۆڕی ئالتونم دەکرد،! ڕۆژێ پێنج جارلە نێوانیان غارغارێن و حەجی سەفاو مەروام دەکرد ،!! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە شەرمم دەکرد هەولێر بکەم بە پایتەختی گەشتیارانی ئومەی عەرەب، ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە سالانە سەدو هەشتاو دوو هەزار پاسپۆرتم بۆ مەسافیرە بیانیەکان و بۆ ڕێکخراوەکانی خاچی سورو مافی مرۆڤ لەسەر حیسابی چالە نەوتە هەڕاجکراوەکان دروست دەکرد ،! سنورەکانم دەکردەوە سەفەر بکەن بۆ ولاتم ! بۆ بینینی ئێسک و پڕوسک و ڕوفاتم ! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە دەست و پەنجەی منالان و کەلەی سەری هەرزەکارو باپیرانم ! مووی سەرو پرچی خوشکانی ناوگۆرەبەکۆمەلەکانم ! دەکرد بە تابلۆی جرنیکا، کۆلان بە کۆلان شاربەشار بەجیهانم دادەگێڕا،! دەمبرد بۆ بەر عەشی فەزا ! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە شەرمم دەکرد نازناوی نیو ستی و ئیمپایرو فامیلی مۆل و تورک هۆل لەبازاڕو شارەکەمدا هەلبواسم ! ڕیستۆرانت و گرینلاندو چاڤی لاند لەبەردەرگای باخچەو چێشتخانەو قوتابخانەکان بنوسم ! ئەگەر ئەنفال تاوانبوایە قومارخانەم دانەدەنا بۆزەماوەندی جەنتل مانە تورک وعەرەبەکان ، هەرگیز ڕێگەم پێنەدەدان سەفەر بکەن بۆ وولاتم ،! ئەنفالم لەبیر چۆتەوە ! ئەگەرئەنفالم لەیادبا قەلەمی کاوە گەرمیانم نەدەشکاندو کۆمەلەی گەنج و لاوان و نەوەی نوێم بە شەڕە پەڕۆ فێرنەدەکرد،! ڕێگام دەدا بەنوسەران بەخامەی ئالتون بنوسن ڕەخنەبگرن لە هەلەو سەرپێچیەکانم ! ئەگەر ئەنفال تاوان بوایە ئەوانەی ئەنفالیان کردم نەمدەکردن بە سەرچۆپیکێشی یادی ڕۆژانی ئەنفالم ، نەمدەکردن بەبەرپرسی ژوورەکانی ئیستیقبال و ڕاوێژکارم ،! ئەگەر ئەنفال تاوانبوایە هەولم دەدا هێلی سنوری چوارپارچەی سایکس پیکۆ لەسەرنەخشەی نیشتمانم بسڕمەوە !!ئەگەر ئەنفال تاوانبوایەو بەئەنفال و بەزیندانی نیگەرانبام، بەبێمنەتی دوژمنان و ئۆردوغان و داود ئۆغلو گۆرانی ئازادیم لە بۆ سەرۆک ئاپۆ دەچڕی ،! ئەنفالم لەبیر چۆتەوە ! زیندانم لەبیر چۆتەوە ،! گەر ئەنفالم لەبیربایە هاریکاریم بۆدایکی شەهیدانی کەرکوک

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وقامشلو مەهابادو ئامەد دەنارد ! شین و شایی هەمویانم بە پرسەو بەئاهەگی خۆم دەزانی،،،،! ئەگەرئەنفال تاوان بوایە سالێ جارێک مال بە مال، کۆلان کۆلان، گوندو دێهاتەکانم لەیادی ئەنفال جاردەدا، سەردانی یەک بەیەکی خزم و کەسی پاشماوەی کاروانی ئەنفالم دەکرد! داوای لێبوردنم دەکرد! بەلام دلنیاتان دەکەم ،درۆ دەکەم، تاوانباری چوار ئەنفالی کوردستانم ! فتنەو سیخورِو کائیوسی گشت جیهانم ! ئەنفال لای من تاوان نەبوو! دەستێکی سۆپەر پیاوەکانی خۆمی لەگەل دابوو،! ئەنفالی من نەخوێنە و نە برینە،! نە سۆز بوو، نە گلکۆو بوو! ئەنفال چبوو ؟ ئەنفالم قومارخانەی پیاوی مافیاو دزو جەردەو بازرگان و بانقی دۆلارو دراوبوو ،! مەزەو کەباب و شەراب بوو !! ئاسکێکی بێتاوان بوو ! کاریلەیەکی نەفام بوو! هەرچی هەلسا راوی کردو سێرەی لێگرت ! هەرچی هەلسا پرِ بەدەمی کەلبی تیژو چرنوکی پیسی لێچەقاند گازی لێگرت ! گەر ئەنفال زمانی هەبا بەدلنیاییەوە دەیگووت ئیتر بەسە با لەگلکۆدا بسرەوم ، نەچیتر یادم بکەن ! نەچیتر ئەنفالم بکەن !!!!!!!!!

سەرچاوە: مالپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شاڵاوەکانی ئەنفال و تێکەڵاو کردنی دوو کولتوری دژ بە یەک

یاسین لەتیف



بە دەر لەوەی هەموو هێزەکان پشکێکیان بەر دەکەوێت لە بەشداری کردنی ئەنفالدا !! بەڵام تاوانباری سەرەکی و ئەنجامدەری تاوانی ئەنفال کردنی هاونیشتمانیانی کوردستان ((حزبی بەعسی فاشیزم)) بوو ، (میشیل ئەفلەق) باوکی ڕۆحی و دامەزرێنەری بەعسیزم ڕستەیەکی سەیرو سەمەرەی هەیە دەڵێت : ـ ((هەموو خاکمان بەرێ ، بەڵام ئیمان و بڕوامان لێ بسێنیتەوە پەرتەوازە دەبیین)) مەبەستی ئەفلەق بڕواو ئیمانی پان عەرەبیزمە کە لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت ،،ئیسلام و عروبە دوو چەمک و دەستەواژەی کولتوری خێڵەکی بەدەویە و پێکەوە تەنها یەک واتاو مەبەست دەبەخشن ئەویش نرخاندن و تەقدیس و بەرزڕاگردنی عەرەب و عەرەبیزمە لە بەرامبەر گەلانی دنیادا . جودا کردنەوەو داماڵینی بیری ئیسلام لە عروبە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێتە کەفی سەر ئاوو زوو ئاوا دەبێت ، پان عەرەبیزم خەونێکی ڕاسیزمانەیە و تێکەڵاو بە لاهوتیەتی ئایینی کراوە بۆ ئامانجێکی تایبەتی کە بریتیە لە پەروەردە کردن و خوڵقاندنی دۆخێکی سایکۆلۆژی و فۆرمەڵە کردنی تاکێکی کۆنسێرفاتیزم بە کولتوری سەلەفیەت کە بۆ بەرز ڕاگردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبە سەرەتایەکانە ، ئەم زاخاودان و چاندنی ڕۆحی سەلەفیەتە لە خەیاڵ و هزری تاکدا بە جۆرێکە کە وەکو زەردەواڵە پابەندە بەو کون و کولتورەوە کە لای تەقدیس کراوە و ناوی پان عەرەبیزمە ، لە نێو خەیاڵدانی یوتۆپیایەک ڕۆ چووە و گەیشتۆتە باوەڕو قەناعەتێکی میتافیزک و غەیبانی وا کە پایەی بەرزو خۆشبەختی ئەو یان ئینسانی عەرەب لەوەدایە ((بکوژێت و بکوژرێت ))لە پێناوی فەنتازیاو بەهەشتێک کە لە دونیایەکی میتافیزیکدایەو لە چاوەڕوانی ئەمدایە ، ئەو ڕوبارە خوێنەی کە ڕۆژانە لە دونیای ڕۆژهەڵات و وڵاتە عەرەبیەکاندا ڕێ دەکات و دەیانبینین ، ئەو مەشهەدە ترسناکانەی کە ئێمە لە میدیاکانەوە شاهیدی دەبین و مرۆڤ بە شێوەیەکی وەحشیگەری و بەربەری لەت و پەت دەبێت و سەر دەبڕێت ، بە دەستی ئەو تیرۆرستانەوە کە پەروەردەی زەلکاوی ئایدۆلۆژی و تێکستی لاهوتیەتن و بەشێکە لەو پەروەردەیەی کە لاهوتیەتی ئایینی بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی کەڵکەڵەی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبیزم پیادە دەکرێت .. شاڵاوەکانی ئەنفالیش بەشێک بوو لەو پرۆژەیە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجام درا ، پێیانوابوو گەلی کوردستان مەترسیەکی گەورەن لە پیادە کردنی پرۆژەی پان عەرەبیزم دا ، بەو خەیاڵە چەپەڵەی ئەوان سڕینەوەی سیمای کورد لە بوون دا هەڵگردنی لەمپەرێکە لە بەردەم سەرخستنی ئەو پرۆژە شۆفێنیەتەیان . ئەگەر چی هەر لە سەرەتاوە مۆدێرنە و ئامانجی بەرهەمەکانی مۆدێرنە بۆ خۆشبەختی ئینسان و پێشکەوتنی ژیارو شارستانیەت وکۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو ، لە گەڵ ئەوەشدا دژ بە پرۆژەکانی ئایینی و کولتوری لاهوتیەت بوو ، بەڵام بە داخەوە دیوێکی بەرهەمی مۆدێرنە بوو بە هۆکاری چەندین جەنگی نێو دەوڵەتی و هەردوو جەنگی جیهانی ((یەکەم و دووەم)) بە ملیۆنەها

مرۆڤی کردە قوربانی ئەو جەنگانەو شارستایەت و مرۆڤایەتی دووچاری نەهامەتی و قەیران کرد ، هەروەها مۆدێرنە جگە لەوەی دیوێکی فەزیلەت و کرانەوەو پێشکەوتن بوو بۆ مرۆڤایەتی ، لە گەڵ ئەوەشدا چەندین ئایدو ئەفکاری قێزەون و ناپەسەندی بەرهەم هێنا بوو بە هۆی نانەوەی پەشێوی و دووبەرەکی لە نێو گەلانی جیهان دا و هەروەها بە ڕێخستنی جەنگ و خوێن ڕشتن کە ملیۆنەها مرۆڤی وەکو ماشیین هاڕی کە برتیە لە ((نازیزم و ، فاشیزم و بەعسیزم و ....هتد)) . هزری بەعسیزمیش بەشێک بوو لە بەرهەمەکانی مۆدێرنە ، بەڵام تێکەڵاو بە کولتوری لاهوتیەتی ئیسلام ، بەعس و ئەرتەشی عێراق لە هێرشەکان و قڕ کردنی کورد و گەلی کوردستان سودی لە تکنۆلۆژیای سەربازی مۆدێرنەو مۆراڵی نازیزم و تێکەڵاو کردنی بە دنیابینی و عەقڵیەتی بەدەویانەی لاهوتیەتی ئایینی ئیسلام کە لە ترادسیۆن و بنەمای تالانی ((غەنائم)) دامەزراوە بە ڕێوە چوو . سەرباری ئەنفال کردن و قڕ کردنی ئینسانی کورد ماڵ و حاڵێشیان بە تالان برا . زەنجیرە هێرشە سەربازیەکان بە ناوی ئەنفالەوە ، گەڕانەوە بوو بۆ هزرو ترادسیۆن و ئەو عەقڵێتە لاهوتیە کە ڕەوایی دەدات بە لە ناو بردن و کوشتنی ئەوانیتر تەنها لە پێناو داگیر کردنی خاک و بە تالان بردنی ماڵ و موڵکیان و سەرخستنی پرۆژەی پان عەرەبیزم ،، ئەم تاوانەش بە کەرەستەی تکنۆلۆژی سەربازی پێشکەوتووی مۆدێرنە ئەنجام درا . تەنانەت ئەورۆ لە کوردستانی رۆژئاوا جاری ئەنفال کردنی کورد دەدەن و دەیانەوێت ئەزموونی کوردستانی باشور دوپات بکەنەوە ، کەواتە کورد تا ئێستاش هەڕەشەی ئەنفال کردنی لە سەرە و دەبێت سیاسەتێکی نوێ و بە عەقڵێتێکی نوێوە مامەڵە لە گەڵ دەوروبەرەکەی خۆیدا بکات ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٤

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفالی چەپەڵ رووپەکی دێزی ئایدولوژیای بەعسی شۆڤەنیستە

ئەحمەد رەجەب

بۆ هەندێ کەس و لایەن خۆیان گێل ئەکەن و بەبێ ویژدان بیر ئەکەنەوەو  قەت ناوێرن باسی حزبی شیوعی بکەن یان نایانەوێ و خۆیان دوور ئەخەنەوەو  وەک زانراوە ویژدان بۆ مرۆڤی پاک و خاوێن نیشانەی ئازایەتی و جوامێری و پیاوەتییەو هەندێ کەس و لایەن کە دێنەگۆ بە ئارەزووی خۆیان ئەپەیڤن و چی باشە ئەوان کردوویانەو چی خراپە ئەیدەنە پاڵ کەسێک یان لایەنێکی ترو، بەهیچ شێوەیەک باسی تێکشکان و نشوشستییەکانی خۆیان ناکەن، تەنانەت ئەگەر خوێنی گەشی پێشمەرگەکانیان لە گەڵ خوێنی ئاڵی پێشمەرگەی حزبێکی تر تێکلاوو ئاوێتە بوو بێت و!، قەت باسی ناکەن، بۆیە ئەو کەس و لایەنانە کە راستییەکان ئەشارنەوەهەمیشە جێی شەرمەزاری و گومانن.

کاتی ئەوە هاتووە قسە بکەین، بەڵێ ئەمرۆ وادەی ئەوە هاتووە وەک شایەد حاڵ {شاید عەیان} چیتر نەوەستین و، هەرکەس و لایەن و حزبێک لەلای خۆیەوە بجوڵێت و بۆ ئەم مەبەستە هەر یەک لە گۆشە نیگایەک سەیری ئەو تاوانەدێزە بکات.

ئەنفال پرۆسەیەکی چەپەڵ و گڵاو  وبەدناو بوو لە قوولایی وناخی شۆڤەنیستانەی حزبی بەعسی عەرەبی بۆگەنەکەی هاتە دەرەوەو، وەک هەیشومەو کۆلێرا بڵاوبووەوە بۆ لەناو بردنی گەلی کوردستان بە کیمیاباران و، پەیرەو کردنی سیاسەتی جینۆسایدو، دەمێک بوو حزبی بەعسی عەرەبی لە عێراق و رژێمی فاشی نەخشەو پلانیان دارشتبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوان و کردەوە بەدناو قیزەوەنەو، ئەوە بوو دەستیان کرد بە زەنجیرەیەک پرۆسەی گڵاو لە ژێر ناوی (الانفال) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ دا دەستی پێکرد بە هێرشکردن بۆ سەر سەرگەڵوو بەرگەڵو  تا سەرەتای مانگی سیپتەمبەری (تشرینی یەکەم) ی هەمان ساڵی خایاند.

کاتێک مرۆڤ ئەیەوێت لە سەر ئەنفال بنووسێت ئەکەوێتە ناو گێژاوێکی بیروو هەڵچوون و دڵەراوکێ و نازانێت باسی کام چمکی رەشی ئەو پرۆسە پر لە تاوانە بکات، ئایا ئەتوانێت راستییەکانی ئەو هێرشە درندانەیەی بەعسییە خوێنرێژەکان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بخاتەروو، نووسین لە سەر ئەنفالی بەدناو کارێکی پیرۆزە، بەڵام بەلای منەوە زۆر ئاڵۆزە، چونکە بە چاوی خۆم تراژیدیاو ناخۆشی گەلەکەم بینی و، هەر گەلی قارەمانی ئێمەیە بەرگەی ئەو پرۆسە درندەو چەپەڵەی بەعسیانی گرت و، توانی بەرگری لە مانەوەی خوێ بکات و، من وەک شیوعی و پێشمەرگەی حزبی شیوعی (شایەد عەیانم) و، لێرەدا ئەمەوێت هەندێ رووداو بخەمەروو، رووی رژێمەکەی چەتەکانی بەغدا رەش بکەم.

سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٨٨رژیمی دیکتاتۆری هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر هێزە بەرهەڵستکارەکان لە سەرگەڵوو بەرگەڵو لە دۆڵی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جافایەتی و رادیۆی ئیزگەی بەغدا هەواڵێکی دڵتەزێنی بە سەرکەوتنی هێزەکانی دوژمنی بڵاوکردەوە: (اکملت قواتنا المسلحه عمليات الانفال الاولى) ، بەڵێ هێزە چەکدارەکانی رژێم بە سەرکەوتوویی پرۆسەی قۆناغی یەکەمی ئەنفالی تەواو کردو، دۆڵی جافایەتی کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی رژێم.

بارەگای مەڵبەندی سلێمانی – کەرکوکی حزبی شیوعی عێراق لە دێی ئەستێلی سەروو بوو، هەروا بەتالیۆنی {٤} ی گەرمیان لە نزیک دێی باوەکر لە گەرمیان، بەتالیۆنی {٧} هەورامان لە دێی شیوی قازی ، بەتالیۆنی {٩} ی سلێمانی لە دێی کەسنەزان و بەتالیۆنی {١٥} قەرەداغ لە دێی کۆشک بوون و، پاش هەواڵە دڵتەزێنەکە یەکسەر مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوک کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداو بریار درا: هەر لە ئێستاوە ئەبێ خۆمان کۆبکەینەوەو، هەواڵی گرتنی دۆڵی جافایەتی زەنگی ترسناکەو جەخت لە سەر پاراستنی ناوچەکە کراو هەندێ بریارو ئامۆژگاری تری بڵاو کردەوە لەوانە: پێویستە هێزەکانی حزب بایەخ بدەن بە وریایی و، خۆ ئامادە کردن بۆ رووداوی کتوپڕ، کۆ کردنەوەی هەواڵ سەبارەت بە جموجوڵی رژێمی فاشی بەغدا، بیرکردنەوە لە شوێنی گونجاو بۆ بارەگاکانی حزب و گواستنەوەی ئازووقە و تەقەمەنی و چەکی زیادەو شتومەکی پێویست، هەندێ بریاری تر لە بارەی پاراستنی کادیرو گشت هاورێیان و دۆزینەوەی چارەسەرکردن بۆ ئەو خێزانانەی کە لە بارەگاکانی حزبدا ئەژین و، پەیوەندی کردن بە لایەنە سیاسییەکانی دیکەو دانانی پلان بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکە.

حزبمان، حزبی شیوعی بە هۆێ گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ بە هاوکاری لایەنەکانی تر لە پەرەسەندندا بوو، رۆژانە لاوانی نوێ بۆ پێشمەرگایەتی ئەهاتن و رێکخراوەکانی حزب بتەوتر ئەبوون و، ئەم پەرەسەندنە پاش گرتنی شارۆچکەی نەوجول و گرتنی رەبیەو مۆڵگاکانی دوژمن لە دەورو بەری کەلار و بەرلووت و باوەنورو دەربەندیخان و هەڵەبجە و ناوچەکانی گەرمیان و هتد.... لە لایەن حزبمانەوە زیاتر بەتین و بەتینتر ئەبوو، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە گرتنی ئەو شوێنانە بووە هوێ چاککردنی باری ئابووری مەڵبەندو بەتالیۆنەکان و رێکخراوەکانی حزب، ئەوەش لە رێی گرتنی ئۆتۆمبێل و تراکتۆرو کەرەسەی پەیوەندی (اتصالات) وەک جهازی لاسلکی راکاڵ و هەروا چەکی هەمە جۆر قورس و سووک و، بە دیل گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو جاشی رژێم و چڵکاوخۆران و ئەندامانی حزبی بەعسی عەرەبی.

لە پاش گرتنی دۆڵی جافایەتی رژێمی بەعس ماوەیەک کش و مات بوو،بۆیە بریاردرا دەست بە چالاکی عەسکەری بکرێتەوە، ئەوە بوو مەفرەزەیەک بە سەرکرداتی بەرپرسی عەسکەری مەڵبەند هاورێ جەوهەر رەوانەی گەرمیان کرا بە نیازی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی شارۆچکەی (جەبارە) و ، لە پاشاندا بیر کردنەوە لە چۆنێتی گرتنیداو، من لە گەڵ مەفرەزەکە چووم بۆ ئەوەی باری ناوچەکە لە رووی بوون و نەبوونی شتومەکی پێویست و خواردەمەنی بۆ رۆژی تەنگانە بزانم دەست ئەکەوێت یان دەست ناکەوێت و، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە هاورێیانی گەرمیان وەربگرم و، پاش ئەنجامدانی ئەرکەکان مەفرەزەکە بە سەلامەتی گەرایەوە قەرەداغ.

لە جەژنی نەورۆزدا بە مەبەستی سەردانی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەورامان کە توانیان بەوپەری وریایی و سەربەرزانە لە رۆژی تاوانە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە شێرانە لە ناو سوپا داگیرکەرەکان و جاشە رووڕەشەکان بەبی زیان خۆیان دەرباز بکەن هاورێیان: ئەبو لینا و جەوهەر و ئەحمەد رەجەب چوون بۆ دێی شیوی قازی، لە نیوەشەودا نامەیەک لە هاورێیانی رەبیەی سەرەکی سەر شاخی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میریاسی کە ئەکەوێتە سەرووی دێی نەوتی بەرامبەر بە بورجەکەی نێوان سلێمانی قەرەداغ گەیشت و، لە نامەکەدا هاورێیان ئەڵێن هەست بە جموجوڵی دوژمن ئەکەین، دیارە ئەنفالی چەپەڵ و گلاو لێرەوە دەست پێئەکات، هاورێیان یەکسەر خۆیان کۆ کردەوە چونکە بۆچوونی هاورێیانی سەرشاخیان بە راست زانی.

بەڵێ لە شەوی ٢٢ / ٢٣ – ٣ – ١٩٨٨ قۆناغی دووەم لە ئەنفالی چەپەڵی رژێمی دیکتاتۆری خوێنرێژ دەستی پێکردو ئەمەش یەکەم قۆڵ (میحوەر) بوو، هاورێیانی دلێرو ئازا بەرنگاری هێرشە درندانەکەی سوپای عێراق بوونەوەو، شەریش تا ئەهات گەرمتر ئەبوو، لەم قۆڵەدا دوو رۆڵەی دڵسۆزی خاک و نیشتمان ژیان و خوێنی گەشیان بە گەل و نیشتمان و حزب پێشکەش کردو، ئەو دوو قارەمانە شەهیدان بارام حەمە رەزا هەورامی و شوان محەممەد عەبدول {شوانی حەمە فتوو} ی گۆرانیبێژ بوون.

لە مەڵبەند لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا لە گەڵ هاوڕێ جەوهەر بەرپرسی عەسکەری و دەستەیەک لە کادیری حزبی و عەسکەری بریاردرا هەریەک لە هاورێیانی بەرپرس بە ئیشوکاری خۆێ هەستێ بەبێ وەستان و، پێویستە هەر هەموو خۆ ئامادە کەن بۆ رووداوی قورسو ناخۆش و، دەست کرا بە گواستنەوەی ئازووقەو شتومەک لە مەڵبەندەوە بەرەو قۆپییەکان و، بە هۆێ ئەوەی کە ژمارەیەکی دیل و سەربازو چڵکاوخۆری بەعس لامان مابوونەوە هەرچی هەبوو بە زووترین کات گوێزرایەوە جگە لە ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەکان.

دوژمنی ترسنۆک بۆ ئەوەی ورەی خەڵکی ناوچەکە برۆخێنێت کیمیابارانی دێی سێوسینانی کردو ٦٩ هاوڵاتی لە منداڵ و ئافرەت و پەککەوتە شەهید و نزیکەی ٩٣ برینداری لێکەوتەوەو، دوژمن قۆڵەکانی شەری زیاد کردو، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکەوە لە قۆڵەکانی کەڵۆش و قلاقایمز رووەو دەربەندیخان بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو لەم شەرەدا عەبدوللای مامە فەرماندەی بەتالیۆنی {٧} ی هەورامان و عادل رەش بەرپرسی سیاسی هەمان بەتالیۆن بریندار بوون.

دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێک، فرۆکەی جەنگی، کۆپتەر، پیلاتۆز، تانک و تۆپ شێتانە و بەوپەری درندانە لە هەموو شوێنێکی ئەداو، بڵێسەی ئاگرو دوکەڵ لە هەموو لایەکەوە بەرز ئەبووەو، سەرەرای قارەمانێتی و ئازایەتی دانێشتوانی ناوچەکەو پێشمەرگە دلێرەکان دوژمنی فاشی هاتە پێشەوەو، لایەنە سیاسییەکان بریاریاندا چیتر شەر لەو قۆڵانە نەکەن و هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی خۆ ئامادە بکەن بۆ شەری نوێ یان خۆ دزینەوەو روو لە شوێنێکی تر بکرێت.

رۆژێکی خۆش و پرشنگدار وەک ٣١ / ٣ / ١٩٨٨ جەژنی لە دایکبوونی حزبی شەهیدان، حزبی شیوعی پێویست بە ئاهەنگگێران و شایی ئەکات، بەڵام داخ و هەزار داخ دوژمنی گومرا بە کردەوەی چەپەل شایی ئەکاتە شیوەن، بەڵێ لەم رۆژە پر سەروەرییەدا بە زۆر خێزانی هاورێیانمان بەرەو شارەکان ناردەوەو، ئەوەی پێویستە لێرە بووترێت هەندێ پێشمەرگەو هاوریمان ناردەوەو هەموویان بە رێکوپێکی گەیشتن جگە لە هاورێی قارەمان سەلاح حەسەن {مامۆستا خالد} و کەس نەیزانی چ دەستێکی گلاو دای بە گرتن و، لە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ حزب رایگەیاند کە مامۆستای نەمر شەهید کراوەو، لەم رۆژە مەزنەدا خۆمان کۆکردەوەو شەو رووەو گەرمیان کەوتینەرێ، دیلی زۆرمان لابوو، هەر دیلێک شتێکی هەڵگرتبوو وەک سنوقە فیشەک، گوللەی (ئار بی جی RBG) و هتد..لە پاش سێ رۆژ گەیشتینە بارەگای بەتالیۆنی {٤} ی گەرمیان لە دەورو پشتی دێی باوەکرو، یەکسەر دەستکرا بە دابەشکردنی هێزەکان بەسەر

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوچەکەداو، بریاردرا نەخۆش، پیرو پەککەوتە، ئافرەت و منداڵەکانیان رەوانەی ناوچەی شوان و کۆیەو لەوێشەوە بۆ شوێنی قایمتر بۆ لای هاوڕێیانی پشدەرو رانیە لە دۆڵە کوگا بکرێن، بۆیە هەردەسبەجێ خرانە ناو تراکتۆر بەرەو جادەی نێوان کەرکوک – سلێمانی و کەوتنەرێ و ، مەفرەزەیەک لە گەڵیاندا چوو تا دەوروبەری دێی تەکییە و ئاغجەلەرو، چاوساغ فەرماندەی مەفرەزەکە هاوڕێی ئازاو نەبەردو تێکۆشەر ئەنوەر حەسەن {مامۆستا ئەنوەر} بوو، کەلە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ بوو بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی {٩} سلێمانی لە بنکەی بانی شاری شاخی سەرکەشی سورێن وپاشان لە لایەن رژێمەکەی بەغدا شەهید کرا.

بە هۆی بار گرژی ناوچەکە رۆژانە خەڵک بەرەو شارو شاروچکەکان ئەچوون و، هەموو رۆژێک بە چاوی خۆمان کارەسات و تراژیدیای هاوڵاتیانمان ئەدی، منداڵەکان بەجێ ئەمان، پاش ماوەیەک دایکان قژی خۆیان ئەرنی و بە قیژەوگریان هاواریان ئەکردو ئەیانووت کوا مناڵەکانمان، خوایە دوژمن لە ناو بەرەو، بە هۆی سەرگەردانی و چۆڵکردنی دێهاتەکان هیچ جۆرە خواردەمەنییەک بە تایبەت ئاردو برنج و شەکرو چاو رۆن دەست نەئەکەوت و، ئەوەش لە بەتالیۆنی {٤} ی گەرمیان هەبوو کەم بوو بەشی چەند رۆژێکی ئەکرد، وەک پێشتر باسمان کرد ئێمە لە مەڵبەند هەرچی خواردەمەنی و تەقەمەنی هەبوو هێنرابوونە قۆپی قەرەداغ بۆ رۆژانی رەش و لە رووی لۆجیستیکییەوە پێویستییەکی بایەخدارو گرنگە، بۆیە پاش گفتوگۆ کردن لە گەڵ هاوڕێیاندا بریاردرا مەفرەزەیەکی چاپوک رەوانەی قۆپییەکانی قەرەداغ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت شتومەک و خواردەمەنی بشارێتەوەو، کاتێ لە قەرەداغ بووین بە ئاگاداری هاوڕێیان جەوهەرو حەمە رەشید قەرەداغی چەکی زێدەو تەقەمەنیمان شاردەوەو، مەفرەزەکە بریتی بوو لەم هاوڕێیانە: پێشمەرگەی ئازاو چوست و دلێر مەجید دوکانی {پاشان لە کارەساتێکی دڵتەزێندا شەهید بوو}، عمر مەحمود هەڵەبجەیی، جوتیار، حەمە بچکۆلی دێی دیوانە و حەمەی حزب و هەورامان {لە راپەڕینە شکۆدارەکە نەتەوەکەمان شەهید بوو} جێی ئاماژەیە وەک کارێکی مرۆڤدۆستانە بریاردرا دیلەکان ئازاد بکرێن.

لە رۆژی ٦ / ٤ / ١٩٨٨ هاوڕێیان لە بەرەکانی پێشەوە بە لاسلکی ئاگاداری هاوڕێیان ئەبو لینا و جوهەرو حەمە رەشیدیان کرد کە دوژمن نیازی هێرشکردنی هەیە و، بۆ بەیانی ٧ / ٤ دوژمن لە قوڵی دێی تالاو هێرشەکەی ئەنجامداو، لە رۆژی ٩ / ٤ هێرشەکەی رژێمی فاشیست گەیشتە بناری گل و تازەشارو ئاوایی شیخ حەمید، لەو شەڕەدا خەڵکی بە شەرەف و خۆراگری گەرمیان و، پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی شیوعی و پێشمەرگە دلێرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرنگاری هێرشی نامەردانەی بەعسییان بوونەو، دوژمنی لەرزۆک بە هەموو جۆرە چەکێک : فرۆکەی جەنگی، پیلاتۆز، کۆپتەرو تانک و تۆپی جۆراوجۆر دیهاتەکانی ئەکوتاو درێژەی بە هێرشەکەی ئەداو لە ئەنجامدا {٢} هاوڵاتی و {٨} پێشمەرگەی حزبی شیوعی و {١٣} پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خوێنی گەشیان شانازی و سەربەرزیان بۆ کوردو کوردستان تومار کردو شەهید بوون..

لە قۆڵەکانی ترەوە هێرشەکانی رژێمی دیکتاتۆری بەرەو پێشەوە ئەهات و جەنگاوەرانی شیوعی و یەکێتی و خەڵکە تێکۆشەرەکەی گەرمیان بوونە بەربەستێکی پۆڵایین و ئەچوون بە گژ هێزەکانی دوژمن کە پەیتا پەیتا هێزە لووت شکاوەکانی ئەکێشایەوەو هێزی نوێی ئەهێنا و، پێشمەرگەو هێزی میللی و جەماوەر {هێزی بەرگری} هێدی هێدی بەرەو قەرەداغ ئەکشایەوەو، خەڵک تێکرا بە تەواوەتی کۆستی کەوتبوو، هەموو بە یەک دەنگ و لە سەر یەک ئاواز هاوارو سکاڵایان ئەکردو، ئەیانووت بە گرتنی زنجیرە شاخەکانی قەرەداغ پشتمان شکا، ئەی دادو بێداد بەرەو کوێ بڕۆین؟ چ بکەین؟ پێشمەرگە چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە، نامانەوێت

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بچینە لای رژێمی بەدکاری بەعس، ئێمە سەرمان لێشێواوە، پێشمەرگە لە عاستی ئەو داوایە بێدەنگ ئەبوو، چونکە کارەسات و تاوانەکە جگەر بر بوو.

ئێمە لە دێیەکی گەرمیان بووین، پێشمەرگەیەکی حزب، هاورێ {کامەرانی مام ئەسکەندەر} لێم نزیک بووەوەو وتی: هاورێ بۆچی فرمێسک ئەرێژیت؟ وتم هاوری گیان باوکم و برام مردن فرمێسکم نەرشتوە بەڵام ئەمرۆ لە ناخەوە ئەگریم، تەماشاکە بزانە چ قەیرانێکەو، ئەو ئافرەتە چۆن قژی خۆی ئەرنێ و، ئەوەتا ئەڵێت کوا مناڵەکەم، کوا کۆرپەکەم؟ بە قوربانتان بم مناڵەکەم دیار نییە، مێردەکەم و براکەم سێ چوار رۆژە چوون بۆ شەر تا ئێستا دیاریان نییە، کامەران گیان بزانە خەڵکەکە چۆن ووروژاوە، وا بە چاوی خۆت ئەبینی هێزەکانی ئێمە و حزبەکانی تر دەرەقەتی هێزەکانی دوژمن نایەن و ئەوان هەموو جۆرە چەکێکیان هەیەو، دانیشتوانی ناوچەکە لە کیمیاباران ئەترسن، لە بەر ئەم شتانە فرمێسک ئەرێژم.

لە دێیەکی تر بووین، دێیەکی چۆڵ و هۆڵ، خواردن و نان نەبوو، من و هاورێیان ئەبو لینا و بێستونی لاسلکی خەریکی دانانی ئارێلی جیهازی پەیوەندی (اتصالات) بووین و ژنێکی پیر خۆی لە قور هەڵکێشابوو بە گریان هات و داوای کرد پێشمەرگەکان بچن بە هانایەوە بۆ ئەوەی قەبرێک یان راستر چاڵێک بۆ کورە شەهیدەکەی هەڵکەنن، ژنەکە شیوەنی ئەکردو بە سۆزەوە کورکەی و گەرمیانی ئەلاواندەوە: هەی وەی شێرە کورەکەم رۆ، گەرمیانم رۆ، هەی وەی شێرە فریام کەون، هەی وەی شێرە، لە راستیدا نازانم پێشمەرگەکان چوون بە هانایەوە یان نە!، چونکە ئێمە سەرقاڵی دانانی جیهازەکە بووین، ئەمە تەنها وێنەیەکی تاڵە، هەزاران وێنەی تاڵتر هەیەو، هەر وێنەیەک لەو رووداوانەی ئەنفالی بۆگەن شایستەی ئەوەیە هەزاران لاپەرەی لە سەر بنووسرێتەوەو بکرین بە فلیمی جۆراوجۆری سینماو، رۆژانیش زۆری بە دەمەوە ماوەو گەلە کۆڵنەدەرەکەمان قەت ئەو تراژیدیایە و تاوانە لە بیر ناکات.

جارێکی تر گەراینەوە قۆپی قەرەداغ {قۆپی نیرامسین} و یەکسەر بەبێ گوێدان بە هیلاکی و ماندیبوون دەستکرا بە نان کردن و دابەش کردنی شیرو پەنیرو و قتوو گۆشت و قتوو ماسی و شەکرو چاو، بەشی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دراو، هەروا بەشی رۆڵە دلسۆزەکانی گەلەکەمان کە نەیانویست بچنە لای دوژمن دراو، بە دەنگی بەرز وتمان چیتان ئەوێت بیبەن و منەتی نییەو ماڵی حزبی شیوعی و پێشمەرگەیە.

بریاردرا ناوچەکە چۆڵ بکریت، بەڵام حزبمان بریاری مانەوەی {٢} مەفرەزەیدا، مەفرەزەی یەکەم بریتی بوو لە هاورێیا": رەووفی حاجی محەمەدی گولانی {هاوری جەوهەر} بەرپرسی عەسکەری مەڵبەندی سلێمانی – کەرکوک، مەجید دوکانی، هاوکار جەلال ئەبو شوارب {جوتیار} ، عەلی پورە سوێبە، بیستونی لاسلکی لە گەڵ جیهازەکەی و، مەفرەزەی دووەم هاورییان: حسەین رەحیم {هەژار}، بایزی سەید باقی، ئەورەحمان فەرەج {لالە} و عەتا صالح سەرۆچاوە {دڵشاد} و، جێی داخە مەفرەزەی دووەم لە لایەن چڵکاوخۆرانی رژێم بە شێوەیەکی نامەردانەو نا مرۆڤانە شەهید کران و بەوەش نەوەستان و هەڵسان بە سووتاندنی تەرمەکانیان.

حزبەکان بریاریاندا بۆ پەرینەوە لە رێگای سەرەکی سلێمانی – کەرکوک بکرین بە (٣) رەطڵ (بەش) و هەر بەشێک لە قۆڵێکەوە بپەرێتەوە بۆ ناوچەی شوان و، بەشەکەی ئێمە مەڵبەندو بەتالیۆنی {٧} ی هەورامان و هەندی لە هاورێیانی رێکخراوەکان و بەشێک

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

له هاوڵاتیانی بەشەرەفی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و برینداره‌کان له گەڵ هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی شیخ جەعفەر وەزیری پێشمەرگەو هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان به سەرپەرشتی ئازاد قەرەداغی و، بریاردرا هێزه هاوبەشەکه له قۆپییەوه بکەوێتەرێ رووەو بازیان و گرنگ ئەوەیه له دێی جافەران تێپەرببین و، پاشان هەر هێزێک پەنایەک بۆ خۆی بدۆزێتەوه خوێ حەشار بدات بۆ ئەوەی تووشی شەر نەبین چونکه دوژمنی گومرا بە دوای پێشمەرگەوەیه و، هەروا بریاردرا شەوی ئاینده له کاتژمێری ٧ ی ئێواره هێزەکان له دێی قازان قایه یەکبگرنەوە.

وەک کات و شوێن دەستنیشانکران له کاتی دیاریکراودا هێزەکان گەیشتنه دێی قازان قایه له قەرەداغ جگه له هێزەکەی پارتی و، له ماوەیەیەکی دوورو درێژ چاوەروان بووین بەڵام هێزەکەی پارتی نەهات، بۆیه بریاردرا چیتر چاوەروان نەبین و پاش (٢) کاتژمێر کەوتینەرێ و، له دێی مێوڵێ که زانرا ناتوانین له جادەی سلێمانی – کەرکوک بپەرێنەوه بریاردرا له دێی مێوڵێ بەرامبەر بە دێی سۆڵەی دێی لێژه بمێنینەوه تا شەو.

له دەوروبەری کاتژمیر (١١) ی پێش نیوەرۆ له پر بوو به گاڵه گاڵ و هەراو بگره بگرەو پاش چەند دەقەیەک شێرەکانی بەتالیۆنی {٧} ی هەورامان چەکدارێکیان دەستگیر کردو، چەکدارەکه جاش بوو، وتی دوو کەس بووین من گیرام و ئەوی تر هەڵهات و له درێژەی قسەکانیدا دەرکەوت کازێوەی ئەو رۆژه هێزێکی گەوره له سوپاو جاش به پاڵپشتی تانک و تۆپ له سەربازخانەی ""السلام"" و دەربەند بازیان هاتوون به مەبەستی گرتنی پێشمەرگه و ئەم دوو کەسەیان بۆ چاوساغی (استطلاع) ناردووه بۆ ئەوەی بزانن عوسات (العصاة) هەیه یان نییەو، وتی: جادەی سلێمانی و کەرکوک تەنراوەو وریا بن و لەوانەیه ئێستا تۆپ بارانی ئەم ناوه بکەن.

ئێمەو برادەرانی یەکێتی بریارماندا خۆمان له دوژمن دوور بخەینەوەو بەرەو سەر شاخ بروین، بەڵام لامان سەیر بوو بۆچی دوژمن تەقه ناکات یان تۆپ ناهاوێژێت ؟ ئێواره درنگ زانیمان هێزەکانی رژێم (4) پێشمەرگەی یەکێتی کوردستانیان دەستگیر کردووەو، ئێمه ویەکێتی قسەی چاشەکەمان سەلماندو به راستمانزانی که وتی جادەی سلیمانی و کەرکوک تەنراوه بۆیه بریاردرا بەرەو دووا بکشێنەوه، بەڵی گەراینەوه بۆ دێی تەنگیسەرو، لەوێشەوه چووین تا گەیشتینه نێوان تەنگیسەرو دێی داری کەلی و، بریاردرا لەوێ تا ئێواره بمێنینەوەو، ئەو شوێنه روتەن و بێ دارو دەوەن بوو، له رووی عەسکەریشەوه بێ کەڵک و بێسوود بوو، یەکێک ئەتوانێت خوێ حەشار بدات، بەڵام چۆن چۆنی ژمارەیەک هێسترو گوێدرێژ بشارێتەوه؟.

ئەو رۆژه رۆژێکی دژوارو سەخت و ناخۆش بوو، ئێمه له رووی ژمارەوه زۆر بووین و، بریندارمان هەبوو نەمان ئەتوانی دەستبەرداری هێسترو گوێدرێژەکان بین، جێگاکەمان رووتەن بوو، له سەرووی ئێمەوه، واته سەری شاخ سوپای عێراق و جاش رەبییەیان دا ئەناو سەنگەریان لێئەداو، له خواریشەوه هەمان سوپا ئاگرو گریان خستبووه ناو دێی سەرزەل و، دووکەڵ بەرز ئەبووەوه، ئێمەش له ناخەوه ئەسووتاین و دوژمن زاڵ بوو، ئێواره درنگ کەوتینەرێ و شەو بە ناو ئەڵلایی له جادەی سلێمانی - کەرکوک پەرینەوەو بۆ ناوچەی شوان، پاش چەند رۆژێک له دێی سەرچنارو، له کۆبوونەوەیەکدا سەر له نوێ دەستکرا به دابەشکردنی هێزەکانی حزب و چۆنێتی پەرینەوه بۆ لای هاورێیانی کۆیەو هەولێر، ئێمه که گەیشتینه دۆڵی سماقوڵی یەکسەر به هاوکاری هاورێیانی بەتالیۆنی {31} ی ئازار هاورێ ئەبو ليناو بریندارەکان و ئافرەتان و برێک له هاورێیانی تر رەوانەی دۆڵه کۆگا کران و، ئێمەش له ئاوەگرد

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بارەگایەکی نوێمان داناو، هاوکات هاورێیانی کۆیە ئاگاداریان کردین کە دوژمنی ترسنۆک کیمیابارانی ناوچەکەی کردووەو، دێی گۆپتەپە زیانێکی زۆری پێگەیشتووەو شەهیدیان زۆرەو، هەروا حزبمان و یەکێتی شەهیدیان هەیە و، هاورێیانی بەتالیۆنی {٧} ی هەورامان بە هوێ ئەو بارە تازەی ناوچەکە بەرەو گەرمیان گەرانەتەوە.

حزبی شیوعی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناودا کۆمەڵێک شەهیدی قارەمانی دا وەک ئەم نەمرانە: جەوهەر، ئەبو ڤیان، مولازم سامی، مامۆستا ئەنوەر، مامۆستا خالد، مەجید دوکانی، ماجد عەلی خەلیفە و کۆمەڵێکی تر، ئیدی پۆچی و لە بەرچی هەندێ کەس (دۆست نە دوژمن) ئەیانەوێت راستییەکان بشارنەوە.

نەمرێ بۆ گەڵە کۆڵنەدەرەکەمان، نەمری بۆ شەهیدانی حزب و بزوتنەوەی نیشتمانی.

مردن و سەرشۆرێ بۆ دوژمنان..

سەرچاوە: ماڵپەرِی دەنگەکان / رێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

## تاله یادمان نەچێت ...

ڕەسوڵ بۆسکینی

ئەنفال بەڵایەکی خوایی و غەزەبێکی ئیلاهی نەبوو، ئەنفال ڕوداوێکی سروشتی و قەزاوقەدەر نەبوو، بڕیارێکی سەرپێ یی و سادە نەبوو، بەڵکو پیلانێکی داڕێژراو و بەرنامە ڕێژی زۆری تێدا کرابوو بۆلەناو بردنی نەتەوەی کورد، ئەنفال ئەو شاڵاوە شوم و نەگریسە بوو بەشێکی زۆری منداڵ و لاو و پیری گەلەکەمانی لەگەڵ خۆی لول داو لە بیابانە لماویەکانی عەرەبستان دا بێ سەر و شوێن کران، هیچ لایەنێکیش



هەستی بەو ئازارەی کورد نەکرد، زۆربەی ویژدانی دەوڵەتانی سەر ڕووی ئەم زەمینە لەگەڵ بەعسی خوای شەڕدا هاودەنگ و هاوڕابون، یا هیچ نەبێ بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بوون، هیچیان نەدەبیست و متەقان لە خۆیان بڕیبوو، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا باران زۆر و کەش و هەوا خۆش بوو، هەرچەندە هێشتا لوتکەی چیاکان بەفر داپۆشیبوو، بەڵام وڵات سەرانسەر لە گژو گیا و گوڵ و گوڵزار و سەوزایی خەملیبوو، هەوا پاک و نیشتیمان نەخشین، دەستی کردگار کوردستانی ئەو ساڵی لەوێنەی بەهەشت نەخشاندبوو، بەڵام پێچەوانەی سروشتی کوردستان بار نالەبار و دۆخی وڵات پڕ ترس و ڕەو بوو، دێهاتی و گوند نشین لە دڵە ڕاوکێ و بێ ئۆقرەی دابوون، هەمیشە گوێ قوڵاغی هەواڵ و دەنگوباس بوون، ناهەقیان نەبوو ئەوان دەمێک بوو دوژمنە سەرسەختەکەی نەتەوەکەی خۆیان باش دەناسی، نەخێر دڵە ڕاوکێ بوو بە ڕاست، هێرشی بەعسی دڕندە و خوێنڕێژ دەستی پێکرد، لە جەنگەی بەهاری ئەو ساڵەدا سوپا لەسەر زەوی و فڕۆکە لە ئاسمان بەهەشتی دەستی کردگاریان خاپوور و وێران کرد، هەوا و سروەی پاکی کوردستانیان لەگەڵ بۆگەنی ژەهری کیمیای دا تێکەڵ کرد، گەرمیان و کوێستان، گژوگیا، گوڵ و گوڵزار، مێرگ و بەیاریان پێکەوە سوتاند، سەدان پیاو و کیژولاوی کورد لەسەر تاتەنوێژ و لە ناو مزگەوت، لەناو ڕەز و باخ و لێڕەواردا بەلادا هاتن و هەڵنەستانەوە، مەڕومالات، گاو گۆتاڵ لە بەندەنێ نەگەڕانەوە و مرداربونەوە، پەلەوەر و باڵندە و فڕندە لە جوکە و فڕین کەوتن، ئەنفالچیەکان ڕقی ژەهراوی خۆیان داباراند و جیاوازیان نەکرد لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، دار و بەرد و زیندەواردا، ئاداریان بەسەر پادارەوە نەهێشت، ژیانیان سوتاند، هەموو شتێکیان لەناو برد، کیمیاباران سەرەتا و دەستپێکی ئەنفال بوو، سەد و هەشتاو دوو هەزار کەسی خاوەن حەق و دڵپاک و بێ تاوان، دڵ پڕ لە هیوا و چاو لە ئومێدی دوا ڕۆژ بەناڕوا تەنیا لەسەر کورد بوون، لەسەر خاکی نیشتیمانی خۆیان شەهید کران، زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوند و شارۆچکەیان لەگەڵ زەوی یەکسان کرد، کانیاو و سەرچاوەکان تەقێنرانەوە و کوێر کرانەوە، مزگەوتەکان بەداینەمێت تەقێنرانەوە و پەری پیرۆزی قورئان وەک کۆلارە لە بۆشایی ئاسماندا دەهات و دەچوو، مەرقەدی شێخ و مەزاری پیاو چاکان لەگەڵ خاک تەخت کرا، دار و دەوەن و پاوان کرانە پوش و سوتان، تەواوی ناوچە ئازاد کراوەکان ژیانی تێدا قەدەغە کرا، خودای گەورە خۆت ئاگاداری چ زوڵمێک دەرحەق بە کورد کرا، بە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزەوە بەشێک لە شوێن کەوتوانی شەهید و زینەبەچاڵ کران و ماڵ و ناموسیان حەڵاڵ کرا، هیچ شتێک فریایان نەکەوت، ئەو زوڵم و زۆرە خوا هەڵی گرت و بەعسیەکان تەپڵی شادیان لێدا، نزا و پاڕانەوەی پیرەژن و هەناسە ساردان بەهیچ کویێ نەگەیشت، جەدد و وەجاخی شیخ و مشایەخان هیچی نەکرد، ڕای گشتی و مافی مرۆڤ و ویژدانی مرۆڤایەتی لە گوێی گادا نوستبوون .

بەشێکی زۆری ئەوانەی بەر شاڵاوی نەگریسی ئەنفال کەوتن ژەهر خوارد کران و لەناوچون، ئەوەی تریش ڕاپێچی زیندانەکانی عەرعەر و نوگرەسەلمان کران، لە سەحرا و بیابانی لماوی دا لە ناو ئازار و ئەشکەنجەی زۆر و برسی کردن دا، لە ناو گۆری بە کۆمەڵ دا شوێن بزر کران و تا ئێستاش لێیان دیدار ئاخرەتین نازانین چیان بەسەر هات، ئەو هەموو نازدار و خۆشەویستە گۆڕێکیش نەبوو فرمێسکی نامرادی لەسەر هەڵڕێژین یا هەر نەبێ چەپکە گەڵی ڕێز و وەفا لەسەر گۆڕەکەی دابنێین.

ئەنفال زامێکی قوڵە لەسەر جەستەی نیشتیمانی کورد، هەمیشە وەبن دەداتەوە و سارێژ نابێ، ئەنفال دیرۆکێکە ئاوێنەی تراژیدیا و ئازار و خەمەکانی نەتەوەی کورد پیشان دەدات، بۆیە پێویستە نەوە لە دوای نەوە بۆ ڕۆڵەکانی خۆمانی بگێڕینەوە تا لە یادمان نەچێت و لە هەستی نەوەکانی داهاتوومان دا بەرز و پیرۆز ڕایبگرین.

*تەنیا لەبەر خەمهێنی و گەورەیی کارەساتی ئەنفال ویستم بۆ ۱۴-۴ لە یادی ئەو کارەساتە جەرگ بڕە بیخەمەوە بەرچاوی بەرێزتان. لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە/ ۳۶۵۶ چوارشەمە لە ۲۷ / ۴ / ۲۰۰۵ بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ۱۲ی ئەپریلی ۲۰۱٤

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال و بەکارهێنانەکانی

کارا فاتیح

سەرنج

ئەم باسەی لێرەدا دەیخەینەڕوو، لەبنەڕەتدا لەبەرئەوە نەنووسراوە کە هەوڵدانێک بێت بۆ لێدان و بۆسەنانەوە بۆ نووسەرێک یاخود وتارێک لە وتارەکان و لەم ڕێگەیەشەوە بمانەوێت زەمینەیەکی ناشیرین و بێزراو بۆ گێچەڵسازی و شەڕفرۆشتن و بۆڵەبۆڵ بسازێنین، بەڵکو بایەخی ئەم وتارە لەوەدا دەردەکەوێ کە شووناسەکەی دەبێتە ڕەخنەگرتن و دەربڕینی بۆچوونێکی تر و لەوێشەوە ئەرکێکی دیکە بەجێدەهێنێ کە بریتییە لە دامەزراندنی گفتوگۆیەکی واڵا لەگەڵ کۆمەڵێک بۆچوونی دیاریکراودا، کە لە سەر ئەنفال تا ئێستا دەربڕاون تا ئێستاکێش لە شوێنی جیاجیا و بە شێوازی جیاجیا بەرهەمدەهێنرێنەوە. هەڵبژاردنی ئەم بۆچوونانەش بۆ ڕەخنەلێگرتن و لێرەشەوە، لەڕێگەی ئەم نووسینەوە و لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆمەوە دەرخستنی ئەوەی بە کەموکوڕی دەزانم، لەلای من زۆر دوورە لە بەهانەپێگرتن و پەلاماردان و تەنها بەو ئامانجە دەست دەدەمە ئەم کارە، کە وتارێکی وا دواجار خۆشی ببێتە وتارێکی سەربەخۆ و تێکستێک بێت لەو تێکستانەی نووسەرەکەی خاوەنی دیدی خۆی و چاوەڕوانییەکانی خۆی و ئاماژە و لێکدانەوەکانی خۆی بێت. ئەم وتارە لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە هەوڵدەدا پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی و مرۆڤدۆستانە لەگەڵ هەندێ بۆچوون و وتاری دیاریکراودا ببەستێ، کە وەک ئاماژەمان پێدا لەسەر کارەساتی ئەنفال دەربڕاون و دەدوێن، ئەمەش لەبەرئەوەی :



١- قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر کارەساتەکانی ئەنفال ئەگەر بۆ گەرمکردنی بازاڕی ڕۆژنامەگەریی نەبێ و وەک کاڵایەکی بەکەڵک بۆ نووسین و نووسەر و ڕاگەیاندنەکان بەکارنەیەت، ئەوا خۆی لەخۆیدا ئەم قسەکردن و گفتوگۆکردنە بەر لە هەر شتێک ڕەهەندێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی لەخۆدەگرێ و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە و ڕۆچوون لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کارەساتەکانی ئەنفال و خستنەگەڕی کەرەستە و میتۆدی جیاواز بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم تراژیدیا تاڵەی مێژوومان، بێجگە لەوەی بە دڵنیاییەوە بەرەو تێگەییشتن و ڕەخنەی قووڵمان دەبات لە ستراکتۆری ئەخلاقی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆمان، لە هەمانکاتدا دەشێ دڵنیاشمان بکاتەوە لە ڕوو نەدانەوە و دووبارە نەبوونەوەی کارەساتێکی لەو چەشنە لەنێو ڕووبەری ژیانی میللەتەکەماندا و پاشەڕۆژی خۆمان بە جۆرێکی دیکە ببینین، چونکە بەبێ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە چاوگە هەمەلایەن و جۆربەجۆرەکانی ئەنفال و سۆراغکردنی ئەو زەمینە و هۆیانەی وەهایان کرد قەسابخانەیەکی ترسناکی لەمجۆرە لەسەر واقیعی ژیانی کوردا ڕوویدا و ببێتە بەشێکی خەمناک لە مێژوومان، هەروەها بەبێ پشکنینی ئەو زەمینە و هۆیانەی وایان کرد لە ئەنفال

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێدەنگبین و کارەساتێکی وا گەورە و ترسناک و قوربانییەکانی ئەنفال و خێزانی ئەنفالەکان بەرەو لێخوردبوونەوەیەکی جیدی و گوومان و پرسیارکردن لە هەست و ویژدان و لێپرسراوێتیی خۆمان نەبەن، ئەوا زەحمەتە یاخود بەهەڵەداچوونە گەر بڕوامان وا بێت کارەساتێکی تراژیدی وەک کارەساتی ئەنفال تەنها لە مێژوویەکی خوێناویماندا نیشتەجێیە و لە ڕابردوودا چەقیوە و ئیتر نایاتەوە، نایاتەوە و لە ئاسۆکانی داهاتوومانددا نایبینین و پێمان وا بێت ژیانمان بە چرکەساتە ترسێنەرەکانی ئەو کارەساتانەدا هەرگیز تێنا پەڕنەوە.

٢- قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر کارەساتەکانی ئەنفال، بێگومان ئەنفال وەک بابەتێک بۆ بیرکردنەوەی قووڵ و جیدی و وەک کەرەستەیەکی فیکری و مەعریفی، کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرینگمان بۆ مەیسەر دەکات. وەختێک بە کەرەستەی تازەی ڕاڤەکردن و چاوێکی دیکەوە بکەوینە نێو پرۆسەی سۆراغکردن و پشکنینی سەرجەم پارچە تاریک و ڕوونەکانی تێکڕای ڕووبەروو و دیوارە دیار و نادیارەکانی ئەو جیهانەی کارەساتێکی لەم چەشنەی کردە بەشێک لە چارەنووسی میللەتەکەمان، وەختێک بە میتۆدێکی جیاواز لە میتۆدە باو و تەقلیدییەکان هەوڵی پێناسەکردنەوە و توێژینەوە و ڕاڤەکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵە دەدەین، هەر کات لە توانامانددا بێت پرسیاری جیدی و گوومانی قووڵ و ڕەخنەی چاوەنترسانە ئاراستەی سەرجەم خوڵقێنەرانی ئەو تراژیدیایە بکەین، لەم پێناوەشدا ڕێگرەکانی بەردەم بیرکردنەوە و بینینمان وەلابنێین و بە ئازادییەکی ڕەها و بێ هیچ بڕیارێکی پێشوەخت و چاوەڕوانکراو دەست پێ بکەین و هیچ ئینتیمایەکی ئایدیۆلۆژی و ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی شیکردنەوە و قسەکردن نەگرینەبەر، ئەو کات دەتوانین وشەیەکی سەنگین و پڕ بەها و دەلالەتی وەک وشەی (ئەنفال) لە خوتبە سیاسییە سەرپێییەکان و ئەو دروشمانەی هەرگیز ناگەنە نیوەی قووڵاییەکان بسەنینەوە و بە وتارە ڕۆژنامەگەرییەکان بڵێین کە ئیتر تەنها ئێوە خاوەنی ئەم وشەیە نین. ئێوە دەبێ لێرەدا بوەستن و چیتر مافتان نییە ئەم وشەیە هەر وا بە سادە و سانایی و بۆ مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی بەکاربهێنن. دەبێت ئەو نووسەر و شاعیرانە تێبگەیەنرێن کە ئەنفال و وشەی ئەنفال هێندە مردوو و بێگیان نییە تا تەنها لە یادکردنەوە و ساڵڕۆژی کارەسات و لە چوارچێوەی دەقێکی سیاسیی یان ئەدەبیی لاوازدا گیانی بەبەردا بکرێتەوە و تەعبیری لێ بکرێت.

٣- قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر کارەساتەکانی ئەنفال، بێجگە لە ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانەکەی، گەر ئەو قسەکردن و گفتوگۆکردنە بریتی بێت لە خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی وەها، کە کارەساتەکانی ئەنفال تەنها لە یەک گۆشەوە سەیرنەکا و ئەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانە لە یەک ڕەهەندەوە و لە یەک لاوە ئاراستە نەکرێن، یاخود ڕوونتر بڵێین دەرکەوتەکانی تێڕامان لە کارەساتی ئەنفال بریتی بن لەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانەی تەنها بە کەرەستە و چەمکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و نەخرێنەکار و تەنها خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی نەبن، بەڵکو هەموو ئەو میتۆدانەی کە دەشێ ئاسانکەر و ڕێخۆشکەر بن بۆ فرە مەوداکردن و دەوڵەمەندکردنی ڕەهەندەکانی بینین و تێگەیشتن و قووڵبوونەوە، سوودیان لێ وەربگیرێ و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی کارەساتی ئەنفال لەپاڵ ڕوە سیاسییەکەیدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی کولتووری و دەروونی و یاسایی و سۆسیۆلۆژی و... هتد بێت، تا لە ڕێگەی ئەم فرە ڕەهەندییە لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی خوێندنەوە و ڕاڤەکردندا لە وردترین و قووڵترین لێخوردبوونەوە و تەفسیر لانی کەم کەمێک دڵنیامان بکات و لە ڕێگەی ئەم تەفسیر و خوێندنەوە فرە ڕەهەند و ورد و قووڵانەشەوە بتوانین جیهانبینی و دیدگایەکی نوێ بۆ خۆمان بونیاتبنێین و ستراکتۆری سیاسیی و ئەخلاقی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری و دەروونیی خۆمان بدەینە بەر پرسیار و ڕەخنەی قووڵ و بە جۆرێکی دیکە سەیری داهاتوو و پاشەڕۆژی خۆمان بکەین و هەرگیز ئەو کەشوهەوا و زەمینەیە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەڕەخسێنینەوە بۆ ڕوودان و خوڵقانەوە و دووبارەبوونەوەی هەر کارەساتێکی لەو چەشنە.

## بەرەو پەیوەندیبەستن لەگەڵ بۆچوونەکاندا

هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا کە ئەم وتارە ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەی توخمی ڕەخنەگرتنەوە بەدوور لە بەهانەسازی و گیانی شەڕفرۆشتن و گەرمکردنی بازاڕی تانەوتەشەرهاویشتن، پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستی و ئاڵوگۆڕی لەگەڵ کۆمەڵێ بۆچووندا کە لەسەر مەسەلەی ئەنفال دەربڕاون و تا ئێستا باون، دابمەزرێنین، تا لەڕێگەی دامەزراندنی ئەم پەیوەندییەشەوە گفتوگۆیەکی واڵا و هەمەلایەنە بسازێنین و بەهۆی ئەم گفتوگۆیەشەوە مەسەلەیەکی گرینگ و سەنگینی وەک مەسەلەی ئەنفال بەجیدی ببێتە کەرەستەیەکی فیکریی و مەعریفی و خوێندنەوەی وردتر و تەفسیری قووڵتری بۆ بکرێت. ئەمەش بەو هیوایەی ئەم بەکارهێنانەی وشەی ئەنفال و مەسەلەی ئەنفال بەدووربێت لەو بەکارهێنانەی کە ئامانجی یەکەم تێیدا گەرمکردنی بازاڕی ڕۆژنامەگەری و جۆشدانی خوتبە سەرپێی و تەنکبینەکان و بریقانەوەی دروشمەکانە، چونکە هەموو بەکارهێنانێکی لەم چەشنە بێجگە لەوەی هیچ گرینگ و پێویست نین و هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆ و پێویستمان بۆ بەرهەمناهێنن و هەرگیز هەرگیز ناگەنە نیوەی قوڵایییەکانی کارەساتێکی وا. ئەو شێوە بەکارهێنانە ڕۆژنامەگەرییە باو و دروشماوی و خوتبەییە نەک هەر بە بۆچوونێکی جیاواز لە بۆچوونەکان و دیدگایەکی تایبەتو شێوە خوێندنەوەو تەفسیرکردنێکی سەربەخۆ دانانرێت، بەڵکو لەهەمانکاتدا زیانێکی ئێجگار گەورە نەک هەر بە پانتاییی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دەگەیەنن و ئەوە دەردەخەن کە چاوی بینینی قووڵا چەندە کوێرو نابینا و بیری تێگەیشتن چەندە کول و کوێر و هەستی کەشفکردن چەندە سادە و تەمەڵە، بگرە زیانێکی ئێجگار ئێجگار گەورەتر بە ئەنفال و ئەنفالییەکانو خودی کارەسات و قوربانییەکان دەگەیەنێت، زیانێکی وەها کە سەرجەم پێکهاتەی ڕەهەندە بزوێنەر و کاریگەرییەکەی هەڵدەتەکێنێ و خوێن لە جەستەی گەرموگوڕی و جۆشوخرۆشی تراژیدیاکەدا ناهێڵێ و وەک ڕووداوێکی ئاسایی و بێسەنگ و بێکاریگەر لە زەین و هەست و ویژدانماندا جێگیردەکات.

بەکارهێنان و پەخشکردنی وشەی ئەنفال وەک وشەیەکی ئاسایی و ئاسانبەکارهاتوو لەنێو ڕاگەیاندنی حیزب و ئەو وتارانەی لەساڵڕۆژی کارەساتەکاندا نووسەران بیریان دەکەوێتەوە بینووسن، نەک هەر نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم وشەیە و ئەم مەسەلەیە لە زمانێکی سادە و نەغمەیەکی کروزانەوە و شیوەن و ڕۆڕووە بگوێزنەوە بۆ ئاستێکی دیکە، کە تێیدا ئەنفال ببێتە بابەتێکی گرینگ و سەنگین بۆ تێڕامان و ڕاڤەکردن تاوەکو بناغەیەکی قووڵی هەست بەلێپرسراوێتیی خۆمان لەئاستی مێژوو و ئێستا و پاشەڕۆژمان لە ڕۆح و جەستەماندا بچەسپێنین، بەڵکو کارێکی لەوەش خراپتر و ترسناکتر کە ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییەکان لە کاتی بەکارهێنانی وشەی ئەنفالدا دەیکەن ئەوەیە کە ئەم شیوەن و ڕۆڕۆ و بالۆرەلێدانە لە ویژدانی هەر کوردێک و هەر مرۆڤدۆستێکدا دەکەنە شتێکی ئاسایی و ئەوان ئەم وشەیەیان بە جۆرێک لێکردوە کە هیچ هەستێک نەبزوێنێ و هیچ ڕۆحێک ڕانەچڵەکێنێ. ئەوان تەنها وەبیرمان ناهێننەوە کە زوڵمێکی گەورە و غەدرێکی گەورەیان لێکردین، بەڵکو وامان لێ دەکەن زوڵمکردن و غەدرکردن لێمان شتێکی ئاسایی بێت. بۆیە من لەگەڵا هۆشیاریم بەرامبەر ئەم مەترسییە گەورانە، لەئاست ئەم جۆرە بەکارهێنانەی وشەی ئەنفال و مەسەلەی ئەنفالدا، لەهەمانکاتدا ئەوپەڕی باوەڕی تەواوم بەو بۆچوونەی ڕۆشنبیری گەورە( بەختیار عەلی) هەیە کە پێیوایە (ئەنفال ئەو وشە ترسناکەیە کە تەنها لەگەڵا گووتنی ڕاستییەگەورەکاندا دەبێت بەکاربهێنرێت) 1.

جارێکی دیکە دەیڵێمەوە بەو هیوایەوە ئەم وتارە دەنووسم کە بەکارهێنانی وشەی ئەنفال بەدووربێت لەو جۆرە بەکارهێنانەی کە ئاماژەم پێدا دەرمخست چەند ترسناکو هەڵەن. لێرەشدا بۆ جیاکردنەوە و چڕکردنەوەی بۆچوونەکانم، هەروەها بۆ دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی دیدگای خۆم لەسەر ئەو تەوەرانە یاخود ڕاستر ئەو خاڵانەی کە لێی دەدوێم، بە پێویستی دەزانم سەرجەم ئەو بۆچوونانەی کە تائێستا باوو لە زۆر شوێندا دووبارە دەبنەوە و لەلای من جێگەی قسەوباسی زیاتر و هەڵسەنگاندن و بڕیار لە سەردانن، لە چەند خاڵێکی ڕیزکراودا بیانخەمەڕوو تا دوور لە هەموو تەمومژ و لێڵییەک ئاشکرابێت کە من قسە لەسەر چی دەکەم و چۆنیان تێدەگەم و چ بۆچوونێکم لەسەریان هەیە و ڕەخنەکانی من کامانەن، دڵنیاشم زۆر لەو بۆچوونانە کە من لێرەدا لێیان دەدوێم لە زۆر وتاری ڕۆژنامەگەریی و زۆر لە بڵندگۆیی ڕاگەیاندنەکان و خوتبەکاندا دەربڕاون و دووبارە دەکرێنەوە. لەم وتارەدا بۆچوونەکان جیادەکەمەوە و لە چەند خاڵێکدا دەیان خەمەڕوو، هەروەها لەژێر ناونیشانی جیاجیادا لەسەر هەر یەک لەو خاڵانە دەدوێم و بۆچوونی خۆمیان لەسەر دەردەبڕم، کە بێگومان ئەم جیاکارییەش بێجگە لەو مەبەستانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، لەهەمانکاتدا مەبەستی کورتکردنەوەی باسەکەش پاڵم پێوەدەنێ بۆ ئەم کارە. ئەوەی لەم خاڵانەدا دەینووسمەوەو ئەوەی لەژێر ناونیشانی جیاوازدا دەیخەمەڕوو چەند بۆچوون و ڕەخنەیەکی چڕکراوە و کورت و ئاشکران، هیواداریشم کە لە داهاتوودا هەریەک لەو باسانەی ئەم خاڵانە لە خۆیان دەگرێ لەپاڵ چەندین باسی تر و لایەنی تر و لێکدانەوەی تردا کە تایبەتن بە مەسەلەی ئەنفال قسەی جیدی لەسەر بکرێ و باشتر و بە قووڵی لەسەری ڕابوەستین.

## یەک (١)

## دۆستو دوژمن

لە زۆر لەو وتارانەی لەسەر ئەنفال دەنووسرێن و ئەو بەیاننامانەی دەردەکرێن و ئەو خوتبانەی دەخوێنرێنەوە لەم بارەیەوە، پەیوەندییەکانی نێوان دوژمن و ئەنفال، دۆست و ئەنفال، دۆست و دوژمن دەبنە کەرەستە و بابەتی لەسەر نووسین و قسەکردن، هەروەها ئاستی دڕندەیی دوژمن و ئاستی نائینسانیەتو زوڵم و ستەمی دوژمن لەلایەک و ڕادەی بێوەفایی دۆست و خەمساردی و بێباکی و دۆست بەرامبەر بە کارەساتی ئەنفال لە لایەکی ترەوە بۆ خۆیان لە زۆربەیاندا بوونەتە کەرەستەی قسەکردن و لەسەر نووسینو بڕیاردان. یەکێک لەوانەی ڕاستەوخۆ لەناو کارەساتەکاندا ژیاوە لەکاتی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەڵێت (دوژمنێکمان هەیە، لەدونیادا نموونەی نییە بۆ دڕندایەتیی و، دۆستێکمان هەیە، لەدونیادا نموونەی نییە بۆ بێوەفایی)2 لە گەرمەی بەجێهێنانی ئەم کارە و دواتر ستراتیژی ئەم پرۆسەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەیانەوێ لەم جۆرە سەوداکردنەدا ئەوەمان پێ بڵێن یاخود دڵنیامان بکەن لەوەی کە کورد لە دەرئەنجامی دڕندەییو دیکتاتۆرییەتو نائینسانیەتی دوژمنانو داگیرکەرانی و بێوەفایی و خەمساردی و ترسنۆکیی دۆستەکانیدا ئەو کارەساتانەی بەسەرداهاتوو بەو چارەنووسەی گەیشتوە. بێگومان زۆر زۆر ئەم جۆرە ڕستانە دەبیستین و گوێمان لێ دەبێ، ئەم وتانە دەچنە نێو دارشتەی زۆر لە وتارە ڕۆژنامەگەرییەکانەوە و ئێجگار زۆرن ئەو خوتبە و دروشمانەی ئەم جۆرە دەربڕینانە ئاڕاستە دەکەن. ئەگەرچی باوەڕی تەواوم وایە کە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ کەسێک لەبەر ڕۆشنایی هیچ جۆرە تەفسیر و لێکدانەوە و لەژێر سێبەری هیچ بەڵگە و بەهانەیەکدا ناتوانێت ئۆباڵی تاوانی یەکەم لە گەردنی دوژمن (ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس) بکاتەوە و هەرگیز ئەوە ناسەلمێنرێ کە گەورەترین تاوانبار ئەم دوژمنە و ئەم

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕژێمە نەبێت لە خوڵقاندنی کارەساتی ئەنفالدا. لەم تراژیدیایەدا دەستەکانی کەس هێندەی دەستەکانی سەدام حوسێن سوورترنین و کەڵبەکانی هیچ گوناهبارێکی تر لە کەڵبەکانی جەلادەکانی ئەم ڕژێمە تیژتر نین، بەڵام دەبێت هۆشیاربین لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەوانەی بەردەوام لە تەفسیرکردن و قسەکردن لەسەر کارەساتی ئەنفال بەم جۆرە بیرکردنەوەوە هەمیشە ئەم چەشنە ڕستانەمان بۆ بەرهەم دەهێنن و ئەنفال تەنها بەجۆرێک لە دڕندەیی بەعس و جێبەجێکردنی پلان و مەرامەکانی لەقەڵەمدەدەن و گلەیی شەرمنانەش لە هەڵوێست و کاردانەوەکانی ئەوانەی بە بۆچوونی خۆیان دۆستن، دەکەن. جاروبارێش ئەم هەڵوێست و کاردانەوانەش بە پێکهێنەرێکی دیکە، یان بە پێکهێنەرێکی لاواز لە پێکهێنەرەکانی کارەساتەکە دەزانن. دەبێت بزانین بە دڕندە لەقەڵەمدان و تاوانبارکردنی ڕژێمی بەعس و هەزاران جار دووبارەبوونەوەی ئەم ڕستانە تەنها جەختکردنەوە نیین لەسەر ڕاستییەک لەڕاستییەکان. وتنەوە و بەیانکردنەوەی ئەم ڕاستییە زەق و بەرجەستانە چیتر تەنها بەیانکردن و وتنەوەی ڕاستی نین، بەڵکو ئەرکێکی دیکەو ڕۆڵێکی دیکە دەبینێت.

بەر لە هەر شتێ لە زۆربەی زۆری (ئەگەر نەڵێین هەمووی) ئەو وتارانەی کە بەم جۆرە دێنە ئاخاوتن، شوناسێکی ڕوونو ئاشکراو پڕاوپڕیان پێوەدیار نییە بۆ هەریەک لە چەمکەکانی دۆستو دوژمن. بەهیچ جۆرێک خۆیان نادەن لەقەرەی ئەوەی دوژمن چۆن دەبێتە دوژمنو ئێمە لەبەردەم نیگاکانیدا چۆن دەبینرێینو ئەویش چۆن نیگا بکەین؟ چۆن سەر زەمینێک بڕەخسێنین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو ئێمەو دوژمن، لەکوێدا پێکدەگەینو لەکوێدا بەریەک دەکەوینو لەکوێدا دووردەکەوینەوە. بەخشینی سیفەتی دڕندەیی بە دوژمن چ مانایەکی دەبێ لەکاتێکدا ئەو دوژمنە؟ ئایا دوژمنی نادڕندە هەیە؟ بەهەمان شێوە دۆست کێیەو چۆنو لەسەر چ بنەمایەک دەبێتە دۆست؟ ئەو پرەنسیپانە چین کە دەبێت بگیرێنەبەر بۆ دڵنیابوونی ئێمەو بەرامبەر، لەوەی کە دۆستی یەکین؟ ئایا نواندنی هەر هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکان یان هەر کارێک لە کارەکان لەلایەن بەرامبەرەوە، جا بە هەر هۆیەک بینوێنێتو لە دەرەنجامدا واهەستبکەین دڵی ئێمە خۆش دەکات، ئیتر ئەو بەرامبەرە بۆ ئێمە دەبێتە دۆست؟ ئایا ئەو لێکدانەوە باو و زۆر بیستراوە چەندە لەگەڵ ژیانی واقیعیو سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێمەدا تەبادێتەوە کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەت دۆستتەو دۆستی دوژمنەکەت دوژمنتە و... هتد، یاخود لێکدانەوەیەکی دیکە کە دەڵێ دۆستی تا سەر و دوژمنی تا سەر بوونی نییە، باشە ئەم جۆرە دۆستە و ئەم جۆرە دوژمنە چۆنو کەی لە دونیای ئێمەدا دەردەکەونو وندەبن؟

ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دیکەی گرینگتر، نەک هەر لەو جۆرە وتارانەدا سەرەداوی وەڵامێکمان چنگ ناکەوێ، بەڵکو هۆشیارییەکی کەمیش لەسەر درکاندنی پرسیارەکان بەدی ناکرێ. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەکارهێنانی هەریەک لە چەمکەکانی دۆستو دوژمن وەک زۆر لە چەمکەکانی دیکەی نێو پانتایی ڕۆشنبیریمان بە هەڵە و سەرپێییو دوور لە هەر پاشخانێکی فیکریو ئەپستیمی بەکاردەهێنرێتو هەموو قەڵەمێک بەئاسانی دەتوانێت شوێنگۆڕکێو یاری پێ بکاو لێرەو لەوێ دایبنێ. ئەم شێوە ماڵیکردنەی چەمکەکان وام لێ دەکات تەواو بڕوام وا بێت ئەو ئەرکەی یەکەمجار کە درکاندنی ڕاستییەکان بوو بە تەواوی لەم پرۆسەیەدا دادەماڵرێو ئەم کارە ڕۆڵێکی دیکە دەگێڕێ. ئەرکی نووسینەوەو وتنەوەی ئەم ڕستانە لە پاڵ چەندجار وتنەوەی تاوانباری یەکەمدا ونکردنی تاوانبارەکانی دیکەیە، لە پاڵ ناساندنی گوناهبارە گەورەکاندا گوناهبارە بچووکەکانمان لێ بزر دەکات، کە ئەمەش وەک کارێکی ئاسایی تێناپەڕێ، بەڵکو بە پلەی یەکەم زیان بە قورسایی کارەساتەکە و قوربانییەکانو مێژوو و ئێستاو پاشەڕۆژی خۆشمان دەگەیەنێ، زیانێک کە بەر بە هەر جۆرە خوێندنەوەو تەفسیرێکی فرە ڕەهەندو قووڵاو هەمەلایەنە دەگرێتو ڕۆحی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بابەتیبوونو فیکرییبوونی کارەساتەکە ئیفلیج دەکاتو ئەم جۆرە تەفسیرکردنو کورتکردنەوەیەی کارەساتی ئەنفال وا دەکات هەموو ڕووناکییەکان کە پێویستن بۆ بینین، بخاتە سەر گۆشەیەکو سەرجەم گۆشەکانی دیکە لەتاریکیدا جێ بهێڵێ. ئەم دۆخەو ئەم جۆرە دیاردەیە کە لەنێو ڕووبەری ڕۆشنبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێمە بەرقەرارو زاڵە، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەئاسانی هەریەکەمان بتوانین خۆمان لە هەست بە لێپرسراویێتیو شەرمەزاریێتی لە ئاست کارەساتی ئەنفال ڕزگار بکەینو خۆمان بخەینە دەرەوەی بازنەی گوناهبارەکان یان ئامادە نەبین پەنجە بۆ گوناهبارەکانی خۆمان ڕاکێشین. ترسناکیی دیارنەبوونی هەموو ئەم کارانەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ژینگەو سەرزەمینەی کارەساتی ئەنفالی تێدا ڕوودا تارادەیەک وەک خۆی بمێنێتەوەو تارمایی تراژیدیای لەم جۆرە هەر لە ئاسۆکانی پاشەڕۆژدا دەرکەونەوە.

### دوو(٢)

## ڕووداوێک لە ڕابردوودا

لە یەکێ لەو وتارانەی لەسەر کارەساتی ئەنفال نووسرابوون من ئەم پەرەگرافەم کەوتە بەرچاو (کارەساتەکانی ئەنفال، هەرچەندە بوونەتە مێژووی ڕۆژگارێکی ڕابردوو، بەڵام کاریگەرییەکی سەختو نێگەتیڤانەی گەورەیان لەسەر ژیانی کوردان بەجێهێشتوە .)3، ئەگەرچی ئەم پەرەگرافە مانایەکی ڕوونی هەیە بەڵام من بە مەبەستەوە لە دوو گۆشەنیگاوە لێکی دەدەمەوە، مانای ئاشکرای پێمان دەڵێ کارەساتێک ڕووی داوە بەناوی ئەنفالەوەو بۆتە بەشێک لە مێژوومان، بێگومان کاتێکو شوێنێکی دیاریکراوی هەیەو ئەم کارەساتەش کاریگەرییەکی سەختو خراپو شوێنەوارێکی بە زامی بەجێهێشتوە . هەموو ئەمانە بۆ تێپەڕینی ساتی ڕوودانی کارەساتەکەو ڕووداوێکی دیاریکراو ڕاستنو گومانی تێدا نییە ئەم کارەساتە ئاکامێکی خەمناکو تاڵاو نێگەتیڤی کردە چارەنووسی قوربانییەکانو خێزانی ئەنفالەکان، بەڵام پێویستە پرسیار بکەین چ شتێک هەیە دڵنیامان بکات کارەساتی ئەنفال تەنها لەمێژوودا دەژی و تەنها کارەساتێکەو ڕوی داوەو ڕۆیشتوە ؟ چی هەیە دڵخۆشمان بکات کە ئەنفال لە ئاسۆکانی داهاتوودا دەرناکەوێتەوە؟ ئایا بەڕاست ئەو زەمینەیە شێواوە و ئەو بناغەیە هەڵتەکێنراوە کە ئەنفال تێیدا سەری هەڵدا؟ چ تاوانبارێک سزا دراو، کام بێ سەرو شوێنێک چارەنووسی زانرا؟ چ زیانێک قەرەبووکرایەوەو لە ناوەندی ڕۆشنبیریی و سیاسیو کۆمەڵایەتیی کام لایەنو کام گروپولە کام وڵاتەوە داوای لێبووردن کرا؟ بەدیوی ئەو دیویشدا بێجگە لە خێزانی ئەنفالەکان چ کوردێک لەگەڵ ناخۆشی و مەینەتییەکانی ئەم کارەساتەدا دەژی؟ کێیە هەست بە ئازاری ئەو زامە قووڵانە دەکات؟ یان باشترو گرینگتر پرسیار بکەین ئەو ناخۆشیو مەینەتییانە بەرەو کەناری چ جۆرە بیرکردنەوەیەکی واقیعیترو قووڵی بردین؟ ئەو زامانەی ئەنفال کردنیە جەستەمان بناغەی چۆن جۆرە هەست بە لێپرسراوێتییەکی لە ڕۆحو جەستەماندا چەسپاند؟ ئایا کارەساتی ئەنفال بە هەموو ئەو زامە قووڵاو ئاکامە نێگەتیڤانەی خۆیەوە کاری کردە سەر گۆڕینی دنیا بینیمانو چاویلکەی دیدگا کۆنەکانمانی پێ فڕێداینو وای لێکردین بەجۆرێکی دیکە بڕوانینە مێژوومانو کار بۆ جوانکردنو ڕەنگینکردنی ئێستاو پاشەڕۆژمان بکەین؟

نائومێدیمان لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا وام لێ دەکات بەجۆرێکی تر بیربکەمەوەو بە چەشنێک لە چەشنەکانی دیکە ئەم پەرەگرافە داڕێژمەوە، دەرکردنی زەمەنێکی دیاریکراو و لابردنی زیانە گیانی و مادییەکانو کاریگەرییە سەختو نێگەتیڤییەکان بۆ سەر

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قوربانییانو خێزانی ئەنفالەکان لە مانا و جەوهەرە قووڵەکانی ئەنفال، بەرەو ئەوەم دەبات ئەم پەرەگرافە بەم جۆرە دانێمەوە (کارەساتەکانی ئەنفال هەرچەندە نەبوونەتە مێژووی ڕۆژگارێکی ڕابردوو، بەڵام کاریگەرییەکی سەختو نێگەتیڤانەی لەسەر ژیانی کوردان بەجێ نەهێشتوە.) چۆن چۆنی ئەم پەرەگرافە وەهای لێدێ؟ بێگومان هەر گیز ناتوانین لە کارەساتەکانی ئەنفال باش وردبینەوەو تێ بگەین ئەگەر زەمەنی ڕوودان بەگرینگی ڕەچاو نەکەین، هەروەها گەلێک بێمانایشە زیانە گیانی و مادییەکانی ئەنفال لەگەڵ خۆیدا هێناو ئەو ئاکامە تاڵانەی بوونە چارەنووسی قوربانییانو کەسوکاری ئەنفالەکان، لە خودی کارەساتەکەو تەفسیرکردنی کارەساتەکە دەرکەینو بە بایەخەوە لێی نەڕوانین، بەڵام مەبەستی من لەم پەرەگرافەدا زەمەنی ڕوودانی کارەساتەکانی ئەنفال نییە بەڵکو تارمایی ڕوودانی کارەساتەکانە. ئەوەی من بە ئامادەنەبوونی کاریگەریی سەخت و نێگەتیڤی دەزانم لەسەر ژیانی کوردان، ئەو کاریگەرییانە نییە کە ڕاستەوخۆ کارەساتەکە بۆ سەر ژیانی قوربانییانو کەسوکاری ئەنفالەکان هەیان بوە، بەڵکو ئەو کاریگەرییانەیە کە دەبوایە بەسەر هەستو ویژدانو زەینی هەر کوردێکی دوورو نزیک لە ڕووداوەکان هەیبوایە، لەبەر تەوژمی ئەم کاریگەرییانەشدا سەرجەم دیدگاو بیرکردنەوەو ڕوانینی بۆ ڕابردووی خۆمانو ئێستاو پاشەڕۆژو سەرجەمی ژیان بگۆڕدرایە.

ترسناکیی ئەم جۆرە بیرکردنەوە و بەردەوام وتنەوەی ئەم جۆرە ڕستانە لەوەدا دەبینمەوە کە مەبەست لە ڕوودانو ڕۆیشتنی کارەساتی ئەنفال، تەنها زەمەنی ڕوودانو ئەنفالێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەجێهێشتنو ڕابردوونشینی تارمایی ئەنفالو سەرجەم ئەو زەمینەو کەشوهەوایەی ئەنفال تێدا لەدایکبوو. ئەم جۆرە تێگەییشتنەش بۆ ئەنفال خۆی لەخۆیدا ئیفلیجکردنی هەموو ڕۆحێکی بەرگریو پەکخستنی هەر هەوڵێکە کە دەشێ بتوانرێت لە پێناو دووبارەنەبوونەوەو دەرنەکەوتنەوەی ئەنفالدا بێتە ئاراوە. بڕوابوونی تەواو بەوەی ئەنفال ڕووداوێک بوو ڕووی داو ڕۆیشت، بێخەمیی تەواوە لە ئاست ڕوودانەوەو هاتنەوەی. سەندنەوەی ئازارو مەینەتییەکانی کارەساتەکە لە ڕۆحو جەستەی قوربانییانو خێزانی ئەنفالەکانو بەخشینەوەی بە ڕۆحو جەستەی هەموو کوردێک، لابردنی کاریگەرییە سەختو نێگەتیڤەکانی ئەم تراژیدیایە لەسەر ژیانی خێزانی ئەنفالکراوەکانو خستنەسەر ژیانی هەموو کوردێک بەیەکسانی، بێجگە لەوەی بە هیچ جۆرێک نابێتە بەڵگەی هاودەردیو هاوسۆزی، لەهەمان کاتدا زیان بە قورسایی کارەساتەکە دەگەیەنێو کاریگەرییەکی لاوازو سەنگێکی کەمی لەسەر دەروونو ویژدانمان پێ دەدا، چونکە لەحەقیقەتدا هەموو کوردێک وەک یەک لەو ئازارانەدا ناژی. ئەوانەی ئەو ڕۆژە لە کەسوکاریان دابڕانو خانوو و ماڵەکانیان سوتێنرا، هەروەک ئەوانە زامدارنین کە لەو کاتەدا لە سەیران بوون. ئەوانەی بە بەرچاوی خۆیانەوە ئازیزانی خۆیان دەدی بە سواری زیلە سەربازییەکان ڕاپێچ دەکرێنو لمی بیابان هەڵیان دەلوشێو ئیتر هەرگیز نایانبیننەوە، هێندەی ئەوانە خەمناکو پرسەدار نین کە تەنها ئەم ڕووداوانە وەک چیرۆک دەبیستنو زۆر جاریش لە گوێگرتن وەڕس دەبن. مەبەستیشم لەم قسانە هەرگیز ئەوە نییە کە بڵێم پێویست ناکات هەموو کوردێک خۆی بە هاوخەمو هاودەردو هاوسۆزی خێزانی ئەنفالکراوەکان بزانێت، نەخیر بەڵام نابێت دەربڕینی هەستی هاودەردی و هاوخەمی بە تەنهاترینو گەورەترین هەستکردن بە لێپرسراوی بزانرێت، چونکە هاودەردیو هاوخەمییەکی لەو چەشنە بە پلەی یەکەم بە خۆدزینەوەی دەزانم لە دانانان بەو گوناهە گەورەو هەڵە ترسناکانەی هەموو کوردێکی ئەم کۆمەڵگایە کردی لەوەدا کە خۆی دەستی هەبوو لە خۆشکردنی زەمینەیەک جەلادەکان ئەنفالی تێدا ڕوو بدەن.

سێ (٣)

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفالو شەرعیەت

پاڵنەرێکی دیکەی بەکارهێنانی وشەی ئەنفالو مەسەلەی ئەنفال لە زۆر لە وتارە ڕۆژنامەگەریی‌و خوتبەو دروشمەکانو دەستگاکانی ڕاگەیاندندا بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێک یان چەند شەرعییەتێکی جیاواز جیاواز. لەو ڕوانگەیەوە کە کێشەی ئەنفالەکانو مافو داواکارییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەموویان ڕەوانو هیچ شتێک ناتوانێت گەردێک بخاتە سەر پاکێتی و لەسەر هەقبوونی ئەوان، بۆیە بۆ بەکارهێنەرانی وشەی ئەنفال، بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەنفال دەبێتە بابەتی وتارەکانیان، بۆ ئەو دروشمانەی ئەنفالیان تێدا بەرزدەکرێتەوەو بۆ ئەو خوتبانەی مەسەلەی ئەنفال دەبێتە وێردی سەر زمانی وتاربێژەکانو لەو ناوەندانەی ڕاگەیاندندا کە وشەی ئەنفال دەبێت بە کاڵایەکی باش، بەشێوەیەکی ئاسانو سەرسوڕهێنەر ئەم ڕەوایەتی و پاکێتی و لەسەر هەقێتییەی ئەنفالکراوانو کەسوکاریان دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوانو ئەوان بەم بەکارهێنانو ئیشپێکردنەی وشەی ئەنفال شەرعیەتی ڕەوایەتی‌و پاکێتی‌و ڕاستێتیی خۆیان وەردەگرنو خۆیان دەکەن بە خاوەنی هەموو جۆرە سیفەتو خەسڵەتێکی باشو داواکردنی هەموو جۆرە مافێک یان خاوەندارێتیی هەموو مافێک بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن. لەسەر ئاستی حیزبو گروپە سیاسییەکانیش ئەم ڕەفتارە دەبێتە ڕێگە خۆشکەر و کارئاسانکەرو یارمەتیدەرێک بۆ توندو تۆڵکردنی ڕێکخستنەکانو خوێنبەخشین بە دەمارەسستەکانی حیزبەکان لەڕێگەی مەسەلەی ئەنفالەوە. دوا دەرئەنجامیش کە ئەم جۆرە سەوداکردنە لەگەڵا ئەنفالدا دەیخاتەوە بریتییە لە بچووککردنەوەی کێشەی ئەنفال، بچووککردنەوە لەوەدا کە دەنگێک دروست نابێت دەنگی ڕاستەقینەی قوربانییانی ئەنفال بێت، دەنگێک تەعبیرێکی ڕاستگۆیانەی لێ بکاتو داوای مافو ژیانی زەوتکراویان بکاتەوە، بەڵکو ئەو دەنگەی دەبیسترێ بۆ مەبەستێکی دیکە بەرز دەبێتەوە، بێگومان لای کەس شاراوە نییە کە ئەو دەنگە دەنگی ئەنفالکراوانو ناڵەی قوربانییان نییە.

ئەوەی لێرەدا باسمان کرد جۆرێکە لە جۆرەکانی شەرعیەت بەدەستهێنانی هەندێ لە بەکارهێنەرانی وشەی ئەنفال کە دڵنیام هەوڵدان بۆ ئەم ئامانجە بەدوورە لە هەندێ لەو وتارانەی لەسەر ئەنفال دەدوێن، هەندێ لەو وتارانە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێکی لەم جۆرە بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێن، بەڵام نووسەرانی ئەم وتارانە هەر لەسەرەتاوە بە ئاشکرا نەک هەر هەوڵی بەدەستهێنانی جۆرێکی دیکەی شەرعیەت دەدەن، بەڵکو ئێمەش بۆ ئەم کارە هاندەدەن. ئەوان بە ئەرکێکی گرینگو پێویستی دەزانن دۆزی ئەنفال وەک تاوانێکی گەورەی جینۆساید بخرێتە سەر مێزی دادگاکانی دادی نێودەوڵەتی. لە یەکێک لەو سەرچاوانەدا هاتوە کە (هەر وڵاتێک چ بەشداربێت لە ڕێکەوتننامەی جیهانیدا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یان بەشدار نەبێت، لەسەریەتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لەبەر بەندکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا دێتە ئاراوە)٤ هەروەها لە چەندان بەیاننامەو یاداشتنامەی جیاجیای لایەنە جیاجیاکاندا کە بە زۆری لەیادی کارەساتەکەدا بەرز دەکرێنەوە ئەم پەیامە یاخود ئەم داواکارییەیان هەڵگرتوە. لە بڕگەیەکی بەیاننامەیەکدا کە بە ناوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە داڕێژراوە هاتوە (دەبێت سەددام و دارو دەستەکەی بدرێنە دادگایەکی نێو دەوڵەتی لە بەرامبەر ئەو تاوانەی...هتد)٥ لە بەیاننامەیەکی مافی مرۆڤیش هەر لەم بارەیەوە هاتوە (پێکهێنانی دادگایەکی نێو دەوڵەتی تاوانبارانی جەنگ تاکو سەرانی عێراق لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن)٦ ئەم جۆرە ئیشکردنو بەکارهێنانەی مەسەلەی ئەنفال مەبەستی گەورەو ئامانجی گەورە لەپشتیەوە بریتییە لە بەدەستهێنانی شەرعیەتێک لەپێناو هەڵوێستوەرگرتنێکو کارنواندنێک دژی ڕژێمی بەعس، کە ئەو سیستمە بە گەورەترین

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاوانباری ئەم کارەساتانە دادەنرێت، کارنواندنێک دژی تا ئەندازەی دادگاییکردنی لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا. گومانی تێدا نییە بەدەستهێنانی شەرعییەتێکی لەم جۆرە کە بیتوانیایە تاوانباری یەکەم دادگایی بکات، پێویسترین ئەرکو گرینگترین کارو زیرەکانەترین ڕێگا گرتنەبەر دەبوو، بەڵام لەکاتێکدا کە تەواو دڵنیاین لەوەی سیاسەتی کوردی کە بچووککراوەتەوە بۆ سیاسەتی حیزبی کوردیو لەتوانایدا نییە ئەم جۆرە شەرعییەتە بەدەست بهێنێت تا کاری پێ بکاتو دادگاییکردنی تاوانباری یەکەم یاخود سەدام حوسێن پەیوەستە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەسەر مەسەلەی ئەنفال نەوەستاوە، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کە گەڕان بە مەبەستی چنگکەوتنی شەرعیەتێکی وا بێجگە لەوەی شوێنکەوتنی سەرابە لەهەمانکاتدا ئەم گەڕانە مۆرکێکی تر وەردەگرێ کە ئەویش کەمکردنەوەی بایەخی ئەنفالو قوربانییانی ئەنفالە، چونکە کە ئەنفال تەنها بە مەبەستی دروستکردنی هەڵوێستو کردەی دژ بەڕژێمی بەعس بەکاربێت، ئەوا هەر کات لەبەر هەر هۆیەک بێت بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد نەیویست هەڵوێستو کردەی دژ بەڕژێمی بەعس بگرێتەبەر، یەکسەر مەسەلەی ئەنفال پشتگوێدەخرێو کێشەی ئەنفالکراوانو کەسوکاریان دەبێتە کێشەیەکی لاوەکی و فەرامۆشکراو.

من پێموایە هەڵەیەکی گەورەیە ئەنفال لەپێناو بەدەستهێنانی شەرعیەتێک بۆ دادگاییکردنی سەدام حوسێن بەکاربێت، وەک ئەوەی بەردەوام جەخت دەکرێتەوە لەسەر (دامەزراندنی دادگایەکی تاوانباری نێودەوڵەتی تایبەت بەو تاوانە نێو دەوڵەتییانەی بەرپرسە عێراقییەکان لە دژی گەلی کورد و مرۆڤایەتی ئەنجامیانداوە)٧ و دەبێت (بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەنفال لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، پێویستە کارەساتی ئەنفال بخرێتە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەوە)٨ ئەمانە لەبەرئەوە هەڵەن چونکە دەبێت سەدام حوسێن و گشت تاوانبارانی دیکەی کارەساتی ئەنفال لە تۆڵەی قوربانییانی ئەنفالدا دادگایی بکرێن. ڕەنگە یەکێک بپرسێ چ جیاوازییەک هەیە لێرەدا کە لە هەردوو بارەکەدا هەوڵدان هەبێت بۆ دادگاییکردنی تاوانباران؟ ئەم دوو حاڵەتە جیاوازیی زۆر گەورەیان تێدا دەبینرێ، لە یەکەمیان کێشەی ئەنفال لەنێو چەندەها کێشەی دیکەدا دانراوەو لە دووەمیشیان سەرجەم تاوانباران دادگایی دەکرێن، لە یەکەمیاندا کێشەی ئەنفال پەیوەست دەکرێ بە بارودۆخی سیاسەتی کوردو عێراقو نێودەوڵەتی، بۆیە ئەگەری فەرامۆشکردنو بەژێرەوەکردنی زۆرە بەڵام لە دووەمیاندا پەیوەست نییە بە هیچ جۆرە سیاسەتێکەوە، خۆی کێشەیەکە لە سەروو سیاسەتەوە. ئەنفال کە کێشەیەک بێت لەناو چەندەها کێشەی دیکەدا بایەخو قورساییەکی گرینگی هێندەی نابێت، بە قەد ئەوەی کە تەنها کێشەیەک بێت. داواکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕژێمی بەعسو سەدام حوسێن دیسان ئەو گومانەم دەخاتە دڵەوە کەلەوە دەچێت ئەم هەوڵەش بۆ ئەوە بێت تا دان بە هەڵەکانی خۆماندا نەنێینو ئامادە نەبین خۆمان دادگایی بکەین.

## چوار (٤)

## دیکۆمێنتو ئەرشیفکردن

کاری ئەرشیفکردنو پاراستنو هەڵگرتنی هەموو ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی شێوازی تاوانو چۆنیەتیی ڕوودانی ئەو کارەساتانەمان بۆ دەردەخات، بۆ خۆی گرینگییەکی تایبەتیی هەیەو هەرگیز لە بەهای ئەم کارەکەم ناکەمەوە. هەروەک لە دەیان سەرچاوەدا بەر لە هەر شتێک و وەک کارێکی لە هەموو شتێک پێویستتر جەختی لەسەر کراوەتەوەو بەردەوام دەگوترێت (هەوڵ بدرێ بە وێنەو نەخشەو

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵگەی نووسراوەوە لە بابەتی ئەنفالەوە بکۆڵرێتەوە) ٩ هەستیش دەکەم زۆر کەم لەو کارو هەوڵانەی کراون بۆ ئەنفال لە چوارچێوەی ئەرشیفکردنو هەڵگرتنی دێکۆمێنتەکان دەچنەدەر. زۆر نووسین دەبینین گرینگی دەدات بەوەی کە کارەساتی ئەنفالەکان بە چەند قۆناغدا تێپەڕی، هەر قۆناغە و کەی دەستی پێکردو کوێی گرتەوەو چەندی خایاند. لە هەندێ وتاریشدا مشتومڕ هەیە لەسەر ژمارەی قوربانییانی ئەنفالو پێشبڕکێ لەسەر سەلماندنی زۆرترین ژمارە بۆ قوربانییان بەدی دەکرێ. هەندێک وتاری دیکە ئەو بەڵگەو دێکۆمێنتانە دەخاتە ڕوو کە تێیدا فەرمانی ڕوودانی کارەساتی ئەنفال لە دەمی جەلادەکانەوە دەردەچێ. بەردەوام داوا دەکرێ (پێویستە ناوەندێکی سەربەخۆ لە کەسانی شارەزا دابمەزرێت لە کورد و یاساناسانی ئەوروپی و ئەمەریکی، تاکو خەریکی کۆکردنەوەو دێکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بێت لەگەڵا تۆمارکردنی شایەتیی ئەو کەسانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون تاکو لائیحەیەکی تۆمەتخستنەپاڵی سەرانی ڕژێمی عێراق ئامادە بکات)١٠ هەموو ئەم جۆرە کارانەو هەر کارێکی دیکەی لەم چەشنە من بە پێویستو گرینگی دەزانم، بەڵام پێم وایە کاری ئەرشیفکردنو پارێزگاریکردنو خستنەڕووی بەڵگەو دێکۆمێنتەکان تا ئەو شوێنە ڕەوایەتییان هەیە کە دیسان تەنها نەکرێنە هۆکارێک لەپێناو بەدەستهێنانی شەرعیەتێک بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێکو کارێک دژ بەرژێمی بەعسو سەدام حوسێن، چونکە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی مەسەلەی ئەنفال بۆ بەدەستهێنانی هەر شەرعیەتێک لەڕاستیدا خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی غەدرکردن لە ئەنفالو فەرامۆشکردنی قوربانییانو پەراوێزاندنی ئەو زیندوانەی لە کارەساتەکانی ئەنفال بەجێماون.

ڕوویەکی تری ترسناکی پرۆسەکانی دروستکردنی ڕۆژمێری ئەنفالەکانو ئەرشیفکردنو کۆکردنەوەی دێکۆمێنتەکان ئەوەیە، کە ئەم پرۆسانە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ئاساییکردنەوەی تاوانی کوشتنو کوشتنی بە کۆمەڵو وێرانکاریو ڕاگوێزانو سەندنەوەی ژیان لە هەرێمێکی گەورە، با بزانین چۆن دروستکردنی ڕۆژمێرو ئەرشیفکردنو هەڵگرتنی دێکۆمێنتەکان ئەم ئەرکەیان پێ دەدرێ؟ دەڵێین ئەم ئەرکەیان پێ دەدرێ، چونکە لەڕاستیدا هیچیان ئەرکی ڕەسەنی ئەمانە نین. کاتێک مشتومڕ گەرم دەبێ لەسەر ئەوەی ئایا قوربانییانی ئەنفال ژمارەیان سەدو هەشتاو دوو هەزار یان دووسەد هەزار یان هەر ژمارەیەکی کەمترو زۆرترە، لەنێو هەموو ئەم مشتومڕانەشدا پرۆسەی عەوداڵبوونو سۆراغکردنی ماناو دەلالەتەکانی کوشتنو کوژراو لەدایک نابێت، کاتێ ڕۆژمێرەکانی ئەنفال، تەنها یادەوەرییەکمان بیر دەهێننەوە کە لە فلان ڕۆژو ساڵدا قۆناغی ئەوەندە لە زنجیرە هێرشەکانی کارەساتی ئەنفال دەستی پێ کردو ئەوێی گرتەوەو لە فلان ڕۆژدا کۆتاییهات. لەڕاستیدا ئەم جۆرە یادەوەرییە زۆر زۆر لەوە بێ تواناو ئیفلیجترە مانا نهێنییەکانی ڕوودانی ئەو کارەساتە لەو ساتەو لەو شوێنانەماندا بۆ بدۆزێتەوە. ئیشکردنی تاک ڕەهەندانە بەم میتۆدە چاوێکمان پێدەبەخشێ کە تەنها ڕووکەشانە پێی بڕوانینو قووڵاییەکانو تایبەتمەندییەکانو نەبینین، نەگەیشتنە قووڵاییەکانو نەبینینی تایبەتمەندییەکانی ئەنفال وامان لێ دەکات خوێنساردانە لەم تراژیدیایە بڕوانینو هەموو تاوانەکان ئاسایی بن.

وەک ئاماژەم بۆ کرد نکۆڵی لە گرینگیو پێویستیی ئاگاداربوون لە ڕۆژمێری ئەنفالو کاری ئەرشیفکردنو پارێزگاریکردنی دێکۆمێنتەکان ناکەم، بەڵام کاتێک سەوداوکاری ئێمە لەگەڵا ئەمانەدا تەنها بریتی بێت لە وەرگرتنو ئاگادارکردنەوە، بەبێ قووڵبوونەوەو شۆڕبوونەوە، کاری ئێمە تەنها گێڕانەوەو وتنەوە بێت، بەبێ دەرخستنی لایەنە نادیارو شاراوەکانی، ئەوا دەبێت بڕوا بەوە بهێنین کە هەموو ئەو پرۆسانە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەچنەوە خزمەت بچووککردنەوەی کارەساتی ئەنفال.

**پێنج** (٥)

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفالو حیزبایەتی

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بەکارهێنانی مەسەلەی ئەنفال زۆر جار لە ڕاگەیاندنی حیزبەکاندا دەبێتە گواستنەوەیەکی سەیر سەرسوڕهێنەرو ترسناکی سیفەتەکانی پاکی و بێگوناهیو هەقانیەت لە ئەنفالو قوربانییانەوە بۆ حیزبەکان. من لەم خاڵانەدا ئەم باسە دووبارە ناکەمەوە یاخود زیاتری لەسەر ناڕۆم، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ لێرەدا لەسەری بدوێم بریتییە لە لایەنێکی دیکەی بابەتی تێکەڵکردنی مەسەلەی ئەنفالو حیزبایەتی یاخود ئیستغلالکردنی ئەنفال بۆ مەبەستی حیزبایەتیو پێکانی ئامانجی تایبەتی کە دەبێتە هۆی سوککردنی کێشەی ئەنفالو بچووککردنەوەو هێنانی بۆ ئاستێکی ئێجگار نزم. بەر لەوەی مەبەستەکەم بەتەواوی ڕوونبکەمەوە حەز دەکەم دوو ڕستە لەوتارێکی دیاریکراودا وەرگرم وەک نموونەیەک بۆ هەزاران ڕستەی لەم جۆرەی نێو ڕاگەیاندنی زۆر لە حیزبەکان، کە وەختی باسکردن لە مەسەلەی ئەنفالو شانازیکردن بە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە گوێی هەموو لایەکدا دەدەن. دوو ڕستەکەش کە لە وتارێکدا وەرمگرتوون ئەمانەن (تا ئەو دەمانەش- کە مەبەست ساتی ڕوودانی ئەنفالە- هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کوردستانی کورد بوە سەنگەری تێکۆشانی خۆی، نەک لە دەرەوەو لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکانەوە باس لە خەباتو دژایەتیکردنی بەغدا بکات- زۆر هێزی تر هەبوون تا دوای کیمیابیبارانکردنی هەڵەبجەو کۆتایی ئەنفالەکانیش لە وڵاتانی دراوسێدا هەر بە بیجامەوە دەسووڕانەوە!)١١ بابەتی ئەو کوردانەی لە ساتی ڕوودانی ئەنفالدا لە دەرەوە بوونو لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکانەوە باسیان لە خەباتو دژایەتیکردنی بەغدایان دەکرد، یان بابەتی ئەو کوردانەی تادوای ئەنفالو هەڵەبجە بەبیجامەوە لە وڵاتانی دراوسێدا دەسوڕانەوە. بۆ خۆیان کۆمەڵێ بابەتی گرینگنو هێشتنەوەیان تەنها لە خانەی توانجو تەشەرو نەگوێزانەوەیان بۆ خانەی هەڵسەنگاندنو ڕاڤەکردنی ئەو واقیعەو ڕەخنەگرتنی قووڵا لە ستراکتۆری سیاسییو ئەخلاقییو ئینسانیی ئەو بزاڤانەی نێو شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بۆ خۆی کارێکی هێندە هەڵەو مەترسیدارە کە بەردەوام هەر ئەم هۆیەش یەکێک بوە لە گەورەترین ئەو هۆیانەی کە بزوتنەوەی سیاسیی کوردیی زوو زوو تووشی شکستو هەڵدێرانی گەورە کردوە.

مامەڵەکردن لەگەڵا ئەم جۆرە خەسڵەتەی بزوتنەوەی سیاسیی کوردیی بە زمانی توانجو پلارهاویشتن نەک هەر هیچ لە خزمەتی هیچ شتێکی جوانو سڕینەوەی هیچ ناشرینییەکدا نییە، بگرە سەر دەرهێنانی ئەم جۆرە پلارو توانجانە لەبابەتێکدا کە باس لەئەنفال دەکات، بەر لە هەر کەسێکو بەر لە هەر شتێک ئەنفال زامدار دەکات، شێوە زامدارکردنێک کە قەبارەیەکی بچووکترو سەنگێکی کەمتر بە ئەنفال دەدات. تێکهەڵکێشکردنی ئەم جۆرە پلارو توانجانە لەوەدا زیان بە ئەنفال دەگەیەنێ کە دەبنە هۆی دروستکردنی هەستو سۆزێک بەرامبەر بە ئەنفال کە ئینتیمای بۆ حیزب هەیەو ڕێگرە لە دروستکردنی هەستو سۆزێک کە لەئینتیماوە بۆ نەتەوە سەرچاوە دەگرێ. بێگومان ئەوەی دوەمیان گەورەترەو سەنگینترەو ئەنفالیش ئەوە دەخوازێ. لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی لەم جۆرە پلارو توانجانە لە کاتی باسکردنی ئەنفالدا دەگرنە کەسانی تر، لەڕاستیدا دەیانەوێ شتێکی دیکە بەیان بکەن ئەویش ئەوەیە کە بڵێین ئێمە وا نەبووین، لێرەشدا ئەم وا نەبوونەی خۆیان بە شانازی دەزانن‌و بە سەروەری بۆ خۆیان لەقەڵەم دەدەن. شانازیو سەروەری لەو سیفەتانەن کە هەرگیز لەکاتی باسکردنی ئەنفالو تەفسیرکردنو گێڕانەوەو خوێندنەوەی ئەنفالدا جێیان نابیَتەوە، چونکە ئەنفال بریتییە لە گەورەترین شکستو بەزامترین هەرەس لە مێژووی میللەتەکەماندا.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوانەی بەردەوام لە باسکردنی کارەساتی ئەنفالدا مەبەستیان گەیاندنی پەیامی ئایدیۆلۆژیی خۆیانەو مەبەستیان تۆمارکردنی سەروەریتیی و شۆڕشگێڕیتی و پاکێتییە بۆ خۆیان وەک لەم سەرچاوەیەدا هاتوە (تەنها ڕێکخراوی سیاسیی کوردی کە هەموو هێزەکانی و بارەگاکانی و ماڵی سەرکردەو کادێر و پێشمەرگەکانی لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ئەنجامی یەکەمین هێرشی ئەنفال پەلاماردانی بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو)١٢ کۆکردنەوەی ئەنفالو سیفەتەکانی شۆڕشگێڕیتیو ئازایەتی، هەروەها تێکەڵکردنی بابەتی ئەنفالو شانازیو سەروەریتی و هەر سیفەتێکی دیکەی خۆهەڵکێشان، زیانێکی ئەوەندە قورس بە ئەنفال دەگەیەنێ، زیانێک لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە قسەکردن لەسەر ئەنفال نابێتە هۆی دروستکردنی هەست بە لێپرسراوێتی و هەستی بەرگریو بەرەو ئەوەمان نابات ڕەخنە لە ستراکتۆری سیاسیی کۆمەڵایەتییو ئەخلاقیی و کولتووریی خۆمان بگرینو بەجۆرێکی دیکە تەماشای ڕابردوو ئێستاو پاشەڕۆژمان بکەین، بەڵکو هەمیشە سەرگەرمی خۆهەڵکێشانو شانازیکردنمان دەکاو کارخانەی بەرهەمهێنانی وەهمەکانمان دەخاتەگەڕ.

شەش (٦)

## ئەنفالو گەرمیانییەکان

کاتێک ئەو پرسیارە دەکرێ بۆچی پرۆسەکانی ئەنفال لە سنووری کەرکوکو گەرمیاندا توندتربوون وەک لە ناوچەکانی دی؟ ئەم پرسیارە پرسیارکەران هان دەدات بۆ گەڕان بە شوێن وەڵامێکی گونجاودا، وەڵامێک کە تەواو قەناعەتیان پێی بێو تیوونێتیی پرسیارەکەیان بشکێنێ، بەڵام زۆر ناگەڕێنو ورد ناپشکنن بۆیە سەر ئەنجام بە کۆمەڵێک وەڵام دەگەن. یەکێک لەوانە هۆکارێکی قورسکەوتنەوەی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەکانی گەرمیان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە (ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی و ئەو ناوچانەی بەر ئەنفال کەوتن بەتایبەتی، لەوەتەی خەباتی سیاسیی و چەکداری لەکوردستاندا سەری هەڵداوە بەیەکەوە لانکەی خەبات و شۆڕشگێڕی بوون)١٣ یەکێکی دیکە لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا پێی وایە (پرۆسەی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر نەیتوانی گەرمیان لێک هەڵبوەشێنێتەوە، گەرمیان قەڵایەکی بەرگری بوو لەبەردەم دوژمندا)١٤ ئەگەر ئەم وەڵامانە تەنها هەڵەبن یان لەڕوانگەی بۆچوونی خۆمانەوە تەنها بە هەڵە دایان بنێین، دەشێ وەک جۆرێک لە لێکدانەوەو تەفسیرێک لە تەفسیرەکانو بۆچوونێکی جیاواز قبوڵیبکەینو ئاساییبین، بەڵام ئەو وەڵامانە تەنها هەڵەنینو بەس، بەڵکو ترسناکیی ئەم جۆرە لێکدانەوەو بۆچوونانە لەوەدایە کە بەشێوەیەک لە شێوەکانو زۆر بە ناڕاستەوخۆیی دەچنەوە خزمەت ئایدیۆلۆژیای بەعس، ڕەنگە بەبێ ئەوەی خاوەن وەڵامو خاوەن بۆچوون بە هیچ شێوەیەک ئاگاداربن. لەوەش ترسناکتر کە من لەم جۆرە هەڵانەدا بەدی دەکەم ئەوەیە هەم خودی ئەم پرسیارەو هەم ئاسان دەستڕاگەیشتن بە وەڵامەکان تەنها دەرئەنجامی وتارێک یاخود نووسەرێک نین، بەڵکو ئەم جۆرە وەڵام ڕیزکردنانە بۆ ئەم پرسیارە خەسڵەتێکی باوو تەقلیدی وەرگرتوە و بۆتە زۆربەی دەرئەنجامەکانی بیرکردنەوەی نێو زۆر لە وتارە ڕۆژنامەگەرییو خوتبەو ناوەندەکانی ڕاگەیاند.

ئەگەر ئەنفال وەک هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە بریتییە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسو پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراوو سەرتاسەری و هەمەلایەنەی کوشتنو کوشتنی بەکۆمەڵ بێت، ئەوا تەفسیرکردنی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵبژاردنی ناوچەی گەرمیان لەلایەن ڕژێمی بەعس بەنزیکی و هاوسنووری لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق زیانێکی گەورە لەو شوناسەی ئەنفال دەدا، کە پێشتر هەموومان ڕێکەوتین لەسەری. ئەگەر هەڵکەوتەی جوگرافی وامان لێ بکات بڵێین بەهۆی نزیکیی ناوچەکانی گەرمیان لە ناوەڕاستی عێراق کارەساتی ئەنفال بەو شێوە ڕوویدا، ئەوا گەلێک تایبەتمەندیی دیکەی ئەو ناوچەیە بەهۆی ئەم تێڕوانینەوە ون دەبێ‌و نایبینین. ئەگەر هەر ئەم نزیکییەش بۆچوونێکی دیکەمان لا سەوز بکاتو بڕوامان وابێت ڕژێمی بەعس خەڵکی ئەم ناوچانەی بەجێگەی مەترسی دەزانی بۆ سەر شوێنگەو دەسەڵاتی خۆی، لەڕاستیدا ئەمیش بۆ خۆی هەڵەیەکی دیکەیەو لەوانەش هەڵەترو ترسناکتر ئەوەیە کە پێمان وابێت ڕوقوکینەو ترسی دیکتاتۆری بەعس لە خەڵکی ئەو ناوچانە بوو، چونکە هەموو تێکۆشەرو ئازارو کۆڵنەدەربوون وای کرد ئەنفال بەو سەختییە لەوێ ڕوو بدات. لە یەکێ لەسەرچاوەکاندا هاتوە (هێزەکانی عێراق لە گەرمیان زۆر بەداخبوون، خەڵکی گەرمیان دەورێکی گەورەیان هەبوو لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا. کەم جێگەی کوردستانی عێراق هەبوو خوێنی پێشمەرگەی گەرمیانی تێدا نەڕژابێت.)١٥ بەر لەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی‌و چۆن ئەم بۆچوونانە بە هەڵە دادەنێم، بە پێویستی دەزانم بۆ سوودوەرگرتن بگەڕێمەوە سەر چەند بۆچوونێکی (بەختیار عەلی) لەو سەرچاوەی کە پێشتر دیاریم کرد، بۆچوونەکانیش لەسەر چۆنێتیی دەسەڵاتی بەعس لە ساتی ڕوودانی ئەنفال، هەروەها بەعس کێ ئەنفال دەکاتو ئەنفالکراوەکان چییان پێدەکرێ‌و دواجار ئەنفال دەبێت بە چی؟ کە بۆچوونەکانیش ئەمانەن (ئەنفال لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوودەدات، کە بەعس دەستدەداتە ئەنفال لە دۆخێکی لاوازو شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لە هەر کات سەقامگیرترو جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێزو دەسەڵاتو هەیبەتیایەتی.... ئەم مردنەی قوربانییان مردنی پاڵەوانەکان نییە، بەڵکو مردنی ئەو پیاوانەیە کە ڕووبەڕوو سەیری مردن دەکەن‌و ناتوانن هیچ بڵێن.. بەعس پەراوێزترین‌و فرامۆشکراوترین خەڵکی کوردستان ئەنفال دەکات... ئەنفال تەنها شکستێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی و سەربازیی نییە، بەڵکو سەرەتای سەوزبوونی گومانێکی قووڵە دەرهەق بەو وێنە کلاسیکییەی کوردی جەنگاوەرو کوردی قارەمان)١٦. بەعس لەو ساتانەدا ڕژێمێکی بێ هێزو کەم دەسەڵات نەبوو، هەروەها یەکێک بوو لەو وڵاتانەی ناوچەکەو تەنانەت جیهانیش کە لە چاو ژمارەی دانیشتوانیدا زۆرترین ژمارەی سەربازی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازیی جەنگی ئەم ڕژێمە بە ترسناکترین‌و پیشکەوتووترین چەکی سەردەم دەوڵەمەندکرا بوو، بێجگە لەمانەش لەسەر ئاستی هەموو کایە ڕۆشنبیری و ستراتیژی و ئابوورییەکانیش پەیوەندییەکی توندو تۆڵاو بەهێزی بە زۆربەی زۆری دەوڵەتە بەهێزو سەرمایەدارەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، لەبەرئەوە وێناکردنی ئەنفال وەک جۆرێک لە توندوتیژی دژ بەو هاوڵاتییانە یان بەو کەسانەی کە جێگەی مەترسین بۆی، وێناکردنێکی هەڵەیە. هەڵەیە لەبەرئەوەی بەعس ئەو کەسانە ئەنفال دەکات کە سیاسەتی دووربینانەو پلانداڕێژەریانەی خۆی‌و بێشیرازەیی‌و بێمیتۆدیی سیاسەتی بزوتنەوەی کوردی‌و ئەخلاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردی، شوێنگەیەکی پەراوێزی و ڕووبەرێکی فەرامۆشکراوی پێداون. بۆیە لەراستیدا ئەگەر پێمان وابێ ئازایەتی و کۆڵنەدەری‌و تێکۆشەریی ئەوان بوونە هۆی ئەوەی ئەنفال بکرێن هەڵەیە، ئەمە نەک لەبەرئەوەی بڵێین ئەوان ئازاو کۆڵنەدەرو تێکۆشەر نەبوون، بەڵکو دەشێ وابن، بەڵام ئەم سیفەتانەو پێچەوانەکانیشیان هیچ ڕۆڵێکیان نییە و نەبوە لەکارەساتەکەدا، چونکە ئەوان دەردی ترسنۆکی نەیکوشتن، بەڵکو دەردی فەرامۆشکردن کوشتنی. شوێنگەی پەراوێزییان لەکۆمەڵگادا بەو دەردەی بردن، نەک تێکۆشەری‌و ناتێکۆشەرییان، ئەوان ساتی مردن نەک هیچ پەرچەکردارێکیان بۆ نەکرا، بەڵکو دەنگیان لەهەرێمە زۆر نزیکەکەی خۆشیانەوە نەدەبیسترا.

لەبەر ئەم هۆیانەو چەندانی تریش من ئەم لێکدانەوانە بەهەڵە دەزانم، پاشان ترسناکییەکەشیان لەوەدا دەبینم کە لەپشت ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ لەبەر نزیکی، ناوچەکانی گەرمیان بەو جۆرە ئەنفالکران، ڕستەیەکی دیکە هەیە بێ بناغە دەڵێ بێخەم بن خەڵکی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوچە دوورەکان کارەساتی ئەنفال هەرگیز ئێوە ناگرێتەوە، ئەمە بێجگە لە درک نەکردن بە نیەتی جەلادەکانو قورسایی کارەساتەکە. لە پشت ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ ڕژێمی بەعس ڕقوکینێکی زۆری لە خەڵکی گەرمیان هەبوو بۆیە... هتد ڕستەیەکی دیکەی ترسناک حەشاردراوە کە دەڵێ ڕژێمی بەعس ڕقوکینی نەبوو لە خەڵکی فلان شوێنو خۆشی دەویستن بۆیە وای لێ بەسەرنەهێنان. لەو دیو ئەو دەنگەی پێمان دەڵێ خەڵکی گەرمیان تێکۆشەر بوون بۆیە... هتد. دەنگێکی دیکەی ناسازو ترسناک هەیە کە ئەمەمان دەدات بەگوێدا، خەڵکی فلان ناوچە تێکۆشەر نەبوون بۆیە... هتد. بۆچی وتمان ئەم لێکدانەوەو تەفسیرانە بە ئەندازەیەک هەڵەو ترسناکن کە ڕەنگە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بچنەوە خزمەت ئایدیۆلۆژیەتی بەعس؟ چونکە بەشێکی گەورە لە ئایدیۆلۆژیەتی بەعس بریتییە لە دروستبوونی کۆمەڵگایەک کە هەر ناوچەیەک، ناوچەیەکی دیکەی خۆشنەوێو خەڵکی لادێ ڕقی لە شارو خەڵکی شار ڕقی لەلادێ بێو هیچ بەشێک لە بەشەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەستو سۆزی هاودەردی و هاوخەمییان بۆ یەکتری نەبزوێ، توانای پەرچەکردارو بەرگری و هەڵوێستی بەکۆمەڵیان نەبێ. هەروەک چۆن ئەنفال خۆشی وەک (بەختیار عەلی) لە تەعبیرێکی قووڵاو سەنگیندا دەڵێ (تاقیکردنەوەیەکی گەورەی ئەو دابەشدابەشبوونەیە، ئەنفال دەبێتە نیشاندەرو تەرمۆمەتری ئەو لەیەکتری دابڕانە، لەڕێگای ئەو کۆکوژییەوە، بەعس بڕی ئەو کەمتەرخەمییە قووڵە دەپێوێت کە لە هەناوی دنیای ئێمەدا خەوتوە . قڕانکردنی دەیان هەزار کەسو بێلایەنی و کەمتەرخەمی ملیۆنەها دەرهەق بەوتاوانە، نیشانەی ئەستووریی دیوارە ناوخۆیییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە)١٧.

ئەو لێکدانەوانەی کرانو بەهەڵەمان زانی، بۆ هەڵبژاردنی ناوچەکانی گەرمیان لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی کارەساتی ئەنفالی بەو جۆرە تێیدا ئەنجامدا، لەبەرئەوە ترسناکەو دەچێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای بەعسەوە کە دەبێتە پاڵنەرێکو ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پارچە پارچەی وا هەرکات ڕژێمی بەعس ویستی ئەنفالی تێدا ئەنجام بدات.

## دوا پەرەگراف

هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد کە ئەم وتارە بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستی و ئاڵوگۆڕی لەگەڵا کۆمەڵێک بۆچوونی دیکەدا دەبەستێ، تا لەڕێگای ئەم پەیوەندییەشەوە دیدگاکان زیاترو بۆ چوونەکان قووڵتربن لەسەر گەورەترین کارەساتی مێژوویمان، کارەساتێک بە تێگەیشتنی قووڵا لێی دەشێت بە سەرجەم پێکهاتەی سیاسییو کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی خۆماندا بچینەوەو ئێستاو پاشەڕۆژی خۆمان بە جۆرێکی دیکە بینن، تێگەیشتنی قووڵیش لە کارەساتی ئەنفال بەوە دەست پێ دەکات کە بتوانین ئەنفال لە وشەیەکی ئاسان بەکارهاتوو و سادەوە بگۆڕین بۆ بابەتو کەرەستەیەکی فیکریی و مەعریفی و هەموو میتۆدەکانی خوێندنەوەو ڕەهەندەکانی بینینی بۆ بخەینە گەڕ.

پەراوێزەکان:

١- بەختیار عەلی. لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشی، گۆڤاری ڕەهەند. ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٧ ل ١٥٩.
٢- نەوشیروان موستەفا ئەمین. خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ ل ١٥٠.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣- هەڤاڵ ئەبوبەکر. ئەنفال لەنێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٥) ساڵی٢٠٠٠ل ٥٨
٤- د.مارف عومەر گوڵ. جینۆسایدی گەلی کورد، لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا (ئەمستەردام) چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٧ ل ١٧٢.
٥- تەها سلێمان. لە پەراوێزی ئەنفالدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ ل ١٣٥.
٦- مەلا شاخی. ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم سلێمانی ساڵی ٢٠٠١ ل ٨٢.
٧- پ.د.منزر فچل، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تاوانە نێو دەوڵەتییەکانی لەعێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٥٥) ساڵی ٢٠٠٢، ل ١٣٩.
٨- پ.د.نوری تاڵەبانی. بۆ بەنێو نەتەوەییکردنی ک١٠.هەڤاڵ ئەبوبەکر. ئەنفال لەنێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٠ ل ٦٢
کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٥٥) ساڵی ٢٠٠٢ ل ١٠٩.
٩- یوسف دزەیی. ئەنفال، کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم هەولێر ساڵی ٢٠٠١ ل ٢٤٦.
١٠- پ.د.نوری تاڵەبانی. بۆ بەنێو نەتەوەییکردنی کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٥٥) ساڵی ٢٠٠٢ ل ١١٢.
١١- هەڤاڵ ئەبوبەکر. ئەنفال لەنێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٠ ل ٦٢
١٢- نەوشیروان موستەفارئەمین. خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ ل ١٤٢.
١٣- ئەنفالی گەرمیان. جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠١ ل ٤٨.
١٤- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود. ڕەشەبایی ژەهر و ئەنفال، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٢ ل ١٤.
١٥- نەوشیروان موستەفالائەمین. خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم سلێمانی ساڵی ١٩٩٩ ل ١٥٢.
١٦- بەختیار عەلی. لەرئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشی، گۆڤاری ڕەهەند. ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٧ ل ١٦٣
١٧- بەختیار عەلی. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٢.
تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (ڕوانگەو ڕەخنە) ساڵی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بیرەوەرییەک و چەند دێڕیک لەیادی ٢٤ ساڵەی کارەساتی "ئەنفال' دا!

## سیروان کاوسی

anfal"ئەنفال" وشەیەکی عەرەبییە و نێوی سورەتی "٨"ی قورئانە. ئەنفال مانای دەستکەوت و تالانوبڕۆی جەنگە و، ئایەتەکە لەدوای سەرکەوتنی لەشکری "موسڵمانان" بەسەر "کافران" دا لەئەنجامی جەنگی "بەدر" وە هاتووە.



لەرژێمی بەعسی عەرەبی رەگەزپەرست وداگیرکەریشدا، "ئەنفال" نێوی زنجیرەهێرشێکی بەربڵاوی سەربازیی بوو بۆسەر کوردستان بەمەبەستی قڕکردنی یەکجارەکیی نەتەوەی کورد.

'ئەنفالی یەک" نیوەشەوی ٣٠ / ٩ / ١٩٨٣بەرێوەچوو، بەهۆیەوە ٨٠٠٠ هۆزی بارزانی شوێنبزرکران. زنجیرەی ئەنفال ١٤ / ٤ / ١٩٨٨ تاکو ٢٦ / ١٠ / ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لەئەنجامی هێرشی دڕندانەی سوپای داگیرکەری عێراقدا دانیشتوانی هەزاران گوندی کوردستان کۆکرانەوە، ماڵوسامانیان بەتالان برا، ١٨٢٠٠٠ژنومنداڵوپیرولاوی کورد لە نێو لم و زیخەڵانەکانی عێراقدا زیندەبەچاڵکران، سەدانهەزاری دیکەش لەقەسابخانەی "نۆگرەسەلمان" و زیندانەکانی دیکەی عێراق، خرانە ژێر شکەنجە و سووکایەتی و دەستدرێژی و، رۆژی سەمونێک و ئاوی پیس دەرخواردیان دەدرا بۆ ئەوەی زۆر نەژین و شاهیدی مەرگی یەکتری بن. هەزاران منداڵ و بەساڵاچووی نێو بەندیخانەکان لەماوەیەکی کەمدا مردن و، جەستەی بێگیانیان دەبووە خۆراکی سەگگەلی ناوچەکان کە بۆ خواردنی گۆشتی لاشەی کوردان لەدەوروبەری زیندانەکان کۆبببوونەوە.

زانیاریی تەواو لەبارەی کۆمەڵکوژیی "ئەنفال" وە لە پاش راپەڕینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١ کەوتنەدەستی کورد کە قەوارەکەی چوارملیۆن پەڕە، بەکێشی ١٤هەزار کیلۆ بەڵگەنامەبوون و، لەنێو ئەرشیوی داودەزگەکانی سیخوڕی و چەوسێنەری بەعس وەکو "ئەمن" و "ئیستخبارات" و، بنکەکانی فەرماندەیەتیی سوپای عێراق لە کوردستان و عێراق کەوتنە دەستی کوردەوە. نێزیکی دەتەن لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەستیبەسەرداگیرا، پارتی دێمۆکراتی کوردستانیش توانی دەستبگرێت بەسەر چوارتەن بەڵگەنامەدا. لەمانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٢، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرێکی ئەو بەڵگەنامانەی دا بە رێکخراوەی Middle East Watch "میدڵ ئیست واچ". ئەم نێوەندە گوتوبێژی لەگەڵ ٢٥٠ کورددا ئەنجامدا کە لەکاتی کۆمەڵکوژییەکاندا توانیبوویان خۆیان رزگار بکەن. زانیاریی ئەم کەسانە لەگەڵ بەڵگەنامەکان لە پەرتۆکێکی ٢٧٠ لەلایەن نێوەندی "میدڵ ئیست واچ" وە بەزمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە. ناوەندەکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیدا ئاوا باسی پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد دەکات: "پرۆسەی ئەنفال هیچ جیاوازییەکی لەگەلکوژیی جوولەکەکان بەدەستی نازییەکانەوە نییە!".

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسەرهاتی ئەنفالکراوان، هەزاران چیرۆکی دڵتەزێنی شاراوەی لەگەڵە کە لەژێر لموزیخەڵانەکانی کاکیبەکاکیی وڵاتی عەرەبدا گۆڕکراون. گێڕانەوەی بیرەوەریی ئەو تاکوتورا کەسانەی لەپرۆسەی ئەنفالی بەدناو رزگاریان بوو، چیرۆکی خۆیان و کۆیلەتی گەلەکەیان لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بۆ جیهان ئاشکراکرد.

لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەکتێبی "میدڵ ئیست واچ" لەبیرەوەریی یەکێک لە ئەنفالکراوەکان بەناوی محەممەد رادەکێشم کە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لەئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوور و هەروەک سەدانکەسی دیکە، دوای گەڕانەوەی گیراوە و لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە بەرەو چارەنووسی نادیار نێردراوە!

- - -

- "لەدالانەکە دانیشتبووم، بیرم لەچارەنووسی نادیاری خۆم و بێدەسەڵاتی و بەشمەینەتیی گشت زیندانییەکان دەکردەوە. لەپشتمەوە ترپەی پێیەک رایچڵەکاندم... کەلامکردەوە، پیاوێکی چاوشینی ریشسپی باڵابەرز لێم نێزیکبووەوە، پاش سڵاوکردن و هەواڵپرسینم، لەتەنیشتمەوە لەسەر زەوییە رووت و رەقوتەقەکە دانیشت.

گوتی: ناوم عەونییە، خەڵکی گەرمیانم!
سەرچاوم هاتی خاڵۆ عەونی.
باوکەکەم بیستم خەڵکی هەڵەبجەی!
- بەڵێ وایە مامە عەونی.
بۆچی هێناویانی بۆ ئێرە؟!

- گوتم: پاش کیمیابارانکردنەکە، نەمانتوانی لەئۆردووگاکانی ئێران هەڵبکەین، لەبەر ئەوە بەچاکمانزانی بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.

کوڕەکەم، خۆزیا بەخۆزیای خوا منیش بەماڵومنداڵەوە لەسەر خاکی خۆمان بەبۆمبای کیمیایی بکوژرایەتم!

- وامەڵێ خاڵۆ عەونی گیان، ئەوەی لەئێمەروویدا یا خوا نەلەئێوە و، نەلەهیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییەش روونەدات! ئەی ئێوەیان بۆهێناوە بۆ ئێرە؟

- مامە عەونی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: داخم گرانە رۆڵە.... کوڕەکانم هەر پێنجیان ژنیان هێنابوو. کچەکانم هەردووکیان شوویان کردبوو. بەگشتیان خاوەنی 43 منداڵ بوون. لەپڕ رۆژێک جەیش و جاش بەسەرکردەیەتیی "عەمید بارق" لەگوندەکەمان نیزیکبوونەوە، دەستیانکرد بە تەقە و، تۆپبارانکردنی گوندەکە و دەوروبەری. گشتمان شپرزەبووین. کوڕەکانم وکچەکانم لەگەڵ منداڵەکانیان هەموویان روویانکردە شیوەکەی بەردەم ئاوایی کە بۆ رۆژی تەقوتۆق و تەنگانە لەوێدا پەناگەیەکمان تێدا دروستکردبوو.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەقە کەم کەم زیادیکرد تاکو هەموویان بەرەو حەشارگەکە رۆیشتن، بەڵام من و "سەلما" ی ژنم، وتمان پیربووین و کەس کاری بەسەرمانەوە نییە، بۆیە لەنێو ماڵەکەدا ماینەوە. بینیم کایەنی ماڵەکەما دەسووتێ، منیش بۆ رۆژی رەش هەندێک پارەم لەوێدا شاردبووەوە، خێرا رامکرد تا دەریکەم. لەژێر بنمیچی کایەنەکەدا منداڵێکی تەمەن چوارساڵم بینی بەسڵەمینەوە لەنێو چرەدووکەڵدا بوو، بەکوڵ دەگریا و هەنسکی دەدا، ئاگرەکەش خەریکبوو لێی نێزیکدەبووەوە. ئیتر لەسۆزی گریانی ئەو منداڵە پووڵەکەم لەبیرچوویەوە، بەهەڵەمەت باوەشم پێداکرد و لەئامێزم گرت و، هێنامەدەرەوە. لەم کاتەدا سەیری شیوەکەم کرد، دیم جەیش و جاشەکان پەناگەکەیان دایە بەردەسرێژی گوللە و چەکی "ئارپی جی". ئەوجا بنزین و نەوتیان پێدارژاندن و ئاگریان بەردایە جەستەی هەموویان. ئالەو کاتەدا، مەرگ و سووتانی هەموویانم بەچاوی خۆم بینی. لەپڕ چەند سەرباز و جاشێک دەوریانگرتم و، بەچمکی فەقێیانەکەم راکێشیان کردم بۆ نێزیک ئۆتۆمۆبیلێکی "ئیڤا"، سەرمبەرزکردەوە بینیم ژنەپیرەکەی خۆشمی تێدایە. چەند ویستیان منداڵەکەم لێبستێنن، بەڵام من نەمدانێ و هەڵمدایە نێو ئیڤاکەوە. سەلمای خێزانیشم خێرا گرتییە ئامێز و منیشیان سەرخست. لەنێو ئیڤاکەدا رایانگرتین، ئاگریان لە تەواوی ماڵانی گوند بەردا. پاشان لەگەڵ چەند پیرەپەککەوتەی دیکەی ئاواییەکەمان بردمانیان بۆ سەربازگەی چەمچەماڵ.

رۆژی دوایی بردمانیان بۆ "تۆپزاوا" ی کورکووک. لەوێش سێ رۆژ ماینەوە. لەم ماوەیەدا کەمێک هاتینە سەرخۆمان. ئەوساتە زانیم منداڵەکە کورەزامە و، منداڵی کوڕی سێیەممە. ئیتر بۆنی هەموویانم نا بە بەم منداڵەوە. گوتم: "سوپاس بۆ خوا یەکێکیانم بۆ دەرچووە، ئەم لەشەبچکۆلانەیە کەمێک سوکنایی دڵم دەداتەوە!".

خواردنمان سەمونی رەق بوو. دەبوایە تەڕم بکردایە بۆ ئەوەی بخووسێت و منداڵەکە بتوانێت بیخوات. خۆمان دڵمان گیرابوو، نەماندەتوانی هیچ بخۆین. دوای سێ رۆژەکە، بردمانیان بۆ "سەماوە" و، هەر ئەو رۆژە هاوردمانیان بۆ ئەم زیندانە لەم بیابانە!

لێرە ئیتر من بووم بەدایکوباوک بۆ منداڵەکە. رۆژی تەنیا یەک سەموونمان هەبوو بۆ خواردن. کە منداڵەکە برسی دەبوو، ناچارپەنام دەبردە بەر ئاودەسەکە و، لەوێ دەگەڕام، بوایە یەک – دوو سەمونی کۆن وتەڕ و کەڕاویم دەدۆزییەوە، ئەوجا بەچەقۆیەک دامدەتاشی تاکو پیسی و کەڕووەکەم لێدەکردەوە، بەئاو کەمێک تەڕمدەکرد و دەمکرد بەخواردنی ژەمێکی منداڵەکە. هێشتا بەم ژیانە رازیبووم، چۆنکە ئەم منداڵەم لەگەڵدا بوو، وامدەزانی هەموو کوڕەزا و کچەزاکانم لەگەڵدان.

رۆژێک گەرما زۆری بۆ هێنابن. منداڵەکەم بردە بەردەم تانکیی ئاوی حەوشەکەوە بۆ ئەوەی دەستێکی تەڕ بەدەموچاویدا بێنم. کاتێکمزانی "ملازم حەجاج" لەژوورەکەیەوە کە بەسەر هۆڵەکانی زینداندا دەیڕوانی، تەماشایکردین، نەڕەی لێهەڵسا، ترس شڵەژاندمی و رامکردە دواوە و خۆم تێکەڵی زیندانییەکانی دیکە کرد، بەڵام فریای منداڵەکە نەکەوتم و جێمهێشت. منداڵەکە بەنەڕەی حەجاج و هەڵاتنی من زیاتر ترسا و بەچواردەوری خۆیدا دەیڕوانی و دەقیژاند. ملازم حەجاج هات و رووبەڕووی منداڵەکە وەستا. منداڵەکە بەدەم گریانەوە لێیدەڕوانی. حەجاج هاواریکرد: "ئەمە منداڵی کێیە!؟ ئەمە سەگی کێیە؟"

منیش پێم لەجەرگی خۆم نا، چوومە پێشێ و گوتم: گەورەم منداڵی منە. گوتی: بۆچی بێدەنگ نابێت؟ بۆ ناترسێت من دەبینێت!؟

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

منیش وەرامیمدایەوە: قوربان مندالە لەهیچ تێناگات! لەم کاتەدا حەجاج کێبلەکەی دەستی بەرزکردەوە و، زۆر بێبەزەییانە و بەدەم جنێودانەوە کێشای بەپشتی ئەو بەستەزمانەدا و تەختی زەوی کرد. بەوەشەوە نەوەستا بەهەموو هێزییەوە بەپۆستاڵەکەی هەڵیدا بەدەمی منداڵەکە و، دەمی چەقاندە نێو قوڕەچڵکاوەکەی بەر تەنەکەی ئاوەکەوە...

خاڵۆ عەونی بۆ چەن ساتێک بێدەنگبوو، ئەوجا دای لەپرمەی گریان، لەکاتێکدا فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتنەخوار گوتی: مەرگی ئەم ... مەرگی ئەم مندالەشم بەچاوی خۆم بینی...!

منیش هەردوودەستم لەئەژنۆم گیرکرد، سەرمنا بە ئەژنۆکانمەوە... بۆ کڵۆلی و داماویی خاڵۆعەونی و خۆم و کەسوکارو شارەکەم گریام...".

- - -

خوشک و برای ئازیزی کوردم، هەرلە شۆرشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینیی لەساڵی ١٨٨٧ کە بەقۆناخی نوێ شۆرشی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دەژمێردرێت، نەتەوەی کورد، نەک جارێک، بەڵکو لەشۆرشی شێخ سەعیدی پیران، هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سۆر لەلایەن ستالین دیکتاتۆری سۆڤێتی رووخاو و، راگوێزانی سەدانهەزار کورد بۆ ناوچەدوورەکانی رووسیا، شۆرشەکەی ئێحساننووری پاشا، شۆرشی دێرسیم، کۆماری مەهاباد، بێسەروشوێنکردن و، دەرکردنی هەزاران کوردی فەیلی لەبەغدا و خانەقین، هەروەها دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول، حەوت جاری دیکە جێنۆساید و کۆچڕەوی بەسەردا سەپێندراوە، ، سەرباری ئەمانەش خاکی کوردستان بەعەرەب و ترک و فارسکراوە، سامانی سەرزەوی و کانزا و بەروبووی بەتالان براوە و، نیشتمانەکەی کراوەتە جبەخانە و هەماری چەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ و پێگە و لەشگرگە و زیندان و، تۆڕی سیخوڕی و، سەدانهەزار سەرباز و بەکرێگیراویان بەسەرتاسەری کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە. بەڵام پاش تێپەڕبوونی ئەم مێژووە پڕکارەسات و خوێناوییە، هێشتا ئاسۆی رزگاری وسەربەخۆییمان لێڵ و تاریکە.

دەیان نەتەوەی بندەست - یەکەمینیان نەتەوەی جوو گەلکوژی و نەهامەتییەک بەسەریانهات، کردە هەوێنی یەکگرتن و راکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بەئامانجی گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام ئێمەی کورد، کۆمەڵکوژییەکانی رابردوومان نەک هەر لەبیرچووەتەوە، بەڵکو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاین و، دوای رووخانی رژێمی ئەنفالچی عێراق و پاش بێدەرەتانبوونی رژێمی داگیرکەری تورک لەبەرامبەر شۆرشی بورکانئاسای باکووری کوردستان و، پاش گوشاری بەربڵاوی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران، سەرۆکی حیزبەکانمان جەخت لەسەر پارێزگاری کردنی جوگرافیای سیاسی ولاتانی داگیرکەر دەکەنەوە، رژێمی رووخاویان بۆ بنیاددەنێنەوە، درۆشمی ناسیاسیانە و نازانستانە و نانەتەوەییانەی وەک "برایەتی" و "پێکەوەژیانی هاوبەش" و "دیموکراتیزەکردنی رژێمی تورک" و "گەڕانەوە بۆ پەیامەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی" و "فیدراڵی" و "خودگەردانی" و "فیدراسیۆنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" و،... هتد بەگوێی نەتەوەی کوردی سەرلێشێوێندراو و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نەیارانی کورددا دەدەن. داسەپاندنی ویست و ئامانجی سەرۆکایەتیی حیزبەکان بەسەر نەتەوەی کورددا، تاکو ئەمڕۆ یاریکردن و بێڕێزیکردن بووە لەگەڵ ویست و داخوازیی لەمێژینە و چارەنووسی نەتەوەی چارەرەشی کورد.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرۆکایەتیی کورد چۆن دەتوانێت قەرەبووی هەڵەکانی رابردووی کاتەوە!؟

لە پێوەندیی لەگەڵ بریندار و کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا، چاککردنی لایەنی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان، باشکردنی باری ژیان و گوزەرانیان، دادگەییکردنی تەواوی سەرۆکجاش و ئەو بەکرێگیراوە کوردانەی بەشداریی ئەنفالکردنی نەتەوەکەیان کردووە، ئەوجا دەستنیشانکردنی کۆمیتەیەکی کارا لەلایەن حکوومەت و پەرلەمانەوە بەناوی کۆمیتەی بەجێنۆسایدناساندنی ئەنفال لەئاستی نێونەتەوەیی، سازکردنی لۆبی و، راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە بەئامانجی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەریزی ئەو ئەرکە گرنگ و مێژوویی و نەتەوەییانەیە کە کاربەدەستانی هەرێم دەبوو وەک خاڵی بنگەهینی بەرنامەی سیاسی حکوومەتەکەیان دەستنیشانیکەن. ئێستاش دێرنەبووە ئەگەر بەهەزر و باوەڕی نەتەوەییەوە لە دەساڵ تاقیکردنەوەی شکستخواردووی پێکەوەژیان لەعێراقی تازە ئەزموونیان وەرگرتبێت، ئەوا لەباتی سەرقاڵکردنی بێسەمەری خۆیان و نەتەوەکەیان بە جێبەجێکردنی یاسا و مادەی ١٤٠ و... هتد، پلان دارێژن بۆ گێڕانەوەی خێرای ناوچەدابڕێندراوەکان و خۆشکردنی زەوینەی رفراندۆمێک بەچاودێریی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی دنیای ئازاد، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بتوانێ لەئازادیدا دەنگ بۆ ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیبدات. بەکورتی، رزگاربوونی کورد لەبندەستی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، تاکە رێگەچارەی نەتەوەیی و مرۆڤی و ژیرانەیە کە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی لە هەڕەشە و پاکتاوکردنی رەگەزیی لەلایەن داگیرکەرانی خوێنرێژ و فێڵزان و پیلانگێڕییەوە دەپارێزێت!

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدان لەسەرتاسەری کوردستان!

هەرشەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٣

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پاکانەیەکی ئاینی بۆ بەڵگە ئاشکراکانی ئەنفالی بەعس

**ئاسۆکمال**



بەڵێن عەزیز لە ڕیپۆرتاژێکدا ،کە خۆشی بەکەموکورتی ناودەبا ،هەوڵێکی داوە تاکو بەڵگە ئاشکراکانی شەڕێک کە بەعس لەژێرناوی سورەتی ئەنفالی قورئاندا دژ بەخەڵکی کوردستان کردی پەردەپۆش بکا . ناوبراو دەیەوێ پاکانە بۆ مێژوویەکی بەعس بکا کە لەشەڕی عێراق – ئێراندا بەرگێکی ئیسلامی کردبوو بەبەری هەموو شەڕەکانیەوە و ئەنفالیش وەک بەشێک لەو هێرشانە بەناوی "ئایەتی ١١"ەوە دەستپێکرد کە لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بڕیاری ژمارە ١٦٠ی بۆ دەرکرد. ئەم نوسەرە دەیەوێ سەدام بەدرۆبخاتەوە کە سورەتی ئەنفالی دەقاودەق جێبەجێ کردبێ و دەڵێ " هەرچەندە ئەنفالکردنی گەلی کورد، فەرهودکردن و دەسبەسەراگرتنی ماڵوموڵک و زەویوزاریشی گرتەوە، بەڵام ئەو تاوانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نییە بە ئیسلام و شەڕی بەدرەوە "، بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوێ ئەنفال وەک بەرئەنجامی بیرکردنەوەی کۆمۆنیستی بەعس بەخوێنەران بقەبڵێنێ و گوایە ئەوە سورەتی کۆمۆنیستی بوە نەک ئەنفال کە بەعس لەژێرناویدا کۆمەڵکوژی ئەنجام داوە. بۆ ئەمەش نوسەر پەنای بۆ ئەو سەرچاوە دەستکاریکراوانە بردوە کە بەناوی مارکس و لینینەوە لەڕۆژئاوادا سەردەمی شەڕی سارددا لەهێرشی دژی کۆمۆنیستیدا وەک کالایەکی ئێکسپایەر دەمێکە ڕووی مەجلیسیان نەماوە و کەچی ئەم وەک ئەوەی بەڵگەیەکی نهێنی مێژوویی ئاشکرا کردبێ باسی دەکا. سەیر لەوەدایە سایتی سبەی لەشوێنی ڕیپۆرتاژو لیکۆڵینەوە گرنگەکانی خۆی ئەم بابەتەی داناوە و ئەم پاکانە ئاینیەی بۆ ئەنفال زەق کردۆتەوە!

## بنەمای ئەنفال

بەڵێن عزیز سەرەتا وەک مێژووزانێک باسی خۆی دەکا و دەڵێ" هەرچەندە گەلی کورد، بەگشتی، خوێنەری مێژو نییە و پێناچێت مێژو هیچ رەنگدانەوەیەکی هەبێ لە کاروکردەی ئەمڕۆ و داهاتویدا، گرنگی ئەم نوسینە لەوەدایە کەلە گۆشەیەکی نوێوە مێژوی ئەنفال دەچنێتەوە، مێژویەک کە بەتەواوەتی نامۆیە بە گەلی کورد. لەم بابەتەدا، بە بەکاربردنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە، مێژوی نەخشەکێشی تاوانی ئەنفال دەگەڕێنینەوە بۆ بنەما بنەڕەتییەکانی ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیزم." لێرەشدا "فریدریک نیتچە" لە پاڵ مارکس و ئەنگلسدا بە فەیلەسوفی سوشیالیست ناودەبا و تیکەڵەیەک لە قسەکانی نیتچە و چەند دێڕێکی دەستکاری کراو لە مارکس و ئەنگلس دەهێنێتەوە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەمەش نوسەر نیشانی دەدا ئەک لە مێژوو بەڵکو لە فەلسەفەشدا بێئاگایە ئەگینا نیتچە هیچ کات نەخۆی و نەکەس بە فەیلەسوفی سوشیالیزم ناوی نەبردوە و پێم وایە هەرکەسێک سەرپێیی ئاگاداری فەلسەفە و نیچە بێت نەخوێندەواری نوسەری ئەم ڕیپۆرتاژەی بۆدەردەکەوێ. هێنانەوەی ئەو هەموو قسانە لەنیتچە وەک بەڵگەی ئاشکراکردنی باکگراوندی "فکری سوشیالیستی" بۆ هێرشی ئەنفالی بەعس و ڕۆشنبیری سەدام نیشانەی بێ بەهایی زانستی ئەم بابەتەی نوسەرە. سەدام حسین لەوانەیە لەژیانیدا کتێبێکی نیتچەی نەخوێندبێتەوە جا چ ئەوەی بۆ کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان سوودی لە فەلسەفەی نیتچە وەرگرتبێ و تەفسیری سیاسەت و کردەوەکانی پێ کردبێ.

سەدام لەشەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستی بەوە بوو کە خۆی وەک نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەبی نیشان بدا و عێراق بکاتە دەرگای ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی کە بەر بە خەتەری هاتنەناوەوەی پان ئیسلامی ئێران بگرێ. لەم پێناوەدا جەنگەکەی وەک ئیسلام و فارس نیشاندەدا و بەتایبەت لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە حەملەیەکی ئیمانی دەستپێکرد کە سەرتاپای دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیمای شەڕی گرتەوە . ناسیونالیزمی عەرەبی و سونەی چ لەعێراق و چ لە وولاتانی عەرەبیدا هێنایە پشت سەری خۆی و وەک نوینەری"ئوممەی" عەرەبی و ئیسلامی دژ بەئێران خۆی نواند. هێرشی ئەنفالیش وەک بەشێک لەم شەڕەی بەناوی دینەوە ئەنجامی دا . ئەنفال کە سوورەتی هەشتەمی قورئانە لە دوای جەنگی بەدر بڵاو بووەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دابەشکردنی ئەو غەنیمە و دەسکەوتانەی لە شەڕی کافرەکان دەکەوتە دەستی موسڵمانەکان وەک سامان و چەک و مەڕو ماڵات گونجاو بوو ببێتە هاوشێوەی ئەو شەڕەی بەعس دژ بەخەڵکی کورد کردی. بەلێکدانەوەی بەعس لە عەمەلیاتی ئەنفال کورد بە کافر و لەڕێ لادەر لە قەڵەم دراو سەرو ماڵی حەلاڵ کرا. هەرچەند بۆ بەعس ئەنفالکردنی کورد پێویستی بە تەبریری دینی نەبوو بەڵام وەک بەشێ لە سەرجەم جەوی دینی شەڕی بەعس بۆ کۆمەڵکوژیەکی لەم چەشنە ئەم ناوە لەگەڵ ئەو کارانەدا دەهاتەوە کە ئەم سورەتە باسی دەکا وەک لە برگەکانی ٦و٧و٤١و٦٩وئەوانی تردا ئاوا باسی دەکا

"6 •يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ •
7 وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللّهُ أَن يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ • 41وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ • 69 فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ".

ئەنفال بەرهەمی تیوری چۆنیەتی سەرکوتی خەڵکی کورد و کۆمەڵکوژی بوو کە بەعس وەک بەشیک لەسیاسەتی ناسیونالیزمی عەرەبی پیادەی کردوە و هەویەی قەومی عەرەبی بەسەر عێراقدا فەرزدەکرد و ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان و هێشتنەوەیانی وەک هاوڵاتی پلەدوو و ژێردەستە پێویست بوو. ئەم ناسیونالیزمە عەرەبییەی بەعس هەمیشە ئیسلام کۆڵەکەیەکی فکری و مەعنەوی بوە و دوانەی دەسەڵاتدارێتی چینە باڵاکان بوون لە عێراق و جیهانی عەرەبیدا. سوود وەرگرتن لە بنەماکانی ئیسلام بۆ حوکم کردن و شەڕ و کۆمەڵکوژیەکان داهێنانی بەعس نەبوە و لە عێراقدا ئەمە وەسیلەیەکی مێژوویی حوکم کردن و بەپیرۆزدانانی سەرکوت و شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی خەلافەت و ئیمپراتۆریەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیەکان و هەر دەسەڵاتدارێک بوە. گەڕانەوەی بەعس بۆ ئەنفال بەشێک لەو باکگراوندە دینییە کە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراق لەمێژوودا بۆ پیرۆزکردنی شەڕەکانیان بەردەوام بەکاریان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێناوە و خەڵکی کورد هەمیشە یەکێک لە قوربانیەکانی ئەم دەسەڵاتدارە ئیسلامیانە بوە.

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیستی مێژووی جیهان بەرەو چەپ وەرچەرخا. هەم لەئاست وولاتانی رۆژئاوا سوشیالیزم بوە هێزێکی سیاسی و مەعنەوی کە هەژمونی پەیداکرد. هەم پشتیوانی سۆڤیەت و کۆمینتێرن لەوولاتان و میللەتانی ژێردەستی ئیمپریالیزم سوشیالیزمی کردە ئاڵای بزوتنەوە رزگاریخوازیەکانی رۆژهەلات و ئەفریقا و خواروی ئەمریکا. سەرهەڵدانی حزبە بورژوازیەکان کە نازناوی سوشیالیزمیان هەڵگرت بوە مۆد و مۆدیلی دەولەت و دەسەلات و بلۆکی سیاسی و ئابوری جیاجیا لەجیهاندا. وەک ئیریک هۆبسبامی مێژونوس دەڵێ لەماوەی کەمتر لە٣٥ دەیەدا لە ٣/١گۆی زەویدا حزبە سوشیالیست و کۆمۆنیستەکان حوکمیان دەکرد و لەدوای ئەزمەی گەورەی ئابوری ساڵانی نیوان ١٩٢٩ بۆ ١٩٣٣ زۆربەی سیستەمی سەرمایەداری دەولەتی سۆڤیەتی کە بە سوشیالیستی ناودەبرا بوە بەدیلی بازاری جیهانی سەرمایەداری. هەربۆیە لە سوشیالیزمی عەرەبی بەعس و سوشیالیزمی نازیزمی ئەڵمانی تا سوشیالیزمی ئەفریقی و ئەمریکای باشوری پەیدابوو و تا کوردستانیش حزبەکان خۆیان بەسوشیالیست ناودەبرد . ئەم حزب و دەسەلاتانە کە بەناوی سوشیالیزمەوە قسەیان دەکرد لە دنیای واقعیدا بەرژەوەندی چینی بورژوازی و جۆرێک لە سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی دەپاراست و هیچ نزیکایەتیەکی بەتیوری کۆمۆنیزمی مارکسەوە نەبوە کە بەرژەوەندی چینی کرێکار و هەڵوەشانەوەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوساوەی نوێنەرایەتی دەکرد. بەلام بەداخەوە مێژووی کۆمۆنیزمی سەدەی بیست بوە مێژووی بالادەستی ئەم سوشیالیزمە بورژوازیە نەک سوشیالیزم و کۆمۆنیزمی کریکاری کە لە پەراویزدا بوون.

بەلام بەڵێن عەزیز نەک خەبەرێکی لەم مێژوە نیە بەڵکو زۆر بێ ئاگایانە باس لە "رژێمەسۆسیالیستییە نادیارەکان، ئەوانەی بە نهێنی مارکسی بون: رژێمی ناتسی نیبچەیی هیتلەرلەئەڵمانیا(لەژێرەوە،مارکسی) ورژێمی کۆمەڵگەیی فاشستی موسەلینی لە ئیتاڵیا (لە ژێرەوە، سۆسیالیستی، مارکسی) "دەکات وە ئەم رژێمانەی کە لەرێگای کوشتن و سەرکوتی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا دەسەڵاتی فاشستی خۆیان داسەپاند بە مارکسی دەزانێ. هیتلەر و موسولینی وسەدام بەمارکسی دەزانێ. بەڕاستی ئیتر ئەم قسانە روی مەجلیسی نیە و فیلتەری ستانداردی زانیاری سایتی "سبەی" دیارە نەهەنگی بێ زانیاری لەم چەشنەشی پیادەڕوا! ئەوەی نوسەری ئەم ڕیپۆرتاژە لێی نیگەرانە هەژمونی بیروباوەڕی چەپ بوە لەکوردستاندا کە لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاوە کوردستانیشی گرتەوە، هەربۆیە لەهەموو مێژووی چەپ لەکوردستندا تەنیا ئەم چەند قسەیەی پەراوێزی هێناوەتەوە کە مێژووی هیچ حزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی جدی چەپ نیە لەکوردستاندا .

ئەم هەوڵە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک ئاکامی بیروباوەری مارکسی سەدام و بەعس بۆ شێواندنی دەوروکاریگەری مێژووی چەپە لەکوردستاندا لەخەباتی خەڵکی کوردستاندا بۆ ئازادی و گۆڕینی مێژوی شوڤینزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی یە بە مێژووی چەپ.

## بەڵگەکان یان پروپاگەندە

دیارە ئەم نوسەرە جگە لەخویندنەوەی چەند تێکستێکی پڕوپاگەندەی دژی کۆمۆنیستی خۆی هیلاک نەکردوە بۆ پەیداکردنی هیچ زانیاریەکی تر و هیچ سەرچاوەیەک. ئەو بەڵگانەی نهێنی ئەنفالی پێ ئاشکراکردوە بریتیە لە یەک دێڕ گوایە مارکس ووتویەتی کە "

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئـەو چین و نەژادانـەی کـە پێنەگەیشتون و نـاتوانن ببنـە ئەنـدامی یوتۆپیـای کۆمۆنیزم، دەبـێ لابـرێن لەرێگـەدا*...، ... دەبـێ لەناوببرێن لە بزوتنەوەیەکی هۆلۆکۆسـتدا** " کارڵ مارکس

The Peoples Paper, April 16, 1853; **Journal of the History of Ideas, Issue 1 of 1981*

The New Financial Juggle; Or
[Gladstone And The Pennies[45

ئەو رۆژنامەیەی مارکس ووتاری رۆژی ١٦ نیسانی تێدا نوسیوە Karl Marx

ئەمە ئەدرەسـەی (http://marxengels.public-archive.net/en/ME0724en.html) ئەو سـەرچاوەی ئەو ووتـارەیە کە مارکس لە The Peoples Paper رۆژی ١٦نیسانی لە ١٨٥٣نوسیویەتی و تەنیا باسی کێشەی گشتی ئابوری یە و هیچ دێڕێکی لەو بابەتەی سەرەوەی تێدا نیە . ئەو قسەیەی بەڵێن عەزیز هێناویەتیەوە قسەی دەرهێنەری فلیمی " - The Soviet Story Why killing is essential to communismخۆیەتی و لە سەرتاپای ئەو ووتارەی مارکسدا دێڕی لەو بـابەتەی تێدا نیە و ئەمە ڕستەیەکی دروستکراوە بەناوی مارکسەوە لەم فلیمەدا

.(http://www.youtube.com/watch?feature=player_detailpage&v=P3uFUxMwA1w)

ئەمە بەشێک لە مەکینەی پرۆپاگەندەی دژی کۆمۆنیزمە ،کە هەر کارێک هیتلەریش کردویەتی سەرچاوەکەی بۆ مارکس و باسی خەباتی چینایەتی مارکسیزم دەگێڕنەوە، کە بەڵێن عەزیز کردویەتیە سەرچاوەی دۆزینەوەی نهێنیەکانی ئەنفال و دەیەوێ بەنرخی دۆزینـەوەی مێژوویی دەرخواردی خوێنەری بدات لە کوردستان. ووتەکەی ئینگلسیشی لەهەمـان سـەرچاوەوە وەرگرتـوە کە دەقە ئینگلیزیەکەی بـاس لەو وولاتانەیە کە بەشدارن لە شۆڕشی ئەوروپادا و ئەوانەی دژی شۆڕش وەستاونەتەوە و باس لەو گۆڕانکاریانەیە کە لەسەردەمی ئەو شۆڕشانەدا بەسەر وولاتەکان و نەتەوەکاندا دێ و دیسانەوە هیچ وشەیەکی "شۆڕشی هۆلۆکۆستی بۆ لەناوبردنیان " لەم نوسینەدا نیە و ئەم فلیمە پرۆپاگەندەییانە بۆ هیچ بینەر و چاودێریکی جدی مایەی پشت پـێ بەسـتن و زانیـاری دروست نین لەسەر مێژوو کە ئەم نوسەرە بەم زانیاریە دروستکراوانەوە خۆی بەسەر خەڵکی کوردا بـادەدا کە دەڵـێ " هەرچەنـدە گـەلی کـورد، بەگشتی، خوێنـەری مێژو نییـە و پێناچێت مێـژو هـیچ رەنگدانەوەیـەکی هـەبێ لـە کـاروکردەی ئـەمرۆ و داهاتویـدا". لەبەر ئەوەی بەڵـێن عەزیـز کـۆپی ئەم ئایـدیۆلۆژیە دژی کۆمۆنیسـتیە دەکـا و دەیەوێ تـاوانەکـانی بەعـس لە سـورەتی ئەنفـال و باکگراونـدی شـۆڤینزمی عەرەبـی و ئیسلامی بەعس پاک بکاتەوە ئەگەر باسی کیمیایی بارانی هەڵەبجەشی بکردایە ئەوا پەنـای بـۆ هەمـان میتـۆد و ئـایـدیۆلۆژیای دژی کۆمۆنیستی دەبرد و بنەمای کیمیایی بارانی هەڵەبجەشی بەخەتـای سۆشیالیزمی مارکس دەزانی نەک عەقلیەتی عەسکەرتـاریەتی بورژوازی ئەمریکـا کە بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە هیرۆشمای و ناگازاکی یۆنان رێچکەی بـۆ سـەرجەم دیکتـاتۆریەتەکـانی جیهـان کـردەوە کە بێبـاک بن لەکۆمەڵکوژی ئینسان.

لەسەر تەلەگرامەکەی لینین دیسان سەرچاوەی باوەڕپێکراوی نیە و لیرەدا دوو نامەی لینین بە ئینگلیزی دەهێنمەوە کە لەسەر ئەو

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرەبەگانەی (Penza) ناردویەتی و داوای سزادانیان دەکات بەهۆی یاخی بوون و ڕێگەگرتنیان لە گەشتنی خۆراک بە شارەکان .

ئەو دیمەنەی لە نامە دروستکراوەکەی بەڵێن عەزیزدا هاتوە دیارە هەڵبەستراوە بەمەبەستی شێواندنی ناو و کردەوەکانی لینین کە بە پێچەوانەی ئەم ووتارەی نوسەرەوە ، لینین یەکەم کەس بوە کە ڕێکەوتنامەی نهێنی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بۆ دابەشکردنی ووڵاتانی ژێردەستە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئاشکراکرد و هەموو ووڵاتە ژێردەستەکانی سەر بەروسیای ئازادکرد و وەرەقەی سپی بۆ جیابونەوەی فینلەند ئیمزاکرد و جاڕی مافی میللەتانی لە دیاریکردنی چارەنوسیاندا دا و شیعاری "کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیای یەکگرن"ی بەرزکردەوە و پشتیوانی عەمەلی لەڕزگاربونی زۆربەی گەلانی ژێردەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی و ئەوانی تر کرد.

**Written: Written on August 9, 1918**

**A copy for Yevgenia Bogdanovna ،To the Gubernia Executive Committee, Penza**
**Bosch**
**Your telegram received.[1] Essential to organise a reinforced guard of selected and reliable people, to carry out a campaign of ruthless mass terror against the kulaks, priests and whiteguards; suspects to be shut up in a detention camp outside the city. [Get the office working.[2**
**.Telegraph fulfilment**
**Lenin**
**Chairman, Council of People's Commissars**

---

**Bosch, Gubernia Executive Committee, Penza ،August 12, 1918**
**Your telegram received. Extremely surprised at the absence of information on the course and outcome of the suppression of the kulak rising in the five volosts. I do not want to think that you have displayed tardiness or weakness in crushing it, and in .the model confiscation of all property, particularly grain, of the rebel kulaks**
**Lenin**
**Chairman, Council of People's Commissars**

نامەکانی لینین لەسەر سزادانی دەرەبەگەکانی دژی شۆڕشی سۆڤیەت وەستابوون

بەڵام ئەوەی لەهەموو ئەمانەش زیاترکە مایەی گاڵتەیە ئەم مێژوو خویندنەی ئەم بەرێزە لە سکێچە مێژوویەکەیدا کە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی مارکسی پێ باسکردوە بەڕاستی لەوە دەچێ ئەمەیانی لە کتێبی منالانەی تەفسیری سۆڤیەتەوە هێنابێ و باسی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاپیتاڵ و گرۆندرێسە و بەرهەمهێنانی ئاسیایی و بنەماکانی خێزان و دەوڵەتی مارکس و ئینگلسی کردوە بە گاڵتەی منالاَن. ئەمە ئەو مێژوو خوێندنەوەیەیە کە ئەم بەڕیزە دەیەوێ تیایداوانە بە خەلکی کوردبلێتەوە!

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێین کە ئەو نوسراوەیەی بەڵێن عەزیز ئەوەندە لەئاستێکی خوارەوە و بێ زانیاری بوو پێویستی بەوەڵامدانەوە نەدەکرد ئەگەر سایتی "سبەی" گرنگیەکی وای پێ نەدایە و ئەگەر تەبریر و پاکانەیەکی ئیسلامی سیاسیە بۆ کارەساتێکی گەورەی وەک ئەنفال نەبوایە کە ژیانی سەدان هەزار ئینسانی کوردستانی کردە قوربانی. هەربۆیە جێگای خۆیەتی کە ڕاستیەکانی پشتی ئەم هەوڵەی دەربخەین کە لەژێرناوی ڕیپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەیەوێ کارێکی کۆمەڵکوژی بەعس کە بەگەڕانەوە بۆ سورەتی ئەنفال دەستی داوەتێ و لە ئەنجامی پشت بەستنی بەعس بە شۆڤێنزمی عەرەبی و میراتی فکری دەسەلاتدارانی ئیسلامی عێراق ڕویداوە بشیوێنێ و مێژووی ئیسلامی سیاسی لەلای خەڵکی کوردستان بشارێتەوە. سەدام وبەعس هەر ئیلهامێکیان لە کۆمەڵکوژیەکانی نازی و فاشیەکان و لە ستالینی دیکتاتۆر وەرگرتبێ پەیوەندی بە هاوخەسڵەتی دەسەلاتی دەوڵەتە بورژوازیەکانەوە هەبوە وە بە تەواوی پێچەوانەی بیرو بەرنامەی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلس و لینینەوە بووە بۆ ڕزگاربونی ئینسان لەدەست هەر ستەم و ناعەدالەتیەک . هەوڵی پاکانەکردنی دینی بۆ بەڵگە ئاشکراکانی ئەنفالی بەعس نەدادی ئەو سورەتە دینیە دەدات ونەدەتوانێ تاوانی دەسەلاتی ناسیونالیستی عەرەبی و ئیسلامی بەعس بخاتە ئەستۆی بیروباوەڕ و مێژووی خەباتی ئازادی و یەکسانی خوازی کۆمۆنیزمەوە ، بۆیە باوی ئەم جۆرە دۆزینەوە مێژوویانە و پروپاگەندە دژی کۆمۆنیستیانەی دەورانی شەڕی سارد بەسەر چوە و دەستی کەسانێک بەناو گۆڕانخوازی کە لەژێرەوە بانگەشە بۆئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی دەکەن زۆر ئاشکراترە کە بەناوی دۆزینەوەی نهێنی شاراوە و مێژووییەوە بیانەوێ ئیسلامی سیاسی لەلای خەڵکی کوردستان شیرین بکەن و پاکانەی دینی بۆ ئەنفال بکەن .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کارەساتی ئەنفال

## لە ئینسایکڵۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

کارەساتی ئەنفال (al-Anfal Campaign) ،کە ئێستاکە ناسراوە بە جینۆسایدی کوردەکان وە بەسادەیی ئەنفال، ئەمە کۆمەڵکوژییەکە بە بەسەر کوردەکان دا هاتووە (نەوەک کەسە عەرەبەکان) لە باکوری ئێراق(باشوری کوردستان)، کورد جینۆناسید دەکرا لەلەیەن کەسێک کەسەرۆکی (حزب البعث العراقی) بوو بە ناوی سەدام حوسێن کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئێراقی ئەو کاتە بوو وە ئەم کۆمەڵ کوژیە سەرکردایەتی دەکرا لەلایە علی حسن مجید لە کۆتایی شەڕی ئێراق و ئێران ئەم حەملەیە لەسەر ناوی سورەتی ئەنفال بوو لە قورئان، ئەمە وەکو کۆدێکی ناوی وابوو لە دەزگا بەعثیەکاندا بۆ زنجیرەیەک سیستەمی هێرشی خێرا دژ بە کوردەکانی باکوری ئێراق (باشوری کوردستان) بەکاردەهات، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو بۆ کوردەکان، چونکە کوردەکان لە هەمیشە بە بەهێزییەوە و بە ماڵ و بە حاڵ بەرگرییان لە کوردستان دەکرد بۆیە حزبی بەعثی عراقیش هەمیشە بەدوای ڕێگای نوێ دەگەڕا بۆئەوەی کورد و زمانی کوردی نەمێنێت و عێراق هەمووی بە عەرەبی قسەبکات و ڕقی لە ئیرادەی گەلی کورد بووە و سەرەتایی ترین مافەکانی لێ بێ بەش کردوون و بۆ یەش ویستی لە ژێر ناوی ئەنفال کۆمەڵ کوژی بکات لەکاتێک دا ٩٥% ی کوردستان ئیسلامن. کوشتارەکان و زڵم و زۆری بعث زۆری کرد لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٨٦ وە لەساڵی ١٩٨٨ گەیشتە لوتکە. وە پەلاماری زۆری کەمینەکانی ئێراقی دەدا وەکو ئازەری (Assyrians) و شەبەک (Shabak) و تورکمانی ئێراقی (Iraqi Turkmens) و ئێزیدی (Yazidis) و مانديان (Mandeans)، وە زۆربەی گوندەکان و کەلوپەلەکانیان ئەکردنە گرووپی جیاجیا و دوای ئەوە لە ناوی ئەبردن

سوید و نەرویج و بەریتانیا بەشێوەیەکی ڕەسمی کارەساتی ئەنفال (کۆمەڵکوژی ئەنفال) بە جینۆساید داناوە. لە ٥ کانونی یەکەمی ٢٠١٢ پەرلەمانی سوید ڕیکساداگ بڕیاری دا و لەلایەن پارتی سەوز بۆئەوەی جینۆسایدی کورد بناسێنێت. وە ئەو بڕیارە بە ٣٤٩ ئەندام لەپەرلەمانی ئەڵمانیا پەسەند کرا. لە ٢٨ شوباتی ٢٠١٣ خانووی بەریتانی جەماوەر (British House of Commons) بەشێوەیەکی یاسایی جینۆسایدی ئەنفالی ناساند و کە نەدیم زەهاوی ڕابەری دەکرد کە پارێزگار MP بوو.

ئەنفال حەوتەم سورەتە لە قورئان وا لێک دەدرایەوە کە سەرکەون لە ٣١٣ کەس دوای کە موسڵمانی تازەبوون بەسەر ٩٠٠ بت پەرست لە جەنگی بەدر لە ساڵی ٦٢٤ ی کۆچی .ئەنفال دەقاو دەق مانای تاڵانکردنی دەدا لە جەنگ دا وە ئەمە بەکارهات بۆ هێرشێکی بەکۆمەڵی سەربازی بۆ فەتاندن و کوشتنیان وە علی حەسەن مجید فەرمانی تاڵان کردنی کوردەکانی دا. وە ئەم فەرمانەش جاشەکانی (جاش: کەسێکە کە سیخوڕی بۆ دوژمن دەکات) دەگرتەوە و ئەمانیش ئاژەڵەکانیان و ماڵ و سەروەت و سامانیان و ژنەکانیان دەبردن و لەسەر خۆیان یاسایی بوو لەو هاوینەیی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەستی پێکرد لە ١٩٨٦ وە کۆتایی هات لە ١٩٨٩ بەسەرکردایەتی علی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حەسەن مجید (خاڵۆزای سدام حسین بوو لە خانووەکەی دەژیا لە تکریت) وە بۆ کۆمەڵ کوژی ئەنفال سوودیان لە هێرشی سەر زەوی و موشەک و ڕێکخراوە وێرانکەرەکان و دەربەدەرکردنیان و دەستەی فیشەک هاوێژەکان و چەکی کیمیایی وە مەجید  کە نازناوی علی کیمیای بوو ڕابەری چەکی کیمیای دەکرد.

هەزارەها پەنابەر کوژران لەکاتی هێرشی دژی شۆڕشگێڕەکان و ئەم هێرشە فراوانتر دەبوون لە پایزی ١٩٨٧ ئەگەر چی کۆمەڵ کوژیەکە زۆر تر بوو لە ١٩٨٨. وە ئەم هێرشانە بۆماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو وە نزیکەی ٤٥٠٠ کورد شەهید کران و لە بەلایی کەمەوە ٣١ گوندی ئاشوری لە باکوری ئێراق تێک دران بێسەر وشوێن کران وە بەلایی کەمەوە ملیۆنێ لە کوردەکان ڕادەگوازران و ٣,٥ ملیۆن دانیشتوانی کورد شەهید بوو بن لە ماوەیەدا. لێخۆشبوونی جیهانی ئەو ناوانەی بڵاوکردەوە کە زیاتر لە ١٧٠٠٠ کەس زیندە بەچاڵکراون لەساڵانی نزایکەی ١٩٨٨. ئەم کۆمەڵ کوژییە تەرخان کرواوە بۆ لەناو بردنی کەمەنەتەوەیەک لەسروشتدا. چونکە هەندێک کەسیان دەویست کە تەنها ئامانجی سەرەتاییان بوو، وە گونجا بوو لەگەڵ Human Rights Watch/Middle East لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە گونجابوون لەگەڵ داواکاری گشتی ئێراق و دیوانی کوردی، کە نزیکەی ١٨٢٠٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا.

## قۆناغەکانی ئەنفالی کورد

**ئەنفالی یەک:** ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، (لە ٢٣شوبات تاکو ١٩ئاداری ١٩٨٨ی خایاند) ئەم شاڵاوە بە هێرشکردن بۆ سەر گوندەکانی سەرگەڵووبەرگەڵویی دۆڵی جافایەتی لە ٢٣شوباتی ١٩٨٨ دەستپێیکرد، لە چەند قۆڵێکەوە بە درێژایی (٨٠)کم لە بنگردەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی دەرباچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لە وێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە. ئامانجی ئەم هێرشە لەناوبردن و وێرانکردنی (٢٥ - ٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی باراگاکانی سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە بوو لەم ناوچەیە. ئەم هێرشە باربڵاوە سنوری شارۆچکەکانی (سورداش،دوکان،سەرچنار،قەڵاچوالان،چوارتا)ی گرتەوە، بەسەر پەرشتی وەزیری بەرگری (سوڵتان هاشم) بوو. هێزە بەشداربووەکانی ئەم شاڵاوە پێکهاتبوون لە (٢٠) لیوا شەست فەوج. لەم هێرشەدا نوێترین چەکی قورس بەکارهێنران کە بوونە هۆی وێرنکارییەکی زۆر لەم ناوچانە، لە ئەنجامدا بووە هۆی وێرانکردی(گوندەکانی(قمچوغە، شاخەڕەش،دۆڵەڕووت، قزلەر، قەرەسەرد، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگرون، زێوێ، گەڕەدێ، دابان، مەرگەوشارستێن) هەروەها چەندین گندی تر. بەشێوەیەک هیچ گوندێک لەم ناوچەیە ڕزگاری نەبوو، وە ئەوانەی مابوونەوە توشی تاڵانکردن هاتن. سەرجەمی خەڵکی ئەو ناچەیە بەرەو ئێران هەڵاتن، هەندێکیشیان بەرەو سلێمانی چوون.

**ئەنفالی دوو:** لە (٢٢ی ئادار تاکو ١ی نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی هات ) ئەم هێرشە ناوچەی قەرەداغی گرتەوە لە (تەکیە، سێوسێنان، سەگرمە، دەربندباسەڕە، قۆپی قەڕاغ و چەند شوێنی تر ) گشت گوند و ئاوەدانییەکانی ئەم ناوچە جوگرافیایەی گرتەوە. سەرەتای هێرشەکە بە کیمیابارانکردنی چەند شوێنێکی ستراتیژی لە ناوچەکە بوو بەشێوەیەکی زۆر سەخت کیمیاباران کرا. وە ئەم کارەش بووە وێ دوبارە ئاوارەبونی خەڵکی ناوچەکە کە بەشێکیان بەرەو سلێمانی ڕایان کرد، زیانیان کەم بوو بەڵام ئەو کۆمەڵەیەی بەرەو خوارووی گەرمیانرایانکرد ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکران کە دواتر شوێنبزرکران. لە ئەنفالی قەرەداغ ئەو هاوڵاتیە کوردانەی کە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گیریان گیران یان خۆیان دا بە دەستەوە، بۆ سەربازگەی (قۆرەتوویان)گواسترانەوە، کە نزیکەی هەشت هەزار کەس بوون لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج، پاشان گواسترانەوە بۆ سەربازگەی (تۆبزاوە) لە نزیک کەرکوک. ئینجا لەوێ گەنجەکان لەوانی تر جیاکرانەوە بەرەو شوێنی نادیار ڕەوانەکران، خەڵکەکەی تر لە ژن و منداڵ و کچی گەنج خرانە زیندانەوە بەڵام پیرەژن و پیرەمێردەکان بۆ (نوگرەسەلمان)ی بیابانی سەماوە گواسترانەوە، کە لەوێ ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە برسان و تێنوێتی و نەخۆشی دەمردن و تەرمەکانیان فڕێدەدرانە دەرەوی زیندانەکە .

**ئەنفالی سێ**: (لە ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) شاڵاوی ئەنفالی سێ ناوچەی گەرمیانی گرتەوە، گەورەترین و بەرفراوانترین هێرش و پەلامار بوو لە ساڵی (١٩٨٨) بۆ سەر کوردستان ، کە ناوچەکانی (دوزقادرکەرەمکەلار، کفری، چەمچەماڵ، تێلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە، بەشێک لە ناوچەی ئاغجەلەر) ی ڕاماڵی. زیانێکی زۆر گەورەی گیانی و ماددی بە دانیشتوای نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج سەر گوندی ئەم ناچەیە گەیاند، لە(١٤ی نیسانی ١٩٨٨) دا چوار شارۆچکەی لە یەک کاتدا خاپوور کرا، نزیکەی بیست هەزار ژنومنداڵوپیاوی بۆ سەربازگەی قۆرەتوو ڕەوانە کران، بۆیە ئەم ڕۆژە لە هەموو ساڵێک کراوەتە ڕۆژی یاد کردنەوەی تاوانە گەورەکەی ئەنفال لە کوردستان. هۆی زۆری ژمارەی گیرا و شوێنبزرکراوەکانی گەرمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پارێزگای سلێمانی بەهۆی قائیمقامیەتی چەمچەماڵ بە ڕێگای چەند کەسانێکەوە بڵاویان کردبووەوە، کە حکومەت هەر خێزانێک (٣٠٠) مەتر دووجا زەوی لەگاڵ قەرزی عقاری دەداتە گوندنشینەکان. ئەمەش وایکرد، کە خەڵکەکە هێمن ببنەوە و ڕانەکەن بۆیە ئەو ژمارە زۆرە دەستگیر کران.

**ئەنفالی چوار**: ئاوگەی زێی بچووک (لە ٨ی نیسان تاکو ٣ی ئایاری ١٩٨٨) هێزەکانی ڕژێم دوای تەواوکردنی تاوانەکانی ئەنفالی سێ کە زۆرترین ژمارەی قوربانی و شوێنبزری لێکەوتەوە . لە هێرشەکانی بەردەوام بوو بۆ سەر ناوچەکانی تری کوردستان بە هەمان شێوە جوگرافیای ئەم شاڵاوە ئاوگەی زێی بچووک بوو، کە هێڵی سنوری هەردوو پارێزگای کەرکوک و هەولێر پێک دەهێنێت. ئە ئاوگەیە شارۆچکەکانی ڕێدار،ئاغجەلەر، تەق تەق و چەند گوندێکی گەورەی وەک عەسکەر و گۆپتەپە دەگرێتەوە، کە دەکاتە دەشتی کۆیی تەق تەق و شێخ بزێنی گرتەوە. سەرەتای ئەنفالی چوار بە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە لە ڕۆژی (٣ی ئایاری ١٩٨٨) دەستی پێکرد بەهۆی فڕۆکەجەنگیەکان بۆمبیکیمیایی بەسەر خەڵکەکەی باراند کە قوربانیانی ئەم گوندە ب نزیکەی (٣٠٠) کەس دەخەمڵێنرێن، هاوکات گوندی (عەسکەری) بە هەشت بۆمبی کیمیاوی بۆردومان کرد. بۆ ڕێگرتن لە دەربازونی دانیشتوای گوندەکانی (گۆپتەپە) و (عەسکەر) و (حەیدەربەگ)، ڕژێم ئاوی بەنداوی دوکانی بەردایەوە تاوەکو خەڵکی ناتوانن لە زێیکە بپەڕنەوەو ڕزگار ببن.

**قۆناغی (ئەنفالی ٥ ، ٦ ، ٧ )** دۆڵی چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز لە (١٥ی ئایاری - ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ ): سەرەتای هێرشەکە لە (١٥ی ئایاری ١٩٨٨) بوو، کە دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو. چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسک، سپینداره، عەلیاوە، سماقولی)، بووە هۆی گیان لەدەستداانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان و مرداربوونی ئاژەڵەکانیان. توندترین هێرشی سوپای عێراق بۆ ناوچەی دۆڵی بالیسان بوو، بەڵام زیانی گیانی بە بەراورد لە گەڵ هێرشەکانی پێشو کەمتربوو، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی سەر بە پارێزگای هەولێر چۆڵ کرابوون، خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون. گەورەترین زیان لەم ناوچەیە بەر گوندی (بلەی خوارو) کەوت، خەڵکەکەی شون بزر کران، لە ڕۆژی (٧ی حوزەیران ) شاڵاوی ئەنفالی پێنج کۆتایی هات.

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتای ئەنفالی شەش لە (٢٦ی تەمووز) بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی وەرتێ و دۆڵی هیران و سماقولی بە چەکی کیمیاوی دەستی پێکرد خەڵکەکەی دەرپەڕاند، پاشان لە لایەن حکومەتەوە ناوچکە دەگیرکرا، داواشیان لە خەڵک کرد خۆیان بە دەستەوە بدەن، لێبروودنی گشتی هەیە، بۆیە ژمارەیەکیزۆری خەڵکەکە هەڵخەڵەتان، خۆیان دا بە دەستەوە دوای گرتنیان شوێن بزر کران. لەمیانەی شاڵاوەکانی ئەنالەکانی ( ٥ ، ٦ ،٧ ) ، (٥٢) گوند لە ناحیەیە خەلیفان و ڕەواندوز و خۆشناو وێرانکران، کە سەرجەم خێزانکانیان (٢٦٠٢) بوو.

ئەنفالی کۆتایی (بادینان) لە (٢٥ی ئاب ـ ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨): لە دای وەستانی شەڕی (عێراق-ئێران)، دوا شاڵاوەکانی ئەنفال لە (٨ی ئازی ١٩٨٨) دەستی پێکرد، سوپای عێراقق) دەستی واڵا بوو بۆ ئنفال کردنی ناچەی بادینان. ئەم شاڵاوە بە درێژایی ناوچەکانی (زاخۆ،ئامێدی،شێخان و ئاکرێ ) گرتەوە. سەرەتا ناوچەکە بۆردومان کرا لە لایەن سووپای عێراق بە (بۆمبی هێشویی و عنقودی کیمیاوی). خەسترین هێرشی هێشویی لە (٢٤ی ئاب) بۆ سەر گوندی سپینداری قەد پاڵی چیای گارە بوو، کە بە درێژایی (٣٠) کم شێنەکە بۆردومان کرا. بەڵام ژمارەی قوربانیەکان لە چاو ئەم بۆردومانە چرە کەم بوو ئەویش بەهۆی کە پێشمەرگە توانیان پێشتر ئامۆژگاری و ڕێنمایی خۆپاراستن بڵاو بکەنەوە، بەڵام هەرچی ئاژەڵ و مەڕو مڵاتەکەیانبوو قڕیان تێکەوت، کێڵگەکانیش لە بەرهەم کەوتن.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ناڵەی ژنانی کەسوکار ئەنفالکراو

## حەیدەر عەبدوڵلا

هەموو زامەکان بە تێپەڕبوونی زەمەن یەک دەگرنەوە و تیمار دەبن، بەڵام زامی ئەنفال بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ نەک بچووک نابێتەوە، بەڵکوو گەورەتر دەبێت و ئازاری بە سوێ تر دەبێ و خەمەکانی شۆڕدەبنەوە بۆ قووڵایی ناخ. ئێستا کە دەمەوێت شتێک لەسەر ژن و ئەنفال بنووسم، ناڵە ناڵی دایکە جگەرسووتاوەکان لە گوێچەکامدا دەزرینگێتەوە، هاواری خوشکان بۆ براکانیان دڵم شیقار شیقار دەکات، هیچ خاوەن ویژدانێک بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێت... بە هەردوو چاوەکانم ژنانی مێرد ئەنفالکراو دەبینم خۆیان ڕەشپۆش کردووە و دەڵێن: سبەی تاکو ئێوارە هەر چاوەڕێین، شەوان تا بەیانی هەرچاوەڕێین...ژنێک دەناسم ئێواران



جێگەی کوڕەکەی ڕادەخات و بەدەم چاوەڕوانییەوە زەنگوڵ زنگوڵ ئەسرین هەڵدەڕێژێت، کە نووستیش دەرگا داناخات، چونکە هێشتاش بە ئومێدە، بەشکو خودایە کوڕەکەی بێتەوە و تاوێک لە تەکیەوە ئۆخژن بگرێت. ئایی خودایە ئەم خەمە چەند وشک و بێ دواییە، بۆچی ڕۆژێک نایێت کۆتایی بێت!

کۆمەڵەژنێکم بینی هاتوهاوار و ناڵەناڵیان بوو، ژنێک کە لە نێو خێزانێکی گەورە تەنیا خۆی مابوو، برا و خوشک و کوڕ و کچ و دایک و باوک و هاوسەرەکەی ئەنفال کرا بوو، بە سەردوولکە و لاواندنەوە دەیوت:

رۆڵە هۆ رۆڵە رۆڵەی شیرینم،
ئومێدم وابوو، مەرگت نەبینم،
ئێستاکە جەرگم پڕ لە خوێناوە،
لە دوای تۆ ئیتر بۆچییە ژینم!

ژنێکی دیکەم بینی، گوتیان ئەم ژنە تەنیا شەوی بەبووک چوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی دابووە، بۆ بەیانی ئەنفال کراوە، گەرمی هەناسەی ئەم ژنە هەموو دەوروبەری دەسووتاند، دەیوت:

ژیانی من تەنیا شەوێکی خۆش بوو،
لە دوای ئەم شەوە زوخاوم نۆش بوو،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا نازانم شەوە، یان رۆژە،
بۆچی ئەو ژیانە هێندە ئاڵۆزە؟

ژنێکی دیکە سەری خۆی توند بەستبوو، ناخی هەڵکڕووزاوی بە لاواندنەوە دەردەبڕی، وتم: تۆ کێی؟ وتی:

من زیندوویێکی مردوو و خامۆشم،
هەمیشە بەرگی خەمان دەپۆشم،
بە ئەسڵا خەڵکی ئەنفالستانم،
شێت دیوانەم، نەماوە هۆشم.

ژنێکی دیکەم بینی پێڵاوی پیاوێکی ئەنفالکراوی لە باوەش گرت بوو، ناوەناوە بۆنی دەکردن و لەسەر سەری خۆی دایدەنان، پێم وت: ئەرێ ئەمە پێڵاوەکانی کێین؟ وتی:

لە لایەن دایکم بۆ باوکم کڕاون،
بۆ منی خەمگین بە میرات ماون،
ئەمانە بۆمن زۆر گران بەهانە،
سێبووری منن تەواو لەوژیانە.

ئەمەی سەرەوە بەشێک بوو لەو ناڵەناڵەی کە ژنانی کەسوکار ئەنفالکراو دەیکەن و لەنێوی دا دەژین. بە گوێرەی توێژینەوەکان ئەوان بەشمەینترین چین بوون لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، بەشێکیان لەگەڵ پیاوگەل خرانە نێو چاڵە قووڵەکان و بە ئاهی سارد و دڵی سوتاو و داخی دابڕان لە کەس و کاریان بە زۆر مەرگیان پێنۆش کردن... بەشێکیشیان لە دوای دێوەزمەی جینۆساید مانەوە، بە ژیانێکی کولەمەرگی، هەژاری و خەمگینی، لە چاوەڕوانیدا سەتانجار ئاواتی مردنیان خواست... حکوومەتی هەرێمیش بە درەنگەوە هێندێ خزمەتی کردن، بەڵام ئەم کەمە خزمەتە بۆ باڵای بەرزی ئەوان زۆر کورت بوو...چونکە بەڕاستی ئەوان نازەنین...

لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (دیمەن)ێ ئەمساڵ: ٢٠١٣، بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفال بە كتێبە ئاسمانیەكاندا هات

### بەڵام لەكوێی زەوی لەناوكام ئەدەبدا گیرسایەوە؟

**سەلام عومەر**

ئەو رۆژانەی كردەی ئەنفالی تێدا بەڕێوەچوو زامێكی هێندە قوڵ لە جەستەی وڵاتەكەمان كرا كە تاوەكو ئێستاش سارێژ نەبووەو لەگەڵ هەر یادەوەریەكدا دەكولێتەوە، ئۆپەراسیۆنەكانی ئەو رۆژانەی سوپای بەعس بۆ لەناو بردنی یەكجارەكی گەلی كورد بوو، بەتایبەت هەموو ئەو لاوانەی لەوێ لەو شوێنانەی ئەنفالی تێدا ئەنجام درا دووچاری قڕكردن بوون، ئەو پیرە پیاوو ژن و منداڵانەش كە رزگاریان بوو ئێستا پیرەكان زۆربەیان نەماون و منداڵەكانیش بەبێ كەسی بە هەتیوی وماڵوێرانی، بەبێ پەناگەو شوێنە خۆشەكان ئەوانەی دەستكەوتی خوێنی شەهیدان بوون لاویەتیان تەواو كردوو تاك و تەرا نەبێت كە ئێستا لەتەمەنی لاویی دایە، ئەویش بەداخەوە هێندە منداڵ بۆتەوە ناتوانێ وەكو خۆی گەورەیی رووداوەكە بگێرێتەوە، ئەو كاتەی بڕیاری بەربەریانە لەلایەن سەدام خاوەنی گەورەترین سوپا لەخۆرهەڵاتی ناوەراست دژی هاوڵاتیانی سڤیلی كورد دەرچوو.

جیهان بەگشتی و ریكخراوە مرۆ دۆستەكان لە ئاست ئەم تاوانە نێودەولەتیە كوێربوون و جڵەوی دەسەڵاتی بەعسیان بەجۆرێك شل كردبوو بەئارەزووی خۆی هەوڵی تەفروتوناكردنی نەتەوەیەكی دەداو كەسیش نقەی لێوە نەدەهات،رۆشنبیرانی كورد لەچیا هاواریان لێهەستاو پڕ بە گەرو دەیانناڵاند عەرەبەكانیش جگە لەچەند رۆشنبیرێكی چەپی زۆر كەم نەبێ ئەوانی دی لە خەوێكی قوڵدا چووبوونە خەڵوەتەوە ، خۆ ئەدەبی جیهانیش لەم ساتە وەختەدا لەگەڵ رژێمە قەبەكانیان هەر خەریكی ساغكردنەوەی چەكو جبەخانەكانیان بوون بەو وڵاتانەی دەیانەویست سنوورەكانیان لەسەر حسابی نەتەوە بچوكەكان زیاد كەن، ئەو رۆژانە مردنێكی لەسەرخۆ بوو بۆ گەلێكی چەوساوە، كەلەوەتەی هەبوو سووتەمەنی یەك لەدوایی یەكی ئەو رژێمانەبوو كە بەئارەزووی خۆیان دەیانچەوساندینەوە، تاكە هیوایەكیش كە هاوڵاتیان و پارتە سیاسیەكان هەیانبوو ئەو چیا سەرسەخت و دژوارانەبوو كە سروشت وەك پەناگەیەك بۆ هێزی پێشمەرگەی دروست كردبوو، ئەو كات دوای وەستانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەعس خۆی یەكلا كردەوە بۆ لەناوبردنی كورد و هەر هەموو تواناكانی خۆی بەكیمیایشەوە تاقیكردەوە و نەیتوانی كورد لەریشەوە دەركێشێ ئەنفال یەكێك بوو لەو نەخشە دۆزەخیەی بۆ كورد نەخشێنرا، ئەم وڵاتەی نوقمی تاوانێك كرد كە خۆی لەناو گۆڕی بەكۆمەڵ و سوتەمەنیەكانی كیمیاییدا دیتەوە، ئەوان وشەی ئەنفالیان لە كتێبە ئاسمانیەكان دەرهێناو كردیانە حیكایەتێك كەمرۆڤایەتی بۆ هەمیشە دەیگێڕێتەوە ، بەڵام گێرانەوەیەكی سادەو تازە بەتازە كورد وەخۆ كەوتووە بۆ ناساندنی ئەم تاوانە گەورە، لە هەوڵدایە تا لەپەرلەمانەكانی ئەوروپا ئەنفال بە جینۆسایدكا خۆ ئەگەر زیاتر دواكەوێ و جیهانیش زیاتر خۆی بێدەنگكا ئەوە جیاوازیەكی نابێ لەگەڵ ئەنفالی راستە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڤینە کە هەزاران ساڵ دەبێت ئەنجامدراوەو تائێستاش بە جینۆ ساید نەناسراوە، سەیریش لەوەدایە لە دادگای ئەنفالدا سەرانی ئەم تاوانە لەبەردەم کامێراکاندا ڤیت و ڤۆز دانیشتبوون و خەڵکێکیش هەبوون بەرگریان لێدەکردن، پرسیاری سەیروسەمەرە لە گەواهی دەرەکان دەکراو دەیانەویست ئاراستەی دادگاییەکە بەلایەکی ترو بەرەو درێژبوونەوەی زیاترو لەبیرکردنی ئەو تاوانانە بەرن کە هێندە زۆرن دیکۆمینتەکان خۆیان دەدوان، وێنەکان خۆیان پەردەکانیان هەڵدەماڵی و گەورەیی تاوانەکەیان دەردەخست، کەچی سەدام و عەلی کیماوی هەوڵیاندەدا هەموو ئەو خەتایانە بە سەروەری بژمێرن و لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە پێیان وابوو تا ئەوکاتیش سەرۆک و سەرکردەی عێراق بوون، بەرگریکارەکانیش وەک هەمیشە شۆڤینیەتی عەرەبیان پیشان دەداین و دەیانسەلماند کە ئەوانیش ئەگەرچی لەکردەی ئەنفالدا دەستیان نەبووە، بەڵام خۆزگەیان دەخواست بەشداربوونایە و پێیان وابوو ئەوەی سەدام و سەرانی رژێمەکەی کردویەتی دژ بەو یاخیانە بووە کە سەر بەئێران بوون ، بێئاگا لەوەی ئەوساو ئێستاو لەئایندەشدا ئێران و هەر هەموو هاوسێکانی کورد لەپلاندان بۆ لەناوبردنمان و ئەم دادوەرو بەرگریکارانەش دەیانەویست ئەوەی بەرێگەی سەربازی و ڤرکردن دژی کورد نەکرا ئەوان لەژێر پەردەی یاساو بەدەمامکی دادوەریەوە لەگەڵمان بکەن.

ئێستاش دیکۆمێنتەکانی ئەنفال کە هەزاران لاپەڕە دەبن لەبەردەستدان و رۆژنییە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەژێر لمی بیابانەکان نەدۆزرێنەوە ، بە هەزارانیان گەڕاونەوە زێدی خۆیان و هەزارانیشیان هێشتا ماون و وردە وردە ئێسکەکانیان دەبن بەخۆڵ ، ئەم خەتایانە لە تیفیەکان پەخش دەکرێن و کەچی جگە لەخۆمان کەسێکی دی و لایەن و حکومەتێکی بیانی و ئیسلامی پەخشی ناکەن و نقەیان لێوە نایە ، شاعیرو رۆمانووسە بیانیەکان رۆشنبیرو دەرهێنەرەکانیان لەبێدەنگیەکی سەیر دان و خەریکە داهێنانەکانیشیان ئەوانەی لای ئێمە دەست دەکەون بەهۆی ئەم متبونەیان ناشیرین دەبن و ئاوابڕوا ئەوانیش دێنە بەرەی ئەنفالەوەو جیاوازیەکی ئەوتۆیان نابێت لەگەڵ کردەکاندا ، چونکە بێدەنگی نیشانەی رازیبوونە بەو روداوانەی ئەنجامدراون و هەتا ئێستاش لە هەندێ پارچەی کوردستان لەژێر ناوی دیدا جینۆساید بەردەوامی هەیە.

ئەنفال بەکتێبە ئاسمانیەکاندا هات ، بەڵام لە کوێی ئەدەبدا گیرسایەوە ، چەند رۆمانی خۆماڵی بۆ ئەم تاوانە نووسرا شاعیرەکان هەر هەموویان شیعریان بۆ نووسیوە ، بەڵام چەندیان بەزیندوویی مایەوە؟ چەندیان وەکو شاکارەکانی هەڵەبجە چوونە چوارچێوەی داهێنانەوە ؟ کوان ئەو فیلمە سەرنج راکێش و پڕ لە تەکنیکانەی کە نیشانەی ناساندنی ئەنفال بن بەجیهان و خۆشمان؟ ئەوانە پرسیار گەلێکن کردنیان ئاسانەو جێبەجێکردنیشیان دەکەوێتە سەرخۆمان ، چونکە دەمێکە کورد گوتویەتی بەدەستی خۆت پشتی خۆت بخورێنە ئەگەرنا کەس بۆت ناخورێنێ ، بۆیە ئەگەرچی درەنگیشە بەڵام نەچووە بچێ و کاتی ئەوە هاتووە تەنها تەماشای دیکۆمێنتەکانی ئەنفال نەکەین و دەبێت هەوڵدەین خۆمان بەرهەمی نەمر بۆ ئەم دۆسیەیە درووست کەین ، هەرنا بیانکەین بەشاکارەکان و بڵاویان کەینەوە ، با نەوەی نوێ و ئەوانەی چارگە سەدەیەک لەمەوبەر ئەنفالیان دی بەنێو خەتایەکاندا رەتبنەوەو وەکو سەرجەم سەرهاتەکانی دی نەبێتە حیکایەت، مەبەستم حیکایەتە ئەفسانەییەکانە ئەوانەی بە هەبوو نەبوو دەست پێدەکەن ، ئەنفال روداوێکی راستەقینەیە موچوڕکێکە هەموو گیانمان سڕ دەکا...من دەمێکە گوتوومە:

وشکبوونەوەی زەوی و زەرد هەڵگەڕانی گوڵەکانی نیسان قوربانیی تێپەڕینی ئەو هەورە بێ بارگاویانەن کەلە هەفتەکانی ئەم مانگەدا دووبارە دەبنەوە،دەڵێن ٢٥ ساڵە هەر هەورێک لە بیابانەوە دێ و بێرەدا بەسەر پێدەشتەکانی ئەم نیشتمانەدا رەتدەبێ

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بروسكە و ناڵەیەكی ئاگرینی لێ هەڵدەستێ، وردە بارانێكی پێیە هەر لە فرمێسكی جووتیارو گریانی ژن و منداڵ و ئەولاوە وشك بوانە دەچێ كە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر خوێنیان پژا، دەڵێن ئەم نمە بارانە سووربیاوانە هەر بۆ ئەو گوندانەن كە ئەوێ رۆژێ خاپوركران، ئەو رۆژانەی گرمەی تۆپ و زریپۆشەكانی سوپای ئەنفال هەورە بارگاوییەكانی شەق دەكردو وڵاتێكی نغرۆی تاوان دەكرد، ئیلهامیان لە كتێبە ئاسمانییەكانەوە وەردەگرت بۆ دەسكەنەكردنی گیانی منداڵە گوناهەكان و ئەولاوە خێر لە خۆ نەدیوانەی ئەنجن بەئەنجن كران، پێیان وابوو مرۆڤەكانی ئێرە هەر هەموو یاخییەكانی خێڵە لاوییەكانی ئەوێن و دەبێت بچنەوە ژێر ئەو بیابانەی رەتبوونی گەواڵەكانی لێیە.

ئەو رۆژانە تەنها ٢٥ ساڵ لەمەوبەر بوو، ویژدانی مرۆڤایەتی لەگەڵ گەواڵەكاندا بێرەدا رەتبوون.هیچیان پێنەبوو جگە لە رق، جگە لە وەراندنی گیانی ١٨٢ هەزار مرۆڤ و بە دوای خۆیدا وشكە ساڵیان بەخشی ،هەر لەو كاتانەدا ئەو دەمامكەیان لێ بەربۆوە كە رووخسارە ناشیرینەكانی وەك خۆی و بە نهێنییەكانی ئەنفالیش ناساندین.

رەتبوونی گەواڵەكان لەم مانگەدا، جووتیارەكان تووڕە دەكا، گەورەیی گوڵەكان دەباو قوربانییەكان دەبارێنێ، ئێستا ئیسقانە وردو خاش بووەكان و جل و بەرگە كون كون و ڕزیوەكانی ژێر لمە داغ بووەكەی ئەوێ لە نامۆبوونیاندا ئێمەیان ونكردووەو بە ئازادی ئێرە نازانن، گیانەكان لە هەفتەكانی ئەم مانگەدا بێرەدا ڕەت دەبن‌وچیرۆكی رووداوەكان بە گەواڵەكان دەسپێرن: ئەو گەواڵە وشكو بێ بارگاویانەی تەڕمان ناكەن, بایەكی لەگەڵ دایە هەر لە هەناسە ساردەكانی دایكان دەچێو خۆیان بەكۆشكو تەلارە هەڵچنراوەكاندا هەڵدەواسنو ئاهو نووزەیان هەموو ساڵێ لە هەفتەكانی ئەم مانگە دێتە بەر گوێ, ئێستاش لەپاشی زیل‌و رستەی چەكدارە بەرگ مغاویرییەكان دەترسن‌و پێیان وایە ئەو مەرگەساتانەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر ئەوانی وەراند دووبارە بوونەوەی هەیە, ئێسقانە هەڵاتووەكان دەڵێن كردەكانی ئەنفال ئەوانەی ئەوێ رۆژێ ئێمەیان سوتاند هەر ماون! ئێستا لەپەناوپەسێی وڵاتە پڕ لە لم‌و هزرە ژەهراوییەكاندا پلان بۆ ونكردنی ئێمەو ئەو زیندووانە دەگێڕن كە لەوێ لە ناوی ناوەوەی ئەو شوێنەی بڕیاری ئەنفالی لێدەرچوو هەوڵی تێكەڵكردنەوەی سنوورەكان دەدەن, دەیانەوێ جیاوازییەكانی ئێرەی چیاو ئەوێی بیابان تێكەڵكەنەوە, ئێمە بە مێژوو ئێوەش بە قەدەرێك بسپێرن كە هەر لەو هەورانە دەچن كە بێرەدا ڕەتدەبن, بەئاسمانی ئەم وڵاتەدا دێن‌و چاوویان لەو چیایانە بڕیوە كەبەسەر ئەواندا دەڕوانن هەر هەموو ئێوەیان ناوێ, ئەوان پاشماوەی كردەی ئەنفالن‌و ئایندەی ئەم وڵاتە لەنەخش‌و هزرەكانی كتێبە ئاسمانیەكاندا هەڵدەهێنجن, هەر بۆیە هەموو ساڵێ لە هەفتەكانی ئەم مانگەدا گەواڵەكان بیرەدا ڕەتدەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەكان / ڕێكەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەكرا ئەنفال ڕوونەدات ؟

ڕزگار عومەر

ئەم بەهارە چارەكە سەدەیەک بە سەر کارەسات و تاوانی ئەنفال تێدەپەڕێت . لەو کارەساتەدا بە پێ ی ئامارەکان نزیک بە ٢٠٠ هەزار هاوڵاتی سیڤیلی :- ژن پیاو، پیر و گەنج ، کۆرپە و مێردمناڵ بوونە قوربانی . سوپای عێراق و حیزبی بەعس و جاشە کوردەکان بکەرو تاوانباری سەرەکی ئەم کۆمەڵکوژیە بوون . چەند کەسایەتیەک لە بابەتی : عەلی حەسن مەجید ، سوڵتان هاشم (وەزیری بەرگری سوپای پێشوی عێراق) لە دادگا فیدرالیەکانی عێراق لەسەر ڕۆڵیان لەم کارەساتە لە سێدارە دران . وەفیق سامەڕائی (بەڕێوەبەری- بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی )لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و نەزارخەزرەجی (فەرماندەی فەیلەقی پێنجی سوپای عێراق ) لەگەڵ سەرجەم سەرۆک جاش وموستەشارەکان نەک تەنیا لە دادگایی کردن ڕزگاریان بوو ، بەڵکو بە یارمەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئاسانکاری و پشتگیری زۆریان بۆکراو پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنانەت ئابوریان لە چاو 25 ساڵ لەمەوبەر سەدباری جارن چوەتە سەر . لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەش : دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیان ، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەس و کاری قوربانیەکان لە کێشمەکێشی ڕیفۆرم و مەعاش وەرگرتن و دابەش کردنی زەوی و زار یان هەژاری و نەبوونی هەمیشە دۆسیەکی پڕ لە ناکۆکیە کە هەموو بەهارێک لاپەڕەی لێ زیاد و کەم دەکرێت .



توێژێکی هۆشیار و جدی لە کۆمەڵگەی کوردی ، لەو چارەکە سەدەی ڕابردوو خزمەتی جدی کردوە بە تێگەیشتن و دۆکیومێنت کردنی ئەم کارەساتەو یارمەتیدانی ڕیفۆرم لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەس وکاری قوربانیەکان . بەڵام ، لەم توێژە بترازێ کۆمەڵگەی کوردی بە پێی ئەم قۆناغە پڕ لە گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی بەسەری دەبات " بێ باکە " بەرامبەر بەم تراژیدیایە و وەکو زۆربەی پرسەکانیتری سیاسەت ئەمەشی داوەتە دەستی حیزبە سیاسیەکان و حکومەت کە لە جیاتی ئەو مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەن . ئەنفال بۆ بەشی زۆری کۆمەڵگەی سەرقاڵ یەکێکە لە موناسەبەو پشوە زۆرەکانی بەهار ، بەیەک جیاوازی لە زۆربەی پشوەکان زەماوەندە لە ئەنفال ماتەمینیش هەیە ، ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال ودۆزینەوەی ڕەگەکان و میکانیزمەکانی ( بێ باکی ) کۆمەڵگەو شێوازەکانی و چۆنیش ئەم بێ باکیە بەشێک بوو لە تەواوکەرو ئیمکانی جێ بەجێ بوونی ئەنفال و هەروەها ئەم نووسینە لە دەوری ئەم چەقە دەخولێتەوە کە پرسیاری ئەوە دەکا ئەنفال دەکرا جێ بەجێ نەبێت یان بەلای کەمی پێشی پێ گیراباو ئاوا فراوان نەبوایە .

کە دەگەڕێینەوە سەر ئەنفال تەگەرەی زۆر دێتە بەردەمان ، کە ئەم تەگەرانە بە پێ ی نیازو ئامانجی کەسەکان لە گەڕانەوە بۆ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم کارەساتە شێوازیان دەگۆڕێت ، ڕەنگە یەکێک لە تەمەڵیەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی پرسیاری ئەوە بێت ، کە ئایا بەڕاست پێویست دەکا ئەوەندە بگەڕێینەوە سەر ئەم کارەساتە ؟ خۆههمووممان دەزانین چۆن بوو ! ڕاستیەکەی نەک بەرامبەر کارەساتی ئەنفال بەڵکو بەرامبەر سەرجەم (کایەی سیاسی) بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگەیە یەکێک لە قۆناغە ناسکەکانی خۆی بەڕێدەکا لە تەجرید بوون لە مەعریفەی سیاسی و لە بەهاو گرنگی " مێژو " لە پێکهاتەی ئەم مەعریفەیە .

هەندێک لە ڕزگاربووانی ئەم کارەساتە ، تاقەتی گێڕانەوەی هەزار بارەی چیرۆکی ڕزگاربوونی خۆیانیان نەماوە ، تەعبیری هەرە باوی رزگار بووانی ئەم کارەساتە کە پەنای بۆ دەبەن بریتیە لە " قیامەتم بە چاوی خۆم بینی " ، ئەو قیامەتەی ئەوان دەیگێڕنەوە دۆزەخێکە تەنیا لە کەیسەکانی کۆمەڵکوژی میلەتەکانیتر دەست دەکەوێ .

ئەم قیامەتە پرۆسەیەک بوو کە هەڵەیە ئیمکانی جێ بە جێ بوونی تەنیا ببەسترێتەوە بە توانا لۆجیستیەکانی سوپای عێراق لەو سەردەمەو فاشیست بوون ودڵرەقی حیزبی بەعس لە کەسایەتی عەلی حەسەن مەجید ، ئەمانە ڕووی بە پراکتیک بوونی کارەساتەکەن ، کە دونیای پێش ئەو پراکتیکە نەک تەنیا یارمەتیدەر بوون بۆ جێ بە جێ بوونی بەڵکو ڕۆڵیان لە تەوقیتەکەشی بینی .

بەڵام ، هەر ئەو دونیایە یان ئەو بارودۆخەی ئەو دەمە ، زۆر فاکتی تێدابوو کە دەکرا ڕێگربن لە ڕوودانی ئەنفال یان بەلای کەمی کەمکردنەوەی پانتایی و فراوان بوونی . ئەم تێگەیشتنە بە دڵی زۆر کەس و لایەن نیە کە مشەخۆری سەر ئەم دۆسیەن . بە دڵی ئەو نوخبەیە نیە کە تا ئێستا وجودی سیاسی خۆی و دروست کردنی ناسنامەی نەتەوایەتی دەبەستێتەوە بەو تراژیدیایە ، بەڵام گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەوسا نەک تەنیا جورئەتی پێویستە بەڵکو ئاسۆی کراوەشی پێویستە بۆ بازدان بەسەر ئەو تابو و حەرامانەی کە تا ئێستا ڕێگرە لە وردبوونەوەو شیکردنەوەی زیاتری یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی مێژووی سەدەی بیست .

## دونیای پێش ئەنفال

### شەڕی ئێران - عێراق

لە گەڕانەوەو هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی بەر لە ئەنفال ، چەند حەقیقەتێک هەیە کە ناچارین بە بیری خوێنەری بهێنینەوە کە یارمەتیدەرە خوێنەر باشتر لە بۆچونەکانی نێو ئەو وتارە تێ بگات . دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا هەرایەکی زۆر دروست بوو لە سەر بوونی کەسانی فایلدار لە سەرکردایەتی و ئۆرگانە سەرەکیەکانی حیزبە کوردیەکان ، فایلی گەورە کە نیشانی دەدا پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان ئەم کەسانەو دەزگا ئەمنی و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت و حیزبی بەعس هەبوو کە سیخوڕی تەنیا بەشێکی پێکهاتەی ئەم پەیوەندیانە بوو ، بەشێکیشی هەروەکو ئەو کەسانە لە پارێزگاری لە خۆیان دەیانووت ئێمە بە فەرمانی حیزبەکانمان ئەو ڕۆڵەمان گێراوە بۆ خزمەتی حیزب و نیشتیمان ..هتد .

بەڵام، دوور لە هەرای فایلداران هەر لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە زۆر بەڵگەو زانیاریتر خزایە نێو میدیا کە هەندێکیان سەرەڕای گرنگ

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوونیان کەمتر تیشک خرایە سەری. یەکێک لەو بەڵگەنامانەی ئەوسا بریتی بوو لە موبادەری کۆمەڵێک مامۆستای کورد لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە " خۆبەخشانە " سەر لە نوێ هەموو مەنهەجی خوێندن لە کوردستان سەر لەنوێ بکەنەوە بە عەرەبی، ئەم پێشنیارەشیان وەکو دڵسۆزیەک بۆ ڕژێم نیشان دابوو .

نفوزی حیزبی بەعس لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگە کەمتر بووبێت لە نێو کۆمەڵگەی عێراقیدا، بەڵام، بایی ئەوەندە بوو کە فاشیزم وەکو هەلس و کەوت و کلتور بگوازێتەوە نێو کۆمەڵگەی کوردی . بۆیە لە گەرمەی ڕوخانی ڕژێم بەعس و تا نزیکەی ٢٠٠٦ یش " بەعس ناسی " دەبێتە تایتڵی شرۆڤەو لێکدانەوەی بەشێکی بەرچاوی نووسەران کە تەئکیدیان دەکردەوە بەعس ڕوخاوە بەڵام کلتورەکەی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی درێژەی هەیە، واتە هاوڕابوونێکی نیسبی هەیە لەوەی کە فاشیزم موتوربە ببوو بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردی ، جا ئەگەر لە دوای ڕوخانی بەعس ئەمە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بووبێت دەبێ لەسەردەمی ١٩٨٨ - ١٩٨٧ چۆن بووبێت ؟ چەند نەوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردی کە ئەو سەردەمیان بینی ئێستاش لە ژیاندان دەزانن ئەو دەمە حاڵی کۆمەڵگە چۆن بوو، ترس و سیخوڕی و " دیواریش گوێ ی هەیە " ئینتیباعی باوی تاک بوو لە سەر کۆمەڵگەی خۆی ، بەڵام ئەم گومانە لەبەر ئەوەبوو چونکە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی فاشیستانە هەڵس و کەوتی دەکردو ژیانی بەڕێ دەکرد، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە " بێ دەنگی " لە ئاستی ناوخۆ تەنیا نەبستینەوە بە ترس لە بەعس ، بەڵکو ڕووی دووەمی بریتی لە " پشتگیری بۆ بەعس" لە لایەن بەشێک لە کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی کوردی وەک سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراق ، ئۆردوگایەکی سەربازی پشتەوەی بەرەکانی جەنگی ٨ ساڵی ئێران - عێراق بوو . هەردوو دەوڵەتیش هەموو جوگرافیاو شاری یەکتریان وەکو بەشێک لە بەرەکانی شەڕ سەیر دەکرد لە تەقاندنی یەکەم گولە لە ١٩٨٠ تائەو ڕۆژەی خومەینی ووتی " شەڕ ڕادەگرم و ئەم ڕاگرتنەش وەکو نۆشینی پیاڵەیەک ژەهرە " . درێژە کێشانی شەڕی هەردوو دەوڵەت تا گەیشتن بە ئەنفال و کیمیا باران بە بێ پشتگیری نێودەوڵەتی وئیقلیمی هەرگیز لە توانای عێراق و ئێران نەبوو ، ئەم شەڕە ببووە بەشێک لە بازاڕی جیهانی چەک و بەرژەوەندیە فرە ڕەنگەکان لە بابەتی ئەمریکاو ئەوروپاو دوا ساڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە ئیقلیمیەکان .

دەبەنگترین شیکردنەوە ئەوەیە کە گوایە تاقە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ ئەوەبوو کە ڕۆژئاواو وڵاتانی کەنداو لە ترسی هەڵکشاندنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ ڕوخاندنی خومەینی هانی عێراق و سەدامیان دا کە شەڕ لەگەڵ ئێران بکا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە شەڕ لەگەڵ ئێران زەمانەتی جێگیربوونی ڕژێمی کرد لە ئێران ، لە هەموو کەسێکیش زیاتر خومەینی تەعبیری لەم ڕاستیە کرد ، ئەو لە گەڵ دەست پێکردنی شەڕ ووتی :-

(( شەڕ موزگێنیە ، شەڕ دیاریەکە لە بەهەشتەوە بۆمان نێردراوە ، کەسێک هەیە بڕوای بە قیامەت هەبێ و لە شەڕ بترسێ ؟! ئێمە پێویستە لە سەرمان شوکری خوا بکەین کە شەڕەفی خۆ بەخت کردنمان پێ دەبەخشێ ، لێ گەڕێن با لە نێو ئاپورەو حەشامەتی خۆماندا ، بۆ ڕیزی پێشەوەی شەهیدبوون ڕێگای خۆمان بکەینەوە ، ئەگەر لە شەڕی جیهادا بترسێین مانای ئەوەیە بڕوامان بە قیامەت نی یە ))

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئامادەیی و توانا لۆجیستیەکانی هەردوولا جیاوازی هەبوو ، زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە چاو عێراق کاریگەری دانابوو لەسەر چارەنووسی شەڕ. عێراق بۆ بەلانس کردنەوەی ئەم وەزعە بە دوای چەکی بە هێز دەگەڕا کە بتوانێ زۆرترین سەربازی ئێرانی بکوژێت کە وەکو شەپۆلی هەزار هەزاری لە بەرەکانی جەنگدا هێرشیان دەکرد ، ئێرانیش بە هەمان شێوە بە دوای چەکی کوشندە دەگەڕا .

یەکێک لە دۆکیۆمێنتە کۆنەکانی ئەم باسە بریتیە لە ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی کە لە لایەن سەفارەتی ئەمریکا و نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە باس لە ناردنی چەک و ماتریالی دروست کردنی چەکی کیمیاوی دەکا بۆ هەردوو وڵاتی شەڕکەر ، کە ڕەنگە گەورەترین موفارەقەش ئەوەیە کە ئەوچەکانەی بۆ هەردولادەچوون هەر لەهەمان بەندەرو هەر لەهەمان کۆگاکان دائەگیراو دواتر لە ڕێگەی وشکانی بۆ هەردوو وڵات ڕەوانە دەکرا !

ئەم دۆکیومێنتە بریتیە لە راپۆرتێکی نهێنی نیمچە هەواڵگری، کە سەفارەتی ئەمریکا لە تورکیا ناردویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕاپۆرتەکە لە لایەن **Richard W. Boehm** ئامادە کراوە، کە کورتەکەی بریتیە لە چاودێری کردنی بەندەرەکانی تورکیا لە مانگی ١١ ساڵی ١٩٨٠ دا. لەم ڕاپۆرتە باس لەوە دەکا بەندەرکانی تورکیا جموجۆڵی زۆر تێدایە لە داگرتنی کارگۆی گەورە گەورە کە ڕەوانە دەکرێن هەردوو وڵاتی شەڕکەر ( ئێران - عێراق ) کە بەشی زۆر ئەو مەوادو کەرەستانەی لەو بەندەرانە لە کەشتیە بارهەڵگرەکان دائەگیرا بریتی بوون لە پێکهێنەرەکانی چەکی کیمیاوی کە وولاتی ئیسرائیل بۆ هەردوولای شەڕکەری ڕەوانە دەکرد کە تەنیا یەکێک لەو بارە زلانە ١٧ هەزار تۆن بووە .

ئیسرائیل مەوادی دروست کردنەکەی لە سەرەتای شەڕ بە هەردوولا گەیاندووە ، کە بەشێکی ئەو کەل و پەلانەی بە شی ئێران لە ڕێگەی تەکلیفی ئەمریکا بووە کە سەفقەکە هی سەردەمی شا بووە ، بەلام لە ڕێگەی ئیسرائیل گەیانراوە بۆ ئێران . لە دووەم ساڵی شەڕدا واتە لە ساڵی ١٩٨٢ عێراق دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە سوپای ئێران، واتە ٦ ساڵ بەر لەبەکارهێنانی لە هەڵەبجە باس و خواسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەک تەنیا لەبەرەکانی جەنگدا بەڵکو لە ڕاپۆرتە نهێنیەکانی نێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا واقیعێکی گەورە بوو، یەکێک لەو دۆکیومێنتانەی ڕاپۆرتی تێدایە لەسەر ئەم باسە ، دەری دەخا کە هەر پاش ٢ سال پاش ئەوەی عێراق مەوادی کیمیاوی بە دەست دەگات لە ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا یەکسەر دەست دەکا بەکارهێنانی . ئەم ڕاپۆرتە کە هەر لە بەشێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەکراوە باس لەوە دەکا کە دەبێ قسە لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق بکرێت سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە مانگێک بەر لە نووسینی ڕاپۆرتەکە ئێران شکایەتی کردووە لە عێراق تاوانباری دەکات بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی . لە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە قسەیەکی سەدام حوسێن دەکا کە لە میدیای حکومەتی عێراقی بڵاوکراوتەوە کە سەدام دەڵێت :- (( هەموو شەڕێک چەکی تایبەتی خۆی هەیە ، ئێمەش چەکمان هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ژمارەی زۆری دوژمنان ))

بەڵام ، بوونی ئەم هەموو زانیاریە لەبن دەستی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی نەبوو بە فاکتەرێک بۆ گوشار خستنە سەر عێراق بۆ بەکارنەهێنانی ، بەڵکو بە پێچەوانە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەمریکا ڕامسفێلدی ناردە عێراق و کەناڵە دیبلۆماسیەکانی خۆیان گەرم کردەوەوهەر هەمان ساڵ ئەمریکا ناوی عێراقی لە لیستی ئەو دەوڵەتانە سڕیەوە کە پشتگیری لە تیرۆریزم دەکەن .

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەنفال تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو کەیسی جینۆسایدی میلەتی کورد . بەڵام ، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو من لەو باوەڕەم یەکێک لە هۆیەکانی مومکین بوونی ئەنفال بەروبومی درێژە کێشانی شەڕی ئێران – عێراقەو ئەگەر ئەم شەڕە لە ساڵەکانی یەکەمدا بوەستێنرایە ، میلتاریزە کردنی کۆمەڵگەی هەردوو وڵات ڕێگری جدی لەبەردەم دەبوو . بە تایبەتی ئەگەر هەردوولا لە ژێر فشارو چاودێری نێودەوڵەتی ڕێکەوتنامەی ئاشتیان مۆرکردبا ئەوم چاودێریەش بەکارنەهێنانی سوپاو چەکی قەدەغە کراوی دژ بە هاوڵاتیانی هەردوو وڵات لە ئەستۆ گرتبا

.ئەم چاوەڕوانیە لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بۆ هەردوو کۆمەڵگەی گەمارۆدراوی عێراق – ئێران ڕەنگە زەحمەت بوو ڕۆڵیان تیا هەبوا سەرەتای هەشتاکان . بەڵام ، لایەکی دونیا لە ژێر دەسەڵاتی دیموکراسی بوو کە کار بۆ زۆر مەسەلەی هاوچەشنی تیا ئەنجامدراو سەرکەوتنیشی بە دەست هێنا لە باری لۆبی دروست کردن حازرکردنی ڕای گشتی بۆ مەسەلەی دیاریکراو فشار خستنە سەر دەوڵەتەکان ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان . بەڵام ، ئەم بێ باکیە ڕەسمی و نارەسمیە بەشێکە لە مێژووی هاوبەشی دانیشتوانی ئەم گۆی زەمینەو دوای ٧ ساڵ لە کارەساتی ئەنفال لەبەرامبەر جینۆسایدی ڕواندا هەردرێژەی هەبوو تاگەیشتین بە جینۆساید لە دارفور.

## تەرمەکان و وێنەی دوژمن

بە درێژایی ٨ ساڵی شەڕ لە نێوان هەردوو دەوڵەت هیچ پرەنسیب و پابەندبوونێک نەبوو بە هیچ ڕێکەوتنامەیەکی نێو دەوڵەتی بەتایبەتی ڕێکەوتنامەی جنێف . دیل کوشتن لە لایەن هەردوولاوەو ناشتنیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ و بە بێ ناونوسین و ببووە عادەتێکی ئاسایی سوپای هەردوولا بە تایبەتی لەو کاتانەی کە هێرشەکان مەترسی بەزاندنی سنورو گرتنی شارەکانی تێدەکەوت .

لە تەلەفزیۆنی عێراق هەموو شەوان بەرنامەی (( وێنەیەک لە جەنگەوە ، صورة من المعركة )) نیشان دەدا ، لە زۆربەی ئەو دیمەنانەی نیشان دەدران شۆفەلەکانی سوپای عێراقی چاڵی گەورەیان لێدەداو کوژراوەکانی سوپای ئێرانیان دەخستە نێو ئەو چاڵانەو دەنگی پێشکەشکاری بەرنامەکە لە زۆربەی کاتەکان تەعبیری " شاردنەوەی سەگە تۆپیوەکان ..مەجوسە تۆپیوەکان " دووبارە دەکردەوە ، هەموو ئێواران ئەودیمەنانەمان دەبینی ، هەموو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ئەمەی دەبینی ! مەرج نیە کۆمەڵگەی عێراق و کوردی هەمووی ئەمەی بە ڕەوا زانیبێ . بەڵام ، ئەم ڕاهێنانە لە تاوانی شاردنەوەی بە کۆمەڵی " دوژمن " سەرەتای ڕاهێنانی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە نەک تەنها کۆمەڵێک تەرمی ئاوساوی سەربازی ئێرانی ، بەڵکو هەر بەشێکی ، گروپێکی دیاری کراوی ، دانیشتوانی کۆڵانێکی خۆمان لە ماوەیەکی زۆرکەمدا بکرێن بە دوژمن و سزایان بدرێن .

ژیان لە نێو سوپای عێراقدا و کلتوری پیادەکراو پەروەردەکردن بریتی بوو لە بێ بەهاکردنی مرۆڤ و ژیان . ئەم بێ بەهاکردنە بزوێنەرو دایانامۆی تەجرید بوونی سەربازە لە ناسنامەی مرۆڤ بوونی خۆی . بۆ تێگەیشتن لەمەی سەرەوە باسی کەیسێکی ناسراوی نێودەوڵەتی دەکەم ؛ نموونەیەک لە ئەزمونی داگیرکردنی وڵاتی چین دەهێنینەوە لە لایەن سوپای ژاپۆن . دوای تەواو بوونی شەڕ هەندێ لە سەربازانی ژاپۆن درانە دادگا بە تاوانی کۆمەڵکوژی و ئەتک کردنی بە کۆمەڵی کچ و ژنانی ئەوێ، یەکێک لەو سەربازانە لە وەڵامی ئەوەی کە بۆچی وات کرد ؟ ووتی :-

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(( ئەگەر ژیانی من بەهای نەبێ، بە مسۆگەری ژیانی دوژمنەکەم هەر بەهای نابێ ))ئەمە سەرەتای جووتبونی سایکۆلۆژیای وێنەو خەساندنی پەرچەکرداره، سادەترین تەعبیریش کە بتوانێ گوزارشت بکا لەم حاڵەتە بریتیە لە سەلامەتی " خۆمان " تیاچوونی " ئەوان " ی بێگانە .

ئەم نامۆ بوونە دورست کراوەی سەردەمانی جەنگ لە نێوان " ئێمە " و " ئەوان " دەبێتە یارمەتیدەری سڕینەوەی بەهای مرۆڤایەتی و گۆڕانی گروپی دیاریکراو بۆ " شت " کە چیترشایەنی بەزەیی نیە ، گروپی دیاریکراویش چەندە پایە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەی دووربێ لە دروست کردنی قازانج بۆ ڕژێم ئەوەندیتر پرۆسەی بە " هیچ " بوونیان ئاسانتر دەبێ .

قوربانیانی ئەنفال دانیشتوانی دێهاتەکان بوون کە بڕبڕەی وجودی ئابوریان بریتیە بوو لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زۆر سنوردار ، ئەمان هیچ گرنگیان بۆ ئابوری ڕژێم نەبوو ، عەلی حەسەن مەجید بەر لەدەست پیکردنی پرۆسەکە دەڵێت :-

(( هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێک لێرەو لەوێ مابێتەوە ، کۆمەڵگەکانی(مجمعات )ی لێ دەربچێ ، دەبێ ڕێک وەکو مریشکە بە کرێ لێبێت کاتێ جووجەڵەکان دەخاتە ژێرباڵی ، ئێمە دەبێ ئەو خەلکە بخەینە کۆمەڵگاکانەوەو چاویشمان لە سەریان بێت . ئێمە چیتر ناهێڵین لە گوندەکاندا بژین و تێکدەران بتوانن سەریان لێ بدەن. کۆچپێکردن لە گوندەوە بۆ شار لە باکووری عێراقدا کارێکی پێویستە. لە ئێستاوە من ئاردو شەکرو نەوت و ئاو کارەبا نادەم بەو گوندنشینانە لەوێ بژین . با لەمن نزیک ببنەوە دەنگم ببیستن و منیش ئەو شتانەیان بۆ باس دەکەم کە بروام پێیانە پێویستن بۆ ئایدەلۆژی و فێرکردن و هەستی هاوبەش ، باشە بۆچی لێبگەڕێم لەوێ وەکو کەر بژین و هیچ نەزانن ؟ بۆ گەنم ؟ من گەنمی ئەوانم ناوێ . ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین با بۆ پێنج ساڵی تریش زیادی بکەین . من ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەکەم و نایەڵم کەسیان تێدا بمێنێت . گوایە چیدەبێ ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بکەین ، لە قەرەداخەوە بۆ کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی ؟ ئاخر ئەم حەوزە کوێ ی چاکە ؟ ئێمە تا ئێستا چیمان لێیانەوە دەست کەوتووە ؟ ئێوە تێفکرین چەندمان خەرج کردووەو لە دەستمان لە سەر ئەم ناوچانە . لە نێو ئەو خەڵکەدا چەند هاوڵاتی باش هەن وچەندیشیان خراپ تێدایە ؟ باشە مەسەلە چی یە ؟ چی ڕوویداوە؟ سی ، بیست ، بیست و پێنج ساڵ چالاکی تێکدەرانە .بیری لێ بکەنەوە ئێمە چەند شەهیدمان داوە !.. ئێستا تۆ بەبێ پاسەوانی ماشێنی زرێپۆش ناتوانی لە کەرکوکەوە بچی بۆ هەولێر. سەرانسەر ئەم حەوزە لە کوێیە تا کەرکوک من چۆڵی دەکەم . من تا گوێرو موسڵ چۆڵی دەکەم . یەک مرۆڤی نابێ تێدا بمێنێ ، تەنها ڕێگاو بانە سەرەکیەکان نەبێ . تا پێنج ساڵی تر نایەڵم یەک بنیادەم پێ بخاتە ئەوێوەوە . من کشتوکاڵیانم ناوێ ، تەماتەم ناوێ ، بامێ و خەیارم ناوێ.ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەین جموجۆڵی تێکدەران تا یەک ملیۆن ساڵی تریش کۆتایی نایەت ، ئەمە هەموو تێبینیەکانی من بوو، بەڵام پشت بە خوا ئێمە زۆر بەزوویی لە کۆڵیان دەکەینەوە و لە ئێستاوە مانگێ زیاتری پێ ناچێت و لە هاویندا هیچ شتێک نەماوەتەوە . ))

## بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستان

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەترسیدارترین موغامەرە کە بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستان لە قۆناغی سالانی ١٩٨٨ - ١٩٨٠ کردی بریتی بوو لە تێکەڵ بوون لە گەڵ شەڕی هەردوو دەوڵەت ! هەڵبژاردنی بێ لایەنی نەک تەنیا مومکین بوو بەڵکو زۆر یارمەتیدەر بوو لەوەی کوردستان بە یەکجاری نەبێتە زۆنی شەڕ War Zone.

بزوتنەوەی چەکداری هەر لە سالی دووەمی شەڕەوە بوونە بەشێکی ئەکتیڤی شەڕ، ئەوان وەکو لیواو فیرقەیەک بە جلی کوردیەوە چاوساغی و پێشڕەویان دەکرد بۆ هێنانی هێرش بۆ داگیرکردنی سنورو شارەکانی کوردستان، دوای بەشداری پارتی شان بەشانی سوپای پاسداران بۆ گرتنی چەند خالێکی سنووره شاخاویەکان لە١٩٨٢ دا حکومەتی عێراقی هەرچی هاولاتی نێری تەمەن سەروی ١٠ سالی سەر بەعەشیرەتی بارزانی هەیە لە ئۆردۆگای قوشتەپەو چەند ناوچەیەکی دەوروبەری شەقلاوە ڕاپێچ کردو ئەنفالی کردن، ئەمە لە سالی ١٩٨٣ واتە ٥ سال بەر لە ڕودانی ئەنفال بە شێوە فراوانەکەی، بە شێوە بچوک کراوەکەی ئەنفالی ٨ هەزار هاولاتی ڕووی دا.

ئەنفال کردنی ئەم ٨ هەزار هاولاتیە دەبوایە زەنگێکی ئاگادارکەرەوەی گرنگ و تۆقێنەر بێت کە بزوتنەوەی چەکداری کورد درێژە بە موغامەرەی تێکەڵ بوون نەدا لە ڕاکێشانی زیاتری کوردستان بۆ نێو دۆزەخی شەڕو زیاد کردنی بەرەکانی جەنگ. بەلام نەک هەر ئەوە نەکرا، بەڵکو درێژە بەم موغامەرەیە دراو تەنانەت چەندین بەرەی تر لە ناوخۆی کوردستان کرایەوە کە یەکێتی و پارتی شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد تاوێ بە بەرژەوەندی ئێران تاوێ بە خاتری عێراق .

گرتنی هەر شارێک و قەزایەک هێلی سوور بوو بۆ ڕژێمی عێراق چونکە ئیحتیمالی ڕوخانی زیاد دەکرد، بزوتنەوەی چەکداری کورد و سەرکردەی حیزبەکان هەر هەموویان ئەمەیان دەزانی و تەنانەت چەندین جار ڕاستەخۆ نامەی هەڕەشەیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دەچوو. بەلام، ئەوان هەر بەردەوام بوون و تەنانەت جارێکیان بە یارمەتی یەکێتی سوپای ئێران تەنها ٢٠ کیلۆمەتر لە گرتنی سلێمانی دوور بوو ، بێنە پێش چاو ئێران سلێمانی گرتبا ڕژێمی عێراق بە دلنیایی چەکی کیمیاوی بەکاردێناو ئەوکاتە کارەسات نەدەکرا هەر تەسەوریش بکرێت.

ئیمکانی نەبووشەڕی پارتیزانی لە کوردستان وەکو جەنگەلەکانی ڤێتنام وئەمریکای لاتین بێت، بۆیە بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی ئیعتیمادی سەرەکی لە سەر لادێکان بوون کە پەرش بوون لە نێوجوگرافیای دەشت و حەوزە پانەکانی کوردستان. ئەم جوگرافیایە هەمیشە ئامانجێکی ئاسان بوو بۆ حکومەتی عێراقی، بەلام سەرقال بوون بە بەرەکانی سەر سنوور ئەم پەلاماری ئەم ناوچانەی تاخیر دەکرد.

کە عێراق دلنیا بوو لە بەرەکانی خۆی ئینجا بە یارمەتی جاشە کوردەکان توانی پەلاماری ئەو ناوچانە بدات. بزوتنەوەی چەکداری هیچ ئاسۆیەکی ستراتیژی یان پلانێکی یەدەگی نەبوو بۆ ئیحتیماله زۆر بەهێزەکان. بۆ نموونە لە گێرانەوەی هەموو ڕزگار بوانی ئەنفال و تەنانەت لە بیرەوەری و یاداشتی زۆرێک لە سەرکردە مەیدانی و سەربازیەکانی بزوتنەوەی چەکداری بە هەموو حیزبەکانەوە شتێک زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت لە گێرانەوەی تەفاسیلە وردەکان ئەویش : پەشێوی و سەرگەردانی، نەزانینی ڕێگای دەربازبوون، تەنانەت لە هەندێ حالەتدا خۆشباوەڕی وچاوەڕێ کردنی هاتنی هێزەکانی ڕژێم و جاشەکان.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێوەگلاندنی نیشتمانێک لە خەباتی چەکداری دژ بە دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا پلانی هێرش بۆ سەر سوپا نییە، بەڵکو بوونی پلانی کشانەوە ( ئینسیحاب) یشە لە کاتی ئەوەی سوپای دەوڵەت خۆی کۆ دەکاتەوە بۆ هێرش. بە پێچەوانەوە لە زۆرکەیسدا کە خەڵک بە هەستی واقیعبینی خۆی دەیزانی تەنیا ڕێگا ڕاکردنە حیزبە کوردیەکان ڕێگریان بۆ دروست دەکردن وتاخیریان دەکردن وەکو کەیسی هەڵەبجە.

بە درێژایی هەشت ساڵی شەڕی ئێران وعێراق هێزی چەکداری حیزبە چەکدارەکان لادێکانی کوردستانیان بەکاردێنا بۆ حەوانەوە وێستگەی چوون و هاتنەوە . بەڵام ، هەرگیز بیریان لەوە نەکردبۆوە دانیشتوانی ئەو وێستگانە ئایندەیان چی دەبێت لەکاتی گۆڕانی هاوکێشە سەربازی ولۆجیستیەکان بە قازانجی ڕژێم ؟ بوونی پلانی لەو بابەتە یان پرسیاری لەو بابەتە لە سەدا سەد ڕۆڵی دەبوو لە کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیان زیاد کردنی ژمارەی ڕزگاربوان .

## بەکورتی

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و UN وزلهێزەکانی دونیا تاوانباری سەرەکین لە بەکارنەهێنانی هێزو میکانیزمێکی گونجاو بۆ ڕاگرتنی شەڕی ئێران و عێراق . ئەوان لێگەڕان شەڕ بەردەوام بێت چونکە بازاڕی ساغ کردنەوەی چەک و ساغ کردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان بوو. ڕاگرتنی شەڕ نەک تەنیا ئەگەری ڕوونەدانی جینۆسایدی بەرزدەکردەوە بەڵکو ڕێگریش دەبوو لەوەی ئاماری هەردوو وڵاتی شەڕکەر ببا بۆ دوو ملیۆن کوژراو نزیکەی ملیۆنێک کەم ئەندام و ملیۆنێک بێوەژن سەدان هەزاردیلی ژیان لە دەست چوو .

هۆشیاری سیاسی بە بێ ڕزگار بوون لە نەخۆشی لە بیرکردن و فەرامۆش کردن ئیمکانی نیە بە تایبەتی کە دێتە سەر پەیوەندی ئامادەبوونی مێژوو لە ئەزموون و مامەڵە لەگەڵ ئێستا. بۆ نموونە کە دێتە سەر شارەزابوون لە ماهیەتی دڕندەیی دەوڵەت و دوودڵ نەبوونی سوپاکەی لە بەکارهێنانی هەر چەکێک کە لە دەستی بێت، دەبێ لەو حاڵەتدا هەڕەشەی ئەم سڵ نەکردنەوەیە، بچێتە نێو ستراتیژی دارشتنی بەرەنگاری وشەڕکردن لەگەڵ ئەو سوپایە . کام بەش لە خەڵکی ئەنفال کراو یان کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی، نەک تەنیا لە ٨ ساڵی شەڕی ئێران و عێراق بەڵکو لەو مێژوەش نامیلکەیەکی هۆشیاری، بەرنامەیەکی ڕادیۆیی، خرابووە دەست لە ڕێگەی حیزبە کوردیەکانەوە دەربارەی شاربەدەرکردن و کوشتنی جولەکەکانی عێراق ! دەربارەی کوشتنی تورکمانەکانی کەرکوک، ئاسوریەکان و هتد؟ ئەمانە دەبوایە وەکو دەرسی تاڵ هەمیشە بوترایە ، تا خەڵک لەمەترسی ئەو چوارچێوە سیاسی ومێژویەی تێبگەن کە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن. ئایا قوربانیەکان بە ڕێژەیەکی سەرووی یەک لە چوار لە ڕێگەی حیزبە کوردیەکانەوە بەو ڕادەیەی ئاگاداربوون یان بە بیریان هێنابوونەوە کە سوپای عێراق بێ دوودڵی لە ساڵی ١٩٧٤ قەڵادزێ ی بە چەکی قەدەغەکراوی (ناپاڵم) بۆردومان کرد؟ ئایا دەیانزانی عێراق لە ١٩٨٢ وە چەکی کیمیاوی هەیەو دژ بە سوپای ئێران بە کاری هێناوە؟ هیچ ئاگایان لە نامە پڕ لە هەڕەشە جدیەکانی ڕژێم هەبوو کە لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندیەکان لە گەڵ حیزبە کوردیەکان ڕەوانەی دەکردن؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە هەبوایە بێ گومان پلانی ئەنفال بەو شێوەیە نەدبوو کە ڕووی دا.

نفوزی فاشیزم لە کۆمەڵگەی کوردی ڕویەکی لەمیلیشیا چەکدارەکانی جاش خۆی دەنواند، ڕویەکی تری بریتی بوو لە کلتورو هەڵس و

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەوت، گەشەی بەعسیزم لە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی گەشەی ئەندام بوون نەبوو بەقەد ئەوەی جێکەوتە بوونی جیهان بینی وشێوە ژیان بەڕێکردن بوو لە کۆمەڵگە. سەرکەوتنی بەعس و ڕژێمەکەی لە داسەپاندنی تراژیدیا بەسەر کۆمەڵگەی کوردی بێ ئەم نفوزە مەعنەویە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئیمکانی نەدەبوو، دابەش بوونی کۆمەڵگەی کوردی لەسەردەمی ئەنفال بەشێکیان کە ڕێگەی لە کاروانەکانی سوپا دەگرت و بەردی تێدەگرتن کاتێ بە قەزایەکی وەکو چەمچەماڵ تێدەپەڕین، یان نان و بەتانی کۆدەکردەوە وەکو ئەوەی لە هەولێر بۆ ئۆردۆگای جێژنیکان کرا، بەشێکی تری نەک تەنیا بینەر بوو بەڵکو بێ باکیەکەی تە ئەمڕۆش درێژەی هەیەو فۆرمیتری وەرگرتووە.

سوپای ئێران و بزوتنەوەی چەکداری کوردی و سوپای عێراق (وەکو بکەری جێ بەجێ کەر)بە درێژایی ٨ ساڵی شەڕ هەموو ئەو بیانوو بارودۆخەیان ئامادە کرد کە کوردستان ببێتە قوربانی جەنگ و نەک تەنیا سنورەکانی بەڵکو شارەکانیشی ببێتە زۆنی جەنگ و مەرگ ناچالاک بوونی هەر یەک لەمانە بە دڵنیایی قوڵی تێوەگلانی ئەم جوگرافیایەی لەشەڕ کەمدەکردەوە، بەپێچەوانەی ئەمەش هێنانی پاسدار بۆ ناو بیرە نەوتەکانی کەرکوک شەڕکردن لەگەڵ سوپای عێراق لەکەرکوک گرتنی هەڵەبجە بەفەرمانی ئێران هتد ئەمانە نموونەی ئیفلاسی ستراتیژو سەربەخۆنەبوونی ئەجێندای بزوتنەوەی چەکداری کورد بوو لە مەترسیدارەترین قۆناغی مێژوودا.

کۆڕەو کۆچ ... ڕاکردنی بە کۆمەڵ بە تایبەتی ئەگەر بە پلان و ستراتیژەو نەخشەی بۆ کێشرابێ وەکو دوا ڕێگای بەرەنگاری و رزگار بوون زۆر یارمەتیدەر دەبوو لەوەی ئەم هەموو قوربانیەی لێ نەکەوێتەوە. کە دەڵێین نەخشەی ڕاکردن و کۆڕەوی مونەزەم پێویست بوو، باسی شتێک ناکەین کە خەڵکی کوردستان خۆی تەجروبەی نەکردبێت، بۆ نموونە: کۆچی خەڵکی مەریوان دروسترین پلانی تۆکمە بوو بۆ پاراستنی گیانی هاولاتیان، کۆچی سەرجەم دانیشتوانی تەوێڵە لە شەودا لە هەشتاکان نموونەی ئەم کۆڕەوە مەزنانەن کە دەکرا چەند ساڵێک بە لای کەمی لای سەرکردایەتی سیاسی حیزبە کوردیەکان لەو سەردەمی ئیشی لەسەرکرابا.

یاد کردنەوەی ئەنفال و ڕێزگرتن لە قوربانیەکان لە بەرئەوە نین کە ئەوان مردن، بەڵکو لە بەرئەوەیە ئەوانیش وەک هەر یەک لە ئێمە ژیانیان هەبوو. ئەوان شایەنی ڕێزگرتنن چونکە بەر لەمەرگ سوکایەتی زۆریان پێکرا کە نموونەی هەندێک لەم سوکایاتیانە ژانی لە مردن ناخۆشترە، کەچی جۆرێک لەبەرگری و پێداگریان لەسەر " مانەوە " تا کوشتن و زیندەبەچاڵ کردنیشیان هەر درێژەی هەبوو. نموونەی ئەو دایکەی گەرمیان کە کۆرپەکەی دوو ڕۆژبوو مردبوو، بەڵام مەمکی هەر لە دەمی کۆرپەکە دەرنەدەهێنا، نموونەی دوو بریندارى چاڵێکی ئەنفال لە بادینان کە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ ڕاکردن لە چاڵەکەو دواتریش ڕزگاریان دەبێت، ئەم نمونانە زۆرن کە شایەنی ڕێزگرتن و یادکردنەوەن. بەڵام، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کام جۆر لە یادکردنەوە جێگیربکرێت و چۆن سەر لەنوێ مێژووی ئەم تراژیدیایە بنوسینەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٣

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال...قوربانییەک لە ڕابردوو ئێستاو...

***سەرکەوت شەریف**

لە هەر کات و شوێنێک کە گوێبیستی وشەی (ئەنفال) دەبین، دەستبەجێ تاوانێکی قێزەونی ڕژێمێکمان بیر دێتەوە، کە بە حوکمی



ئاگرو ئاسن نزیکەی نیو سەدە حوکمی وڵاتێکی کرد بەناوی (عێراق)، کە لە چەندین نەتەوە و ئایین و ئاینزای جیاواز پێکهاتووە و کاتی خۆشی ئەمانە لەژێر چەتری زۆر و فێڵ و تەڵەکەدا خرانە ناو سنووری وڵاتێکەوە کە هێڵەکانی بەویستی داگیرکەرانی ئەو کاتە کێشرا، چونکە ویستێکی خۆسەپێنانە ئەم خەڵکانەی کۆکردەوە هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین ئەم وڵاتە لە مێژووی دامەزراندنییەوە تا ڕوخاندنی لە ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ چەندین کارەسات و ڕەشەکوژی گەورەی تێدا ڕوویداوە لەلایەن دەسەڵاتەکانییەوە بەرامبەر گەلەکەی خۆی، بە تایبەتیش لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی ئەفلەقی گەیشتە چڵە پۆپە.

یەکێک لەو تاوانانەش کە دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە و بە جینۆسایدیش ناسرا، تاوانی (ئەنفال) بوو کە دەرهەق بە یەکێک لەو گەلانەی بە زۆر خرابووە ناو ئەم وڵاتە تازەیەوە بەناوی کورد.

ئەنفال ئەگەر لەڕووی فیزیکییەوە تەماشای بکەین بریتییە لەناوچوونی گیانی نزیکەی چارەکە ملیۆنێک خەڵکی کورد، بەڵام گەر لەڕووی سیۆسۆلۆجی و سایکۆلۆژییەوە لێی بڕوانین و خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئەوە بریتی دەبێت لە چەندان ملیۆن، بەدیوێکی تردا ئەنفال تەنیا بریتی نییە لەناوچوونی ئەو ژمارەیەی کە ڕاستەوخۆ بەر شاڵاوەکە کەوتن، بەڵکو بریتییە لە پاشماوەی ئەو خەڵکەش کە لە کەسوکاری ئەنفال پێکهاتوون و تا ئێستایش ژیان دەگوزەرێنن و لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی نالەباردان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری نێگەتیڤی ئەو کارەساتە هەر ماوە و ڕۆژانە چەندین پیاو و ژنی کەسوکاری ئەو ئەنفال کراوانە بە ئاه و بێ ئۆقرەیی ڕۆڵەکانیانەوە گیان لەدەست دەدەن، یاخود تووشی حاڵەتی دەروونی خراپ بوونەتەوە، بێگومان ئەمەش فاکتەری خۆی هەیە و کە دواتر لێی دەدوێین.

لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە کاتێک کارەساتێکی مرۆڤایەتی ڕوودەدات بەتایبەتیش ئەگەر تاوانی ڕەشەکوژی و جینۆساید و هاوشێوەکانی بێ دەرهەق بە خەڵکی وڵاتێک یان شوێنێکی تر بکرێت، لەدوای کارەساتەکە لەلایەن ئەو دەسەڵاتیەی پاش دەسەڵاتی ئەنجامدەری تاوان دێتە سەر حوکم، یا دەسەڵاتی بەرامبەرەوە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو کەسانە دەکرێنە کە زیان لێکەوتوون، نموونەی ئەمانەش زۆرە لە دنیادا، بەرچاوترینیان کارەساتی هۆڵۆکۆستی سەر جوولەکە و هێرۆشیما و ناکازاکی سەر یابانن، بەڵام

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئایا زیان لێکەوتووانی کارەساتی ئەنفال دەتوانین بڵێین ئەم قەرەبووانە کراونەتەوە؟! چ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یا حکوومەتی تازە دامەزراوە عێراقەوە؟.

ماوەیەکە حوکمەتی خۆماڵی کوردی لێرەو لەوێ کەوتووەتە برینەوەی مووچە و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ پاشماوەکانی ئەنفال و دامەزراندنی بەشێک لە کچ و کوڕی ئەنفال کراوان، ئەمە کارێکی پۆزەتیڤە و جێگەی دەستخۆشییە هەرچەندە کاری سەرەکی حکومەتە خزمەتی هەموو چین و توێژێک بکات بە تایبەتیش کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیان لێکەوتووانی تر، کەم کەسیش هەیە لەم وڵاتە زیانی گیانی و ماددی و مەعنەوی بەرنەکەوتبێت.

برینەوەی مووچەیەکی ڕەمزی و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون کە تا ئێستا هەمووشی نەگرتووەتەوە هەموو کارەکە نییە و ڕەنگە نیوەشی نەبێت! ئەوەی جێگەی نیگەرانی و قسەی هەموو لایەکمانە حکومەتی هەرێم لەلایەنی دەروونی کۆمەڵایەتییەوە هەنگاوی پێویستی نەناوە و لەو ڕووەوە کەموکوڕی زۆرە و لەوانەیە لە زۆر شوێنیش کاری دەسەڵاتی کوردی لەو ڕووەوە (سفر) دابنرێت بەرامبەری.

مرۆڤ چ لە پارە و کۆشک بکات کاتێک دەریایەک کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەوری تەنی بێت کە هێندەی کارەساتەکە خەڵکی تووشی نەهامەتی و چەرمەسەری کردووە. ئەمە شتێکی نەگۆڕە و براوەتەوە مرۆڤ کاتێک لە رووی دەروونییەوە ئاسوودە و بێ کێشە بوو لە کەلاوەیەکی گڵینیش دابوو خۆشترین ژیان دەگوزەرێنێت، گەر مرۆڤ سەرابی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووینەوە و لە کوێرە دێیەکی هەر مەملەکەتێکدا بوو ئەو شوێنە بە جوانترین و دڵگیرترین نیشتمانی خوا دەزانێت.

کەسوکاری ئەنفالکراوان تا ئێستا نەتوانراوە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان چارەسەر بکرێ و لەو مرۆڤە تێکشکاووە بکرێنەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی و دیمەنی نەرەنەڕی دەبابە و زیلی عەسکەرییەکانی جوانترین ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی دەرکێشانی ڕوحیان و تەعالی تەعالی سەربازەکانی مەرگ لەبەرچاوو گوێیەکانیاندا بسڕنەوە و، تا ئێستا بۆنی بۆگەنی پۆستاڵی سەربازەکانی مەرگ کە کاسی کردوون، نەتوانراوە بە تەواوی بە بۆنی گوڵەباخێک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بگۆڕدرێت. سەرباری ئەمانەش کەسوکاری ئەنفاکراوان بەشی زۆریان ئەمڕۆ لە ژینگەیەک و شوێنێکی ئەم وڵاتەدا دەژین زۆری جیاواز نییە لەو دەشتە کاکی بە کاکییەی تۆبزاواو نوگرە سەلمان کە بە تەلی دڕکاوی بازنگیان بۆ دروستکراوبوو تا دەرفەتی هەڵاتنیان نەبێت و بەرەو توونی مەرگ ڕاپێچ بکرێن.
ئێستا دەکرێت چاوێک بەکارەکانی حکومەتی هەرێم لەم ناوچانەدا بخشێنین و بپرسین ژمارەی ئەو سەنتەری گەنجانە و بنکە ڕۆشنبیرییانە چەندە کە لە ناوچەی ئەنفال نشین دروست کراون؟ ژمارەی خەڵوەتگەی پیر و پەککەتوان چەندە لە ناوچەی ئەنفال نشین هەن و باوەشیان بۆ ئەو باپیر و داپیرە داماوانە کردووەتەوە کە سەرجەم ڕۆڵەکانیان بوونەتە قوربانی و خۆیان وتەنی تەنیا خوا شک دەبەن؟! ژمارەی بنکەی تەندروستی دەروونی چەندە لەم ناوچانە؟ چەند بنکەو شوێنی ڕاهێنان و فێربوونی کار و پیشە بۆ ژنانی بێ کار و بێ پیشەی ئەنفال کراونەتەوە؟ چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە کێشەکانی ئەنفال تەرخان کراون بۆ چەرسەرکردنی ئەو کێشانە؟ چەند و چەند کۆتایی نایا....؟!

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڕاستی ئەرکی ئەخلاقی و مێژوویی حکومەتی هەرێم کوردستانە کە ئاوڕی جددی لەو لایەنانە بداتەوە و هەنگاوی پێویستی بۆ بنێت تا چیتر کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ڕزگاریان بێت لەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی بەرۆکیانی گرتووە و ناوچەکانیان خزمەتی تەواو بکرێت،بۆ ئەوەی لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیەکاندا هەڵنەیەن و وەکو سەرجەم شوێن و شارەکانی تر کووچە و شەقامەکانیان ئەوندە خزمەت و جوان بکرێت شایەنی هەڵهاتن نەبێت لێی و خەڵکی لە شوێنانی ترەوە سەردانی بکەن نەک ئەمان سەردانکەری شوێنانی تر بن و ناوچەکانیان لە بێخزمەتی و وێرانیدا غەرق بوبێت.!!

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٢

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئە نفال.... دۆسییەی سەدە

عوسمانی شێخ محێدین

ووشەی ئەنفال زاراوەیەکی قورئانییە وبنەڕەتێکی عەرەبی هەیە هەر بۆیە گەڕان بەدوای مانا وراڤەکردنی دەبێت لە نێو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی دا بۆی بگەڕێین کە بە واتای ( غەنیمە ـ دەستکەوت ) دێت بەلام لە تەک بێ باوەڕاندا ( نەیارانی ئیسلام ) زۆربەی زانایان رایان وایە ئەنفال بەو ماڵ وسامانە و ئاژەڵ وکەل وپەلانە دەوترێت کە شەڕکەرەکانی موسڵمانان لە شەڕدا لە بێ باوەران بە دەستی دەهێینن, ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆز, زەمینەی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دووەمی کۆچی (٦٢٣ز ) دوای جەنگی (بەدر)ی گەورە کە لەنێوان موسڵمانان وبێ باوەڕاندا رووی دا و بە سەرکەوتنی موسڵمانان بە سەریاندا کۆتایی هات, لە دەقە قورئانیەکەدا ئەنفال مرۆڤ ناگرێتەوە بەلام لای بەعسیەکان مرۆڤ تاکە ئامانج بوو. رژێمی شۆڤینیزمی بەعس دوای پتر لە ١٣٦٤ ساڵ جارێکی تر ئەو سورەتەی بە دیدێکی بەعسیزمانە لەسەر میللەتی کورد جێبەجی کرد. ئەوەتا فەیلەسوفی ناسراوی عەرەب ( ئیبن خەلدون ١٣٣٢ - ١٥٠٦ ) لەو باوەڕەدایە کە عەرەب دەست بە سەر هەر ولاتێکدا بگرێت وێرانی دەکات, چونکە بەڕای ئەو عەرەب نەتەوەیەکی وەحشیە ... سروشتەکەیان ئەوەیە کە شتی ناو دەستی خەڵک بڕفێنن ورزقیان لە سایەی شمشێرەکانیان دایە نەک هەر سڵ لەوە ناکەنەوە کە ماڵ وسامانی خەڵک بەرن , بەڵکو هەر کە چاویان بەماڵ وسامانی خەڵک کەوت تالانی دەکەن ).

کاتێک لە سەردەمی حەزرەتی عومەردا فتوحات وەک ئەنجامێکی بە دەوڵەتبونی ئیسلام دەستی پێکرد, دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی پێویستی بە هێزی کار هەبوو تا بتوانێت بەرەنگاری هەردوو ئیمبراتۆریا ی( بیزەنتی ـ مەسیحی ) و(ساسانی ـ زەردەشتی ) ببێتەوە وئایینی ئیسلام لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەم دوو ئیمبراتۆرایادا بلاو بکاتەوە, بەدووەکان کە لە نێو خوێندا گەورەببون و بە درێژایی مێژووی خۆیان بە هۆی شەڕ وپەلامار وغەزووەوە بەشی سەرەکی بژێوی خۆیان دابین دەکرد لە بەرامبەریشدا بەشێکی دەستکەوتەکان بە بەدووەکان دەدرا و بە پێی قورئان سورەتی ئەنفال ـ ئایەتی ٤١ لە نێوانیاندا دابەش دەکرا, چوار لە پێنجیشی بۆ شەڕکەرەکان دوای تەواوبونی شەڕ دابەش دەکرا. رژێمێک لە هەناوی ئەو کەلتووره خوێناویە لە دایک بوو بێت ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت بەرامبەرگەلان بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بە هەمان عەقلێەت نەخشەی بەکۆمەل کوشتن و قرکردن ئەنجام بدات بەناوی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالەوە. میشێل عەفلەق بیرمەند ودامەزرێنەری (حزبی بەعسی عەرەبی ) پێیوایە دابەزینی قورئان بە زمانی عەرەبی وبۆ کەسێکی عەرەب نەک رێکەوت نیە بگرە بە بەڵگەی تیۆرەکەی دەزانێت ولە لایەکی ترەوە رژێمی بەعسی عێراقی هەموو شەڕ ومووشەکەکانی بە ناوی ( الله اکبر ومحمد رسول الله و قادسیه والعابد و عەباس وحوسەین و هتد... ناوی لێ ئەنا بۆ ئەوەی چاوبەستێک لە ولاتانی لایەنگری خۆی بکات, وایان تێبگەیێنێت کە رژێم خەلافەتی ئیسلامی زیندوو دەکاتەوە وئەو میللەتەش کە بە ناوی کورد دژی دەجەنگێ میللەتێکی یاخی ودوور لەدینن, لە ناو دانیان غەزایە وخۆیان وسەروماڵیان ئەنفالە( غەنیمەتە ). ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال بۆ سەر باشووری کوردستان لە لایەن رژێمی لە ناوچوی بەعسەوە لە ٨ قۆناغی زنجیرەیی یەک لە دوای یەک ئەنجام دران کە سوپای عێراقی بە هەموو توانا و قورسایەکی سەربازی وئیستخباراتیەوە کە پێکهاتبوو لە ٨ فەیلەقی نیزامی وهەر

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فەیلەقێک لە ٣ـ٥ فیرقە وهەر فیرقەیەکیش لە ٣ـ٥ لیوا وهەر لیوایەکیش لە ٣ـ٥ فەوج و هەرفەوجێک لە ٣ـ٥ سریە پێک دەهاتن وژمارەی سەربازەکانی هەر سریەیکش لە ٥٠ سەرباز پێک دەهات, ئەمە جگە لە فەیلەقێکی ( حەرەس وەتەنی . پاسەوانی کۆماری ) و بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی کە زیاتر لە ٦٠٠ فڕۆکەی جەنگی و ١٥٠٠ هەلیکۆپتەری شەڕکەر و بارهەڵگر کە بەشداری کردووە ودەیان مەفرەزەی تایبەت ونهێنی و جۆراوجۆر بەشداربوون تەنها لەشاری هەولێر ٢٤ مەفرەزەی تایبەت کە ١١٥٤ (سوپەر جاش)ی لە خۆ گرتبوو لە شاری دهوک(٥ )مەفرەزە کە ١٧٧ (جاشی تایبەت)لە خۆگرتبوو لە شاری سلێمانیش ٢٦ مەفرەزە کە ٤٩٦ ( جاشی تایبەت) ی لە خۆگرتبوو لە سەرخستنی ئۆپراسیۆنەکان بەشێکی زۆری چەکدارانی کورد بە ناوی (جاش ) ەوە بەشداری ئەم کارەساتە بوون وچاوساغی رژێمیان کرد کە زیاتر لە (٣٠٠ تا ٣٦٢ ) فەوجی جاشی بە ناو (دیفاع وەتەنی ) کە لە (٢٥٠٠٠٠) دووسەد وپەنجا جاش پێک هاتبوون. لێرەدا ناکرێت ئاوڕ لە قسەیەکی توانج ئامێزی نووسەری ناوداری عێراقی (کەنعان مەکیە ) نەدەینەوە کەلەکتێبی دلڕەقی وبێدەنگیدا دەڵێت: (( کوشتنی کوردەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا تەنها رژێمی بەعس لە بەغداد لێی بەرپرسیار نیە, ئایا هەموو عەرەبێکی عێراقی لێی بەرپرسیارە ؟ لەلایەکی تر ئەگەر کورد بە دەستی کورد لە گوندەکانی خۆیانەوە بەرەو مردن پەلکێش نەکرانایە ئەوە زۆرێکیان رزگاریان دەبوو ئایا ئەمەش مانای ئەوەناگەیەنێت کە کوردیش لە ئەنفال بەرپرسیارە)).

بەرواری ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکەیە کە لە ٨ قۆناغی جیادا ولە ٦ ناوچەی جیاوازدا کوردستانی باشووری گرتەوە : قۆناغی یەکەم لەبەرواری ٢٣ / ٢ تا ١٨ / ٣ / ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەکانی دۆلی جافایەتی, قۆناغی دووەم لە بەرواری ٢٢ / ٣ تا ١ / ٤ / ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ , قۆناغی سێهەم لە بەرواری ٧ / ٤ تا ٢٠ / ٤ / ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەی گەرمیان ( کە بەجیا قسەی لەسەر دەکەم ), قۆناغی چوارەم لە بەرواری ٣ / ٥ تا ١٥ / ٥ / ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی قەلاسێوکە ودۆڵی زێیی بچوک , قۆناغی ٥ و ٦ و ٧ لە بەرواری ١٥ / ٥ تا ٢٦ / ٨ / ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەکانی شەقلاوە ورەواندوز , قۆناغی هەشتەم وکۆتایی لە بەرواری ٢٦ / ٨ تا ٦ / ٩ / ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی بادینان وسەرجەم ئەم قۆناغانەش پاش روخاندنی هەموو گوندەکانی کوردستان لەبەرواری ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بەفەرمی کۆتایی پێهات.

ئەنفال زیانی مادی ومەعنەوی گەورەی لە دوای خۆی جێهێشت بە جۆرێ هێندەی نەمابوو کورد تێدا لەناو بچێت چونکە رژێم بەرنامەوپلانی قڕکردنی داڕشتبوو بەو ئاقارەش دەڕۆیشت, لە هەڵسەنگاندنی زیانەکانی ئەنفال دا ( میدڵ ئێست ووچ ) دەنووسێت: (( پرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ ی شوباتەوە تا ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ی خایاند لە ماوەیەدا فراوانترین ناوچەی کوردستان بەر شاڵاوی تێکدان وراپێچان کەوت, لە هەلمەتێکی وادا پتر لە (٢٠٠) هەزار مرۆڤی کورد لەناوبران ,و بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی (٤٠٠) گوند و (٤) قەزا و(٣٠) ناحیە و(٣١٠٠) مزگەوت و(١٠٠) کلێسا , وە لە روی گیاندارییەوە بووە هۆی بە تاڵان بردنی ( ٢) ملیون سەر مەڕوماڵات و ئاژەڵ وە کاریگەری لە سەر ژینگەی کوردستانیش بووە هۆی لە ناو بردنی رۆبەرێکی فراوان لە باخ و رەز وچەم)).

د.کەنداڵ نزان دەربارەی شاڵاوەکانی ئەنفال دەنووسێت: (( لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لە کوردستان هەڵتەکێنران, دوای ئەوەی ئەو هیستریایە شێتانیەیە بە جینۆسایدی کورد کۆتایی هات لە ( لە ٩٠% )ی گوندەکانی کوردستان وزیاتر لە (٢٠) شاروشارۆچکە لە سەر نەخشە سڕانەوە, ناوچە گوندنیشنەکان بە (١٥) ملیون مین مینرێژ کران, نزیکەی (٥ / ١) ملیون کوردی گوندەکان بۆ ئوردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە , نزیکەی( ١٠% ) کوردی باشوورلە نێو بران , بەمەش نزیکەی (٧٧٢٩)کم دووجار لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

رووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق تووشی شاڵاوەکانی ئەنفال بووەوە )) .

هەروەها یوست هڵتەرمان دەڵێت: (( پاش ئەوەی ئەو خەڵکە لە گوندەکانی خۆیان دەستگیر کران بەرەو مەرکەزەکانی ( جەیشی شەعبی ) لە کەرکوک پەلکێش دەکران, لەوێشەوە لەلایەن کەرتی تایبەتی ترەوە لە ناو ماشین وپاسی کیلۆن کراو وپەنچەرە رەش کراودا بەرەو رۆژ ئاوای عێراق لە باکوورەوە بۆ باشووری بیابان دەگوێزرانەوە. لە وێشدا پیاوان لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژنان ومناڵەکانیش گولە باران دەکرێن ودەکوژرێن بە بلدۆزەر مردوو چاڵیان دەکەن, بە تەقدیری ئێمە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس لە پیاوان ومنداڵ کە زۆربەیان بێ چەک وسڤیل بوون بە شێوەیەکی سیستەماتیکی کوژران ))، بەپێی زۆرێک لە بەڵگەنامەکان ژمارەی قوربانیان لە سەد هەزار کەس کەمتر نییە وبەپێی قسەی دەسەڵاتدارانی پێشووی رژێم خۆشیان ئیعترافیان لە سەر (١٠٠) هەزار کەس کردوە لەسەرزاری (عەلی حەسەن مەجید ) ەوە لە دانوستانی وەفدی کوردی ورژێم ساڵی ١٩٩١.

یەکێک لە قێزەونترین کردەوە نائاکارییەکانی ئەنفال ئەوە بوو کە رژێمی بەدەوی بەعس هەروەک چەرخەکانی ناوەڕاست هەڵسا بە کڕین وفرۆشتنی بە شێک لە کچ وئافرەتە ئەنفالکراوەکان کەزۆر جار بە کۆمەڵ عەرەب چونەتە ناو زندانیەکانیان وئافرەتە جوانەکانیان هەڵبژاردوە، هەر وەکو ( رەحمە عەبدول کەریم ) دەیگێڕێتەوە: (( دوو هەفتە بوو برابووینە دووبز، رۆژێک کۆمەڵێک سەیارەی جام رەش هاتن ,هەمووی عەرەبی دشداشە لە بەر بوون بە ناو قاعەکەدا ئەگەڕان, ئەفسەری قاعەکەی ئێمە پیاوێکی باش بوو پێی ووتین: هەرچی ژنی جوان وگەنج هەیە لە چکەکانتان بە دەم وچاوتانەوە بئاڵێنن, ئەمانە هاتوون هەرچی جوان بێت وعەقڵێان بیبرێت ئەیبەن بۆ خۆیان ,واش بوو، کۆمەڵێکیان جیاکردەوەو بردیانن )).

رژێم سەرەڕای فرۆشتنی ئەم ئافرەتانە لە نێو عەشیرەتە عەرەبەکاندا کەوتە دابەش کردنیان وفرۆشتنیان بە سەر مەلها ویانەکانی شەوانی ولاتانی عەرەبی دەوروبەردا , بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە ( ١٦٠١)ی ساڵی ١٩٨٩ کە نهێنی و زۆر پەلەی لەسەر نووسراوە لە لایەن بەڕیوبەرایەتی هەواڵگری پارێزگای کەرکوک لە بەرواری ١٠ / ١٢ / ١٩٨٩ بۆ بەڕێوبەرایەتی موخابەراتی گشتی لە سەر داوای ولاتی میسر (١٨) کچی ئەنفالکراوی کورد رەوانەی ئەو ولاتە دەکات, کە لە خوارەوە ناوەکانیان بەئیمزای بەڕێوبەری موخابەراتی پارێزگای کەرکوک لە بەرواری ٢٠ / ١٢ / ١٩٨٩ بەرزی کردۆتەوە. ئەمەش ناو وتەمەنی کچەکانە: گەلاوێژ عادل رەحیم ١٧ ساڵ، چیمەن نازم عەباس ٢٣ ساڵ، لەیلا عەباس جەوهەر ٢١ ساڵ، لەمیعە نازم عەباس ١٩ ساڵ، پەیمان شوکور مستەفا ١٦ساڵ، خۆراسان عەبدللە تۆفیق ٢٠ ساڵ، قەدریە ئەحمەد ئیبراهیم ١٧ ساڵ، گولیلک ئیبراهیم عەلی ١٩ساڵ، خەولە ئەحمەد فخرەدین ٢٥ ساڵ، عیسمەت قادر عەزیز ٢٤ ساڵ، نەجیبە حەسەن عەلی ١٨ ساڵ، حەسیبە ئەمین حەمزە ٢٩ ساڵ، شلێر حەسەن عەلی ٢٠ ساڵ، شوکریە رۆستەم محەمەد ٢٧ ساڵ، حەسیبە هیدایەت ئیبراهیم ١٥ساڵ، سروە عوسمان کەریم ١٧ ساڵ، کوێستان عەباس مەولود ٢٦ ساڵ , سۆزە مەجید بەسیم ٢٩ ساڵ ئەمە مشتێک بوو لە خەرواری رووداو وبەسەرهاتەکانی راماڵینی کورد لەدوای هەژدە ساڵ لە کارەساتی ئەنفال دەسەڵاتی کورد (پارتی ویەکێتی) لە بەردەم دنیایەک رەخنە و تێبنی وگلەیی وگازندەی کەسوکاری پاشماوەکانی ئەنفال چ وەلامێکیان نییە ؟!! هێشتا ئەمان حزبی پەنا وداڵدەدانی ئەو موستەشاروجاشانەن کە دەستیان سوورە بەخوێنی ئەنفالکراوەکان هێشتا ئێسک وپروسکەکان لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بیابان بێ خاوەن چاوەڕێیی گەڕانەوەی نیشتمانن, تا حکومەتی هەرێم دڵی بجوڵێ وبڕیاری هێنانەوەی روفاتی پیرۆزیان بدات لە مەراسیمێکی شایستە وبی وێنە دا، بەڵکو سەرۆک

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وسەركردە قوڕینەكانیش لە داهاتی داخیلەی شەخسی خۆیان گۆڕستان ومینومێنتێكی شیاو لە گەرمیان دروست بكەن بە هێڵی رەنگاوڕەنگی لە نێرگز ومەمكەمژە وبە هەورییە خوێناویەكانی كچە پاكیزەكان ورەش وسپی جامانی بینەخشێنن, ئیتر سەرۆك جاشەكانیش بۆیان نەبێت لە دووری پینج كیلۆمەترەوە حەرەمی ئەو مەزارانە بشكێنن ، پێویستە ئەنفال وانەیەك بێت لە زاكیرەمان, پێویستە كەس وكاریان هیچیان كەمتر نەبێت لە ماڵ ومنداڵی بەرپرسە خواپێداوەكان , ١٤ / ٤ی هەرساڵێك ئەم یادە بەرزو مەزن راگرین وشایی وسەیران لەم رۆژەدا قەدەغە بكرێت, یادی ئەمساڵ هاوكاتە لەتەك نزیك بونەوەی دادگایكردنی سەرانی رژێم بەگشتی وصەدام وعەلی كیمیاوی بە تایبەت لە سەر دۆسییەی ئەنفال كە بە یەكیك لە گرنگترین دۆسییەكانی سەدە دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتی دا.

سەرچاوەكان:


١- ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجیەكان (محمەد رەئوف عەزیز )

٢- ئەنفال ,كورد و دەوڵەتی عێراق (شۆرش حاجی رەسول )

٣- ئیمبراتۆریای لم ( د. رفیق سابیر )

٤- دلڕەقی وبێدەنگی ( كەنعان مەكییە )


* ئەم بابەتە پێشتر لە هەژدەهەمین ساڵیادی رۆژی ئەنفال بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەهۆی گرنگی ناوەڕۆكی بابەتەكەوە لێرەدا دووبارە بڵاودەبێتەوە.

عوسمانی شێخ محێدین / ناحیەی شۆرش

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەكان / ڕێكەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٢

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفال.. ئەو برینەی نەتەوەیەک کۆدەکاتەوە

### عەدنان سەیدحسێن

عیراق بەگشتیو ئێمەی کورد بەتایبەت، خاوەن یادەوەرییەکی کورتین، یادەوەرییەک کە ناتوانین مامەڵەیەکی دروستو واقیعیانە



لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەین، بەشێوەیەک ئەمڕۆ بەدوێنێ گرێبدەینو پرۆگرامەمان بۆ سبەی هەبێت. لەوەشدا ڕووداوەکانمان لەیاد دەچێت و کارەساتێکی وەک ئەنفال مافی خۆی وەرناگرێت، لەیادەوەری تاکی کورددا.

کەنعان مەکییە، نووسەرو گەورە بیرمەندی عیراقی لەو بارەیەوە دەڵێت: "ناسنامەی عیراقی، کورد بێت یان عەرەب، نابێت لەسەر بنەمای لەبیرچوونەوە بنیادبنرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای جەختکردنەوە لەسەرئەوەی کە ڕوویداوە بنیادبنرێت، ئەمەش بەسەر هەموو عیراقییەکدا جێبەجێدەبێت، چونکە ئەنفال تاوانێکە بەرپرسیارێتییەکەی لەسەر هەموو عیراقییەکانە، تەنانەت نەوەکانی داهاتووش."

کەواتە ئێمەی کورد نابێت لە ئەنفال بڕوانین وەک ڕووداوێکی ڕاگوزەری، کەوا دیکتاتۆرێک دەرهەق بە نەتەوەیەکی کردووە، بەڵکو دەبێت بەوشێوەیە لێی بڕوانین، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابوورییە، هەروەک چۆن کاریگەری هەبوو لەسەر مێژووی چەند ساڵەی نزیکی کورد، ئاواش کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووەکەی.

تەوزیفکردنی ئەم ڕووداوەش ئەرکێکی دەستەجەمعییە لەسەر ئەستۆی تاک بەتاکی ئێمە، بەوپێیەی ببێتە سیمبولێکی نەتەوەییو تێیدا وەک مەزڵومییەتێکی نەتەوەیی کۆی میللەتی کورد کۆبکاتەوەو مرۆڤی کورد یەکگرتووانە یادی ئەو کارەساتە بکاتەوە.

بەعس بەناوونانی پرۆسەی کۆمەڵکوژییو لەناوبردنی دێهاتییە کوردەکان بە ئەنفال، گەمەیەکی قێزەوەن دەکاتو لێکترازان لەنێوان کۆمەڵگەی کوردیدا دێنێتەکایەوە، بەگەڕخستنەوەی مەسەلەی ئاینو زاراوە ئاینییەکان، وەک چۆن لە شەڕی هەشت ساڵەیدا لەگەڵ ئێران ئەنجامیدا.

بەعس هاتو قورئان کە ئاشۆترین پەڕاوە لەلای جیهانی ئیسلامیو وڵاتانی دراوسێو تەنانەت چینی ئەنفالکراویش، دەکاتە ئامرازو

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناونان بۆ پرۆسەکەی، ئەنفالچی هانا بۆ قورئان دەباتو لێکیدەداتەوە، بۆ قڕکردنی نەتەوەیەکی چوون نەتەوەی کورد.

کەواتە چەکی بەعس لەناوبردنی بەشێک بوو لە نەتەوەی کوردو پەرتەوازەکردن و لێکترازانی ئەو بەشەکەی تری، بۆیە پەیام لەئێستادا، بەگژاچوونەوەی ئەو دۆخەیە کە بەعس خوڵقاندیو سڕینەوەی ئەو وێنایەی بەعسە لە زیهنییەتی تاکی عەرەبیدا.

تەگبیر چییە؟

کورد لەئێستادا خاوەن حکومەتێکی خۆماڵییە، حکومەتێک دەتوانێت کاری باش بکاتو هەنگاوی کارا بگێڕێت، هەروەک لەم چەند ساڵەی دواییشدا ناویەتی.

حکومەت مووچەی کەسوکاری ئەنفالکراوانی زیادکردووە، بەپێی توانا هاوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوان کراوە، لە شارەکانی کەلار، چەمچەماڵ، کفری سەدان خانوویان بۆ دروستکراوەو وەک پەرلەمانتارێکی موهتەم بەو کەیسە ئاشکرایدەکات، دوای کردنەوەی پرۆژەکان لەئەنفالی ئەمساڵ کەوا د.بەرهەم ساڵح ئەنجامیدا، هیچ کەسوکارێکی ئەنفال بێ خانوو نابێت، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نییە، حکومەت دەبێت کار لەسەر یادەوەری هەموو ئەوانە بکات، کەوا لەو پرۆسەیەدا زیانمەندبوون. بەواتایەکی تر، کەشی گونجاوو نەخۆشخانەو سەنتەری تایبەت بکاتەوە، بۆ ئامادەکردنەوەیان لە ڕووی دەروونییەوە، (ئاخر ئاسان نییە، مرۆڤ لەکۆمەڵگایەکی زۆرەملێدا بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ کۆبکرێتەوە). هەروەها سەنتەری تایبەتیان بۆ بکاتەوە، تاوەکو ئەوانەی بارودۆخ نەگونجا بۆیان تاوەکو خوێندن تەواوبکەن، لە سەنتەری تایبەتدا فێری پیشە بکرێنو داهاتوویان ڕۆشن بێت، ئەو کارانەش تەنها خزمەتێکی بچووک دەبێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ مەغدورترین چینی نەتەوەکەی.

هەرچی لە ئاستی تاکیشدایە، دەبێت ئەنفال ببێتە هەوێنی نزیکبوونەوەو ئاشتەوایی نێوان لایەنە کوردییەکانو هەرناکۆکییەکی سیاسیی کەوا لەئارادایە، یادی ئەنفال بیسڕێتەوە، لەئەنفالدا ناکۆکییەکان کاڵبێتەوەو لێکنزیکبونەوەو گفتوگۆکردن شوێنی ڕق و تووڕەیی بگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١١

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەنفال پرسێکی نەناسراو لای گەنجانی دوای شەڕی ناوخۆ

**پێشڕەو حەمید**

لەدوای ٢٣ ساڵ لە جینوسیادکردنی خەڵکی کوردستان و لەدوای ١٩ ساڵ ڕزگاربون لەچنگی بەعسیەکانی عێراق و حوکمی خۆجێیەتی کوردی دەکرێ بپرسین " ئەنفال " چی ڕەهەندێکی فیکری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و رۆشنبیری لەهەناوی کۆمەڵگای ئێمە بەجێهێشتوە ودەسەلاتی کوردی لە پێناوەدا چی کردوە بۆئەوەی پاشماوەکانی ئەنفال لەودۆخە دەرونیە ناجیگیریە رزگاربکات ؟ پرۆسەی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان چی ماناو دەلالەتێکی سیاسی و ئینسانی و مێژووی لای نەوەی نوێ یان گەنجی ئیستا دروستکردوە و گەنجانی دوای شەڕەی ناوخۆ ,چۆن لەئەنفال دەگەن و ئەنفال چۆن دەخوێننەوە ؟




ئەنفال چی بیرەوەرییەکی لای ئەم گەنجە بەجێهێشتوەو چۆن لەو ئازارە تێدەگات کە ئیستاش لە نێو جەستەی کۆمەڵگای کوردیدا بەتێپەڕبونی کات زیاتر بەسوێ دەبێت ؟.

ئەگەر بیانوی" ئەنفال " کردن لای بەعسیەکان کە بەهەشت قۆناغی جیاواز خستیانە قۆناغی کردارییەوە و هەشتاودوو هەزار مرۆڤیان لەخەڵکی کوردستان ئەنفال کردو پاشان بەکۆمەڵ شەهیدان کردن ,ئەگەر بیانۆکە بۆ پاراساتنی سنوری دەوڵەتی و ئاسایشی نەتەوەییەوە بوبیت وەک مرۆڤ کوژەکانی بەعس ئیدعیان بۆدەکرد , ئایا مەغزاو دەلاتەتی ئەو کۆمەڵکوژیە تاچەند بەشیوەیەکی تەندروستانە بەگەنجی کوردی گەیشتوە ودەسەلاتی کوردی چۆن ئەو تاوانەگەورەیەی سەدەی بیستی ڕابردوی شرۆڤەکردوەو چۆن کۆدەنگی یەکی لای گەنجان خولقاندوە بەوەی کە ئەنفالکردن پرۆسەیەکی نامرۆڤانەو شوڤینسیتایانەی بەعسیەکان بوە بۆسڕینەوە ناسنامەی بونی نەتەوەی کورد؟

زۆرێک لە گەنجانی دوای ریکەوتنامەی واشنتون و ئاگر بری نیوان پارتی و یەکێتی لەسالی " ١٩٩٧ " تائیستاش لەو ئازارە تێی ناگەن کە " ئەنفال " لەنیو دڵی نەتەوەیەکدا دروستیان کرد ووەو زۆجاریش بێباکانە بەسەر ئەو پرسەدا بازدەدەن و ئامادەییان نیە لەوە تێبگەن کە ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان بۆچی و لە پێناوی چیدا کرا , ئەوەش یەکێکە لەو هەنگاوانەی کەدەبو دەسەلاتی کوردی بەشیوەیەکی جدی کاری بۆبکردایەو ئەنفالکردنی لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر بەرفراوانتربکردابایەو وەک پرسێکی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەوی و کوردستانی بیناساندایە بۆئەوەی کوردێک  نەبایت لەوەی نەزانی ئەنفال چیە و ئەنفال لەوە تێپەڕێنێت کە تەنها لەساڵ یادی تاوانەکەدا بەبیری خەڵک و گەنجانی بهێنیتەوە.

کاتێک قسەلەسەر تورەبونی گەنجێک دەکرێ لەبەرامبەر ناعەدالەتیەکانی دەسەلاتی کوردیدا هەرخودی ئەو دەسەلاتە ئەوگەنجانە بە نەوەگەلێکی نابەرپرس دەناسێنیت و لەبیری دەچێتەوە کە خودی دەسەڵاتەکە چەند نابەرپرسانە لەگەڵ ئەو گەنجانەدا بەردەوام دەبێت و چی  ئەرکێکیی ئەخلاقی و ویژدانی لەسەرە بەرامبەر بەوپرسەو نانساندنی  لەسەر ئاستی کوردستانیدا, دەسەلاتی کوردی و دەزگاپەیوەندیدارەکانی بەرپرسی یەکەمن لەوەی کە بۆچی بەشێکی زۆری گەنجان ئەنفال ناناسن و بۆچی لی تیناگەن و بۆچی هەرباس و خوساتێک لەسەر ئەنفال ڕایان ناگریت و غیابن لەقسەکردن لەسەری.

ئەگەر پرسیارێکی تر رووبەری ئەم دەسەلاتە بکەینەوە لەیادی ٢٣ سالەی تاوانی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستاندا. ئاخۆ تا ئێستا چەند ئەنفال چیی دادگای کراون لەکاتێکا زۆربەیان خودی دەسەڵات پەنای داون و یدوە خانانەیان بۆسەرف دەکات ؟ ئاخۆتائیستا لە ڕوفاتی ئەو ١٨٢ هەزار ئەنفالکراوانە چەنیدان ماون تاییان گەرێنێتەوە بۆخاکی نیشتمان جگەلەو چەند روفاتەنەبیت کە گەڕێندرانەوە بۆناوەچەی بارزان و گەرمیان کە ژمارەیان لە هەزار ڕوفات تێنەدەپەری ؟  ئایا تائیستا چەند تویژەرەوەی کۆمەڵایەتی و دەرونی لەو دامەزراوانەدا کاردەکەن کە بۆلێکۆڵینەوەو ئەنفال ناسی دامەزراون؟  ئاخۆ تائێستا دامەزراوەیەکمان بەو ناوانەوە هەیە لەسەر تاسەری  کوردستاندا ؟.

سەرنج: ئەم وتارە لە ژمارە ( ٥١ ) ی رۆژنامەی ( چەتر ) بلاوکراوەتەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان  /  ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١١

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بایادی ئەنفال بکەینە رۆژی سەرنەبڕین ، رۆژی گۆشت نەخواردن.

**ڕێگایەکی تر بۆ یادکردنەوە**

**بایادی ئەنفال بکەینە رۆژی سەرنەبڕین، رۆژی گۆشت نەخواردن.**

**کارێکی کەمو واتایەکی گەورە:**

دەبوایە لەدوای تاوانی ئەنفالو هەڵەبجە، هەروەها پێش ئەوانیش هەردووک تاوانی کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلیو دەرکردنیان لەوڵاتو تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، لەسەدەی ڕابوردودا پەندی گەورەیان لێوەرگیرابا، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی کورد مافی ئەوەی هەبوو ئێستاش ئەو مافەی هەیە وەک نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو شکۆی بۆبگەڕایەتەوەو لەسەر ئاستی ناوخۆش بەتایبەتی لەدوای یەکلایی کردنەوەی دۆسێی ئەو تاوانانە دەوڵەتی عێراق بەئەرکی یاسایی و سیاسیو ئەخلاقی خۆیەوە پابەندبوایەو بەفەرمی داوای لێبوردنی لەگەلی کورد بکردایە، گەلی کوردیش نەک هەر بەهیچ پاساوێک بیری لەشەڕی ناوخۆو یەکتری کوشتن نەکردایەتەوە..بەڵکو ڕێزی لەهەموو زیندەوەرێکی سەر رووی زەمین بگرتایە. بەڵام ئەفسوس.




ئێستاش لەدوای بیستوسێ ساڵی تاوانی کۆمەلکوژی شاری هەڵەبجەو گوندەکانی سێوسێنانو گۆپتەپەو عەسکەرودۆڵی بالیسانو کۆمەڵکوژی ئەنفال، جگەلەوەی لە یادەوەری ئەو تاوانانەدا مەراسیم دەگێڕدرێت، پێویستمان بە پەیامێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرتر هەیە، کەهەم گوزارشت لە هەستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بکاتو رێزگرتنێکی بەکردەوەش بێت لەژیانی زیندوانو قوربانیەکان، هەم ببێتەمایەی شەرمەزاریش بۆهەرجۆرە تاوانێک ، لەم بارەیەوە گۆڤاری ئەنفالستان کە ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال و جینۆساید چەند پێشنیارێک دەخاتە بەردەست هەرتاکێکی کورد، تاوەک ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی بەکردەوە رۆژێک بۆ (سەرنەبرین)وڕێزگرتن لەبەهای ژیان و خۆشەویستی و قوربانیەکانی دابنێت.

**پێشنیارەکان:**

**یەکەم:** لەهەردوو یادەوەری ١٦ / ٣ و ١٤ / ٤ هەمووتاکێکی کورد گۆشتخواردن لەخۆی قەدەغە بکات، واتە لەو دوو رۆژەدا هیچ پەلەوەرو ئاژەلێک سەرنەبڕدرێتو قەسابخانەکانو چێشتخانەکان پابەندبن بەم پەیامە کۆمەڵایەتیەوە.و گۆشت نەفرۆشن.

**دووەم:** هەرتاوانێکی خوێن رشتن لە دژی مرۆڤ حوکمەکەی دووئەوەندەی برگە یاساییەکان بێت کە لە یاسای دەولەتدا هاتووەو

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەدەستووریشدا جیگەی بۆبکرێتەوە.

سێهەم: ڕۆیشتن بۆ سەرمەزاری قوربانیەکان لە هەڵەبجەو بالیسانو بانی مەقانی چەمچەماڵو دێبنەی ناحێی رزگاری لە سەنتری شارەکانیانەوە ڕۆیشتن بە ئۆتۆمبیل یاساغ بێتوبە پیادە برۆنە سەرمەزاری قوربانیانی ئەنفالو کیمیاباران.

ئامانجی پێشنیارەکان:

١- وەک کاردانەو پەرچەکردارێکی ئاشتیخوازانە دژ بەکۆمەڵکوژیو جینۆسایدی گەلی کورد.

٢- بێگومان هەمووومان دەزانین لەجیهانی ئیسلامیدا رۆژانی جەژنی قوربان دەبێتە ڕۆژی سەربرینو کوشتارو لەپێناوی سفرەی خانەوادەکان زۆرترین ئاژەڵو پەلەوەرسەردەبڕدرێت . بەڵام لەساڵی ١٩٨٨ دا بەتایبەتی کە تاوانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیاندا کەوتە مانگی رەمەزانەوەو ئەنفالی قۆناغی چوارەمیش ناوچەی شوانو قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیو دەشتی کۆیەی گرتەوە لەنیوان ئەو دووجەژنەدا دەیان هەزار خەڵک نەک هەرفریای جەژنو گۆشتخواردن نەکەوتن بەڵکو، سەرباری برسیکردنیان لەکەمپی تۆپزاوا پۆلێنکران بۆ کۆمەڵکوژی، بەپێی قسەی دەربازبووەکانی گۆری بەکۆمەڵ دوای برسیکردنو تینوکردنو بێهێزکردنیان پرۆسەی کۆمەڵکوژیەکە ئەنجامدراوە، ئەوانەشی برابوون بۆ نوگرەسەلمان شەش مانگی ژیانیان بەبرسێتی بەسەربرد.

٣- هەلەبجەیو بالیسانیەکانیش لەئێوارەی ١٦ / ٣ و ١٦ / ٤ دا لەبری ژەمە نانخواردن ژەهریان دەردخواردرا. بۆیە لەو رۆژەدا دەتوانین بەحەرامکردنی گۆشتخواردن رێز لە قوربانیانی ئەو تاوانە بگرین.

٢- گۆشت نەخواردن لەو رۆژانەدا، بەواتای ڕۆژی رێزگرتن لە ژیان بەواتایەکی تر ڕۆژی سەرنەبرین

٣- ئەمە رەنگە ببێتە مایەی سەرنجی میدیای جیهانیو پشتیوانیەکی گەورەی نێونەتەویی بۆناساندنی تاوانی جینۆساید لەجیهانداو هەنگاوێکیش بێت بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد.

٤- لەداهاتووشدا کۆمەڵگەی کوردی بەکردەوە دەباتە سەر رێگاکانی ژیاندۆستیو تەندروستر مامەڵە لەگەڵ ناکۆکیو ململانێ سیاسیەکانی دەکات .و رەگەزەکانی دڵرەقیو توندرەفتاری کاڵدەکاتەوە.

تێبینی :

ئەم پرۆژەیە لەئەنجامی ئەو بەدواداچوونو دیدارە رۆژنامەوانیانەی ئەنفالستانەوە هاتوون لەماوەی ئەو حەوت ساڵەی دەرچوونیدا، دەردەکەوێت کە زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تائەو کاتەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە موچەیان بۆ براوەتەوە لەجەژندا توانای گۆشت کرینیان نەبووە، هەروەها زۆربەیان دوای هاوسەر گیریو ماڵپێکەوە نانەوەش ئەگەر تواناشیان هەبووبێ گۆشتیان بۆجەژن نەکریووە تا ئەوکاتەی منداڵەکانیان گەورەبوونو هەتا ئێستاش، زۆربەیان لەبەرخاتری پیرۆزی بۆنەکەو هەستی مندالەکانیان رۆژانی جەژن گۆشت دەخۆن.

کەوایە دەتوانین ئێمەی کورد لەو دوو رۆژەدا هەم هاوخەمی قوربانیانی ئەنفالوکیمیابارانو هەم وەک بەرچەکردارێکی کۆمەڵکوژی ئەو رۆژە دژی سەربرین بینو ژیاندۆستو تەندروست بین. تۆش وەک تاکێک پابەندبە بەم ئەرکە کۆمەڵایەتیەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١١

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وەستانێک لەبەردەم ئەنفالکردنی بارزانییەکاندا

## محەمەد مێرگەسۆری

کاتێک کردەوە نامرۆڤانەکانی رژێمە دیکتاتۆرەکانی جیهان، نامرۆڤانەترین رێگەو شێواز لەدژی یەکترو خودی هاوولاتیان و کەسانی مەدەنی و رکابەرەکانیان بەکاردەهێنن، هیچ دەقێکی مرۆیی و ویژدانی نامێنێ لەبەرامبەریاندا نەیەتەگۆو مووچرکە بەلەشی مرۆڤدا نەیەت.



بەلام لەو کردەوەو پرۆسە دژە مرۆڤ و ناویژدانە دارێژراوانەی وەک ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچاڵکردنی ٨ هەزار بارزانی، لەلایەن رژێمێکی عەرەبی و موسڵمان، نەک هەر مرۆڤدۆست و ویژدان دۆست، ئەوانەش کەوتنە هۆنینەوەی پەردەی پۆشینی هەموو ئەو تاوانە نامرۆڤانە، لەژێر ناوی ئیسلام و پیرۆزی ئایینی، کە ئەو بابەتەش مەترسیدارتین پەردەپۆشکردن و داپۆشینی ئەم جۆرە تاوانە نامرۆڤانەی سەرەوەن.

### ناساندنی وەک جینۆساید

سزادانی تاوانبارانی زیندەبەچاڵکردنی ٨٠٠٠ هەزار بارزانی لەلایەن دادگای بالای تاوانەکانی عیراق و ناساندنی وەک جینۆساید، لە پاڵ نیشاندانی درەندەیی ئەو تاوانە، دەرخستنی راستییەکیتر کۆمەڵکوژی و رق و کینەی رژێمێکی وەک بەعس نیشاندەدات و لەهەمانکات بەدیهێنانی عەدالەت و دەرنەچوونی هەموو ئەوانەیە، کە کات و ساتی و شوێنی ئەنجامدانی ئەو کردەوانە، هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە، ئەگەر بمێنن لەعەدالەتی ئەو هەموو کردەوە نامرۆڤانە دەربازیان نابێ و هەر دەگەن بەسزای کردەوەو تاوانەکانیان. خۆئەگەر بیریان لەو چارەنووسە رەشە کردبایە، نەدەبوایە هەرگیز، مرۆڤی بێتاوان ئەنفال بکەن و زیندەبەچاڵیان بکەن.

تاوانی ئەنفالکردنی بارزانییەکان، کەکردەوەی کۆمەڵکوژی چەند هەزار کوردێک بوو. دەکرێ لەم بۆنەیەدا، ئەوە بخەینەروو، کە دەبوایە زووتر دادگای بالای تاوانەکانی عیراقی فیدراڵ ئەم کردەوەی بەجینۆساید ناساندبا.

### لێرەدا چەند خاڵ و تەوەرەیەک لەو بارەییەوە دەخەینەروو:

١- زۆربەی ئەو کەسانەی لەو پرۆسەیەدا شەهیدکران، پیاو و لاوی بارزانییەکان بوون، ژن و کچی بەدەگمەن تێکەوت.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢- ئەو کەسانەی کەوتنەبەر ئەم شالاوە، زۆربەی هەرە زۆریان، لەشالاوێکی نەخشە بۆ کێشراوی فراوان و کوشندەی راگواستن لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و بەتایبەت لەساڵی ١٩٧٧ - ١٩٧٨ لەزێدو خاکی باو باپیرانیان دوورخرابوونەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ لەهەر یەک لەناحییەکانی (هەریر، قوشتەپە، بەحرکە، سێبیران).

تروسکایی چارەسەری ئاشتیانە

٣- ئەم پرۆسەیە لەکاتێدا ئەنجامدرا، کە میللەتەکەمان، تروسایەک بڕوای بەدیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکەی مابوو، تاکو لەگەڵ رژێمی بەعس چارەسەرییەک بدۆزرێتەوە، بەلام بەو کردەوەییەی، هەموو دەرگاو دەستپێشخەرییەکان داخران و دەرکەوت کە ئەو رژێمە پیلانێکی فاشستانەو دڕندانەی بۆ قرکردنی کورد داڕشتوەو هەیە. بەلام دیسان وەک پێویست کاری لەسەر نەکراو بەهەند وەرنەگیرا.

٤- ئەم تاوانە، بەشێوەیەکی دراماتیکی و تراژیدی وا جێبەجێکرا، کە هەتا سەدام لەسەر زاری خۆی نەیووت: (بۆ جەهەنەمم نارد؟!)، خەڵک و کەسوکاری ئەنفالکراوان، وەک گوشارێکیان دەزانی بڕواییان نەدەکرد ئەو چەند هەزار کەسە، ئەوا زیندەبەچاڵ دەکرێن.

٥- ئەو کەسانەی لەم پرۆسەیەدا دەستگیرکران و دواتر زیندەبەچاڵکران، نەک هەر قوربانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و سەرووی ٨٠ ساڵی تێدابوو، بەڵکو کەسانی کەمئەندام و پێداویستی تایبەتی تێکەوت و وەک یەک هەموویان زینەبەچاڵکران.

هەروەها هەموو ئەو کەسانە بێچەک و مەدەنی و کاسب و دوورخراوەی زێدی باو و باپیرانیان بوون. ئەگەر لەناوچەکانی خۆیان و سنووری قەزای مێرگەسۆر بوونایە، لەوانەیە وا بە ئاسانی خۆیان نەدابا بەدەستەوەو یاخود دەستگیر نەکرابان، چونکە کراوەی سنووری ئەو ناوچەیەو سەختی پێکهاتەی جوگرافیای یارمەتیدەریان دەبوو. ئەوەش دەردەخات کە رژێمی بەعس تەنها بەکەسانی مەدەنی و ئابڵوقەدراوی دەوێراو هێزو توانای خۆی نیشان دەدا.

پڕۆسەی زیندەبەچاڵکردنی کورد

٦- پڕۆسەی گرتن و راگواستنی و پاشان زیندەبەچاڵکردنیان، بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو جێبەجێکراو زۆرترین ژمارەیەکی دیاری پیاو و گەنج، لەچەند جێگەیەکی دیاریکراوی دوورەدەست و بیاباناوی زیندەبەچاڵکران.

بەمەش یەکەم پرۆسەی زیندەبەچاڵکردنی کوردە لەم بەشەی کوردستاندا، بەشێوەی پرۆسەیەکی سیاسی پاکتاوی نەژادی و نەتەوەیی کورد، بەنەخشەو بەرنامەیەکی ستراتیژیی داڕێژراوی حزبی بەعس جێبەجێکرا.

٧- دەرچوونی ئەو بڕیارە لەلایەن دادگای بالای تاوانەکان، دەرخستنی تاوانێکیتری نامرۆڤانەی رژێم بەعس و شۆڤێنییەکانی عەرەبە لەبەرامبەر میللەتەکەمان.

لەهەمانکات وننەبوونی راستی کردەوەیەکی نامرۆڤانەی هەموو ئەو کەس و کاربەدەستانەیە، کە نەک باکیان لە تاوانەکە

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەدەکردەوە، بەڵکو وایاندەزانی بەو کردەوەیەو پرۆسە شۆڤێنیانەیان روحی بەرخودان و قارەمانی میللەتێک بۆ هەتایی زیندەبەچاڵدەکەن.

بەلام بەجینۆسایدناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجەو پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، لەماوەی رابردوو، لەلایەن دادگای بالای تاوانەکانی حکومەتی فیدراڵ، حەقیەتی بوونی قارەمانی میللەتەکەمان دووپاتدەکاتەوەو سڵنەکردنەوەی لەبەخشینی هەرچی زیاتری قوربانییە لەپێناوی ئازادی و مافە رەواییەکانی.

**هەوێنی ئاوەدانی زیاتر**

بۆیە لەدوای ناساندنی ئەو هەموو تاوانە بە جینۆساید، بۆ هەموو لایەک دەرکەوت، کە باجی ئەو ئازادییەی ئێستا چەند بووە؟ هەموو لایەک ئەو بۆنانە بکەنە هەوێنی ئاوەدانی زیاترو خزمەتکردنی زیاتری نەوەکانی ئەو هەموو جینۆسایدە.

لەوانەیە هیچ کەسمان نەتوانین گوزارشت لەناسۆرو ئاخی هیچ یەکێک لەقوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و پرۆسەی زیندەبەچاڵکردنی بارزانییەکان، بەوێنەو نووسین و فلیم و...هتد، بکەین. ئەوەندەی خێزان و کەسوکاریان گوزارشتی لێدەکەن و سات بەسات هەڵدەکێشنەوە، تەنها ئەوەی لەسەر هەموو لایەکمانە، کە لێرەدا نامەوێ هیچ وشەو مرادفێکی سیاسی تێکەلاوی روحی پاکی هەموو قوربانیانی ئەو پرۆسە جینۆسایدانەو نامرۆڤانە بکەم، تەنها ئەوە نەبێت پرسیار لەهەموو کاربەدەستان و بەرپرسان و لێپرسراوان و لەویژدانی هەموو مرۆڤایەتی بکەم و بڵێم، باشە چ میللەت و گەلێک هەیە تەنها لەماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵی سەدەی بیست و یەک، واتە لە نێوان ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٩٠، سێ پرۆسەی وەک ئەوەی بەسەر ئێمەدا هێنرا، مانەوەو خۆیان راگرت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێدەنگ و ولاتانی ئیسلامیش کش و مات بوون؟ ئەواش هەتا ئێستا لەناکۆکی نێوخۆیی مابینەوەو هەندێ کەسیش باکیان بەو قوربانییە زۆرە نەبێ، هەندێ کەسیش قودسیەتی پیرۆزی شەهیدانیش لەکەدار بکات؟

دەبا هەموو لایەک پەیوەست بین بەو بەڵێنەی بە شەهیدانمان داوەو هەموومان ببینە پاسەوانی پیرۆزڕاگری روحی هەموو ئەو شەهیدانەو قوربانیانە، کە گیانیان لەپێناوی سەربەرزی ئەم میللەت بەخشی نەک شتێتر.

ئەگەر ئەوان نەبوونایەو هەرگیز هیچ کامێکمان، هەندێجار قسەی ئازادمان نەدەکردو لەو نیعەتەیە نەدەژیان، کە بەدوای تازەترین مۆدیلی هەموو جۆرە کالا و والایەک بگەڕێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١١

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنفال ...

### ئەحمەدی مەلا

رووه ئاینییەکەی دەستەواژەی "ئەنفال" : ناونیشانی سوورەتێکی قورئانە کە سەبارەت بە شەڕی بەدر وتراوە ؛ لە رێگای ئەم سورەتەوە، پێغەمبەری ئیسلام دەیەوێت کێشەی تالآن "غەنیمە" لە نێوان شەڕکەرە موسڵمانەکان چارەسەبکات و دەڵێت سەرجەم ئەو غەنیمانە هی خودا و پێغەمبەرن و با شەڕکەرە موسڵمانەکانیش بە یەکسانی ئەو دەسکەوتانە لە نێوان خۆیاندا دابەش کەن. تەرخانکردنی سوورەتێک بۆ ئەم مەبەستە، دیارە چەمکی غەنیمە لەو سەردەمەدا گرینگییەیەکی بێوێنەی هەبووە. راستیشە تالآن وەکو هاندەرێک، لە پاڵ هۆکاری دیکە لە جەنگەکاندا، لە سەردەمە دێرینەکاندا بەکارهێنراوە.



پرسیاری گرینگ ئەوەیە چۆن دوای هەزار و چوارسەد ساڵ زیاتر، رژێمێکی فاشی لە بۆ قڕکردنی کورد جارێکی دی ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنێت و هیچ دژایەتێکی لەبەرچاویش لە نێو دامودەستەی رژێم بەدی ناکرێت و لەشکری سەربازیش ئەگەر چی بۆ پاراستنی سنوور و بەرگریکردن لە وڵات دروست بووە، هیچ لارییەکی، نە لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە نیشاندا، نە دوودڵیشی لە جێبەجێکردنی ئەو هەڵمەتە یەک لە دوای یەکانە، نواند. دەبێت لێرە هەڵوێستەیەکی زۆر جیددی لەم رووەوە بکرێت، بەلایەن کەمیش، دوو کێشە لەبەردەممان خۆیان قووت دەکەنەوە : خاڵی یەکەمیان بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە سیاق و بارودۆخێکی زۆر جیاواز کە نە "جەنگی پیرۆز" لە ئارادا بوو، نە دەکرێت میللەتی کوردیش بە کافرەکانی زەمانی بەدر و ئوحد بەراورد بکرێن.

پێی دەچێت ئەم دەستەواژەیە لە ئاستە پاینەکانی عەقڵییەتدا، لە لۆچە تاریکەکانی سایکلۆژییەتی ئینسانەکاندا، چالاکی خۆی ون نەکردبێت ؛ هەموو رووداوێکی دەرەکی ئەم هاندەرە نووستووە، سەر لە نوێ بیووژێنێتەوە! بۆیە دەبینین لە چلەکانی سەدەی رابردووش، دەستەواژەی "فەرهوود"ە جارێکی دی، کە بە مەبەستی تالآنکردن و زەوتکردنی ماڵومولکی ئەوی دیکەیە، جارێکی دی لە عێراقدا بەکاردێت. هەروەکو مێژوونووسان ئاماژەی بۆ دەکەن و دەڵێن، دەستەواژەی "فەرهوود" لە "فر" و "یەهوود"ەوە هاتووە، واتە " هەڵاتنی جوولەکە"، ئاماژە بۆ ئەو سەردەمە دەکات کاتێک جوولەکەکانی عێراق، وڵات بە جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، ئیتر هێرشکردن و بە تالآنبردن و زەوتکردنی ماڵومولکی ئەویتر دەبێتە کارێکی رەوا.

جگە لەوەی کە دەستەواژەی فەرهوود هەمان چەمکی ئەنفالمان بۆ روون دەکاتەوە و جارێکی دیش لە ساڵی ١٩٦٣ بە فراوانی لە

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زەمانی حەرەس قەومییەکان، دووبارە دەکرێتەوە و دێتەوە سەر زار. ( کاتێک مێژوونووسان لە بارەی ئەنفالەوە دەیانەوێت لێکۆڵینەوە بکەن، بە پێویست دەزانرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانە). سووتاندن و بەتاڵانبرنی و دەرکردنی ئینسانی کورد لە سەر خاکی خۆی، یەکێک بووە لە ئامانجەکانی فەرهوود.

بەڵام دەبینین، دەستەواژەی ئەنفال جارێکی دی، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دێتەوە سەر گۆڕەپانی عەسکەریی و دوای هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر ئەم دەستەواژەیە قبوڵ دەکرێت و دەبێتە ناونیشانی رستێک لە ئۆپێراسیۆن و هەڵمەتی سەربازیی لە پێناو قڕکردن و سڕینەوە رەگەزی کورد ؛ بە پێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو کە چەندین قۆناغیش لە خۆی دەگرت، بەرپادەکرێت. لێرە بە قەد ئەوەی کردارەکە گرینگە، هەندەش لێکۆڵینەوە لەو عەقڵییەتەی کە چەمکی تاڵانکردن و قڕکردنی ئەویتر گرینگیی خۆی هەیە و دەبێتە جێی لێوردبوونەوە.

رەنگە تاڵانکردن و سووتاندنی ماڵوموڵکی ئەوی دیکە لە مێژووی ئینسان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە هەر دێرینەکان، بگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانەی کە ئینسان تەنها لە لایەن غەریزە حەیوانییەکانیەوە سەروەری کراوە و ئیتر لە سەرجەم بەها ئینسانییەکانی داماڵراو بێت. لەسەردەمانەی هێشتا نە جەنگەکان یاساورێسایان هەبووبێت، نە سنوورێکیش بۆ ئەو غەریزانە دانرا بێت.

خاڵی دووەمیش، بە پێویست دەزانرێت کە پسپۆرانی بوارەکانی پەروەردە و سایکلۆژی، لێکۆڵینەوەی ورد لە سەر ئەم دیاردەیە ساز بکەن، چونکە ئیشکردن و رێگاپێدانی"عەقڵ" بۆ ئەوەی لە سەرووی یاساو مەنتیقەوە ئیش بکات، گوێ نە بۆ سیاقە مێژووییەکان شل بکات، نە سەیری "ئەویتر" وەکو ئینسانێکی دیکە بکات، بە یەکێک لە قەیرانە ناوەکییەکانی ئینسان دەبێت سەیرکرێت. رەنگە ئەم قەیرانە، هێور کرێتەوە، سست کرێت، بەڵام بە تەواوی ریشەکێش ناکرێت، ئەگەر بێت بە پێی پیلانێکی بەرنامەرێژکراو ئیشی لەسەر نەکرێت.

چونکە لەم هاوکێشەیەدا دوو بەرە یا دوو ئەکتەر دێنە سەر شانۆی رووداوەکان، لە لایەک "من"ی باڵاو لە سەر هەق، "من" ی سەروەرو خاوەن بەها ئەزەلییەکان کە خاوەنداریتی حەقیقەتە باڵاکان دەکات و "ئەویتر" لەم هاوکێشەیەدا، دەچێتە خانەی پاینەوە و هەموو مافێکی لێ دەسێنرێتەوە و زاڵبوون بە سەریا و سڕینەوە و لەناوبردنی دەبێتە کارێکی ئاسایی و بەڵگەنەویست و ئەویتر هەموو خەسڵەتەکانی "کافر و بێ بڕوا" بەسەردا دەسەپێنرێت. بۆیە، بە پێویست دەزانرێت ئەم هاوکێشەیەی کە لە نێوان "من" وەکو زات، وەکو خود، لە لایەکی دیش "ئەویتر" چ وەک کۆ چ وەک تاک، دروست دەبێت، لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێت، چونکە پێی دەچێت کێشەکە زۆر لەوە زیاتر هەڵبگرێت کە تا ئێستا قسەی لە سەر کراوە.

لە سێ نموونەکەی سەرەوە، "ئەویتر" لە نموونەی یەکەم وەکو "کافر" خۆی دەردەخات، بەرامبەر بە "من" خاوەن حەقیقەتی باڵاو یەزدانیی، سەرجەم بەهاکانی باوڕ و بێ باوڕ خۆیان ئاشکرا دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەمە لە سەردەمێکدا روو دەدات کە ئاین تاقە مەرجەعە بۆ پێناسەکردنی ئینسان و جیهانبینییەکەی، جێی یاسا بە مانا نوێیەکەی دەگرێتەوە، بۆیە لە نموونەی یەکەم هاوکێشەی رەهای بێگەرد و حەقیقەتی موتڵەق، بەرامبەر بە گومڕاهو کوفری موتڵەق لە ئارادایە.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام لە نموونەی دووەمدا "ئەویتر" کە جوولەکەیە و بە پێی ئاینی ئیسلامیش بە "ئەهلی کتێب" دەناسرێنەوە، هیچ یاسا و شەرعێک بوار بە تاڵاندکردن و ماڵومولکیان نادات، بەڵام تێبینی دکرێت کە سەر لە نوێ هەمان غەریزە زیندوو دەبێتەوە و ئەم مافە بە خۆ رەوا دەبینێت کە دەسدرێژی بکاتە سەر ئەویتر. لەم هاوکێشەیە "من" ئینسانی عێراقی، بە بێ وردبوونەوە لە ماهییەتی ئەو ئینسانە، رێ بە خۆی دەدات دەسدرێژی بکاتە سەر ئەویتر. لە نموونەی سێیەم، کە بەرجەستکردنێکی تەواتر و هەمەلایەنترە و گشتگیرترە و "ئەویتر" وەکو رەگەزی کوردە دێتە سەر شانۆی رووداوەکان، بە ئاین موسڵمانە و بە رەگەزیش سەر بە هەمان جوگرافی دەوڵەتییە کە عێراقی پێ دەوترێت، کەچی "من" ئەویش ئینسانێکی عێراقییە، بە شوناسی ئاینیش موسڵمانە و ئەندامێکی لەشکری عێراقییە و بە زەرووەتیش ئەندامێکی بەعسییە، کەچی جارێکی دی و بەشێوەیەکی بەرنامەرێژکراو، ئەو مافە بە خۆی رەوا دەبینێت کە "ئەویتر" لەسەر پانتایی جوگرافیا و مێژوو بسڕێتەوە. سەرجەم ئەنجەتەکانیش هیچ بەهایەکی یاسایی و شەرعییان نییە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، بە پێی گۆڕانکاریی قۆناغ و سەردەمەکان، بە پێی جێگۆڕکێی ستاتوی ئاینی و یاسایی "ئەویتر"، "من" جگە لە نموونەی یەکەم، کە ئاین رۆڵی یاسایی تیا دەبینێت، لە دوو نموونەکەی دیکە، "من" لە سەرووی یاسا و ئاینەوە ئەم دەستەواژەیە هەڵدەبژێرێت و بەو کردارە نارەوایە هەڵدەستێت. ئەم مافبەخۆدانە، هەڵبەتە پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە نموونەی یەکەمەوە هەیە کە سەرچاوەکەی ئاینیە، بەڵام بە شێوەیەکی ناقۆڵا و دوور لە یاسانێودەوڵەتییەکان، بەدەر لەو یاسای و رێسایانەی کە جەنگەکان چوارچێوەرێژ دەکەن، هەڵدەستێت بە لە ناوبردنی ئەویتر، هەر تەنها لەبەر ئەوەی رەگەزێکی جوداوازی هەیە. هەر بۆیەشە ئەم لەشکرسازییە نە پێویستی بە یاسای نووسراو هەیە، نە بە یاسای نەنووسراو، نە پێویستیشی بە بریارێکی پێشوەختەوەشە، بەڵکو ئەم مافە بە مافێکی خۆرسک و سروشتیی خۆدی خۆی دەزانێت. لە هەموو ئان و ساتێک ئەم هەستە بۆی هەیە ببوژێتەوە و دەبێت ئەویتر گوێرایەڵی ئەم "من"ە باڵایە بێت.

بۆیە، کاتێک باس لە نەخشەی عێراقی نوێ دەکرێت، نابێت تەنها باس لە رووە شیکلییەکەی ئەم نەخشە نوێیە بکرێت : دارشتنی دەستوور و دروستبوونی پەرلەمان و هاتنە کایەوەی چالاکی فرەحیزبیی و بەرێوەچوونی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان و هتد، بەڵکو پێویستمان بە پلانێکی هەمەلایەن هەیە بۆ ئەوەی نەک تەنها بە دارشتنی یاسای هاوچەرخ کۆتایی بێت، بەڵکو ئینسانەکان بە تەواوی بروایان بەو یاسایە هەبێت و لایەنی لێپرسراویش هەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە، لە سەرووی هەمووشییەوە بوارەکانی پەروەردە بە جۆرێک چالاکبکرێت و بخەمڵێنرێت کە یاسا پەروەریی و بگاتە ئەو ئاستەی کە هاوکێشەی "من" و "ئەویتر" سەر لە نوێ دارێژرێتەوە، چونکە چەمکی"ئەنفال" ئەگەر بێت ئاماژە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی دوور و نزیک بکات، لە هەمان کاتیشدا، چەمکێکی بزیو جێگۆڕە، چونکە هەموو بەرپەرچدانەوەیەکی توندوتیژانە، هەموو تێپەڕاندنێکی یاساو و ماف بە خۆدان بەوەی دەسدرێژی بکاتە سەر ئەویتر، چ بە وتە، چ بە کردار، لە پلە و پایەی جیاوازکانیدا، دەچێتە خانەی "ئەنفال"ەوە.

مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبییاتی فەرەنسی، لەزانکۆ کاستییا لا مانچا، ئیسپانیا. *

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / رێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١١

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناساندنی ژینۆسایدی گەلەکەمان لە جیهاندا

دانا قادر

**ناساندنی ژینۆسایدی گەلەکەمان لە جیهاندا و بەرپرسیارێتیەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال ؟!**



بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی، لە زۆر شوێنی جیهاندا مرۆڤەکان روو بە رووی ژینۆساد بوونەتەوە، بە دەیان هەزار و سەدان هەزار و زیاتریش مرۆڤ کۆمەڵ کوژ و قڕکراون، بە ویستو بەرژەوندی نتەوەی سەردەست، یان ئاین و دینی سەردەست، یان ئایدۆلۆژیای باو و سەردەست و باڵا، پاکتاوی نەتەوەیەک، گرووپێک، کۆمەڵێک، ئاین و ئاینزایەک بەرپاکراوە. بۆ هەڵوێستی وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتنی زلهێز و ئەو وڵاتانەی کە هاوپەیامنێتی و ڕێکەوتنامەکانیان دژ بە ژینۆساید مۆرکردوە! فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ بەردەوامی ئەم تاوانە. وەک ژینۆساید کردنی ئەرمەنیێکان، جوولەکەکان ، کەمبۆدیکان، کوردەکان، بۆسنیێکان، رووەندیکان......هتد.

وشەی ژینۆساید لە ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن رافایل لینکن(جوولەکەیەکی یاسا ناسی پۆلۆنیەوە دژ بە ژینۆساید کردنی ئەرمەنیێکاندا کاری کردووە ) بەرجەستەکراوە. ووشەکە لاتینیە و لە دوو بەش پێک دێت: جنۆ، واتە لە دایک بوون، رەگەز. ساید، واتە لەناو بردن، کووشتن، یان فەوتان و قڕکردن.

پێناسەی جیاواز کراوە بۆ ژینۆساید، بەڵام یاساترین پێناسە لە ساڵی ١٩٤٨ کە لە رێکەوتنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ قەدەغە و سزادانی تاوانبارانی ژینۆساید هاتووە لە ئارتیکەڵی دوودایە (ژینۆساید: هەر کردەوەیەک بۆ لە ناووبردنی نەتەوەیەک یان بەشێک لە رەگەز، رەچەڵەک، ئاین و کووشتنی ئەندامانی گرووپێک، شێواندنی روخسار و جەستی مرۆڤەکان، شێواندن و فەوتانی بەشێک لە جەستی مێکانی گرووپێک، وەک ئەتکردن، یان برین و فەوتان و لە ناوبردنی هێلکەدان و بەشی زاوزێ، دروستکردنی باری ئابوریەکی خراپ و برسیکردن و بەدخۆراکی و ئابلۆقەی ئابوری بەرامبەر بە کۆمەڵێک یان گرووپێک بە مەبەستی فەوتان و لەناوبردنیان، دەگرێتەوە و ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی ژینۆسایدەوە). ژینۆساید بە ژمارە و کەمی و زۆری لە ناوچووان دیارینەکرێت و ژمارە نابێت بە پێوانە و بنەما، بەڵکو پلانرێژی و مەبەستی تایبەتی بۆ فەوتانو قڕکردن دەبێتە بنەماو پێوانەی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی ئەو تاوانگەلە بە ژینۆساید.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بە کورتی ئاماژە بە مێژووی ژینۆساید کردنی گەلانی تر کە روو بە رووی ژینۆساید بوونەتەوە وەکو گەلی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد و کۆمەڵ کوژی ئەرمەنێکان لەلایان خەلافەتی عوسمانیەکانەوە بە بیانوی لەناو بردنی دووژمنانی خەلافەتی ئیسلامەوە، و زۆر کۆمەڵکوژی و گەل کوژی و فەوتانی ئاین و ئاینزای تر.

لە سەرەتاکانی ٢٤ ئاپریل ١٩١٥ کە زیاتر لە یەک ملیون و نیو ئەرمەن کوژران بە بریاری خەلافەتی عوسمانی. پاشان ژینۆساید کردنی جولەکەکان لە ئەوروپا بە دەستی نازیەکان کە چەند ملیونێک کۆمەڵ کوژکران، و بەبرسی کردنی زۆرێک لە جولەکەکان تا فەوتان و مردنیان، بە تایبەتی لە کامپی ۆشفیتزدا. لێرەدا پاش ژینۆساید کردنی جولەکەکان پتر پاڵی بە رافیل لنکن نا کە پرۆژەی یاسایەک داریژێت بۆ ریگرتن لە ژینۆساید کردنی گەلان، ئەوە بوو لە ٩دیسمبر ١٩٤٨ نەتەوەیەکگرتوەکان ریکەوتننامەی: ریگرتن و سزادان لە تاونبارانی ژینۆساید کە ناسراوە بە ریکەوتننامەی رافیل لینکن ی مۆرکرد.

کەمبۆدیا، کە ئەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیاوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٩ لە ژێر فەرمانڕەوای پۆڵ پۆتس نزیکەی دوو ملیون لە خەڵکەکەیان ژینۆساید کران، ئەویش بە برسی کردن و کار پێکردنیان لە کێلگەکان بە بێ بەرامبەر و بە زۆر.
کوشتن و لە ناوبردنی بە کۆمەڵ لە کەمە نەتەوەکان، وەکو ڤیتنامێکان، سینەکان، تەلەند و کەسانی ئاینی، جگە لە رووخاندنی پەرستگاکانیان، ئەم کۆمەڵ کوژیەی کەمبۆدیا پیاو و ژن و منداڵ و پیری گرتەوە، ئەمە لە کاتیکدا وڵاتانی ئەندام لە ریکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ریگرتن و سزادانی تاوانبارانی ژینۆساید هەڵوێستیان نەبو لە ئاستی کۆمەڵ کوژی کەمبۆدیادا.

ژینۆسایدی رووەندا، رووەندا کە ئەکەوێتە رۆژهەلاتی ئەفریقا لە ساڵی ١٩٩٤روو بە رووی کۆمەڵ کوژی بووەوە. لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا زیاتر لە ٨٠٠،٠٠٠ هەزار لە توتسیێکان کوژران بە دەستی توتێکان، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەووڵەتی لە نزیکەوە ئاگادار و تاماشاکەری ئەو کۆمەڵ کوژیە بوو، و هەنگاو نەنانی جددی بۆ ریگرتن لەو کۆمەڵ کوژیەی توتسیەکان، گەلان و کۆمەڵەو گروپە لاوازەکانی جیهانی بێ هیواکردو زانرا کە مۆرکردنی ئەو ڕیکەوتنامانە تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزە بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بێدەنگی لەو کۆمەڵکوژیانە لە بەرژەوەندی زلهێزە ئابوری و سیاسیەکانی جیهاندابێت، بۆ پاراستنی پەیوەندیە ئابوری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ حکومەت و هێزی ژینۆسایدکاردا. و لە ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٥ بۆسنە روو بە رووی پاکتاوی رەگەزی و کۆمەڵ کوژی بووەوە لەلایان سربیەکانەوە، کە زیاتر لە ٢٠٠،٠٠٠ هەزار لە بۆسنێکان ژینۆساید کران، بەڵام ژینۆسایدکردنی بۆسنێکان بووبە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پێدانی سەربەخۆی بۆسنە وە نەمانی لە ژێر رکێفی سربێکان لە ساڵی ١٩٩٢.

گەلی کوردیش بێ بەش نەبو لە ژینۆسایدکردن و کیمیا بارانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان، ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار ژن و منداڵ و گەنج و بە تەمەن لە هەشت پەلاماری پرۆسەی ئەنفالدا، وێرانکردن و خاپورکردنی هەزاران گوند و کێڵگەو باخوباخات و وشکردن و پرکردنەوەی دەیان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی کانی سروشتی و کارێز، تعریبکرنی شار و شارۆچکەکان، گۆڕینی دیموگرافیای بەشێکی گەورە لە کوردستان، سڕینەوە و شێواندنی ڕوخسارو شوێنەوار و ناو و ناونیشانی کورد لە کەرکوک و خانەقین و شەنگار و زۆر جێگەی تری کوردستان، دەرکردنی کورد لە خاک و زێدی خۆیان، وەک دەرکردنی هەزران خێزانی کوردی فەیلی بەناوی تەبەعیەی ئێرانی و فرکردن هەزاران لە کوڕ و کچەکانیان لە کاتی کۆچپێکردنی زۆرەملێیان بۆ ئێران، لە ناوبردن و بێسەروشوێنکردنی ٨ هەزار لە پیاوانی بارزانیەکان، ئەمانە هەمووی کە سەرجەمیان دەچنە خانەی تاوانی ژینۆسایدەوە لە ئەنجامی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسەتی رەگەز پەرستی رژێمی بەعسی و مانەوەی نەتەوەی عەرەب وەک نەتەوەیەکی سەردەست لە عێراقدا، دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامدرا. کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش هیچ هەڵوێستێکیان نەبو لە ئاستی ئەم کارەسات و کۆمەڵکوژییەی بە سەر کورد هات، بەڵکو پشتگیرکرنیان لە رژێمی بەعسی لەبەر ئەوەی دوژمنێکی سەرسەختی ئێرانی نەیاری ئەمریکا و ولاتنی تری زلهێزی جیهان بوو، لە لایەکی تریش سەردەم سەردەمی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی سوشیالیستی و سەرمایەداری بوو، هەر لایەک لەم دولایەنە بێویژدانانە خۆیان بێدەنگکرد بەرامبەر بەم تاوانە گەورە نێودوڵەتیەی کە بەرپاکرا بەرامبەر بە گەلێکی بێهێز و بێچەک و بێتاوان.

بەڵام ئەوەی شوێنی پرسیارە بۆ ئێمەی کورد تا چەند کارمان لەسەر ناساندن و بە جیهانیکردنی ژینۆسایدی گەلەکەمان کردوە؟. کەمتەرخەمیەکان بەرامبەر بە قوربانیانی ژینۆسایدی گەلەکەمان کێ بەرپرسی یەکەمە لێی؟

ئەرمەنەکان کە زۆربە چالاکانە کارئەکەن بۆ ناساندنی هۆلۆکۆستی خۆیان وە ناساندنی وەک ژینۆساید، هەوڵە بەردەوامەکانیان کە زیاتر لە ٩٠ ساڵدەبێت بێوچان خەباتدەکەن بۆ ناساندنی ئەو تاوانەی کرا بەرامبەریان کاریگەری خۆی هەبو لەسەر ئەمریکا تا ئەو ئاستەی کە دانیانا بەم تاوانەدا و ئەم تاوانەیان وەک ژینۆسایدی ئەرمەنەکان قبوڵکرد، هەر بۆیە سەرۆک ئۆباما گفتی ناساندنی هۆلۆکستی ئەرمەنەکان وەک ژینۆساید داوە و لە کۆنگریسی ئەمریکی زۆرێک لە کۆنگرسمانەکان پشگیر خۆیان داوە بۆ ناساندنی ژینۆسادی ئەرمەنەکان. هەڵبەتە ئەمەش بە هەوڵ و کۆششی حوکومەت و رێکخراوە ئەرمەنێکان، بۆیە لێرەدا ئەکرێت پرسیارێک لە خۆمان و حکومەتی هەرێم و بە تایبەتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کە وەزارەتێکی تایبەتمەندە بە شەهیدان و ژینۆسایدی گەلەکەمانەوە کە تا چەند کاری لە سەر ناساندنی ژینۆسایدی کورد بە کۆمەلگەی نێودەوڵەتی کروە؟؟!

وەزارەتی ناوبراو، نەک بە پێی پێویست کاری بۆ ناساندنی ژینۆسایدی گەلی کورد نەکردوە، بەڵکو زۆر جار کاریگەری خراپیان هەبووە لەسەر ئەو رێکخراوانەی کە کار لەسەر پەروەندەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجە و شوێنەکانی تری کوردستان دەکەن، زۆر جار ئەم وەزارەتە لە جیاتی ئەوەی هاوکار و هاودەنگبێت بۆ ئەو رێکخراوانە، هەوڵیداوە کار و چالاکیەکانیان کاڵبکاتەوە و لەمپەڕ دروستبکات لە بەردەمیاندا و داواکاری و داخوازیەکانیا بۆ پشتیوانی لە کەس وکاری ئەنفالکاراوان و کیمیابارانکراوان بە چەواشەکاری و دژایەتی حکومەتی هەرێمی داوەتە قەڵەم.

وەزارەتی ناوبراو تا ئێستا جگە لە یەک کۆنگرەی ناساندنی ئەنفال لە کوردستاندا، هیچ جۆرە کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی سازنەداوە بۆ بە جیهانیکردنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتیە، لە کاتێکدا کە هەم وەزارەت و هەم حکومەتی هەرێم بە سەدان ملوێن دولاریان لە بەردەستایەو لە رووی بابەتی و داراییەوە زەمینە هەمیشە خۆش بووە بۆ ئەم جۆرە کۆنگرانە چ لە کوردستاندا و چ لە دەرەوەی ولات. وەزارەتی ناوبراو کە بەرپرسی یەکەمە لە بە تەنگەوهاتنی قوربانیان و ناساندنی ئەم تاوانە گەوەرەیە .لە ئاستو گرتنی یادکردنەوە ساڵ یادی ئەنفال و هەڵەبجەدا چی لە ناو خۆی هەریم و دەرەووەدا.

تا ئیستا ئەم وەزارەتەچەند بریندارانی کیمیابەرانی بنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەزارەتی ناوبراو، دەبوایە تا ئێستا چەندین نوێنەرایەتی و سەنتەری لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی لە ناوچە ژینۆسایدکراوەکاندا لە دەرەووی هەرێم دروستبکردایە و چەندین کەسی پسپۆری بۆ داییبنبکردنایە لە کەسانی شارەزای کورد و جیهانی.

ئەم وەزارەتە، دەبوایە ئێستا خاوەنی چەندین نوسینگە و بەڕێوەبارایەتی تایبەتی بوایە بۆ هاوکاری و یارمەتی مرۆی و دارایی قوربانیان.

دەبوایە تا ئێستا چەندین پەرتوک و نامیلکە و گۆڤاری دەربکردایە بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە زۆرێکیان نوسیوە لەسەر ئەم تاوانە وە وەرگێرانی بۆ سەر زمانی تر دەبوایە ئەم تاوانەی بخستایەتە بەرنامەی خوێندنی نەوە نوێکانی کورد و کوردستانەوە تا نەوەکانمان ئەم تاوان و تراژیدیایەیان لەبیر نەکرێت.

دەبوایە هەوڵی تەواوی بدایە بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ داوای لێبوردن لە گەلی کورد و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەم تاوانە لە کوردستاندا

دەبوایە ئەم وەزارەتە پەیوەندی خۆی توندوتۆڵبکردایە لەگەل سەرجەم ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵ و کەسایەتیانەی کە کاردەکەن لە بواری ناساندن و وەرگرتنی مافی زیانلێکەوتوانی ئەم تاوانەدا.

دەبوایە بودجەی ئەم وەزارەت ئاشکراو ڕوونبوایە و بخرایەتە خزمەتی هێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆ زیانلێکەوتوانی ئەم تاوانە.

دەبواێە ئێستا پاش نزیکەی ٤ ساڵ لە تەمەنی ئەم وەزارەتە خاوەنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری و سیاسی بوایە بۆ ناساندنی ئەم تراژیدیایەی کە دەکرێت بکرێت بە بەهێزترین فاکتر بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە هەر چوار پارەچەکەی کوردستاندا، ئەگەر پشتیوانی ناوەندە سیاسی و یاساییەکانی جیهانی بۆ وەربگیرێت. وە بە هیوای ئەوەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال چاوێک بە کار و پرۆگرماکانی وەزارەتەدە بخشێنێتەوە

دانا قادر/ هۆڵندا

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٠٩

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە کەیسی جینۆسایدی فەیلییەکانەوە

## ڕووناک شوانی



لـە سـەر و بەنـدی دادگـاییکردنی تاوانبـارانی کەیسـی جینۆسـایدی فەیلیـەکان، کـە لـە کەناڵـەکانی تیڤی بڵاوکرانـەوە، چیرۆکـی بەسەرهاتی شکاتکارەکان هێندە ویژدان هەژێنبوون، کە مرۆڤ نەیدەتوانی لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەی جیابکاتەوە، بەڵکو لە هزری بیسەردا، هەمووی تێکڕا دەبن بە زنجیرە بەڵگەیەکی بەیەکەوە گرێدراوی کۆمەڵکوژی کورد. لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١ / ٤ دا، لە کاتیکدا کە یەکێک لە شکاتکارەکان بار و دۆخی خێزانەکەی دەگێڕایەوە کە چۆن یەکێک لە کچەکانی بە ناوی مەیسوون، لە نزیک سنووری ئێران، مین لە ژێر پێیدا تەقیوەتەوە و پاش ئەوەی کە شەو و ڕۆژێک بەدەم ئازارەوە و بە بێ چارەسەری ماوەتەوە، کۆچی دوایی کردووە. ئەم بەسەرهاتە وای لە دادوەر کرد کە ڕوو لە عەلی کیمیایی بکات و ئەو پرسیارەی ئاراستە بکات کە ئایا بە چی یاسایەک ڕەوایە کە خەڵکی وڵاتێک لە نیشتیمانیک دەربکرێن کە پێش دروستبوونی خودی وڵاتەکە دانیشتووی بوونە و بەشداری بنیاتنـانی بوونـە و قوربانیـان بـۆ داوە. لـە وەڵامـدا عـەلی کیمیـایی ئـەو کەسـانەی بـە خیانـەتکار و جاسووسـی دوژمنـانی عێـراق لـە قەڵەمـدا و بـە چاوقایمییەوە بەرگری لە سەرگەردانیکردنی هەزاران خێزانی فەیلی کرد. ئەو بەرگرییە هێنـدەی تـر دادوەری تـووڕە کـرد و داوای لـە سەعدون شاکر کرد کە وەکو بەرپرسێکی ئەوکاتەی عێراق بەڵگەیەک بهێنێتەوە بۆ ئەو پێشێلکارییە، کە بە پێی کام یاسای دەوڵـەتی و نێودەوڵەتی ڕێگەیان بە خۆیاندا ئەو خەڵکە لە ماڵی خۆیـان دەربکەن، ئـاوارە و ماڵوێرانیـان بکەن و دەستبگرن بەسەر ماڵ و سەروەت و سامانیان. لە کاتی ئینکارکردنی وەتبـان ئیبـراهیم و عـەلی کیمیـایی لـەو تاوانانـە، دادوەر باسـی ئـەو بەڵگانـەی کرد کە لەبەردەستی دادگادایە سەبارەت بە فرۆشتنی کچانی ئەو خێزانانە و فەرمووی کە ئامادەیە لیستی نـاوی کچەکان و کـەس و کاریـان، و ئەو وڵاتە بخاتە بەردەست کە دادوەری بەڕێز بـە ( أرض الحقیرە) نـاوی بـرد و بازرگانەکانیشی بـە ( قـوادین) نـاوزەدکرد، هـەمووی نیشانی تاوانباران بدات. زۆر دەمێکە ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانەی کە لە پێناو ناساندنی ئـەنفال بـە جینۆسایدی کـورد خـەبات دەکـەن، لەوانەیش ناوەندی چاک، باسی فرۆشتنی کچانی ئـەنفالکراو بـە چەنـد وڵاتێکـی عـەرەبی دەکـەن، لـەوانـەیش وڵاتـی میسـر،بەڵام ئـەم داواکارییە لەلایەن چەند بەرپرسێکی کوردەوە نکوڵی لێکراوە، لەوانەیش دواجار لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراق، بەڕێز مام جەلالـەوە بوو. ئەمڕۆ لە دادگای باڵای عێراق و لەسەر زمانی دادوەر ڕەئوف ڕەشیدەوە باس لەو بەڵگەیە دەکرێت. بۆیە ئەوە ئەرکی سـەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئەو بەڵگەیە بەهەند بگرێت. ئاشکرا کردنی ناوی وڵاتێک کە دەستی هەبوویێت لـە بازرگـانیکردن بـە کچانی کوردەوە لە سایەی ڕژێمی بەعس و سەردەمی ئەنفالدا، سوودیکی گەورە بە کەیسی ناسـاندنی ئـەنفال بـە جینۆسـاید دەگەیـەنێت لە ئاستی نێونەتەوەییدا. وێڕای ئەوەی کە کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و زمان و بـوونی لـە چوارچێوەی هـەرێمێکی فیـدراڵی لە عێراقی ئەمڕۆ بە ناو دیموکراسیدا، و بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی کورد، مـافی خۆیـەتی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی داوا لەو وڵاتە ( وڵاتـانە ) بکات کە داوای لێبوردن لە کورد بکەن و ئەنفال بە جینۆسایدی کورد بناسێنن .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١١

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# مانیڤێستی تاوانی ئەنفال

## نوسەر: جینۆسایدی کورد

**بڕیاری ٤٠٠٨**

**ژمارە ٢٨ / ٨٠٠٤**

**بەروار ٢٠ / ٦ / ١٩٨٧**

**لە سەرکردایەتی نوسینگەی سکرتارییەتی ڕێکخستنی باکورەوە**

**بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەک، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج**

**لەبەر ئەوەی ماوەی ڕەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گووندانە لە بەرواری ٢١ی حوزەیران ١٩٨٧ کۆتایهاتوە، بڕیارماندا لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەستبەکاربین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١- هەموو گووندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە ڕووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بە کرێگیراوی ئێران و تێکدەران و خائین زادەو نموونەکانیانن کە خیانەتکارانی عێراقن.**

**٢- بە تەواوی قەدەغەیە خەڵک و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بێ مەرج و بێتەعلیمات، مەگەر تەعلیماتی تر دەربچێت لە لایەن بارەگاکەمانەوە.**

**٣- هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرەو لێرەوە بۆ ئەوێ یان کشت و کاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لە سەردەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دواداچوونی جددییان لەم بارەوە هەبێت و هەریەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی.**

**٤- سەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناو بەناو بە تۆپ و فڕۆکەو سەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەوو بە ڕۆژ بخەنکار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.**

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٥- حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیردەکرێن لە گووندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو حوکمی سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ساڵ زیاترە هەتا ٧ ساڵ، دوای سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.

٦- دەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن لە دەزگا حکومییەکان و حزبییەکاندا بۆ ماوەیەک کە ئەو پەڕی ٣ هەتا ١ ڕۆژبێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان برووسکە ڕەزامەندی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەڤاڵ "تاهر ئەلعانی" یەوە.

٧- هەموو ئەو شت و مەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سووکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لە سەر فەرماندەی جەحافلەکان چالاک بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو مووستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکانیان و مەفرەزەکانیان، وە بەوردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی. سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مەجلیسی تەنفیزی، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سووپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان "نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک، ڕازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتوە، بەڕێوەبەرایەتی هەوڵگری گشتی سەربازی گشتی، بەڕێوەرایەتی ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حکومی زاتی، بەێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی "نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆک". تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەرکەسەو بە پێی تایبەتمەندێتی خۆی.

ئاگادارمان بکەنەوە

ئیمزا

عەلی حەسەن مەجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال و زیانەکانی

پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی ڕژێمی بەعس بو بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کورد و لەناوبردنی گشت شوێنەوارێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کۆمەڵگەی کوردی.




ئەم پرۆسەیە لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکردو بەسەر (٨) قۆناغدا دابەشیکرد لە (٦) ناوچەی جوگرافیادا سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨ پاش ڕوخاندنی هەمو گوندەکانی کوردستان کۆتایی هات .

بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیەش ڕژێم هێزێکی گەورەو پڕ چەکی بەتازەترین و ترسناکترین شێوە بەکارهێنا، هێرش و پەلامارەکانی ئەنفال لەلایەن هێزە نیزامیەکانی هەردو فەیلەقی یەک و پێنجەوە ئەنجامدران، بە پاڵپشتی یەکەی فەیلەقەکانی، تر کە لەبەری شەڕی ئێراندا نەبون، گاردی کۆماریش بەشداری قۆناغی یەکەمی ئەنفالی کرد، ئەو یەکانەی تریش کە بەشداریان کرد، هێزی تایبەت (قوات الخاصە) و هێزی کۆماندۆ (مغاویر) و هێزی کوت و پڕ ( قوات الگواری). لە پاڵ هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق، نزیکەی (٣٠٠) فەوجی خەفیفە لە کوردستاندا هەبووە، کە پتر لە (٢٠٠ هەزار) چەکداری بەناو جاشی کوردیان تێدا کۆکرابووەوە.

### قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئەنفال

لە (٢٣ /٢/ تـا ١٨ / ٣ / ١٩٨٨)

سنوری پەلاماری ئەنفالی یەک بریتی بو لە دوکان، بنگرد، زێی بچوک، ماوەت، چوارتا، ئەزمەر سلێمانی سوسێ، سورداش)ی سەر بەپارێزگای سلێمانی دەستی پێکرد، لەسەعات ١:٣٠ خولەک بۆ ٢ی شەوی ٢٣ ی شوبات بو کە خەڵکی یاخسەمەرو سەرگەڵو بەرگەڵو لەتاریکی و باراندا بەدەنگی ناڵەو زرمەی ڕاجیمە بەئاگاهاتنەوە. ئەم بۆردومانە بە هەمو نیازو مەبەستێک، بەیەکەم تەقەی پەلاماری ئەنفال دەژمێردرێت.


دوای نزیکەی یەک مانگ لە شەڕو پێکدانان و ڕوبەڕوبونەوەی سەخت لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق لە ڕۆژی ١٨ / ٣ / ١٩٨٨ یەکەکانی سوپا ڕژانە ناو سەرگەڵو بەرگەڵو لە ڕۆژی ١٩ / ٣ / ١٩٨٨ دا بە بەیانی ژمارە (٣٠٨٧) لەهەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە گیرانی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی وەکو مژدەیەک بڵاو کردەوە.

### قۆناغی دووەمی پرۆسەی ئەنفال

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ٢٢ / ٣ تـا ١ / ٤ / ١٩٨٨

قۆناغی دوەمی ئەنفال بۆسەر ناوچەکانی (قـەرەداغ، بـازیـان، دەربەنـدیخان) بـو، وەکو نـەریتی خـۆی رژێم سەرەتـای هـەر قۆنـاغێکی ئـەنفال بـە هێرشـی کیمیـاوی دەسـتی پێـدەکرد، بۆیـە ( ٦ ) رۆژ دوای کارەساتی هەڵەبجە لە ٢٢ / ٣ / ١٩٨٨ گوندی (سێوسێنان) بەسەختی‌و بـە شێوازی بەعسیانە درایە بـەر کیمیـاوی. بۆیە ئـەم چەکـە بـو بەسـامناکترین چەک کە دژی کورد بەکار بهێنرێت، ئەم هێرشە بە دەستپێکی قۆنـاغی دوەمی ئەنفال دائەنرێ، لەئەنجامی ئـەم کیمیابارانـەدا وێـڕای زیـانێکی مـادی زۆر، بو بەهۆی شەهید بونی زیاد لە (٦٦) کەس و برینـدار بـونی دەیـانی تـر لـە ناو شەهیدەکاندا (٣٠)یان منالّ بون. پاش ئەوەی رژێم ئەم ناوچەیەی داگیـر کردبـو سەرجەم گونـدەکانی ئـەم ناوچەیـەی روخانـد کـە نزیکەی (٨٠) گوندو (٢٢٤١) خانو کە (١٢٢٥٤) کەس لەم ناوچەیەدا دەیان، نزیکـەی (٥٦٣٧) کـەس بـەر شـاڵاوی ئـەنفال کـەوتن و سەرنگوم کران.




پاش روخان و گشت گوندەکانی ئەم ناوچەیە ئەنفالی دو لە ١ی نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی ئەم شاڵاوەش هات.

## قۆناغی سێیەمی ئەنفال

٧ / ٤ تـا ٢٠ / ٤ / ١٩٨٨

ئەم قۆنـاغەی ئەنفال بە پڕ زیانترین و ترسـناکترین پرۆسەی ئەنفال دادەنرێت کە زۆرتـرین مرۆڤـی کـوردی تیـادا ئـەنفالکرا، سنوری ئـەم ناوچەیـە لـە رۆژئـاواوە شـارێی نێـوان شـاری پرنـەوتی کـەرکوک و شـارۆچکەی دوزخورمـاتوە، لـە بـاکورەوە رێگـای کـەرکوک – چەمچەماڵ، لـەلای رۆژهەلاتـەوە چیاکـانی قـەرەداغ و لـە باشوریشـەوە هەرسێ شـارۆچکەی کـەلارو کفـری و پێبـازە ئـەم هێرشـە بەکاریگەرترین و کوشندەترین و بـەزیانترین هەڵمەت دادەنرێت ئـەمیش بۆسەر ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سـەنگاو، قـادرکـەرەم، دوز، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ)، ئەم ناوچانە سەر بەهەرسێ پارێزگـای (کـەرکوک، سلێمانی، دیـالا) بـون، ئـەمیش فراوانتـرین هێرشی ئەنفال بو کە پتر لە (٥٠٠) گوندی گرتەوە سەرەڕای تەختکردنی ٤ ناحیە. لە رۆژی (١٤ / ٤ / ١٩٨٨) لوتکەی هێرشی ئـەنفال بـو، لەم رۆژەدا بەپێی خەملاّندنی ( کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی قوربانیـانی ئـەنفال) نزیکەی (٢٠)هـەزار لـە ژن و پیـاو و پیـرو منـاڵ کۆکرانەوەو بەئیڤای سەربازی و تراکتۆری گوندنشیەکان رەوانـەی قـەڵا سـەربـازیەکەی (قـورەتـو) کـران و لەوێشـەوە بـەرەو چارەنوسی نادیار رۆیشتن، هەر بۆیە ئەم رۆژە کرا بەرۆژی (ئەنفالەکان).

ئەم هێرشەی قۆناغی سێیەم لە رۆژی ٢٠ / ٤ / ١٩٨٨ کۆتایی هات و یەک گوند لە گەرمیاندا بە پێوە نەماو روخێنرا، خەڵکەکەشی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەزۆری لەقادر کەرەم کۆکرانەوەو پاش تەواوبونی ئەم قۆناغە (عەلی حەسەن مەجید و بارق و سوڵتان هاشم) هاتن بۆ سەیری ئەو گیراوانەی کە لە قادر کەرەم کۆکرابونەوە. چەند رۆژێک تەلەفیزیونەکانی رژێم پیشانی ئەدان .

## قۆناغی چوارەمی ئەنفال

لە ٣ / ٥ تــا ١٥/ ٥ / ١٩٨٨

ئەنفالی چوار بۆسەر ناوچەکانی دۆڵی زێی بچوک و دەشتی کۆیەو ئاغجەلەرو تەقتەق و شوان و بو. ئەنفالی چوار لە رۆژی ٣ / ٥ / ١٩٨٨ بە کیمیابارانکردنی خەستی گوندی گۆپتەپەو عەسکەری سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر دەستی پێکرد، ئەو بۆمبارانە کیمیاویە بوە هۆی کوشتنی ١٥۴ کەس و بریندابوونی سەدان کەسی دیکە.

سوپا لەرۆژی ١٥ / ٥ / ١٩٨٨ سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیەی روخاند و ئەم قۆناغەی ئەنفالیش کۆتایی هات

## قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال

لە ١٥ / ٥ تــا ٢۶ / ٨ / ١٩٨٨

قۆناغەکانی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)ی ئەنفال، بۆسەر دۆڵی نێو چیاکانی (شەقڵاوە و رەواندوز) بو لەرۆژی ١٥ی مایس دەستی پێکرد، ئەم پەلامارەش بەسەرپەرشتی فەرماندەی فەیلەقی (٥)و سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال (یونس محمد زەرب بو)، سەرەتای ئەم پەلامارەش هەروەکو سەرجەم پەلامارەکانی دی رژێم بە هێرشی کیمیاوی دەستیپێکرد، رۆژی ١٥ / ٥ / ١٩٨٨ دوا رۆژی رەمەزان بو خەڵکی خۆیان بۆ جەژنی رەمەزان ئامادەکردبو چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (وەرە، عەلی یاوا، سماقولی، نازەنین) لەم پەلامارەدا لە گوندی وەرە (٣۶)کەس شەهید بون (١٧) پیاوو (١٩)ئافرەت .

## قۆناغی هەشتەم و کۆتایی ئەنفال

٢۶ / ٨ تــا ۶ / ٩ / ١٩٨٨

سنوری پەلاماری قۆناغی هەشتی ئەنفال بریتی بو لە: دهۆک، زاخۆ، باتوفە، کانی ماسێ، زێوە، دێرەلوک، ئەتروش و زاوێتە. لەدوای وەستانی شەڕی نێوان عێراق ئێران لە ٨/٨/١٩٨٨ سوپای عێراق تەواوی هێزەکانی لە ناوچە سنوریەکان کشاندەوە بۆ بەرەکانی ئەنفال، کە لەوکاتەدا ٧ قۆناغی ئەنفال کۆتایی هاتبو تەنها قۆناغی هەشتەمی ئەنفال مابو، قۆناغی هەشتەمی شاڵاوی ئەنفال بۆسەر دەڤەری بادینانی سنوری تورکیا بو.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتای هێرشەکەش بۆ چاوترساندنی خەڵکە بە کیمیابارانکردن دەستی پێکرد، پاش کیمیابارانێکی خەست رژێم هێرشی زەمینی لەرۆژی ٢٨ / ٨ / ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ئەم شاڵاوە لە رۆژئاواوە لەزاخۆوە تا ئامێدی درێژبووەوە لە باشورو رۆژهەڵاتیشەوە شێخان و ئاکرێی گرتەوە .

پاش روخانی سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیە لە رۆژی ٦ / ٩ / ١٩٨٨ ئەنفال راگەیەنرا و هەربە بۆنەیەشەوە لێبوردنی گشتی راگەیەنرا.

## زیانەکانی پرۆسەی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال بوە هۆی وێران کردنی نزیکەی (٤)هەزار گوندو، (٤)قەزا، (٣٠) ناحیە، ( ٣١٠٠)مزگەوت و (١٠٠)کڵێسا، لەڕوی ئاکەڵدارییەوە بوە هۆی بەتاڵان بردنی (٢)ملیۆن سەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵ.

ئەنفال جگە لەو زیانانەی سەرەوە کارەساتێکی ژینگەیی ئایکۆلۆژی گەورە بو کە بوە هۆی شێواندنی رواڵەتی ئاژەڵداری و روەکی ناوچەکەو بوە هۆی لەناوبردنی روبەرێکی فراوان لە باخ و رەزو چەم و چنار کە هاوسەنگی ژینگە لاسەنگ دەکات. هەروەک ( د. کەندال نزان) دەربارەی شاڵاوەکانی ئەنفال دەنوسێ (لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لەکوردستان هەڵتەکێنران، دوای ئەوەی ئەو هستریا شێتانەی جینۆسایدی کورد کۆتایی هات (٩٠%) ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە (٢٠) شارو شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە، ناوچە گوندنشینەکان بە (١٥) ملیۆن مین مینرێژکران، بەم جۆرەش چالاکی کشتوکاڵی لە ناوچانەدا کارێکی ئەستەم بو (١،٥) ملیۆن کوردی گوندنشین بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی (١٠%) ی کوردی دانیشتوانی عێراق لە نێوبران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی

---

# ئەمرۆ ٢٨ ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێت

هەولێر(ZNA)، ئەمڕۆ، ٢٨ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تاوانی ئەنفال، کە لەلایەن بەعسییەکانەوە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدرا، کە تیادا زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد زیندە بەچاڵکران و لەناوبران.

لەو رۆژەدا کەسوکاری ئەنفالکراوان گلەییان هەیە لەوەی هێشتا حکوومەتی عێراق نەیتووانیوە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەنفال بکاتەوە.

بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان رایگەیاند؛

بە پێی بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، ئەو رۆژە بە رۆژی ئەنفال ناسێنراوە، بۆ ئەم مەبستەیش،

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بڕیار وایە ئەمڕۆ سەعات ٩ی بەیانی لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ماوەی یەک دەقە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بوەستێنرێت، پاشان ڕێورەسمێکی تایبەت لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ بەڕێوەدەچێت و تاجەگوڵینە لەسەر مۆنۆمێنتی ئەنفال دادەنرێت و، چەند چالاکییەکی هونەری و شانۆیی پێشکەش دەکرێن.



### دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان

لە ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ ئۆپەراسیۆنەکە بە ٨ قۆناغی جیاواز و لە ٦ ناوچەی جیاوازی کوردستان دەستی پێکرد، قۆناغی یەکەمی لە ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٣/١٨ بۆسەر ناوچەکانی دۆلی جافایەتی، قۆناغی دووەم لە ٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٤/١ بۆسەر ناوچەی قەرەداغ، قۆناغی سێیەم لە ٤/٧ تا ٤/٢٠/ ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەی گەرمیان، قۆناغی چوارەمیش لە ٥/٣ تا ٥/١٥/ ١٩٨٨بۆ سەر ناوچەی قەڵاسێوکە و دۆڵی زێی بچووک، قۆناغی ٥ و ٦ و ٧ لە ٥/١٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٦ بۆسەر ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندز، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی، لە ٨/٢٦/ تا ٩/٦/ ١٩٨٨ بۆسەر ناوچەی بادینان و سەرجەم ئەو قۆناغانەیش پاش ڕووخانی هەموو گوندەکانی کوردستان لە بەرواری ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ بە فەرمی کۆتایی هات.

### ئەمڕۆ کوردستان بێدەنگ دەبێت

بەرەڤان حەمدی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، ڕایگەیاندوە ئەمڕۆ ٤/١٤ـە کە ٢٨ ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفال تێدەپەڕێت، کە بە ٨ قۆناغ هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک دەستی پێ کرد لە ناوچەی بادینان کۆتایی پێ هات، تۆپی کارەساتەکە کەوتە ناوچەی گەرمیان، کە ئەمڕۆیە کە زۆربەی زۆری خەڵکی سڤیل لە دوو گوندی ناوچەکە بوونە قوربانی.

گوتیشی: بە پێی بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال ناسێنراوە، بۆ ئەم مەبستەیش بڕیار وایە ئەمڕۆ سەعات ٩ی بەیانی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ماوەی یەک دەقە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بوەستێت، هەروەها لە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەتا لە قوتابخانەکانیش پێنج دەقەی یەکەم باس لەو کارەساتە دەکرێت، هەروەها بڕیار وایە لە وتاری ڕۆژی هەینی، مامۆستایانی ئایین باسی ئەنفال و ئەو کارەساتە دڕندەیە بکەن کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوە، کە دوورە لە هەموو بەهایەکی ئایینی، هەروەها بڕیارە بەشێک لە تاقانەکانی ئەنفال بە پێی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٥ کە دەرچووە و سەرۆکی هەرێم پەسەند کردووە، مەداڵیەکەیان پێ بدرێت، جگە لەوەیش زانکۆییەکانی کوردستان چالاکیەی هاوبەش ئەنجامدەدەن، کە تیادا پانۆرامای ئەنفالی کوردستان گفتوگۆ دەکرێت و بایەخ بەو ڕۆژە دەدرێت وەک پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەها لە هەموو دامودەزگاکانی دیکەی حکوومیش بە شێوەیی جیاجیا ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگیرێت.

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرڤان حەمدی، ئاماژەی بەوەیش کرد، بەداخەوە ئەوانەی ئەنفالکراون ناسنامەی عێراقیان هەبووە، حکوومەتی عێراق هاوولاتی خۆی ئەنفالکرد، هۆکاری ئەنفالکردنی ئەوانەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا ئەوانە کورد بوونە و لە خاکی کوردستان ژیاون.

لە پاش رووخانی رژێمی بەعس کە ئەو کەیسە لە دادگا بە جینۆساید ناسێنرا، بریار دەرچوو کە تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی، تاوانێکی کۆمەڵکوژییە و دژی مرۆڤایەتیە، بەلام بەداخەوە حکوومەتی عێراق لە رووی ماددی و مەعنەوی هاوکاری کەسوکاری ئەنفالەکان نەکرد، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو عەقلیەتەی کە گەلی کورد پێ ئەنفال کرا، هەمان عەقلیەتە و بەچاوێکی دیکە تەماشای گەلی کورد دەکرێت، هەتا گەیشتە برینی بوودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ئەو کێشانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن، تەنیا کێشەی نەوت و پێشمەرگە و بوودجە و مووچەی فەرمانبەران نییە، بەڵکو قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکەیە کە زەرەرمەند بوونە لە دەستی حکوومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق.

## زیانەکانی ئەنفال

لەو پرۆسەیەدا ٩٠%ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە ٢٠ شار و شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕاونەتەوە، ناوچە گوندنشینەکان، بە ١٥ ملیۆن مین، مینرێژکران، نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کورد لە گوندەکانەوە بۆ ئوردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی ١٠%ی کوردانی باشوور لە نێو بران، بەمەیش نزیکەی ٧٧٢٩کم دووجا لە رووبەری هەرێمی کوردستان تووشی شاڵاوەکانی ئەنفال بوو.
یەکێک لە قێزەونترین کردەوە نا ئاکارییەکانی ئەنفال ئەوە بوو کە رژێمی بەعس، هەروەک چەرخەکانی ناوەڕاست هەڵسا بە کڕین و فرۆشتنی بەشێک لە کچ و ئافرەتە ئەنفالکراوەکان، کە زۆر جار بە کۆمەڵ عەرەب چوونەتە ناو زیندانییەکان و ئافرەتە جوانەکانیان هەڵبژاردووە، رژێم سەرەڕای فرۆشتنی ئەم ئافرەتانە لە نێو عەشیرەتە عەرەبەکاندا کەوتە دابەشکردنیان و فرۆشتنیان.

## پاشخان:

- بە هەشت قۆناغ حکوومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨دا پرۆسەی ئەنفالی دژ بە کورد ئەنجامدا کە جگە لە خاپوورکردنی ٥ هەزار گوند، ١٨٢ هەزار کوردی بێ سەروشوێن کرد، کە بە گوتەی رزگاربووانی ئەو مەرگەساتە بەعس ئەنفالکراوانی لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا لەناو بردووە.
- دوای ٦٠ دانیشتن، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ هەر یەک لە عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە عەلی کیمیاوی و، سوڵتان هاشم دەرکرد، بڕیاری زیندانی کردنی بۆ ٤ تاوانباری دیکەیش دەرکرد.
- هەر یەکە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، رۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٠٨ ئەنفالیان وەک جینۆساید ناساند.
- ٤/١٤ وەک ساڵیادی ئەنفال دیاری کرا، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە لەو رۆژەدا زۆرترین کورد بێسەروشوێن کران، کە نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بوون لە هەر دوو گوندی ملەسوورە و کوڵەجۆی حاجی حەمەخانی گەرمیاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس / رێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٦




**کۆکردنەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوت: جوزەڕدانی ٢٧١٦ی کوردی - ئەپریلی ٢٠١٦ی زایینی**

https://serchawe.com